# دکتۆر نەوزاد باجگر

# لە زانکۆی جیهان بمنێژن


چالاکییەکانی ژیان

هەڤپەیڤین و نووسینەوە

**شێرزاد هەینی**

٢٠٢٢

هەواڵنامەی کتێب




**ناوی کتێب:** د. نەوزاد باجگر لە زانکۆی جیهان بمنێژن

**بابەت:** بایۆگرافی و چالاکییەکانی ژیان

**نووسینی:** شێرزاد هەینی

**هەڵەبڕی:** بەختیار فاروق

**بەرگ و دیزاینی ناوەوە:** شۆڕش غەفووری

**تیراژ:** ١٠٠٠ دانە

**چاپ:** یەکەم

**ساڵی چاپ:** ٢٠٢٢ی زایینی

**Dr. Nawzad Bajger**

Bury me in the gardens of Cihan University - Erbil Pleas

Biography and Achievement

Dialogue and Editing

Sherzad Heini

2022

**ژمارەی سپاردنی (٣٠٣)ی**

**کتێبخانە گشتییەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی بۆ ساڵی ٢٠٢٢ی زایینی دراوەتێ.**

# پێرست


| | |
|---|---|
| باجگر بە بێ باج قسە دەکات | ١١ |
| Dr. Bajger Speaks | ١٥ |
| نەوزاد یەحیا سەعید خدر ئەلیاس باجگر | ١٩ |
| ئاو باپیرە گەورەی ئێمەی هێناوەتە هەولێر | ٢١ |
| باجگری یەکەم | ٢٥ |
| لە گەڕەکی تەعجیلی هەولێر لە دایکبووم | ٢٧ |
| لەناو کارکردنا پیر بووم | ٣٥ |
| دەچمە بەر خوێندن | ٣٧ |
| بەزازێکی جووتیار | ٤١ |
| قۆناخی خوێندنی سەرەتایی | ٤٣ |
| کاسی یەکەمی | ٤٩ |
| خاڵم ئیحسان ناوم لێ دەنێت | ٥٥ |
| قۆناخی خوێندنی ناوەندی | ٥٧ |
| بە پایسکیل دەچینە سەیران | ٦٥ |
| لەناو بازاڕدا | ٧٣ |
| جامیلەی گۆرانیبێژ | ٧٧ |
| ئامادەیی هەولێری کوڕان | ٧٩ |
| نەچووینە سینەما | ٨٣ |
| ئێمە لە هەولێر ١٢ کەس بووین | ٨٥ |
| قوتابی لە زانکۆی موسڵ | ٨٧ |
| پلکە عەیشێ منی راچڵەکاند | ٩١ |
| من دکتۆرم | ٩٧ |
| هەندێ وردەکارییەکانی رۆژانەی بەغدام | ١٠١ |
| عێراق و بەغدا تەواو | ١٠٥ |
| دەچینە تورکیا | ١٠٧ |
| نەوت بەرانبەر خۆراک | ١١١ |


هەواڵنامەی کتێب

١١٥ دەستوورێک بۆ خێزانەکەمان
١١٩ لە جیهان، بەڵام دوور لە زانکۆی جیهان
١٢٣ کۆمپانیاکانی باجگر
١٢٧ دینار دەشکێت
١٢٩ بانکی جیهان
١٣٣ ژن دەهێنم
١٣٧ بۆ جیهان دەچمە جیهان
١٣٩ پارە و زیان
١٤٣ کورتە راز
١٤٥ دەچمە قاهیرە
١٤٧ یەکەم رۆژی دەوامم
١٥١ چیاکان موڵکی من بوون
١٥٥ جوندی تەبیب
١٦٠ نەخۆشخانەی ئەلسامرائی ئەهلی
١٦١ لە قوات ئەلحودود
١٦٥ بە سەربازی دەگەڕێمەوە هەولێر
١٦٧ ناحیەی جبایش
١٧٣ دەچمە تایوان
١٧٧ دەچمە لەندەن
١٨١ کلینکەکانم
١٨٣ لەنێوان بەغدا و بەرەکانی شەڕ و هەولێر
١٩٥ مردووێک زیندوو دەبێتەوە
١٩٩ مێشاوە دەکەمە زانکۆ
٢٠٥ زانکۆکانی جیهان
٢٠٩ زانکۆ و هونەر
٢١٥ خوێندنی باڵا
٢٢١ زانکۆی جیهان کوردستان ئاوەدان
٢٢٧ دار و بەردی زانکۆ
٢٣١ کۆترەکانی زانکۆ
٢٣٥ لەناو ئۆفیسەکەی دکتۆر نەوزاد لە زانکۆ
٢٤٩ ناز و چوار ددانەکان
٢٥١ دەروازەی زانکۆکە
٢٥٣ نافوورە و بەردەکان
٢٥٩ وەسیەت دەکەم لێرە بمنێژن


هەواڵنامەی کتێب

٢٦٥ رەنگ و رەنگەکان
٢٦٧ ئەندازیار بورهان سابیر
٢٦٩ دیواری ئازاد
٢٧٠ دەزگەی رۆشنبیری جیهان
٢٧٥ مام سەعید: بە مەکینەی سویدی و کاغەزی نەمساویی و
٢٧٩ دواندنی ئازاد باجگر
٢٨٣ لە ساڵی ١٩٦٤ دەچمە بەغدا
٢٨٩ کونسووڵی ژاپۆنم
٢٩٥ مام سمایل: لە یەک عانەوە دەستپێدەکەم
٢٩٩ چەکوچەکەم لەسەر شانی
٣٠٣ نووسین و بڵاوکردنەوە
٣٠٩ راگەیاندن
٣١٣ زانکۆی جیهان مەرجەکان جێبەجێ دەکات
٣١٧ پارە وەردەگرین
٣٢١ ئەمن دەڵێم نە شاعیرم نە هونەرمەند
٣٢٣ نەوزادیزم
٣٢٩ تابلۆ بیرۆکە و کاتی دەوێ!
٣٣٣ لەگەڵ بەفر چووم
٣٣٩ کۆتری سەلام
٣٤٥ دەمە هاوژینی دکتۆر نەوزاد
٣٥١ دەچینە میرسین
٣٥٩ گەلەرییەک لەناو ماڵێک
٣٦٩ کولتووری گەلان لەناو گەلەرییەکە
٣٧٥ داربەڕوو «Oaks»
٣٧٩ وشە ئەچێنم
٣٩١ دوکانی حاجی یەحیا
٤٠٧ وێنە کۆنەکان
٤٠٩ تەلەفۆنە رەشەکە
٤١٠ مێزە لووسەکە
٤١٣ قاسەیەک بووە بە سەدان قاسەی گەورەتر
٤١٧ مەلا حەمەدەمین رەواندوزی
٤٢١ بەر لەوەی بگەڕێمەوە سوید
٤٢٦ ناخۆشترین رۆژم
٤٢٧ چۆن خێر و چاکە دەکەن؟

هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| ٤٢٩ | خەلەف ئەلحەبتور |
| ٤٣٣ | ئێمە وەک مەولانا رۆمی و شەمسەدینی |
| ٤٣٧ | خانەی ئەرشیف و بەڵگەنامەکان |
| ٤٤١ | ئۆلد تاون «Old Town» |
| ٤٤٧ | خانووە کوردەوارییەکانی ناو زانکۆی جیهان |
| ٤٥١ | منداڵ و گەنج و پیرەکانیش ئاشنای هونەر دەکەین |
| ٤٥٥ | بە یەک شەو تابلۆیەک تەواو دەکەم |
| ٤٦٣ | سامان، بە خێرکردن و سەدەقە کەم ناکات |
| ٤٦٥ | مزگەوتی حاجی یەحیا لە مەنتکاوە |
| ٤٦٦ | پێشبڕکێی قورئانخوێندن |
| ٤٦٩ | دەزگەی خێرخوازی حاجی یەحیا |
| ٤٧٠ | چەرەزاتفرۆش |
| ٤٧٣ | لۆگۆی زانکۆ |
| ٤٧٧ | جۆخینی بەرهەمەکە |
| ٤٨٣ | بەڵگەنامەکان |
| ٤٨٦ | دەقی نووسراوی وەزارەتی خوێندنی باڵا عێراق |
| ٤٨٧ | دەقی مۆڵەتی کردنەوەی زانکۆی جیهان هەولێر |
| ٤٨٨ | دەقی مۆڵەتی کردنەوەی زانکۆی جیهان سلێمانی |
| ٤٩٠ | دەقی مۆڵەتی کردنەوەی زانکۆی جیهان دهۆک |
| ٤٩٣ | قۆناخەکانی زانکۆی جیهان لە هەولێر |
| ٥٠٩ | بیوگرافی د. نوزادباجکر |
| ٥١٥ | Nawzad Yahya Saeed Khder |
| ٥٢٣ | گرووپەکانی جیهان |
| ٥٢٥ | مێژووی ئێمە |
| ٥٣١ | وثیقە |
| ٥٣٣ | سێ نامەی کۆن |
| ٥٣٥ | نامەی یەکەم |
| ٥٣٧ | نامەی دووەم |
| ٥٣٨ | نامەی سێیەم |
| ٥٣٩ | دەفتەرە کۆنەکانی حاجی یەحیا بەزاز |
| ٥٤١ | نووسەری ئەو کتێبە |
| ٥٥٥ | ژمارەی سپاردنی ئەو کتێبە |
| ٥٥٧ | مۆڵەتی زانکۆی جیهان |


هەولێرنامەی کتێب

# پێرستی فۆتۆ


| | |
|---|---|
| ٢٠ | د. نەوزاد باجگر، لە ئۆفیسەکەی خۆی |
| ٣٢ | تابلۆیەک لەسەر فۆتۆیەک |
| ٣٣ | حاجی سەعیدی بەزاز و کوڕەکانی |
| ٣٤ | دوکانی حاجی یەحیای بەزاز لەناو بازاڕی گەورە |
| ٤٠ | دکتۆر نەوزاد باجگر بەگچکەیی١٩٦١ |
| ٥٤ | د. نەوزاد ساڵی ١٩٥٨ |
| ٥٦ | عەقید ئیحسان ئەحمەد خاڵی د. نەوزاد باجگر |
| ٦٧ | لەراستەوە د. نەوزاد د. موحمەد شەهاب و ئیسماعیل شێخۆ، ١٩٦٦ |
| ٧١ | لە مەحەتەی هەولێر ١٩٦٤ |
| ٨٩ | د. نەوزاد لە زانکۆی موسڵ ١٩٧٢ |
| ١٠٣ | د. نەوزاد ساڵی ١٩٨٠ |
| ١١٠ | د. نەوزاد باجگر لەگەڵ خێزانەکەی ٢٠٢٠ |
| ١٢١ | وێنەی هەر چوار برا «نەوزاد، ئازاد، تەڵعەت، سەباح» ١٩٦٠ |
| ١٢٢ | هەر چوار برا،»د. نەوزاد، ئازاد، تەڵعەت، سەباح» ٢٠١٣ |
| ١٢٦ | دکتۆر نەوزاد و شێرزاد هەینی |
| ١٣١ | لۆگۆی بانکی جیهان |
| ١٣٢ | باڵەخانەی بانکی جیهان هەولێر |
| ١٣٥ | د. نەوزاد لەگەڵ سۆزان خان و منداڵەکان ١٩٨٩ |
| ١٥٤ | د. نەوزاد: چیاکان موڵکی منن |
| ١٧٦ | ماستەری دکتۆر نەوزاد لە پزیشکی بە زمانی ئینگلیزی |
| ١٨٨ | بڕوانامەی ماستەری دکتۆر نەوزاد یەحیا |
| ١٩٠ | نووسراوێک لەسەر بڕوانامەی ماستەری دکتۆر نەوزاد |
| ١٩٧ | دیمەنێکی زانکۆی جیهان هەولێر |
| ٢٠٢ | ڕەزامەندی مۆڵەتی زانکۆی جیهان لە وەزارەتی بەغدا |
| ٢٠٣ | ئاڵای کوردستان لەناو زانکۆی جیهان |
| ٢٠٨ | مۆڵەتی وەربەهێنانی زانکۆی جیهان هەولێر |


کتێبخانەی هەواڵنامە

٢٣٧ تابلۆی پەلاماردانی هۆلاکۆ
٢٤٣ دیاریی و لۆگۆکان ١
٢٤٤ دیاریی و لۆگۆکان ٢
٢٤٥ دیاریی و لۆگۆکان ٣
٢٤٦ دیاریی و لۆگۆکان ٤
٢٤٧ دیاریی و لۆگۆکان ٥
٢٤٨ دیاریی و لۆگۆکان ٦
٢٥٥ بەردی شەهید لەناو زانکۆی جیهان هەولێر
٢٩١ ئازاد باجگر مەدالیای ژاپۆن وەردەگرێت
٣٠٧ دیوانی کوردستان
٣٠٨ دیوانی پێشمەرگە
٣١٢ د. نەوزاد لەگەڵ تەلەڤزیۆنی جیهان
٣٣٠ تابلۆیەکی هونەری د. نەوزاد
٣٣١ تابلۆیەکی هونەری د. نەوزاد
٣٣٢ تابلۆیەکی هونەری د. نەوزاد
٣٣٥ سۆزان جامباز ی هاوسەری د. نەوزاد
٣٤٣ ئۆتۆمبێلی ژمارە ٤ ئەربیل
٣٤٤ باڵەخانەی کۆتری سەلام
٣٦٢ جیهانێکی رەنگاورەنگی هونەری
٣٦٥ کەلەپووری میللەتان لە ماڵەکەی د. نەوزاد
٣٦٦ کەلەپووری میللەتان لە ماڵەکەی د. نەوزاد
٣٦٧ گەلەریی د. نەوزاد لە ماڵەکەی
٣٦٨ گەلەریی د. نەوزاد لە ماڵەکەی
٣٧٧ ناز باجگر نەمام دەچێنێت
٣٩٣ لاپەڕەیەک لە دەفتەرەکەی حاجی یەحیا
٣٩٤ نامەی ئیحسان بۆ حاجی یەحیا
٩٥٣ نامەی ئیسماعیل مولود
٣٩٦ نامەیەک لە دیانا
٣٩٨ لاپەڕەیەک لە دەفتەرەکەی حاجی یەحیا ١
٣٩٩ لاپەڕەیەک لە دەفتەرەکەی حاجی یەحیا ٢
٤٠٠ لاپەڕەیەک لە دەفتەرەکەی حاجی یەحیا ٣
٤٠١ لاپەڕەیەک لە دەفتەرەکەی حاجی یەحیا ٤
٤٠٢ لاپەڕەیەک لە دەفتەرەکەی حاجی یەحیا ٥
٤٠٣ لاپەڕەیەک لە دەفتەرەکەی حاجی یەحیا ٦

| | |
|---|---|
| ٤٠٤ | لاپەڕەیەک لە دەفتەرەکەی حاجی یەحیا ٧ |
| ٤٠٥ | لاپەڕەیەک لە دەفتەرەکەی حاجی یەحیا ٨ |
| ٤٠٦ | لاپەڕەیەک لە دەفتەرەکەی حاجی یەحیا ٩ |
| ٤٠٦ | لاپەڕەیەک لە دەفتەرەکەی حاجی یەحیا ١٠ |
| ٤١٦ | پەیکەری دروشمێکی زانکۆی جیهان |
| ٤٨٩ | دەقی مۆڵەتی وەبەرهێنانی زانکۆی جیهان لە سلێمانی |
| ٤٩١ | دەقی مۆڵەتی وەبەرهێنانی زانکۆی جیهان لە دهۆک |
| ٤٩٢ | لۆگۆی زانکۆی جیهان |
| ٥٤١ | شێرزاد هەینی |
| ٥٥٥ | ژمارەی سپاردنی ئەم کتێبە |
| ٥٥٨ | دەقی مۆڵەتی نوێکردنەوەی زانکۆی جیهان هەولێر |
| ٥٥٩ | دەقی مۆڵەتی نوێکردنەوەی زانکۆی جیهان سلێمانی |
| ٥٦٠ | دەقی مۆڵەتی نوێکردنەوەی زانکۆی جیهان دهۆک |
| ٥٦١ | لۆگۆی زانکۆی جیهان |


کتێب هەواڵنامەی

هەوارنامەی کتێب

# باجگر بە بێ باج قسە دەکات

هەواڵنامەی کتێب

لەگەڵ دکتۆر نەوزاد باجگر؛ وەک دکتۆر و هونەرمەند و نووسەر و بزنسمان و ئەکادیمییەکی هەولێریی پێکەوە چەند دیدارێک دەکەین، ناوەڕۆکی دیدارەکان، قسەکانی ئەو دووبارە دەنووسمەوە. دیمانە و پرسیار و وەڵامەکان بە شێوازی خۆم دادەڕێژمەوە؛ لەگەڵ رازەکانم تێکەڵ و ئاوێتەیان دەکەمەوە. نووسینەکە زۆری لەسەر زار ئەو نووسراوەتەوە. ماوەماوەش خۆم قسەیەکم کردووە. هەندێ دید و زانیاریی گشتییم بۆ زانین و پێناسە لەناو دوو کەوانە تۆمار کردوون. بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبەکە؛ دیدارم لەگەڵ ژمارەیەک کەسایەتی تریش کردووە، ئەوانەی لەنزیکەوە پەیوەست بوون بە کەسایەتی خۆی و بنەماڵە و بزنسەکەیان.

ئەو کتێبە زۆرتر بۆ گێڕانەوە و باسکردنی ئەزموونی ژیان و پارە و بزنس و مێژووی کەسایەتییەکی شارەکە و تەواوی کوردستان نووسراوە.

زووتریـش لـە هـەر دوازدە بەرگـە چاپکراوەکانـی ڕۆمانـی هەولێـر؛ مێـژوو و سـەربردەی کەسـانی تـری شـارەکەم نووسـیوەتەوە و باسـم کـردوون، بـەڵام ئـەوان، کەسـەکانی نـاو بابەتەکانـم؛ بـە شـێواز و مـۆراڵ و پێشـخان و سـەربردەکانیان لەگـەڵ ئـەو ئەزموونـە جیـاواز بـوون. مـن شـانازی بـە هەموومانـەوە دەکـەم، چونکـە هەمـوو ئەوانـە پێکـەوە مێـژووی شـاری هەولێـر تـەواو دەکـەن.

بـۆ نووسـینی ئـەو کتێبـە سـوودم لـە دیدارەکانـی تەلەڤزیۆنـی جیهانیـش وەرگرتـووە.

زۆربـەی دیدارەکانـم لەگـەڵ ئـەودا لەنـاو زانکـۆی جیهـان، لـە ئۆفیس و گەلەریـی و گۆڕەپانەکانـی زانکۆکـە، لەنـاو ئۆفیسـی گرووپـی جیهـان و شـەوێکیش لـە ماڵەوەیـان لـە «دریـم سـتی» لـە هەولێـر سـاز کـردووە، زۆریـش بـە تەلەفـۆن لـە سـویدەوە قسـەمان کـردووە، کتێبەکانـی ئـەوم خوێندوتـەوە و سـەیری تابلۆکانـم کـردوون.

پـاش کتێبـی «٩٥٥ دەقـە لەگـەڵ شـێرکۆ بێکـەس _٢٠٠٨» و «جەمـال عەلەمـدار یەکەمیـن هەولێـری لە سـوید _٢٠٢١»، ئەوەیـان ئەزموونی سـێیەمی چاپکـراوی منـە لـە تۆمـار و نووسـین و دیدارەکانـا، هـەر سـێکیان بەڕێکـەوت سـازکراون و کتێبـی باشـی پـڕ زانیـاری بـوون، بـەڵام بـە ئاراسـتە و بۆچوونـی جیـاوازەوە، شانازیشـیان پێـوە دەکـەم. نازانـم دیـداری تـر؛ کـەی و چـۆن و لەگـەڵ کـێ دەبێـت.

دیـدار و نووسـینەکە زۆر بـە وردی ڕیزبەنـد و پۆلینکـراو بـە شـوێن و کات نەکـراون. ئاخاوتـن و ڕۆژانەکانـی تەمـەن و چالاکییـەکان؛ بـە پێـی سـاڵ و شـوێن و کار و ئەزموونـەکان نەبـوون، بـە مەبەسـتی چێـژ وەرگرتـن و هۆگربـوون بـە کتێبەکـە ئـەوەم کـردووە. نووسـینەکە بـە

شـێوەیەک لـە شـێوەکان؛ شـێوازی دەقێکـی ئەدەبـی بەخـۆوە گرتـووە. ئـەوەی پێویسـتە ئامـاژەی پـێ بـدەم، دکتـۆر نـەوزاد بـۆ سـازبوونی دیـدار و کەرەسـتەکان و کتێبەکـە؛ هـاوکاری زۆری دەنوانـد و ئاسـان و بلـەز داواکانـی جێبەجـێ دەکـردم. باجگـر بەبـێ بـاج قسـەکانی کـردووە، بـەوەش دەتوانـم کتێبەکـە بـەو شـێواز و بەرنامەیـە تـەواو بکـەم. هیـوام وایـە سـوودێکی هەبێـت، رێـز و هـەر هەبـن.

**شێرزاد هەینی**

**ستۆکهۆلم ـ ٢٠٢٢**

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

هەوادامەی کتێب

## Dr. Bajger Speaks

As a doctor, artist, writer, businessman and academist, I meet Dr. Nawzad and rewrite whatever he utters. I reshape the answers and comment on them with my own perspective. It is mostly his words, but sometimes, I add my point of view. Some general information and perceptions are put between brackets to be identified and clarified. To enrich the book, I have also met some other personas who have been close to the doctor, his family, and his business.

This book is written to retell some flashbacks of his life and experience as well as the history of his character in the city and in the region.

In the previous work, and about the twelve volumes of Kurdistan in the Ottomans documents', I have narrated the life of some other people of the city, but their stories, histories, and experiences are entirely different than this character. I am proud of all of them, since they all together make and shape the city. I have also taken benefit from Cihan TV shows with

Dr. Nawzad.
Most of the meetings took place at Cihan University, his office in the university and Cihan group, his special galary, and once at his house in Dream City-Erbil. I have often talked with him on the phone so as to gather information while I was away in Sweden. I have also read his works and seen his tablos.
After the book named "955" minutes with Sherko Bekas in 2008. and Jamal Alamdar, The first Erbilian in Sweden in 2021.This will be my third publication. The thrice were coincidental and factual, but with different perceptions. I am proud of them and I don't know when and where will be the next character.
To amuse the reader, The events and sessions are not narrated sequently, and the activities, speeches and narrations are not arranged according to their time and place. Afterall, It is entirely a factual literary wo rk.
It is worth mentioning that Dr. Nawzad has spent a considerable effort to help me and arrange the meetings as well as responding my demands. Bajger speaks unrestrictedly which motivates me to write in the same style. I hope you enjoy reading it and I hope I have added a brick to the Erbil history.

With my best wishes

**Sherzad Heini**
**Stockholm - 2022**

هەولێرنامەی کتێب

## د. نەوزاد باجگر لە زانکۆی جیهان بمنێژن



هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## ١
# نەوزاد یەحیا سەعید خدر ئەلیاس باجگر

من «نـەوزاد حاجـی یەحیا حاجـی سـەعید خـدر ئەلیـاس باجگـر»م، باپیـرە گەورەمـان ناسـناوی باجگـر بـووە. هەمووەمـان بـەو نـاوە دەناسرێـین و وەک پاشـگر و ناسناو ئـەوە دەنووسـین و شـانازی پێـوە دەکەیـن. ئـەوەش دەڵێـم؛ ناسـناوەکە کۆنـە، مێـژوو و سـەربردەکەی دەگەڕێتـەوە بـۆ چـوار پشـتی ئێمـە، دەگەڕێتـەوە بـۆ گۆڕانکاریـی چەنـدان سـەردەم و زەمـان و سیاسـەت و سـنوور و دەوڵەتیـش. نـەوەکان هاتـوون و ڕۆیشـتوون و ئەوانـەی مـاون، ئـەو نـاوە هـەر مـاوە و هیوامـان وایـە هـەر بمێنێـت!

ناسـناوەکە دەگەڕێتـەوە بـۆ باپیـرە گەورەمـان «ئەلیـاس»، ئـەو کـە هاتووتـە هەولێـر لەگـەڵ «ڕەشـید ئاغـا» کاری باجگـری کـردووە. ئـەو، «ڕەشـید ئاغـا» وەرگرتـن و کۆکردنـەوەی بـاج و داهاتەکانـی لـە دەوڵەتـی عوسـمانی بەکـرێ گرتبـوو، باپیـرە گەورەمـان لـە هەولێـر باجگـری ئـەو و دەسـەڵاتی عوسـمانی بـووە. دیـارە ئـەوەش لەبـەر ئـەوە بـووە زووتـر و زۆریـش هاتوچـۆی شـارەکانی بەغـدا و تکریـت



هەواڵنامەی کێژێ

و موسـڵی کردبـوو، شـارەزایی لـە کڕیـن و فرۆشـتن و پـارە و زمـان و دانوسـتان هەبـووە، بۆیـە توانیویەتـی ئـەو پیشـەیە بـکات و تێـدا بمینێتـەوە و ناوەکـەی هەڵگرتـووە و پاراسـتوویەتی.

هەواڵنامەی کنێر



دکتۆر نەوزاد باجگر ئەمینداری گشتی زانکۆکانی جیهان، لە ئۆفیسەکەی خۆی

# ٢
# ئاو باپیرە گەورەی ئێمەی هێناوەتە هەولێر

هاتنی باپیرە گەورەمان بۆ هەولێر سەربردەکەی کارەساتێکی خەمباری هەبووە. مام ئەلیاس، باپیرە گەورەمان لەبەر ئاو و لە داخی ئاو و رووبار هاتووتە ناو هەولێر.

ئاو، رووبارەکە، زێیەکەی پردێ؛ گوندەکانی ئاوەدان و جوان و کەسک کردبوو، بەڵام باپیرانی ئێمەی لە خەفەتی ئەو ئاوە هاتوونەتە هەولێر. ئاوەکە باپیرانی ئێمەیان لەوێ هەڵگرتووە و بەرەو هەولێر کۆچیان کردووە. باپیرانم، لە گوندێک نزیک زێی بچووک دەژیان، رووبارەکەش لەنێوان گرد و دەشتاییەکان دەڕۆیشت، نەرم نەرم جووڵەیەکی شیرینی بە هەموو گوند و دەشت و چەمە بەردەڵانەکان دەکرد. زێیەکە، بە ئاوەکەی ناوچەکەی بە ماسی و جووڵە و خەون و ژیان دەوڵەمەند کردبوو! ئەو ئاوە لەوێ بنەماڵەکەمان هەڵدەگرێت و دەیانگەیەنێتە هەولێر! مەپرسن چۆن! پەلە مەکەن، مەڵێن کوا ئەو ئاوە دەگاتە ناو هەولێر!؟ کەی خەونەکەی «سەنحاریب»ی پاشا و

دەوڵـەت و سیســتەم جێبەجــێ کـراوە و ئـاو هاتووتـە نـاو شــاری هەولێـر. رۆژەڤەکـە وا نەبـووە، ئاوەکـە هـەر لـەوێ بـووە، رووبارەکـە هـەر لـە ڕێڕەوەکـەی خۆییـەوە وا دەکات باپیـری باپیـرم بـار بـکات، بوخچـە و خـەون و ژیانـی لـەوێ بپێچێتــەوە و بێتـە نـاو شـارێکی گـەورەی وەک هەولێـر، ئاوەدانییەکـی نوێـی دوور لـە مەترسـییەکانی ئـاو. ئـەو ترسـی لـە ئـاو نەمابـوو، بۆیـە نەچوویتـە سـەر قەڵاتیـش، چـی نەمابـوو لێـی بترسـێت.

ئـەو بـازرگان بـووە، پیاویـک بـووە بـۆ ژیـان و دەوڵەمەنـدی کاری کـردووە، گەنـم و جـۆی دەشـتە پانوبەرینەکـەی ناوچەکـەی، گەنمـە جوانەکـەی و جـۆی سـەر جۆخینەکانـی بـار کـردووە و فرۆشـتوویەتی، بـۆ ئـەوەش چوویتـە ناوچەکانــی تکریـت و بەغـدا و شــارەکانی تریـشی زۆر جـار دیبـوون و سـەردانی کردبـوون. ئـەو رۆیشـتووە و بـە ئاوەکـە بـاری زۆری بـردووە، بـە بەلـەم و دوبـەی و کەلـەک بـاری زۆری بارکـردووە و رۆیشـتووە، زۆریـش لـەو کاروانانـە بـە بـار و پـارە و سـەرقاڵییەوە ماوەتـەوە. ئـەو گەنـم و بەرهەمەکانـی هەرزانفـرۆش نەکــردووە، ئاســان بازرگانەکانــی ناوچەکــە، بەرهەمەکەیــان لەبــن دەستی دەرنەهێنـاوە. بـۆ ئـەوەش لـە خانەکانا زۆر ماوەتـەوە، کاتـی لـە قاوەخانــەکان بەســەر بــردووە، لــە دیوەخــان و قامیشــەلانەکانا شــەوی بەســەر بــردووە، رۆیشــتووە و ماوەتــەوە، زۆر دوا کەوتــووە. ئـەو لـە سـەفەرێکی، کـە دوا سەفەریشـی بـووە هاتووتـەوە مـاڵ، پێـی دەڵێـن و دەبینێـت ژنەکـەی نەمـاوە، سـۆزە گەرمەکـەی و منداڵەکـەی نەمـاوە، ئـاو؛ گەنـم و جـۆ و کاسـبییەکەی بـۆ قازانـج و بازرگانــی چەنـد سـاڵ بـوو بردبـوو، بارکردبـوو، بـەڵام ئـەو جـارە ژن و منداڵێکـی

بەرەو مەرگ و نەمان بردبووا!

دیارە ئەوانیش «ژنەکە لەگەڵ کوڕەکەی» ویستوویانە لەو کاروانە بگەنەوە ئەو، دیارە غەریبیان کردووە! ئەوانیش بە ئاوەکە رۆیشتوون، بەڵام نەگەیشتوون و دەرنەچوون. ئاوەکە هەردووکیانی خنکاندووە!

ژنەکە. داپیرەمان لەسەر زێیەکە لەسەر کەنارە تەنکەکە، لەناو قامیشەلانەکە، ناو رەوەزە بەردەکانا و لە پەنایەک و لەبەردەم ئاگردانێک کۆڵی کردووە، جلەکانی شوشتووە، منداڵەکانی رووتکردیتەوە، لەگەڵ ژنەکانی تر دەمەتەقێی کردووە، گاڵتەی کردووە، هاوکارییان بووە، لەسەر یەک ئاگردان ئاویان گەرم کردووە. ئەویش ئاوی گەرم کردووە، سابوونی دەرهێناوە و مەنجەڵ و تەشتی لەسەر بەردەکان و ئاگردانەکە داناوە، تا منداڵەکانی بشوات. بەڵام بەداخەوە لە سەر ئەو رووبارە، قەراخی ئاوە مەندەکە، یەکێک لە منداڵەکان دەکەوێتە ناو ئاوەکە،ژنەکە ئەوە بەچاوەکانی دەبینێت چۆن ئاو منداڵەکە دەبات.ئیتر دایکەکە بەرگەی دیمەنی جەرگ سوتانی ڕۆڵەکەی ناگرێ و خۆشی دەبێتە کاراکتەی ئەو فلمە تراژیدییە.کە دەبینێ ئاوەکە جەرگ و هەناو و پیاو و دوارۆژی بردووە، دووری دەخاتەوە، نقوومی دەکات.

ژنەکەش ئازایانە بۆ رزگارکردنی منداڵەکەی دەچێتە ناو رووبارەکە، سەر شەپۆلەکە، ناو قووڵاییەکە ئەو مەلەوانیش بووە، نەترساوە، لە ئاو ئازاتر بووە، ئەدی ئەو بەردەوام و رۆژانە ئاوی گەرم نەدەکرد، دەستی لەناو ئاو نەبووە! ئەدی ئەو ئاوی بەکارنەهێناوە! بۆیە ویستوویەتی منداڵەکەی رزگار بکات.

بـەڵام، دیـارە کوڕەکـەی حـەزی کـردووە ببێتـە ماسـی، ماسـییەکی بەپوولەکـەی زیویـن و بریسـکەدار. منداڵەکـە پـەرۆش بـووە بگاتـە بەغـدا و لـەوێ باوکـی بدۆزێتـەوە، لـەوێ ببینێـت و فێـر بێـت باوکـی چـۆن لەنـاو عەرەبـان تێکەولێکـە دەکات، چـۆن دەفرۆشـێت و چـۆن دەکڕێتـەوە. ویسـتوویەتی بگاتـە باوکـی، پـاش کوڕەکـە ئیـتر ژنەکەش، پـەرۆش بـووە زوو بگاتـە منـداڵ و مێردەکـەی. هەردووکیـان پێکـەوە و بـە دوو شـەپۆلی جیـاواز و بـە دوو قووڵایـی و بەرزایـی و نزمایـی جیـاوازەوە بـە ئاوەکـە دەڕۆن و ناگەڕێنـەوە.

منـداڵ و ژنەکـە لەگـەڵ ئاوەکـە دەڕۆن و ون دەبـن و ئیـتر ناگەڕێنەوە و تەرمیـان نادۆزنـەوە، هەردووکیـان، ژن و منداڵەکـە دەبنـە ماسـی و بـەرد و قەوزەیەکـی نـەرم و کەسـکی سـەر بەردەڵانەکـە. پیاوەکـە، ئـەوەی تـازە لـە بازرگانـی و کاسـبی بـە ئاوەکـە هاتبـووە ماڵـەوە، لـە خەفەتـان وشـک دەبێتـەوە، لـە ئاوەکـە تـووڕە دەبێـت، دەیـەوێ تۆڵـەی لـێ بکاتـەوە، لێـی دوور بکەوێتـەوە، چیـتر سـەفەر بـەو ئـاوە ناکاتـەوە، چیـتر نایەوێـت بـە کاسـبی و بەرەکەتـی ئاوەکـە دەوڵەمەند تـر بێـت، دەڕوات و دوور دەکەوێتـەوە. پـاش ئـەو کارەسـاتە، مردنـی ژن و منداڵێکـی سـاوای، ئەلیاسـی باپیـرە گەورەمـان هاتووتـە هەولێـر. لەسـەر ئاوەکـە و کاسـبییەکەی جارانـی دادەبڕێـت.

هەولێرنامەو کتێب

## ٣
# باجگری یەکەم

لـە سـاڵی١٨٦٣ ی زاینـی ئەلیاسـی باپیـرە گەورەمـان لـە سـەردەمی مەدحـەت پاشـا والـی بەغـدا کاری باجگریـی کـردووە. وشـەی «باجگـر» بـە زمانـی کـوردی واتـە بـاج، بـە زمانـی عەرەبیـش «ضریبە»یـە، هەروەهـا بـە زمانـی تورکـی «بـاج ئـەڵان»ە.

«لـە هەولێـرێ، لـەو وەختـەی مەدحـەت پاشـا، لـەو سـەردەمانەی ئەو والـی بەغـدا بـووە، لـە سـاڵانی ١٨٦٩ تـا ١٨٧٢ ی زاینـی وڵاتەکـە زۆر گەشـەی کـردووە، یەکیـک بـووە لـە والیـە رووناکبیـرەکان و ماوەیەکی زۆر و بەشـێکی زۆری تەمەنـی لـە بولگاریـا ژیـاوە. سیسـتەمی بـاج و دەوڵەتـداری گەشـە دەکات و پیشـەی باجگـر دەبێتـە رەسـمی و نـووسراو».

گوێـم لـە حاجـی سـەعیدی باپیـرم بـووە، باپیـری کـە هاتووتـە هەولێـرێ بـووە بـە باجگـر و باجیـان وەرگرتـووە. ئەوانـەی مـاڵ و ماڵاتیـان هێناوەتـە هەولێـرێ، ئەوانـەی بەرهەمـی تـرێ و گەنـم و جۆیـان هەبـووە، شـارەوانی باجـی لێیـان وەرگرتـووە، ئەویـش یەکێـک

بــوو لــە باجگرانــی عوســمانییەکان.
مـن لـە شێسـتەکان لەگـەڵ باپیـرم دادەنیشـتم، ئـەو باسـی باپیـری بـۆ دەکـردم، ئەلیـاس! بۆیـە ئـەوە دەزانـم و لـەو سـەربردەیەش دڵنیـام و تـەواوە.
دەمــەوێ ئــەوەش بڵێــم باجگــر وەک ناســناو؛ نیشــانەی پیشــە و کاسـبییە، ئاماژەیـەک نییـە بـۆ عەشـیرەت و ناوچەیـەک. باجگریـش وەک بەرگـدوور و بـەزاز و پەڕەچـی و نانـەوا نیشـانەی شـار و کاسـبی بــووە، ناســناوی شارســتانی بــووە!
ئەلیـاس باجگـر ماڵـی لـە گەڕەکـی تەعجیـل بـووە، کۆنـە خانووەکـەی مــاوە، رەســمی هەیــە. ئێســتا خانووەکــە لــە گەڕەکەکــە بــووە بــە خــەم و نیشــانەی کەلاوەیــی و وێرانــی و خەمێکــی گەورەیــە بــۆ جوانییەکانــی خانــوو و شــێواز و کەرەســتەکان. گەڕەکــە کۆنەکانــی ئــەو شــارە، کــەلاوەکان بــوون بــە دیــاردە و وێنەیەکــی ناشــیرین و قێزەوەنـن؛ بەداخـەوە نەبـوون بـە نیشـانەی شارسـتانی و کەلەپـوور، بــوون بــە کــەلاوە و شــوێن کۆکردنــەوەی پاشــماوە و خاشــاک و پیســایی!

# ٤
# له گەڕەکی تەعجیلی هەولێر له دایکبووم

مـن لـەو خانـووە، لـە گەڕەکـی تەعجیـل و لەنـاو خانووێکـی گـەورەی ئەودەمانـە، لـە رۆژی ٢٨ی فبرایـەری سـاڵی ١٩٤٨ لەدایکبـووم. هـەر لـەو خانـووە تـەواوی بنەماڵەکەمـان ژیـاون و گـەورە بـوون، لەوێـش جیابوونەتـەوە و ماڵـی سـەربەخۆیان پێکهێنـاوە، بـەڵام هـەر لـەو ناوچەیـە. باوکـی باپیـرم خـدر لەنـاو بـازاڕی گـەورەی هەولێـر خەیـات بـووە.

لـە سـاڵی ١٩٦٢ بەرانبـەر هوتێـل شـیراتۆن و لەسـەر شـەقامێکی سـەرەکی باپیـرم حاجـی سـەعید «١٨٩٠_١٩٨٢» خانووێکـی گـەورە لەسـەر رووبـەری ٨٠٠ مەتـر دووجـا دروسـت دەکات. دوایـی ئـەو خانـووە دەبێتـە باڵەخانەیەکـی چەنـد نهۆمـی ئێمـە، باڵەخانـە بازرگانییەکـە بـە شـێواز و نەخشـەی نـوێ مـاوە و ئاوەدانـە.

بـەڵام باوکـم حاجـی یەحیـا «١٩٢٢_ ١٩٩٣» کـە هاوسـەرگیری لەگـەڵ «مکییـە ئەحمـەد سـەمەد»ی دایکـم دەکات، لەنـاو خانـووە گەورەکـەی باپیریـی و ماڵـە گەورەکەیـان جیـا دەبێتـەوە و دەچێتـە

سـەر قـەڵات. لـەوێ نزیـک ماڵـی خەزوورانـی خانووێـک بەکـرێ دەگرێـت. لـە سـاڵی ١٩٤٩ تـا سـاڵی ١٩٥٤ لـەوێ دەژیـت. هـەر لـەوێ دایکـم زێڕەکانـی ملـی بـە ١٠٥ دینـار دەفرۆشـێت، پارەکـەش بـۆ کڕینـی دوکانێـک لەنـاو بـازاڕی قەیسـەری دەداتـە باوکـم، ئیـتر لـەوێ و پـاش ئـەو رۆژە و لـەو دوکانـە باوکـم بـەزازی و کاروبـاری قومـاش دەسـت پـێ دەکات، سـامان و ناوبانگییەکانـی بـەو دوکان و کاسـبییە دەردەکەوێـت.

باوکـم هـەر لـەو دوکانـە، لەگـەڵ لـە قومـاش و رەنـگ و پێـوان و بازرگانییەکانـی، جووتیارەکانـی ناوچەکـە دەناسـێت، لەگـەڵ ئـەوان گەنـم و جـۆش دەچێنێـت. پـاش وەرزی دوورنـە گەنـم دەکڕێـت و دەیفرۆشـێتەوە و قازانجیـش دەکات. ئـەو بـەو کاسـبییە، بـەو تێکەڵاوییـە ناسـیاریی زۆرتـر پەیـدا دەکات. دوکانەکـە سـەرچاوە و هـەواری کاسـبی و نـاو و ناسـینی باوکـمان بـووە، بۆیـەش ئێسـتا دوکانەکەمـان کـردووە بـە مۆزەیەکـی بنەماڵەکەمـان و خەڵکـی نـاو بازاڕەکـەش.

دوایـی خانووەکـەی حاجـی یەحیـا باجگـر لـە گەڕەکـی تەعجیـل بەرانبـەر مزگەوتـی بـازاڕ و لەتەنیشـت بـازاڕی سـیروان دەکەینـە باڵەخانەیـەک. باوکـم لـە سـاڵی ١٩٦٤ خانووێک لەسـەر رووبەڕی ٦٥٠ مەتـر لەسـەر شـەقامی شێسـتمەتری نزیک ئیسـکان دروسـت دەکات. ئێسـتاش خانووەکـە مـاوە و تابلۆیەکـی بچووکـی بـە دەرگەکـەوە هەڵـواسراوە و نـاوی باوکمـی پێوەیـە، لـە بۆنـە تایبەتییـەکان و جـەژن و کۆبوونەوەکانـی خێزانەکەمـان، دەرگـەی دەکەینـەوە و تێـدا کـۆ دەبینـەوە.

پاش چەند ساڵێک، بەردەم خانووەکەمان شەقامەکەی لەسەر پرۆژەی کولبینکان «کالوست سەرکیس کولبینکان «Calouste Culbenkian»،١٨٦٩_١٩٥٥، سەرمایەدارێکی ئەرمەنی بووە، لە بواری پترۆڵ کاریکردوە، بەشی لە نەوتی عێراق ٥٪ بوو، بۆیە ناویان نابوو، «Mr. Five Percent» لە بوارەکانی خێرخوازی کاری زۆری کردووە، لە هەموویان ناودارتر یاریگەی شەعبی بەغدا بە یارمەتی و سامانی ئەو دروست دەکرێت»، خانووەکە دەکەوێتە سەر ناودارترین و گەورەترین شەقامی هەولێر. شێستمەتری دەبێتە ئەو بازنە جوانەی شارەکە لە باوەش دەکات و دەیرازێنێتەوە. ئەو بازنەیە بازنەی تری لەسەر دەکرێتەوە؛ هەولێر دەکەوێتە ناو بازنە لە دوای بازنەی گەورەتر و بەرینتر.

هەر سەبارەت بەو شوێن و هەوارانەی لەناو هەولێر تێدا ژیاوم، باس لەو خانووەش دەکەم کە خۆم دروستم کردووە، لەگەڵ لیستی پیشەییەکانی هەولێر «دکتۆر و ئەندازیار و هونەرمەند و ئابووریناسان» پارچەیەک زەوی بە رووبەری ٣٢٠ مەتر لە شارەوانی هەولێر و بەپێی مەرجەکانی دابەشکردنی زەوی وەردەگرم. ئەگەرچی ئەودەمانە ئەو ناوچەیە دوورە شاریش بوو، خانوو و ئاوەدانی و قیرتاو و ئاو و کارەبای نەبوو، بەڵام منیش وەک خەڵکەکەی تر لەوێ خانووێکی لەسەر دروست دەکەم، گەڕەکەکە ئاوەدان دەبێت، ئێستاش ئەو گەڕەکە لە شەقامی سەد مەترییەکە نزیکە، دوایی لەگەڵ گەورەبوونی شار، ئەو شەقامە ئاوێزانی دەکات.

***

دایکـم حاجـی مکییـە «١٩٢٢_٢٠٠٦» ژنێـک بـوو وەسـفی ناکرێـت، کابانێکـی وابـوو باسـی تـەواو نابێـت، هەشـت منداڵـی بەخێوکـردووە. لـە رۆژی ١٩٤٧/٣/١٧ لەگـەڵ باوکـم هاوسـەرگیرییان کـردووە. باوکـم وەک زاوا، لەگـەڵ خزمـەکان بـە چـوار ئۆتۆمبێـل دایکـم وەک بـووک، لـە قـەڵات دەهێنێتـە خـوارەوە، بـەڵام زۆر لـە تەعجیـل و لەنـاو ماڵـە گەورەکـە نابێـت، دووبـارە دەچێتـەوە سـەر قـەڵات و حـەز دەکات لـەو هـەوارە بـەرزە منداڵەکانـی گـەورە بـکات. هەمووـمان ماوەیـەک ژیـن و خـەو و سـەرکەوتنی سـەر قەڵاتمـان بەربکەوێـت. لـەوێ باوکـم خانووێـک بەکـرێ دەگرێـت، وەک ژیـان و مانـەوە یەکەمجـار لەسـەر قـەڵات دەژیـت.

ماڵـی باپیـرم و خاڵەکانـم باخچەچـی بـوون، لـە چـواردەورەی قـەڵات و نزیـک بـازاڕ باخچەیـان هەبـووە. باپیرانـم لـە دایکمـەوە؛ شـەیدای خـاک و ئـاو و کارێـز و ناعـوور بـوون، تـەڕە و سـەوزەیان چانـدووە و شـاریان پـڕ کـردووە لـە سـەوزە. ئـەوان لـە ماڵـی ئاغاکانیـش زەوییـان بەکـرێ گرتبـوو. لەبیرمـە یـان دەگێڕنـەوە شـوێنی سـینەمای سـیروان باخچـەی ئـەوان بـووە. ئـەو شـوێنەی ئێسـتا بـازاڕی سـورچی پـێ دەڵێـن، ئەویـش هـەر باخچـەی ئـەوان بـووە. ئـەوان ئێـوارە کـە دەگەڕانـەوە نـاو قـەڵات هەمـوو جـۆرە سـەوزەیەکیان لەگـەڵ خۆیـان بـە کەروبـار و دەسـت و زەمبیـل و سـەبەتە بردوتـە سـەر قـەڵات، لەگـەڵ ماڵـە ناسـیار و جیرانەکانیـان بەشـیان کـردوون.

مـن منـداڵ بـووم، لـەوێ و لەسـەر باخچەکانیـان خاسـم خـواردووە، نەترسـاوم و چوومەتـە نـاو ناعوورەکان، گوێـم لـە تڕەتـڕەی مەکینـەی نـاو ناعـوورەکان راگرتـووە و پێـم سـەیر و عەنتیکـە بـووە، چـۆن

ئـاوی وا جـوان و سـپی و سـارد لـەو بیـر و ناعـوره دێتـە دەرەوە، ئاوێکـە وشـکبوون و تەواوبوونـی نەبێـت. مـن بـە پایـەی خـۆڵ و کەرپووچەکانـی چوومەتـە سـەر سـەرچاوەی ئاوەکـە. لـە سـەرەوە و لەسـەر حـەوز و جۆگەکانـا بینیوومـە چـۆن ئـەو ئـاوە سـاردە شـیرینە دەڕوات و کـەف دەکات، دەڕوات و باخچـەکان ئـاو دەدات، بۆیـەش تـەڕە و سـەوزەکانی باخچەکانـی خاڵـم، بـەردەوام تـەڕ و شـیرین و بەتـام بـوون. ئـەوان بازاڕیـان گـەرم بـووە، دوکانەکانـی نـاو بازاڕیـان پـڕ کـردووە لـە سـەوزە.

***

باپیـرم و منداڵەکانـی ئیـش دەکـەن و دەچنە بـەر خوێندن و بەڕاسـتی و بـاش دەکەونـە نـاو بـازاڕ و لەنـاو هەولێـر دەناسرێن.

باپیـرم حاجـی سـەعید لـە سـاڵی ١٩٦١ یەکەمجـار ئۆتۆمبێلـی کڕیـوە، ژمارەکەشـی ١٥٧ هەولێـر، مارکـەی شـۆفرلێت یـان مارکێکـی تـری ئەمریکـی بـووە. لەودەمانـە مامـم لـە شـاری بـەسرا فەرمانبـەر بـووە، ئـەو دەچێـت لـەوێ ئۆتۆمبێلەکـەی بـە هەشـت سـەد دینـار بـۆ دەکڕێـت و دەیهێنێتـەوە هەولێـر. باوکـم حاجـی یەحیـا لـە سـاڵی ١٩٦٦ ئۆتۆمبێلێکـی ئۆپلـی ژمـارە بەغـدای هەبـووە، مۆدیلەکـەی مۆدیـل ١٩٦٢ یـان ١٩٦٣ بـوو.



تابلۆیەک لەسەر فۆتۆیەکی حاجی یەحیا بەزاز و حاجی مەکییەی هاوسەری ساڵی ١٩٨٩ گیراوە، بە خامەی هونەرمەند سارا تەڵایی دروست کراوە.



فۆتۆی حاجی سەعیدی بەزاز و کوڕەکانی




**دوکانی حاجی یەحیای بەزاز لەناو بازاڕی گەورە**

# ٥
# لەناو کارکردنا پیر بووم

مـن ئـەو مرۆڤـەم ئێسـتا هەناسـە دەدەم و دەبینـم و کار دەکـەم و بەدرێژایـی ژیانـم خەباتـم کـردووە. لـەو ژیانـە نەوەسـتاوم و بـۆ ئامانجەکانـم هەسـتم بـە ماندووبـوون نەکـردووە. ئیشـم زۆر کـردووە، وا دەزانـم ژیـان بەڕاسـتی زۆر خۆشـە، دەبـێ ئینسـان لـە ڕۆژانـی خۆشـی و ناخۆشـییەکانی ژیانـی هـەر بەخۆشـی بژیـت. لـە کاتـی تەنگانـە و ناخۆشـییەکان هـەر بـە خۆشـی سـەیری ڕۆژگارەکـە بـکات. هێمـن و ئاسـوودە بـۆ مەبەسـتێک ئیـش بـکات و بژیـت، ناکـرێ مـرۆڤ کاتەکانـی بەفیـڕۆ بـدات، کاتیـش بەشـی ئـەوە نـاکات، یـان ئەوەنـدە زیـاد نییـە بەفیـڕۆی بدەیـت و تێـدا بێـزار بیـت. مـن لەنـاو کارکردنـا پیـر بـووم، لـە منداڵییـەوە بیـرم لـە ئیشـکردن کردیتـەوە. تەمەنـم سـێ چـوار سـاڵان بـووە لەگـەڵ باوکـم چوومەتـە بـازاڕ و لەسـەر دوکانەکـەی دانیشـتووم. لـەوێ دیومـە باوکـم چـۆن کار دەکات، چـۆن قومـاش دەبڕێـت و دەفرۆشـێت، دیـارە قازانجـی کـردووە و پـارەی کـۆ کردیتـەوە.

منداڵێکـی بچـووک بـووم و پرسـیاری زۆر و گـەورەم کـردووە، کاکـم و مامەکانـم دەیانگـوت؛ تـۆ زوو و زۆر پرسـیارت دەکـرد، دەتپرسـی، دەتویسـت شـتەکان زۆرتـر بزانیـت! بـە یـەک پرسـیار و دوو پرسـیار هۆگـر نەدەبوویـت، بێجگـە لـە پرسـیارەکان دانوسـتان و قسـەی زۆرتـرم لەسـەر وەڵامەکانیـش کـردووە، بـەڵام بزێـو نەبـووم، کوڕێکـی هێمـن بـووم، جووڵەکانیشـم بـۆ یاریکـردن و ژیـان و خۆشـییەکان بـووە و بـەس.

## دەچمە بەر خوێندن

لــە ســاڵی ١٩٥٥ تــازە قوتابخانەیــەک بــە نــاوی «فەیســەلییە» لــە هەولێــر و نزیــک ماڵــی خۆمــان کرابــووە، «فەیســەل پاشــای ســەر عەرشــی عێــراق، مەملەکەتەکــە لەبــەر پیــرۆزی ئــەو و بنەماڵەکەیــان دروســتکرابوو. ئینگلیــز لەجیاتــی ئــەو بنەماڵەیــە بباتــەوە ماڵــی خــودا و خاکــی نەجــد و حیجــاز، لــەوێ مەملەکەتێکیــان بــۆ دروســت بــکات، غەدریــان لــێ دەکات لەگــەڵ بنەماڵەیەکــی تــر ئــەوە دەکات، بــەڵام نائومێدیــان نــاکات لەنێــوان هــەردوو رووبــاری دیجلــە و فــورات قەوارەیەکــی سیاســییان لەســەر دەســتی ژنێکــی دبلۆمــات و نووســەر و کەڤناســی ژن «مــس بیــل» بــۆ دادەمەزرێنێــت. ئــەو ژنــەی لــە ســاڵی ١٩٢٦ دەمرێــت، لەســەر داوای خــۆی لــە بەغــدا دەنێژرێــت. ئیــتر قوتابخانەکــە بــە نــاوی فەیســەلی یەکــەم کرابــوو، ئــەوەی لەگــەڵ ئــەو ژنــە دۆســتایەتی نزیکیــان هەبــووە، پاشــاش مردنــی ژنەکــەی لــە بەغــدا وەک مەلیکــی عێــراق دیــوە، چونکــە خــۆی لــە ســاڵی ١٩٣٣ مــردووە.

قوتابخانەکــە بــە نــاوی ئــەو یــان بــە نــاوی فەیســەلی دووەم کرابــوو. ئــەوەی ئەفســەرەکان کــە کودەتاکــەی ســاڵی ١٩٥٨ بەســەردا دەکــەن و پاشــا و منداڵێکــی بەســتەزمان و خۆشەویســتی عێراقییــەکان دەکــوژن، مــن دەچمــە ئــەو قوتابخانەیــە، لــەوێ دەســت بــە خوێنــدن دەکــەم، مامۆســتا و رەحلــە و تەختــەی رەش و منداڵــی زۆر دەناســم، بــەڵام زووتــر دەفتــەر و قەڵەمــم لەنــاو دەســتی باوکــم لــە دوکانەکــەی دیبــوو، مامەکانــم خوێنــدەوار بــوون.


لـەو رۆژانـە و تـازە چوومەتـە قوتابخانـە منداڵێکی ناسـکم، بەڕێکەوت بـەر عارەبانەیەکـی دەسـتی دەکـەوم کـە فـەردە ئـاردی زۆری لەسـەر بـووە، رەنـج و ماندووبوونـی حەمباڵێـک پاڵـی دەدا، بـەو بەرکەوتنـە دەسـت و باسـکم ئازاریـان بەردەکەوێـت، دەکەومـە سـەر ئەرزەکـە. ئەگەرچـی ئـازارم بەرکەوتبـوو، بـەڵام بابـم و مامەکانـم دەڵێـن هیچـی نییـە، هەڵسـەوە و بـەو کەوتنـە دەبیتـە پیاوێکـی بـە توانـا و بـە هێـز و کابـرای عارەبانچـی ئیـزن دەدەن و دەڵێـن هیـچ نەبـوو قـەزا و قەدرێکـی خودایـی بـوو.

ئیـتر مـن لەبـەر ئـەو رووداوە، ئـەو سـاڵە لـە خوێندنەکـە دادەبڕێـم. لـەو قوتابخانەیـە شـاهانەیە ئـەو سـاڵە دەوام ناکـەم، سـاڵی دوایـی دەگوازرێمـەوە قوتابخانـەی «ئیـبن خەلـەکان»، ماڵیشـمان هـەر لـەوێ نزیـک بـووە، قوتابخانەکـە زووتـر «ئەربیـل ئـولا» بـووە، ئـەوەی ئێسـتا بـووە بـە مۆزەخانـەی پـەروەردەی هەولێـر؛ ئەربیـل ئـولا لـەوێ گوازرابـووە شـوێنێکی تـر.

شـوێنی ئیـبن خەلـەکان دەکاتـە جەرگـەی شـار، لەنـاو قەڕەباڵغەکـەی نزیـک بـازاڕی نیشـتمان، ئـەو باڵەخانـە دوو نهۆمییـە بـە کەرپـووچ بـووە، ئێسـتا بـووە بـە مـۆزەی پـەروەردە، فۆتـۆ و ناسـنامە و دەسـتنووس و کەرەسـتەی ئەفەندییەکانـی تێـدا پارێـزراوە، ئەوانـەی زوو و سـەردەمانێک لـە بـواری پـەروەردە پێشـەنگ بـوون، ژن و پیاوەکانـی حـەرف و قەڵەمیـان لـەو شـارە دێرینـە پیـرۆز و شـیرین کردبـوو. لـەوێ سـاڵی یەکەمـی سـەرەتایی دەخوێنـم و بـەردەوام دەبـم و خوێنـدن تـەواو دەکـەم.

نمرەکانـی قۆناخـی سـەرەتاییم زۆر بـاش بـوون، لەبیرمـە لـە بکالۆریـای

سـەرەتایی کـە قۆناخێکـی گرنگیـش بـوو، دوو سـەدم هەبـووە، لـە زمانــی ئینگلیــزی ٩٧م هەبــووە، بــەڵام نمــرەی عەرەبییەکــەم بــاش نەبـوو. لـەو رۆژانـە لـە دەوام شـەرواڵمان لەبـەر کـردووە، دیـارە وەک منداڵەکانـی ئەودەمانـە دۆخیـن و توندکردنـی ئاسـان نەبـووە، بۆیـە زوو شـەرواڵمان بـە لاسـتیک بـووە. دوایـی فێـر دەبیـن شـەرواڵ بـە دۆخیـن و بـە کورتـک و پشـدێنیش بچینـە قوتابخانـە.



دکتۆر نەوزاد باجگر بەگچکەیی، فۆتۆکە ساڵی ١٩٦١ گیراوە.

# ٦
# بەزازێکی جووتیار

پیشــەی باوکــم  لەنــاو بــازاڕی هەولێــر بــەزاز بــووە، قوماشــی دەفرۆشــت، قوماشــی ژن و پیاوانــە. لەگــەڵ ئــەو پیشــەیە و هــەر لــە نــاو دوکانەکــەی و لەگــەڵ هاموشــۆ و ناســیارەکانی بازرگانــی  گەنــم و جۆشــی کــردووە. لەگــەڵ جووتیارەکانــی گونــدەکان ئاشــنایەتی هەبــووە، پەیوەنــدی لەگــەڵ گوندەکانــی دەشــتی هەولێــر خــۆش و بــاش بــووە. زۆریــش چــاوی لــە بارانیــش بــووە، دڵــی بــە بەرهەمــی گوندەکانــی دەرەوەی هەولێــر خــۆش بــووە! ئەوەیــان بــۆ باوکــم کاســبییەکی وەرزیــی بــووە، دیــارە بــاران و گەنــم و جووتیارەکانیــش قازانجیــان بــۆ کاســبییەکەی باوکــم هەبــووە، بــۆ گەرمــی قومــاش و کڕیــن و فرۆشتنەکانیشــی بــاش بــووە. بــاران بــازاڕی گــەرم کــردووە. ئــەو دۆســتایەتی لەگــەڵ توێژێکــی زۆری خەڵکــی تــر پەیــدا کــردووە. مــن ئەوانــەم دەبینــی، کــە ئەوانــەم دەزانــی زۆریــش گچکــە بــووم، دەچوومــە دوکانەکــەی باوکــم لەگــەڵ بڕینــی قومــاش و هەڵگرتنــی تــۆپ و مقــەس؛ قســە لەســەر دوورنــە و پەڵــە و داس و بــار و ربــەش

دەکــرا. بەیانییــان لــە مەکتــەب حیســابم دەخوێنــد، لەکــن باوکــم ئێــواران حیســابەکەم بــە ژمــارە و بــە پەنجــە و بــە زمــان دەبینــی، لێکدانــی ژمارەکانــم لەســەر تەختــەی رەش و تەباشــیر دەکــرد، لەکــن باوکــم مەتــری قومــاش بەوەنــدە فلوســە و ئەوەنــدە مەتــرە دەکاتــە ئەوەنــدە درهەمــە دەمبینــی و دەمبیســت و دەمنووســی، ئەوەنــدە دەدەیــن و ئەویــش بــا لــۆ جۆخینــان بێــت، ئــەوەی دەمایــەوە لــە پارەکــەی کــەم دەکــردوە. مەتــر و نیــو مەتــر و پێوانــم لەگــەڵ دەســت و باســکی باوکــم و چــاوی کڕیــارەکان دەبینــی و فێریــان دەبــووم.

# ٧
# قۆناخی خوێندنی سەرەتایی

ژیان تەنیا ئیشکردن و خوێندن نەبوو، ڕۆژانەمان تەنیا مانەوە نەبوو ناو چوار دیواری مەکتەب و ماڵ و دوکانەکەی باوکم و کۆڵانەکانی بازاڕەکە، کۆڵانی زۆریش لە گەڕەکەکەمان، لەناو شارەکەدا هەبوو، سەربان و بەردەرگانیش زۆر بوون، گەمە و بردنەوە و ژماردنی کەلابەرد و سەرەسیفۆن و بەرگە شخاتەش هەبوون. لەگەڵ گەمەکانا، من هەر لە منداڵییەوە حەزیشم لە کتێب بووە، هەر چیم دەستکەوتبوایە دەمخوێندەوە، کتێب، گۆڤار.

فێر ببووم لەگەڵ گەمە و شتەکانم قسەم دەکرد، کەرەستەکانی بەردەستم و ناو دوکانەکەمان دەدواند، فێر بووم قسە لەسەر هەموو شتەکان بکەم. بەڵام ئەوەی باشم لەبیرە و دڵنیام هەر لە منداڵییەوە حەزم کردووە ببمە دکتۆر. ئەوەش مانای ئەوە نەبوو دەمزانی دکتۆریی چەند خوێندن و کات و پارەی دەوێت! مانای ئەوە نەبوو دەمزانی دکتۆر چ خزمەتێک بە خەڵک دەکات.

ئـارەزووی ئـەوەم هەبـووە و ئـەو رازەم بـە منداڵەکانـی خۆمـان، بـە ئامـۆزا و خزمـەکان، ئەوانـەی هاموشـۆی دوکانەکـەی ئێمەیـان دەکرد، ئـەوەم بـەوان گوتـووە و ئەوانیـش لەبیریـان مابـوو. بـە منداڵـی هـەر لەگـەڵ ئەوانـەش گەمـەم کـردووە، ئەوانـەی مـاون تەمەنیـان درێـژ بێـت و ئەوانـی رۆیشـتوون رۆحیـان شـاد.

لـە قۆناخـی خوێندنـی سـەرەتایی بـرادەر و یادەوەرییەکانـم کـەم بـوون، بـەڵام لـە قۆناخـی ناوەنـدی و گەورەبوونمـان دۆسـتایەتی و هاوڕێیەتیـمان زۆتـر بـووە.

لـە قۆناخـی منداڵـی گەمـەی پەلیکانێـم کـردووە، حـەزم کـردووە پەلیکەکـەم زۆر بـڕوات و بـەرز ببێتـەوە و کەسـی بەرانبـەرم نەیگرێتـەوە.

کەلایانێـم کـردووە و کـەلای زۆر جوانیشـم هەبووە و باشـم ژماردوون. یـاری شـەبەکەمان کـردووە، تۆپـمان خۆشویسـتووە. بـۆ ئێمـە وەک کـوڕ عەیبیـش بـوو گەمـەی کیـژان بکەیـن. کۆلارەمـان بـۆ ئاسـمان و نـاو هـەور و دوور لـە سـەربانەکان فڕانـدووە.

بـە بـەرد و لـە بەردیـش کەلامـان دروسـتکردووە، بڕوامـان وا بـووە لـە پارچـە بەردێکـی نارێـک، دەتوانیـن کەلابـەردی خـڕی لـووس و بچووک و گەورەش بتاشـین، ئەوەش زەوق و کاری دەسـتی بەردەوامی ویسـتووە. لەسـەر بەسـتەکەی نزیـک ماڵـی باپیـرم، لـەو بەسـت و کەندانـە بـەدوای بـەردی خاڵـدار گـەڕاوم، بـۆ بەردێـک گـەڕاوم دەمـاری تێـدا کـەم بێـت، رەق نەبێـت و زۆریـش نـەرم نەبێـت بـە دەسـتەبەرد و لێـدان و خۆشـکردنی بشـکێت. کەلامـان هەبـووە زۆر خۆشمانویسـتووە؛ دەمانگـوت بـە بەرەکەتـە! ئـەو کەلابـەردە راسـت

دەڕوات، دەستمان باش لەوە راهاتووە و بە دۆڕانمان نادات و بزرمان نەکردووە.

دوایی قەپێلکە چوکلێتمان کۆ کردیتەوە، چەندی کەیفمان بە خواردنی چوکلێتەکە دەهات، زۆرتر بە بەرگ و کاغەزەکەی، واماندەزانی پارەیە، بایەخی هەیە، بە زۆربوونی ئەو قەپێلکانە گیرفانمان گەرم دەبوو، گەمە و ئارەزووەکانمان زۆرتر و جوانتر دەبوون. ئەوانەمان سەفتە سەفتە کۆ دەکردەوە و سەفتە سەفتە ریزمان دەکردن و کەیفمان بە زۆربوونیان دەهات و گەمەمان پێیانەوە کردووە، وەک تامی چوکلێتەکان پێمان شیرین و گران بوون! قەپێلکە شخارتەشمان بۆ گەمەکردن و هەڵگرتن و شانازی و دەوڵەمەندبوون کۆ کردیتەوە، لە ماڵەوە ریزمان کردوون و شخاتەی بەتاڵمان لەناو ژوورەکەمان و لەناو کتێب و جانتاکانمان پێ گەرم و رووناک بووە.

من وەک مێردمنداڵێک بۆ لێکردنەوەی پرتەقاڵێک، کەم لەناو کۆڵانەکان بەسەر دیوارەکانا هەڵگەڕاوم، یان بۆ دزینی هێشووە ترێیەکی سەر کەپر و دیوارە نەوییەکان دەستم درێژ نەکردووە. ئەوەم نەکردووە، بەڵام ئەوەش تام و جوانی خۆی هەبووە! دەمبینی پیاوان بەسەر لۆرییەکان هەڵدەگەڕان و شفتی و گندۆرەیان لە مەزادەکانا دەکڕی و بە عارەبانەکانا دەیانبردنەوە ناو بازاڕ و کۆڵان و گوندەکانیش. لەوێش هیچم لەناو ئەو لۆری و پەستانە نەبردووە و چاوم لەوە نەبووە. منداڵ بووم خەونم بەوە دەبینی موزیک بژەنم، ئامێرێکم هەبێت، بە پەنجەکانم سەدایەک دروست بکەم و دەنگێکی خۆش پەیدا بکەم، شانازی

بـە پەنجەکانـم بکـەم، کـە دەتوانـن سـەرەنجی خەڵـک رابکێشـن، بـەڵام مەجالمـان نەبـووە و بـۆم نەگونجـاوە.

مـن لـە منداڵییـەوە حـەزم کـردووە عودێکـم هەبێـت، موزیـک بژەنـم. بـەڵام لەجیاتـی ژەنینـی عـود، لـە جیاتـی ئـەوەی پەنجەکانـم ئـاواز بژەنێــت، لــە دوارۆژا، کــە گــەورە دەبــم و دەخوێنــم پەنجەکانــم دەکەونـە نـاو بریـن و نـاو دەمارەکانـی دڵ و ئـازاری نەخۆشـەکان، بـە کۆشـش و ماندووبوونـی زۆر دەبمـە دکتـۆر. لـە ئـارەزووی ژەنیـن بـە عودێکـی داری بـە بریقـەی لووسـی گـەورە، پەنجەکانـم دەکەونـە نـاو دڵێکـی ناسـک و نەرمـی بچـووک، بـەڵام هەسـتیار و شـیرین و پیرۆزیـش. ئـەو دڵە بچووکـەی خوێـن دەدات بە ئەندامەکانی جەسـتە و بڵاویشـی دەکاتـەوە و ژیـان بـەردەوام دەکات. دەبـم بـە دکتـۆر و دڵـی نەخۆشـەکان دەکەونـە نـاو دەسـتەکانم، کارم لەسـەر دڵ کردووە، لەنـاو دەمارەکانـی سـینگ و دڵ کـردووە. گوێـم لـە راز و ژانەکانیـان بـووە، بینوومـە چـۆن بـۆ ژیـان و مانـەوە هەردووکـمان کۆششـمان کـردووە، مانـدوو بوویـن! ئـەو بـە بەرگـری و خۆشەویسـتی ژیـان و خەونەکانـی، منیـش بـە زانیاریـی و دەرمـان و دڵسـۆزییەوە چـارەی نەخۆشـی زۆرم کـردووە.

***

یـادی منداڵـی و چوونـە مەکتـەب لەبیـر ناکرێـت، زسـتانان، بەیانییـە سـاردەکان، ریزبوونــی زوو، سرووود و ئامــۆژگاری بەڕێوەبــەر و هەروەهـا پیرۆزییەکانـی مامۆسـتا. لەودەمانـە بەیانییـان تـا دوازدە و نیـو، ئێوارانیـش لـە یـەک و نیـو دەوام هەبـوو، خواردنیـش هەبـوو، هەفتـەی شـەش رۆژ دەوام هەبـوو، شـیرمان دەخـواردەوە، خوێنـدن

و بەرنامــەکان ئاســان نەبــوو، ئەگەرچــی ســادەش بــوون، بــەڵام زانیارییــەکان زۆرتــر بــوون، دەرســمان کــوردی و عەرەبــی بــوون، زووش زمانــی ئینگلیزییــمان دەخوێنــد.

مــن لــە قۆناخــی خوێندنــی ســەرەتایی بــە مامۆســتا جووەکانــی قوتابخانەکانــی نــاو شــاری هەولێــر رانەگەیشــتم. ئەوانــەی پێــش ساڵانی پەنجاکانــی ســەدەی رابــردوو چوونەتە مەکتــەب و خوێندویانە مامۆســتای جوویــان دیتبــوو، مامۆســتای وەرزش و بیــرکاری و وێنــەی جوویــان هەبــووە. ئــەوان و تــەواوی بنەماڵــە جووەکانــی نــاو عێــراق بــە هەولێریشــەوە دەڕۆن، بــەڵام نــاو و شــوێنەواریان هــەر مابــوو، ئێســتاش لــە مۆزەکــەی پــەروەردەی هەولێــر نــاو وێنە و دەســتخەتیان مــاون و نیشــاندراون و لــە بیرەوەریــی گــەورەکان، ئەوانــەی پێــش ئێمــە قوتابــی بــوون نــاو و ئــارەزوو و بەهرەکانیــان مــاوە.

لــە ســەردەمی خوێندنــی مــن، لــە هەمــوو قوناخەکانا مامۆســتای کریســتیانمان هەبــووە، مامۆســتا ئیســحاق، مامۆســتا تۆمامــان هەبــوو، بێجگــە لــە مامۆســتا کــوردەکان، مامۆســتای عــەرەب و تورکمانمــان هەبــوو. لەودەمانــە جیاوازییــش نەبــوو، دیــار نەبــوو کــێ عەرەبــە کــێ کــوردە. لــە قۆناخــی ســەرەتایی زۆرم نەدەزانــی، یــان نەمدەزانــی مامۆســتاکان خەڵکــی کام شــارن، دوایــی ئــەوە پەیــدا دەبێــت و هەســتی نەتەوەیــی و بەربەرەکانییــەکان گەشــە دەکــەن. ئێمــە وەک قوتابــی هەمــوو مامۆســتاکانمان خۆشدەویســت، ئەوانیــش بــە یــەک چــاو ســەیریان دەکردیــن، زۆریــش ئــارەزووی ئــەوەم دەکــرد لــە خوێنــدن و لەنــاو قوتابییــەکان یەکــەم بــم.

ئێمــە پەیــڕەوی مامۆســتاکانمان بــە گەورەیــی و پیرۆزیــی دەکــرد.

ماموٚستا ناسیح بیرکاری پێدەگوتین، بەڕاستی پەروەردەکار بوو، ویژدانی هەبوو بۆ پەروەردەکردنی منداڵان. ماموٚستا خدر باوکی دکتۆر بەرهەم زووتر سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین بوو، بەڕاستی بەڕێوەبەرێکی لێهاتوو بوو. ماموٚستا هەر ماموٚستایە، خراپ و باشی نییە، یان ماموٚستای ئەودەمانە و ئێستا هیچ جیاوازییەکی نییە. لە وەختی ئێمە بە بیست سی کەس یەک کتێب پەیدا دەبوو، ئەو کتێبانە دەستاودەستیان دەکرد. ئێستاش تەکنەلۆژیا شتەکانی زۆر و ئاسان کردووە. کتێبە عەرەبییەکان زۆرتر بوون، کتێبی کوردی کەم بوون، کتێبی رۆشنبیریمان کەم کەم دەستدەکەوت.

من لە بیرکاری و زمانی ئینگلیزی و مێژوو باشتر بووم. ئێستاش حەزم لە بابەتی مێژووە، بۆیەش دەمەوێ خانەی بەڵگەنامەیی گەورە و زۆرتر ساز بکەم، ئەوەی هەمانە زۆرتر و دەوڵەمەندتری بکەم، بنچینە و سەرەتاکانی مێژووی کوردستان بە ئەرشیف بکەم، ئەوانە بېن بە بنچینەکانی مێژووەکەمان و بەڵگەکان بەردەست بن.

**کاسی یەکەمی**

یـادگارە خۆشـەکانی منداڵییـم زۆرتـر ئـەوە بـووە، کـە سـەری سـاڵان دەردەچـووم، زۆریـش هـەر یەکەمـی پۆلەکەمـان بـووم، کاسـێکم وەردەگـرت.

جارێکیـان وا دەزانـم کاسـەکەی مـن، لـە کاسـی کوڕەکـەی دووەم بـووە گچکەتـرە، بۆیـە چووبوومـە کـن بەڕێوەبەرەکەمـان و گلەییـم لێـی کـردووە و پێـم گوتـووە:

من یەکەم بووم!

ئەویش لە وەڵامدا گوتبووی:

راستە، تۆ یەکەم بوویت!

منیـش پرسـیوومە، باشـە کـە یەکـەم بـووم، بـۆ کاسـەکەی مـن لـە کاسـی دووەمەکـە بچووکـترە!

ئەویـش بەنەرمییـەوە گلەییەکـەم لـێ وەردەگرێـت، هـەردوو کاسـەکەی لەکـن یەکـتری دادەنێـت، ئاو لـە هەردووکیـان دەکات، بە چـاو و بـە پراکتیـک نیشـانم دەدات کاسـەکەی مـن، منـی یەکەمـی پولەکـە لـە کوڕەکـەی دووەم بـووە گەورەتـرە، چونکـە ئـاوی زۆرتـر گرتبـوو. ئیـتر بـەو ئاوتێکردنـە قەناعـەت دەکـەم کاسـەکەی منـی یەکەمـی پولەکـە، گەورەتـرە و سوپاسـی دەکـەم. ئێسـتاش ئـەو کاسـەم مـاوە و بـووە بـە دەرسـێکی بـاش بـۆ ژیـان و ئاینـدەم.

ماتۆڕێکـی زەردی گچکـەی مناڵانـەم هەبـوو، زۆرم خۆشدەویسـت و حـەزم دەکـرد مابوایـە. زۆر لـە وێنـە و دەفتەرەکانـی منداڵییـم

ماوە.

ئەوەی لە یادی منداڵییم زۆر باشم لە بیرە و خەمی زۆرم بۆ خواردووە، ڕۆژێکیان هاتنە دوکانەکەی باوکم و پێیان گوت دایکت مردووە. من ئەو داپیرەم زۆرخۆشدەویست خەمبار دەبم، مردنی ئەوم لەبیر ماوە. بە گشتی منداڵییم خۆش بووە، خێزانێکی ئاسوودە بووین، گوزەرانمان باش بوو، ئەوەش دەزانم منداڵانی ئەودەمانە زۆر یەکتریان خۆشدەویست و خۆشەویستی گەرم و دڵسۆزانە بوو.

لە منداڵی وەک منداڵە قەڵاتییەک، شەڕی منداڵانی قەڵات و گەڕەکی تەیراوەم لەبیرە، جاروبار گەنجەکانیش بەشداریان دەکرد، ڕاستەماڵمان وەک خێزانی یەحیا بەزاز لە قەڵاتێ هاتبوون خوارەوە، جارێکیان بۆ ماڵی داپیرم دەچمە سەر قەڵاتێ، لەودەمانە ئەوەی لە خوارەوە دەچووە سەرەوە کوڕەکان لێیان دەپرسی، چووم و سەرکەوتم و گەنجێک هاتە پێشم و پرسی تۆ کێی و بۆ کوێ دەچیت! منیش خۆم ناساند و پێمگوت دەچمە ماڵی داپیرم. دوایی زانیم کوڕەکەی لێی پرسیبووم تۆ کێی و کێوە دەچێت، عەدنان موفتی، کوڕی ڕەشاد موفتی بوو.

***

منداڵ حەز دەکات بەردەوام مێشکی پڕبێت، مێشکە کۆمپیوتەرەکەی پڕ زانیاری نوێ و بەسوود بێت، قسە دەکات و زۆر تەماشا دەکات، جووڵەی زۆرە و دەیەوێ هەموو شتێک

فێـر بێـت. زانایـان دەڵێـن منـداڵ سـێ تـا پێنـج کەسـایەتی تێدایـە. هیـوام وایـە دایـک و بـاوکان لەسـەر منداڵـەکان تونـد نەبـن، لـەو تەمەنـە ئازادیـان بکـەن؛ ئـەوە دەبێـت و ئـەوە نابێـت و راسـتگۆ بـن، منداڵـی زۆر دروسـت نەکـەن، چونکـە منـداڵ گەورەکـردن و پەروەردەکـردن ئاسـان نییـە، منـداڵ بەهرەیەکـی خودایـە.

منــداڵ بــووم لەبــەر دەســتی مامۆســتا فوئــاد ناجــی حــەزم لــە وێنەکێشــان بــووە، پۆلــی چــواری ســەرەتایی حــەزم لــەو هونــەرە بـووە، لـە پێشـانگای سـاڵانەی قوتابخانـەکان بەشـدار بـووم، لەبیرمـە تابلـۆی ژنێکـی کـوردم کردبـوو، ژنەکـە دەسـتاڕی دەهـاڕی. شـتێکم دەکـرد وامدەزانـی هونـەرە و دڵـم پێـی خـۆش دەبـوو.

کـە سـەیری وێنـە کۆنـەکان دەکەمـەوە، سـەرەتا دایـک و باوکـم و باپیـرم بەبیـر دێتـەوە، شـتە خۆشـەکانم ئەوانـم بەبیـر دێتـەوە، سوپاسـگوزارم بـە کاروانـی ئـەوان ژیـان بـەردەوام دەکەیـن، ئـەوان رۆیشـتن و ئێمەیـان لـەو کاروانـە جێهێشـت، ئێمـەش لـە پرۆسـەی زانیــن و فێربــوون و دروســتکردنی کۆمەڵگەیەکــی دروســت بەشــدارین و بەردەوامیــش دەبیــن.

***

ئـەوەی لـە کۆتایـی دەمـەوێ لەسـەر منداڵییـم بڵێـم، ئێمـە خوشـک و براکانـم بەیەکـەوە گەمەمـان دەکـرد، وەک ئێسـتا نەبـوو هـەر منداڵێـک ژوورێکـی تایبەتـی خـۆی هەبێـت، ماڵەکەمـان سـێ ژوور بـوو، ژوورێـک بـۆ دایـک و باوکـم، ژوورێکیـش بـۆ میوانـان بـوو. ئێمـەش هەموومـان لەیـەک ژوور دەنوسـتین و گەمەمـان دەکـرد و

شەڕە بالیفیشمان دەکرد و ژوورەکەمان پڕ دەکرد لە تووکە قاز و تووکە مریشک، دایە حاجی لێمان دەهاتە ناوەوە و خۆمان شل دەکرد و چاک دەبووینەوە. لە منداڵی جەژنانە خۆش و شیرین بوو، دەخیلمان هەبوو، ڕۆژانەکانمان دە تا پازدە فلوس بوو، عانەیەکم سەرفکردووە و عانەیەکم لەناو دەخیلەکەم داناوە و پارەم کۆ کردیتەوە. عانەش زۆر بوو، عانەیەک بۆ منداڵ و خێزان زۆر بوو.

لەوودەمانەش پارەم هەڵدەگرت و کەمترم سەرف دەکرد، سەرفکردنی ملیۆنەها دۆلار ئاساییە، بەڵام لەجێی خۆی و بۆ مەبەستی باشە، من یەک فلوس، یەک دینارم بێ مانا سەرف نەکردووە. ئەوەش دەبێتە پەیڕەوی عەقڵیەت و ئیشکردنم، بەو بیرە ئیشم کردووە، ئەوەی لە گیرفانم هەبوایە خەرجم نەکردووە.

***

دەپرسن و دەڵێن من کەسێکم حەزم بە سەرکردایەتی و بەرپرسیاریەتی گرووپ و زانکۆکان کردووە، ویستوومە ڕۆژێک لە ڕۆژان ببم بە سەرۆکی دەزگایەک. بەڵام من هەرگیز خۆم فەرز نەکردووە، ئەگەر نەمزانیبوایە یەکەم نیم، داوای یەکەمم نەکردووە، پەرۆشی ئەوەم بتوانم هاوکاری هەموو مرۆڤێک بم و بەشداری برادەران بم. کە دووەم بووم و دەمزانی ڕەنج و ماندووبوونەکەم شیاوی یەکەمبوونە و یەکەم نەبووم، تووڕە دەبووم، لە خۆم بێزار دەبووم و کارتەکەم فڕێداوە و گلەییشم

لــە مامۆســتاکەم کــردووە. ئــەوان دەهاتنــە کــن کاکــم و باســی منیـان دەکـرد و شـاهیدی ئەوەیـان داوە مـن تێکۆشـاوم و مانـدووم. لــە منداڵییــەوە باســی ئــەوەم دەکــرد دەمــەوێ ببمــە دکتــۆر و بەرنامەکـەش جێبەجـێ دەکـەم و دەبـم بـە دکتـۆر. ئـەوەش بـە حــەق و خوێندنــی خــۆم بــووە، هــەر بــە کۆشــش و خوێنــدن پسـپۆڕییم تـەواو کـردووە، ئیشـم بـۆ ئـەوەش کـردووە، بەرهەمـی زانکۆکانــی جیهانیــش هــەر لــەو بەرنامەیــەدا بــووە.



د. نەوزاد ساڵی ١٩٥٨
باخچەی شارەوانی شوێنی نەقابەی کرێکارانی ئێستا بەرامبەر شیراتۆن

# ٨
# خاڵم ئیحسان ناوم لێ دەنێت

هەر لەو بەشە و باسی منداڵییم دەمەوێ باس لەوە بکەم، من خاڵم «ئیحسان ئەحمەد سەمەد» و دوایی لەناو سوپای عێراق دەبێتە عەقید، لە ساڵی ١٩٦٣ لەسەر هەڵوێستی سیاسی لە سوپا خانەنشینی دەکەن، زووش لە هەولێر ئەندام و چالاکوان بووە لە حزبی هیوا، ئەو ناوی لە من ناوە «نەوزاد». دوای منیش ناوی کوردی لە ماڵی ئێمە هەبووە، «ئازاد»ی براشم هەر ناوەکەی کوردییە، بەو مەبەستەش ناوەکەیان لێ ناوە. لە ساڵی ١٩٤٩ ناو لە خوشکی گەورەم دەنێن «ڕووناک»، خوشکەکانی تریشم ناویان کوردییە «ڕووپاک» ١٩٥٥ و «خوناو» ١٩٦٠ و «مۆژدە» ١٩٦٥.



عەقید ئیحسان ئەحمەد خاڵی دکتۆر نەوزاد باجگر

# ٩
# قۆناخی خوێندنی ناوەندی

ناوەنـدی جەمهـوری لەنـاو باڵەخانەیەکـی کۆنـی بـە بـەردی نەقـاری دروسـتکرابوو، شوورەکەشـی بـەردی نەقـاری سـپی بـوو. دوو نهـۆم و نـوێ و گـەورە بـوو. ئـەو قوتابخانەیـە چەنـدان سـاڵە، سێ وەرزی سـاڵ کـراوە و ئاوەدانـە، شـەوانەش پیاوانـی سـمێڵ گـەورە گـەورە و دەسـتی مانـدوو و مێشـکی جەنجـاڵ و باوکـی پەرۆشـی خێـزان؛ دەوامـی خوێندنـی تێـدا دەکەن. لـەو باڵەخانەیـەی نـاوی جەمهورییە، هەزارەهـا خوێنـدکاری وەرگرتـووە و بـە زانسـت و رەووشـتەوە بەڕێیـان کـردوون. نـەوزاد یەحیـا سـەعیدیش پـاش ئـەوەی خوێندنـی سـەرەتایی تـەواو دەکات، دێتـە ئـەو ناوەندییـە، بـەڵام ئـەو جـارە بـە چاکێـت و پانتۆڵـەوە، شـەرواڵ و کـراس و پشـدێن و کورتەکـی لەبـەردا نەبـووە، چیـتر بەپێیـان نەبـووە، پایسـکیلێکیان بـۆ کڕیـوە، پارەکـەش لـە رۆژانـەی باوکـی، یـان جەژنەکانـی دایـک و مـام و خاڵەکانـی بووە! ئیـتر ئـەو زەوقـی هەیـە و بـەو دوو چەرخـە چوویتـە دەوام. راسـتی کڕینـی پایسـکیلەکەش باوکـی بـە بۆنـەی دەرچوونـی بـۆ ناوەنـدی و

تەواوکردنـی قوناخـی سـەرەتایی بـۆی کڕیبـوو.

ئـەو دەڵێـت: نازانـم پایسـکیلەکە مارکەکـەی چـی بـوو، بـەڵام دەزانـم ڕەنگــی ســۆر بــوو. لــەو شــارە دوو پایســکیلچی و پایســکیلفرۆش هەبــوون. یەکێکیــان لەبــن قەڵاتــێ بــوو. دووەمیــان نزیــک ماڵــمان بــوو.

پایسـکیلەکەی مـن گـەورە نەبـوو، بچووکیـش نەبـوو، قەبـارەی ٢٦ بـوو، گـەورەکان ٢٨ و بچووکەکانیـش ٢٤ بـوون. لەنـاو قوتابخانەکەمان ڕۆژانــە چــل پەنجــا پایســکیل رادەگیــران و دەبەســترانەوە. لەگــەڵ دەوام تەواوبــوون و بەربــوون؛ ئیــتر بــە باڵێــک باڵێــک و زەنــگ و هاتوهـاوارەوە کـوڕەکان دەسـت بەپایسـکیل دەهاتنـە دەرەوە. بـەرەو هەمـوو ئاراسـتەکانی شـار پەیدانیـان لـێ دەدا و دەڕۆیشـتن. هەبـووە دەچـووە گەڕەکـی شـۆڕش و کانـی «حەقیـان بـوو ئەودەمانـە ئـەو گەڕەکـە نوێیـە زۆر دوور بـوون»، قوتابـی هەبـوو پشـدێنێکی گەورەی بەسـتابوو، سمێڵیشـی هاتبـوو، بـە گەورەیـی لـە گوندێکـی دەشـتی هەولێــر چووبــووە بــەر خوێنــدن و بــەرەو خانووەکانــی کــوران دەڕۆیشــت. نازانــم و لەبیــرم نەمــاوە ئەودەمانــە بەشــە ناوخۆییــە گەورەکـە کرابـووە یـان نـا. زۆریـان دەچوونـە گەڕەکـە میللییـەکان، سـەیداوە، سـێتاقان و کورانیـش ئـەو گەڕەکـە تازەیـەش ئەگەرچـی لەســەر شــوێنەوار و لەنــاو چاڵــە گەورەکانــی کــورەی کەرپــووچ دروسـتکرابوو، بـەڵام هەمـوو خانووەکانـی بـە خشـتی قـووڕ بـوون. قوتابییـش زۆر بـوون دەچوونـە خانەقـا و تەیـراوە و منـارەی نزیـک کەندەکـۆخ و تەعجیـل بـە هـەردوو بەشـەکەی تەعجیلـی جـووان و تەعجیلـی ئیسـلامان، هەبـوو دەچـووە بـاداوە و لەودەمانـەش کۆشـکە

دوو نهۆمەکـەی مـەلا فەنـدی و دارخورماکـەی بـەرز و دیـار مابـوو. قوتابییـەکان لـە هەمـوو گەڕەکەکانـەوە دەهاتـن و ژمارەیـەک لەوانـە بـە پایسـکیل دەچوونـەوە، زۆریـان یەکێکیـان لـە پشـتەوە یـان لـە پێشـەوەیان هەڵدەگـرت و دەڕۆیشـتنەوە!

***

لـەو سـاڵانە گەنـج بـووم و ئەودەمانـە و ئێسـتاش هەسـت دەکـەم شـێوازی بیرکردنـەوەم جیـاواز بـوو. لەودەمانـە هەڵسـوکەوتم دەگۆڕێـت، بـە دیدێکـی تـر سـەیری دونیـا دەکـەم، وا دەزانـم گـەورە بـووم، لـە سـاڵی خوێندنـی ١٩٦٠_١٩٦١ لـەو ناوەندییـە دەوام دەکـەم، لەوێـش فێـر دەبـم بێجگـە لـە کتێبەکانـی جەبـر و هەندەسـە و مێـژوو و زمـان کتێبـی تریـش بخوێنمـەوە، گۆڤارەکانـی ئەودەمانـە بخوێنمـەوە.
لــە قۆناخــی ناوەنــدی پایســکیلم هەبــووە، بــەر لــەوەی بزانــم و سـووکانەکەی بـاش بگـرم و پەیدانـی راسـت و دروسـت لـێ بـدەم و لەسـەر پایسـکیلەکە بڕۆم زۆر بەربوومەتەوە، دەسـت و پێشـم خوێنی لـێ هاتـووە، ئـازارم بەرکەوتـوە، بـەڵام گەنـج بـووم و خوێنـم زوو مەییـوە و برینەکانـم بـوون بـە قەتماغـە، رووداوەکەشـم بـە دروسـتی بـە دایـک و باوکـم نیشـان نـەداوە، بـەڵام برادەرەکانـم زانیویانـە بەربوومەتـەوە و هانیـان داوم، هیـچ نییـە، تـەواو هەڵسـەوە، ئێمـەش وا فێـری پایسـکیل بوویـن، بەربوونـەوە ئاسـاییە.
ئەوەنـدە بـە پایسـلیکەکەم دڵـم خـۆش بـووە، هەسـتی بـە ژان و بەربوونـەوەکان نەکـردووە و زووش فێـر بـووم، بـەڵام نازانـم

دەمتوانــی بــە یــەک دەســت، یــان هــەردوو دەســتم بەربــدەم و بــڕۆم. لەبیــرم نییــە بــە پایســلیکەکەی بەســەر قەڵاتــێ کەوتــووم، وەک هەنــدێ لــە گەنجەکانــی ئەودەمانــە، ئــەوان بەئاســانی بەســەر قــەڵات دەکەوتــن، لــە دەرگــەی یەکەمــی نــاو بــازاڕ ســەردەکەوتن و لــە دەرگــەی ئەحمەدییــە دادەبەزیــن، یــان بەپێچەوانــە، ســەردەکەوتن و مانــدووش نەدەبــوون و بەریــش نەدەبوونــەوە. نازانــم هــەر بــە زەوق و بــە ئــارەزووەوە چەنــد جاریــش لــە دەوری قەڵاتــێ لەگــەڵ بــرادەران بــەو پایســکیلە نــازدارە خولامەتــەوە، ئــەوە نازانــم.

***

لەودەمانــە هەولێــر شــەقامی شێســت مەتــری نەبــوو، ئــاوی کەســک و ســۆر «شــوێنی شــیراتۆن و کۆنــە بارەگــەی ســەندیگای کرێــکاران» و نافوورەکــە کۆتایــی شــار و شــەقامەکان بــوو، بــەڵام گەڕەکــی ئــازادی هەبــووە، ئــەو گەڕەکــە تــازە ناوەکەیــان لــە «ئیســماعیلییە» کردبــووە ئــازادی، «زووتــر بــە نــاوی موتەسریفــی هەولێــر ئیســماعیل حەقــی کرابــوو، لەگــەڵ شۆڕشــی ١٤ی تەممــووزی ١٩٥٨ ناوەکــەی دەکەنــە ئــازادی»، ئــازادی گەڕەکێکــی دوورە شــار بــوو، فەرمانبــەران زەوییەکانیــان لــە کۆمەڵــەی نیشــتەجێبوونی فەرمانبــەران وەرگرتبــوو، بــە کەرپــووچ و قــووڕ و ســەبی چیمەنتــۆ و دار و ئاســن خانــووی گەورەیــان دروســت کردبــوو، باخچــەی گــەورە و شــوورەی بــەرز و ئاوەدانیشــیان هەبــوون.
لــەو ساڵانە بــۆ چوونــە مەکتــەب و بــازاڕ لــەو شــارە پاســیش هەبــووە، پاســەکان دەچوونــە ئــازادی و شــۆڕش و عەنــکاوەش، کورســی پاســە

سوورەکان کرابـووە دوو بـەش، تەختەکانـی پێشـەوە بـە پارچەیـەک ئیسـفەنج و نایلۆنـی رەنـگ سـوور داپۆشرابـوون، کورسـییەکانی پشـتەوەش داری رەق و تـەق بـوون، بـەڵام لـووس و بەبریقـە و رەنگیـان قاوەیـی بـوون. تیکتـی سـواربوونی پێشـەوەیان «پارچـە کاغـەزە تەنکەکـە نـاو و ژمـارە و نووسـینی زۆری لەسـەر بـوو، لەسـەری نووسرابـوو لـە چاپخانـەی «مەسـلەحەتی نەقلـی روکاب بەغـدا، چاپکـراوە»، تیکتـی سـەر تەختـە دارەکـەی ئـەو «ئامانا»نـە بـە دە فلـوس بـوو، بـەڵام پێشـەوەیان، نەرمەکەیـان تیکیتـی بـە پـازدە فلـوس بـوو. جابییـە باڵابـەرزە لاوازەکان؛ شـان بـە جانتـاوە لەسـەر سەرنشـینەکان دەگـەڕان و پارەیـان وەردەگـرت و تیکتیـان بـۆ دەبڕین، بـەڵام بـەر لـەوەی تیکتەکـە بداتـە سەرنشـینەکە لـە ناوەندەکـەی وەک ئاماژەیـەک بـۆ بەکارهاتوویـان لایەکیـان دەدڕانـد، بـە قسـەی خـۆش و سـڵاو و رێـزەوە دەچوونـە کـن سەرنشـینێکی تـر و ئەوانیـش پـارەی یەکتریـان دەدا و دەبـووە نابێـت و سـوپاس و ببـوورە مـن بڕیومـە و ناکـرێ بـا مـن پارەکـە بـدەم.

کابـرای جابـی زۆربـەی دەناسـین و ئەوانیـش ئەویـان دەناسـی کـە بـە جلوبەرگـە رەسـمییە خاوێنەکـەی و شـەپقەکەی سـەری هاتوچـۆ بـوو. موفەتیشـەکانیش کـە دەهاتـن دووبـارە بەشـێکی تـری تیکتەکانیـان دەدڕانـد، بـەوەش دڵنیادەبـوون جابییـەکان کەسـیان لەبیـر نەکـردووە و بـە جوانـی ئـاگاداری سەرنشـینەکان بـوون. لـەو کڕیـن و بڕیـن و سـواربوون و گەیشـتنەدا؛ نـە کـەس خـۆی لـە تیکتـەکان دەدزیـەوە، نـە جابییەکـەش کەسـی پـاز دەدا و هەمووانـی دەناسـییەوە، کەسـیش دوایـی جێگـەی خۆیـان نەدەگـۆڕی! زۆر لـە قوتابییـەکان تیکتەکانیـان

بـە دەفتـەر و دەسـتە دەکـڕی، بـەوەش هەرزانـتر دەکـەوت و کێشـەی وردە و پارەیـان نەدەبـوو، تاکـە ئامـرازی هاتوچـۆی نـاو شـارەکە بـۆ فەرمانبــەر و قوتابــی و خەڵکــی شــارەکە پــاس بــوو، یــان بەپێیــان دەچوونـە بـازاڕ و قوتابخانـە و گەڕەکـە دوورەکانیـش.

***

فەرمـوو دونیـا گـۆڕاوە لەو ڕۆژانـە ژمارەیـەک قوتابی لێـم کۆبوونەوەو و وێنەیەکـی یادگارییـان لەگـەڵ گرتـم، لەودەمانـە زانـا شـوفێرەکە بـە ئوتومبێـل مارسیدسـی مۆدیلـی ٢٠١٣ هـات و منیـش بـۆ ڕۆیشـتنەوەم بـۆ ماڵــەوە سـوار بـووم و ڕۆیشـتین، یەکێکیـان گوتبـووی فەرمـوو تەماشــاکەن دکتــۆر بــە چ ئوتومبێلێــک دەچێتــەوە مــاڵ، ئێمــەش شـڕە تاکسـییەک دێتـە دوامـان. قسـەکە دەزانمـەوە و قوتابییەکـەش دەناسـمەوە، کوڕەکـەم بینییـەوەو دەسـتم لەسـەر شـانی دانـا و پێـم گـوت: ڕاسـتە مـن بـەو ئۆتۆمبێلـە دەچمـەوە مـاڵ، بـەڵام لـە تەمەنـی تـۆ بـووم و هـەر بـە پـاس دەچوومـە زانکـۆ و زۆریـش چاوەڕوانمـان دەکــرد تــا پاســە شــڕەکان دەهاتــن و زۆر جاریــش کورســیمان بــۆ نەدەمایـەوە دانیشـین و بەپێـوە دەبوویـن. ئێمـە بـەو جـۆرە زانکۆمان تـەواو کـرد، لـە سـەردەمی ئێمـە قوتابـی هەبـوو پـارەی سـواربوون و تیکتــی پاسیشــی نەبــوو، زۆریــش بەپێیــان دەهاتــن و دەچوونــەوە، هیـوادارم تـۆ لـە مـن باشـتر بیـت.

لەودەمانـە دەچوویـن و دەمانخوێنـد و زیرەکیـش بوویـن، قوتابییەکان بەیەکــەوە بــرادەر بوویــن، دکتــۆر محمــد شــەهابم لەگەڵــدا بــوو، مامۆســتا یاســین، موحمەدەمیــن لــە دوکانیــش بەرانبەرمــان بــوو،

ئەویشـم لەگـەڵ بـوو، یەکێـک لەوانـە نـاوی فەریـد بـوو، هەندێکیـان مـن دەیانناسـمەوە، برادەریـش هەیـە مـن دەناسـێتەوە، تەمەنێکـی زۆرە، مـن باسـی سـەرەتای شێسـتەکانی سـەدەی رابـردوو دەکـەم. یەکێـک لـەو هاوڕێیانـەی ئـەو سـەردەمانە، ئێسـتا لـە یەکێتیـی مامۆستایانە، بـۆی گێڕامـەوە لـە قۆناخـی ناوەنـدی مـن جارێکیـان لـە وانەیـەک نمرەکـەم نۆهـەد بـووە، وەرەقەکـەم گێڕاوەتـەوە، بـە نۆهـەد رازی نەبـووم و گلەییـم هەبـووە، ئـەو گوتـی؛ ئێمـەش بـە پەنجـا تەنیـا بـە پەنجـا رازی دەبوویـن و ممنـوون بوویـن.

***

لـەو ناوەندییـە مامۆسـتا نەجمەدیـن موفتـی بەڕێوەبەرمـان بـوو، مامۆسـتا بورهـان کیمیـای پـێ دەگوتیـن، مامۆسـتا عەبدولحەمیـد ئیسـماعیلمان هەبـوو زمانـی عەرەبیـی پـێ دەگوتیـن و مامۆسـتا زەکییـمان هەبـوو، مامۆسـتا مەکـی بایەلۆژیـی دەگوتـەوە مامۆسـتایەکی زۆر بـاش بـوو، لەسـەرخۆ و زۆریـش سـوودمان لـە دەرسـەکانی دەبینـی، ئێسـتاش دەیبینـم و لـە دڵـەوە حـەز دەکـەم دەسـتی مـاچ بکـەم.
هـەر لەبـەر پیرۆزیـی مامۆسـتا و ئەرکـە پیرۆزەکەیـان، سـێ چـوار سـاڵە ئێمـە وەک زانکـۆی جیهـان، مامۆسـتا کۆنەکانـی هەولێـر، ئەوانـەی زۆرتـر لـە سـی سـاڵ خزمەتـی پەروەردەیـان کـردووە، منداڵـی زۆریـان پێگەیانـدووە، بـە دڵسـۆزیی مامۆسـتایەتییان کـردووە، نـەوەی زۆریـان پێگەیانـدووە، ئەوانـە خـەڵات دەکەیـن، مەدالیـای زانکۆیـان پـێ دەبەخشـین. ئـەو پرۆسـەیە، رێزلێنانـە بـۆ

دکتۆرەکانـی هەولێریـش دەکـەم، ئەوانـەی لـە هەولێـر سـی سـاڵە خزمەتیـان کـردووە، دوایـی لـە شـاری سـلێمانی وەک زانکـۆی جیهـان ئەوەمـان کـردووە، خەڵاتمـان کـردوون و باسـمان کـردوون. خۆشـە گەنجـەکان بزانـن پیـرەکان چییـان کـردووە، چـۆن کاریـان کـردووە، چـی سـوودێکیان بـەو میللەتـە گەیانـدووە.

# ١٠
# بە پایسکیل دەچینە سەیران

پەیوەندیـی خۆشـمان لەگـەڵ خوێنـدن و هاوڕێیەتـی و پایسـکیل لـە قۆناخـی ناوەنـدی هەبـوو. جارێکیـان هـەر بـەو پایسـکیلە لەگەڵ ژمارەیـەک قوتابـی، پێنج شـەش کـەس، بـە پایسـکیل سـواری دەچینـە سـەیران، لەنـاو شـار دوور کەوتبووینـەوە، لـە ماڵـێ نـان و هێلکـە و پەنیریـان بـۆ نـاو پەڕۆیـەک بـۆ بەسـتابووین و لـە پشـتی پایسـکیلەکانمان گرێـمان دابـوون و زۆر دوور ڕۆیشـتبووین، چوبووینـە نزیـک گونـدی قۆریتـان. لەودەمانـە کارێـز و باخچـە و جۆگـەی زۆر لـەو نـاوە هەبـوو، سـەیران بەڕاسـتی سـەیران بـوو، دەڕۆیـن و دوور کەوتبووینـەوە، دونیـا گـەرم بـوو، هەندێکـمان بیرمـان لـەوە کردبـووە نـەوەک تایـە و چوپـی پایسـکیلەکانمان بـەو گەرمایـە بتەقێـت بـە ڕەزامەنـدی هەموومـان بڕیـار دەدەیـن؛ هـەوای تایـەکان فـس بکەینـەوە، گوتمـان پەمپـمان پێیـە و دوایـی پڕیـان دەکەینـەوە! ئیـتر هەمـوو پایسـکیلەکانمان خسـتبووە سـەر رینـگ و خەریکـی بەزمـی خۆمـان بوویـن، لەسـەر جۆگـەکان خەریکـی گەمـە

بویـن و لەنـاو باخچـەکان پیاسـەی زۆرمـان کردبـوو، لـەو سـەیرانە سـەیری کورەچییەکانمـان دەکـرد، چـۆن خشـتیان دەبـڕی، ئاگریـان لـەو خشـتانە بـەردەدا، وشـکیان دەکردنـەوە، کورەچییـش هەبـوو کەرپووچیـان بـەرەو نـاو شـار بـار دەکـرد. مـاوە مـاوەش گوێـمان لـە دەنگـی شمشـاڵ و بلوێـری شـوانێک دەبـوو، ئیـتر بەزمەکـەم خـۆش و تایبـەت بـوو، بـەڵام کـە ئێـوارە ویسـتمان هـەوا لـە چوپـی پایسـکیلەکان بکەیـن، دیتـمان پەمبـەکان دروسـت ئیـش ناکـەن، هەوایـان دەردەدەن و واشـەرەکانیان شـل و وشـک بـوون و بـاش و دروسـت ئیشـیان نەدەکـرد، بـە هـەزار دەردەسـەری توانیـمان تایەکان پـڕ هـەوا بکەینـەوە، لـەو چۆڵەوانییـە، لـەو تاریکـە شـەوە تەنـگاو ببوویـن، پـاش ئـەوەی دەگەڕێنـەوە، دیتـمان ماڵەوەمـان لەسـەر کۆڵانـەکان و سـەربانەکانا چاوەڕوانمـان دەکـەن!



سەیران بە دیار سەماوەرە، لەراستەوە د. نەوزاد باجگر و د. موحەمەد شەهاب عەلی و ئیسماعیل شێخۆ، ساڵی ١٩٦٦

لـە زۆر بۆنـە و دیدارەکانا خەڵـک لـە من و لە کەسـانی زۆر دەپرسـن؛ بـە گەنجـی عاشـق بوویـت؟ من لـە وەڵامـی ئـەو رازەدا دەڵێم:

بەڵـێ عاشـق بـووم، عیشـقیش هـەر بـۆ ئافـرەت نییـە، بـۆ مـن وا دەزانـم عیشـق خۆشەویسـتی وڵاتـە، خۆشەویسـتی ژیانـە، عاشـقبوون بـە ژیـان هەمـوو عیشـقێک دەگرێتـەوە. لـە سـەردەمی ئێمـە، کچـان عەبـا بەسـەر بـوون، کـەم دەردەکەوتـن. ئەگـەر دوور بـە دووری لـە نزیـک قوتابخانـەی کچـان کچێکـمان دیبوایـە. جاروبـار بـە سـوار پایسـکیلی دەچوویـن و سـەیرمان دەکـردن، هـەر ئەوەنـدە و بـەس. بەڕاسـتی شـەیدابوون بـۆ کچانیـش عەیـب بـوو.

***

لـە سـاڵی خوێندنـی ١٩٦١_١٩٦٢ لـە قۆناخـی خوێندنـی ناوەنـدی، لـەوێ هوشـیارتر بـووم و ئـاگاداری چالاکییـە سیاسـییەکانیش بـووم، بۆیـە لـە سـاڵی ١٩٦٤ ئێمـە ژمارەیـەک قوتابـی لەسـەر دیـوار نووسـین و بـەرز کردنـەوەی دروشـمی لامەرکەزیـەت، ئـەوەی لـە رێکەوتنەکـەی تایـەر یەحیـا و پارتـی، «تایـەر یەحیـا «١٩١٦_١٩٨٦» دەرچـووی کۆلێـژی سـەربازی بـووە و دوو جـار سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق بـووە، یەکەمجـار لەنێـوان ١٩٦٣_١٩٦٥، لـەو سـاڵانە دانوسـتان لەگـەڵ شـۆرش بـە سـەرۆکایەتی نەمـر مەسـتەفا بارزانـی دەکات»، تێـدا داوای لامەرکەزییـەت کرابـوو، بـەڵام حکومـەت داواکـەی قبـووڵ نەبـوو، بۆیـە بـەردەوام نارەزایـی هەبـووە، لـە هەولێریـش لەودەمانـە دیـوار بـە بۆیـە دەنووسـن و بـاس لـە لامەرکەزیـەت دەکـەن، لـەو

بارودۆخـەدا ٣٨ کـەس لـە هەولێـر دەگیرێـن، لەوانـە مـن لەگـەڵ دەبـم، هەروەهـا دلاوەری ئامـۆزام و فوئـاد چەلەبـی و فائیـق و ... بـە کەلەپچـە و بـە سـواری شـەمەندەفەر دەمانبەنـە بەغـدا و زیندانـی «السـدە» ئەودەمانـە تەمەنـم حەڤـدە سـاڵان بـوو، لەوێـش بـە داگیرسـانی حەڤـدە دەنگـە شـخاتە یـادی لـە دایکبوونـم بـۆ دەکـەن و دەنکـە شـخاتەکان دەکوژێنینـەوە، ئـەوەش وەک نیشـانەی مـۆم بـوو، پـاش مانـەوەی ٤٢ ڕۆژ بـە کەفاڵەتـی سـەد دینـار و کەفاڵەتـی باوکـم بـەر دەبـم.

لـە نووسـینەکانی «کـە پەنجەکانـم نـەرم بـوون دەسـتم بـە سیاسـەت کـرد» فەریـق فوئـاد چەلەبـی «ئەفسـەرێکی هەولێرییـە لـە گەنجییـەوە کوردایەتـی کـردووە، لـە شـۆرشـی ئەیلـول و شـۆڕشـی نوێی یەکێتیـی بەشـدار بـووە، دوا پۆسـت فەریـق بـووە لەنـاو وەزارەتـی بەرگـری عێـراق. پـاش ئەنفـاڵ لـە دانیـمارک ژیـاوە و لەگـەڵ ڕاپەڕیـن گەڕاوەتـەوە کوردسـتان، لـە مەڵبەنـدی سـێی هەولێـر بەرپـرس بـووە، ئێسـتا خانەنشـینە»، لـە بەشـی دووەمـی بیرەوەرییەکانـی کـە لـە فیسـبوک بڵاویدەکاتـەوە، نـاوی «نـەوزاد یەحیـا باجگـر» و ئامۆزاکـەی شـەهید «دڵاوەر قاسـم باجگـر» هینـاوە، بـەو جـۆرە نووسـیویەتی:

لـە خەبـات بـەردەوام بـووم، بـۆ ماوەیـەك ڕۆیشـتمە دەرەوەی شـار، بـۆ گوندی»گـۆڕە شـیر» ماوەیـەك لـەوێ مامـەوە، لەگـەڵ پێشـمەرگە بـووم، کـە گەڕامـەوە بـۆ هاوڕێیەکانـم باسـی ئازایەتـی و دلێریـی و گەورەیـی پێشـمەرگەم بـۆ خەڵکـی شـار و هـاوڕێ و خـزم دۆسـتان دەکـرد.

لـه سـاڵی ١٩٦٥ لەسـەر چالاکییـە سیاسـییەکانم دووبـارە دەسـتگیر کرامـەوە، لەگـەڵ چەنـد هاوڕێیەکـی دیکـە، ئەوانیـش «تـارق سـەعید، نـەوزاد یەحیـا باجگـر، دڵاوەر قاسـم باجگـر، سـەعدوڵڵا سـەیدۆك، بـارام سـۆفی ...» داوای لێبوردنـم لـەو کەسـانە دەکـەم کـە ناوەکانـی ئەوانـم لـە بیـر نەمـاوە. دوایـی لێکۆڵینەوەیەکـی زۆر، ئێمەیـان لـە هەولێـر ڕەوانـەی بەغـدا کـرد، بـۆ ئەمـن عامـە، لـە «خلـف السـدە». مـاوەی چـوار مانـگ و نیـو لـەوێ ماینـەوە، لەگـەڵ ئەشـکەنجەیەکی زۆری جەسـتەیی و دەروونـی بـۆ مـاوەی سـاڵێك حوکـم درایـن، پاشـان ئـازاد کرایـن، تەنیـا (تـارق سـەعید) لـە زینـدان مایـەوە، چونکـە ئـەو بەرپرسـی ڕێکخسـتن بـوو.

دوای ئازادکردنمـان گەڕاینـەوە بـۆ هەولێـر، بـەڵام ئـەو زینـدان و ئەشـکەنجەدانە، ساردی نەکردینـەوە لـە چالاکـی سیاسـی و ڕۆحـی کوردایەتـی، بـەردەوام بوویـن لـە چالاکییەکانمـان. لـە سـاڵی ١٩٦٦ بـۆ جـاری سـێیەم لـە هەولێـر ئەمـن هەڵیـان کوتایـە سـەر ماڵـمان و دەسـتگیر کرامـەوە، بـەڵام هیـچ بەڵگەیەکیـان لەبـەر دەسـت نەبـوو، ئـازاد کـرام.



مەحەتەی هەولێر د. نەوزاد لەگەڵ هەردوو ئامۆزاکانی باوکی؛ ئەکرەم سەلیم و فائیق نوری ساڵی ١٩٦٤.

# ١١
# لەناو بازاڕدا

باپیرم حاجی سەعید دوکانی لەناو بازاڕ هەبووە، باوکم هەر لە ساڵی ١٩٤٠ەوە هاوکاری بووە، مامەکانی ترم زۆرتر وەزیفەیان هەبووە، یان قوتابی بوون، کەمتر لە دوکان دەبوون. باوکم بە شەو چەند ساڵ چوویتە مەکتەب و خوێندەوارییەکی باشی هەبووە، ئەو لە قوماشی ژن و پیاوان، لە مشکی و جەمەدانی کڕیاری زۆری هەبووە، تا ساڵی ١٩٤٩ لەگەڵ باپیرم بووە، دوایی جیا بوویتەوە و دوکانی خۆی هەبووە، پاش هاوسەرگیری ماڵەکەی بردوتە سەر قەڵات و خانوویێکی دوو ژووری و ژوورێک لەسەرەوە بەکرێ دەگرێت.

دوایی دایکم زێڕەکانی بۆ دەفرۆشێت، تەنیا گوارەیەکی سادە و سێ لیرەی سەر سوخمەکەی دەمینێت، ئێستاش من ئەوانەم لەناو قاسەی تایبەتی خۆم داناوە و شانازی بەو دوو پارچە زێڕەی دایکمەوە دەکەم! ئەو بڕە زێڕە بووە بە سەرمایە و هەنگاوی یەکەمی سەرکەوتنی باوکم و دوکانداریی و بازرگانییەکەی. بۆیەش

ئێمە وەک شانازییەک بۆ دایکمان و پشتیوانی باوکم زێڕەکەمان هەڵگرتووە.
باوکم حاجی یەحیا بە پارەی زێڕەکە، دوکانێک لە کەسێک بە ناوی حاجی موحمەد سالانە بە نۆهەد دینار بەکرێ دەگرێت. پاش چەندان ساڵ و سەرکەوتنی لە بەزازی لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٠ دوکانەکە بە هەزار و سەد دینار لە خاوەنەکەی دەکڕێت، ئیتر بازاڕی گەرم دەبێت و لەگەڵ خەڵکی گوندەکان پەیوەندی بەردەوام و خۆش دەکات. خەڵکی گوندەکانی دەشتی هەولێر و کەندێناوە و بەگەکانی سیساوە و شەقڵاوە سەردانی دەکەن. لە دوکانەکەی ئەو کەباب و ماستاویش دەخۆن. لەناو ناوچەکانی دیانا و شەقڵاوە و دیانەکانیش ناسیار و دۆست و هاموشۆی گەرم پەیدا دەکات، لەو ناوچانەش دەناسرێت، بە قەرز قوماشیان پێ دەفرۆشێت، ئەرزیان لەگەڵ تۆ دەکات. ئیتر ئەو تێکڵەبوون و هاتوچۆیانە گەشە دەکەن، لەگەڵ ئەوانە، پێکەوە گەنم و جۆش دەچێنن و نیوە بە نیوە بەرهەمەکان هەڵدەگرنەوە، تا دەگاتە ئەوەی تراکتۆر و دەراسەشیان لەگەڵ بکڕێت، ئەوان ئیشی پێ دەکەن و قازانج و سەرمایەکەش بەش دەکەن.
ئەوانەی لە گوندەکانی «دێمەکار» و «خدرجیجە»ی کەندێناوە و بندیانەکان بۆ کڕینی جلی بووکینی و زێڕیش پرس و بۆچوونی باوکم وەردەگرن. ئەوانەی جلیان لە خم دەنێن و ڕەنگەکانیان ڕەش یان بۆر دەکرد، باوکم ئیشەکانیان بۆ ئاسان دەکات و دەیناردنە کن خمچییەکانی ناو بازاڕەکان و چاوی لە هاتن و گەڕانەوەیان دەبوو، کە دەهاتن لە دوکانە بچووکەکەی کە بۆ

ئـەوان گـەورە و ئـاوەدان و نـوێ بـوو پشـووش دەدەن.
باوکـم تـا سـاڵی ١٩٦٩ لەنـاو بـازاڕ و دوکان و قومـاش و مـاوە مـاوەش کشـتوکاڵ و نیـوە تـۆ دەکات، تراکتـۆر و دەڕاسـەی هەبـووە. لەگـەڵ خەڵکـی گونـدەکان؛ جووتیـار و ئاغاکانیـش هەموو جۆرە کشـتوکاڵێکی کـردووە. پـاش ئەوانـە لەگـەڵ ئێـران و بـە گومـرگ بازرگانـی دەکات، لـەوێ ئاوریشـم دەهێنێـت و سـەردانی ئێرانیـش دەکات، جۆرەهـا مشـکی و قوماشـی تایبەتـی دەهێنێتـە هەولێـر و بـۆ هەمـوو عێراقـی دەنێرێـت، ئاشـنایەتی لەنـاو ئێرانیـش وەک چـۆن لـە بەغـدا هەیبـوو، پەیـدا دەکات.

***

پـاش سـاڵی ١٩٧٠ حکومـەت لـە ڕێگـەی وەزارەتـی پیشەشـازی و ژووری بازرگانـی و بانـک و شـارەوانی، کـە یارمەتـی سـەرمایەدار و بـازرگان و خاوەنـکارەکان دەدات، ئیـتر باوکـم بیـر لـە کارگـەی جلوبـەرگ دەکاتـەوە، قومـاش بـۆ دووریـن و نەخـش و پوولەکـە دەکڕێـت و دەفرۆشـێتەوە و کرێـکار و کارمەنـدی زۆرتـر دەخاتـە مەیدانـی کار و سەرپەرشـتیان دەکات و سـوود لـە هەموو دەسـکەوت و ئاسـانکارییەکانی حکومـەت وەردەگرێـت! لەگـەڵ یەکێتیـی پیشەسـازییەکان و شـارەوانی کارگـەی پیشەسـازیی دادەمەزرێنێـت، لـەوەش سـەردەکەوێت و بەرهەمەکانـی ناوازە و باش بـووە و قازانجی باشـی کـردووە. هاوشـانی کارە پیشەسـازیی و بازرگانییەکانـی موڵکـی کڕیـوە و باڵەخانـە و بـازاڕی دروسـتکردووە، موڵکەکانـی ئـەو لەنـاو هەولێـر و لـە شـوێنە دیـارە بەرچـاو و جـوان بـوون، بەردەوامیـش

داوایـان لەسـەر بـووە و کرێـی بـاش بـووە.
لەبـەر بوونـی کارگـەی گـەورەی دوورمـان و نەخـش، قوماشـی زۆرتـر لـە دەرەوە دەکڕێـت و دەبێتـە بازرگانێکـی دیـاری ئـەو بـوارە و بازاڕەکانـی کوردسـتان و عێـراق بـە قومـاش و بەرهەمەکانـی پـڕ دەکات. کارگـەی زەرفـی کاغـەز و دوورمـان و زەرفـی پلاسـتیکی نـوێ دادەنێـت، خەڵکـی بـاش لەو پیشـەیە شـارەزا دەبـن و پیشەسـازییەکە بـە سـەرکەوتوویی و قازانجـی زۆرە بەڕێـوە دەبـەن.
باوکـم یەکـەم کـەس بـووە لەنـاو شـاری هەولێـر پەیوەنـدی تەلکسـی هەبـووە، لەگـەڵ بەدالـەی مەرکـەزی پەیوەنـدی هەبـووە، بـەوەش پەیوەنـدی بـۆ کاروبـارە بازرگانییـەکان بـە دەرەوە و نـاوەوە خێـرا و زۆرتـر و ئاسـانتر دەکات. زوو «ئـازاد»ی بـرام بـۆ کڕیـن و شـارەزابوون رەوانـەی کۆریـای باشـوور دەکات، ئـەو دەچێتـە چیـن و ژاپۆنیـش! منیـش جاروبـار لـەو سـەفەرانە بەشـداریم کـردووە، هەروەهـا براکانـی تریـش «حاجـی تەلعـەت» و «حاجـی سـەباح» لـەو کارانـە دەوریـان زۆر هەبـووە.

# ١٢
# جامیلەی گۆرانیبێژ

کاک شـێرزاد دەزانـم تـۆش مـاوە مـاوە دەتـەوێ لـەو بابەتـە بازرگانییـە وشـکە دوور بکەوینـەوە و دیدارەکـەم کەمێـک تـەڕ و شـیرین بکەیـن! پیاوێـک هەبـوو لـە هەولێـر نـاوی جامیلـە، سـائیقی هێڵەکانـی دەرەوەی شـار بـوو «جامـی عەبدولکەریـم ١٩٢٩_١٩٩٦ لەبـەر خۆشەویسـتی ناویـان نابـوو «جامیلـە»، زۆرتـر لـە هێڵـی هاتوچـۆی هەولێـر _ رەوانـدوز ئیشـی کـردووە. ئـەو گۆرانـی کـوردی و تورکـی گوتـووە، زۆرتـر شـەوانە لەسـەر خواردنـەوە گۆرانـی گوتـووە و حەیرانـی جـوان گوتـووە، لەگـەڵ «حاجـی فائیـق بـازرگان» و «حەیـدرە کەچەڵـی بەقـاڵ» و «حاجـی جەمیـل قاپقاپچـی» ئاهەنگـی سـازکردووە. زۆر لـە بەرهەمەکانـی لـە یوتـوب هەیـە و دەنگـی جوانـە و حەیرانەکانـی رەسـانەیەتی تێـدا پاراسـتووە»، دەنگـی خـۆش بـوو، بیسـتبووم منداڵیـش بـووم خاڵـم «ئەکـرەم ئەحمـەد سـەمەد» و «جەمـال کورچـی» و «وسـو باخچەچـی» و «رەقیـب باخچەچـی» لـە کرێنـی ئۆتۆمبێلەکـەی یارمەتییـان دابـوو، ئەویـش شـەوانە بـۆ چوونـە

عەنـكاوە و سـەر كارێزەكانـی هاوڕێیەتـی كـردون، بەیەكـەوە شـەوانە مەسـت بـوون و گەڕاونەتـەوە نـاو شـار.

ئەودەمانـە زۆر لـە خەڵكـی شـار بـۆ خواردنـەوە چوونەتـە عەنـكاوە، لەوێـش عەرەقـی زۆر و هــەرزان و بـاش هەبـووە، بەتایبەتـی لـە وەرزی بەهــاران. لەبیرمــە لــە رۆژی زەماوەنــدی خاڵــم تەحســین لەنـاو قـەڵات ئەگلنجـەی زۆر خـۆش دەكـەن و سـەربانەكە بـە گلـۆپ دەرازێننــەوە و خواردنــەوە و گۆرانــی دەڵێــن، وا بزانــم ســاڵی ١٩٦٠ بــوو.

هاوینـان لەگـەڵ باوكـم بـۆ شـارەزابوون لـە بـازاڕ چوومەتـە بەغـدا، هـەر لـە بەغـداش چوومەتـە سـینەمای خەیـام. لـەوێ، لـە بازاڕەكانـی نــاو بەغــدا، نــاوی مەحمــود مهــاوش و بــازاڕی بەزازیــن و خــان ئەلنبگـە و رێسـتورانتی ئەلسـمینەم لەبیـر مـاوە. بازرگانێكـی جـوو لـە بەغـدا مابـوو بازرگانـی قومـاش بـوو، نـاوی ئەلیاهـوو بـوو، ئـەو زۆرتر قوماشــی بــۆ كوردســتان دەنــارد، چونكــە ئــەو ناوچەیــە قوماشــی تایبەتــی دەویســت، خۆشــمان قوماشــی تایبەتیــمان دەویســت و داوامــان دەكـرد.

لـە سـاڵی ١٩٦٧ تـا ١٩٧٤ لـە موسـڵ بـووم شـارەكە وەك بەغـدا نەبوو، بوارەكانـی رابـواردن و سـەیرانەكانی كەمـتر بـوو، زۆر دەچووینـە بـاب ئەلتـۆب، ئێوارانیــش رێگــەی هەولێــر موســڵ دادەخــرا و هاتوچــۆ كەمـتر دەبـوو. مـن لـە ناوەنـدی بـووم باوكـم لەكـن وەسـتا جەلیـل شــاكر، خەلفــەی جەلیــل خەیــات قاتــی بــۆ دووریبــووم، وا بزانــم بــە شــەش دینــار بــوو، خەیاتەكــە كــوڕی پلكــی دایكــم بــوو.

# ١٣
# ئامادەیی هەولێری کوڕان

ئامادەیـی و دەرچـوون بـۆ خوێندنـی زانکـۆکان لـە پۆلـی پێنجەمـی ئامادەیـی بـوو، واتــە پۆلـی شەشــەم نەبــوو، ناوەنــدی ســێ ســاڵ و ئامادەییــش دوو ســاڵ بــوو. ئەودەمانــەش وێژەیــی و زانســتی هەبــوو. بــە تەواوکردنــی ناوەندیــش دەکــرا بچیتــە بەشــەکانی پیشـەیی، کشـتوکاڵ و پیشەسـازی بـەڵام بازرگانـی لـە هەولێـر نەبـوو. ئامادەییەکەمـان ئامادەیـی هەولێـری کـوڕان بـوو، بیناکەمـان شـوێنی ئێســتای ئەنجومەنــی وەزیــران بــوو، باڵەخانەیەکــی گــەورە دووری ئاوەدانــی بــوو، حەوشــە و گۆڕەپانــی گــەورەی هەبــوو، چەنــدان هۆڵـی گـەورە و شـانۆ و کتێبخانـەی تێـدا بـوو، دوو نهـۆم بـوو، پاسـی هەنـدێ لـە گەڕەکـەکان لەبـەردەم ئامادەییەکـە دەوەسـتا. شـوێنەکە دروسـت بەرانبـەری یانـەی ئەفسـەران و دائیـرەی ئەمنـی ئەودەمانـە بـوو، کتێبخانـەی گشـتی شـاریش لـەوێ بـوو، ئەویـش باڵەخانەیەکـی گـەورە و نـازدار و پتـەو بـوو. قوتابخانەکە نزیک سـەیتەرەی موسـڵیش بـوو. دوایـی لـە هەولێـر دواناوەنـدی ئـازادی و کوردسـتان کرانـەوە!

لــە ئامادەیــی هەولێــر مەشــق و پرۆڤــە لەســەر شــانۆگەرییەک دەکرێـت، منیـش بەشـدار ببـووم، بـەڵام دوایـی شـانۆگەرییەکە نمایـش نەکـرا. زووتـر و لـە سـاڵی ١٩٦١ یەکەمجـار چووبـووم بـۆ سـینەمای سـەلاحەدین، فیلمـی ئـوم هینـدم «Mother India»م بینـی، وا دەزانم هەمـوو خەڵکـی هەولێـر لـە سینەما ئـەو فیلمەیـان دیبـوو. فیلمەکـە لـە سـاڵی ١٩٥٧ بەرهـەم هاتبـوو و سـەربردەکەی خەبـات و کۆششـی ژنێــک بــوو بــە نــاوی نێرگــز. ئــەو ژنــە، پــاش مردنــی مێردەکــەی ڕەنجـی زۆری دەکێشـا بـۆ بەخێوکردنـی منداڵەکانـی! هەموومـان بـۆ دیمەنــەکان و ڕووداوەکان دەگریێــن.

منــداڵ بــووم چوومەتــە مزگەوتــی بــازاڕ، دەنگــی «مــەلا عەبــدوڵا شــەنەغەیی»م پــێ خــۆش بــوو، دوایــی لەگــەڵ کوڕەکانــی «مــەلا مەسعود بێبـەش» و «مەحمـود زامـدار» دەبینـە بـرادەری زۆر نزیـک و هــاوڕێ، بەتایبەتــی لەگــەڵ زامــدار دۆســتایەتیمان خــۆش بــوو، فکـرەت هەبـوو پارێـزەر بـوو، ئـەو زۆرتـر ئێمـەی کـۆ دەکـردوە و دیـداری شـەوانەمان زۆر بـوو، وێنەمـان بەیەکـەوە مـاوە، هەردووکیان لـە ژیانـدا نەمـاون ڕۆحیـان شـاد.

لـە سـاڵی ١٩٦٤ لـە بەغـدا گەنـج بوویـن، لەگـەڵ موحمـەد شـەهاب بەیەکـەوە دەچینـە تیاترۆیـەک. ئێمـە بەیەکـەوە چووبووینـە بەغـدا بـۆ دەرهێنانـی جنسـیەی عێراقـی، لـەو زەمانـە شـەهادەی جنسـیەی عێراقـی تەنیـا لـە بەغـدا دەردەچـوو. لـەو سـاڵانە لـە سەرانسـەری عێـراق ڕۆژانــە ســەدان گەنــج بــۆ جنسـیە و پەنجەمـۆر دەچوونـە بەغـدا. زۆر کـەس بـۆ ئـەوە و بـەو بۆنەیـە بەغدایـان دیبـوو.

لــەوێ شــەو ویســتمان ئــەو کــەش و نــاوەوەی تیاترۆکــە ببینیــن و

چووینـە ژوورەوە، لەبیرمـە تیاترۆکـە نزیـک پـردە ئاسـنەکە و نزیـک شـوێنەکەی پەیکـەری رەسـافی شـاعیر بـوو. شـەویش لـە هوتێـل ئەربیـل بوویـن، بەیەکـەوە داوای یـەک بیرەمـان کـرد، شـوێنەکە خۆش بـوو سروەی رووبارەکـە و باخەکانـی بەغـدا هەسـتی دەبزواندیـن! بـەڵام نـەوەک سـەرخۆش بیـن و ببینـە پەنـد و ئابڕوومـان بچێـت، وابزانـم ئاومـان لەبیرەکـە کردبـوو، لەگەڵ ئـەوەش شووشـە بیرەکەمان هـەر پـێ تەواویـش نەببـوو.

# ١٤
# نەچووینە سینەما

گەورەیـی مامۆسـتا و پەرۆشـی مامۆسـتاکان بـێ سـنوور بـوو، حەزیـان دەکـرد قوتابییـەکان سـەرکەون، ڕێکوپێـک بـن، پابەنـدی هەمـوو پرنسـیپەکانی خوێنـدن بـن، جارێکیـان دوو سـێ بـرادەر ویسـتمان بچینـە سـینەما، گوێـمان لـەوە ببـوو فیلمێکـی خـۆش لـە سـینەمای سـەلاحەدین ئیـش دەکات، پێـمان بـاش بـوو بچیـن، بەڕێدەکەویـن و بـە دزە دزە دەگەینـە دەرگـەی ئاسـنە گەورەکـەی قوتابخانەکـە، دیتـمان دەرگەکـە بـە زەنجیـر کلیـل دراوە، ئیـتر بڕیـار دەدەین لەسـەر دیـوارە بەرینەکـە ئاودیـو بیـن، یەکترمـان بـەرز کـردەوە و بـە راکێـش راکێـش ئاودیـو بوویـن، بـەڵام لـەو سـنوور بەزانـدن و دزەکـردن و چالاکییـە گەورەیـەدا، فەراشـەکە ئێمـەی تاوانبـار و هەڵاتووانـی بینیبـوو و چووبـووە خزمـەت بەڕێوەبەرەکەمـان «نەجمەدیـن موفتـی» هـەزار ڕەحمەتـی لـێ بێـت، پیاوێکـی دڵسـۆزی هەمـوو قوتابییـەکان بـوو، ئیـتر ئێمـە دوور کەوتبووینـەوە و زۆرمـان نەمابـوو بگەینـە بـەر دەرگـەی سـینەما و ئازایەتـی کـوڕە پاڵەوانەکـە و جوانـی

کیـژە ئەکتەرەکـەی نـاو فیلمەکـە، هاتبوویـن و نزیـک موتەسریفیـەت بووویـن، دیتـمان نەجمەدینـە فەنـدی لەنـاو ئۆتۆمبێلەکـەی سـەری دەرهێنابـوو و بانگـی دەکردیـن، بـە نـاوی هەموومانـەوە هـاواری دەکـرد بگەڕێنـەوە، وەرنـەوە نـاو مەکتـەب! پـاش لێدانـی دە دار و سـزاکە لێـمان دەبوورێـت و تەمبێـمان دەکات، پـاش ئـەو سـزادانە ئیـتر ئـەوە دووبـارەی ناکەینـەوە، چیـتر لەسـەر دیـوارە بڵندەکـەی قوتابخانـەی ئامادەیـی ئەربیـل ئاودیـو نابیـن.

# ١٥
# ئێمە لە هەولێر ١٢ کەس بووین

لـە سـاڵی ١٩٦٧ قوتابییانـی ئامادەیـی هەولێـر چاوەڕوانـی ئـەوە بوویـن لـە بەغـداوە نمرەکانـی بکالۆریامـان دەربچێـت، لیسـتەکە بگاتـەوە ئامادەیـی و بـەر دەسـتی بەڕێوەبەرەکـە، بزانیـن نمرەکانمـان چەنـدە لـە کام کۆلێـژ وەردەگیرێـن، نـاوەکان هاتنـەوە و دەزانیـن لـە هەمـوو هەولێـر ١٢ کەسـمان نمـرەی چوونـە زانکۆمـان بەدەسـتهێناوە، مـن نـاوم لـە کۆلێـژی زانسـتەکانی پزیشـکی بنچینەیـی زانکـۆی موسـڵ دەرچـوو بـوو. لـە ئامادەیـی ئەربیـل تـەواو دەبـم و نمرەکانـم وەک ناوەنـدی بـاش نەبـوون، لـە ناوەنـدی ساڵانە یەکەمـی پۆلەکـەم بـووم، بـەڵام نازانـم بـۆ وا بـوو لـە پێنجـی ئامادەیـی نمـرەی ٥٩م هێنابـوو.

شـەهادە و پێویسـتییەکان و کەفاڵـە تـەواو دەکـەم و دەچینـە دەوام، لـەوێ دوو سـاڵ دەوام دەکـەم، پـاش ئـەو دوو سـاڵە بـە بڕیارێکـی وەزارەتـی خوێندنـی بـاڵا کۆلێژەکەمـان هەڵدەوەشـێنەوە، راگـری و دەزگـە و تاقیگـەکان و قوتابییـەکان لەگـەڵ کۆلێـژی پزیشـکی تێکـەڵ

دەکەنــەوە و قوتابییەکانــی ئــەو کۆلێــژە هەڵوەشــاوەیە لەنێــوان کۆلێژەکانــی پزیشــکی بەغــدا و موســڵ دابەشــدەکەن، بــەڵام ســاڵێکی خوێندنمــان دادەبەزێنــن.

مــن وەک قوتابییەکــی پۆلــی دوو، وەک قوتابییەکــی پۆلــی یــەک لــە زانکــۆی موســڵ کۆلێــژی پزیشــکی لەســەر خوێندنەکە بــەردەوام دەبم. لەوێــش خوێندنــە شــەش ســاڵییەکەم تــەواو دەکــەم. لــە کۆتایــی ســاڵی ١٩٧٤ کۆلێــژی پزیشــکی زانکــۆی موســڵ تــەواو دەکــەم.

# ١٦
# قوتابی لە زانکۆی موسڵ

پێـش ئێمـە دکتـۆر لـە هەولێـر ژمارەیـان کـەم بـوو، ئەوانـەی هەبوون، زووتـر لـە قاهیـرە و تورکیـا خوێندنیـان تـەواو کردبـوو. لە ساڵی ١٩٢٦ لـە بەغـدا کۆلێـژی پزیشـکی بـە رەسـمی و بـۆ یەکەمجـار دەکرێتەوە. لـە هەولێریـش دکتـۆر هەبـوون، لەوانـە دەرچوونـی زانکـۆی بەغـدا بـوون، بـەڵام زۆربەیـان خوێندنیـان لـە دەرەوە تـەواو کردبـوو، دکتـۆر عوسـمان ئەحمـەد و دکتـۆر هاشـم دۆغرەمەچـی و هـی تریـش.

لـە زانکـۆی موسـڵ سـاڵانێکی پـڕ خوێنـدن و ئەزمـوون و خەسـتەخانە بـەڕێ دەکەیـن. لـەو سـاڵانە ماوەیـەک لـە بەشـی ناوخـۆی زانکـۆ و ماوەیەکیـش لەگـەڵ ژمارەیـەک بـرادەر لـە شـەقامی حەدبـا، شـوقەیەکی سـێ ژووریـمان بـە بیسـت دینـار بەکـرێ گرتبـوو. بـەو جـۆرە سـاڵانی زانکـۆی موسـڵ تـەواو دەکەیـن. ئەوانـەی لـە موسـڵ بەیەکـەوە قوتابـی بوویـن، لەوانـەی لەبیرمـە، ئـەو بەرێزانـە بـوون؛ د. فەرهـاد حەوێـز و د. فریـدون قەفتـان و د. کامیـل نامیـق و لـە کچانیـش د. نەزاهـەت قـازی و د. نەسریـن ئەتروشـییمان لەگەڵـدا

بــوون.

لـه سـاڵانی خوێنـدن مانگانەمان کـە حکومـەت وەک دەرماڵـە پارەمان وەردەگـرت، پارەکـە خـراپ نەبـوو، حـەوت دینـار و نیومـان هەبـوو، زۆر لـە خوێنـدکاران هـەر بـەو پارەیـە دەژیـن و خوێندنیـش تـەواو دەکـەن. لـە سـەردەمی ئێمـە لـە پۆلـی دوو یەکپۆشـی زانکـۆکان پەیـدا بـوو، ئێمـەش جلـی رەساسـی و شـین و قەمیسـی سـپی لەبـەر دەکەیـن. رۆژانـەی زانکـۆ ژیانێکـی پـڕ لـە کۆشـش و برادەرایەتـی و زانسـت بەڕێدەکەیـن. بـە زمانـی خـۆم ناڵێـم بـە شـاهیدی خەڵکێکـی زۆری ئـەو زەمانــە و دواییــش، ئاســتی خوێندنــی زانکــۆ موســڵ ئەگـەر سـەرووی خوێندنـی زانکـۆی بەغـدا نەبوایـە کەمـتر نەبـوو، دەرچووانــی زانکـۆی موسـڵ بەختیـار و سـەرکەوتوو بـوون.

هـەر لـەو سـاڵانە لـە ١٩٦٨ تـا ١٩٧٤ بەتایبەتـی پـاش یـازدەی ئـازاری سـاڵی ١٩٧٠ و رێکەوتنــی پارتــی و حکومەتــی عێراقــی، کۆمەڵێــک قوتابـی زانکـۆی موسـڵ کاری سیاسـی دەکەیـن، بەیەکـەوە ئەنـدام و لایەنگیرانـی پارتـی و یەکێتیـی قوتابییانـی کوردسـتان بوویـن، لەوانـە دکتـۆر نەجمەدیـن کەریـم، دکتـۆر رۆژ نـوری شـاویش ئـەو لـە کۆلیژی ئەندازیـاری بـوو، فازیـل میـران لـەوێ مامۆسـتا بـوو، هەروەهـا عەلـی شـەنگاڵی کاری حزبـی دەکـرد. مـن ماوەیـەک بەرپرسـی قوتابییانـی زانکـۆ و شـاری موسـڵیش بـووم. هـەر لەودەمانـەش بـوو، رێکەوتنـی یـازدەی ئـازار هەڵدەوەشـێتەوە و بارودۆخـە ئارامەکـە دەشـڵەژێت، ئێمــەش ســەرگەردان دەبیــن، بــەڵام مــن زوو دەگەڕێمــەوە ســەر خوێندنەکـەم و تـەواو دەکـەم.



دکتۆر نەوزاد لە زانکۆی موسڵ لەگەڵ د. موحەمەد رازی ئیسماعیل ساڵی ١٩٧٢.

# ١٧
# پلکە عەیشێ منی ڕاچڵەکاند

لەگـەڵ ڕۆژەڤـی یـازدەی ئـازاری سـاڵی ١٩٧٤ و هەڵوەشـاندنەوەی ڕێکەوتنـی سـاڵی ١٩٧٠ و کشـانەوەی پارتـی لـە بەغـدا و موسـڵ و شـارەکانی کوردسـتانیش، منیـش وەک هەسـتکردن بـە بەرپرسـیاریەتی و بەشـداربوون لـە کاردانەوەکـە، بەبـێ ئـەوەی بگەڕێمـەوە ماڵـەوە لـە هەولێر،بەبـێ ئـەوەی بـە کـەس بڵێـم و بەبـێ ئـەوەی هەرگیـز باسـم کردبێـت، تـا ئیمـڕۆش بـە کەسـم نەگوتـووە و باسـم نەکـردووە، ئـەوە یەکەمجـارە ئـەوە وەک نهێنییـەک بـاس دەکـەم، ئـەو ڕاسـتییە لـە ڕۆژانـەی ژیانـم دەدرکێنـم، لەوەیـان دوودڵ نییـم و نامـەوێ چیـتر ئـەو نهێنییـە لەنـاو دڵـم بمێنێتـەوە! ئـەوە بـاس دەکـەم و بابەتەکـە دەگێڕمـەوە.

لـەو دەمانـەی یـازدەی ئـازار هەڵدەوەشـێتەوە و پارتـی بڕیـاری خـۆی دەدات، کـە بـە بڕگەکانـی بەیانەکـەی یـازدەی ئـازار ڕازی نابێـت و سـنوورەکەی بـە دڵ نابێـت، مـن لـە شـاری موسـڵەوە چووبوومـەوە هەولێـر، بـەڵام بـە ئەنقەسـت نەچووبوومـەوە ماڵـەوە، سـەرم

لـە دوکانەکـەی حاجـی یەحیـای باوکـم نەدابـوو، براکانـم، مـام و ئامۆزاکانـم نەدیبـوو، لـەوێ بەتەنیـا چووبوومـە گونـدی بیسـتانە، بارەگـەی سـەرەکی هێزەکانـی پێشـمەرگە، هێـزی دەشـتی هەولێـر، لـەوێ میوانـی «فـارس بـاوە» ببـووم، ئەودەمانـە ئـەو کەسـی یەکەمی نـاو شـۆرش و پێشـمەرگە بـوو. ئـەو لـە هەولێـر و ناوچەکـە نـاودار و نـاسراو بـوو، لەگـەڵ باوکـم و مامەکانـم ناسـیاری هەبـوو، زووتـر و چەنـدان جـار بـە جۆرێـک لـە جۆرەکانـی ئـەوان یارمەتـی شۆرشـیان دابــوو، ناویــان وەک کەســایەتی خۆشەویســت و دۆســتی شــۆرش هەبـوو، بۆیـە چووبوومـە بارەگەکـەی ئـەو، لـە گونـدی بیسـتانەی دەشـتی هەولێـر.

***

لەبیـرم نەمـاوە، یـان پێویسـت نـاکات بنووسـم و بڵێـم چـۆن دەگەمـە گوندەکـە، ئـەو ڕۆژەی مـن چووبـووم شـار و گونـد و بارودۆخەکـە ورووژابـوو، هەمـوو خەڵـک چووبوونـە نـاو شـۆرش و قەڕەباڵغییەکـی زۆریـان لـەو دەڤەرانـە پەیداکردبـوو! چـووم و گەیشـتمە گوندەکـە، لـەوێ ئـەو منـی ناردبـووە ماڵەکەیـان. دیـارە ئەوەیـان بـۆ مـن لـە بـارەگا و مزگـەوت و سـەرگرد و چۆمـەکان باشـتر بـوو. ئـەو ڕێـزی گرتبــووم، وەک دکتۆرێــک ســەیری کردبــووم، ئەگەرچــی خوێندنــم تەواویــش نەکردبــوو، بــەڵام لــە پۆلــی شەشــی کۆلێــژ بــووم، بــە نـاو دکتـۆر بـووم و شـارەزای پیشـەکە بـووم، ئیـتر لـەوێ و لەنـاو قەڕەباڵغییەکـە، مـن شـوێنێکم گونجـاوم بەرکەوتبـوو، شـەوەکەی لـەوێ بـووم، بەیانییەکـەی ژنـەکان، ژمارەیەکـی زۆر ژنـی گەنـج و

بـه تەمـەن خەریکـی نانکـردن بـوون، چەنـد شـوێن بـۆ نانکردنەکـە دانرابـوو، هـەر نانیـان دەکـرد و بەڕێیـان دەکـرد، ئـەوەی دەهـات دوو نانـی گەرمـی بەردەکـەوت، نانـی گـەرم و بـێ پێخـۆر، بـەڵام لـەو ڕۆژە گرنـگ بـوو، بـە کـەس نەدەکـرا، سـەدان کـەس نـان بـدات، هەزارەهـا پێشـمەرگە، هەمـوو شـارەکە ڕژابوونـە ناوچەکـە، هەمـوو لـەو هێـزە، لـەو بارەگـە بچووکـە، لـەو بڕیـارە دوورە دەسـتە کۆببوونـەوە.

مـن لـە موسـڵەوە چووبـووم، دکتـۆرم و هیـچ دەرمانێکـم پـێ نەبـوو، دکتــۆرم و کەرەســتەی پزیشــکییم پــێ نەبــوو، ســەماعە و مقــەس و دەرزی و دەزووی دوورمانــی بریــن و بەنــج و لەفــاف و سرنجــی دەرزییــم پــێ نەبــوو. مــن کــوڕی خێزانێکــی گــەورەم و کەســیش نازانێــت لــەو گونــدەم.

قوتابـی دوا سـاڵم و زۆرم نەمـاوە تـەواو بکـەم و ببـم بـە دکتـۆر و خەونەکانـم جێبەجـێ بکـەم. بـەڵام لـەو ڕۆژە چارەنووسسـازە هاتـووم ببـم بـە پێشـمەرگە، هاتـووم و چاکێـت و پانتۆڵێکـم لەبـەرە، دوێنـی و ڕۆژانـی زووتـر خاوێـن و ئوتوکـراو بـوون. هاتـووم لـەو گونـدەم و پێڵاوێکـی چەرمـی نوێیـم لەپێـدا بـوو، شـەرم دەکـەم و کەمێکیـش سـەیر و نامـۆ دەردەکەوتـم. هاتـووم و بڕیـارم داوە و نازانـم لـەو ئاپوورەیـە، لـەو هاتـن و دەرچـوون و شـوێنە چارەنووسـم دەگاتـە کـوێ!؟ لەودەمانـە خەیاڵـم ڕۆیشـتبوو، شـەکەت و بـاش نەخەوتبـووم، بیـرم لەکـن ماڵـەوە و زانکـۆش بـوو، لـەو چرکەسـاتەدا گوێـم لـەو پلکـە عەیشـێیە بـوو، ئـەوەی نانـی گەرمـی لەنـاو دەسـتی خەڵکەکـە دەنـا، پیاوەکانـی بەڕێدەکـرد، میوانەکانـی ڕازی دەکـرد، ژنەکـە لەگـەڵ قسـەکردن و ئیشـکردنی بـە ژنەکـەی تەنیشـتی دەگـوت:

«ئەوجا خجیجە ئەو هەموو خەڵکە ناڵێن چۆن دەحەوێنەوە...!؟»
پلکە عەیشێ روو لە منیش دەکات و لێم دەپرسێت:
تۆ لە شار چیت دەکرد؟
منیش بە پلکە عەیشێم گوت:
«رەنگــە قســەکانی ئــەو دوور بووبێــت لــە لێکدانــەوەی سیاســەت و رامــان لــەو بارودخــەدا، زۆرتــر بیــری لــەوە کردبێتــەوە چــۆن ئــەو هەمــوو خەڵکــە تێــر دەکرێــت و لــە کــێ دەخــەون و چەنــد لــەوێ دەبــن، بــەڵام بەڕاســتی دیمــەن و پێشــهاتەکەی پــێ ســەیر و نامــۆ بــووە»
پرســیارەکە، رامانــی ژنەکــە منــی راچڵەکانــد تــا زۆرتــر و باشــتر بیــر بکەمــەوە، ئایــا ئاکامــی ئــەو لێشــاوە بــە چ دەگات؟ چــۆن رێبەرایەتــی ئــەو لێشــاوە دەکرێــت و ئەوانــە بــەو جــۆش و هەســت و قەڕەباڵغییــە دەگەنــە کــوێ؟ بیــر دەکەمــەوە و منیــش نانــە گەرمەکــەی ژنەکــە وەردەگــرم و دەیخــۆم، چونکــە برســیی بــووم، نانەکــەش خــۆش بــوو. لــەو بارودۆخــەدا، لــەو تەنگــژە و پرســیارەکەی ئــەو ژنــە؛ یەکســەر بڕیــارم دا بگەڕێمــەوە هەولێــر، بچمــەوە زانکۆکــەم، ســەر خوێندنەکــەم.
لەودەمانــەی بڕیارەکــە دەدەم، زوو بــوو، هیــچ نەببــوو، هێشــتا هاتوچــۆ لەنێــوان دەرەوە و هەولێــر مابوو،هاتوچــۆ گــەرم بــوو، شــەڕ نەبــوو، هاتــن و گەڕانــەوە بــەرەو هەولێــر هەبــوو. بــاوک هەبــوو کوڕێکــی گەنجــی قووتابــی هاتبــوو، دەینــاردەوە نــاو شــار تــا ئــاگای لــە ماڵەوەیــان بێــت. بــرا گــەورە بــە قوتابییەکانــی دەگــوت بڕۆنــەوە بخوێنــن و خوێنــدن تــەواو بکــەن. پیــاو هەبــوو ژنــی دەنــاردەوە و

دەیگـوت؛ منداڵـی ساوات هەیـە و زۆر نامینێنـەوە و دێینـەوە!
ئیـتر منیـش چەنـد مانگێکـم مابـوو خوێندنەکـەم تـەواو بکـەم، گەڕامـەوە هەولێـر و لەویـش بـۆ موسـڵ، گەڕامـەوە و باسـم نەکـرد و هیچـم نەگێڕایـەوە و قسـەم نەکـرد و نەمگـوت پلکـە عەیشـێ کـە دوو نانـە گەرمەکـەی لەنـاو دەسـتم دانـا و بـەردەوام دەیگـوت: ئەوانە چۆن دەحەوێنەوە ...!
ئیـتر بڕیـارم دا بچمـە زانکـۆ، سـەر خوێندنەکـەم. ئـەوەش وەرچەرخانێکـی بـوو لـە ژیانـم، رەنگـە ئەگـەر لـەوێ گیرسـابومایەوە و لەوێیـەوە دەچوومـە سـەرەوەتر و شـوێنی تـر، بارەگـەی زۆرم دەکـرد، هێـزی زۆرم دەگـۆڕی، دەچوومـە نەخۆشـخانەکەی گونـدی کەوەرتییانـی نزیـک پردەکـەی ناوپـردان، یـان نـاو کەمپەکانـی نـاو ئێـران، دیـار نەدەبـوو چارەنووسـم دەگاتـە کـوێ و چییـم لـێ دەهات! لەبـەر بانگەوازەکـەی پلکـە عەیشـێ چوومـەوە موسـڵ و دەگەمـەوە سـەر خوێندنەکـەم، هـەر ئـەو سـاڵە ئاهەنگـی دەرچـوون دەکەیـن و سـاڵێکی دژواریـش بەڕێدەکەیـن، بیـر و هۆشـمان سـەرقاڵ ببـوو، نەماندەزانـی چارەنـووس بـە چ دەگات، شـۆڕش و حکومـەت بـە چ دەگـەن! بـەڵام پـاش رێکەوتنەکـەی جەزائیـر شۆڕشـەکە هـەرەس دەهێنێـت و منیـش دکتـۆری مقیمـم لـە نەخۆشـخانەی هەولێـر، لەودەمانـەی هەزارەهـا کـەس دەگەڕانـەوە و چەکەکانیـان بەرانبـەر چەنـد دینارێـک دەدایـەوە بـە حکومـەت، لـە بەڕێوەبەرایەتـی تەندروسـتی هەولێـر تیمێکـی پزیشـکییان بـۆ رەوانـدوز ئامـادە کردبـوو، مـن ویسـتم بچـم و ئەوانیـش زۆر بەئاسـانی نـاوم وەک سـەرۆکی تیمەکـە دادەنێـن و دەچمـە ناوچەکـە. لـەوێ کـە

دیمەنـەکان دەبینـم، ماندووبـوون و هەراسـانی و کـزی خەڵکەکـە و تەسـلیمبوونەوەکانم بینـی، لەنزیکـەوە هەسـتم بـە ئازاریـان دەکـرد، قســەکانی پلکــە عەیشــێم لــە گونــدی بیســتانە و بارەگــەی هێــزی دەشـتی هەولێـر بەبیـر دێتـەوە، کـە پێـی گوتـم؛ جێبەجێکردنـی ئـەو خەڵکەکـە ئاسـان نییـە!

# ١٨
# من دکتۆرم

پلـەی پسـپۆڕی وەک دکتـۆر لـە بەغـدا تـەواو دەکـەم، مامۆسـتاکەم پرۆفیسـیۆر دکتـۆر «یوسـف نوعـمان» نەشـتەرگەری دڵ و یەکـەم نەشـتەرگەریش بـوو لـە عێـراق و لـە دونیـاش وەک دکتـۆری نەشـتەرگەری دڵ ناسرابـوو. دکتـۆر «نـەزار حوسـێن» نەشـتەرگەری سینگ بـوو، ئەوانـە لـەو قۆناخـە مامۆسـتام بـوون! پەیوەنـدی نێـوان فێرخـواز و مامۆسـتا لـە پسـپۆڕیی لـە ئاسـتێکی بـاڵای ڕێزگرتـن و گەورەیـی بـوو، ئاسـان نەبـوو دانوسـتان لەگـەڵ ئەوانـە بکەیـت، پـاش هەمـوو دانوسـتان و گفتوگۆیـەک قسـە و بۆچوونـی کۆتایـی بـۆ ئـەوان بـوو، هـەر بۆچوونـی ئەوانیـش سـەری دەگـرت!

ئەگەرچـی مـن خزمەتـی سـەربازییمان کردبـوو، بـەڵام سیسـتەمی خوێنـدن و پسپۆڕییەکەشـم جۆرێـک بـوو لـە سـەربازی. ئێمـە وەک دکتـۆر زۆرتـر لەنـاو نەخۆشـخانە دەماینـەوە، تـەواو لـە دونیـا دابڕابوویـن، ئەگـەر ئێشـکگر نەدەبوویـن، ئـەوە ڕۆژانـی پێنچشـەمموان حەقـمان هەبـووە دابەزیـن و ڕۆژی هەینـی لـە

ماڵــەوە بیــن. ئەگەرچــی لــە ماڵــەوەش دەبوویــن و بێجامامــان لەبــەر کردبێــت و خۆمــان تەنیــاش کردبێــت و بەرامبــەر تەلەڤزیــۆن یــان نانمــان خواردبوایــە، دەوامــی ڕۆژەکەمــان تــەواو کردبــوو، بــەڵام بــەردەوام چاومــان لەســەر تەلەفۆنەکــەی ناومــاڵ بــوو، نەدەبوایــە دوور بکەوینــەوە، هەمــوو دەقەیــەک، لەگــەڵ هــەر زەنگێکــی تەلەفۆنەکــە، ئەگــەری ئــەوە هەبــوو داوامــان بکــەن و بگەڕێینــەوە نــاو نەخۆشــخانەکان و چارەســەری نەخۆشــی لەنــاکاو و ڕووداوی نەخــوزراو بکەیــن و ســەرپێچی و دواکەوتــن بــواری نەبــوو، لــێ خۆشــبوونی تێــدا نەبــوو، دەچوویــن و ئاســایی بــوو.

***

کــە لــە هەولێریــش بــووم، بــەردەوام دەوامــمان هەبــووە، شــەوانە پۆلیــس بــە ئەمبولاســەوە دەهاتنــە دواوەمــان، دەبوایــە لەگەڵیــان بڕۆیــن، بــەڵام مــن زۆریــش بــە ئۆتۆمبێلــی خــۆم دەچــووم، زۆریــش ژنەکەشــم لەگــەڵ خــۆم دەبــرد، ئــەو لەنــاو ئۆتۆمبێلەکــە یــان لــە ژوورەکــەی خــۆم دەمایــەوە، جاروبــار دەهاتمــەوە دەمبینــی خەوتووە! ئــەو لەگــەڵ مــن دەهــات، لــە مــن دەترســا و خۆشــی حــەزی نەدەکــرد شــەوانە بەتەنیــا لــە ماڵــەوە بێــت. ئەوەدەمانــە ماڵــمان لــە گەڕەکــی ئەندازیــاران بــوو، نزیــک گەڕەکــی بــاداوە، ئەوەدەمانــەش ئــەو ناوچانــە بــە شــەو حکومەتــی تێــدا نەدەمــا و بــە ســام و بــە تــرس بــوو!

دکتۆریــی قوربانــی زۆری دەویســت، کەســی بەهــرەدار لــەو پیشــەیە، ژیانــی نەخــۆش و برینــداری کارەســاتان ڕزگار دەکــرد. نەخۆشــەکان دکتــۆری ســەرکەوتوویان خۆشــدەوێت، بۆیــەش زۆرتــر ســەردەکەوتن.

ئەگـەر دکتـۆر نەخۆشـەکەی خـۆی خۆشـنەوێت سـەرکەوتوو نابێـت. ئەوەنـدەی مـن دکتـۆر بـووم؛ لـە کلینک و نەخۆشـخانە و سـەربازییش بـەردەوام هەمـوو کەسـێک پرسـیاری دەکـرد، ئامۆژگارییان دەویسـت، منیـش بـە هەمووانـم دەگـوت خـواردن کـەم بخـۆن، زۆر بجووڵێنـەوە، شـەرم لـە دکتـۆر مەکـەن، قسـەی خۆتـان بکـەن و جـوان و دروسـت بـاس لـە ژان و نەخۆشـییەکانت بـۆ دکتـۆر بکـەن، چونکـە زۆر لـە نەخۆشـەکان، بەتایبەتـی ژنـان شـەرمیان دەکـرد، ئـەوەش کێشـەیەکی گـەورە بـوو، زۆر لـە ژنـە نەخۆشـەکان لەبـن چارۆگەکانیـان قسـەیان لەگـەڵ دکتـۆر دەکـرد، بـەوەش دکتـۆرەکان نەیاندەتوانـی چارەسـەری باشـیان بکـەن.

***

لـە بەغـدا زۆریـش مانـدوو بـووم، بـەڵام لەودەمانـە بەغـدا شـارێکی خـۆش و شارسـتان بـوو، گـەورە و شـیرین بـوو، ئەگەرچـی شـەڕەکانی ئـەو سـاڵانە سـەخڵەتی کردبـوو. ئێمـەش بـەردەوام بۆردمانمان لەسـەر بـــوو. ئێمــە وەک دکتــۆر زوو زووش ڕەوانــەی بەرەکانــی شــەڕیان دەکردیـن، مانـگ مانـگ لـە نەخۆشـخانە سـەربازییەکان دەماینـەوە و برینـداری زۆرمـان دەبینـی، کارەسـاتی جەرگبـڕ و خوێنـی زۆرمـان دەبینــی، لەنــاو نەخۆشــخانە و لەگــەڵ مەفرەزەکانــی دەچووینــە بەرەکانــی شــەڕ، مانــدوو دەبوویــن و ژیانمــان لــە مەترســی دابــوو، زۆریـش دکتـۆر و تاقمەکانـی پزیشـکی دەبوونـە قوربانـی و دەکوژران و بەدیلیـش دەگیـران.

ژیانـی نـاو بەغـدا ناخـۆش نەبـوو، لـە ڕۆژانـی پشـوو و مۆڵەتەکانـا

ئەگـەر سـەفەری هەولێرمـان نەبوایـە، دەچووینـە یانـەی «سـەلاحەدین_ لەبـەری کـەرخ بـوو» و یانـەی «سـیروان_ لـە بـەری رەسـافە لـە کـەرادە بـوو»، هەردووکیـان یانـە کـوردەواری بـوون، خێزانـە کوردەکانـی بەغـدا و میوانـە کوردەکانیـش شـەوانە دەچوونـە ئـەو دوو یانەیـە. ئەوانـەی بۆنـە و رۆژی تایبەتـی خێزانییـان هەبووایە، سـەردانی ئـەو دوو یانەیـە کوردییەیـان دەکـرد. کـوردەکان لـەوێ کـۆ دەبوونـەوە و خێزانـی عەرەبیـش دەهاتـن، ئێمـەش زۆر دەچوویـن، خواردنیـان بـاش بـوو، سیسـتەم و بەرنامەکانـی گونجـاو و خێزانـی بـوون، مـاوە مـاوە لـەوێ پاچەمـان دەخـوارد، کەبابمـان دەخـوارد. کرێکارەکانـی دوو یانەکـە مەسـیحی و میـسری بـوون، سـاڵانە ئابوونەمـان دەدا، ئابوونەکـەی دە پـازدە دینارێـک بوو. یانەی سـیروان زۆر کـۆن بـوو، زوو دەسـەڵاتدارە کوردەکانـی نـاو حکومەتـی عێراقـی دروسـتیان کردبـوو، هـەواری بەردەوامـی کۆبوونـەوەی کوردەکانـی نـاو بەغـدا و ئەوانـەی بـە سـەردانی دەچوونـە بەغـدا بـوو، بـەڵام چوونـە یانەکـە ئاسـان نەبـوو، مـەرج و میوانداربیەکانـی سـنووردار بـوو. یانـەی سـەلاحەدین زوو شـوێنەکەی بچـووک بـوو، بـەڵام دوایـی پارچـە زەوییەکـی گـەورە وەردەگـرن و باڵەخانـە و باخچـە و شـوێنی منـداڵان و هۆڵـی بۆنـەکان دروسـت دەکـەن! کـە مـن دەچـووم بنەماڵـەی جافـەکان و دکتـۆر «عومـەر دزەیـی» و دکتـۆر «کامیـل نامیـق»م دەبینـی.

## هەندێ وردەکارییەکانی ڕۆژانەی بەغدام

• لە ساڵی ١٩٨٩ دکتۆر بووم لە بەغدا و موچەم ٣٢٠٠ دینار بوو، کەچی کرێی سواربوونی تاکسییەک ٥٠٠٠ دینار بوو، ئەوەم لەبیرە لەناو دکتۆرەکان دەیانگوت؛ دوو مریشکی بەستراوی موجەمیدە وەک مکرمەی سەید ئەلرئیس هاتووە! هەمووش وەریاندەگرت!

• لە گەڕەکی مەنسوور لەنزیک ماڵی خەزوورم خانووێک بەکرێ گرتبوو، دوایی لەنێوان ١٩٩٢ لە گەڕەکی ئەلجامعە خانووێک بە یەک ملیۆن و ٨٥ هەزار دینار دەکڕم، ئێستاش خانووەکەم ماوە و داخراوە و ماڵێکی تەواوی تێدایە. بەشێک لە ئەرشێف و کەرەستەکانم لەوێیە، ڕەنگە ئێستا ئەو خانووەی بە یەک ملیۆن دینارم کڕیوە، نرخەکەی بگاتە ٧٥٠ ملیۆن دینار!

• لە گەرمەی شەڕەکانی عێراق ئێران زۆرجار بەغدا بەر موشەک دەکەوت، لەبەر ئەوەی مەدینەی توب لە وەزارەتی دیفاع نزیک بوو، موشەکە و بۆردومانی بەردەکەوت، جاری وا هەبوو موشەک دەکەوتە نزیک ئێمە، هەر ئەو موشەکانە هوتێلی ئەلرەشیدیان وێران کردبوو!

• لە ساڵی ١٩٨٠ کرۆنایەکی سپی مۆدیل ٨٠ بە ژمارە ٣٤٠ ئەربیل دەکڕم، لە ساڵی ١٩٨٢ ئۆتۆمبێلەکەم دەگۆڕم دەیکەمە سوپەر

سـالۆنی مۆدیلـی ١٩٨٢، ژمارەکـەی ٩١١١ ئەربیـل بـوو. بـرادەران لـە بەڕێوەبەرایەتـی هاتوچـۆ ژمـارەی جوانیـان بـۆ هەڵدەبـژاردم. لـە بەغـدا سـوپەرێکی مۆدیـل ١٩٨٥م هەبـوو ژمارەکـەی ١٥٩٣١١ بەغـدا بـوو. ئـەوەم تـا سـاڵی ١٩٩٠ مابـوو، دوایـی بـە هارتـۆپ تویوتـا دەیگـۆڕم! بـەڵام یەکـەم ئۆتۆمبێلـم لادایەکـی مۆدیـل ١٩٧٥ بـوو، ژمارەکـەی ٢٧٩٧ بـوو.



د. نەوزاد ساڵی ١٩٨٠ کە پزیشک بووە لە نەخۆشخانەی کۆماری هەولێر.

# ١٩
# عێراق و بەغدا تەواو

لـە سـاڵی ١٩٩٦ کـە دەزانـم ئیـتر ژیـان لـە بەغـدا سـەخت بـووە، مانگـی حـەوت بـەو گەرمایـە بـە رەسـمی بـەرەو عەمـان بـە ژن و منداڵـەوە دەڕۆیـن، شـیرینی کچـم تەمەنـی دوو مانـگ بـوو، لـە رێـگا ئـازاری زۆر دەخـوات و زۆریـش دەگرێـت. شـوفێر تاکسـییەکەش ساردەکەی کوژاندبـووەوە، بـەڵام بەرگـە دەگریـن و دەگەینـە عەمـان و ڤیـزای تورکیـا وەردەگیریـن و بـەرەو تورکیـا بەڕێدەکەویـن.

لـەوێ لـە تورکیـا ئیـتر قۆناخەکانـی ژیـان و کاسـبی و منداڵەکانـم دەگۆڕێـت. مـن چیـتر پیشـەی دکتـۆری ناکـەم، چونکـە سیسـتەمی ئـەوان تـەواو لەگـەڵ پزیشـکی نـاو عێـراق و خوێندنەکەیـان جیـاواز بـوو. ئـەوان دەیانویسـت لـە سـەرەتاوە دەسـت پـێ بکەمـەوە، بـەڵام بـۆ کەسـێکی پسـپۆری وەک مـن، ئاسـان نەبـوو ئـەوە قبـووڵ بکـەم، بۆیـە روو لـە بـازاڕ و بزنـس و کاسـبی دەکـەم! ئێمـەش وەک بنەماڵەکـەی باجگـر زووتـر ئیشـمان لـەو بـوارە و لـەو وڵاتـە کردبـوو، شـارەزاییمان هەبـوو!

هەر لە ساڵانی ١٩٨٢ و ١٩٨٣ کاری بردنی چیمەنتۆمان بۆ تورکیا کردبوو، عێراق لەودەمانە لەبەر شەڕ و بارودۆخەکە کەمتر ئیشی بە کۆنکریت هەبوو، بۆیە بەرهەمی کارگەکانی دەفرۆشتە تورکیا، نزیکەی ٤٢ هەزار تۆنمان ناردبووە تورکیا.

دوایی لە غازی عەنتاب کۆمپانیامان هەبوو، لە ساڵی ١٩٩٢ و ١٩٩٣ ئیشی کەرەستەکانی خواردەمەنی دەکەین، شەکر و چا و فاسولیا و تایت رەوانەی بەغدا دەکەین، ئاشنایەتییمان لەو کارانە پەیدا کردبوو. لە ساڵی ١٩٩٦ دەچمە تورکیا ئۆفیس و کارم دەبەمە شاری مارسین «مارسین شارە کۆنەکەی سەر دەریای ناوەڕاستی ئاوەدان و جوان بە باڵەخانە و بەنداوی ئازادی کراوە بەڕووی هەموو بازارەکانی جیهان و سەربەست بە کارکردن و ئاسانی ناردن و بارکردن و هەڵگرتن و پێچانەوە، مارسین کۆنە شاری بەرهەمی پەمۆ بۆ هەموو جیهان بەتایبەتی بۆ ئەمریکا، لەو شارەدا لە ساڵی ١٩٨٦ وەک یەکەمین بازاڕی ئازاد لە تورکیا دەکرێتەوە و سەرمایەگوزارێکی زۆر لە سەرانسەری جیهان رووی تێدەکەن» لەوێ دوو ئۆفیس دادەنێین، خواردەمەنی لە دەرەوە دەکڕین و رەوانەی کوردستانی دەکەین، لەوێشەوە بە سنوورەکانی خۆمان دەچووە ئێرانیش، سەرەتا شوقەیەک بەکرێ دەگرین، دوایی شوقەی تایبەتی بۆ هەموومان دەکڕین.

# ٢٠
# دەچینە تورکیا

منداڵەکانم لەوێ دەست بە خوێندن دەکەن، «میران»ی کوڕم پۆلی یەکی سەرەتایی و «ناز»ی کچم پێنجی سەرەتایی و «میدیا»ش هەر لە سەرەتایی بوو، لەوێ دەست بە خوێندن دەکەن و مامۆستای تایبەتی زمانی ئینگلیزی و تورکییان بۆ دەگرین، لە خوێندن و پرۆگرامەکان رادێن و لەوێش خوێندن تەواو دەکەن.

لە تورکیا هەست دەکەین هاتووینەتە ناو شارستانیەتێکی نوێ، هەست بە هەر چوار وەرزی ساڵ دەکەین و منداڵەکان دەخوێنن و دوایی خوێندن تەواو دەکەن. کوڕەکەم میران «دایکم زوو ئەو ناوەی بۆ کوڕێکی من هەڵگرتبوو، ناوی لێ دەنێت». ناز «دایکی ناوی لێ دەنێت» ماستەر لە بەڕێوەبردنی ئەلکترۆنی تەواو دەکات. میدیا «من ناوم لێ ناوە» ئەویش ماستەر لە یاسا تەواو دەکات. شیرین «خەسووم ناوی لێ ناوە» ئەویشیان ماستەر لە ئابووری تەواو دەکات. هەموو خوێندن لە بریتانیا تەواو دەکەن.

لـە مارسـین دەگوازینـەوە ئەسـتنبۆل و لـە ناوچـەی «مەسـەلەک»ی نزیـک دەریـا لەنـاو دە باڵەخانـەی سـی نهۆمی جـوان، شـوقە دەکڕین و مـاڵ دادەنێیـن.

نـاوی جیهـان وەک نـاوی کۆمپانیاکانمـان دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵانی ١٩٩٣، ناوێکـە جیهانییـە و ناوێکـی ئارییـە و نووسینەکەشـمان بـە پیتـی لاتینـی کـوردی نووسـیوە. سـەرەتا سـەرمایەمان نزیکـەی ٨ ملیـار لیـرەی تورکـی بـووە، واتـە ٣٥٠ هـەزار دۆلاری ئەمریکـی. ئـەوەی لەبیرمـە زوو تۆچامـان لـە سریلانـکاوە هێنـاوە و رەوانـەی کوردسـتانمان کـردووە.

لـە تورکیـا ئـارەزووم دەکەوێتـە سـەر رەنـگ و تابلـۆ، لـەوێ و لـەو بارودۆخـە تایبەتییـە، نێـوان هەولێـر و تورکیـا و بەغـدا، لەنێـوان دکتۆریـی و بازرگانـی و ئیشـکردن لـە بازاڕەکانـی گـەورەی جیهـان و ئۆفیسـەکانی رەسـمی و بازاڕەکانـا، سـەیرە! دووبـارە ئـارەزووی منداڵییـم بـۆ رەنـگ و تابلـۆ زینـدوو دەبێتـەوە. لەوێـش چەشـەم دەکەوێتـە سـەر ئـاواز و گۆرانـی. ئەوەشـم دەڵێـم؛ خـواردن لـە تورکیـا تامـی تایبەتـی هەیـە، کفتـە بـە سـەوزە، دۆڵمـە بـە ساردی و بـە گەرمـی و وەک مـەزەش پێـم خۆشـە، ماسـی جـوان دەبرژێنـن و خواردنێکـە بـەردەوام دەخورێـت، هەروەهـا خواردنـە عوسـمانییەکان تامیـان هـەر مـاوە، ئەتەکێتـی خـواردن و دانـان و پێشـوازییەکان ئـارەزووی زۆرتـر و باشـتری خواردنـت دەکاتـەوە. عەرەقـی تورکـی خۆشـە و شـەرابیان باشـە، ئـەوان مەشروبـی دەرەوە ناکـڕن و ئەگـەر بکـڕن لەسـەریان زۆر گـران دەکەوێـت، چونکـە باجـی زۆر لەسـەر ئـەو مەشروبانـەی لـە دەرەوە هـاوردە دەکرێـن دادەنێـن. ئێمـە

لــه کۆتایــی نۆهــەدەکان، مــن و منداڵەکانــم ڕەگەزنامــەی تورکیــام وەرگرتــووە، بــەڵام هێشــتا کــە بــە زمانــی تورکــی ئەســتنبۆلی قســە دەکەیــن، دەزانیــن ئێمــە کوردیــن!



دکتۆر نەوزاد باجگر لەگەڵ خێزانەکەی لە زەماوەندی میرانی کوڕی هەولێر ٢٠٢٠.

# ٢١
# نەوت بەرانبەر خۆراک

«ئـەو رسـتەیە، ماناکـەی، نـاوەڕۆک و بڕیارەکـەی هەزارەهـا جـار ناوی هاتـووە و باسـی کـراوە و زۆریشـی لەسـەر نـووسراوە. سـەدام حوسـێن لـە رۆژی ٢ی ئۆگسـتی سـاڵی ١٩٩٠ فەرمـان بـە سـوپاکەی دەکات بچنـە سـەر وڵاتـی کوێـت، سـەر و سـامان و سـنوورەکەی داگیـر بکـەن و بیکەنـە پارێزگایەکـی نـاو سـنووری خۆجێیەتـی عێراق، لـەو پەلامـارەدا هەمـوو کەرەسـتە و کارگـە و بـازاڕ و جوانییەکانیـان بـدزن و بیهێنـە نـاو عێـراق، بـەوەش وڵاتەکـە، کوێـت داگیـر و وێـران و دامـاو دەبێـت. لەبـەر ئـەوە نەتـەوە یەکگرتـووەکان و جیهـان؛ بـە تـەواوی بیـر و هـزر و بەرنامـە و بەرژەوەندییـەکان دژی ئـەو داگیرکردنـەوە دەوەسـتن، بڕیـار دەدەن فەرمـان بـە سـەدام بکرێـت سـوپاکەی بکێشـێتەوە و زیانـی کوێتیـش بژمێرێـت. بـەڵام کـە سـەدام سـوپاکەی ناکشـێتەوە و لـە داگیرکردنەکـەی سـارد نابێتـەوە و گـوێ بە بڕیـارە نێوەدەوڵەتییـەکان و رێکخـراوە رەسـمی و مافەکانـی مرۆڤـی جیهانـی و عەرەبـی و ئیسـلامیش نـادات، ئەنجومەنـی ئاسـایش و

دەزگـە دبلۆماسـییەکانی سەرانسـەری جیهـان، چەنـدان جـۆرە سـزای ئابـووری و سیاسـیی لەسـەر دەوڵەتـی عێـراق دەچەسـپێنن و ئـەوەش کاریگەریـی زۆری لەسـەر حکومەتـی عێـراق دەبێـت، بەتایبەتـی میللەتـە داماوەکـەی، تـا رادەیـەک میللـەت بـۆ خـواردن و دەرمـان و سـەفەر و سـەروەری و هەناسـەیەک زۆر پەریشـان دەبـن!

داگیرکردنەکـە درێـژەی دەکێشـێت، تـا هێـزە هاوپەیمانـەکان بـە سـەرۆکایەتی ئەمریـکا سـوپای عێراقـی لـە ٢٦ی فبرایـەری سـاڵی ١٩٩١ دەوڵـەت و خـاک و سـەرمایەی کوێـت لەبـن دەسـتی داگیرکەرانـی عێـراق دەربـاز دەکـەن! بـەڵام گەمـارۆ و بارودۆخـە دژوارەکـەی نـاو عێـراق بـە بڕیارەکانـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان و ئەنجومەنـی ئاسـایش عێـراق پەریشـان دەکات، بـۆ سـووککردنی ئـەو ئـازار و گرانـی و نەخۆشـییەکانی نـاو میللەتانـی عێـراق، نەتـەوە یەکگرتـووەکان بەرنامـەی نـەوت بەرانبـەر خـۆراک «Oil for Food Program» بـە ژمـارە ٩٨٦ لـە سـاڵی ١٩٩٥ دەر دەکات، بـەو بڕیـارە بـوار بـە حکومەتـی عێـراق دەدەن، بڕێـک نەوتەکـەی بفرۆشـێت و پارەکـەی بچێتـە سـەندوقێکی نەتـەوە یەکگرتـووەکان، ئەوانیـش بەو بـڕە پارەیە خـۆراک و دەرمـان بـۆ عێراقییـەکان بکـڕن و بنێـرن، بـە مەرجێـک فرۆشـتن و کڕینەکـە لەژێـر چاودێـری نەتـەوە یەکگرتـووەکان بێـت، هەمـوو هەڵسـوکەوت و رێکارییـەکان لەلایـەن فەرمانبەرانـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان دەبێـت و کارمەنـدی عێراقـی ناتوانێـت لـەوە هیـچ رۆڵێکـی هەبێـت».

بەپێـی ئـەو بڕیـارە و زووتریـش ئێمـە لەنـاو تورکیـاوە بازرگانـی خۆراکـمان دەکـرد، خواردەمەنییـمان دەکـڕی و دەمانفرۆشـتەوە

ناو عێراق، لە تورکیا گەنجینە و کارمەند و شارەزایی باشمان هەبوو، بۆ ئیشکردن لەو بەرنامەیە سەردانی نیویۆرک دەکەم، دەچمە کن بەرپرسی بەرنامەکە، کابرا خەڵکی سنگال بوو، دیارە موسڵمانیش بوو، دەیویست یارمەتی ئێمە بدات، ئیشکردن لەگەڵی ئاسان بوو، بەڵام رۆتینی ناو ئیشەکان زۆر بوو، قسەیەک هەبوو دەیانگوت:

لەو بەرنامەیە، لە جێبەجێکردنی بەرنامەی نەوت بەرانبەر خۆراک گەندەڵی زۆر زۆر بووە، رێکارەکان زۆر دوور و درێژ و بە ئاژاوە بوو. لەو ساڵانە سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان، کوفی عەنان بوو، «کونی عەنان Kofi Atta Annan _ دبلۆماتێکی گانی بوو، لەنێوان مانگی ینایەری ساڵی ١٩٩٧ تا مانگی دیسمبەری ساڵی ٢٠٠٦ سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، لە ساڵی ٢٠٠١ خەڵاتی نۆبلی ئاشتی وەرگرتبوو»!

***

ئێمە وەک کۆمپانیاکانی باجگری بازرگانی، مەرج و پێویستییەکانی بەشداربوون لە کڕینی خواردەمەنی بۆ عێراق لەبەر رۆشنایی ئەو بڕیارەمان تێدا بوو، ئۆفیس و بارەگە و پارە و متمانەمان لە بانکەکاندا هەبوو و شارەزایی باشمان لەوەدا هەبوو، منیش وەک نوێنەری ئەو کۆمپانیایە و براکانیشم دەمانتوانی وەک تاکی عێراقی بەئاسانی سەفەر بکەین، چونکە رەگەزنامەی تورکییمان هەبوو، بەوەیان ئاسان و زۆر دەمانتوانی بۆ راپەڕاندنی کارەکان سەفەر بکەین و ئاسان بە پاسپۆرتی تورکی ڤیزا وەربگرین، بە

ڕەگەزنامـە و پـارە و ناسـینی بانـک و شـارەزاییمان لـەو بـوارە کار دەکەیـن!

ئیـتر ئیـش دەکەیـن و ڕۆژانـە پێنـج تـا دە ترێلـە خواردەمەنییـمان دەنـاردە نـاو عێراق، لـە زاخـۆوە بـەرەو عێـراق، لـە زاخـۆش کارمەنـد و ئۆفیـس و گەنجینـەی زۆرمـان هەبـوو، لەگەڵ بازاڕ و کاربەدەسـتانی هەرێمـی کوردسـتانیش بـاش بوویـن، بەئاسـانی هاتوچۆمـان دەکـرد، بـازاڕ و ئۆفیـس و کارمەندمـان لـە کوردسـتان هەبـوو.

# ٢٢
# دەستوورێک بۆ خێزانەکەمان

پـاش راپەڕیــن و زووتریــش و لــە هەمــوو قۆناخەکانــی شــۆڕش و کوردایەتــی پەیوەنــدی ئێمــە وەک کەســایەتی، بــازاڕ، پــارە، بزنــس، پەیوەندییەکانمــان لەگــەڵ شۆڕشــی کــورد ئاســایی بــووە، هەرگیــز دژایەتــی شۆڕشــمان نەکــردووە، لەگــەڵ حزبــەکان کێشــەمان نەبــووە، بــە چــاوی رێــزەوە ســەیری پێشــمەرگەمان کــردووە. لەگــەڵ دەزگەکانــی حکومەتــی عێراقییــش پەیوەندییــمان هەبــووە، نەدەکــرا ئیـش و کارگـە و بـازاڕ و بازرگانـی بکەیـت پەیوەندیـت بـە حکومـەت و وەزارەتەکانــەوە نەبێــت، ناکرێــت لەبــن ســێبەری دەســەڵاتێک و ســەرۆکێکی وەک «ســەدام حوســین» بژیــت و ئیــش بکەیــت ســەرپێچی بڕیارەکانیــان بکەیــت، بــۆ نمونــە لــە گەرمــەی شــەڕەکانی عێـراق ئێـران و تەنگـژە ئابوورییەکـەی وڵات لەبـەر دژواری شـەڕەکان و مەسرەفـە زۆرەکانـی حکومـەت و لەشـکری عێـراق کێشـەی ئابووری زۆر ببــوو، قەیــران زۆر ببــوو، لــەو رۆژانــەدا ســەدام بــە نــاوی خــۆی داوای پــارە و زێــڕ و پشــتیوانی دارایــی دەکات، تــۆ وەک بزنســمان و

پـاره و کارگـەی گـەوره نەچیتـە پێـش، خـۆت بدزیتـەوه، کـە بـەردەوام بازرگانـی گـەورەی نزیـک خۆیـان و بازاڕیـان بەئاشـکرا دەگـرت و لـە سـێدارەیان دەدان، نمونــە و نــاوی ئەوانــەش زۆره! بۆیــە دەتوانیــن خۆمـان بپارێـزن و لەوەیـان نەدەبـوو سـەرپێچی بکەیـن.

بـەڵام ئێمـە وەک کۆمپانیاکانی باجگـر زیرەکانە بڕێکـی زۆر پارەکانمان، سـامان و ئیشـەکانمان لـە بەغـداش دوور دەخەینـەوه، وڵات و بـازاڕی تورکیــا دەکەینــە بازاڕێکــی یــەدەگ، دەکەینــە هەنــگاو و پردێــک بـۆ گەیشـتن بـە بازاڕەکانـی جیهـان! تـا کوردسـتان ئاسـووده و ئـارام دەبێتــەوه، ئیـتر هەمـوو قوورسـاییەکانی پـاره و شـارەزایی و کارگـە و هاوردەکانمــان دەخەینــەوه کوردســتان بەتایبەتــی هەولێــر، لــە سـلێمانیش بـازاڕ و بزنسـمان هەبـووه، لـە زاخـۆ کار و گەنجینەمـان هەبـووه و ئیشـی تێـدا دەکەیـن، بەنیازیـن لـەو نزیکانـە لـە بـواری فێرکـردن لـە کەلاریـش زانکـۆی جیهـان بکەینـەوه. هـەر لـە بـواری زانکـۆش لــە کەرکــووک زانکــۆی بابەگوڕگوڕمــان تــەواو کــردووه و دەمانــەوێ لەوێــش بــوون و ئەزمــوون و بزنســمان هەبێــت!

***

ئێمــە وەک کۆمپانیاکانــی باجگــر لــە هەشــتاکان قوورســایی پــاره و ئیشــکردنمان هــەر لــە هەولێــر بــووه، ناومــان وەک بــازرگان دیــار بــووه، باڵەخانــەی زۆرمـان هەبـووه، بۆیـەش رۆژێکیـان لـە ناوەڕاسـتی هەشـتاکان ژمارەیـەک پێشـمەرگە باوکـم دەبـەن، لـەوێ و لـە گونـد و ناوچــە رزگارکراوەکانــی کوردســتان باوکــمان حاجــی یەحیــا باجگــر هەواڵـمان بـۆ دەنێرێـت، لـە ناوچـە رزگارکـراوەکان سـەردانی بکەیـن

و بڕێـک پـارە وەک یارمەتـی و پشـتیوانی شـۆرش بدەیـن!
مـن دەچمـە ناوچـەی باڵیسـان و فەرماندەکانیـان دەبینـم و قسـەیان لەگەڵـدا دەکـەم و لەسـەر بڕێـک پـارە ڕێکدەکەویـن، بـەڵام دوایـی ئـەوان داوای زۆرتـر دەکـەن و دەیانـەوێ باوکـم زۆرتـر لـەوێ بمێنێتـەوە، بـەردان و پارەکـە دەکەوێتـە بـەر دەسـتی بەرپرسـەکان و بـە ڕەزامەنـدی هەردوولامـان باوکـم دەهێنمـەوە. ئـەوان ئـەوەش دەڵێـن بۆیـەش پارەکەمـان زۆر داوا کـرد و کەمێـک مـام حاجییـمان وەک میـوان گێڕایـەوە، نـەوەک حکومـەت بیانووتـان پـێ بگرێـت و گومانتـان لـێ بکـەن! ئـەو پارەیـەش بـە یارمەتـی دەزانیـن و دڵنیایـن کار لـە بازاڕتـان نـاکات.
ئێمـە ئیـش دەکەیـن و بیـر لـە لایەنگیـری هیـچ حزبێـک ناکەینـەوە، بـە چـاوی کوردانـە هەڵسـوکەوت دەکەیـت. بـا نموونەیـەک لەسـەر ئـەوە بـاس بکـەم، ئێمـە لـە بەغـدا دەهاتینـەوە، هەموومـان لەنـاو یـەک ئۆتۆمبێـل بوویـن، لـەو ڕۆژە هەولێـر لەبـن دەسـتی یەکێتیـی نیشـتمانی کوردسـتان دا بـوو، دەگەینـە بازگەکـەی ئـەوان، پێشـمەرگەکە بەخێرهاتنەوەمـان دەکات، بـۆ قسـەکردن لەگەڵـمان، «میـران»ی کـوڕم دەدوێنـن، ئەودەمانـە ئـەو تەمەنـی سـێ چـوار سـاڵ دەبـوو، لێـی دەپرسـن:
کوڕی جوان تۆ زەردی یان کەسکی؟
ئەویش بە بەرائەتەوە، یەکسەر پێیان دەڵێت:
من کوردم!
ئیـتر پێشـمەرگەکە بـە گاڵتـە و بـە ڕووێکـی خـۆش بەڕێـمان دەکـەن. لـەو ڕۆژانـەی حزبـەکان پێویسـتیان بـە یارمەتـی هەبـووە دریغیـمان

نەکـردووە. جارێکیـان لـە پـارەی موچـەی مانگێـک کێشـەیان هەبـوو، داوایـان کـرد موچەکەیـان بـۆ تـەواو بکەیـن، ئێمـەش ئـەوە دەکەیـن، دوایـی پارەکـە لـە باجـەکان وەردەگرینـەوە، ئـەوەی لـە کالا و بازرگانییەکانمـان وەریاندەگـرت. ئێسـتاش وەک گرووپەکانـی باجگـر، بـە هەمـوو دەزگەکانمـان دریغـی ناکەیـن لـەوەی پشـتیوانی بڕیارەکانـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بکەیـن، ئەوانیـش لـە بوارەکانـی سـەرمایەگوزاری و رێـکارەکان ئاسـانکارییمان بـۆ دەکـەن، لەگـەڵ هیـچ دەزگەیەکـی حکومـی و حزبـی کێشـەمان نییـە، منیـش وەک خـۆم پێشـمەرگە بـە کەسـایەتی پیـرۆز و جـوان و مـەرد دەزانـم.

# ٢٣
# لە جیهان، بەڵام دوور لە زانکۆی جیهان

ئـەو چەنـد پەیـڤ و رازانـە لەنـاو ئۆفیسـەکەی دکتـۆر نـەوزاد لـە باڵەخانـەی گرووپەکانـی جیهـان کـراوە. ئـەو بەیانییـان لـە زانکـۆ دەوامـی ئاسـایی خـۆی بـە رێکوپێکـی بـە بەردەوامـی دەکات! ئێوارانیـش لەنـاو گرووپـی جیهـان دەوام و کار و بەرنامـەی هەیـە. لێـرەش، لەنـاو ئۆفیسـەکەی لەنـاو گرووپـی جیهـان کتێبخانەیەکـی گـەورەی دانـاوە، سـەرەوەی کتێبخانەکـە ژمارەیـەک ئـاڵای بچووکـی هاوشـێوە بـە قەبـارە ریزکردبـوو، ئـەو زوو گوتـی:

ئەوانـە ئـاڵا و هێـمای گـرووپ و کۆمپانیاکانـی جیهانـە! هـەر کۆمپانیـا و بزنسـێکمان ئـاڵای تایبەتـی خـۆی هەیـە. هەموویـان یـەک قەبـارە بـوون و ژمارەیـان سـی ئـاڵا بـوو. دیـارە منیـش کاتـم نەبـوو، یـان بـە پێویسـتم نەدەزانـی نـاو و ئـارم و شـێوەکانیان ببینـم و بناسـم.

هـەر لـەو ئۆفیسـە وێنەیەکـی کۆنـی رەشوسـپی هـەر چـوار براکـە، نـەوزاد، ئـازاد، تەڵعـەت، سـەباح، لەنـاو چوارچیوەیەکـی جـوان دانـراوە. هـەر چـوار بـرا بـە جلـی میللـی و سـادەی ئەودەمانـە

بــوون، دیــارە ڕۆژی گرتنــی وێنەکــە کۆتایــی پەنجاکانــی ســەدەی ڕابــردوو بــووە. هــەر چــوار بــرا کورتــەک و شــەرواڵ و پانتــۆڵ و جلــی منداڵانەیــان لەبــەرە، منداڵــی ســادە و جــوان دیــارن.

ئــەوان بەیەکــەوە وەســتاون و نازانــن ڕۆژێــک ئەوانــە دەبنــە ســەرمایەداری گــەورە و گرووپەکانــی جیهــان دادەنێــن و دەچنــە نــاو جیهانــی پــارە و بانــک و کارگــە و وڵاتانــی دونیــا و کاســبی! ئــەوان بچووکــن و نازانــن ڕۆژێــک دێــت دەچنــە وڵاتــی ژاپــۆن و تویوتــا دەناســن. یەکێکیــان لــە کوریــا قومــاش دەکڕێــت. ڕۆژگارێــک بەســەر عێــراق و کوردســتان دادێــت، هەموویــان لــە ئەســتنبۆل دەژیــن.



وێنەی هەر چوار برا «نەوزاد، ئازاد، تەڵعەت، سەباح» لەسەربانی ماڵی باپیریان لە قەڵاتی هەولێر ساڵی ١٩٦٠ گیراوە.



هەر چوار برا،«د. نەوزاد، ئازاد، تەڵعەت، سەباح» لەناو باخچەی ماڵی حاجی یەحیای باوکیان لە هەولێر ساڵی ٢٠١٣.

# ٢٣
# کۆمپانیاکانی باجگر

لە بەغدا لە ڕۆژانی ڕەشی پاش گەمارۆدانی نەتەوە یەکگرتووەکان سامان و پارەکانیان کۆ دەکەنەوە و ڕوو لە تورکیا دەکەن، لەوێ ڕەگەزنامەی تورکیاش وەردەگرن و منداڵەکانیان لەوێش دەخوێنن. ئەو چوار منداڵەی لەو وێنە کۆنە دیارن، ئێستا سێ لەوانە بە ناوی حاجی دەناسرێن، لە گۆشە و سەنتەرە گەورە و دیارەکانی شاری هەولێر دەبنە خاوەن کۆمپانیا. ئەوان نازانن باوکیان مزگەوتێک دروست دەکات و کە دەمرێت لەوێ دەنێژێت.

براکان بەیەکەوە کار دەکەن، بە ڕێکاری هاوبەش ئیش دەکەن. برا گەورەکەیان سەرپەرشتی گەورەترین زانکۆی ئەهلی دەکات و وەسیەت دەکات لەناو باخچەکانی زانکۆ بینێژن! برا گەورەکەیان، کیژە گەورەکەی «ناز» رادەسپێرێت، یان هەموویان داوای لێ دەکەن، لەگەڵ شارەزایەکی گەورەی تورک کۆنتراکت بکات، دەستوورێک بۆ خێزانەکەیان دابنێت، بە «Erdal Keserlioglu» دەڵێن؛ تۆ و دەزگەکەت و بە شارەزایی و ڕێنمایی ئەمریکییەکان

دەستووری بنەماڵـەکان بنووسـەوە. ئەوانـەی دەسـتووری سـەرمایەداری گـەورەی تـورک «کۆچ»یـان نووسـیوە و شـارەزایی زۆریـان لـەوە بەکارهێنـاوە، داوا لـەو دەزگەیـە دەکـەن دەستوورێک بـۆ بنەماڵەکەیـان بنووسـێتەوە، هەموویـان بزانـن و تێبگـەن ئـەرک و مافیـان لـە سـامان و کۆمپانیـا و بانـک و زانکۆکانیـان چییـە. لـە دەسـتوورەکە بۆیـان بنووسـێتەوە، ئـەوان ئەندامانـی خێزانەکـە کـە ژمارەیـان دەگاتـە نزیکـەی ٢٠٠ کـەس، بـە کـوڕ و کچـەوە، دەتوانـن چ بکـەن و ناتوانـن چ بکـەن، دەتوانـن چەنـد سـەرف بکـەن و ناتوانـن چەنـد سـەرف نەکـەن، بەپێـی ئـەو دەسـتوورەی ئـەوان دەینووسـن و دایدەڕێـژن، دەتوانـن لـە کـێ و چـۆن دەوام بکـەن و ناتوانـن لەکـێ و چـۆن دەسـتکاریی بکـەن! هەمـوو ئەندامەکانـی ئـەو خێزانـە، هەموو ئەوانـەی کـوڕ و کچـی حاجـی یەحیـای بـەزازن.

ئـەوان و نەوەکانیـان و ژمارەیـان دەگاتـە دوو سـەد کـەس؛ هەموویـان کـوڕ و کچـەکان لـەو کۆمپانیـا و سـامان و موڵکـەکان مافیـان پارێزراوە و دەپارێزێـت و بـەو دەسـتوورەش دەتوانـن سـامان و بزنـس و بانـک و هەمـوو دەزگەکانیـان گەشـەدارتر بکـەن، نـاوی پێشـوو و ئێسـتا و داهاتوویـان بـە جوانـی و بـە پاکـی رابگـرن!

لـە وێنەکـە چـوار براکـە بەیەکـەوە وەسـتاون، وێنەکـە لەسـەر بانێکـی قەڵاتـی هەولێـر گیـراوە، بـە رەش و سـپی، ئێسـتاش کەوتوونەتـە نـاو جیهانێکـی تـەواو رەنگاورەنگـی پانوبەریـن! ئـەوان منداڵـن، بـەڵام ئێسـتا وا پیـر بـوون و منـداڵ و نەوەکانیـان کارەکانیـان بـۆ بەڕێـوە دەبـەن. ئـەوان لـە پـرۆژە و سـەرمایەکانیان پشـک و بـەش و ناویـان هەیـە، لەودەمانـەی وێنەکەیـان گرتـووە، بـە هەولێـری «تورکمانـی» و

کوردی قسەیان کردووە. بەڵام، هەر چوار براکە ئێستا بە کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و تورکی ئەستنبۆلی دەنووسن و دەخوێنەوە و کۆنتراکت دەکەن!

ئەوان چوار کوڕن وەستان و بە ئارەزووی خۆیان وەستاون، وا گەورە بوون ئێستا سیستەم و بەرنامەیەک بڕیاریان لەسەر دەدات؛ چۆن دەست بگرن و بە دەست ئیمزا بکەن و بە دەستەکانیان کۆنتراکت بکەن. وێنەکە نزیکەی شەست ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە، خۆیان لەو تەمەنە بازاڕ و کەس و بارودۆخ و جۆری پارە و کارمەند و دوکان و ماڵ و کۆشک و مارکەی ئۆتۆمبێلی زۆریان گۆڕیوە، بەڵام هەموویان وا دەزانن حاجی یەحیای باوکیان مامۆستا و رابەریان بووە، ئەو فێرە بازاڕ و کاسبی کردوون چۆن دەستیان بکەنەوە و خێر و چاکە بکەن! بۆیەش لە ژوورەکانی ئۆفیس و گرووپ و ماڵەکانیان وێنەی باوکیان بە کەوا و سەڵتەی هەولێرییانە و کەشیدەی سەرییەوە داناوە!



لەگەڵ دکتۆر نەوزاد باجگر لە ئۆفیسی گرووپەکانی جیهان.

# ٢٤
# دینار دەشکێت

لەودەمانـە لـە بازاڕەکانـی عێـراق دۆلار لـە ٣٠٠ فلـوس دەبێتـە ١٥٠٠ دینـار، زوو هەسـتم بـەوە کـرد ئیـتر پـارەی عێراقـی سـەر ناکەوێتـەوە، بەهـای نامینێـت، پێویسـتە بیـر لـە دۆلار بکەینـەوە، ئابـووری ئـەو وڵاتـەی شـەڕی زۆر تێدایـە و بەردەوامـە و بەهـای پـارەی جارێکـی تـر بـەرز نابێتـەوە.

لەگـەڵ وەزارەتـی دارایـی تورکیـا بەرنامـە دادەرێژیـن، دەسـت دەکەیـن بـە بازرگانـی ئۆتۆمبێـل و ڕەزامەنـدی وەردەگریـن بازرگانـی نێـوان بەغـدا و تورکیـا و کوردسـتان بکەیـن و ڕەزامەنـدی نەتـەوە یەکگرتـووەکان وەردەگریـن و ئیـش دەکەیـن و هـەردوولا رازی دەبیـن، بـەڵام ئـەوەش دەڵێـم و ئەزموونـم لـەوەدا هەبـوو؛ ئیشـکردن لەگـەڵ نەتـەوە یەکگرتـووەکان زۆر سـەخت بـوو، ڕۆتینیـان زۆر بـوو، کاروبـار و مۆڵـەت و ڕێکارییەکانیـان هاتوچـۆی زۆری دەویسـت، کەسـیان نەبـوو بڕیـار بـدات و بڕیارەکانیشـیان لەلایـەن وڵاتەکانـەوە جێبەجـێ نەدەکـرا، هـەردوولا بەئاسـانی ڕێکنەدەکەوتـن!

بـە ڕەزامەنـدی نەتـەوە یەکگرتـووەکان لەنێـوان سـاڵانی ١٩٩٨ و ١٩٩٩ دەتوانیــن یەکــەم کاروانــی ئۆتۆمبێلــی تویوتــا بهێنینــە کوردســتان، کاروانـی یەکـەم سـی ئوتومبێـل لـە تورکیـاوە دەهێنیـن.
پـاش یـەک دوو سـاڵ، ئیـتر پێشـانگەی جیهـان بـۆ ئۆتۆمبێل لـە هەولێر دەکەینــەوە، ئــەوەش پێشــوازییەکی گەرمــی لــێ دەکــەن و بەرپــرس و خەمخۆرانــی هەولێـر پێشـانگەکە بـە دەسـکەوتێکی بـاش دەزانـن، ئـەوەش دەبێتـە بناخەیـەک بـۆ جیهانـی ئۆتۆمبێـل و بازرگانییەکانمـان. هــەر لەودەمانــە و دیســان بــە ڕەزامەنــدی نەتــەوە یەکگرتــووەکان و لەبــەر بوونــی گەمــارۆی ئابــووری و بوونــی قــەرزی زۆر بەســەر دەوڵەتەکـە دەتوانیـن لـە سـاڵێک سـەد ئۆتۆمبێلـی مارکـەی تویوتـا بهێنینـە هەولێـر. مـن بـۆ ڕەزامەنـدی و کردنـەوەی گرێیەکانـی نەتەوە یەکگرتـووەکان دوو جـار سـەردانی بارەگـەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان لــە نیویــۆرک دەکــەم. بــۆ تەواوکردنــی بازرگانــی لەگــەڵ ژاپــۆن و دانانــی هــەر کردنــەوەی ســێ کۆمپانیاکــەی ســێرڤیس و ســپارپارت و فرۆشـتن دانوسـتانی زۆر دەکەیـن، بـەڵام هاتوچۆ و سـەودایە دە سـاڵی تــەواوی خایانــد. کردنــەوەی فرۆکەخانــەی هەولێــر دەســکەوتێکی بـاش بـوو بـۆ متمانـە و سـەرکەوتنی بازرگانییەکەمـان، ئیـتر دەتوانیـن ١٥ هــەزار تاکســی و پیکەبــی جووتیــاران هــاوردەی نــاو کوردســتان دەکەیـن، بـواری ئیشـکردن بـۆ خەڵـک زۆرتـر دەکەین، فرۆشـتنەکەش بـە قیسـتی دوو سـاڵی بـوو. ئێمـە دەتوانیـن میوانـداری بەرپرسـانی کۆمپانیـای تویوتـا بکەیـن و لـە نزیکەوە بـازاڕ و بارودۆخی کوردسـتان ببینـن و بزانـن جیاوازییـمان لەگـەڵ شـارەکانی تـری عێـراق زۆرە!

# ٢٥
# بانکی جیهان

ئـەو پـرۆژە و بـازاڕە گـەورە پێویسـتی بـە کۆنتاکتـی بانکـەکان دەبـوو، دەبوایــە متمانــە دروســت بکەیــن، کار و دانوســتان زۆر دەکەیــن بــۆ کردنــەوەی بانــک لــە کوردســتان، ئــەوەش ڕەزامەنــدی بانکــی مەرکــەزی عێراقــی لــە بەغــدا دەویســت، ســەرمایەی زۆریــان بــۆ ئــەو مەبەســتە دەویســت، تــا لــە ســاڵی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ ڕەزامەنــدی وەردەگریــن و یەکەمجــار بانکــی جیهــان لــە هەولێــر دەکەینــەوە. پشـکی بانکەکەمـان دەبێتـە بەرزتریـن پشـک لەسـەر ئاسـتی بـازاڕ و بانکەکانــی سەرانســەری عێــراق.

ئێمــە وەک گــرووپ و بــراکان و بەڕێوەبەرەکانمــان ســاڵانە دوو جــار دادەنیشــین، کۆنفراســی گــەورە دەکەیــن، بانــک و تویوتــا و کۆمپانیاکانــی تریــش، بەڕێوەبــەرەکان پێشــنیار و بەرنامەکانیــان نمایــش دەکــەن، دانوســتان دەکەیــن، بواریــش زۆرە بــۆ دانوســتان و دانانــی بەرنامــەی نــوێ و بەردەوامیــش دیدارمــان هــەر هەبــووە، بــە تەلەفۆنیــش بارودۆخــی کارەکانمــان شرۆڤــە دەکەیــن! منداڵەکانمــان

کارمەنـد و بەڕێوەبـەر و کەسـانی دیـاری نـاو کۆمپانیاکانـن، ژمـارەی کارمەندەکانمـان دەگاتـە نزیکـەی دوو هـەزار کـەس، زۆر بـە کەمـی کارمەنـد و فەرمانبـەر لەکـن ئێمـە دەڕۆن و سیسـتەمی بەڕێوەبـردن و خانەنشـینمان هەیـە و پەیـڕەوی یاسـاکانی خزمەتـی مەدەنـی و شارسـتانی دەکەیـن.

بانکی جیهان یەکەمین بانکی ئەهلی لە کوردستان




بانکی جیهان لە هەولێر

# ٢٦
# ژن دەهێنم

لــە ڕۆژی ١٩٨٤/٩/١٣ مارەبڕیــن لەگــەڵ «ســۆزان جەمبــاز» لــەلای قازییەکـی هەولێـر دەکەیـن و لـە ١٩٨٤/١١/٢٣ زەماوەندەکە دەکەین، ئاهەنگەکەمـان لـە هوتێـل میریدیـان لـە بەغـدا بـە ئامادەبوونـی خزم و بـرادەران دەکەیـن. منداڵەکانـم هەمـوو لـە بەغـدا لـە دایکبـوون، «نـاز» لـە مدینـە طـب و «میدیـا» لـە نەخۆشـخانەیەکی ئەهلـی و «میـران» لـە نەخۆشـخانەی یەرمـوک و «شـیرین» لـە نەخۆشـخانەی قدیسـی ئەهلـی.

پــاش ئــەوەی زەماوەندەکەمــان دەکەیــن، لــە گەڕەکــی مەنســوور خانووێـک نزیـک لـە ماڵـی خەزوورانـم بەکـرێ دەگریـن و مانگانـە ١٥٠ دینارمــان دەدا، دوایــی پــاش ماوەیــەک هــەر لــەو ناوچانــەش خانووێـک بـە ئـارەزووی خۆمـان دەکڕیـن.

سـۆزانی هاوسـەرم ئەندازیـار بـوو، ماوەیـەک دەوام دەکات، دوایـی خەریکـی منداڵـەکان دەبێـت، مـن چـوار زمـان دەزانـم «کـوردی، عەرەبـی، تورکـی، ئینگلیـزی»، هاوسـەرەکەم بێجگـە لەوانـە زمانـی

فەرەنسیش دەزانێت، لە بەغدا لە ئەنستیوتی فەرەنسی لە زمانی فەرەنسی خوێندبوو. ژنەکەم کابانە و خواردنی جوان و خۆشە، نیسک دروست بکات لە خواردنی دەرەوەم پێ خۆشترە!



دکتۆر نەوزاد و سۆزان خان و هەردوو کچەکەی ناز و میدیا بەغدا ١٩٨٩.

# ٢٧
# بۆ جیهان دەچمە جیهان

لـەو چەنـد سـاڵەی ئەمینـداری زانکـۆم سـەردانی سـەدان زانکـۆی جیهانـم کـردووە، بـۆ دیـداری زانکـۆکان و گۆڕینـەوەی زانیـاری و کۆنتراکـت، دەچمـە وڵاتانـی وەک روسـیا و پۆڵۆنیـا و تورکیـا و ئینگلـترا، کـەم و زۆر زانیارییـمان لـەو گەشـتانە وەرگرتـووە و هەمـووش بـۆ بەرژەوەنـدی زانکۆکانـی جیهـان بـووە. لە ژاپۆن هەسـتم کـردووە ئەوان شـەیدای دار و بـەرد و ئـاون. لـە ئەمریـکا پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیای زۆر بەرچـاوە. یـەک لـە سـەفەرەکانم چوومەتـە زانکۆیەکی وینسـتسر، لەوێ کۆنـە زانکۆیەکـم بینـی کورسـییەکانی هـەر دارە کۆنەکانی پێشـوو بوون و بۆنـە خۆشـە تەڕەکـەی جارانیـان مابـوون. لێـرەش مەبەسـت لەوەیـە، زانکۆکـە کۆنـە و شـێوازەکانیان نەگۆڕیـوە و شـانازییان بـەو کورسـییە کۆنانـە کـردووە، نەیانویسـتووە کورسـییە دارە کۆنـەکان بـە کورسـی نوێ بگـۆڕن. لـە زانکـۆ و قوتابخانەکانـی دونیـا کورسـی خوێنـدن دروسـت نەکـراوە بـۆ دەوام و خوێندنـی هەشـت سـەعاتی، دروسـتکراوە بـەردەوام بـەکار بێـت و پیرۆزیـی زۆرە.

# ٢٨
# پارە و زیان

لەگـەڵ دکتـۆر نـەوزاد باجگـر باسـی زیانـی پـارە دەکەیـن، دەپرسـم ئـەوان وەک کۆمپانیـا و سـەرمایەدار، کـەی و چـۆن و زۆر زیانتـان بـەر کەوتـووە؟ ئـەو لـە وەڵامـدا گوتـی:

ئـەوەی مـن بزانـم و لـە بیـرم بێـت، ئێمـە وەک بنەماڵـەی حاجـی یەحیـا گەورەتریـن زیـان لـە بـازاڕ و سـەرمایەمان هاتنـی داعـش و داگیرکردنـی چەنـد شـارێکی عێـراق و چەنـد ناوچەیەکـی کوردسـتانیش بـوو. هەموومـان، خەڵـک و بـازاڕ لـەو بارودۆخـەدا دەتوانـم بڵێـم بـە ڕێـژەی٣٠٪ بەهـای کار و داهاتیـان دابـەزی، سـەرمایەداریش زیانـی بەرکـەوت، سـامانی کەمـی کـرد. بـەو بارودۆخـە دەکـرێ بڵێـن گەشەسـەندن و بـازاڕی ناوچەکـەی بـۆ مـاوەی دە سـاڵ و زۆرتریـش دواخسـت.

زیانـی گـەورەی تـری پـارە و دەسـکەوت لەودەمانـە بـوو، کـە حکومـەت و بانکـی مەرکـەزی عێراقـی بەهـای دینـار بەرانبـەر دۆلار

شـكاند، بـەوەش بـە ڕێـژەی ٢٣٪ دینـار بەرانبـەر دۆلار دەشـكێت و یـەک دۆلار دەگاتـە ١٤٨٠ دینـار.

مـن لێـی دەپرسـم ئێـوە، هەمـوو سـەرمایەدارەكان، خـاوەن بانـک و بـازاڕەكان چـۆن بـەو بڕیـارە ڕازی بـوون، بـۆ بایكـۆت یـان بڕیارێكتـان دژ بـەو بڕیـارە سـەرپێیە خێرایـەی بانكـی مەركـەزی عێـراق و حكومەتیـش دەرنەكـرد، ئـەو گوتـی:

بەپێچەوانـە، ئـەو جـۆرە بڕیـار و بایكۆتـە بـە كەسـانی هـەژار و نـاو بـازاڕەكان دەكرێـت. ئـەوان هیچیـان نەكـرد، حزبـەكان هیچیـان پـێ نەكـرا، هەمـوو گەیشـتنە ڕاسـتییەک ئـەو بڕیـارە بەنـدە بـە بڕیارەكانـی بانكـی مەركـەزی و بـازاڕی جیهـان. ئـەو جـۆرە بڕیـار و شـكان و دابەزینـی نرخـی پـارە، ئاسـاییە ئەگـەر لـە بارودۆخـی ناهەمـوار و تەنگاوییـەكان بێـت، لـە لافـاو و ڕووداوێكـی لەنـاكاوی سرووشـتی یـان سیاسـی، بـەڵام حكومـەت بەئاسـایی ئـەوە دەكات و جێبەجێـی دەكات، بوونـی هەنـدێ ناڕەزایـی و خۆپیشـاندان كاردانەوەیەكـی سـادەیان دەبێـت، چەنـد ڕۆژێـک دەخایەنێـت، بـەڵام زوو سـارد دەبێتـەوە و هیچیـان پـێ نەكـرا و بەهـا كەمەكـەی دیناریـش جێگیـر دەبێـت.

لـە كاتـی تەنگژەیەكـی ئابووری و شـكانی بـازاڕ، تۆ وەک خـاوەن كار و سـەرمایەدار ناكرێـت كرێـكار دەربكەیـت و ئەویـش بێـكار بێـت، وا باشـترە لەجیاتـی ئـەوە بـۆ دەربازبـوون لـە تەنگـژە كاتییەكـە، موچەیـان كـەم بكەیتـەوە، بەیەكـەوە بەرگـەی بارودۆخەكـە بگـرن و هـەردوولا و لەگـەڵ حكومەتیـش بەرگـەی پێشـهاتەكە بگـرن! بـەڵام حكومـەت لـە تەنگژەكانـا هیـچ پلانێكـی نەبـووە. ناكـرێ لەكاتـی

هەڵچـوون و تەنگژەکانـا بڕیـاری چارەنووسسـاز دەربکەیـت!.

***

مـن نـاوی هەمـوو سـەرۆک بـەش و مامۆسـتاکان و گرووپەکانـی جیهـان بـە کەسـایەتی و خزمـەت و کارەکان نازانـم، بـەڵام زۆریـان بـە دەموچـاو دەناسـم، دەزانـم هەموویـان کەسـانی ئیشـکەر و دڵسـۆزن، زۆریـش دەسـت لـە کاروبارەکانیـان وەرنـادەم. بـەڵام من سـتراتیژیەتی زانکۆکەمـان دادەنێـم، هەمـووان بـە پلانـەکان ئاشـنا دەکـەم و تـەواو.

## ٢٩
# کورته راز

جلوبەرگــم زۆره، بــەڵام زۆرجــار لــه هەڵبژاردنــی جلەکانــم و دەرچوونــم؛ هاوســەرەکەم دوا بڕیاریــان لەســەر دەدات، لەوەیانــدا ئــەو بەزەوقــتره! منیــش زۆر بژارەکــەی ئــەو پەســند دەکــەم، خۆشــم حــەز ناکــەم ســۆزانی هاوســەرم جلــی رەش لەبــەر بــکات، میدیــاش زۆر هــاوکاری دایکــی دەکات لــه جلوبــەرگ و رەنــگ و ســتایلەکان. قاتــی زۆرم هەیــه، بــەڵام زوو زوو مۆدیلــه کۆنــەکان کــەم دەکەمــەوە، لــه بۆنــه نەتەوەییــەکان و رۆژی ئــاڵا و نــەورۆز و رۆژه تایبەتییــەکان و هەنــدێ لــه ســەیرانەکانیش جلــی کــوردی لەبــەر دەکــەم! جــاران لــه بەغــدا و زووش لــه زانکــۆ موســڵ بــۆ ســەیران و ئاهەنگــەکان جلــی کوردییــم هــەر لەبەرکــردووه. وێنــەی رەشوســپییم لــه گەشــتەکانا هەیــه، تێــدا جلــی کوردییــم لەبــەر کــردووه.

***

لەنــاو زانکــۆ، لــه باخچــه و رێڕەوەکانــا نزیکــەی ١٢ هــەزار دارمــان

چانـدووە، بـۆ ئـەوەش نەمامگـەی تایبەتـی خۆمـان هەیـە. پێویسـتە هەمـوو ماڵێـک، هەمـوو بـەردەرگا و نـاو حەوشـەیەک زۆرتـر لـە دارێکـی تێـدا بێـت! وا بزانـە دار منـداڵ و نەوەکانـی خۆتـە! شـانازی بـە بـەژن و جوانییـان بکـە و خزمەتکردنیـان ئەرکێکـی پیـرۆزە.

***

ئەگەرچـی زۆر لـە بەغـدا ژیـاوم و بەشـێکی زۆری ژیانـم لـەوێ بـووە، بـەڵام ئێسـتا کـەم دەچـم و لەمێـژە یەکجـار چـووم، بـۆ وەرگرتنـی ڕەزامەنـدی کردنـەوەی زانکـۆی بابەگوڕگـوڕ لـە کەرکـووک سـەردانی بەغـدام کـردووە، بەغـدای جـاران نەمـاوە، جوانییەکانـی سـڕانەوە، شـەوقی ئەبـو نـەواس و سـەعدون و یادگارییەکانـی مەیـدان و سـوق ئەلـسرای نەمـاوە!

# ٣٠
# دەچمە قاهیرە

لـە سـاڵی ١٩٦٩ خوێنـدکار بـووم لـە موسـڵ، ژمارەیـەک بـرادەر کۆدەبینـەوە و بڕیـار دەدەیـن سـەردانێکی قاهیـرە بکەیـن، لەودەمانە قاهیـرە و هونـەر و هەرەمەکانـی خەونێکـی گەورەمـان بـوو. بـە فڕۆکـە چوویـن و تکیتـمان بـە ٢٧ دینار بڕیبـوو و ژمارەیـەک بەیەکەوە چوویـن و دوو هەفتـە لـەوێ بوویـن. شـەوێکیان دەمانـەوێ بچینـە ئاهەنگـی گۆرانیبێـژی گـەورە ئـوم کلسـۆم، تیکتـی ئاسـاییمان بـە دەسـت نەکـەوت، بەناچـاری و بـە گرانـی تیکتـی چوونـە ژوورەوەمان بەدەسـتکەوت، لـەو رۆژانـە بەشـداربوونمان و دانیشـتن لـەو هۆڵـە گـەورەی ئـەو گۆرانـی تێـدا دەگـوت؛ شـانازییەکی مـەزن بـوو.

ئـەو سـەرە مانـگان ئاهەنگێکـی هەبـوو، سـەرەتا گۆرانییەکـی نـوێ و دوایـی گۆرانییەکـی کۆنـی دووبـارە دەکـردەوە، زۆر کۆششـمان کـرد وێنـەی لەگـەڵ بگریـن، رێکنەکـەوت. هـەر لـەو گەشـتە دەچینـە سـەردانی قەڵاتـی سـەلاحەدین لەنـاو قاهیـرە و بەنـاو رووبـاری نیلیـش بـە بەلـەم گەشـتێکی ئاویـی شـیرین و خۆشـمان کردبـوو،

دیتنی مۆزەی قاهیرە و هەرەمەکانیش مایەی خۆشحاڵیمان بوو. کە باسی سەردان و شارە گەورەکانی جیهان دەکەین، ئەوەش دەڵێم؛ تۆکیۆ شارێکی مەزن و نازدارە و گرانترین شارە و تا ئێستا چوار پێنج جار چووم.

***

دوا دیدار و چالاکی زانکۆی جیهان لە هەولێر لە رۆژانی١٥ و ١٦ی دیسمبەری ساڵی ٢٠٢١ بوو، کۆنفرانسەکە سێیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی لە بواری «ئاراستە نوێیەکان لە یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان» بە هاوکاری زانکۆی جدارا لە ئوردن ساز کرابوو. نوێنەر و مامۆستایان لە زانکۆکانی وڵاتانی؛ ئیمارات و عومان و ئوردن و لوبنان و تورکیا و ئێران و میسر هاتبوون، دوو رۆژ لەبەر رۆشنایی ئەو دروشمە کۆنفرانسە دانوستان دەکەن.

# ٣١
# یەکەم رۆژی دەوامم لە نەخۆشخانەی هەولێر تەرمی دڵاوەر قاسمی ئامۆزام دەبینم

زانکۆم تـەواو کـرد و لـە رۆژی ١٩٧٥/٢/١٠ یەکـەم رۆژی دەوامـم بـوو لـە نەخۆشـخانەی کۆمـاری هەولێـر، لەبیرمـە موچەکـەم ٤١ دینـاری ئەسـلی بـوو، تـەواوی پارەکـەش ٥٣ دیـار بـوو.

هــەر لــەو رۆژە مــن دکتــۆرم و دەوام دەکــەم، بــەڵام وەک کــوڕە هەولێرییـەک و زووتریـش لـەو نەخۆشـخانەیە ئامادەبوونـم هەبـوو، هاموشـۆم کردبـوو، دەمناسـین و منیـان دەناسـی، ئـەوان گوتیـان: تــازە لــە دائیــرەی ئەمــن تەرمێکیــان هێنــاوە و لەبــەر ئەشــکەنجە مــردووە، تەرمەکــە لــە «تــوب ئەلعەدلــی» دانــراوە، منیــش دەمزانـی»دڵاوەر قاسـم»ی ئامـۆزام گیـراوە و هەواڵـی نییـە و هیچـی لــێ نازانیــن.

لەگـەڵ بیسـتنی قسـەکە و هەسـتی نـاوەوە خـۆم دەچـم، یـان پێـم دەڵێـن و ناوەکـەی دیـار بـوو ئامـۆزای منـە، دەچمـە سـەر تەرمەکـەی و دەیناســمەوە، لــە ســێدارە نەدرابــوو، دیــارە بــە ئەشــکەنجەش مردبــوو. لــەوێ لــە رۆژی یەکەمــی دەوامــم وەک دکتــۆر، تەرمــی

ئامۆزاکـەم بـە مردوویـی لەنـاو قاوشـی مـردووەکان دەدۆزمـەوە و دەیناسـمەوە!
دڵاوەری ئامـۆزام مەوالیـدی ١٩٤٦ بـوو، خوێندنـی زانکـۆی تـەواو نەکردبـوو، هـەر لـە گەنجییـەوە پەیوەنـدی بـە شـۆڕش و کوردایەتـی زۆر گـەرم بـوو، بۆیـەش گیرابـوو، خـزم و کـەس و برادەرەکانـی تەرمەکەمـان وەرگرتـەوە و لـە گۆڕسـتانی شـێخی چۆڵـی ناشـتمان. پـاش راپەڕیـن وەک شـەهید دەژمێردرێـت و موچـەی شـەهیدانە بـۆ دایکـی دەبڕنـەوە.

***

هـەر لـەو نەخۆشـخانەیە یـەک سـاڵ وەک دکتـۆری موقیـم دەوامـم کـرد، لەودەمانـە سـێ مانـگ لـە بەشـی هەنـاو لەگـەڵ دکتـۆر موحسـین دۆغرەمەچـی ئیـش دەکـەم. ئـەوە تـەواو دەکـەم و سـێ مانـگ لـە بەشـی نەشـتەرگەریی لەگـەڵ دکتـۆر عیسـا عەسـاف و دکتـۆر عەبدولـرەزاق دەبـاغ «١٩٣٢_٢٠١٨ ئـەو لـە قەڵاتـی هەولێـر لەدایکبـووە و نـەوەی خانەدانێکـی دەوڵەمەنـد و موڵکـداری هەولێـر، کۆلێـژی پاشـایەتی پزیشـکی عێراقـی تـەواو کردبـوو، ماوەیـەک لـە بەغـدا و کەرکـوک و قـەڵادزە و ئیـتر لـە هەولێـر دکتـۆر بـووە، پسـپۆری لـە بریتانیـا تـەواو کـردووە و ماوەیـەک لەوێـش کاریکـردووە، بەدرێژایـی پیشـەکەی ٣٥ هـەزار نەشـتەرگەریی و دوو هـەزار دەرهێنانـی غـودەی دەرەقییـەی کـردووە، خاوەنـی یەکەمیـن نەخۆشـخانەی ئەهلـی بـووە، بـە نـاوی هەولێـر» ئیـش دەکـەم. لەوێـش سـێ مانـگ لـە بەشـی منداڵان لەگـەڵ دکتـۆر ئاگـوب نیشـان

و دکتـۆر تاریـق بەهائەدیـن دەوام دەکـەم. هـەر لـەو ماوەیـە سـێ مانگیـش لـە بەشـی منـداڵان و ژنـان لەگـەڵ دکتـۆر ئومیـە مەحمـود و فائیــزە عەبدولجەبــار دەوامــم کــرد.

لــەو ســاڵانە تۆمــا وەک برینپێــچ و فائیــزەش وەک ژنێکــی سســتەر ئیشـیان دەکـرد و هاموشـۆمان زۆر بـاش بـوو، لـە ئیشـەکانیان زیـرەک بـوون. ئـەوەش دەڵێـم لـە ژیانـی پزیشـکییم زۆر برینپێـچ و سسـتەری بەتوانــام دیــوە، جاروباریــش بــە ئاماژەیــەک، نیگایــەک شــتێکیان بەبیـر دکتـۆرەکان هێناوەتـەوە و ئەزموونیـان زۆر بـوو، کەسـایەتی و ئەزموونــی ئــەوان تەواوکــەری کاری پزیشــکەکان بــووە.

# ٣٢
# چیاکان موڵکی من بوون

یەکـەم شـوێنی دەوام و ئیشـکردنم ناحیـەی گەڵاڵـە بـوو، شـارە بەرزەکـەی بـۆ مـن ببـوو بـە هێـمای جوانـی و خەبـات و شـیرینی. لـەوێ دەوامـم کـرد و چوومەتـە نـاو خەڵکەکـە، چوومەتـە ئـەو شـوێنەی زوو گوتبـووم موڵکـی خۆمـە. چیـای سـەکران و هەڵگوردیـش موڵکـی منـە، بـۆ مـن بـەرز بوونەتـەوە، بـۆ منـە ئـەو چیایانـە بەفـر دەگـرن و بەهـاران جوانـتر دەردەکـەون، لەبـەر منـە دیـارن و سـەریان بـە بەفـرە، بـۆ مـن رێـواس دەردەکـەن، بـۆ قوورگـی منـە کانییـەکان دەتەقـن، ئـاوی سـازگار و سـارد و شـیرینیان لـێ هەڵدەقوڵێـت!
ساڵێک و شـەش مانـگ لـەوێ دەبـم، بـەردەوام شـەیداییم بـۆ چیاکان زۆرتـر دەبـوو، زووتریـش بـە سـەیران و سـەردان چووبوومـە گەڵاڵـە، سـەردانی ناوچەکـەم کردبـوو، شـاخم دیبـوو، بـەڵام لـەو کاروانـەدا، لـە ئیشـکردنم لـە گەڵاڵـە وەک دکتـۆر وا دەکات زۆرتـر شـەیدای چیـاکان بـم، زۆرتـر خـۆم بـە خاوەنیـان بزانـم.
لـەوێ مامۆسـتاکانی قوتابخانەکـە دەناسـم و شـەوانە بەیەکـەوە

دەبووین و بەزمی خۆشمان دەبوو. هەر لەوێ «حەسەن کوێستانی» دەناسم، لەودەمانە ئەو گەنجێکی هوشیار و خوێندەوار بوو، لە ناحیەی گەڵاڵە فەرمانبەر بوو، کتێبی دەخوێندەوە منی خۆشدەویست و منیش ڕێزم دەگرت، کتێبی «الامیر»ی میکافیللی دامێ و خوێندمەوە، زۆر لەگەڵ شەهید حەسەن کوێستانی دەبم و دوایی دەزانم چوویتە شاخ و بوویتە پێشمەرگە.


لەوێ دەچمە ڕێواسان، لەگەڵ خەڵکی گوندی، لەگەڵ گەنج و کیژ و کوڕەکانیان. ڕۆژێکیان لە ڕێواسان بووین زەمزەمییەکەی پشتم لەجیاتی ئاو، عەرەقم تێکردبوو، ماوە ماوە قوومێکم لێ دەدا، مەشروب و دیمەن و لوتکەی چیاکان زۆرتر مەستی دەکردم. ئەو کوڕەی هاوڕێیم بوو، گوتی بێنە منیش قوومێک ئاو لە مەتارەکەت بخۆمەوە، مەتارەکەم تەواو بووە، منیش بەپێکەنینەوە پێم گوت؛ هی من ئاو نییە.

ئەو ماوەیەی من لە گەڵاڵە بووم لەناو خانووی تایبەتی دکتۆران بووم، لەتەنیشت نەخۆشخانەکە، دڵم خۆش بوو، بەردەوامیش هەستم دەکرد خەڵکەکە و چیاکانم زۆرتر خۆشدەوێت. لەگەڵ ئەندازیارەکانی ڕێگاوبان و فەرمانبەرانی کێلگەی بەرد و کانزاکانی گەڵاڵە هاتوچۆمان گەرم بوو، هەموو جارێک بە گاڵتە پێم دەگوتن، بەو هەموو کارمەند و شوفڵ و بلدۆزەرە مانگێ ئەگەر بەردێک بار بکەن و بینێرێنە هەولێر و تەواو. ئەوانیش بەخۆشییەوە دەیانگوت چی بکەین ئیشەکەمان ئەوەیە!

پاش ئەوەندە ساڵە، لەورۆژانە دەچمەوە شارۆچکەی گەڵاڵەی ئاوەدان. دەچمەوە سەر کەلاوەی خانووەکەی وەک دکتۆر تێدا

ژیابـووم. خانووەکـەی نزیـک نەخۆشـخانەکە بـوو، رووخێنرابـوو. بەڵام کـەلاوە و بناخـە و بەردەکانـی مابـوون، بـەردەکان وەک چـۆن پـاش رووخانـدن و راگواسـتنەکە بەربوونـەوە، پشـتیان شـکابوو، قەدیـان نەمابـوو، بـەو جـۆرە کەوتبـوون و هەڵنەسـتابوونەوە، هیـچ دەسـتیان بـەر نەکەوتبـوو، هەڵنەگیرابوونـەوە، نازیـان نەکێشرابـوون.

خانووەکـە نەمابـوو، بـەڵام لـە دیـدی مـن؛ خانووەکـە ئـاوەدان و جـوان مابـوو. چونکـە مـن مـاوەی سـاڵێک و نیـو وەک دکتـۆر تێـدا بـە زەوق و دڵ و هەناسـە و جوانییـەوە ژیابـووم. ئـەوە راز و قسـەی مـن نەبـوون و بـەس، بەردەکانیـش ئەوەیـان بـە چـاو و دڵ و هەناسـەم گـوت! مـن چەنـد بۆیـان جـووڵام و دوور رۆیشـتم و گەنـج بوومـەوە، ئەوانیـش بـە دیـداری مـن و هاتنەکـەم دووبـارە جـوان و بـاش ریزبوونـەوە، بەیەکـەوە هەڵسـانەوە، بوونـەوە بـە دیـوار و پـاردە و سـەکۆ و هەیـوان و ژوورەکانیـان وەک جـاران دروسـتکردووە، داریـان بـۆ سـەرەوەی داوا کـرد، کاریتـە بـە شەلەشـەل و چیمەنتـۆ بەتـۆز و غوبـارەوە هاتـن، هەمـوو خەڵکـی باڵەکایەتـی بەیەکـەوە خانـووی دکتـۆری نەخۆشـخانەی گەلاڵەیـان لـە شـوێنە کۆنەکانـی بـەر لـە راگواسـتنی حەفتـاکان دروسـتکردووە، منیـش چوومـەوە نـاو خانووەکـە و بوومـەوە بـە دکتـۆرە گەنجـە قژرەشـەکەی جـاران و رۆژانـی هەینـی لەگـەڵ کـوڕ و کچـە گەنجەکانیـان بـۆ سـەیران و رێواسـان چوومـەوە کوێسـتانی گەلاڵـە.



دکتۆر نەوزاد: چیاکان موڵکی منن.

# ٣٣
# جوندی تەبیب

مـن وەک دکتۆریـش سـەربازییم کـردووە، پـاش تەواوبوونـی خوێندنمـان خزمەتـی سـەربازیمان کـردووە، بـەڵام پێشـتر سـاڵێک سـەربازییان بۆمـان دوا دەخسـت. لـە سـاڵی ١٩٧٦ ئیقامـەی دکتۆرییـم تـەواو کردبـوو، لـە مانگـی دوو چووبوومـە سـەربازی و چـوار مانـگ لـە نەخۆشـخانە سـەربازییەکەی مەعسـکەری رەشـید مابوومـەوە، لەبـەر ئـەوەی بەعسـی نەبـووم نامکـەن بـە ئەفسـەر، بۆیـە وەک سـەربازێک دکتۆرییەکـەم تـەواو دەکـەم. لـەو دەسـتەیە ئێمـە سـەد کـەس بوویـن، لەوانـە پـازدە سـەربازێک دەکـەن بـە ئەفسـەر، ئەوانـی تـر هەمووومـان دەبینـە سـەربازی ئاسـایی بـەڵام دکتـۆر بوویـن، بـەوەش مـاوەی سـەربازییمان وەک سـەربازی دکتـۆر ملکەچانـە تـەواو دەکەیـن.

بـەڵام بـەر لـەوەی جلـی سـەربازی لەبـەر بکـەم، مـاوەی دکتـۆر موقیمـی یـەک سـاڵییەکەم تـەواو کردبـوو، تـەواوی سـاڵەکەم بـە خۆشـی بەڕێکردبـوو، لـە هەولێـر بـووم و دەوامـم لـە نەخۆشـخانەی

کۆماری بوو. لەوزەمانە هێشتا نەخۆشخانەی سەدام «رزگاریی ئێستا تەواو نەببوو». پاش ئەوە ببووم بە سەرباز، سەرەتا سێ مانگ لە «مديريه التدريب المهنی» لە سەربازگەی «ئەلرەشید»ی بەغدا بووم، لەوێ مەشقە سەرەتاییەکان و رێکارییەکانی سەربازییمان پێ دەکەن، ئیتر دەمانگوازنەوە یەکە سەربازییەکانی دەرەوەی شارەکان.

لەو رۆژانە و لە سەربازی فێرە دیسپلینیان کردین، یان بڵێن کارەکان وا بوو، زۆریش دروست نەبوو، کەمێک بەرەڵاییشی تێدا بوو، بەڵام خشتە و کارنامەمان هەبوو، بەیانییان سەعات پێنج دەبوایە ریشمان بتاشین، بەڵام بە ئاوی سارد و بەپێوە و بە دوو سێ پارچە مووسی سادە و سابوون و پارچەیەک نینۆک، بە دەستی خۆمان دەبوایە پۆستاڵەکانمان رەش بکەین، جوان بۆیەیان بکەین و بەرەشی بیریقێنەوە، جلە سەربازییەکەی حەزمان لێی نەبوو، دەبوایە ئوتو بکرێن، پاک و خاوێن و ئوتوکراو بن. بەیانییان زۆر زوو دەچووینە ناو عەرەزات و کۆبوونەوەی هەموو مەرکەزەکە.

دەبوایە هەموو سەربازەکانی ناو سەربازگەکە لەبەردەم ئەفسەرەکان «سەربازە غیر مسلحەکانیش» بوەستین و پاش نمایش و ناو خوێندنەوە و بەرنامە ئاساییەکان ئیتر چەپ و راست و رۆیشتنە ئاساییەکە دەستی پێ دەکرد، ئەوەی سەرپێچییەکی هەبوایە، سزا دەدرا، قژی سەریان دەتاشی، لەسەر ئەژنۆ و مەچەک دەبوایە بڕوات «زەحف» و گیران و حەپسیشی تێدەکەوت. ئەو مەشق و دیسپلینانە سەربازی

فێــرە فەرمــان و ئیلتیــزام دەکــرد، ئەوانــەی ســەربازییان کردبــوو کەســایەتییان دەگــۆڕا، زۆر شــت فێــر دەبــوون.

لـەو رۆژانـە دۆخـی وڵاتەکـە نائاسـایی بـوو، بۆیـەش سـەربازییەکە سـەخت بـوو، شـەڕەکان بـەردەوام بـوون، برینـدار و نەخۆشـی زۆرمـان بـۆ دەهـات و زۆریـش هیـلاک دەبوویـن و کارەسـاتی مرۆیـی زۆرمـان دەبینـی، ئیـتر سـەربازی و دۆخەکـە خـۆش و بـاش نەبـوو، بـەڵام سـەربازییش قوتابخانـە بـوو، قوتابخانەیەکـی زۆرەملێـی بـوو، بـەردەوام رۆژمـان دەژمـارد زوو تـەواو بێـت.

لـە رۆژانـی مەشـق و عەرەزاتـی بەیانییـان زۆرتـر خـۆم لاچـەپ و دوور رادەگـرت، سینگم دەرنەپەڕانـد و نەدەچوومـە پێـش، بەکورتی مەشـق و بارودۆخەکـە بێـزاری کردبـووم، بـەڵام چـارەم نەبـوو. رۆژێکیـان عەریفەکـەی مەشـقی پـێ دەکردیـن، لەنـاو گۆڕەپانەکـە هـاواری کـرد و گوتـی:

«اترک الارض».

ئـەو فەرمانـە بـۆ ئـەوە بـوو، هەمـوو را بکەیـن و خۆمـان لەسـەر زەوییەکـە دوور بخەینـەوە، قاچـمان لەسـەر زەوی نەبێـت، مەبەسـتی بـوو زوو بگەینـە سـەر دارێـک، لا دیوارێـک، سـەر تەنکییـەک، سـەر کۆنـە زیـل و ئۆتۆمبێلێـک، قاچـمان لەسـەر زەوی نەمینێـت، ئـازا و چاپـوک بیـن، دەمزانـی ئـەوەی ئـەو فەرمانە سـەیر و لەنـاکاوەش جێبەجـێ نـەکات، بێگومـان سـزا دەدرێـت، مانـدووی دەکـەن، عەریفەکـە پێـی دەڵێـت؛ لەسـەر ئەژنـۆ و مەچـەک و لەسـەر سـک بـڕۆ! هـاواری دەکـرد و خـۆی لـە سـەرمان رادەوەسـتا و دەیقیژانـد، ئیـتر لەگـەڵ هاوارەکـە هەمـوو پـەرت دەبوویـن، دوور

دەکەوتینــەوە. بــەڵام مــن هیــچ شــوێنم دەســتنەکەوت، نەمزانــی چۆن قاچەکانـم لەسـەر زەوی بـەرز بکەمـەوە، چـاوم گێـڕا، سـەیری دوورم کــرد، هیچــم نەدۆزیــەوە، هیچــم نەبینــی، لەودەمانــە بیــر لــەوە دەکەمــەوە بچمــە سەرشــانی ســەربازێک، بــەوەش قاچــم لەسـەر زەوی نامینێـت، بـەڵام دیـارە بـەوەش دەربـازم هـەر نەبـووا!

***

مـن وامدەزانـی و قەناعەتـم وا بـوو، ئـەو جـۆرە مەشـق و راهێنـان و ماندووکردنـە پێویسـت نییـە، راهێنانـی جەسـتە وەک بەکارهێنانـی چــەک و بەکارهێنانــی تەکنەلــۆژی نــوێ و پێشــکەوتووو نییــە، پێویسـت بـەوە نـاکات سـەربازەکان بـەو شـێوەیە مانـدوو و هیـلاک بکـەن، دەوڵـەت بانگـەواز و خزمەتـی سـەربازییەکەی کردبـووە داوا و خزمەتــی گشــتی، هەمــووی بەیەکــەوە بانــگ دەکــرد، نەخــۆش و لاواز و گەنجــی بەتوانــا و کەســانی باریــک و ناســک هەمــووی بەیەکـەوە بانـگ دەکـرد، ئەوانـە بـە چەنـد رۆژ مەشـق و فەرەزیاتی سـەخت و هـات و هـاوار؛ ناگۆڕێـن و نابـن بـە کەسـانی چوارشـانەی خۆراگـری پتـەو.

لــە وڵاتــان وەزارەتــی بەرگــری و ســوپا کــە خەڵکــی خــۆی بــۆ ســەربازی ئامــادە دەکــرد، فەرماندەییەکــەی ســەربازەکانی لەنــاو کەسـانی دروسـت و بـە توانـا و بـە هێز دەستنیشـان دەکرد، کەسـانی نەخـۆش و مانـدوو و لاواز و بـێ تواناکانـی نەدەویسـت و دەیانزانـی کـێ شـیاوە ببێتـە سـەرباز، بـۆ ئـەوەش ژیانـی بـە دروسـتی تەئمیـن دەکـردن و موچـەی تـەواوی بۆیـان دابیـن دەکـرد. بـەوە سـوپا پتـەو

و بەهێـز دادەمەزرێـت، نـەک بـەوەی لەنـاو سـوپای عێراقـی دەکـرا و جێبەجـێ دەبـوو.
سـەربازی و ڕۆژانـی مەشـقەکان ئـازار و ماندووبوونـی زۆر بـوو، دەبوایـە بـە نـۆرە بچیـن دەسـت بـە قەسـعە گەورەکـە ڕاوەسـتاین بـە دیـار مەنجەڵـە گەورەکانـا و چـاوەڕوان بیـن، بـە دەمـی خاکەنـاس برنـج و گۆشـتمان بـۆ لـە قەسـعە فافۆنـە گەورەکـە بکـەن و بیانبەینـەوە نـاو فەسـیلەکەی چاوەڕوانـی دەکردیـن، ئیـتر هەموومـان لەسـەر خۆڵەکـە و لەبـەر هەتاوەکـە و لەگـەڵ ماندووبوونـی ڕۆژە سـەختەکە بـە ملاکـی تایبەتـی خۆمـان برنـج و گۆشـت و شـلەکەمان، بـە سـەموونە ڕەقـە ڕەشـەکەمان دەخـوارد و زۆریـش لەبـەر خۆمـان دەمانگـوت:
«هـەر کـە پیـاو بێریـەی لەسـەر کـرد و بـووە سـەربازی حکومـەت، یەکسـەر دەبێتـە سـندباد و ئیـتر ون دەبێـت، کـەس نایبینێـت و هـەر چـی بـکات و چـی لـێ بکـەن ئاشـکرا نابێـت و کـەس پێـی نازانێـت، شـەرم و تـرس و جوانییـەکان لەنـاو ڕیزەکانـی سـەربازانا کـەم دەبێـت!»، هـەر لـە ڕۆژانـی سـەربازی زۆریـش ڕێکدەکـەوت کەوتوومەتـە پشـتەوەی زیـل، زۆریـش ئاسـایی بـوو، ئیـتر سـەربازیی وا بـوو، جـاری واش هەبـوو، مـن وەک سـەربازێکی دکتـۆر ئەگـەر ئەفسـەرمان لەگـەڵ نەبوایـە، دەچوومـە پێشـەوەی زیلەکـە. لـە یەکـە سـەربازییە جێگیـرەکان ئێمـەش وەک دکتـۆر خواردنمـان لەگـەڵ ئەفسـەرەکان بـوو، لـە حانـوت و خواردنەکانـا بەشـداری ئەفسـەرەکانمان دەکـرد، وەک ڕۆژانـی مەشـقەکان نەبـوو، چووبووینـە یەکـەی تایبەتـی و ببوویـن بـە دکتـۆری فەوجـەکان.

**نەخۆشخانەی ئەلسامرائی ئەهلی**

لەوەدەمانــە و لــەو دوو ســێ مانگــەی لەنــاو بەغــدا ســەرباز بــووم، بــۆ بەردەوامبــوون و ئاگاییــم لــە پســپۆرییەکەم خــۆم لــە بوارەکانــی دڵ و ســینگ و بۆڕییەکانــی هەناســەدان و نەشــتەرگەرییەکان لــە نەخۆشــخانەی ئەلســامەرائی ئەهلــی ئیشــم دەکــرد. لــەوێ خاوەنــی نەخۆشــخانەکە دکتــۆر کەمــال ئەلســامەرائی وەک دکتــۆر و کەســێکی گــەورە و خۆشەویســت و مامۆســتاش دەناســم، لــەوێ بــۆ راهێنــان و ئاشــنابوونی زۆرتــرم بــە رەووشــتی بــەرزی پیشــەکە ئیــش دەکــەم. ئــەو رابــەر و یەکــەم دکتــۆری پیــاو بــوو لــە نەخۆشــییەکانی ژنان. لــەوێ ئەوە دەزانــم و دەگەمــە ئــەو قەناعەتــەی دکتــۆر لــە هــەر نەخۆشــخانەیەک ئیــش بــکات، ئەهلــی بێــت یــان حکومەتــی، بــە یــەک بۆچــوون و پیشــەییانە کار دەکات، بــەڵام دەزانــم جیاوازییــەکان لــە شــوێن و کەرەســتە و ســەردانی کەســوکاری نەخــۆش و هەنــدێ وردەکاریــی زۆرتر و باشــترە، بــەڵام دەســت و چــاو و رەووشــتی دکتــۆر ناگــۆڕێــت!

ســەربازی دکتــۆر لەنــاو ســوپا دەبوایــە بــەردەوام جانتــای پزیشــکی پــێ بووایــە، لەســەر شــانی بووایــە، لێــی نزیــک بێــت، هەنــدێ کەرەســتەی ســادەی پــێ بێــت، کۆمەڵێــک حــەب و دەرمانــی ئاســایی. دەبوایــە دکتــۆت مقەســی پــێ بێــت، برینــی بچــووک و ســادە تیــمار بــکات، بــە دەرزی و داو زام و برینــەکان بدوورێتــەوە! دکتــۆری ســەرباز بــەردەوام لــە شــوێنی لاچــەپ و شــەوی تەنگاویــی و رۆژانــی مەشــق و رەبیــە پیســەکان پرســیاریان لێــی دەکــرد، باســی نەخۆشــییەکانیان لەگــەڵ دەکــرد، یەخەیــان دەگــرت و دەموژەمیــان نەبــووە! پزیشــکی ســەرباز

دەرمانی سادەی ئارامکردنەوە و دەرزی حەساسیەتی پێ بوو. من وەک سەرباز چەکم هەبووە، سمینۆفم بەناو بووە، هەڵمگرتووە، خاوێنم کردیتەوە، خزمەتم کردووە، بەڵام بەردەوام دەرمان و کەرەستەی تەندروستییم لەبەردەستدا بووە! شەڕم نەکردووە، تەقەم نەکردووە، تەنیا نەخۆشم چارەسەر کردووە! لە شوێنێکی تریش گوتوومە؛ سەربازی دیلی ئێرانییم بە چاوی دکتۆر و نەخۆش و چارەسەریی دیوە و خزمەتم کردووە.

من خزمەتی سەربازیی ئاسایی خۆم لە چەند شوێن و بواردا کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەمە دکتۆر و مامۆستای کۆلێژی پزیشکی زانکۆی سەلاحەدین، ئیتر وەک مامۆستای زانکۆ بەتایبەتی دکتۆر و ئەندازیارەکان خزمەتی ئیحتیاتیان نەدەکرد، لەگەڵ ناوهاتنمان و مەوالیدەکانیان دەچووینە تەجنید و نووسراوی زانکۆمان بەس بوو تا سەربازی نەکەین و یەکسەر ئینتداب دەبووین و لەناو زانکۆ دەماینەوە، بۆیە من سەربازی زیادم نەکردووە، برادەرم هەبوو لە دەورەی من بوونە سەربازی ئیحتیات و لە شەڕەکانی عێراق ئێران شەهید بوون.

## لە قوات ئەلحودود

پاش تەواوکردنی ماوەی مەشق و ڕێکارییەکانی سەربازیی گوازرامەوە قوات ئەلحدود، لەودەمانە ئەو یەکە چەکدارییە سەر بە پۆلیس و وەزارەتی ناوخۆ بوو، بەڵام ئەرک و فەرمانەکانی سەربازی بوون، ڕێکارەکانی هەموو سەربازیی بوون. سەرەتا گوازرمەوە ناوچەی زاخۆ، شرانش و باتۆفە، لەوێ و لە یەکە

سـنوورییە دەمـە دکتـۆری لیواکـە، مانگێکیـش لەسـەر سـنووری تورکیـا بـووم. لـەو سـاڵەش تـازەش دانـە دانـە مەفـرەزەی پێشـمەرگە دووبـارە پەیدابووبوون،لەنـاو ئەفسـەرەکان و لـە دەقـی بروسـکەکان نـاوی ئامیـر مەفرەزەیەکـم بـە نـاوی حەمیـد دەبیسـت، دەیانگـوت هاتووتـە ناوچەکـە و کەمیـن و تەقەتـەق دەکات، بـەڵام خـۆم رووبـەڕووی هیـچ چالاکـی و هێرشـێک نەبوومـەوە.

بـارەگای هێزەکانمـان، چادرەکانمـان لەنـاو دۆڵێـک بـوو، هـەردوو دیومـان بەرزاییەکـی چـڕ و دوور و درێـژ بـوو. شـەوێکیان بینیـمان چرایـەک لـە قـەد پاڵەکـەی بەرانبەرمـان دەبریسـکێتەوە، فـەوج و لیـوا و رەسـد و پاسـەوانەکان بـەو رووناکییـە، بـەو چرایـە و بـەو شـەوە سـەرقاڵ دەبـن، دەنگۆیەکـی زۆر پەیـدا دەبێـت، ئەفسـەرەکان بڕیاریـان دا بـە هـاون تەقـە لـە چـرا و رووناکییەکـەی دەجـووڵا بکـەن، رووناکییەکـە دەڕۆیشـت و بـەرز دەبـووە و دەردەکـەوت و کزیـش دەبـووە، بۆیـە گومـان دەکـەن رووناکییەکـە ئاوەدانییـەک، هێزێـک بێـت، هەمـوو ترسـان و بـە هەمـوو چەکێـک تەقەیـان لـە چراکـە کـرد، چونکـە ناوچەکـە چـۆڵ کرابـوو، ئاوەدانـی و کاروان و مەڕومـاڵاتـی تێـدا نەمابـوو، بۆیـە لـەوە ترسـان و تەقـەی زۆری لـێ دەکـەن. بـە گوللەبـاران و هاوەنـەکان چراکـە کوژایـەوە و جووڵەکەش نەمـا. بەیانـی فەرمـان بـە مەفرەزەیەکـی سـەرباز دەکـەن، بچینـە شـوێنەکە و ئامانجەکـە ببیـن و بزانـن تەقـە و هاوەنـەکان بـە چـی کەوتـووە و قوربانییەکـە چەنـد و کـێ بـوون، کـە دەچـن دەبینـن، ئاگـر و تەقـەکان بـە پیـرە کەرێـک کەوتـووە و کەرەکـەش فانووسـێکی بـە مـل کرابـوو و کەرەکـە گیانـی تێـدا نەمابـوو و خوێنـی زۆری لـێ

ڕژابــوو و برینــی گــەورەی تێکەوتبــوو و تۆپیبــوو.

ناوچەکـە چۆڵکرابـوو، خانـووی گونـدەکان، مزگەوتـەکان قوتابخانەکان سـەریان هەڵگیرابـوون، کاریتە و دەرگـە و پەنجەرەکانیان دەرهاتبوون، کــەلاوەکان نیشــانی ئاوەدانــی و گونــدی گــەورە گــەورە بــوون، بــەڵام وەک مەرجــی گونـدە سەرسـنوورییەکان چۆڵکرابـوون. ئـەوەی مایـەی سـەرەنج بـوو سـەگەکان مابوونـەوە، لەبـەر ئـەوەی ڕەبیـە و سـەربازەکان سـەگەکانیان نــان دەدا، لــەو بەڕەڵاییــە ڕاياندەگــرن و شـەوانەش پاسـەوانیان دەکـردن و هۆگـری ئەوانـە بـوون، کـە وەک داگیرکــەری گوندەکانیــان هاتبــوون، بــەڵام تێریــان دەکــردن. ئــەو دیمـەن و سـەگانە بـۆم ببـوون بـە ئەزموونێـک لـە چەنـدان کتێـب و دیـدارا فێـری نەدەبـووم!

# ٣٤
# بە سەربازی دەگەڕێمەوە هەولێر

پێنـج شـەش مانـگ لـە دەڤـەری باتۆڤـە وەک دکتـۆری قیـادەی حـدود مامـەوە، کـە دەزانـم ناوچەکـە ترسـناکتر دەبێـت و گونـدەکان بەیەکجـاری نامینێـت و ئاوەدانییـەکان کـەم دەکات و کـەم و زۆریـش رووداو روودەدەن، کۆشـش دەکـەم وەک سـەربازی دکتـۆر خـۆم بگوازمـەوە هەولێـر، پـاش هاتوچـۆ و ناسـین و داواکردنـم دەگوازرێمـەوە نـاو هەولێـر. ئەودەمانـە قیـادەی قـوات الحـدود منطقـە اربیـل لـە هەولێـر لـە گۆڕەپانێکـی نزیـک منـارەی چۆڵـی بـوو. لـەوێ چەنـد خیوەتێکیـان بـۆ مانـەوە و یەکـە سـەربازییەکانیان هەڵدابـوو.

لـەوێ منیـش وەک دکتـۆری هێـز و بارەگەکـە خیوەتێکـم هەبـوو. پۆلیسـە نەخۆشـەکانمان چارەسـەر دەکـرد و مـاوە مـاوەش لـە نەخۆشـخانەی سـەربازی لەنـاو سـەربازگە ئیشـم دەکـرد و بەشـداری نەشـتەرگەرییەکانم دەکـرد. ئـەوەی لـە بیرمـە ئەفسـەرێکی هەولێرییـمان لەگـەڵ بـوو مـولازم فـارس دزەیی، مـولازم دوریدیشـمان

هەبـوو، بـەڵام زۆر لە هەولێر و نـاو ماڵەوە نامینێمـەوە دەگوازرێمەوە ڕەوانــدوز. لەوێــش لەنــاو ســەربازگەیەکی لاچــەپ و خیوەتگەیــەک بوویـن، جاروبـار دەچووینـە هوتێلـە گەشـتیارییەکەی ڕەوانـدوز، تـازە نۆژەنکرابـووە. هوتێلەکـە لەسـەر گردەکـە وەک شـاژنێکی جـوان دیـار بـوو، لـەوێ بـوار هەبوایـە کاتێکـی خۆشـمان بەڕێدەکـرد، بـەڵام ژیانی خیوەتگـە و بارودۆخەکـە خـۆش نەبـوو، پەرۆشـی ئـەوە دەبوویـن زوو مۆڵەتـی مانگانەمـان بێـت و بگەڕێینـەوە هەولێـر و نـاو ماڵەوەمـان.

لــە یەکێــک لــە گەڕانەوەکانــم، لــە مۆڵەتــی مانگانەکــەم کۆســتەرەکەمان لــە لۆفەکانــی گونــدی کاولــۆکان وەردەگەڕێــت، منیـش بـە لەخۆچوونـەوە دەگەینـە نەخۆشـخانەی سـەربازی هەولێـر، دەرکــەوت کڵاوەی قاچــم شــکاوە و بــۆم لــە کێــچ دەگــرن، مــاوەی یـەک مانـگ بـەو ئـازارەوە دەناڵێنـم و کـە چاکیـش دەبمـەوە یەکسـەر دەگەڕێمــەوە یەکــە ســەربازییەکەمان.

لـە مانگـی شـوباتی سـاڵی ١٩٧٦ تـا نیسـانی سـاڵی ١٩٧٧ سـەربازی دەکــەم و تسریــح دەبــم، ئیــتر مــن دکتــۆرم و چــاوەڕوان دەکــەم نــاوم لــە گوندێــک یــان شــارۆچکەیەک وەک دکتــۆر دەربچێــت و دەسـتبەکار بـم! چونکـە مەرجـی یەکەمـی دامەزراندنـی ئەودەمانـەی دکتــۆر، دەبوایــە ســەرەتا و ماوەیەکــی دیاریکــراو لــە گونــد و شـارۆچکە دوورەکان بمینێتـەوە، ئینجـا دەگوازرایـەوە شـارە گـەورەکان و نەخۆشــخانە گشــتییەکان.

# ٣٥
# ناحیەی جبایش

مـن وەک دکتـۆر خوێندنـم تـەواو کردبـوو، مـاوەی موقیمـم لـە نەخۆشـخانەی هەولێـر و دوایـی خزمەتـی ئیجبـاری سـەربازیی وەک سـەربازێکی بـێ روتبـە و نەجمـە لەنـاو یەکەکانـی سـنوور و لەنـاو پۆلیسـەکانی سـەر سـنوورەکان تـەواو کردبـوو، ئیـتر کاتـی ئـەوە هاتبـوو بـە رەسـمی وەک دکتـۆر لـە نەخۆشـخانەیەکی حکومـەت دامەزرێـم. دامەزراندنیـش لەودەمانـە وا بـوو، دەبوایـە لـە نەخۆشـخانەیەکی دوورە شـار بیـت، ئینجـا پـاش تەواوکردنـی مـاوەی سـاڵێک بـۆت هەبـوو بگەڕێتـەوە نەخۆشـخانە گەورەکانـی ناوشـار! بـۆ هەمـوو کەسێک وا بـوو، کـەس لـەو رێکارییـە دەربـازی نەدەبـوو. بـۆ دامەزراندنـی سـەنتەراڵ و مەرکـەزی دەبوایـە لـە بەغـدا نـاوەکان دەربچێـت، ئیـتر منیـش داوام پێشکەشـی لێژنـەی دامەزراندنـی دکتـۆرەکان کردبـوو، بـەڵام لەکـوێ نـاوم دەردەچێـت، دەکەومـە کام نەخۆشـخانە، کام گونـد و شـارۆچکە، لەسـەر رووبـاری دیجلـە یـان فـورات، لـە بنـاری سـەفین یـان دەشـتی گەرمیـان، نەمدەزانـی

دەکەومە دەڤەرێـک کوێسـتان بێـت، یـان ناو شـارۆچکەیەکی نـاو دار خورماکانـی ئەبـو خەسیب و زوبێـر بێـت، یـان نـاو دار پرتەقاڵەکانـی دیـالا و شـارەبان، نەدەمزانـی دەکەومـە رەوانـدوز یـان قەزایەکـی نـاو بـرا ئێزدییـەکان. دەرچوونـی نـاوەکان بـە تیروپشـک بـوو، ناوەکـەی منیــش لەگــەڵ چەنــدان دکتــۆری نــوێ دەکەوێتــە تیروپشــکە و چـاوەڕوان دەکـەم بزانـم بەختـی بـەرەو کوێـم دەبـات. ئـەوەی بیـرم لێـی نەدەکـردەوە، ناوچەیـەک بـوو زۆر دوور و ناویشـم نەبیسـتبوو، نـاوم لـەوێ دەردەچێـت، ناحیـەی جبایـش لـە لیـوای ناسریـە، نـاو هۆرەکانــی ســەر ســنووری ئێــران و قامیشــەڵانەکان و مەشــحوف و دشداشـە و دیوەخانەکانـی بۆنـی قـاوە مێشـک ئـارام دەکاتـەوە. نـاوم وەک دکتـۆر لـە ئەهوارەکانـی ماسـی و بوزییـە و قامیـش دەردەچێـت. ئیــتر مــن نــاوم دەرچــووە و چــارەم نییــە دەبێــت بچــم فەرمانەکــە وەربگـرم، لـە لیسـتەکە نـاوم بەرانبـەر ناحیـەی جبایـش دەرچـوو بوو، ناچـارم و دەبـێ بچـم، بـەڵام پێـش ئـەوەی بچـم لـەوێ دەسـتبەکار بـم، دەچمــە لای بەڕێوەبــەرە گشــتییەکەی وەزارەتــی تەندروســتی بەغـدا، ئـەو کـورد بـوو، پێـی دەڵێـم:

چارەیـەک نییـە، چ بکـەم! نازانـم ئـەو جبایشـە لـە کوێیـە!؟ چـۆن بچـم و چـۆن لـەوێ بژیـم!؟

ئەو لە وەڵامدا پێم دەڵێت:

مـن هیچـم پـێ ناکرێـت ئەگەرنـا بـە چـاوان بـۆت دەکـەم، بـەڵام دەتوانیــت یەکێــک بدۆزیتــەوە شــوێنەکانتان بگۆڕنــەوە.

نائومێـد و لەبـەر خۆمـەوە نـاوی جبایـش دەڵێمـەوە و لـە ژوورەکـە دەچمــە دەرەوە، دەچمــە هۆبــەی دامەزرانــدن و بەڕێوەبردنەکــە،

لەوێ دەپرسم و چاوەڕوان دەکەم، بەڕێکەوت دکتۆرێکی عەرەبم دۆزییەوە، ئەو ناوی لە قەرەداغ دەرچوو بوو، ئەویش سەرگەردان بوو، نەیدەزانی قەرەداغ لە کوێیە و چۆن بچێت و لەوێ بژیت! بۆیە یەکتری دەدۆزینەوە و بەئاسانی گۆڕینەوەکە دەکەین، یەکسەر نووسراوم بۆ دەکەن بۆ ئەمانەتی گشتی تەندروستی حوکمی زاتی و دەێمەوە هەولێر، لەوێش لەگەڵ دکتۆرێک ناحیەی قەرەداغ بە ناحیەی گەڵاڵە دەگۆڕمەوە!

***

ماوەی دکتۆری لە شوێنە دوورەکان تەواو دەکەم و لە ساڵی ١٩٧٨ دەگەڕێمەوە هەولێر، دەبم بە دکتۆری فریاکەوتن و دوایی لەگەڵ دکتۆر وەلید خالید بەشی نەشتەرگەریی دڵ دەکەینەوە. لە ساڵی ١٩٨٢ خزمەتەکەم دەگوازمەوە کۆلیژی پزیشکی زانکۆی سەلاحەدین، تازەش زانکۆکەی سلێمانی هاتبووە هەولێر و ناوی ببوو بە زانکۆی سەلاحەدین، لەودەمانە دکتۆر عەبدوڵمەجید عەبدولقادر دکتۆری چاو راگری کۆلێژەکە بوو، سەرۆکی زانکۆش دکتۆر خەسرۆ شالی بوو، بەڵام زۆرتر دەوام و ئیشکردنمان لەناو نەخۆشخانەی کۆماری بوو. لەناو کۆلێژیش دەرسمان دەبوو، لەناو نەخۆشەکان مەشقمان بە قوتابییەکانی کۆلێژەکە دەکرد.
لەناو نەخۆشخانەکە کارمان زۆر بوو، جۆرەها نەخۆش و بارودۆخمان دەهاتە پێش، بیرەوەریی زۆرمان هەیە، لەودەمانە چارەسەری کەسانی گیراومان دەکرد، پۆلیسێک دەهات و ئێمە دەبردە دەرەوەی نەخۆشخانەکە تەنیشت ژوورەکەی خۆیان،

دەرگەیەکی ئاسنیان بە کلیل و شیشیان لەسەر گیراوی بریندار و نەخۆش دەکردوە، بریندارمان دەبینی، هێنابوویان چارەسەری بۆ بکەین، نەماندەپرسی تۆ چی و بۆ لێرەیت، بەڵام ئەوەمان لە ئاکاریان دەخوێندەوە بارودۆخیان تەواو نییە، کەسێکی ئاسایی نییە، ئەوەندەی ئێمە تیماریان دەکردن، پۆلیسەکان، یان پیاوانی ئەمن لەسەرمان دەمانەوە، وەک پاسەوان بەدیارمانەوە دەوەستان، دوایی دەمانزانی بریندارەکە، یان نەخۆشەکە پێشمەرگە بووە لە شەڕێک یان لە کەمینێک گیراوە، یان زیندانێکی سیاسییە و لێکۆڵینەوەکانی تەواو نەبووە، یان زیندانێکی ئاساییە و نەخۆشە! لەو ساڵانە دکتۆرێکی برادەرمان، پسپۆری ئێسقان و شکان بوو، گوتی لە رۆژەکانی پاش راپەڕین لەودەمانەش دوو سێ دکتۆر بوون بە قوربانیی بارودۆخە بەڕەڵاییەکە، کوشتن و دزین و بڕینی دەرمانخانەکان زۆر بوون، دکتۆر «مەحمەد باجلان» و دکتۆر «نازدار بامەڕنی» لەناو هەولێر و دکتۆر «نافیع ئاکرەیی» لە دەرەوەی شار شەهید کرابوون، بۆیە لەودەمانە بوو چەند کەس بەچەکەوە لێم هاتنە ژوورەوە، لە کلینکەکەم قەڕەباڵغییەک پەیدا دەکەن، ئەگەرچی روویان جوان و شیرین بوو، بەڵام هەر ترسام، هاتن و دانیشتن و یەکێکیان دیار بوو بەرپرسەکەیان بوو، گوتی: دکتۆر هاتووم سوپاست بکەم، لەودەمانەی تۆ چاکەت لەگەڵ من کرد، نەمتوانی و بوار نەبوو و کەلکی ئەوەشی نەبوو سوپاست بکەم، بەڵام ئێستا پاش ئەوەندە ساڵە هاتووم پێت بڵێم؛ سوپاس منت لەناو نەخۆشخانە تیمار کرد و برین و شکانەکانت بۆ چاک کردمەوە، من وەک کەسێکی چەکداری حکومەت و بڵێن وەک


جـاش هاتبـووم، گوایـە بـە تەقـەی دۆسـتانە و گەمەکـردن بـە چـەک برینــدارم، بــەڵام راســتییەکەی پێشــمەرگە بــووم و برینــدار بــووم و منیـان هێنابـووە نەخۆشـخانە، تـۆش نازانـم گومانـت کردبـوو یـان نـا، بــە ئەرکــە مرۆییەکانــت هەڵســایت و منــت تیــمار کــرد و دەربــازت کـردم! بۆیـە هاتـووم سوپاسـت بکـەم.

# ٣٦
# دەچمە تایوان

یەکەمین جار و لە ساڵی ١٩٦٩ لە قۆناخی دووەمی زانکۆ بووم، ئێمە ژمارەیەک برادەر بۆ سەیران دەچینە قاهیرە، لەو سەفەرە سواری فڕۆکە بووم و تەواو، ئیتر تا ساڵی ١٩٨٨ بوارم نەبوو، نەمتوانی سەفەر بکەمەوە، من دکتۆرم و بۆ دکتۆریش سەفەر و ڤیزا و سواربوونی فڕۆکەش قەدەغە بوو، پاش ئەوەندە ساڵە بۆ جاری دووەم لە ساڵی ١٩٨٨ بۆ بەشداربوونم وەک دکتۆر و نوێنەری عێراق دەچمە «تاییبە» پایتەختی تایوان. لەوێ بەشداری کۆنفرانسێکی زانستی پزیشکی دەکەم، کۆنفرانسەکە لەلایەن یەکێتیی ئاسیایی نەشتەرگەرییەکانی دڵ ساز کرابوو، من تاکە نوێنەری عێراق بووم، دکتۆر لە وڵاتانی کۆریا و ژاپۆن و وڵاتانی تری ئاسیا هاتبوون. بابەتەکەی من لەو کۆنفرانسە پێشکەشم کردبوو، بە ناوی «دەرهێنانی شتی نامۆ لەناو دەمارەکانی هەناسەدان بە نازوور و بێ نەشتەرگەری»بوو، بۆ ئەو بابەتە ٣٦٠ نمونەی بەرجەستەی رۆژانەمان ئامادە کردبوو، بابەتەکەم بوو بە

توێژینەوەیەکـی سـەرەنجراکێش.
لـە ڕۆژانـی ئیشـکردنمان لـە نەخۆشـخانەکان، هەرچـی بابەتـی قووتـدان و ئاودیوبوونـی شـتی نامـۆ و پیـس لـە قووڕگـەوە دەچـووە نـاو سـییەکان، دەمارەکانـی هەناسـەدان ئەوانەمـان دەرهێنابـوو، بەبێ ئـەوەی نەشـتەرگەرییان بـۆ بکەیـن. ئەوانـەم کردبـووە نمونـە و باسـم کـردن، شـتەکان زۆربەیـان ناوکـە شـفتی و فسـتق و چەرەزاتـی تـر بـوون، هەروەهـا حالەتـی فلـوس و پـارەی تـر و وردە بزمـار و بورغـی و پیسـایی تریشـمان دۆزیبـووە و ئامـاژەم پێیـان کردبـوو! هەمـوو ئەوانەمـان چارەسـەر کـردووە و نەشـتەرگەریی کەسـمان نەکـردووە، هیـچ لـەو نەخۆشـانەش نەمـردوون، ئەوانـەم کردبـوون بـە بابەتەکـە و بـە نمونـە قسـەمان لەسـەر دەکـردن.
هـەر لەسـەر دەرهێنانـی شـتی سـەیر و نامـۆ لەنـاو قووڕگـی نەخـۆش، بـا بابەتێکـی سـەیر بگێڕمـەوە؛ جارێکیـان منداڵێکـی سـاوایان هێنـا، تەمەنـی دوو ڕۆژ بـوو، تـازە لەدایـک ببـوو، کۆرپـە بـوو، هەناسـەی سـوار و تەنـگاو بـوو، دەمزانـی شـتێک کەوتووتـە نـاو قووڕگـی و گەیشـتووتە سـەر دەمارەکانـی هەناسـەدانی، بـە چەنگاڵێکـی تایبەتـی خۆمـان دەتوانـم پارچەیـەک قومـاش لەنـاو قووڕگـی کۆرپەکـە دەربهێنـم، منداڵەکـە لـە خنکانـدن دەربـاز بکـەم، بەبـێ ئـەوەی ئـازاری بـدەم، مـن و دایـک و باوکـی منداڵەکـە بـاش و جـوان پارچـە قوماشـەکە دەبینیـن، پێیـان نیشـان دەدەم، پێیـان دەڵێـم ئەگـەر لـە پۆلیـس شـکایەت دەکـەن، ئەگـەر گومانتـان لـە یەکێـک هەیـە دەتوانـن سـەردانی پۆلیـس بکـەن، چونکـە حاڵەتەکـە دیـارە بـە ئەنقەسـت کرابـوو، بـەڵام ئـەوان سـەیری یەکتریـان کـرد و هیـچ

قسـەیەکیان نەکـرد و بێدەنـگ و بـە سوپاسـەوە ڕۆیشـتن!
بـەڵام ئـەوەی ئاشـکرا بـوو، یـان زانیـمان کابـرا ژنێکـی تـری هەبـوو، ئـەو منداڵـی نەبـوو، کـە ژنـی دووەم و هەوێیەکـەی ئـەو منداڵـەی دەبێـت، دیـارە ویسـتوویەتی بیخنکێنێـت، حەسـوودی دڵـی کـردووە بـە بەردێکـی ڕق، بـەڵام منداڵەکـە لـە مـردن دەربـازی بـوو!
کۆنفرانسـەکە سـێ ڕۆژ بـوو، ژمارەیـەک دکتـۆر ڕاپـۆرت و بابەتـی خۆیـان لـەو بـوارە پێشـکەش کـرد، کۆنفرانسـەکە بەسـەرکەوتوویی تـەواو دەبێـت، منیـش وەک دکتـۆری نەشـتەرگەریی سـوود لـە بابـەت و دیـدارەکان دەبینـم!


POSTGRADUATE STUDIES
University of Baghdad
COLLEGE OF MEDICINE
BAGHDAD, IRAQ

Ref. No. 179
Date : 20-2-1990

الرقم
التاريخ

Ministry of Higher Education and Scientific Research.
Directorate of Missions and Cultural Relations.
Baghdad- Iraq

This is to certify that Dr. Nawzad Yahya Saeed, whose photo is affixed above, has completed all the requirements of the Dioloma degree for the year(1986-1987) and was awarded the Diploma in CARDIOTHORACIC and VASCULAR SURGERY on ( 1-10-1987) with average (GOOD).
(period of study is two years).

THE DEAN
Dr. FAKHRI AL-HADITHI

Dr. Rajaa A.AL-Adhami,
Ass.Dean

ماستەری دکتۆر نەوزاد لە پزیشکی بە زمانی ئینگلیزی.

# ٣٧
# دەچمە لەندەن

ئـەو دەرچوونـەش بـە درەفـەت دەزانـم سـەردانی لەنـدەن بکـەم، ئـەو شـارە ببینـم و خەسـووم و دوو کـوڕی لـەوێ بـوون و هەواریـان هەبـوو، پـەرۆش بـووم بزانـم لەنـدەن چۆنـە، دکتـۆرم و زمانـی ئینگلیـزی بـە باشـی قسـەی پێدەکـەم و دەنووسـم و ئیشـی پێدەکـەم و پـارەم هەیـە و ماڵـی خەسـووم لەوێیـە؛ ئینجـا نەمتوانیبوو سـەردانی ئـەو شـارە مەزنـەی ئەوروپـا و دونیـا بکـەم، ئیـتر ئـەو سەرکێشـییە دەکـەم و ئـەو بـوارە بـە درەفـەت دەزانـم و سـواری فڕۆکەیـەک دەبـم و بـەرەو لەنـدەن دەفـڕم! فڕۆکەکـە لـە ئالاسـکا دادەبەزێـت، ماوەیـەک لەنـاو بەسـتەڵەک و بەفـر دەمینێنـەوە، ئـەو دیمەنـە بـۆ مـن زۆر نـوێ و سـەیر بـوو! دەگەمـە لەنـدەن و لەبـەر خۆمـەوە دەڵێـم هاتـووم بـا ماوەیـەک لێـرە بـم! ئـەوە لەندەنـە و دەمـەوێ سـەردانی زۆر شـوێن بکـەم.

بـە شـارەکە سەرسـام دەبـم، بـەڵام بەراسـتییەکەی زۆر پـەرۆش نەبووم بمێنمـەوە، یـان نەدەبـوو لـەوێ بمینێمـەوە، بـۆ مـن ئاسـان نەبـوو،

ژن و منداڵـم لەنـاو بەغـدا بـوون، براکانـم لـەوێ بـوون، سـەرمایە و کاسـبییەکانیان لـەوێ بـوون، نەدەکـرا ئـەو مەجازەفەیـە بکـەم و لەندەنیشـم پـێ خـۆش نەبـوو، هەمـوو مـاڵ و شـوێنەکان کـۆن بـوون، بۆنـی دار و تەختـە و کەرپووچـی کۆنیـان لـێ دەهـات! بـەڵام بـە مـۆزە و پـارک و فـرە رەنـگ و بوونـی نەتـەوەی زۆر و فـرە زمـان و فـرە کولتـووره سەرسـام بـووم!

لەنـدەن ئـەو شـارە نەبـوو ئـەوەی لـە خەیاڵـم دروسـتم کردبـوو، ئـەوەی بیـرم لێـی دەکـردوە، بۆیـە پـاش ئـەوەی ماوەیـەک دوادەکەوم و غائیبیـش دەبـم دەگەڕێمـەوە، بـرادەران دواکەوتنەکانـم بـۆ دەکـەن بـە مۆڵەتـی ئاسـایی و ئیـتر وا هاتوومەتـەوە و هیـچ نیـازی خراپـم نەبـووە! هیـچ کێشـەیەکم بـۆ دروسـت نەبـوو، بـەڵام ژیـان و مانـەوە و ئیشـکردن لەنـدەن لـە خەیاڵـم دەردەچێـت.

***

تـا بڵاوبوونـەوەی کرونـا و کەمبوونـی سـەفەر نازانـم چەنـد جـار چوومەتـە لەنـدەن، بـەڵام وا دەزانـم لەنـدەن و مانـەوە لـەو شـارە یـەک هەفتـە بەسـە. شـەیدای مۆزەکانـی نـاو لەندەنـم، هەمـوو دونیـا لـەو شـارە کۆکراوەتـەوە، هـەر چـی شـتی نایـاب و گرانبەهایـە لـەو شـارە کۆکراوەتـەوە، کەرەسـتە و پەیکـەر و شـتی گـەورەی جیهانیـان هێنـاوە! سـەردانی زۆر لـە زانکـۆکان دەکـەم، دەچمـە کتێبخانـەکان، لـەوێ هەسـت بـەوە دەکـەم خەڵـک هەیـە چەنـد وڵاتـی خـۆی خۆشـدەوێت، چەنـد کار دەکـەن و سـەردەکەون! زۆربـەی زاناکانـی دونیـا لـەو شـارە و لـەو وڵاتـەوە سـەرچاوەی گرتـووە، شـارەکە بـووە

بـە مەڵبەنـدی جیهـان و زانسـت.

پاریسـم پـێ جوانـە، سـەردانی پاریـس خۆشـە، بـەڵام هەنـدێ لـە گەڕەکەکانـی بـە تـرس و بـە سـامن، سـەیرە دەمویسـت شـوێنەواری زیندانـی باسـتیل بدۆزمـەوە، زۆرم پرسـی نەبـوو! بـەڵام پاریـس دڵرفێنـە! مۆزەکانـی جوانـن، ژیـان لـەو شـارە جـوان و دڵڕفێنـە.

# ٣٨
# کلینکەکانم

وەک خوێنــدکار بــە مۆڵەتــی خوێنــدن چــوار ســاڵ لــە بەغــدا لــە مدینــە الطــب لــە نهۆمــی نــۆی نەشــتەرگەریی دڵ و ســینگ دەخوێنــم و کاری پراکتیکــی دەکــەم. لــە ســاڵی ١٩٨٧ پســپۆری لــە نەشــتەرگەری ســینگ و دڵ و دەمارەکانــی خوێــن وەردەگــرم، هــەر لــەو ســاڵە دەگەڕێمــەوە هەولێــر و لــە کۆلێــژی پزیشــکی زانکــۆی ســەلاحەدین دەوام دەکەمــەوە.

لەگــەڵ ئــەوەی مامۆســتای زانکــۆ بــووم و لــە نەخۆشــخانەکانی هەولێریــش ئیشــم دەکــرد، ئێوارانیــش کلینکــی تایبەتــی خــۆم هەبووە، یەکەمجــار پــاش ئــەوەی لــە خزمەتــی ســەربازی دەگەڕێمــەوە لــە کانوونــی دووەمــی ســاڵی ١٩٧٦لەنــاو کۆنــە خانووەکــەی خۆمــان و پێــش ئــەوەی بیکەنــە باڵەخانەیەکــی شــەش حــەوت نهــۆم، لــەوێ کلینکەکــەم دەکەمــەوە، مــاوەی حــەوت هەشــت مانــگ لــەوێ دەبــم. برینپێچێــک بــە نــاوی ســەکران بەردەســتی دەکــردم و لــە ئیشــوکارەکانی زیــرەک و لێهاتــووش بــوو.

یەکەم پشکنینم بۆ نەخۆشەکان لەو کلینکە بە نیو دینار بوو، دکتۆری پسپۆریش یەک دیناری وەردەگرت، من لە هەموو نەخۆشێک پارەم وەرنەدەگرت و دەتوانم بڵێم بە رێژەی ٢٠٪ نەخۆشەکانم بەخۆڕایی بەڕێدەکرد، بڕوا ناکەم پارەم لە مامۆستا و منداڵەکانیان وەرگرتبێت، پارەمان لە دکتۆر و کەسوکاری هاوپیشەکانمان وەرنەدەگرت. ئەوانەی دۆست و مەلا و کەسایەتییەکانی ناوشار ڕەوانەی کلینکەکەی منیان دەکردن، لەبەر خاتری ئەوان و ناسیاریی ئەوان پارەم لەو نەخۆشانە وەرنەدەگرت، بۆ هەندێ لە نەخۆشەکانیش دەرمانم دەکڕی، بەتایبەتی ئەوانەی نەخۆشی درێژخایەنیان هەبوو.

کلینکی دووەمم لەگەڵ دکتۆر موحمەد عەقراوی بوو، بەیەکەوە لەناو دوو شوقەدا بووین لەناو بازاڕ و سەرووی کەبابخانەی بورهانی ئێستا، باڵەخانەکە موڵکی عەبدوڵا شێخۆ بوو، مانگانە بیست دینارمان دەدا.

کینلکی سێیەم پاش ئەوە بوو کە لە بەغدا دەگەڕێمەوە و پسپۆڕی وەردەگرم، لەناو باڵەخانەکەی خۆمان لە تەنیشت بازاڕی سیروان، من لە نهۆمی یەکەم بووم.

کلینکی چوارەمم لە بەغدا بوو، لە ساڵانی ١٩٨٨ تا ١٩٩٦ لە بەغدا لە نەخۆشخانەکانی مەدینە طب و نەخۆشخانەی یەرموک دەوامم دەکرد، لە شەقامی موشەجەر گۆڕەپانی نەسر بەکرێی مانگانەی ٢٠٠ دینار شوقەیەک بەکرێ دەگرم. لەو ساڵانەش پارەی پشکنین پێنج دینارمان وەردەگرت، ماوە ماوەش لە نەخۆشخانە ئەهلییەکانی وەک نەخۆشخانەی رافیدین و نەخۆشخانەی

ئەلسـامرائی ئیشـم دەکـرد، بـۆ هـەر نەشـتەرگەرییەک تـا سـەد دینارمـان وەردەگـرت، لـە نەشـتەرگەری گـەورەش ١٥٠ دینارمـان هەبـوو. لەودەمانـەش بەغـدا دەتوانـم بڵێـم هەمـوو عێـراق بـوو، بـەڵام بـەر لـەوەی بەیەکجـاری بگەڕێمـەوە هەولێـر و دەسـتبەرداری هەمـوو کار و کاسـبییەکان ببیـن، بەغـدا ناخـۆش ببـوو، گەڕانەوەمـان بـۆ سـەردان و جەژنـان و بۆنـە تایبەتییـەکان ڕەزاڵـەت بـوو، بـە لـۆری دەهاتینـەوە، لـە بازگـەکان ریسـوایی زۆرمـان دەبینـی، بـۆ نمونـە پێـڵاوی نوێیـان لـە پێـمان دەکـردەوە و قبووڵیـان نەبـوو شـتی بـاش بهێنینـەوە نـاو کوردسـتان.

# ٣٨
# لەنێوان بەغدا و بەرەکانی شەڕ و هەولێر

لــەو ســاڵانەی لەنــاو بەغــدا بــووم، مــاوە مــاوە وەک مەفــرەزەی پزیشـکی دەسـتەیەک دکتۆریـان دەبـردە بەرەکانـی شـەڕ، کـە هێـرش و پەلامـاردان و بۆردومانەکـە دژوار دەبـوون و برینـدار زۆر دەبـوون و زیانـی گـەورە بـەر سـەرباز و بـەرەکان دەکـەوت، تیـم تیـم ئێمەیـان دەبـرد، دەچووینـە نەخۆشـخانە نزیکەکانـی بەرەکانـی شـەڕەکە، لەنـاو سـەربازگە گـەورەکان، لـە لیـوا و فەوجـەکان و دەچووینـە نـاو یەکـە سـەربازییەکان.

لەنێـوان سـاڵانی ١٩٨٥ و سـاڵی دواتـر شـەڕەکان گەرمـتر ببـوون، ئێمـە زۆرتـر دەچوویـن، دەتوانـم بڵێـم دە جـار زۆرتـر چوومەتـە بەرەکانـی شـەڕ، لـەوێ کارەسـات و کوشـتن و برینـداری زۆرمـان دەبینـی، ئەوەندە ڕۆژانـەی لـەوێ دەماینەوە بـەردەوام ئیشـمان دەبوو، ئەگەرچـی ژیانمان لـە مەترسـی دا بـوو، بـەر بۆردومانیـش دەکەوتیـن، قوربانـی زۆرمـان دەبینــی، ئەوەنــدە ئیشــمان دەکـرد ڕۆژ هەبـوو خـەو و خواردنمـان نەدەبـوو، بوارمـان نەبـوو پشـووێک بدەیـن، زۆرجـار لەسـەر کورسـی

و تەختەیـەک رادەکشـاین، لەگـەڵ زرمـەی تـۆپ و هاتنـی فڕۆکـەکان رادەچڵەکیـن. ئێمـە وەک دکتـۆر و کارمەندانـی تـری پزیشـکی قوربانـی زۆرمـان لەنـاو تیمەکان داوە، بەوە رانەدەگەیشـتین برینـدارەکان ببینین، بـەردەوام چـوار پێنـج بریندارمـان لەپێـش بـووە، نۆرەیان دەگـرت، تەواو نەدەبـوون، بەتایبەتـی لـە بەرەکانـی فـاو و بـەسرا و موحەمـەرە. کـە نەخـۆش و بریندارەکانـی سـوپای عێراقـی تـەواو دەبـوون، برینـدارە ئێرانییـەکان، دیلەکانـی بـە کەمـی و بـە سـەلامەتی دەگەیشـتن نـۆرەی ئەوانیـش دەهـات، ئەفسـەرە گـەورەکان دەیانگـوت:

«دکتور باقی اسری ایرانین نجیبهم»

ئێمــەش وەک دکتــۆر جیاوازییــمان نەدەکــرد و ئەوانیشــمان بــاش و دروسـت چارەسـەر دەکـرد، چونکـە پیشـەکەمان مرۆییـە و هەمووم‌ـان بـە یـەک چـاو سـەیر دەکـرد، بـەڵام ئـەوان زۆرتـر لـە چاوەڕوانـی و کاتــی هێنانیــان دەمــردن و نەدەگەیشــتە بەردەســتی ئێمــە. لــەو شــەڕانەش ســەربازی عێراقــی زۆر دەمــردن و زۆریشــمان چارەســەر دەکـرد، شـەڕەکان دژوار و خوێناویـی بـوون، بۆردومـان و تۆپبارانـەکان زۆر چـڕ و خەسـت بـوون، هێرشـی هـەردوولا بەتایبەتـی ئێرانییـەکان بۆ هاتنەپێـش زۆر بـوو، لـە بەرەیـەک شـەڕەکە دەوەسـتا، لـە یەکێکـی تـر گـەرم و دژوارتـر دەقەومـا.

***

ئیــتر بوومەتــە دکتــۆر و ژیانــی دکتۆریــی و نەخۆشــخانەکان دەســت پێـدەکات، لەگـەڵ کەسـایەتی گـەورە و بەرچـاو و بەرێـز ئیـش دەکـەم، دکتۆرەکانـی کـە ئەزموونیـان زۆر بـوو، چ ئەوانـەی هاوشـارییمان بـوون،

چ ئەوانــەی لــە شــارەکانی تریــش هاتبــوون، یــەک تیــم و هاوبــەش ئیشــمان دەکــرد. دکتۆریــی پیشــەیەکی مرۆییــە، بــۆ تەندروســتییە، بــۆ خزمەتکردنــی تەندروســتی خەڵکــە و راســتە ســوودمەندیش دەبوویــن، بــەڵام مەبەســتی ســەرەکی پیشــەکە خزمەتکردنی خەڵک و تەندروســتی گشــتی بــوو، مــن مامۆســتای زانکــۆش بــووم، لــە کۆلێــژی پزیشــکی ســەلاحەدین دەوامــم دەکــرد.  دکتۆریــی خوێنــدن و ماندووبــوون و شــەونخونی شــەش ســاڵی زانکۆیــە، پراکتیکــی زۆری نەخۆشــخانەکانە، خوێندنەکــە تــەواو دەکەیــت، ئیــتر دەچیتــە قۆناخــی ئیقامــە لــە نەخۆشــخانەیەک و ســەربازی دەکەیــت و دەچیتــە قــەزا و ناحیــە دوورەکان. مـن بـاش دەزانـم خەڵـک بە چـاوی ڕێزەوە سـەیرمان دەکەن و دەزانــن دکتــۆر ئــەو کەســانەن، بــە دڵۆڤانــی کار دەکــەن و جیاوازیــی ناکــەن. زووتــر وەک دکتــۆری گشــتی دەوام دەکــەم.  لــە ســاڵی ١٩٨٢ دەبـم بـە دکتـۆری فریاکەوتنـی بەشـی نەشـتەرگەری هەولێـر، ئەوانـەی ســینگیان دەکــردەوە، دوایــی دەچمــە بەشــی دڵ و لــە ســاڵی ١٩٨٣ دەچمـە بەغـدا. لـەوێ چـوار سـاڵ لـە نەخۆشـخانە گەورەکـەی بەغـدا «مدینـە الطـب» دەوام دەکـەم، لـە باڵەخانـە گەورەکـەی سـەر رووباری دیجلـە، تێـدا لـەو باڵەخانـە بـەرزە هەزارەهـا نەخۆشـی هەمـوو عێـراق چارەسـەر دەکرێـت. مـن لـە نهۆمـی نۆیـەم ئیـش دەکـەم، ئیـتر دووبارە لـە پسـپۆری دڵ دەسـت دەکەمـەوە بـە خوێنـدن و مەشـق و پراکتیـک. خۆشــترین رۆژانــەی پیشــەییم وەک دکتــۆر و رۆژانــەی نــاو نەخۆشـخانەکان، ئـەو سـاڵ و نیـوە بـوو، کـە لـە شـارۆچکە جوانەکـەی گەڵاڵـە بـووم. لـەوێ لەگـەڵ سرووشـتە جوانەکـە و شـاخ و بەفـر و دڵـی سـپی خەڵکەکـە شـادمان بـووم و لەبیـری ناکـەم.



جامعة بغداد

بناء على ما عرضه مجلس كلية الطب

واقره مجلس جامعة بغداد منح

الدكتور نوزاد يحيى سعيد

درجة الدبلوم العالي في جراحة القلب والصدر والأوعية الدموية

وبهذا اصبح له حق التمتع بكل ما تخوله هذه الدرجة

من حقوق وامتيازات

كتبت ببغداد في اليوم الثامن من شهر صفر من سنة اربعمائة وثمانية بعد الالف هجرية

الموافق لليوم الأول من شهر تشرين الأول من سنة سبع وثمانين وتسعمائة والف ميلادية


رئيس الجامعة — طه تايه النعيمي

المسجل العام — حمدي عبد العزيز القباني

العميد

بڕوانامەی ماستەری دکتۆر نەوزاد یەحیا لە زانکۆی بەغدا.

لـە ڕۆژانـی پزیشـکییم، لـە بەشـی منـداڵان کارم کـردووە، ماوەیـەک لـە بەشـی هەنـاو بـووم، بـەڵام زۆرتـر حـەزم لـە نەشـتەرگەریی بـوو، دەمویسـت شـتێک بکـەم یەکـەم کـەس بـم، یەکـەم کـەس بـم لـە کوردسـتان نەشـتەرگەریی سـینگ و دڵ و دەمـارەکان بکـەم. لـە ساڵی ١٩٨٧ ئـەوە دەکـەم، دکتـۆری عـەرەب لەنـاو هەولێـر هەبـوون، ئـەو نەشـتەرگەرییان کردبـوو، بـەڵام دکتـۆری خۆمـان ئەوەیـان نەدەکـرد. مـن یەکـەم کـوردم نەشـتەرگەری دڵ و سـینگ دەکـەم و پسـپۆرییەکەم لـە بەغـدا وەرگرتبـوو. بـەو بۆنەیـەوە دەڵێـم؛ هەمـوو کـەس دەتوانێـت شـتێک بـکات زووتـر کـەس نەیکردبێـت، ئیـتر لاسـاییت دەکەنـەوە و هاوشـێوەی تـۆ کارەکـە دەکـەن، تـۆش دەبێتـە کەسـێکی پێشـەنگ، بـەوەش بەختیـار دەبێـت، هەسـت بـە شـانازی دەکەیـت، مانـای ئـەوەش نییـە مـن، یـان تـۆ لـە هەمـووان باشـترین.


بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهورية العراقية

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة بغداد
عمادة كلية الطب
تسجيل الدراسات العليا

الرقم ........ ٢٥٢
التاريخ ........ ١٨ / ٢ / ١٩٨٩

الى / وزارة التعليم العالي والبحث العلمي / شعبة التعبئة

م / وثيقه

نؤيد لكم ان الدكتور نوزاد يحيى سعيد – الملصقة صورته اعلاه – قد اكمل متطلبات دراسة الدبلوم للعامين الدراسيين ٨٦/٨٥ و ٨٧/٨٦ واجتاز الامتحان بنجاح وحصل على دبلوم عالي في جراحة القلب والصدر والاوعيه الدمويه بتاريخ ٨٧/١٠/١ علما ان مدة

الدراسه في دبلوم جراحة القلب والصدر والاوعيه الدمويه هي سنتان تقويميتان وتعادل شهادة الماجستير من حيث الراتب والامتيازات لغرض شمول حامليها بالانتداب . استنادا الى قرار مجلس قيادة الثورة المرقم ٨٩٥ في ٢٢ /١٩٨٦/١١ .
وبناءا على طلبه زود بهذه الوثيقه .

الدكتور رجاء عبد الرحيم الاعظمي
معاون العميد
١٨ / ٢

صورة منه الى /–
الدراسات العليا .

نووسراوێکی ڕەسمی لەسەر بڕوانامەی ماستەری دکتۆر نەوزاد باجگر.

ئێستا دکتۆرمان زۆره و ژمارەیان رەنگە بگاتە هەشت نۆ هەزار کەسیش، بەڵام موزیسیانمان کەمە،ژمارەیان سنووردارە،ئەوەش لەبەر ئەوەیە پیشەی دکتۆری باشترە و ژیانی خۆشترە، بۆیە ئەوان ژمارەیان زۆرتر لە کەسانی موزیسیان. بەڵام مانای ئەوە نییە ئەوانەی لە بواری هونەری و موزیک کار دەکەن کارامە و بە توانا نین، ئەوانەش دەوری خۆیان زۆرە و سوودیش بە جڤاتەکە دەگەیەنن و جوان دەردەکەون.

***

لە پیشەکەم دڵم خۆش بوو، بە کارەکەم شادمان بووم و قوربانی زۆریشم لەو پیشەیە داوە، خۆشییەکەی ئەوە بوو چارەی خەڵکێکی زۆرم کردووە، ئەوانە تا لەژیاندا مابوون لەبیریان بووە. من بەو پیشەیە دڵ و ژیانی خەڵکم خۆشکردووە.

لە بەغدا نەشتەرگەریی زۆری دڵم کردووە، سەدان نەشتەرگەریی سینگم کردووە، هەموو نەخۆشەکان لە سەرانسەری عێراق بۆ نەشتەرگەریی دەهاتنە نەخۆشخانەکە، ئەودەمانە چوونە دەرەوە نەبوو، چارەسەری تەنیا لەناو نەخۆشخانەکانی وڵات بوو، بەدەگمەن نەخۆش بۆ چارەسەریی رووی لە هەندەران دەکرد. لە پشووی هاوینان کە دەهاتمەوە ماڵێ، ئەودەمانە لە هەولێر نەخۆشخانەی رزگاریی نەبوو، تەنیا نەخۆشخانەی کۆماری هەبوو «بەر لە دروستبوونی کۆماری عێراق، واتە بەر لە شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ هەبووە و ناوی نەخۆشخانەی مەلەکی بووە. نەخۆشخانەکەی گۆشەیەکی گرنگ و دیاری نەخشە و هاتوچۆ

و دیزاینــی شــارەکەی گرتبــوو، بــە بــەرد و بــە دیزاینێکــی مۆدێــرن دروســتکراوە. کــە شــوێنی نەخۆشــخانەکە لــە ناوەڕاســتی پەنجــاکان دانــراوە، حیســاب بــۆ شــەقامی بازنەیــی شێســتمەتری کــراوە، بۆیــەش ئــەو دەزگەیــە ســتراتیژییە گەورەیــە لــەو شــوێنە دانــراوە»، لەودەمانــە دکتــۆر عەبدولــڕەزاق و دکتــۆر عیســا درود بــۆ ڕۆحــی پاکیــان، ئەوانــە و دکتــۆر مەزهەریــش لــە نەخۆشــخانەی ســەربازی پلــەی عەقیــد بــوو ئەوانــە نەشــتەرگەرییان دەکــرد، دەچــووم و لەبــن دەســتیان و بــۆ فێربــوون و هاوکارییەکانیــش بەشــدار دەبــووم، کــە دەگەمــە پۆلــی چوارەمــی کۆلێــژ بەشــداری نەشــتەرگەرییەکان دەکەیــن، تەماشــام دەکــرد و بەشــدارییم نەدەکــرد، جاروباریــش یارمەتــی ئەوانــم دەدا. لــە ســاڵی ١٩٨٢ لەگــەڵ دکتــۆر وەلیــد خالیــد یەکــەم کــەس بوویــن بەشــی نەشــتەرگەریی ســینگ لــە نەخۆشــخانەی هەولێــر دەکەینــەوە، بەشــێکمان بــە نــاوی نەشــتەرگەرییەکانی دڵ کــردەوە، ســەمامی داخــراوی دڵــمان دەکــردەوە. ئیــتر دکتــۆری وەک هەمــوو پیشــەیەک ڕاهێنــان و ئەزموونــی دەویســت، لەگــەڵ ئــەوەش پیشــەکەی ئێمــە لەســــەر بیــردۆزەکان و زانیــن و خوێندنــەوەش بــوو. نەخۆشــیش هەبــوو بارودۆخەکــەی ســەخت بــوو، نەشــتەرگەرییەکە قــوورس بــوو، بۆیــەش دکتــۆری جــەراح ترســێکی هــەر هەبــووە، چونکــە ژیانــی مرۆڤەکــەی لەبــن دەســت بــووە. بۆیــە لــەوەش پێویســت بــوو زۆر وریــا و ئاگاداریــش بیــن، جــاری وا هەبــووە حــەوت هەشــت ســەعات و لەســەریەک لەســەر نەخۆشــێک ماومەتــەوە، بــەڵام لەبــەر ئــەوەی تــۆ کەســێکی پیشــەیی و زانســتەکە دەزانیــت، ئاســاییە دەتوانیــت کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکەیت و دەزانیت چ ڕوودەدات و پێشــهاتەکان

چییە، کاردانەوەکە چۆنە، لەناکاو نەخۆش فشاری خوێنی بەرز بوویتەوە، خوێنی لەبەر ڕۆیشتووە، دڵەکوتەی گرتووە، ئەوانە لە کاتی و شوێنی خۆی چارەسەری دروست و بەپەڵەی ویستووە، ئیتر ژیانی دکتۆری نەشتەرگەر سەخت و سترێسە، بەڵام دەتوانێت ژیانی مرۆڤێک ڕزگار بکەیت و بەیانی مرۆڤە نەخۆشەکەی دڵ و دەمارەکانی لە بن دەستت بووە هەڵساوەتەوە و دڵی خۆشە و پێدەکەنێت و خێزانەکەشی ئاسوودەیە.

ئیتر وایە پیشەی دکتۆری لە هەموو دونیا، لە کوردستان و لەناو عێراقیش ڕێز و حورمەتی هەیە، لەنێوان دکتۆر و نەخۆش پەیوەندییەکی تایبەتی سۆزداری هەیە، تۆ یارمەتی دەدەیت تەندروستی تەواو و سەلامەت بێت، بەڵام جاروباریش دەستدرێژییەکەش هەر دەبێت، بە قسە و توانج، بەڵام ئەوانە هەڵەن و نەفامن و لەباری نائاساییەدا ئەوە دەکەن، ڕاستییەک هەیە دکتۆر هەموو توانا و بەهرە و ئەزموونێکی بۆ چارەسەری نەخۆش بەکاردەهێنێت و دریغی ناکات.

دکتۆری سەرکەوتوو ئەو کەسەیە قیمەتی ژیان دەزانێت، ئەو کەسەی سەردانی دەکات، ژیانی خۆی دەخاتە بەر دەستەکانی، پێویستە تۆش وەک دکتۆر چارەسەری بکەیت، بە باشترین و گونجاوترین شێوازەکانی بنچینەی زانستی و پزیشکی ئەوەی لەگەڵدا بکەیت، بەڵام دکتۆر دەبێت لە پیشەکەی خۆی باش شارەزا بێت، شەرم نییە ئەگەر شارەزا و لێزان نەبێت، نەخۆشەکە، دیاردەکە بنێرە کن دکتۆرێکی تر، دکتۆرێک لەو جۆرە شارەزاتر بێت، ئەوە ئاساییە، دەبێ سەیری مرۆڤ بکرێت نەک تەنیا

جەستە، مرۆڤ رۆحیشە، لەگەڵ نەخۆش رووت خۆش بێت و سادە و شیرین قسەی لەگەڵدا بکەیت و بێزار نەبیت، بە شێوازێک قسە و هەڵسوکەوت لەگەڵ نەخۆشەکە بکەیت، تۆ دەتەوێ یارمەتی بدەیت، خودا یارمەتی ئەو کەسەش بدات دەبێتە دکتۆر، کارێکی سەخت و بەرپرسیاریەتییەکی گەورەیە. بە رەنج و خوێندن و شەونخوونی زۆرەوە گەیشتووتە ئەو پلەیە.

هەمووو کار و بەرنامەیەک ستاندەر و پێوەری خۆی دەبێت، بەڵام یەک دوو دکتۆر، یان پێنج ئەندازیاریش هەیە لە بەرنامەکەی لادەدات، هەروەها کەسایەتی تریش لەناو کۆمەڵگەکان کاری خراپ و هەڵەش دەکەن، دکتۆریش هەیە هەڵسوکەوتی بەو جۆرەیە. ئەوەی ئێستا پەیڕەو دەکرێت و ئەو چارەسەرییەی ئیمڕۆ هەیە جاران نەبوو، ئەوەی ئێستا دەکرێت پێش بیست ساڵ نەبوو، ئێستا لەو شارە بیست و زۆرتریش نەخۆشخانە هەیە، جاران لەو شارە پەنجا دکتۆر هەبوو، ئێستا هەزاران دکتۆر هەیە، کەسیش نییە بڵێ من ئیش دەکەم و زەرەر دەکەم و قازانجم ناوێت! بەڵام بڕوا ناکەم دکتۆر زۆرتر بیر لە قازانج بکاتەوە، هەیە و رێژەیەکی کەمە، با بگاتە چوار پێنج کەس لە سەد کەس، با خراپەکان بە خراپ بناسێنین و باشەکانیش بکەینە نمونە.

# ٤٠
# مردووێک زیندوو دەبێتەوە

رۆژێکیـان لـە نەخۆشـخانەی هەولێـر خەفـەر بـووم، یەکێکیـان هێنـا گوتیـان مـردووە، تـەواو بـووە، هەناسـەی نەمـاوە، وشـک و رەق ببـووە، ژنەکەیـان لەنـاو دارەمەیتێـک هێنابـوو. خزموکەسـەکانی کۆببوونـەوە و وەک دوا دەرفـەت بـۆ ژیانـی ژنەکـە گوتبوویـان؛ بـەر لـەوەی بیبەینـە قەبـران بـا دکتۆرێـک بیبینێـت، دیـارە یەکێکیـان دڵـی خەبـەری دابـوو، پێداگریـی کردبـوو و گوتبـووی دڵـم دەڵـێ ئـەو ژنـە نەمـردووە، ئەوانـی تـر گوتیـان مـردووە و پێویسـت نـاکات بیبەینـە خەسـتەخانە، بـەڵام دوایـی بڕیاریـان دابـوو بیهێنـە نەخۆشـخانە. ئـەوان نەخۆشـەکەیان هێنابـووە فریاکەوتنـی نەخۆشخانەی کۆمـاری. ئێمـە وەک دکتـۆر خەفـەر نەخۆشـەکە دەبینیـن و دەزانیـن نەمـردووە و چارەسـەری دەکەیـن.

ئـەو خوێنـی زۆری لەبـەر رۆیشـتبوو، منداڵـی ببـوو، تەماشـام کـرد زەختـی نەمابـوو، بـەڵام دڵـی لێـی دەدا، کاری پێویسـتی پسـپۆرییەکانی دڵـی بـۆ دەکـەم، بـەوە ژنەکـە بەخۆدێتـەوە و

چاوەکانـی کـردەوە، ئینجـا ناردمـە بەشـی ژنانـە، لـەوێ چارەسـەریی بـۆ تـەواو دەکەیـن، پـاش دوو رۆژ ژنەکـە لەجیاتـی ئـەوەی بیبەنـە قەبـران چـووە ماڵـەوە. پـاش ماوەیـەک مێردەکـەی سـەردانی کـردم، باسـی مـردن و چاکبوونـەوەی ژنەکـەی گێڕایـەوە و بـە منـی گـوت؛ دکتـۆر منداڵەکەمـان بـە نـاوی تـۆ کـردووە، ژنەکـەم گوتـی دەبـێ ئـەو کـوڕەم نـاو بنێـم نـەوزاد. ژنەکـە گوتبـووی لەبـەر ئـەوەی پـاش خـودا، دکتـۆر نـەوزاد منـی لـە مـردن رزگار کـردووە.

دیـارە منیـش گوتـم ئـەوە ئەرکـی ئاسـایی ئێمەیـە، تەمەندرێـژی و سـەلامەتی بـۆ هەمـووان دەخـوازم. ئیـتر چوومـەوە بەغـدا و لەوێـش بـۆ دەرەوە و نازانـم نەوزادەکـە چـی لـێ هـات و ئێسـتا بـووە بـە چـی، لەبیـری مـاوە بـۆ دایکـی نـاوی نـەوزاد.



دیمەنێکی زانکۆی جیهان هەولێر

# ٤١
# مێشاوە دەکەمە زانکۆ

لــە ســاڵی ٢٠٠٣ بەیەکجــاری بــۆ ژیــان و کاســبی دەگەڕێمــەوە کوردســتان، لــە ســاڵانی دواتــر، ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ پرۆژەیــەک دەدەمــە ئەنجومەنــی وەزیــران بــۆ دروســتکردن و دامەزراندنــی زانکۆیەکــی ئەهلــی لــە هەولێــر، داواکــە بەئاســایی پێشــکەش دەکــەم، بــەڵام وەڵام و دەنگدانــەوەی داواکــەم بــاش نەدەڕۆیشــت، جێبەجێکــردن و ئەنجامەکــەی روون نەبــوو.

بــۆ رەزامەنــدی کردنــەوەی زانکۆکــە چــاوەڕوان دەکــەم و هیــوام هــەر مابــوو، تــا لــە رۆژی کردنــەوەی «نــازە مۆڵــی حاجــی شــەهاب نورەدیــن» لــە رێگــەی کەرکــوک، لەودەمانــە ئــەو پرۆژەیــە نــاوازە و گرنــگ بــوو، ببــوو بــە نمونەیەکــی بەرچــاوی شــارەکە و کوردســتانیش. لــەوێ بەڕێکــەوت رووبــەڕوو بەرێــز نێچیرڤــان بارزانــی ســەرۆکی حکومەتــی هەرێــم دەبــم، ئــەو پێــم دەڵێــت:


دکتــۆر نــەوزاد هەولێرییــەکان بــەس لــەوە ئــازان مزگــەوت بکەنــەوە، یــەک لــە دوای یــەک، قوتابخانەیــەک، دەزگــەی زانســتی ناکەنــەوە، لــە

بوارەکانـی گەشەسـەندن و پـرۆژەکان ساردن!
منیـش ئـەوە بـە دەرفەتێکـی بـاش دەزانـم قسـەکەم بکـەم، داواکـەم زینـدوو بکەمـەوە و دروسـت وەڵامـی بدەمـەوە، پێـی دەڵێـم:
کاک نێچیرڤـان چ بکەیـن، مـن داوایەکـم پێشکەشـکردووە بـۆ کردنـەوەی زانکۆیەکـی ئەهلـی لەنـاو هەولێـر، تـا ئێسـتا وەڵامـم نادەنـەوە، ئاسـانکارییم بـۆ ناکـەن.
ئەویش یەکسەر بە دکتۆر نوریی دەڵێت:
وایە دکتۆر، شتی وا هەبووە!
ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت:
بەڵێ قوربان راستە، داوای پێشکەش کردووە و وەڵاممان نەداتەوە.
ئێـتر ئـەو دانوسـتانە کورتـە دەبێتـە مایـەی ئـەوەی پاش شـەش مانـگ رەزامەندییـە رەسـمییەکان، ئاسـانکارییەکان بـۆ کردنـەوەی زانکۆکـە بکرێـت. لـە سـاڵی ٢٠٠٦ دکتـۆر ئیدریـس هـادی ئەودەمانـە وەزیـری خوێندنـی بـاڵا بـوو، رەزامەندییەکانمـان بـۆ تـەواو دەکات، هـەر لـەو سـاڵە مۆڵەتـی زانکۆیـەک وەردەگـرم، لـە سـاڵی ٢٠٠٧ دەبینـە خـاوەن یەکەمیـن زانکـۆی ئەهلـی لـە کوردسـتان. نـاو لـە زانکۆکـەش دەنێـم جیهـان و ناوەکەشـی بـە پیتـی لاتینـی دەنووسـم «CIHAN»!
پـاش ئـەوە مـن دەکەومەخـۆ و ئیـش دەکـەم و بەرنامەکـە جێبەجـێ دەکـەم، زانکۆکەمـان دەبێتـە بڵێسـە و رووناکییـەک بـۆ کوردسـتان. سـەرەتا و لـە سـاڵی یەکـەم ٦٧٠ قوتابـی وەردەگریـن، زانکۆکـەش لەنـاو بینایەکـی خۆمـان دەبێـت لـە سـەر شـەقامی شێسـتمەتری لـە سێتاقان تەنیشـت مزگەوتـی حاجـی موراد،پێشـتر ئـاوارەی تێـدا بـوو، هەمـوو ئاسـانکارییەک دەکرێـت ئـاوارەکان بڕۆنـە دەرەوە و بیناکـە

بکەینــە ســەرەتا یەکــەم زانکــۆی ئەهلــی لــە کوردســتان، بــە ســێ مانــگ هــەژدە پــۆل دەکەینــەوە، لــە مــاوەی ســاڵێک و نیــو پارچەیــەک زەویــی گــەورە وەردەگریــن لــە شــوێنێک پێیــان دەگــوت «مێشــاوە ـ ئــەو شــوێنە لەبــەر نزیکــی لــە کۆنــە قەســابخانەیەک و کۆبوونــەوەی پاشــماوە و زەبڵەکانــی شــار ببــوو بــە شــوێنی کۆبوونــەوەی هەمــوو جــۆرە پیســاییەک، بۆیــە ناویــان لــەو شــوێنە نابــوو، مێشــاوە» لــە مــاوەی یــازدە مانــگ و کەمــتر لــە ســاڵێک دوو بینایــە بــۆ زانکۆکــە دروســت دەکەیــن و نــاوی دەنێــم زانکــۆی جیهــان. ئــەوەش دەبێتــە بــەردی بناخــە و بەرنامــەی زانکۆیــەک ئێســتا ٢٢ باڵەخانــەی جوانــە و بیســت و یــەک بەشــی تێدایــە. زانکۆکەمــان خۆشــدەوێت و وەســیەتم کــردووە لەوێــش بمنێــژن، پیرۆزتریــن شــوێنە، بــە گەورەتریــن شــوێنی دەزانــم و زۆریــش ســەربەرزم بــەو پرۆژەیــە.

دکتــۆر ئەمجــەد تــازە لــە بەغــداوە هاتبــووە هەولێــر، دەمزانــی لــە بەغــدا لــە زانکــۆی ئەهلــی کاریکــردووە، لــە ســەرەتاوە هاوکارمــان بــووە، بەیەکــەوە ئیشــەکان دەکەیــن. ئــەو و کەســانی تریــش هــاوکارم بــوون، سوپاســی هەمــووان دەکــەم بــۆ ســەرکەوتنی زانکۆکــە، هەروەهــا براکانــم ئــازاد و تەڵعەت و ســەباح و هاوســەر و منداڵەکانم و هەمــوو ئەندامەکانــی تــری خێزانەکــەم و دکتــۆر گۆڤەنــد شــێروانی هاوشــانم بــوون بــۆ ســەرکەوتنی زانکــۆی جیهــان.

بــۆ ســەرکەوتنی زانکۆکــە زۆر لــە مامۆســتاکانی ماســتەریان هەبــوو، نــاردم دکتــۆرا بکــەن، ئێســتا لەوانەی لــە ســەرەتای ٢٠٠٧ەوە لەگەڵمان بــوون، حــەوت هەشــت بــرادەر و هاوڕێــم مــاون.



جمهورية العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
دائرة التعليم الجامعي الأهلي

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي

Republic of Iraq
Ministry of Higher Education & Scientific Research
Private Higher Education Directorate

العدد: ت هـ ا ق/ ٤٦٧٢
التاريخ: ٥/ ٧/ ٢٠١٧

أمــــر وزاري

م / جامعة جيهان / العراق / اقليم كوردستان

استناداً لأحكام المواد ( ٥٥ ) و (٥٧/ ثالثا ) من قانون التعليم العالي الأهلي رقم ( ٢٥ ) لسنة ٢٠١٦ وتوصيات اللجان المشكلة بموجب الأمر الإداري المرقم ( ت هـ ا ق/ ٤٨٢٧ في ٢٠١٦/١٢/٧ ) وملحقه الأمر الإداري المرقم ( ت هـ ص / ٥١٤٥ في ٢٠١٦/١٢/٢١ ) و الامر الاداري المرقم ت هـ ا/ ق / ٤٨٣ في ٢٠١٧/١/٢٣ والصلاحيات المخولة لنا تقرر :

الاعتراف رسميا بجامعة جيهان الأهلية المؤسسة في إقليم كوردستان / محافظة ( اربيل – السليمانية – دهوك ) لمطابقتها أحكام تأسيس الجامعات الأهلية المنصوص عليها في القانون أعلاه مع ضرورة مراعاة الشروط الآتية :

١– قيام وزارة التعليم العالي والبحث العلمي في إقليم كوردستان باعتماد الجامعات والكليات والمعاهد الأهلية في المركز المعترف بها من قبل هذه الوزارة والتعامل معها رسميا .

٢– قيام المشرف على التعليم الأهلي في وزارة التعليم العالي والبحث العلمي في الإقليم ( عضو مجلس التعليم العالي الأهلي ) بتزويد مجلس التعليم العالي الأهلي ودائرة التعليم الجامعي الأهلي في وزارتنا بتقارير دورية عن سير العملية التعليمية في جامعة جيهان وأي نشاط تقوم به وبقاعدة البيانات للطلبة المتخرجين منها بدءً من تأسيسها و الطلبة المقبولين فيها سنويا .

٣– إلزام جامعة جيهان الأهلية ( اربيل – السليمانية – دهوك ) بتطبيق كافة محاور المعايير الوطنية للمختبر الجيد المعتمدة من قبل جهاز الإشراف بوزارتنا خلال مدة أقصاها سنة من تاريخ صدور أمر الاعتراف أعلاه .

٤– يلغى أمر الاعتراف بجامعة جيهان في حال ثبوت مخالفتها لأحكام وشروط قانون التعليم العالي الأهلي رقم ٢٥ لسنة ٢٠١٦ لاحقا

آملين أن تسهم الجامعة في إحداث التطوير الكمي والنوعي في الحركة العلمية والثقافية والتربوية والبحث العلمي

أ.د. عبد الرزاق عبد الجليل العيسى
وزير التعليم العالي والبحث العلمي
٢٠١٧/٧/٥

نسخة منه إلى:-
- الأمانة العامة لمجلس الوزراء / الدائرة القانونية/ للتفضل بالعلم ... مع التقدير .
- إقليم كوردستان / وزارة التعليم العالي والبحث العلمي /للاتخاذ ما يلزم وإعلامنا .... مع التقدير .
- الوزارات كافة / للتفضل بالعلم .... مع التقدير .
- دوائر الدولة غير المرتبطة بوزارة / للتفضل بالعلم ... مع التقدير
- مكتب معالي الوزير / للتفضل بالعلم ... مع التقدير .
- مكاتب السادة الوكلاء / للتفضل بالعلم.... مع التقدير .
- مكاتب السادة المستشارين / للتفضل بالعلم.... مع التقدير .
- جهاز الإشراف والتقويم العلمي / للتفضل بالعلم.... مع التقدير .
- دوائر الوزارة كافة / للتفضل بالعلم.... مع التقدير .
- رئاسات الجامعات كافة / للتفضل بالعلم.... مع التقدير .
- الجامعات والكليات والمعاهد الأهلية كافة / للتفضل بالعلم.... مع التقدير .
- دائرة التعليم الجامعي الأهلي /قسم الاستحداثات / شعبة استحداث الجامعات والكليات / مع الأوليات .
- الصادرة .

رەزامەندی مۆڵەتی زانکۆی جیهان



ئاڵایەکی بەرزی کوردستان لەناو زانکۆی جیهانی هەولێر

# ٤٢
# زانکۆکانی جیهان

لــە شــارەکانی تــری کوردســتان زانکۆمــان کردیتــەوە، ئــەوان لقــی زانکــۆی جیهانــی هەولێــر نیــن، ئەوانیــش زانکــۆی ســەربەخۆن. دکتــۆر بەرهــەم ســاڵح لــە ســاڵی ٢٠٠٩ ئەودەمانــە ســەرۆکی حکومەتــی هەرێــم بــوو، رەزامەنــدی دەکات بــۆ کردنــەوەی زانکــۆی جیهــان لــە ســلێمانی، سوپاســی دەکــەم، لەودەمانــە ئــەو خەریکــی کردنــەوەی زانکــۆی ئەمریکــی بــوو لــە ســلێمانی. ســەرەتا زانکۆکــە لەنــاو باڵەخانــەی تویوتــا دەکەینــەوە، بیناکــەی خۆمــان بــوو، زۆری بەتــاڵ بــوو، چــوار پێنــج نهــۆم بــوو، لــەوێ دەســت پێدەکەیــن.

لەبــەر رۆتینــەکان دوو ســاڵ خەریکــی وەرگرتنــی زەوییەکــە دەبیــن، پــاش وەرگرتنــی پارچەیــەک زەوی ئیــش دەکەیــن بــۆ ئــەوەی باڵەخانەکــە دروســت بکەیــن، هەروەهــا ئــەوەش لــە دهــۆک دەکەین. هەمــوو بەرپرســەکان، کاربەدەســتەکان وەک ئــەوەی بــۆ خۆیــان کار دەکــەن هاوکاریــمان دەکــەن، وەزیــرەکان رۆڵــی زۆریــان هەبــووە، بەرنامەشــمان وا بــووە زانکۆکانمــان لەگــەڵ کاروانــی پێشــکەوتن و

تەکنەلۆژیـا بەڕێوەبەریـن، ناکـرێ سسـت و خـاو بیـن و سـاڵانەش ئامادەیـی نـوێ دەکەیـن.

هــەر لــە ســاڵی ٢٠١٣ و ٢٠١٤ داوامــان کــردووە لــە هەڵەبجــە و گەرمیانیـش ئـەو زانکۆیـە بکەینـەوە، بـەڵام هێشـتا ڕەزامەندییەکانیـان تـەواو نەبـووە، لەبـەر بارودۆخەکـە ئەوانـە دوا کەوتـن. دیـارە لـەو پرۆژانــەش کەســان و بیرۆکــەی دژ و رکابــەر هــەر هەبــووە، بــەڵام کۆشـش دەکەیـن و ناوەسـتین. ئـارەزووش دەکـەم زانکـۆ و پرۆسـەکە بــۆ رکابــەری زانســتی و فێربــوون بێــت، بــەوەش پرۆســەکە گەشــە دەکات.

بـۆ پێگەیاندنـی قوتابـی و مامۆسـتا و پسـپۆرەکانمان پێویسـتمان بـە باخچــەی ســاوایانە، بــۆ ئــەوەش ئیشــمانکردووە، زانکــۆی جیهــان تایبەتمەنــدی خــۆی هەیــە، دەزگەیەکــی مۆدێرنــە لــە هەمــوو کوردسـتان. هەمـوو کار و چالاکییەکانـی نـاوازەن و هـەر لـە باڵەخانـە و باخچــە و بەرنامەکانــەوە، تــا دوا وانــەی نــاو کۆلێــژەکان.

مـن، نـەوزاد باجگـر تـا خانەنشـین دەبـم و زمانـم دەگەڕێـت ئیشـی بـۆ دەکـەم، وا دەزانـم لـەوە خۆشـتر نییـە بـۆ زانیـاری و فێرکـردن تێبکۆشـیت. لـەو ڕۆژانـە لەنـاو فڕۆکەخانـە بـووم منداڵێکـی تەمـەن حــەوت هەشــت ســاڵان لێــم نزیکبــووە و قســەمان کــرد، گوتــی مـن قوتابییـم لـە قوتابخانـەی جیهـان، مـن تـۆ دەناسـم تـۆ دکتـۆر نـەوزادی جارێـک بـە سـەردانی هاتیتـە لامـان.

لەنــاو بەرلیــن لەگــەڵ هاوســەرەکەم لەنــاو مۆزەیــەک بوویــن، دوو کـەس نـەرم نـەرم دەڕۆیشـتن، هاتـن و گوتیـان دکتـۆر نـەوزاد جەنابـت دەناسـین نامانـەوێ بـە پێشـت بکەویـن، شـەرم لـە پایـەت

دەکەیـن، گوتـم کـورە لـۆ؟ گوتیـان ئێمـە لـە زانکـۆی جیهـان بوویـن و ئێسـتاش هاتوویـن ماسـتەر دەخوێنیـن، ئـەو جـۆرە هەسـتانە بـە پـارەش ناکڕێـت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
دەستەی وەبەرهێنان

حكومة اقليم كوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
هيئة الاستثمار

## مۆڵەتی وەبەرهێنان ژمارە (٥٧)

مۆڵەتی یاسایی کارکردن بۆ پرۆژەی وەبەرهێنان بە پێی یاسای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان ژمارە ( ٤ ) ساڵی ( ٢٠٠٦ ) و لەبەرڕووی مەرجی دامەزراندنی پرۆژە بڕیارماندا بە پێدانی :

بەڕێز : د. نوزاد یحیی سعید باجگر

رەگەزی وەبەرهێنەر : عێراقی

مۆڵەتی وەبەرهێنان بۆ : پرۆژەی خوێندنی باڵا

لە پارێزگای : هەولێر

بە ناوی : کۆلیژی جیهانی زانکۆیی

لە ڕێکەوتی : ٢٠٠٧/١١/٥

ئەندازیار
هێرش محرم محمدامین
سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان

مۆڵەتی وەربەهێنانی زانکۆی جیهان هەولێر.

# ٤٣
# زانکۆ و هونەر

کەمێـک لـە زانکـۆ و خوێنـدن دوور بکەوینـەوە، کەمێـک باسـی موزیـک و گۆرانـی بکەیـن، وا دەزانـم گۆرانییـە نوێیەکانـی ئـەو سـەردەمە پێشـکەوتوون و خۆشـن، موزیکەکانـی دڵشـاد سـەعید و کەمانەکـەی تایبەتـی و زۆر مۆدێـرن بـوو، حەزیـش لـە گۆرانییەکانـی بەهجـەت یەحیـا دەکـەم، ئەوانـەی لـە ئایـدل بەشـدار بـوون و سـەردەکەون و هونـەری باڵایـان پێشکەشـکرد. بـە گەنجـی و ساڵانی زوو گۆرانییەکانـی عەبدولحەلیـم حافیـز و فەریـد ئەلئەتـرش بـاو بـوون، مـن عەبدولحەلیمـم پـێ خۆشـتر بـوو، لـە ژووری خـۆم دادەنیشـتم و لەگـەڵ گۆرانییەکانـی جگـەرەم دەکێشـا و ئێسـتاش گۆرانییەکانـی ئـەوم پـێ خۆشـە. هەسـت دەکـەم گۆرانـی و موزیکـی کـوردی پێشـکەوتووە.

ئـەو ساڵانەی لـە هەولێـر بـووم شـەوانە زۆرجـار لەگـەڵ هونەرمەندی گـەورە تایـەر تۆفیـق دادەنیشـتم و گوێـم لـە گۆرانییەکانـی دەگـرت، لەگـەڵ گەمەکـردن و شـەوچەرەکانی مەسـت دەبـووم. دەنگـی

«حەیدەرە کەچەڵ»م پێ خۆش بوو، لە خانووە گەشتیارییەکانی مەسیف و شەقڵاوە شەوانە ئاهەنگ و گۆرانیگوتن هەبوو، لەو بەزمانە دڵم دەکرایەوە و دەنگی ئەوانەم پێ خۆش بوو. لەوەدەمانەش ئەو بەزمانە زۆر بوو، بەتایبەتی لەنێو برادەران. لەگەڵ هونەرمەند موحمەد ئەحمەد ئەربیللی یادگارم زۆرە، لە نەخۆشخانە لەکن ئێمە شوفێری ئەمبولاس بوو، دانیشتن و دەنگ و دڵە جوانەکەی شیرین بوو، خۆشمدەویست و یادگاریی زۆرمان بەیەکەوە هەیە!

***

ئێمە لە زانکۆی جیهان پێش ئەوەی حکومەت بەرنامە بۆ هاوکاری منداڵی شەهید و ئەنفالکراوەکان تەرخان بکات، ئەوەمان کردووە، داشکاندنمان بۆ منداڵانی شەهیدان کردووە، ئەوانەی لە ساڵی یەکەم دەوام دەکەن و نمرەکانیان بەرزە داشکانیان بۆ دەکەین، دەزگەی خێرخوازی حاجی یەحیا باجگریش ساڵانە بودجەی بۆ ئەوە داناوە. ئەوانەی لە زانکۆی جیهان یان لە زانکۆی تریش دەخوێنن، بۆ نمونە ساڵی رابردوو ملیارێک و چوار سەد ملیۆن دینارمان داوەتە قوتابییەکانی لە خێزانانی کەمدەرامەتەوە هاتوون، هەروەها زەماڵەی تایبەتی بۆ هەندێ قوتابییانی کەسوکاری شەهیدان و زیندانانی سیاسی ساز دەکەین و پشتیوانیان دەکەین.

قوتابییەکانی لە ساڵی یەکەم و لە دەوری یەکەم دەردەچن و پلەیان سەرووی ٦٠ نمرەیە، ئێمە داشکانیان بۆ دەکەین، بەڵام

ئـەوەی بکەوێـت و بمێنێتـەوە داشـکانەکەی دەبڕین، بـۆ هەژارەکانیش داشـکامنان هەیـە، تـا دەگاتـە ڕێـژەی ٥٠٪.

وەزارەتـی خوێندنـی بـاڵا و توێژینـەوەی زانسـتی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لـە پێشـبڕکێی زانکۆکانـا رایکینگـی دانـاوە، بەخۆشـحاڵییەوە زانکـۆی جیهـان لەنـاو زانکـۆ ئەهلییـەکان یەکـەم دەرچـووە، لەسـەر ئاسـتی حکومـی و تایبەتەکانیـش دووەم دەرچووە، بەوەیان شـادمانین و هامنـان دەدات کۆششـی زۆرتـر بکەیـن و ئاسـتی زانکۆکـە بەرزتـر بکەینەوە.

مـن خـۆم کەسـێکی ئەکادیمیـم، زۆر لێـم دەپرسـن کام بەشـی خوێندنـت لا گرنگـە، بێگومـان خوێنـدن و فێربـوون بـە گرنـگ و ئـەرک دەزانـم. مـن و براکانیشـم لـەوە هاوسـۆزی منـن و فێرکـردن و خوێنـدن بـە ئـەرک دەزانیـن. هەمـوو شـتێکی جـوان دەبێـت جـوان بێـت، بۆیـەش بایەخـی تـەواو بـە جوانـی زانکـۆی جیهـان دەدەیـن. زانکـۆ مەڵبەندێکـە مامۆسـتا و فێرخـوازی جوانـی تێدایـە، شـوێنێکی جوانـە.

مـن وا دەزانـم زانکـۆ کاروان و هەنگاوێکـە بـۆ فێربـوون و شـارەزایی ژیـان. فێرکردنیـش بەتەنیـا نابێتـە پیشـە، کەسـی ئەندازیـار بـە خوێنـدن و زانکـۆ نابێتـە ئەندازیـار، دەرچـووی کارگێـڕی نابێتـە کارگێـڕی تـەواو، بـە کارکـردن و ژیـان و بەرنامـەکان فێـر دەبـن. ئێمـە دەمانـەوێ بـە خوێندنـی چـوار سـاڵی زانکـۆ بەرنامەکانـی ژیـان بـۆ فێرخـوازان ئاسـان و بەردەسـت بکەیـن و فێـر بـن بەرنامـەی ژیـان بـە دروسـتی دابرێـژن، زانکـۆی جیهـان قۆناخێکـی تایبەتییـە بـۆ ڕەخسـاندنی کاری تایبـەت، هەمـوو بەرنامەکانـی ڕۆژانەیـان فێـر بـن

و پێویستیان بە کەس نەبێت.

بەردەوام کار لەسەر ئەوە دەکەین بەرنامەی ئەنجومەنی زانکۆ پراکتیکی زۆرتر بێت، قوتابییەکان زۆرتر ئیشی دەستی و مەیدانی بکەن، چۆن زانستەکەی فێربوون بەرجەستە بکەن و ئیشی پێ بکەن. دەرچووانی زانکۆ بۆ نموونە ئەندازیار نابێتە ئەندازیار تا ئیشەکە نەکات و بە پراکتیک لە مەیدانەکە ئیش نەکات.

سەدان قوتابی خۆمانم لە مەیدانەکانی کارکردن دۆزیوەتەوە، سەرکەوتووانە ئیش دەکەن، کەسایەتی بڕیاردەرن و بەرهەمیان دیارە. خوێندن تەنیا لەبەرکردن و ئەزموونەکان نییە، خوێندن بەرنامەیەکە بۆ فێربوون و ئیشکردن، بۆیە زۆریان بوونەتە خاوەن کار و بۆ بزنس دەچنە چین، قوتابیمان هەبووە ئێستا هەر لە زانکۆی جیهان مامۆستایە و قوتابییەکان فێر دەکات، وا دەزانم ژیان تەنیا خوێندنی پێنج سەعاتی دەوامی زانکۆ نییە، وا دەزانم قوتابییەکانمان دەتوانن زۆرتر لە دە سەعات دەمێنێنەوە، لێرە دەتوانن وەرزش بکەن، لە بەش و گەلەرییە هونەرییەکان، لەناو کتێبخانە گەورەکانمان کات بەسەر بەرن، زۆرتر دەمێنێنەوە و برادەرایەتی و یەکترناسین پتەو دەکەن، وا دەزانم مانەوەیان لەناو زانکۆ خۆشترە لەوەی بچنەوە ماڵ و ناو بازاڕەکان.

من وا دەزانم زانکۆ بڕیار لەسەر پێشکەوتنی وڵاتان دەدات، زۆرجار گوتوومە زانکۆی لەندەن ناوبانگی زۆرترە لە لەندەن، زانکۆی هارڤەرد لە ئەمریکا، ناوبانگی زۆرە. دەمەوێ ئەو مۆدیلە لێرە بەرجەستە و پەیڕەو بکەم، زانکۆی جیهان و ناوی کوردستان بەیەکەوە بێت.

خوێنـــدن و ویســـتی فێربـــوون دەبێـــت لـــە ناخـــی قوتابییـــان بچەقێندرێـــت، بـــاش تێبگـــەن ســـوودەکانی خوێنـــدن چییـــە، چـــۆن کار بـــەو زانیارییانـــە دەکـــەن، لەنـــاو بـــرادەران چـــۆن دانوســـتان بـــەو زانیارییانـــە دەکـــەن، زانکـــۆ بـــە هەمـــوو زمانـــەکان؛ مانـــای کۆکـــراوەی زانیارییـــەکان دەبەخشـــێت.

# ٤٤
# خوێندنی باڵا

زانکۆکەمان گەیشتووتە ئەو پێگەیە خوێندنی باڵای تێدا بێت، قوتابییەکانمان بتوانن بڕوانامەی ماستەر و دکتۆر وەربگرن و بخوێنن. ئەوە پێنج ساڵە داوامان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا کردووە، گوتیان دەبێت زانکۆکەتان لە رانکینگ یەکەم بێت، پار یەکەم بووین، تا ئێستا بەڕەسمی رەزامەندییان نەکردووە، بەڵام زانکۆ حکومییەکان ئەوە دەکەن و بۆ ئەوان ئاساییە، لێرەوە دیسان داوا دەکەم وەزارەت ئەو بەربەستانەمان لەسەر هەڵگرێت، با بەشەکانی ماستەر بکەینەوە، وا دەزانم زانکۆکەمان ئاستی بەرزە و جیاوازیمان لەگەڵ زانکۆکانی وەک کۆیە و کەلار و زاخۆ و هەولێر نییە، بەردەوامیش کۆشش دەکەین ئەو مافە بەدەستبهێنین، ئەگەر کەمتەرخەمیمان هەبێت، چ جۆرە رێکارییەک هەیە با دژمان پەیڕەو بکەن و لاریمان نابێت.

پشتمان بە سەرۆکی زانکۆکەمان ئەستوورە و کۆششی زۆرتریش دەکەین، دکتۆر ئەمجەد مامۆستایەکی رەسەنە و سەرۆکی

زانکۆیەکـی سـەرکەوتووە، برادەرێکـی زۆر ئەزیـزە، لـە ئیشـوکارەکانی خـۆی زۆر جدییـە، جدییـەت زۆر گرنگـە. لـە ئیشـەکانی بـە سـەبر و بـە ئەزموونـە، هەروەهـا مامۆسـتاکان زۆر باشـن، زۆربەیـان بـە کۆنتراکـت ئیشـمان لەگەڵـدا دەکـەن، مامۆسـتامان هەیـە بـە کـۆرس ئیـش دەکات. مامۆسـتامان هەیـە بـە سـاڵ ئیـش دەکات. ئـەوەی لـە هەڵسـەنگاندنی سـاڵانە سـەرکەوتوو نەبێـت کۆنتراکتـی مانـەوە و بەردەوامـی بـۆ نـوێ ناکرێتـەوە.

زانکـۆی ئەهلـی ئـەوەی باشـە مامۆسـتا بـەردەوام کۆشـش دەکات، ئەزمـوون و بەرنامـەی باشـتر بـکات و ئاسـتی بـەرز بکاتـەوە، توێژینـەوەی زۆرتـر پێشـکەش بـکات، قوتابییـەکان لەگـەڵ سیسـتەم بگونجێنێـت، لـە هەموویـان رازیمـە و خـودا سـەرکەوتوتریان بـکات، ئـەوەی پێویسـتە و بەرنامەرێـژە زۆرتـری دەکەیـن و دریغـی ناکەیـن. ئیسـتا مامۆسـتای دەرەوەمـان زۆرە، لـە وڵاتـی هینـدەوە هاتـوون لـە تورکیـا و لـە ئـوردن لـە وڵاتانـی ئەوروپـی، لـە ئەمریـکا مامۆسـتامان بـۆ هاتـووە، ئێسـتا دونیـا بوویتـە گلۆبـاڵ و لـە یـەک نزیکبووینـەوە هەیـە، هەمـوو ئاسـان دەتوانیـن ئاوێتـەی یەکـتری بیـن. بـەڵام بـۆ مامۆسـتاکانمان لەسـەر ئاسـتی ئاسایشـی عێراقی کێشـەمان بۆ دروست دەکـەن، هاتنـی مامۆسـتاکان، هاتنـی خێزانەکانیـان رەزامەندییەکانیان سـەرناگرێت و کێشـەیان دەبێـت، یـان حکومەتەکانیـان ئـەوە قبـووڵ ناکـەن.

***

بـەر لـەوەی خوێنـدکاران بێنـە زانکۆکەمـان، بـا بێـن زانکۆکـە

«تاقیگــەکان، مامۆســتاکان، بەشــەکانمان، پرۆگرامــەکان، بەرنامەکانــی فێرکــردن، دەزگا و باڵەخانــە و پێداویســتییەکانی نــاو زانکۆکــە» ببیــن، مــن وا دەزانــم زانکۆکەمــان لــە زانکۆیەکــی جیهانــی کەمــتر نییــە، لــە ئەوروپییــەکان کەمــتر نییــە، هەمــوو پێداویســتییەکمان هەیــە، تــا دەگاتــە راگەیانــدن و تەلەڤزیــۆن و وەرزش و سیســتەمی بەڕێوەبــردن، داواش دەکــەم هەمــوو لایــەک کار بکــەن باشــتر و ســەرکەوتووتر بــن. بەرنامــەی زانکۆکانمــان کۆتایــی نییــە، هیــچ پرۆژەیــەک کۆتایــی نییــە، ئیشــکردن و چالاکــی بەردەوامــی هەیــە، چەند زانســت پێشــدەکەوێت ئەوەنــدە گۆڕانــکاری و بەردەوامــی پێویســتە، زانســت و فێربــوون ســنووری نییــە. داواکاریــن ئەوانــەی بەرنامــە و نمونــەی جوانــی زانکــۆکان دەبینــن و دەزانــن چــی باشــتر و زانســتییە، ئامادەیــن گوێیــان لــێ رابگریــن، ئــەوەش دەکەینــە جەمســەری کارەکانمــان، ئــەوەش دەڵێــم زانکــۆی جیهــان بــە بوونــی قوتابــی بوونــی هەیــە و دەبێــت، بوونــی ئــەوان بەردەوامــی زانکۆیــە. ســەدان قوتابــی هاتــووە بەرنامــەی هەبــوو، لەگــەڵ خوێنــدکاران و قوتابییــان بەرنامــەی خۆبەخشــی و توێژینەوەمــان کــردووە.

قوتابییەکانمــان پــاش دەرچوونیــان زۆریــان ئیــش دەکــەن، ســەنتەرمان هەیــە فێریــان دەکەیــن، چــۆن فۆرمــەکان پــڕ بکەنــەوە، چــۆن ئەپلیکەیشــن و فــۆرم پــڕ بکەنــەوە، چــۆن ئەنتەرڤیــوو بکــەن، کــە دەچــن داوای کار دەکــەن چۆن قســە بکــەن و چــۆن خاوەنــکان رازی بکــەن، چــۆن بــڕوا بــە قســە و دانوســتانەکە بکــەن. قوتابییــمان هەیــە لــە پۆلــی ســێیەمەوە کۆنتراکتــی کاری کــردووە، بەرنامــەی ســەرەکی ئێمــە فێرکردنــی زمانــی ئینگلیــزی و کۆمپیوتــەرە، دەرچووەکانمــان

شـەرمیان دەشـکێت و زیرەکانـە لـە بـەردەم کامیـرا دەوەسـتن و وا دەزانـن کامیـرا بوونـی نییـە.

***

بـۆ کردنـەوەی زانکـۆی جیهـان لـە هەڵەبجـە و گەرمیـان پێنـج شـەش سـاڵە داوامـان پێشکەشـکردووە، پـارەی ١٢ ملیۆنمـان نوانـدووە بـۆ دانانـی پرۆپـۆزەل، بـەڵام هێشـتا ئەنجامی نەبـووە، پارێـزگای هەڵەبجە زوو داواکەمـان قبـووڵ دەکـەن، هەروەهـا لـە گەرمیانیـش هەمـان شـت، سـەرەتا دەتوانیـن چەنـد کۆلێژێکـی زانکـۆی جیهانـی سلێمانی ببەینـە هەڵەبجـە، هەروەهـا کۆلێـژی دهۆکیـش ببەینـە ئاکـرێ یـان زاخـۆ، چونکـە دامەزراندنـی زانکـۆی نـوێ رێـکاری دەوێـت، بودجـەی دەوێـت. لەمێـژە پلانمـان دانـاوە بـۆ بەجیهانکردنـی زانکـۆی جیهـان و کاریـش لەگـەڵ زۆربـەی زانکـۆ ئەوروپییـەکان دەکەیـن، بـە هەمـوو بەرنامـە و کۆنتاکتـەکان، دەمانـەوێ زانکۆکانـی جیهـان بـبن بـە نمونەیەکـی بـاڵای زانکـۆکان. مەرجەکانـی  بوونمـان بـە ئەنـدام لـە یەکێتیـی زانکـۆ عەرەبییـەکان تـەواو بـوون، هـەر لـە مەرجەکانـی سـەر مامۆسـتا و توێژینـەوە و تاقیگـە و کتێبخانـە و پێداویسـتەکانی خوێندکارانـەوە.

لەبـەر بارودۆخەکـەی پـاش هاتنـی داعـش بەرنامەمـان وا بـوو لەگـەڵ زانکـۆی گرینـج قوتابییەکانمـان سـەردانی یەکـتر بکـەن، لـە زانکۆکانـی یەکـتری بخوێنـن، بـەڵام ئـەو بەرنامەیـە دوا کـەوت و جێبەجێکردنـی زەحمەتـی تێدەکەوێـت. زانکـۆ سـەرمایەی تایبەتی دەوێت و پێویسـتە پـارە پەیـدا بـکات، بـۆ ئـەوەی بـەردەوام بێـت، ئێمـە وا دەزانیـن

بانگی جیهان و گرووپی جیهان و دەزگای خێرخوازی حاجی یەحیا بەردەوام پشتیوانیمان دەکەن.
دەمەوێ ئاماژەش بەوە بدەین ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان و وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا و پەروەردە و کار و رۆشنبیر هاوکارمان بوون. هەندێک لە دەرچووەکانی زانکۆکەمان بوونەتە ئەندام پەرلەمان و کەسانی باڵا. ئەوەش دەڵێم لە پارەی زانکۆ و دەسکەوتەکانی هیچ بڕە پارەیەکمان هەڵنەگرتووە، من رۆژانە هەشت سەعات کار دەکەم و بەردەوامیش بۆ پشتیوانی زانکۆ سەفەر دەکەم. وا دەزانم هەموو مامۆستا و قوتابییەکانمان نوێنەری زانکۆن.
کە دەڵێن ئەمریکا یەکسەر ناوی زانکۆی هارڤارد «ئەو زانکۆیە لە شاری کامبریدج لە ویلایەتی ماساتشوسیسە، لە ساڵی ١٨٣٦ لەلایەن خێرخوازی پرۆتستانتی جۆن هارڤارد دامەزراوە، دادگە و دەسەڵاتەکەی بڕیار لەسەر دامەزراندنەکەی دەدەن، نەوەک پاش مردنی ئەو قەشانە ئیتر قەشەکانی دوای ئەوانە نەخوێندەوار بن، بۆیە وا دەزانن ئەو کۆلێژە پێویستە دامەزرێت» دێت، لە بریتانیا٥٠٠ زانکۆ هەیە، بەڵام پلە و نمرەکانیان لەو ریزبەندییە لە ژمارە لە یەکەوە دەست پێ دەکات. زانکۆکان سەرمایەدارن و بودجەی گەورەیان هەیە، لە خۆرهەڵاتیش زانکۆی گەورە هەیە، وەک ژاپۆن و مالیزیا و کۆریا، لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش لە ئوردن و وڵاتانی کەنداو و سەعوودیە و تورکیا، لە هەموو وڵاتان، ئەورووپا و ئەمریکاش زانکۆی پلە بەرز و مام ناوەندی هەیە، من ناڵێم زانکۆی خراپ هەیە، دەڵێم زانکۆ هەیە بەهرەمەند نییە،

ئەوانــەی بــە پــارە بڕوانامــە دەدەن، ئەوانــە زانکــۆ نیــن، لــە زانکــۆ خوێنــدن و تاقیکردنــەوە و فێربــوون هەیــە. لــە کوردســتان زانکۆ هەیە ئاســتی لــە هەمــوو زانکۆکانــی نزیــک خۆمــان، لــە وڵاتانــی هاوســێمان باشــترە. ئەوانیــش زانکۆیــان هەیــە ئاســتیان لــە ئێمــە بەرزتــرن.

# ٤٥
# زانكۆی جیهان كوردستان ئاوەدان

دوو شـێوازی بەرنامـە و بنچینەیـی لـە زانكـۆ پێویسـتە، یەكێـك لەوانە دانانـی پلانـی ئەكادیمـی و بوونـی تاقیگـە و پرۆگرامە، ئـەوەش گرنگە و بەرنامـەی بـاش، مامۆسـتای باشـی دەوێـت، هەروەهـا بەرنامـە و رۆژانـەی رۆشـنبیری دەوێـت، ئـەوەش بوارەكانـی هونـەر و موزیـك وەرزش و سۆشـیال میدیـا دەگرێتـەوە، بـۆ ئـەوەش پلانـی بزنسـمان هەیـە. دەمـەوێ قوتابییـەكان بتوانـن كۆنتاكـت لەگـەڵ كۆمپانیـاكان بكـەن، دانوسـتانیان زۆر بێـت، گـرووپ گـرووپ كار بكـەن، بەیەكـەوە كۆمپانیـاش دامەزرێنـن، كاری ژمێریاریـی بكـەن، تاقیگـەكان كاركردنـی سـنووردار نەبێـت، بـەردەوام كـراوە و كاركـەر بێـت.
دەمـەوێ قوتابییـەكان فێـر بكرێـن خۆیـان نیشـانی خەڵـك بـدەن، نامـەوێ ئـەوان راوەسـتن و بینـەران و خەڵكەكـە بیانخوێنـەوە، خۆیـان قسـە بكـەن، داوا بكـەن، دانوسـتانی گـەرم و جـدی بكـەن. پێویسـتە مـرۆڤ كـە دەچێتـە رێسـتورانت داوای خـواردن و نـان بـكات، نـەك خـواردن بێتـە بەردەرگەكـەی و ئاسـان وەریبگرێـت و بیخـوات.

من وا دەزانم هەموو مرۆڤێک پێویستە بە قەد خۆی کار بکات، لەو گەردوونە بە ئۆکسجین هەناسە دەردرێت، بۆ ئەوەش پێویستە دار بڕوێنێت، دارەکە بەشی هەناسەمان بکات، لە کەسنەزانەوە وەرەوە ناو شار، دەبینیت چ دووکەڵێکی زۆر شارەکەی داپۆشیووە. با هەموو کەسێک بەشی ئۆکسجینەکەی خۆی کەسکایەتی پەیدا بکات، هەر هیچ نەبێت لەناو ماڵەکەی لە بالکۆنەکەی لەناو گوڵدانێک سەوزاییەک پەیدا بکات، بڕوامان وایە ناخی مرۆڤ بە درەخت و گوڵ جوان و باشیش دەبێت. من منداڵ بووم، باوکم بۆ بەسەرکردنەوەی گەنم و جۆ و چاندن و بارانبارینەکە دەچووە گوندەکان، منی دەبردە گوندەکان. باوکم «ئێمە پێمان دەگوت کاکە» ساڵانە گەنم و جۆی دەچاند و کشتوکاڵی دەکرد، هاوینان، کاتی دوورنە و بژارەکان دەچوو، منیش لەگەڵی دەچووم، گوندی زۆرم دیووە، بە یادی خانووی گوندە کۆنەکان، بۆ بەبیر هێنانانەوە، ئەو شێواز و مۆدیلانەم لەناو زانکۆی جیهان لە هەولێر دروستکردووە. بەوەش ویستوومە هەموو کەرەستە و شێوازەکان دروست و وەک خۆی بەرجەستە بکرێت، بینە دیمەنی سەرەنجراکێش، حەزم کردووە گەنجەکان ئەوانە ببینن، چۆن ژنان بەیانییان نانی گەرم دروست دەکەن، تەندوور چۆنە.

ئێمە چەند پێشدەکەوین، دەبێت ئەوەندە بابەتە کۆنەکانیش بپارێزین. من ئەوانەم لە ژاپۆن و چین و کۆریا دیوە، ئەوان یادی کەرەستەکانی ڕۆژانی پشوویان دەکەنەوە، جلوبەرگی خۆماڵی لەبەردەکەن، لە بۆنە تایبەتییە خێزانییەکان ئەوانە

دەکـەن. وا دەزانـم دیمەنـی خانـووەکان جوانـن و شـیاوی ئـەوەن ئـەو جـۆرە خانووانـە لەنـاو باخـە گشـتییەکان، شـوێنە کراوەکانیـش دروسـت بکـەم، بـۆ نمونـە لەنـاو باخـی شـار، لەنـاو پارکـی سـامی عەبدولرەحـمان، دەمـەوێ بـەردەوام ئـەوە نیشـان بـدەم چـۆن بـاب و باپیرانمـان ژیـاون.

پێـم خۆشـە دەبینـم قوتابییـەکان لـەو کۆنـە خانووانـە دادەنیشـن و وێنـەی دەگـرن، دیوەخانەکەشـی گەرمـە و نـان و سـەرتوو دەخـۆن، ماسـت دەخـۆن، ئـەوە پێشـنیازی مـن بـوو، بۆیـەش سوپاسـی ئەندازیـار «بورهـان سـابیر» و سـەرۆکایەتی زانکـۆش دەکـەم، کارمەندەکانـی کاک یاسـین و هەمـوو باخەوانـەکان، کارمەندەکانـی کـە ئیشـی جـوان لـەو گونـدە کوردەوارییـە کۆنـە دەکـەن. راسـتە مـن گوتوومـە بـەڵام ئـەوان کردویانـە، کـردن و ئیشـکردنەکە؛ گرنگـترە لـە قسـە و پێشـنیازەکە.

مـن وا دەزانـم پێویسـتە هونـەر و زانسـت تیکـەڵ بکرێـت، ئاوێـزان بـن، بۆیـە بیرۆکـەی دانانـی «Art House» جێبەجـێ دەکەیـن، وا دەزانـم تاکـی زانسـتخواز، هـاوکات کەسـی هونەرپەروەریشـە! وا دەزانـم ناخـی هەمـوو کەسـێک هونـەری تێدایـە، ئینجـا دەیدۆزێتەوە و دەیزانێـت یـان نـا، بـەڵام مەرجیـش نییـە هەمـوو هونەردۆسـتێك ئـەوە بکاتـە پیشـە و پەیـڕەوی بـکات و پـەرەی پـێ بـدات.

وا دەزانیـن زانکـۆ بـۆ فێربوونـی کۆمەڵگەیـە، تەنیـا بـۆ قوتابـی و خوێنـدن نییـە، بـۆ گـەورە و بچووکیشـە، بۆیـەش سـەنتەری فێربوونـی پیشـەیی لەنـاو زانکـۆی جیهـان دەکەینـەوە، ژنـان فێـری دوورمـان و مەکینـە و بەرگـدووری دەکەیـن. سـەربەخۆیی دارایـی و بوونـی

دەسـکەوت بـۆ ژنانیـش وەک پیـاوان پێویسـتە، چەنـدان مەکینـەی دوورمانمـان بـۆ ژنـان کڕیـوە، تـا بتوانـن لـە ماڵـی خۆیـان ئیـش بکـەن، بـەوەش ژنـان دەتوانـن رۆژانـە دە تـا بیسـت هـەزار دینارێـک پەیـدا بکـەن. کۆمپیوتەرمـان بـۆ ژنـان دابینکـردووە، فێرمانکـردن کاری سـالۆن و جوانـکاری بکـەن.
خولـی فێربوونـی کۆمپیوتەرمـان بـۆ مـەلاکان لـە نـاو شـار کردیتـەوە، بەخۆڕایـی لـە سـێ شـارەکە خولمـان بـۆ کردوونەتـەوە و لەگـەڵ ئەوقـاف ئـەوە دەکەیـن، خولمـان کردیتـەوە مامۆسـتایانی ئاینـی فێـری زمانـی ئینگلیـزی بکەیـن. بـەوەش توێژێکـی زۆری نـاو کۆمەڵگـە، مـەلاکان ئەوانـەی کاریگەریـی زۆریـان لەسـەر تـەواوی جڤاتەکەمـان هەیـە پێشـبکەون. مامۆسـتای خۆبەخشـمان هەبـووە، وەزارەتەکانـی رۆشـنبیری و کار و خوێندنـی بـاڵا هاوکارمـان بـوون، پـرۆژە و بەرنامەیەکـی بـاش بـوو، بەرهەمـی باشـی هەبـوو.

***

ئـەوە بـوو بـە دە سـاڵ زانکـۆی جیهـان درەخـت دەچێنێـت و چیـتر چانـدن تەنیـا گەنـم و جـۆ نییـە، دار و جوانکاریشـە. لەنـاو زانکـۆ رێسـتورانتی برانـدی جیهانیـمان هێناوەتـە نـاو زانکـۆ و ئاسـانکارییش دەکەیـن بـۆ دابینکردنـی خواردنـی هـەرزان و بەردەسـت. بـۆ کچـان لەنـاو بەشـەکانی ناوخۆمـان هەمـوو مەرجەکانـی خۆشـگوزەرانی و ئاسـوودەییمان دانـاوە، بـەوەش دایـک و بـاوکان دڵنیـا دەکەینـەوە، کچەکانیـان لەنـاو بەشـە ناوخۆیـی جـوان و شارسـتانییانە دەژیـن و دوورن لـە هەمـوو جۆرەکانـی ئـاژاوە و شـەوانە لـە هـەواری پـاک و

جـوان و ئاسـووده دەژیـن، مـن چـۆن چـاوم لـه منداڵەکانـی خۆمـە، بـەو جـۆرەش چـاوم لـە هەموانـە.
دەرچـووە یەکـەم و دووەم و سـێیەمەکانمان دەنێرینـە دەرەوە و ئـەوەش بەپێـی پێویسـتییەکانمان بـووە. دامەزرانـدن و وەرگرتـن و دانانـی قوتابییـەکان بـە نمـرە بـووە و بژارکردنـی خەڵکەکـە تەنیـا بـە نمـرە بـووە، مـن هـەر رەچـاوی ئـەوە دەکـەم و بـەس.
لـە هەمـوو جیهـان و لـە زانکـۆ و وەزارەتەکانـی رۆشـنبیری و حکومـەت دەزگای ئەرشـیف هەیـە، لەنـاو عەرەبـەکان دار الوثائـق و «DOCUMENTS CENTER» هەیـە، بـەڵام لـە کوردسـتان ئـەوە نەبـووە، مـن زۆر سـەردانی مـۆزە و ئەرشـیفەکانم کـردووە، دەستنووسـی زۆرم بینیـووە، دەزانـم ئەوانـە بەڵگـەی بـوون و بەردەوامـی ژیـان و شارسـتانیەتە. دەسـەڵاتی عوسـمانییەکان زۆرتـر لـە ٥٠٠ سـاڵ بەڵگەنامەکانیـان هەڵگرتـووە.
سـوودمان لـەو گەنجینـە گەورەیـە بینیـووە، زۆرمـان بەردەسـت کـردووە، ئاسـان لەنـاو زانکـۆ و بەخۆڕایـی دەسـت دەکـەون، ئەوانـەش دەبـن بـە کەرەسـتە و سـەرچاوەی بـاش بـۆ ماسـتەر و دکتـۆرای فێرخـوازان. لـە سـاڵی ٢٠١٧ سـێ مامۆسـتا دەنێرمـە تورکیـا و سـەردانی ئەرشـیفی عوسـمانییەکان دەکـەن، پـاش ئـەوان «ئاشـتی رەحـمان» پسـپۆر لـە خوێندنـەوە و ناسینی بەڵگەنامە عوسـمانییەکان و رێنووسـی کـۆن، ماسـتەرەکەی لـەو بابەتـە بـوو، ئـەو لـەو بـوارە کار دەکات، بەڵگەنامەکانـی تایبەتـن بـە کوردسـتان دەستنیشـان دەکات و لەسـەر بودجـەی زانکـۆی جیهـان دەیانکڕێـت، تـا ئێسـتا پێنـج شـەش هـەزار بەڵگەنامـەی تایبـەت بـە کوردسـتانمان لەنـاو ئەرشـیفی

عوسـمانی ئامـادە کـردووە.
لـە تورکیـا و لـەو ئەرشـیفخانەیە بەڵگەنامـەکان بـە پـارەی رەمـزی بـووە، ئـەوان وەک کالایەکـی بازرگانـی هەڵسـوکەوتی لەگـەڵ ناکـەن. هەمووەمـان کـۆ کردیتـەوە، سـاخمان کردونەتـەوە، وێنەمـان گرتـوون و بـە دیزاینـی نـوێ و چاپـی نایـاب ئامادەمـان کـردوون، چەنـد بەرگمان چاپکـردووە وەک هەولێـر لـە بەڵگەنامەکانـی عوسـمانیدا بـە دوو بـەرگ لـە سـاڵی ٢٠١٧، بـارزان و زێبـار و بازیـان و چەمچەمـاڵ و کۆیـە و رانیـە و سـلێمانی و دوا بەرگیـش کەرکـوک لـە بەڵگەنامەکانـی عوسـمانی دا لــە ســاڵی ٢٠٢١ چاپکــردووە، ئەوانەمــان بــە چاپــی شایســتە چاپکــردووە و لەســەر دەزگا تایبەتیمەنــدەکان بەخۆڕایــی دابەشـیان دەکەیـن. لـەو رۆژانـەش چاپـی دووەمـی هـەردوو بەرگـی هەولێـر بـە چاپـی نـاوازە چـاپ دەکەینـەوە.
ئەوانەمـان لـە تورکیـا هێنـاوە، هەروەهـا لـە ئێرانیـش نزیکـەی ٣٥ هــەزار بەڵگەنامەمــان هێنــاوە، لەگــەڵ «دار الوثائــق العراقیــە» پەیوەندییـمان هەیـە. سێزدە کتێـب لـە نێـوان سـاڵانی ١٧٢٤ تـا ١٩٧٥ نـووسراون، لـە بریتانیـا دەکـڕم، ئەوانـە بـە پۆسـت دەگاتـە دەسـتمان. هـەر لـەو بۆنەیـە داوا دەکـەم هەر لایەن و کەسێک بابەتی ئەرشـیفی هەیـە بوارمـان بـدەن کۆپیـان بکەیـن، دەزگا و ئەرشـیفەکانمان بەوانـە دەوڵەمەندتـر بکەیـن و بـبن بـە سـەرچاوەی زانسـتی بـۆ هەمـوو بوارەکانـی توێژینـەوە، بواریـش دەدەیـن خەڵکـی تریـش کۆپییـان بکـەن و سـوودیان لـێ وەربگـرن.

# ٤٦
# دار و بەردی زانکۆ

«لە رۆژی ٢٠٢١/١٢/٣٠ لە دوا رۆژەکانی ساڵ، لەوەدەمانەی زۆربەی ئەوانەی پارە و پاسپۆرت و شارەزاییان هەبوو، زۆریان گەشتیان کردبوو، بۆ شەوی سەری ساڵ چووبونە دەرەوەی وڵات، چووبوون لە تورکیا و ئەوروپا ئاهەنگی سەری ساڵ بەسەر بەرن. لەو رۆژەدا من لەگەڵ دکتۆر نەوزاد بەیەکەوە لە ژوورە گەورەکەی، ئۆفیسەکەی؛ رۆژانە ئەو ئەگەر دەوام هەبێت، کاروباری هەموو زانکۆکانی جیهان تێدا بەڕێوە دەچێت.

لەو ئۆفیسەدا باسی زانست و هونەر دەکرێت، باسی رێژە و ئاست و ئایندە و بەرنامەکانی زانکۆکانی جیهان دەکرێت. لەوێ و لەو ژوورە دیدارمان دەبێت، پێکەوە قسە دەکەین، ئەرشیفەکانی دەبینین، ماوە ماوەش چا یان قاوەیەکەمان بۆ دەهێنن، چەند قوومێکی لێ دەخۆینەوە و ئەوی تری بۆمان ناخورێتەوە و سارد دەبێتەوە! ئەو قسە دەکات و من دەنووسم.

ئۆفیسەکەی ئەو، هەوارێکە کتێبی بە هەموو زمانێکی ئەو

جیهانـە تێدایـە، کتێـب بـە هەمـوو جۆرەکانـی؛ زانسـت بـە هەمـوو لقــەکان، ئــەدەب و مێــژوو و گۆڤــاری زانســتیی زۆری تێدایــە. ئۆفیســەکە زۆربــەی کتێبــە چاپکــراوەکان، توێژینەوەکانــی تێدایــە، چەنــدان نووســین و توێژینــەوە لەســەر دۆز و مێــژووی کــورد و کوردسـتان بـە زمانەکانـی ئەڵمانـی و ئینگلیـزی و رووسـییان پەیـدا کـردووە و کۆپییـان کردونەتـەوە، لـەوێ دەبینرێـن، چەنـد دانەیەکـی لـەو کتێبانـە بـۆ سـوود وەرگرتـن و تـا بـن بـە سـەرچاوەی زانسـتی؛ بــۆ دەزگــە زانســتییەکان و زانکۆکانیــان نــاردووە، دانەیەکیــان وەک نمونـە دانـاوە... کتێبـە کۆپیکـراوەکان ژمارەیـان ٥٧ کتێـب بـوون، هـەر یەکێـک لەوانـە سـەد دانەیـان لـێ ئامـادە کردبـوو، زۆربەیـان چاپکـراو و بڵاوکراوەکانــی ســەدەکانی هــەژدە و نــۆزدە و بیســت بــوون! بـە دیزایـن و تایـپ نووسـینەکانیان دیـار بـوو کـۆن بـوون، بـەڵام دیـارە نرخـی زێـڕ لەکـن زێرینگـرە.

هـەر لـەو ژووره تابلـۆی شـێوەکاری خـۆی و هونەرمەنـدان و فۆتـۆی گــەورەی تیدایــە. لــەو ژووره تابلۆیەکــی گــەورەی خــۆی بەپێــوە وەسـتاوە و رووی خۆشـە و رەنگرێژ و رەنگئامێز و رەنگپرژێنە دانراوە؛ تابلۆکــە لەلایــەن شــێوەکار خاتــوو «ســارا تەلایــی» دروســتکراوە. تابلۆکـە ئاوێتەیەکـە لـە سرووشـت و ژیـان. تابلۆیەکـە، لـە وێنەیەکـی فۆتـۆ وەرگیـراوە. دوایـی خاتـوو سـارا لەسـەر تابلۆکـە لـە دیدارێکـی سـەرپێی بـە منـی گـوت:

لەبـەر ئـەوەی دکتـۆر زۆر حـەزی لـە بـەردە، بۆیـە پێیەکانـی ئـەوم لەسـەر وردە بـەردی رەنگینـی بەشـەوق دانـاوە. تابلۆکـەش رەنگـی زۆری تێدایـە، چونکـە ئـەو حەزیشـی لـە رەنگـە. تابلۆکـە یـەک مەتـر

بـه ١،٢٠ سـم. مێژووەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ٢٠١٧. تابلۆکـە ئاماژەیەکە بـەوەی ئەگـەر خۆشـی لـەوێ نەبێـت، خـۆی لەوێیـە! بۆن و ڕەنگـی لەوێیـە»

لـە گۆشـەیەکی دیوارەکـە چەنـدان بڕوانامـە و فۆتـۆ و دیاریـی هەڵـواسراون، لەوانـە بڕوانامـەی «الاتحـاد الجامعـات الدولیـە» و یەکێتیـی زانکۆکانـی عەرەبـی لـە قاهیـرە و یەکێتیـی زانکۆکانـی جیهـان و کۆنگـرەی شـاهانەی سـەرۆکەکانی عەرەبـی بـە زمانـی عەرەبـی و زمانەکانـی تـر، سـەبارەت بەوانـە دکتـۆر گوتـی:

مـن لـەو ڕێکخـراوە زانسـتییە «الاتحـاد الجامعـات الدولیـە» سـەرۆکی ئەنجومەنـم، ١٠٢ زانکـۆی جیهانـی ئەندامـن لـەو یەکێتییـەدا، هەموویـان لـە ٢٢ وڵاتـەوە کۆبوونەتـەوە. ئـەو یەکێتییـە لـە سـاڵی ٢٠١٦ دامـەزراوە، هەموومـان مانگانـەش دەدەیـن، پارەکـە لەنێـوان پێنـج سـەد دۆلار و زۆرتریشـە، مانگانـەش کۆبوونەوەمـان هەیـە و بارەگـە سـەرەکییەکەمان لـە ئەسـتنبۆلە. بەرنامـە و کارنامـە و ئامانجـمان گۆڕینـەوە و توێژینـەوەی بابەتـی زانسـتی و ڕێکخراوەیـی و هاوکارییـە.

# ٤٧
# کۆترەکانی زانکۆ

لەودەمانــە مــن دەچمــە ژوورەکــە، کۆترێــک یــان نازانــم چ جــۆرە باڵندەیەکــی تــر بــوو، نیــوەی باڵــی ســپی بــوو دەبینــم، یەکســەر هەســتی پــێ دەکــەم، یــان دکتــۆر روو و ســەرەنجی لەســەر ئــەو بــوو، بۆیــە منیــش لــە پەنــا پەنجەرەکــەوە دەیبینــم.
لــە دیدارەکانــی تریــش، باڵنــدەی زووتــرم لــە بــاخ و ئاســمان و ســەر دارەکانــی نــاو زانکۆکــە دەبینــی؛ دەمبینــی رەوە رەوە کۆتــر هەڵدەفڕیــن، بــەرز دەبوونــەوە و ژمارەیەکــی زۆر بەیەکــەوە و رەوە کۆتــری زۆرتــر دەبــوون بــە یــەک جەســتە و دەڕۆیشــتن، بــەڵام دەهاتنــەوە دووبــارە لەســەر باڵەخانــەکان، لەســەر بــەردی پەیکــەرەکان، لەســەر کورســییەکانی کاتــی دەوامــی ئاســایی زانکــۆ و جەنجاڵــی قوتابییــەکان؛ دڵ و چــاو و کتێــب و نــاز و گلەیــی و خوێندن و وەڵامدانــەوەی نامــە و کۆمێنتەکانــی تێــدا گــەرم بــوو دەهاتنــەوە و کۆتــرەکان لەســەر هەمــوو شــتێک دەنیشــتنەوە، دەچوونــە ســەر لێــواری حــەوزەکان و دەنووکــە باریکــە ســوورەکانیان لــە خونــاو و

دڵۆپـە ئـاو و نـاز و سـەمای ئـاوەکان تـەڕ دەکـرد، پشـوویەکیان دەدا و رازەکانیـان بـۆ یەکـتری دەدرکانـد و دووبـارە لـە شـەقەی باڵیـان دەدایــەوە و دەفڕینــەوە، بــەڵام دوودڵ بــوون، چــۆن و بــۆ...

لــەو رووبــەرە کەســکە تــەڕە بۆنــدار؛ بــە ســۆز و زانســت و پــاک و خاوێنــی بــڕۆن و دوور بکەونــەوە! هــەواری جوانــتر و پــڕ دان و ئارامتریـان بـۆ هێلانـە و سـەلامەتی بێچـوو و هێلکەکانیـان نادۆزنـەوە، بۆیــە کۆتــرەکان نەدەڕۆیشــتن و دەفڕیــن و زوو دەنیشــتنەوە.

کۆتـرن و دەفـڕن و جوانییەکـی تـر و رەنگـی تـر و جووڵـەی زۆرتـر بـە ئاسـمان دەدەن. دەفـڕن و قوتابـی مانـدوو، قەڵەمـی بێـزار، کورسـیی رەق، کتێــب و دەســت و چــاوی مانــدووی نــاو ژوور و تاقیگــە و کتێبخانـەکان هوشـیار دەکەنـەوە. کۆتـرەکان دەفـڕن، لـە دەسـت و چـاو و زانکۆکـە دڵنیـان و پـەرۆش و زووش دەگەڕێنـەوە نـاو زانکۆکـە. دەنیشـنەوە کـە باڵەکانیـان مانـدوو دەبـوو، کـە تینوویـان دەبـوو، کـە ترسـیان لـێ دەنیشـێت، دەگەڕێنـەوە نـاو بـاخ و بـەر سـێبەر و بـەر هەوارەکـەی زانکـۆی جیهـان! زانکـۆی جیهـان وەک چـۆن قوتابـی و مامۆسـتا و باخـەوان و پاسـەوانی هەیـە، کۆتریشـی هەیـە! وەک چـۆن هەزارەهـا فێرخـوازی هەیـە، چەنـدان رەوە کۆتریشـی هەیـە.

مـن پرسـیم ئـەو کۆترانـە چ دەکـەن لێـرە، مـن لـەو شـارە تەنیا باڵندە لەنـاو قەفەسـی گـەورە و بچـووک و تێڵبەنـد دەبینـم، یـان دەیانبینـم لـە ترسـی؛ راو و گوللـە و ددان و کەڵپـەی پیـس بـەرز بـەرز دەفـڕن و خۆیــان دەشــارنەوە و کــۆچ دەکــەن، دەڕەونــەوە، یــان ئەگــەر کۆچیـش نەکـەن لـە ئاسـمانەوە دادەبەزنـە نـاو درزێکـی تاریـک، پەنـا بەردێکـی نـاو گۆڕەپانـەکان ئەوانـەی لـە دوورەوە هێـنراون، دانـراون،

ڕەنگکـراون تەنیـا بـۆ خۆشەویسـتی بـەرد و جوانییەکانـی لـەوێ بـوون بـە دیمـەن و هێـما.
دەفـڕن و دەچنـە نـاو لقـی بـەرزی درەختێکی پیـری مانـدوو، لقەکانی دارێکـی پیـر؛ بـە خزمەتکـردن و چاودێـری زۆرەوە بـووە بـە بـەژن و سـێبەر و سـەماش فێـر بـووە؛ ئەوانـە دەترسـن و دەڕۆن و کارەسـاتی خوێــن و کوشــتن و دزینــی هێلکەکانیــان دەبەنــە بــەر بەرائەتــی ئاسـمان!
پرسـیم ئـەو کۆترانـە، ئـەو ڕەوە فڕینـە، ئـەو ناسـکییە چـۆن هاتوونەتە ئێـرە، چـۆن ئاشـنای ئـەو باڵەخانانـە بـوون، ئەوانـە هاتـوون تـا لێـرە نــاز و ڕاز و ڕەنگەکانــی نــاو گەلەرییــەکان و وێنــەی ســەر بەرگــی دەفتـەرەکان وەربگـرن و بناسـنەوە!؟ یـان هاتـوون و نازانـن بڕۆنـەوە؟ یــان ئەوانــە هێلکــە بــوون لێــرە و لەنــاو لیســەکان دەرچــوون و بێچـووەی ناسـک بـوون و گـەورە بـوون و لێـرەش باڵیـان گرتـووە! ئەوانـەش فێرخـوازی زانکـۆن.
لـە وەڵامـی ئـەو ڕازەی مـن، بەرانبـەر گۆڕەپانـەکان و بـەڕووی ڕەوە کۆترەکانــی لــە ئاســمانا بــەرز دەبوونــەوە و دەنیشــتنەوە، دکتــۆر گوتــی:
ئەوانــە ڕۆح و جوانییەکانــی ئــەو زانکۆیــەن، پــەروەردە دەکرێــن، دان و ئـاو و سـێبەریان هەیـە و مافیـان پارێـزراوە، هەموویـان لێـرە هێلانەیـان هەیـە، ڕۆژێکیـان ئاگاداریـان کردمـەوە گوتیـان؛ شـەوێکیان مــن و پاســەوان و ســەرۆکی زانکــۆ و پاســەوانەکانی خەوتبوویــن ڕیوییــەک یــان چەقەڵێــک، گیانلەبەرێکــی دڕنــدە بــە کەڵپــە تیــژە بەدکارەکانـی بیسـت دانـەی لـەو کۆترانـە خواردبـوو، کۆترمـان بیسـت

دانەیـان لـێ کـەم دەکاتـەوە، نامینێـن.
مـن بـەو قسـەیە، بـەو هەواڵـە کوشـندەیە تـووڕە بـووم و پێیـان دەڵێـم؛ زوو و بەپەلـە دەمـەوێ بیسـت کۆتـری نـوێ لـە جیگایـان دابنێنـەوە، نامـەوێ ئاسـمان و سـێبەر و لیسـەکان ژمارەی کۆتـری تێدا کـەم بکاتـەوە، نامـەوێ ئـەوە دووبـارە ببێتـەوە، دەمـەوێ کۆتـرەکان، سـیمای فڕینیـان لـە ئاسـمان نەشـێوێندرێت، ئاڵـۆز نەبێـت! نامـەوێ بترسـێن و بمـرن و بخورێـن و بـڕۆن.
ئیـتر لـەو رۆژەوە پاسـەوانی باشـتری کۆتـرەکان دەکـەن و کۆترەکانیـش وەک هەمـوو بەرنامەکانـی زانکـۆ و حـەزی قوتابییـەکان و دڵسـۆزی مامۆسـتاکان ئاسـوودەن و ئـارام دەفـڕن و دەنیشـنەوە و هێلکـەش دەکـەن و زۆرتـر دەبـن.
پرسـیم دکتـۆر ئیمـڕۆ کۆتـرەکان دیـار نین، بەو رۆژە خۆشـە ئاسـمانیان پـڕ نەکـردووە لـە جریـوە و گمەگـم و سـەمای باڵەکانیـان، بـەرەو کام ئاسـمان و کام دارسـتان رۆیشـتوون؟ ئـەو گوتـی:
هەمـوو لێـرەن، هەموویـان مـاون هەموویـان دەناسـمەوە، بـەردەوام سـەردانی لیسـەکانیان دەکـەم، گـوێ لـە گمەگمیـان دەگـرم و پـەرۆش سـەیری باڵەفڕەیـان دەکـەم و دڵـم بـەوەوە خۆشـە کـە لـە نهۆمـی چوارەمـەوە ئـەوان بـەو ئاسـمانەوە دەبینـم، دەزانـم و دڵنیـام مـاون و لێـرەش ئاسـوودەن. سـەیرکە ئەوەیـان، ئـەو باڵندەیـە چەنـد دەقەیـە لەبـەر پەنجەرەکـەم جووڵـە و سـەما دەکات و دەجریوێنێـت و منیـش قسـەی لەگەڵـدا دەکـەم و رازێکـی شـیرینم لـەو دیـدارە شـیرینەمان بـۆ تۆمـار کـردووە.


## ٤٨
## لەناو ئۆفیسەکەی دکتۆر نەوزاد لە زانکۆ

هـەر لـەو ژووره وێنەیەکـی کۆنـی شـەڕی بەرگـری و مانـەوەی هەولێرییـەکان بـە زمانـی فارسـی هەڵـواسراوە، تابلۆیەکـی ڕەنگاورەنگەکـە و لـە وڵاتـی هینـدەوە هێـنراوە. دیمەنەکـە، تابلۆکـە بەرجەسـتەی شـەڕی گەمارۆدانـی قەڵاتـی هەولێـر دەکات، چـۆن سـوپای هۆلاکـۆ ویسـتوویەتی قەڵاتەکـە بگرێـت و نەیتوانیـوە و خەڵکەکـەش مەردانـە بەرگرییـان کـردووە.

دەقـە فارسـییەکەی تەنیشـت تابلۆکـە بـەو جـۆره کـراوە بـە کـوردی و لەتەنیشـت تابلۆکـە و ژێـر دەقـە کۆنەکـە دانـراوە، ئـەوەش گوزارشـت لـە قـەڵات و هەولێـر و کوردسـتان و هۆلاکـۆ دەکات:

«چیرۆکـی گەمارۆدانـی شـاری هەولێـر لەلایـەن «ئارقتونویـان» و شـێوەی گەمارۆدانـی قەڵاتـی هەولێـرە، لـە کاتێکـدا «هۆلاکـۆ خـان» نێـردراوی بـۆ داگیرکردنـی بەغـدای هەبـوو، «ئارقتونویـان»ی ڕاسـپارد بـوو بـۆ داگیرکردنـی قەڵاتـی هەولێـر، قەڵاتـی هەولێر لەسـەر گردێکی قـورس و گـران دروسـتکراوە وێنـەی نییـە، کـە سـوپای «ئاقتونویـان»

دەوری قەڵاتی داوە دەستیان بە شەڕ کردووە، خاوەن شکۆ «تاج الدین محمدامین صلابە اربیللی» بەرەو لایان ڕۆیشتووە خزمەتی کردون، «ئارقتونویان» گوتوویەتی پارێزراوی و تەندورستی دانیشتوانی بەرانبەر رادەستکردنی قەڵا دایە، «ئارقتونویان» بەرەو قەڵات بەڕێکەوتووە، بەڵام سەربازە کوردەکان ڕێگایان پێ نەداوە بچێتە ژوورەوە، دوای گفتوگۆیەکی زۆر بەنیگەرانییەوە «ئاوقتونویان» بەرەو لای هۆلاکۆ گەڕاوەتەوە، هۆلاکۆ «ئاقوتیونویان» کوشتووە و هێزی ناردووە بۆ گرتنی قەڵات، سوپاکە ماوەیەک لە دەوردانی قەڵات بوون، بەڵام خەڵکی قەڵات خۆیان ڕاست نەکردووە و بەرگرییان کردووە»



تابلۆی پەلاماردانی سوپای هۆلاکۆ بۆ سەر قەڵاتی هەولێر.

هـەر لەسـەر دیوارەکانـی ئۆفیسـە بەرینەکـە، نەخشـەیەکی کـۆن هەڵـواسراوە، رێکەوتـی سـاڵی ١٢٧٧ی کۆچـی لەسـەرە، دکتـۆر نـەوزاد لەسـەر ئـەو نەخشـەیە گوتـی:

ئـەوە نەخشـەیەکی قەڵەمڕەویـی عوسـمانییەکان بـووە، ئـەوان نەخشـەکەیان کێشـاوە. بـە گەورەیـی لەنـاو نەخشـەکە لەسـەر رووبـەری خاکـی کوردسـتان نـووسراوە کوردسـتان. ئـەوەش کۆنتریـن نەخشـەیە نـاوی کوردسـتانی لەسـەر بێـت، ئەوەمـان لـە خانـەی ئەرشـیفخانەی ئەسـتنبۆل دۆزیوەتـەوە، دانەیەکـمان لـەوە کۆپـی کـردووە و پێشکەشـی سـەرۆک بازرانییـمان کـرد. لـە سـەرووی نەخشـەکەش وێنـەی دیدارەکەمـان هەڵواسـیوە. دیـارە سـەرۆک بارزانـی بـەو نەخشـەیە خۆشـحاڵ بـووە و پێشـوازیی گەرمـی لـە دیارییەکەمـان کـردووە.

***

هـەر لـەو ژوورە و لەسـەر بۆردێکـی لاکێشـەیی کەمێـک نـەوی و پـان و لـووس و گـەورەش؛ هەمـوو بڵاوکـراوە و بەرهەمەکانـی جیهـان پرێـس و کتێبـە بەڵگەنامەکانـی لەسـەر دانـراوە. لەوانـە زنجیـرە کتێبەکانـی شـارەکانی کوردسـتان لەنـاو بەڵگەنامـە عوسـمانییەکان دا، ئەوانـە دەستنیشـانکراون و لـە زمانـی تورکـی عوسـمانی کـراون بـە کـوردی و ژمارەیـان ١٢ بەرگـە، هەروەهـا وا باشـە، ئامـاژە بـەوەش بدەیـن بەرگەکانـی تـری ١٣ و ١٤ و ١٥ لەسـەر شـارەکانی تـری کوردسـتانە و ئامـادە کـراوە و چـاپ دەبـن. بـەردەوام کارمەنـدە تایبەتییەکەیـان لەنـاو ئەرشـیفخانەی عوسـمانی دەسـتبەکارە و ئیـش

لەسـەر دۆزینـەوەی پێگـە و نـاوی کـورد و کوردسـتان و شـارەکان دەکات، بەڵگەنامەکانـی تـر دەستنیشـان دەکات. هـەر لەنـاو ئەرشـیف و بەرگەکانـی بەڵگەنامـەکان و کتێبـی تریـش، گۆڤـاری جیهانیـش دانـراوە، ئـەوەی لـە سـاڵی ٢٠١١ەوە دەرچـووە و بـە چاپـی ڕەنگاورەنگـی جـوان بەردەوامـە.

«لـەوێ و لەسـەر ئـەو بـۆردەش، ڕۆمانـی هەولێـر ئەسـتنبۆل _ بەرگـی دوازدەمـی ڕۆمانەکانـی هەولێـر، نووسـینی مـن لـە بڵاوکراوەکانـی زانکـۆی جیهـان دانـراوە»

لەنـاو بڕوانامـە هەڵواسراوەکانـی نـاو ژوورەکـە دکتـۆر نـەوزاد بڕوانامـەی خـۆی دانـاوە. ئـەو لـە زانکـۆی موسـڵ خوێندنـی پزیشـکی تـەواو کـردووە و بڕوانامـە دیوارییەکـەی ئیمـزای سـەرۆکی زانکـۆی موسـڵی ئەوەدەمانـە دکتـۆر «موحەمـەد ئەلمەشـات»ی لەسـەرە. سـەرۆکی زانکۆکـەی ئەوەدەمانـە، ئەلمەشـات ماسـتەر و دکتـۆرای لـە یاسـا و تـاوان و سـزاکان لـە ئەمریـکا هەبـووە، دوایـی دەبێتـە وەزیـری کار و پاشـان خوێندنـی بـاڵا و توێژینـەوەی زانسـتی، بـە فەرمانـی «ئەحمـەد حەسـەن ئەلبەکـر» سـەرۆکی ئەوەدەمانـەی عێـراق دەیگـۆڕن، بـەڵام ئـەو لـە ماڵـەوە دەرناچێـت و فەرمانەکانیـان جێبەجـێ نـاکات، ئیـتر دەکەینـە سـەفیری عێـراق لـە وڵاتانـی ئەوروپا تـا سـاڵی ١٩٩١ لـە کەنـدا داوای پەنابـەری دەکات، هـەر لەوێـش دەمرێـت. بڕوانامەکـەی ئیمـزای ڕۆژی ٢٣ی کانوونـی یەکەمـی سـاڵی ١٩٧٤ی پێوەیـە، لەنزیـک ئۆفیسـەکەی دایناوە لەگـەڵ هـەر جووڵـە و هەڵسـان و دەرچـوون و گەڕانەوەیـەک دەیبینێـت.

***

مەدالیـا و ڕێزلێنـان و سـلۆگان و دروشـمی جوانـی گـەورە و بچووکـی شووشـە و کانــزا و دار و مــس و نەخــش و پــەڕۆ و ئاوریشــم و ... بــە هەمــوو شــێواز و شــێوە و ڕووبــەر و ڕەنــگ و ســومبڵێکەوە لەنـاو ژوورەکـە لەنـاو؛ پاکێتـی ناسـک و خنجیلانـە دانـراون. لەوانـە دیـاری زانکـۆکان، دیارییەکـی دکتـۆری منداڵانـی هەولێـر «تاریـق بەهائەدیــن» کــە لــە نەخۆشــخانەی هەولیــر مامۆســتای بــووە، دیارییەکــە وێنەیەکــی ســادەی شــار و قەڵاتــی هەولێــرە و لەنــاو چوارچێوەیەکــی ســادە دانــراوە.

لـەوێ دیاریـی زانکـۆی ئەلشـارقە، دیـاری زانکۆکانـی چیـن و ژاپـۆن، هەمـووش ئامـاژە و ناسـینی کولتـووری ئـەو وڵاتانـە دەبینیـت. لەسـەر مێزێکـی لاکێشـەیی بـن دیـوارەکان دیـاری نمونـەی چـا و شـەربەت و لێـوان و فنجـان و پیاڵـەی ناسـک و گـۆزەی شووشـە بـە هەمـوو ڕەنگەکانــەوە ریزکــراون، لەوانــە فنجانــە پەمبەکانــی خواردنــەوەی مەشروبـی «سـاکی» ژاپۆنـی، کە لە سـیرامیک بە ناسـکی دروسـتکراون و گۆزەیەکـی بچـووک بـۆ دانـان و گەرمکردنـەوەی سـاکی لەگەڵـە، ئەوانـەی بـە دیـاری وەرگرتـووە. «سـاکی لـە ترشـاندنی برنـج دروسـت دەکرێــت و ڕێــژەی کحولــی زۆر بــەرز نییــە، لەنێــوان ١٠ تــا ٢٠٪ دەبێـت و بـە پلـەی سـەرووی ٣٠ سـیلیزیی سـاز دەکرێـت».

میدالیـای دیاریـی زانکـۆی جـۆرج واشـنتۆن، زانکۆکانـی نـاو عێـراق، زانکـۆی سرام، زانکـۆی شـێفیلد هالمـان و سـتیڤنس کۆلێـج ئیدنـبرە، زانکـۆی کەرکـووک، تەلەڤزیۆنـی الان، کلیـە القلـم الجامعـە، کلیـە بلاد الرافدیـن الجامعـە، زانکـۆی پۆلیتەنکیکـی هەولێـر، زانکـۆی جـدارا،

زانکـۆی عجـمان، زانکـۆی فۆرهانـت، زانکـۆی ئۆکسـفۆرد، زانکـۆی کامبریـج، زانکـۆی ولڤێرهاملتـۆن.

پارچەیـەک بـەردی ناسـکی لاکێشـەیی پـان بەناسـکیی دانراوە، لەسـەر رووی بەردەکـە وشـککراوەی وردە ماسـی لەسـەرە، ئێسـقانەکان، بڕبڕەکانـی تـەواوی جەسـتەی ماسـییەکی کـۆن دیـارە. ئـەو ماسـییە مێـژووی دووری و دێرینـی ئـاو و ژیـان دەگەیەنێـت، ئـەوەش ئاماژەیەکـە بـۆ نەمـری و دێرینـی ژیـان. بـەڵام ئـەو لەبیـری نەمابـوو، لـەکام بـازاڕ و گەلەریـی جیهـان ئـەو پارچـە بـەردە ناسـکە تەنکـە لووسـەی کڕیـووە!

بوونـی زۆری نمونـەی تـۆ چـا و دیاریـی فنجـان و پیاڵـە و قـور ئاماژەی پەیوەنـدی و دیـدارە کۆمەڵایەتییەکانـە بـۆ ناسـین و دۆسـتایەتییە، بـەڵام دیـدار و دانیشـتنی کحـول زۆر جـار دەبێتـە مایـەی مەسـتی و شـەڕ و بەدحاڵـی، بۆیـە زۆر لـە دیارییـەکان پەیوەندییـان بـە خـوان و شـەوچەرەی چاخواردنـەوەی میللەتانـی جیهـان.

لـە هەموویـان ناسـکتر سـادەتر دیاریـی باوەشـینەیەکی کۆنـی کـوردەواری نەخشـین بـە چەنـد پوولەکـە و داو و گوڵینگـی ئاوریشـم بـوو! دکتـۆر باوەشـینەکە لەناو کەرەسـتە چینـی و ژاپۆنـی و ئەورووپیی و دیارییـە نـاوازەکان دەردەهێنێـت و باوەشـینەیەک لـە هەردووکـمان دەکات و دەڵێـت ئـەوەش دیارییەکـی هەولێرییەکانـە!

فەرمانێکـی چینـی لـە زانکۆیەکـی چینـی بـۆ هاتـووە، لەسـەر قومـاش نـووسراوە، بـە زمانـی خۆیـان، بـەرزی و درێـژی نامەکـەی بـە قـەد بـاڵای ئـەو دەبـوو، هەمـوو ئـاکارە هونەرییـە ناسـکییەکان لـەو فەرمانـەدا دەبینرێـت، بـەڵام دیـارە ئاسـان نەبـوو بزانیـن چـی تێـدا

نـووسراوە، فەرمانـە نووسراوەکـە دەکاتـەوە و بـە بەژنـی دەگرێـت. فەرمانێکـی تـر، بـەڵام بـە زمانـی ژاپۆنـی، ئەوەیـان لەنـاو لوولەیەکـی کانزایـی ناسـک و داخـراو دانرابـوو، فەرمانەکـە لەسـەر پارچەیـەک ئاوریشـم نووسرابـوو، ئەویـان لەسـەر حەسـیرێکی تەنـک و نـەرم بـوو، نەخشـی پیتـەکان بـۆ ئێمـە نەدەخوێندرانـەوە، بـەڵام شـێوە و هێـماکان پیـرۆز و شـاناز دەردەکەوتـن.

**دیارییەکانی لە زانکۆکانی جیهان پێشکەش بە زانکۆی جیهان کراون، چەند دانەیەک لەوانە نمایش دەکەین، کە دکتۆر نەوزاد باجگر زۆری بەسەر دیوارەکانا هەڵواسیوون، لە چوارچێوەی جوانی دایناون، لەسەر مێز و تەختە و بەردەستی ریزی کردوون، هەمووانی خۆشدەوێت، زۆریش لەناو کارتۆن و سەندوقە ناسکەکانیان وەک خۆیان ماون، لەناو دۆلابەکانا دانراون. هەمووان، ناو و ئاماژە و سنوور و شوێن و پێگەیان دیار و بەرچاون!**




UNIVERSITY OF CAMBRIDGE


بڕوانامەی ڕێزلێنان


UNIVERSITY · OF · OXFORD
DOMI NVS ILLV
MINA TIO MEA




B.A.U.C
هدية
كلية بلاد الرافدين الجامعة
BILAD ALRAFIDAIN UNIVERSITY COLLEGE

**ناز و چوار ددانەکان**

دکتۆر لەناو ژوورەکە سێ تابلۆی زەیتی خۆی هەڵواسیووە، لەناو یەکێک لە تابلۆکان نووسراوە «لا وجود للزمن»، ئەو وا دەزانێت کات دروستکراوێکی سرووشتییە، شەو و رۆژەکان لەگەڵ خولانەوەی زەوییە، دەرکەوتن و ئاوابوونی هەتاو و رۆژە، ئەگەر نا زەمەن بوونی نییە. مرۆڤ و رۆژەڤەکە هەر چەند لە سرووشت و سەرقاڵ بێت و دوور بکەوێتەوە بۆ ئەو شەو و رۆژیش بوونی نامینێت.

تابلۆی دووەم بە ناوی «ناز و چار ددانەکان» بوو، ئەوەش ئاماژەیەکە بە کچە گەورەکەی، بەو تابلۆیە و پێکهاتە رەنگییە «ناز» هوشیار دەکاتەوە وڵاتەکەمان، کوردستان کەوتووتە بەر کەڵپە و ددانی ژەهراوی چوار نەیار و داگیرکەران. تابلۆکە بە رەنگەکانەوە ئاماژەیەک بۆ ترسناکی دوژمنەکان دەکات، نازی کچی بەئاگا دەهێنێت، تابلۆکە مێژووی دروستکردنی ساڵی ٢٠٠٧ی لەسەر بوو.

تابلۆی سێیەمیش بە هەمان قەبارە و چوارچێوەی تابلۆکانی تر بوو، لەوەیان بە رەنگی تاریکی و تارماییەوە ئاماژەیەک بە بارودۆخی کوردستان دەکات و تابلۆکەش ناوی «شێواندن»ە.

لەو ژووره دیاری چەندان زانکۆ ناودارەکانی جیهان دانراوە، شێوەیان جیاوازە، شێوازی ناوازە، شتی ورد و ناسک و نازدار، تەنک و لەناو پاکێت و سەندوق و بەرگ و ئاوریشم. ژوورەکە بێجگە لە هەردوو دەرگەکانی تەواوی دیوارەکانی تەختە و

مێــزەکان لــە بنــە و ســەرەوەیان کەشــکۆلی جیهــان و میللەتــان، دیـاری زانکۆکانـی پێوەیـە. ئەوانـەی لـەو ژوورە گەورەیـەدا دانـراون، هەڵـواسراون، گچکـە و گـەورە، بـێ چوارچێـوە و بـە پـەت و ملوانکـە و کەزیبەنـدەوە هەڵـواسراون، هەموویـان دیاریـن و ئاماژەیەکـن بـۆ ناسـینی دەزگـەی زانسـتی و مەڵبەنـدی هـزری و فێرگـەی جیهانـی ئـەو جیهانـە گەورەیـە بـۆ زانکـۆی جیهـان.

# ٤٩
# دەروازەی زانکۆکە

لەوێ و لە ژوورە دەروازەکە «بوابە»ی زانکۆکە دیارە، پەنجەرەکانی ژوورەکەی وا دانراوە رووبەڕووی دەروازەکە بێت. سێ کەوانەکە، کەوانەیەکی گەورە و دوو کەوانەی بچووک لە هەردوو دیوی دانراوە. لەسەر کەوانە بچووکانەوە چەند پایەیەک بەرز دەبێتەوە و دەگاتە لوتکەی کەوانە بەرزەکە. لەسەر لوتکەی کەوانە گەورەکە تۆپێکی بەرد راگیراوە؛ ئەوەش بووە بە رەمزی گۆیی زەوی و تەواوی جیهان. دکتۆر نەوزاد دەڵێت:

کەوانە گەورەکە ئاماژەیە بە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران «١٨٦٥_١٩٢٥» لە ساڵی ١٩٢٣ ئەو شێخە نەقشبەندییە دەکەوێتە ناو بزاڤی سیاسی و کوردایەتی و لە ساڵی ١٩٢٥ دەسەڵاتی نوێی تورکیا دەیگرێت و لە سێدارەی دەدات. هەردوو کەوانە بچووکەکەی تەنیشت کەوانە سەرەکییەکەی دەروازەکەش؛ یەکەمیان ئاماژەیە بە شۆڕش و بزاڤی ساڵی ١٩٤٦ و چالاکییەکانی شێخەکانی بارزان و هاوسۆزییان بە قازی موحەمەد و جووڵانەوە

سیاسـیی و کۆمارەکـە. کەوانـە بچووکەکـەی دووەمیـش ئاماژەیەکـە بـە شـۆڕش و دۆخـە سیاسـییەکانی هاوچەرخـی کوردسـتان، هـەر لـە شۆڕشـی ئەیلولـەوە تـا سـاڵانی پێـش راپەڕیـن. پایەکانـی هـەردوو دیوەکانـی کەوانـە و دەروازەکـە ئاماژەیـە بـە خەبـات و قوربانییەکانـی میللەتـی کـورد، چـۆن هەنـگاو بـە هەنـگاو تێدەکۆشـن و چـۆن پەیامیـان بـە جیهـان و نەتـەوە یەکگرتـووەکان گەیانـدووە، تـا دەرچوونـی بڕیـارەکان ئەنجومەنـی ئاسـایش و نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـۆ پشـتیوانی میللەتـی کـورد و بەرقراربوونـی قـەوارەی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان.

# ٥٠
# نافووره و بەردەکان

لـەو زانکۆیـە، لەنـاو گۆڕەپانەکانـی چەنـدان نافـووره بوونـی هەیـە، چەنـدان بـەردی گـەوره و تـاشراو و ئاسـایی دانـراون، بـەردەکان بـە قەبـاره و بـە شـێوازی هونـەری تـاشراون، سـازکراون، بـە جووڵـە و سـیمای سرووشـتی و ئاویـان لێـوه دێتـە خـوارەوه، لـە ناوەوەیـان، یـان بەسـەر قەبارەکەیـان و تەنیشـتەکانیان، دڵـۆپ دڵـۆپ ئاویـان لـێ دەتکێـت، خوناویـان هەیـە، تـەڕن! بـەرد و نافـوورەکان ناویـان هەیـە.

هـەر یـەک لەوانـە سـەربردەیەکی هەیـە، مەبەسـتێک دەپێکـن.

نافـوورەی یەکەمیـان ئـەوەی لـە پەنجـەرەی ژوورەکـەوە دیـاره، کۆنـە و لەگـەڵ خـۆی و تـەواوی ئەندامانـی خێزانەکەیـان بیرەوەریـی هەیـە، باوکیـان بەڕەحمـەت بێـت لەنـاو حەوشـەی مزگەوتەکەیـان ئـەو نافـوورەی دایناببـوو. باوکیـان حاجـی یەحیـا بـەزاز مزگەوتێکـی گـەورەی لەنـاو شـاری هەولێـر دروسـتکردبوو، لەوێـش لەگـەڵ هاوسـەرەکەی نێـژراون. نافوورەکـە لـەوێ بـووه، بـەڵام لەگـەڵ گۆڕینـی نەخشـە و ژوور و پێکهاتەکانـی ئـەو نافوورەیـە هەڵدەگـرن،

دکتـۆر زوو پێیـان دەڵێـت:
نەکـەن ئـەو نافوورەیــە فـڕێ بـدەن، نەیشــارنەوە و ون نەبێــت، بیهێنـن بـا بەرانبـەرم بێت، بـا لێـرە وەک ژیـان تـەڕ و ئـاوەدان بێـت و بـەردەوام لەبـەر چاوانـم بێـت، ئەوەیـان ڕەمـز و مانـا و سـونبڵی کاکـم و مزگەوتەکەیەتـی!
دوو بـەردی تـاشراوی گەورەیـان لەنـاو باخچەیـەک دانـاوە و ناویـان نـاوە «ژن و پیاوەکـە»، دوو بەردەکـە نیشـانەی بەردەوامـی ژیـان و هاوسـەنگی و هاوبەشـی هـەردوو ڕەگـەزە، ئـاو بـە بەردەکانـەوە دێتە خـوارەوە. هـەردوو ڕەگـەز؛ بـە ژیـان و ئـاو و جووڵەکانیانـەوە جوانـتر دەبـن! بەیەکـەوە ژیـان جوانـتر دەکـەن و بەردەوامیـش دەبێـت.
نافوورەیەکیـان هەیـە ناویـان نـاوە نـەورۆز، بـە سیسـتەمێکی جـوان ئـاو لـە بـۆڕی و سـەر تاتەبـەردەکان هەڵدەقووڵێـت.
نافوورەیەکیـان دانـاوە ناویـان نـاوە شـاخ، ئـەوەش شـکۆ و مەزنـی و پشـتیوانی شـاخ دەگەیەنێـت، چـۆن چیـاکان پشـتیوانی کـورد بـووە.
بەردێکیـان لەنـاو سـەوزاییەک دانـاوە بـە نـاوی پێشـمەرگە، دڵـۆپ دڵـۆپ وەک ڕەمـزی پێشـمەرگە ئـاوی لـێ دەچۆڕێتـەوە، ئـەوەش ئـاو دەدات بـە ژیـان. لەسـەر سـینگی پـان و بەرینـی بەردەکـە بـە ڕەنگـی سـوور وەک ڕەمـز و مانـای خوێـن و قوربانییـەکان نـووسراوە پێشــمەرگە! چەنـد دڵۆپێــک لــە ڕەنگــی ســووریش بــە ناوەکــەوە هاتووتـە خـوارەوە.
نافـوورە و ڕەمـزی شـەهیدەکانی زانکـۆی جیهانیـان هـەر بـە بـەرد دروسـتکراوە، ئەویشـیان بەردێکـی چوارگۆشـەی تـەڕە بـە پرژانـی ئـاو، نـاوی چـوار پێشـمەرگەیان لەبـن بەردەکـە نووسـیوە، هـەر چواریـان

قوتابـی زانکـۆ جیهـان بـوون و لـە شـەڕەکانی دژ بـە داعـش شـەهید بـوون. ناوەکانیـان بـەو جـۆرە نـووسراوە:

شەهید نەمرە

شەوکەت دۆسکی

مەغدید هەرکی

فەرزی فەیزولا

عەتا موحمەد




**شەهیدانی زانکۆی جیهان لەبیر ناکرێن.**

لــە بەشــێکی ناوەڕاســتی باخچەیەکــی نــاو زانکــۆش پەیکــەری دوو حاجــی لەقلــەق لەســەر کۆمەڵــە بەردێکــی ســپی دانــراوە، باڵنـدەکان وەک ڕەمـزی بـازاڕی شـار و میوانـی بەردەوامـی منارەکانـی مزگەوتەکانـی ناوشـار و شـاری هەولێـر دانـراوە. لـەوێ، بـۆ چەنـدان سـاڵ حاجـی لەقلەقەکانـی ببـوون بـە ڕەمـزی ژیـان و بەردەوامـی، بـەڵام لـە دەرئەنجامـی شـەڕە ناوخۆییەکـە، ئەوانـە دەکوژرێـن. چۆن ڕۆژانـە لـە بەرەکانـی شـەڕەکە گەنجـی زۆر دەبوونـە قوربانـی لەنـاو شـاری هەولێریــش حاجــی لەقلەقەکانیــش دەکوژرێــن. ئەوانــەی چەنــدان ســاڵ بــوو، لەوەتــی منــارە لــەو شــارە هەبــووە، لــەوێ لەگــەڵ دەنگــی بانگــدان و پیرۆزیــی مزگــەوت مابوونــەوە. ئــەوان هێلانەیـان لەسـەر بەرزایـی منارەکـە بـووە، کـە لـەوێ نەمـاون، لەنـاو باخچەیەکـی زانکـۆ وەک ڕەمـز پەیکەریـان بـۆ دانـاوە.

***

ماوەیەکـی بـاش لەگەڵ دکتـۆر لەنـاو زانکۆکە دەسـووڕێینەوە، دەچینە نـاو گونـدە کوردەوارییەکـە، سـەر جۆگەکانـی و دەڕۆیـن و باڵەفـڕەی قـاز و مریشـک و دیوەخانەکـەی سـەری بـە حەسـیر و کاریتـە گیـراوە و ســۆپایەکی داری تێــدا دانــراوە دەبینیــن، تێــدا بەیانییــان نــان و ماسـت پێشـکەش دەکرێـت! لـە گونـدە کوردەوارییەکـەی بۆنـی خـۆڵ و ئـاو و ژیانـی کۆنـی جـاران دێـت، هەڵوەسـتەیەک دەکەیـن بـە دیـار لیسـە زۆرەکانـی کۆتـرەکان دەوەسـتین و سـەیری بنمیچـی ژوورەکان، دەرگـە کۆنـەکان، تەندوورەکـە، سـەکۆ و پـاردە و کەنـدوو و کولانکـە و سـاپیتەکان دەکەیـن، چـاو دەبڕینـە سـولاوکە و سـتارە و کاریتـە و

شـەقرە و قامیشـەکانی بـۆ سـەردەمانێکی زۆر دوور دەگەڕێنـەوە، بـۆ جارانـی دەشـتی هەولێـر و گونـدەکان!
لـە چەنـدان شـوێن و دیـواری لـووس و بۆیەکـراوە نـووسراوە، «زانکۆی جیهـان کوردسـتان ئـاوەدان»، هەروەهـا نـووسراوە «تەنیـا چـارە زانیـن و کارە»، ئـەو دروشـم و بەرنامـەی دکتـۆر نـەوزاد باجگـرە، لـە هەمـوو بوارەکانـی رۆژانـەی ژیانـی بـەو بەرنامەیـە ئیـش دەکات و ئـارەزووش دەکات قوتابییـەکان، کارمەندەکانـی هاوڕێـی و خێزانەکـەی بـەو بەرنامەیـە ئیـش بکـەن!
هـەر لەنـاو رووبـەرە گەورەکـەی زانکۆکـە بەشـێکی تەرخـان کـراوە بـۆ یـاری و وەرزش، گۆڕەپانـی یاریکردنـی بـە چیمـەن و دوو گۆڵـی سـتاندەری تێدایـە، تیمـی فوتبۆلـی تایبەتـی بـە زانکۆشـیان هەیـە. هـەر لەنـاو زانکۆکـە و لەتەنیشـت یاریگەکـە بەشـێکی تایبەتـە بـە ئەسـپ سـواری کراوەتـەوە، چەنـد ئەسـپی جوانیـان راگرتـووە و ئارەزوومەندانـی سـوارچاکی مەشـقی لەسـەر دەکـەن! بەڕاسـتی لەناو سـنوور و دیوارەکانـی زانکـۆی جیهـان، جیهانێکـی هەمەڕەنـگ سـاز کـراوە، هـەر سـێ دەروازەکـەی، دەرگەکانـی دەتبەنـە نـاو جیهانێکـی هەمەڕەنگـی دونیـای زانسـت و ئـەدەب و ئابـووری و هونـەر و ...!

# ٥١
# وەسیەت دەکەم لێرە بمنێژن

لەودەمانــەی لەگــەڵ دکتــۆر نــەوزاد لەنــاو باڵەخانــە و بەشــەکانی زانکۆکــە پیاســەمان دەکــرد، نــەرم نــەرم دەڕۆیشــتین و ســەیری دیوارەکانـم دەکـرد، چـاوم لەسـەر نافـوورەکان، باخچـەکان، تابلـۆکان بـوو. دەمبینـی چـۆن رووبەنـدی باڵەخانـەکان بـە پۆرترێتـی زانـاکان داپــۆشراوە، بــە دروشــمی زانکــۆی جیهــان کوردســتان ئــاوەدان رازاوەتـەوە. لـە هـەر گۆشـەیەکی ئـەو زانکۆیـە ئاماژەیـەک، هێمایەک، نووســینێک، نەخشــی ســەر دیوارێــک دەبینێــت، زووتــر لــە هیــچ شــوێنێکی تــر بەرچــاوت نەکەوتــوون، نەبیــنراون، هەمــووش دانــان و دیارکردنــی مەبەســت و رازی تایبەتییــان هەبــووە.

لەودەمانــە دکتــۆر نــەوزاد دەمباتــە نــاو گۆڕەپانێکــی گــەورە، رووبەڕێکـی نەچێنـدراو و هیـچ دارێکـی تێـدا نەبـوو، چیمەنتـۆ و بلۆکـی لەسـەر نەبـوو، رووبەڕەکـە نەببـوو بـە ژوور و هـۆڵ و تاقیگـە، کــەم و بەدەگمــەن قوتابییــەکان پیاســەیان لەنــاو کردبــوو، چیمــەن نەبـوو، بـۆن و رەنگـی گوڵیـان تێـدا نەبـوو، وەرد و وشـک و تەخـت و

ڵم و قووڕ و سادە بوو، بەڵام تەخت و لووس بوو. وردە بەردەکانی ناوی نەدەبریسکانەوە، پووش و گیا و پنچکەکانی ورد و ناسک و نەدەلەرینەوە.

ئەو لەوێ لە ناوەڕاستی رووبەرە وشکە چوارگۆشەییەکە، هەڵوەستەیەک دەکات و بێ ئەوەی هیچ دوودڵییەک، نیگەرانییەک نیشان بدات، من هیچم لێی نەبینی، چونکە هیچ گۆڕانکارییەکم لە ئاکاری نەبینی، تیشکی چاو و سیما و روومەت و نێوچەوان و برۆکانی نەژاکاند، جووڵەی قاچەکانی رانەگرت، رەنگی سووری ملپێچەکەی کاڵ نەبووە، چاویلکەکەی لەسەر کەپووی هەڵنەگرت، دەستی نەبردە گیرفانی، لێوەکانی دانەخست و شانی هەڵنەتەکاند، سەرکەشانە وەک ئەوەی قسەیەکی ئاسایی بکات، گوتی:

وەسیەت دەکەم لێرە بمنێژن، ئەگەر مردم!

«هەموومان دەمرین و مردنیش وەک ژیانە»، لە ناوەندی ئەو گۆڕەپانە بمنێژن، لێرە، با گۆڕەکەم لەو رووبەرە بێت، لێرە من وەک دامەزرێنەر و خەمخۆری ئەو زانکۆیە با گۆڕەکەم لێرە بێت، لێرە بمینێمەوە بەردەوام لێرە بم! دەمەوێ تەرمەکەشم لەناو زانکۆ بێت و بە مردوویش لێرە دوور نەکەومەوە. ئەو هەوارەی چەندان ساڵی تەمەنم تێدا سەرف کردووە و پێوەی ماندوو بووم و دڵم پێی خۆشە! نزیک دەنگی قوتابییەکان بم، گوێم لەو گۆرانییانە بێت کە بەیانییان لەناو خانووە کوردەوارییەکان لێ دەدرێن، لەوەدەمانە قوتابییەکان نان و ماست دەخۆن و پێدەکەن و قسەی شیرین دەکەن و رازەکانیان ئاشکرا دەکەن. دەمەوێ نزیک بم لەوەی بزانم باخچەکان هەر جوانن، نەمامەکان باش

ئـاو دەدرێـن، دەمـەوێ گۆڕەکـەم لێـرە بێـت، تـەواو! مـن ئـەوەم لەنـاو زانکـۆی ئۆکسـفۆرد دیـوە، دامەزرێنەرەکـەی زانکۆکـە ئەویـش لـەوێ نێـژراوە!

«ئـەو قسـەکە بەئاسـایی دەکات، وەک ئـەوەی باسـی پرۆژەیەکـی ژیـان بـکات، وەک ئـەوەی تەلەفۆنێـک وەڵام بداتـەوە، وەک ئـەوەی کاتـی کۆبوونەوەیەکـی بـە بیـر بێتـەوە. ئـەو رازە گەورەکـە بـە سادەیی دەردەبڕێـت و ئاشـکرای دەکات. دوایـی پێـی گوتـم زۆر کـەم ئـەو قسـە و وەسـیەتی منیـان بیسـتووە، کـەم جـار باسـم کـردووە، وا لەگـەڵ تـۆ بەڕوونـی ئـەوە دەڵێـم:

مـن دەمـەوێ بنووسرێتـەوە، بـاس بکرێـت و ببێتـە بەڵگە و وەسـیەتی مـن بـۆ پـاش مردنم»

بەو وەسیەتە دکتۆر نەوزاد مەبەستی بوو بڵێت:

ئەگـەر گـۆڕ و نـاوم لێـرە بێـت، بێگومـان نزیـک شـیعر و تابلـۆ و رەنـگ و دیـواری ئـازاد و تەلەڤزیـۆن و بەشـەکانی زانکـۆ دەبـم. مـن لێـرە نـاڕۆم لێـرە دەمینێمـەوە!

ئـەو قسـەیەم دەنووسرێتـەوە، دەخوێندرێتـەوە، بـەوەش دەبێتـە بەڵگـە و وەسـیەت! ئێـرەم دەوێ و دەزانـم هەمـوو کـەس مافـی ئـەوەی هەیـە داوا بـکات لەکـوێ بنێژێـت، ئەگـەر شـوێنەکە مافـی کەسـی بەسـەرەوە نەبێـت!

مـن لـە هەمـوو کـەس زۆرتـر لـەو شـوێنە ژیـاوم، پێـوەی ماندووبـووم، پـارەم لێـی سـەرفکردووە، بەرنامەمـم بـۆی دانـاوە، لێـرە لـە خـەو و منـداڵ و ژن و بۆنـە تایبەتییـەکان دوور کەوتوومـەوە و دوا کەوتـووم، لێـرە نەڕۆیشـتووم دووریـش بـووم بیـرم هـەر لێـرە بـووە، نزیـک بووم

بە سۆزەوە ئیشم بۆی کردووە، پەلەم کردووە، زۆرتر ماندوو بووم تا جوان و باش و زوو تەواو بێت، فەرمانی دامەزراندنی زانکۆکە شەهادەی لە دایکبوونی خۆم بووە، پیرۆز بوو و زۆرم چاوەڕوان کرد، زۆرم خۆشویستووە! زانکۆی جیهان چۆن بۆ من ژیان بووە، بۆ من دەبێتە گۆڕستانیش!

***

هەر لە سالۆنەکەی خوارەوە سەرۆکایەتی زانکۆ چەند فۆتۆیەکی گەورەی ناو چوارچێوەی ناسک و جوان دانراون، دیوی یەکەمیان هەموویان وێنەی کۆنی هەولێرن، ناوشار، چایەخانە، قەڵات و بن قەڵات و کۆنە شەمەندەفەرێک و چەند وێنەی تری کۆنی هەولێر لەناو چوارچێوەی ناسک دانراون و سەربردەی هەولێر دەگێڕنەوە. دیوەکەی تری و بەرانبەریان چەند فۆتۆیەکی کۆن، هەموویان گوزارشت لە جلوبەرگ و ئەکسسوار و چەک و نەخش و جوانییەکانی جلی ژن و پیاوانی کوردیان تێدا دیارە، کوردانی هەموو ناوچەکان، هەموو زاراوەکان. هەر فۆتۆیەک لەوانە سەربردە و پێناسە و روونکردنەوەی زۆری دەوێت.

لەسەر مێزەکەی ناوەندی سالۆنەکە ئاڵای وڵاتانی جیهان دانراون، هەر لەو پێشوازییە بڕوانامەی هەمەلایەنی زانکۆکانی جیهان و ناوچەکەش بە زمانانی زۆر و قەبارە و دەربڕین و ئاکاری هەمەجۆرەوە هەڵواسراون.

***

پێــش ئــەوەی بچینــە ســەر باســی کۆترەکــە و رازەکــەی دکتــۆر نــەوزاد، کــە دەچمــە ژوورەوە و بــەر لــەوەی قاوەکەمــان بــۆ دابنێــن و قســە بکەیــن دەبینیــم ئــەو لەســەر ئۆفیســەکەی ســەرقاڵی نەخشەســازییەکانی دروســتکردنی کۆلێــژی پزیشــکی و زانســتە بنچینەییــەکان بــوو، نەخشــەکانی لەبەردەســت بــوو، هەڵســایەوە و لــە دوورەوە شــوێنی نەخۆشــخانە و کۆلێژەکــەی نیشــاندام و گوتــی:
لەســەر رووبــەری ٢٢ هــەزار م٢ ئــەوە دروســت دەکەیــن، نەخۆشــخانەکە رووی لەســەر شــەقامی ســەرەکی ١٢٠مەترییــە، پرۆژەکــە نەخۆشــخانەیەکی فێرکاریــی ٢٥٠ قەرەوێلەییــە و بــە ســێ ســاڵ تــەواوی دەکەیــن و لەبــەر پشــووی ســەری ســاڵ ئیشــی تێــدا ناکرێــت، ئەگەرنــا بڕیارمــان داوە ئیشــی بــەردەوام بێــت.
چـاوم لـە ئاراسـتە دوورەکـە دەخەمە سـەر ئـاڵا بەرزەکەی کوردسـتان، ئـەو ئاڵایـە کـە هەڵکـراوە یەکەمیـن بەرزتریـن ئـاڵای کوردسـتان بووە، بــەرزی ٢٥ مەتــرە و لــەدەوری ئاڵاکــەش کورســیی ناســکی بچــووک بــۆ دانیشــتن و ئاوەدانــی بەدیــار ئاڵاکــەوە دانــراوە، ڕەنگــی زەرد و کەســک، ژمارەیــان دە کورســییە. ئاڵاکــە بــەڕووی ئۆفیســەکەی ئــەو و دەرگــە ســەرەکییەکەی دەشــەکێتەوە! دکتــۆر گوتــی:
ئەو جۆرە ئاڵایەم لەناو زانکۆکانی تری جیهان دیبوو.

# ٥٢
# ڕەنگ و ڕەنگەکان

لـە هەشـتەکانی سـەدەی رابـردوو، هـەر لـەو هەولێـر هونەرمەندێـک بـە نـاوی «بورهـان سـابیر» دەناسـم. ئـەوم لـە دائیرەکانیـش دەبینـی، چونکـە ئـەو ئەندازیاریـش بـوو. زوو زووش پێشـانگای دەکـردەوە، تابلـۆ و بەرهەمەکانـی نامـۆ و نـوێ و باڵکێـش بـوون.

مـن لـە وڵات دەچمـە دەرەوە و یەکـتری نابینینـەوە. دوایـی دەزانـم ئـەو دەبێتـە دەنـگ و جووڵـەی بزاڤێکـی رۆشـنبیری لەسـەر ئاسـتی کوردسـتان و عێـراق، گۆڤـار بـە هـەردوو زمانـی کـوردی و عەرەبـی، لـە کوردسـتان و بەغـداش چالاکـی رۆشـنبیری هونـەری دەکات. لـە سـەرەتاکانی سـاڵی ٢٠٠٠ چەنـدان پـرۆژەی هونـەری دەکات، چالاکـی مرۆیـی و پیشـەیی لەنـاو بارەگـە و گەلەرییەکـی سـادە دەکات.

ڕۆژێکیـان بەڕێکـەوت دەچمـە زانکـۆی جیهـان، دەمـەوێ ئـەوەش بڵێـم شـوینی زانکۆکـەم نەدەزانـی، بـەڵام دەمزانـی لـە هەولێـر ئـەو زانکۆیـە هەیـە. دەپرسـم و دەچمـە زانکۆکـە و بـە گشـتی بـە هەمـوو چالاکـی و جوانـی و کارەکانـی زانکۆکـە سەرسـام دەبم. لـەوێ دووبارە

بورهـان سـابیر دەبینمـەوە و دەزانـم لـەو زانکۆیـە سەرپەرشـتی بـوارە ڕۆشـنبیریی و هونەریـی دەکات! ئەویـش بەگەرمییـەوە پێشـوازییم دەکات، مـن دەباتـە نـاو گەلەرییـەکان، بـەر دیـوارە ئازادەکـە، دەمباتـە نـاو تابلۆکانـی زۆریـان لەسـەر یـەک دانرابـوون، پـاش ئـەوەی ماوەیـەک بـە دیـوارەوە هەڵواسرابـوون و ماندووبـوون؛ بەنـاز و یـەک لەسـەر یـەک دانرابـوون، بـەڵام بەئاسـانی یـەک یـەک بـە سـەرە پەنجەیـەک تابلـۆکان بـە ڕەنـگ و هێـل و چوارچێوەکانیانـەوە هەڵدەدرانـەوە، بلـەز و جـوان دەچوویتـە نـاو ڕەنـگ و سـیما و هەسـتەکانیان!

بـۆ قسـەکردن و ناسـین و زانینـی چالاکییە هونەرییە جوانـە ناوازەکانی نـاو زانکـۆی جیهـان قسـە و پەیڤیـن لەگـەڵ بورهـان سـابیر دەکەیـن. ئـەو باسـی خەونەکانـی دەکات، پرۆژەکانـی بـە هـاوکاری و پشـتیوانی زانکـۆی جیهـان زۆرە. ئـەوەی دەزانـم هونەرمەنـدان زۆر سـەردانی دەکـەن، ڕۆژانـە لەنـاو زانکۆکـە خەریکـی میوانـداری و سـازکردنی بەرنامـەی نوێیـە، سەرپەرشـتی هۆبـەکان دەکات و هەمـوو گوزارشـتن لـە هونـەر لـە هەمـوو شـێوازەکانی هونـەر دەکـەن.

بوونـی سـەنتەری ڕۆشـنبیری و گەلەریـی و پێشـانگای بـەردەوام لـە زانکـۆ ئاسـاییە، زووتـر لـە سـلێمانی مەڵبەنـدی ڕۆشـنبیری هەبـووە، لەگـەڵ ئـەو زەمانـە ئـەو چالاکییانـە بـاش و بەرچـاو بـوون، بۆیـەش کرانـەوە و گەورەیـی ئـەو بـوارە لـەو زانکۆیـە ئاسایی و زۆر پێویسـت بـووە، بەتایبەتـی ئەگـەر ئەمینـداری زانکۆکـە دکتـۆر نـەوزاد باجگـر ئارەزوومەنـد و هونەرمەنـد و نووسـەر بێـت، حـەز بـە ڕەنـگ و قەڵەم و فڵچـە بـکات، زوو و بـاش بیرۆکەکـە پەسـند دەکات!

**ئەندازیار بورهان سابیر**

ئەندازیـار بورهـان و کارمەندەکانـی نـاو سـەنتەرە هونەرییەکـە بـە حاجـی و ئەندازیاریـش بانگـی دەکـەن، بـەڵام ئـەوەی مـن بزانـم و بیناسـم حـەج و عومـرەی کـردووە! پیاوێکە بـەردەوام تەلەفۆنـی لەناو دەسـتە و نـاوی هەمـوو کارمەندەکانـی لەسـەر زارە، یەکێـک دەنێرێتە بـازاڕ و یەکێکـی تـر بـۆ کاریکـی تـر و هەموویـان دەجووڵێنێـت، زوو زووش میوانـی دێـت، ئۆفیسـەکەی گەرمـە و هونەرمەنـد و ڕۆشـنبیران و کەسـایەتیی جوانیـش سـەری لـێ نابـڕن!

ئـەو دەڵێـت کـە هاتمـە نـاو زانکـۆ، کەمـپ یـان کۆنـە هـەواری سەرپەرشـتیاری دروسـتکردنی زانکۆکـە مابـوو، چەنـد کابینـە و کۆنـە خانـوو و تەنکـی و دیـوار و شـوورەی ناشـیرین و خاشـاک بـوون، ئەوانـە کـۆ دەکەمـەوە، هەڵدەگـرم، دەسـتکارییان دەکـەم، هەموویـان سـاڵ لـەدوای سـاڵ دەبێتـە ئـەو هـەوارە هونەرییـە ناسـکە ناوازەیـە. ئەزموونـی بورهـان سـابیر لەگـەڵ هونـەر و پێشـانگا و کۆکردنـەوەی هونەرمەنـدان کۆنـە، زوو و لـەو هەولێـرە لەگـەڵ هونەرمەنـد «نامیـق عەلـی قـادر» کۆنـە گەرماوەکـەی قەڵاتـی هەولێـر دەکەنـە گەلەریـی و نـاوی دەنێـن گەلەریـی ئـاری. گەلەرییەکـە ماوەیـەک ببـوو بـە سـەنتەرێکی کولتـووری گـەورە و بـەردەوام پێشـانگەی بـۆ هونەرمەندانـی کوردسـتان و عێراقـی لەنـاو دەکرایـەوە. ئاشـنایەتی زۆر بـاش و گەرمـی لەگـەڵ هونەرمەندانـی گـەورەی عێـراق «ڕافیـع ئەلنـاسری» و «موحمـەد مەهرەدیـن» هەبـوو، ئەوانیـش ئەزمـوون و لێهاتوویـی خۆیـان نیشـانی خەڵکـی کوردسـتان دەدا و سـوودیان بـە

بزاڤـی هونـەری شـێوەکاری کوردسـتان دەگەیانـد.

ئەو گوتی:

پـەرۆش بـووم زوو گەلەرییـەک، دەسـتگایەک بـۆ سـیرامیک لـە زانکـۆی جیهـان دروسـت بکـەم، دەچمـە کـن پیاوێـک زووتـر کاری کـورەی کردبـوو، گـۆزەی دەکـرد، داوای لـێ دەکـەم هاوکارمـان بـن بـۆ کاری سـیرامیک، ئـەو گوتـی لێـرە و لـەو شـوێنەی خۆمـان رۆژانـە کاری سـەرە نێرگەلـە دەکەیـن و ئـەوەش باشـترە، چیـتر ئیشـی تـر ناکـەم. بەناچـاری روو لـە کابرایەکـی تـر دەکـەم ئـەو کارە دەکات و ماوەیـەک ئیشـمان بـۆ دەکات و دوایـی بڕیـار دەدات ماڵەکـەی لـە ناحیـەی بـەردەرەش بێنێتـە هەولێـر و نزیـک زانکۆکەمـان بژیـت، بـەوەش لەگـەڵ ئـەو کاری سـیرامیک دەکەیـن و دەزگەیـەک دروسـت دەکەیـن. پێشـانگەی ئێسـتامان پڕیەتـی لـە کاری نـەوازەی سـیرامیک، فڕنـی تایبەتییـمان بـۆ سـوورکردنەوە دانـاوە. بـەردەوام قوتابییـان فێـری ئـەو هونـەرە دەکەیـن.

لـە هونــەری گرافیــک دەزگــە و شــێوازی نــوێ ســاز دەکەیــن و کەسـانی پسـپۆر لـەو بـوارە پەیـدا دەکەیـن، ورک شـۆپ بـۆ فێربـوون و راهێنــان لــەو هونــەرە دروســت دەکەیــن، کەرەســتە و شــێوازە کۆنەکانـی گرافیـک دەگۆڕیـن، چیـتر تـرش و پلێـت لـە هونـەر و تابلۆکانــی گرافیــک بەکارناهێنیــن.

# ٥٣
# دیواری ئازاد

لــەو زانکۆیــە، بــۆ ئــەو کەشــە جوانــە دیــواری ئازادمــان کــردووە، قوتابییــەکان ئازادانــە شــت دەنووســن، گوزارشــت لــە هەســت و بۆچوونیــان دەکــەن، دەنووســن و دەسڕنەوە و دەڵێــن و هەمــووش دەخوێنــەوە. ئــەو دیــوارە ڕەشــە گەورەیــە لووســە، ڕەمــز و هەســتی ئازادییــە، ئــەوەی لەنــاو دڵ مــاوە و نەگوتــراوە بــە تەباشــیری ســپی لەســەر دیوارێکــی ڕەش دەنووسرێــت.

لــە چالاکییەکانــی زانکــۆی جیهــان کردنــەوەی خــوڵ و ڕاهێنانــی پیشــەییە، بەشــێکی لاچەپــی نــاو زانکۆکــە دەکەینــە دەزگــە و ڕاهێنــان و فێربوونــی سەرتاشــی، بەرگــدووری، ئارایشــگە، دارتاشــی، ئاســنگەری و خەڵکێکــی بــاش و ئارەزوومەنــد خۆیــان ناونــووس دەکــەن و فێــر دەبــن و دەبوژێنــەوە، کەرەســتە و بەهــرە و ئەزموونــی زۆریــان ئاشــنا دەکەیــن!

بەرانبــەر ئۆفیســەکە، لەنــاو جووڵــەی خوێنــدکاران و ئــارەزووی هونــەر و نزیــک لــە گەلەرییەکــە لەســەر دیوارێکــی پــان و بەریــن

دەمانجــە لوولدراوەکــە، دەمانچــە کپکراوەکــە، دەمانچەکــەی چیــتر ناتوانێــت تەقــە بــکات و دڵ و چــاو و دەمــار و دەســتوپێ زامــدار بــکات، دەمانچەیەکــە ئامــاژە بــە ناتوندوتیــژی دەدات و جــوان لەســەر دیوارەکــە دروســتکراوە!

***

## دەزگەی رۆشنبیری جیهان

ئــەو دەزگەیــە بەرهەمــی ئیشــکردن و داهێنانــی چالاکییــە هونەرییــە رۆشــنبیرییەکانی زانکــۆی جیهانــە! دەزگەیەکیــش ژمارەیــەک کارمەنــد و هونەرمەنــد و چالاکییــمان هەیــە، لەوانــە:

ســەنتەری هونــەری و رۆشــنبیری، لــەو ســەنتەرە هەمــوو چالاکییــە هونەرییەکانــی وەک شــێوەکاری و پەیکەرتاشــی و ســیرامیک دەکەیــن.

ســەنتەریی پیشــەیی؛ تێــدا بەشــداربووان راهێنــان لــە پیشــەکان دەکــەن و لــەوە رادەهێنرێــن فێــر بــن و ئیــش بکــەن!

بنکــەی فێربوونــی خوێنــدەواری تایبەتــە بەوانــەی بواریــان نەبــووە بخوێنــن، بچنــە قوتابخانــە، لێــرە ئاســانکارییان بــۆ دەکەیــن، تــا ئێســتا ٧٠٠ کــەس، واتــە هــەزار و چــوار ســەد چاومــان بــە پیــت و نووســین ئاشــناکردووە، ٧٠٠ دەســتمان فێــرە نووســین کــردووە، ٧٠٠ کەســمان هێناوەتــە دەرەوە و فێربــوون و خەڵکیــان ناســیووە و ئاشــنابوون!

لــە گەلەریــی جیهــان چەنــدان پێشــانگامان کردیتــەوە، هەمــوو کارە هونەرییــەکان نــاوازەن، نــوێ و شایســتەن! ژمارەیــان ســەرووی ٥٠ پێشــانگای تاکــە کەســی و هاوبــەش بــووە، لەوانــە پێشــانگە بــۆ هونەرمەنــدان؛ ئیســماعیل خەیــات، وەهبــی رەســووڵ، ئــازا حەســیب

قەرەداخـی، سـیروان بابـان، فەیسـەڵ عوسـمان، ئەحمـەد نەبـەز، مەریـوان زەنـدی، سـارا تەڵایـی، ئـارام سـەلیم، شـوان زەنگنـە، رەئـوف عەتـار، بورهـان سـابیر و چەندان پێشـانگەی فۆتۆگرافی، پێشـانگەیەک بـە نـاوی پەڕینـەوە بـۆ ئـەوان هونەرمەنـدان ئەحمـەد نەبـەز و بەهـرام حاجـۆ، جەمـال پێنجوینـی، قەرەنـی جەمیـل، خدیجـە بەکـر، عوسـمان ئەحمـەد، سـاکار سـلێمان، سـیروان بـاران، شـوکر سـەعید کراوەتـەوە.

سـەکۆیەکی هونەرییـمان هەیـە، تێـدا چالاکـی هونـەری و موزیـک و لێدوانـی لـێ سـاز دەکرێـت و شـوێنی ئـەدەب و هونـەر و خوڵقاندنی کەشـێکی ئـارام و ئاسـوودەیە، لەسـەر ئـەو سـەکۆیە دیـداری هونەری ناسـک سـاز دەکەیـن.

هونەرمەند بورهان سابیر دەڵێت: خەونەکانم ئەوەیە:

لـەو بەشـە و بـەو چالاکییانـە خۆمـان بەخێـو بکەیـن، بتوانیـن چالاکییـەکان بـە بەرهـەم و داهاتـەکان بـەردەوام بکەیـن، سـتۆدیۆیەکمان هەبێـت تێـدا بەرهـەم و کاری هونـەری لـە گۆرانـی و موزیکـی بکرێـت، ئـەوەش داهاتـی دەبێـت، هەروەهـا بـۆ دابینکردنی داهـات و خۆبەڕێوەبردنیـش دەتوانیـن شـارێکی راگەیانـدن دروسـت بکەیـن و بـوار و شـوێنمان زۆرە و بەئاسـانیش دەتوانیـن ئـەوە سـاز بکەیـن.

هـەر لـەو سـەنتەرە نووسـینگەی راوێـژکاری ئەندازیاریـی جیهانمـان هەیـە، ئـەو نووسـینگەیە سەرپەرشـتی و بەرنامەرێـژی بـۆ پرۆژەکانـی زانکۆکانـی جیهـان دەکات و دەسـتبەکار بـووە.

قەڵاتـی هەولێـر و خانـووە کۆنەکانـی و پەرەپێدانیـان یەکێکـە

لــە بەرنامــە و ویســتی زانکــۆی جیهــان، لــەو رۆژانــە خانووێکــی گەورەمــان لەســەر قــەڵات وەرگرتــووە، خانووەکــە دە ژوورە، واتــە پێنــج خانــووی دوو ژوورییــە، هەمــوو کارە بیناسـازییەکانیان لەلایـەن بوژانــەوەی قــەڵات تــەواو کــراوە، ئێمــەش وەک زانکــۆی جیهــان نــاوەوەی خانــووەکان ســاز دەکەیــن و دەیکەینــە گەلەریــی و لــە بوارەکانـی هونـەر و کەلەپـوور بەکاریاندەهێنیـن، تێچـووی سـازکردنی ئــەو خانووانــە لەســەر ئەرکــی زانکــۆی جیهــان دەبێــت.
لــەلا دیوارێکــی پــان و بەرینــی ئۆفیســەکە ئەفیــش و پۆســتەری هەمـوو پێشـانگەکانی زانکـۆی جیهـان بـۆ هونەرمەندانـی کوردسـتانی کردوتــەوە هەڵــواسراوە، نــاوی پێشــانگە و دیمــەن و تابلۆیــەک و چوارچێوەیەکــی ناســکی جوانــەوە دانــراوە، نــاوەکان زۆرن و ئاســان نییــە هەموویــان بنووســمەوە، بــەڵام ئەوەنــدە دەڵێــم؛ لــە گەلەرییەکانـی ئـەو زانکۆیـە و لەسـەر ئەرکـی زانکـۆ پێشـانگەی زۆر گــەورە بــۆ تابلــۆ و کاری هونــەری نایــاب کراوەتــەوە و بــووە بــە چــرا و رووناکییەکــی هونــەری بــۆ زانکۆکــە و هەمــوو کوردســتان!
هــەر لــەو ژوورە کتێبخانەیــەک و کۆمەڵێــک کەرەســتەی کــۆن و ســەندوقی مــاڵان و کۆنــە رادیــۆ و تۆمــاری شــەریتی بەکــرە و وردە پەیکــەری ناســک و ســیرامیکی شــیرین و وردی خنجیلانــە و کاری دەســتی و دیاریــی ناســکی کــوردەواری و کەلەپــووری زۆر لەنــاو رەفەکانــی کتێبخانەکــە دانــراون، ئەوانــە لەگــەڵ تابلــۆ و فۆتۆیــە نــاوازەکان ئۆفیســەکەی کــردووە بــە گەلەریــی و پێشــانگەیەکی بەردەوامــی رووونــاک.
کـۆڕ و سـیمیناری زۆرمـان کـردووە و ئەنجومەنێکـمان هەیـە بـە نـاوی

ئەنجومەنــی رۆشــنبیریی جیهــان ئیــش دەکات بــۆ ســازدانی کــۆڕ و دیــداری رۆشــنبیری و هــزری و کۆمەڵایەتــی و بابەتــی تــری ژیــان و کتێــب و رۆژەڤــی ناوچەکــە، پەیوەندییــمان لەگــەڵ هونەرمەندانــی شــارەکانی عێراقیــش هەیــە.

# ٥٤
# مام سەعید:
# بە مەکینەی سویدی و کاغەزی نەمساویی و سویسرایی لە هەولێر زەرف دروست دەکەین

لەنـاو ئۆفیسـێکی گـەرم و رووناـک و ئـاوەدان لـە گرووپـی جیهـان چـاوم بـە پیاوێکـی نـەرم و ورد دەکەوێـت، ئەویـش «سـەعید قـادر»ە، ئـەو لـە تەمەنـی نـۆ سـاڵی دەکەوێتـە بـازاڕ و دەبێتـە شـاگردی حاجـی سـەعیدی باجگـر و هەفتانـە نیـو دینـاری دەداتـێ، شـەوانەش دەچێتـە مەکتـەب و دەخوێنێـت و وەسـتاکەی بـۆ خوێندنەکـەی یارمەتـی دەدات و رێـی لـێ ناگرێـت!

لـە سـاڵی ١٩٧٣ ئـەو وەک شـاگرد و بەردەسـت دەچێتـە دوکانەکـەی حاجـی یەحیـای کـوڕی، هەمـوو ئیشـەکانی نـاو دوکانەکـە دەکات، بەردەسـتی قومـاش و هێنـان و بـردن و فرۆشـتن دەکات تـا گـەورە دەبێـت. لەگـەڵ گەورەبـوون و فێربـوون و خوێندەوارییەکـەی، سـەعید ئیـش و بەرنامـە و پرۆژەکانـی حاجـی یەحیـا بـەزاز گەورەتـر دەبێـت، لـە بازرگانـی قومـاش و سـەردانی وڵاتانـی دەرەوە بـۆ هێنانی قومـاش و فرۆشـتنەوەی بەسـەر شـارەکانی هەمـوو عێـراق، لـەو کارە گەشـە دەکـەن و بازاڕیـان گـەرم دەبێـت، ئیـتر دەسـت دەکـەن بـە

دروستکردن و هێنانی کارگەی نوێی قوماش و نەخش و پوولەکە و دوورین!

ئەویش لەو کاروانە هاوشانی کارەکانیان گەشە دەکات و زۆرتر فێر دەبێت و حاجی یەحیاش زۆر متمانەی پێ دەکات، ئەویش بە دڵسۆزیی و لێهاتوویی ئیشەکانیان بۆ دەکات.

سەعید، «ئێستا ناوی مام سەعیدە» لەگەڵ یەکەم کارگەی نەخش و بەرگدووری بە ناوی «هیلال» لە چەند دوکانێکی نزیک پردەکەی تەعجیل دەستبەکار دەبێت و شارەزایی لە مەکینەکان پەیدا دەکات، شارەزایی زۆر لە مەکینە نوێیەکانیش پەیدا دەکات، بە مەکینەکان ئۆڤەرەوە ژمارەیان دەگەیشتە ١٩٠ مەکینەی برازەر و یوماتۆی ژاپۆنی ئیش دەکات. هەر لەو کارگەیە چەرچەف و نەخشی قوماش دەکەن و جلی ژنانەی کوردی جوانتر دەکەن و گوڵی بۆ دادەنێن. لەو کارگەیە نزیکەی بیست کارمەندی لێزانیان هەبووە.

***

لە ساڵی ١٩٧٥ کارگەیەکی دوورمان بە ناوی ئازا دروست دەکرێت، ئەو کارگەیە جلی کوردی و نەخشی جلوبەرگی تێدا ساز دەکرێت. مەکینەکە ١٢ سەری هەبوو، کرێکارەکان زۆربەیان ژن بوون، مەکینەکان برازەر بوون، بەرهەمەکانی دابەشی سەر بازاڕەکانی مەرکەزی عێراق دەکران.

هەر لەو ساڵە مەکینەکانی کارگەی کیسەی کاغەز دەگاتە هەولێر، لە گەڕەکی تەعجیل و نزیکە بازاڕی نیشتمانی ئێستا

دادەنرێـت. بـە مەکینـەی سـویدی و کاغـەزی سـویسری و نەمسـاویی زەرفـی کاغــەز دروســت دەکرێــت. ڕۆلەکانــی دەهاتنــە کارگەکــە کێشـیان ٣٠٠ تـا ٤٠٠ کیلـۆ دەبـوو، جۆرەهـا زەرفـی پـێ دەکـرا. هـەر لـە زەرفـی وەزنـی (پێنـج گـم) تـا دەگەیشـتە چارەکـە کیلۆگرامێـک. ئــەو بچووکانــە زۆرتــر لــە دەرمانخانــەکان ویســتی لەســەر بــوو، بەرهەمەکانــی ئــەو کارگەیــە لــە سەرانســەری عێــراق دابەشــدەکرا. لەگــەڵ ســەرکەوتن و ســوودی باشــی ئــەو کارگانــە کارگــەی هیــلال بــۆ زەرفــی پلاســتیک دادەمەزرێنــن. مەکینــەکان کۆریــی بــوون، کەرەســتەمان وەک وردە پلاســتیک و ڕەنــگ بــەو کارگانــە دەبوونــە زەرف.

لـە هەمـوو کارگـەکان زۆرتـر بـە مەکینـە و بـە بەرهـەم سـوودبەخش و کاراتـر کارگـەی قەندیـل بـوو. ئـەوان کارگەکـە لـە کۆریـا دەکـڕن و دوایـی لەنـاو بـازاڕ دەیگوازینـەوە ناوچـەی پیشەسـازی. ئـەو کارگەیـە زۆرتـر کاری پولەکـەی جلـی ژنانـی دەکـرد، لـەو کارگەیـە ١٠١ داو و بــە ١٠١ ڕەنــگ و بەجیـا بەرهەمـی پەیـدا دەکـرد. کـە کۆرییــەکان ســەردانیان دەکــەن و دەزانــن خۆیــان کارگەکــە بەڕێــوە دەبــەن و چاکـی دەکەنـەوە دەستخۆشـییان لـێ دەکـەن، یەکێـک لـە ئەندازیـارە کۆرییــەکان بەســۆزەوە مــام ســەعید مــاچ دەکات. ئــەو زووتریــش تاقیکردنـەوە لەسـەر بەرهـەم و ئیشـکردنەکان کردبـوو.

ئیــتر پــاش ســاڵی ١٩٩١ کار و بازرگانییەکانــی کۆمپانیاکانــی باجگــر دەگــۆڕێــت و کار لــە بەرهەمــی خواردەمەنــی دەکــەن، کەرەســتەی کارەبایــی دەهێنــن و ئیشــەکانیان دەکەوێتــە نــاو تورکیـا و کالاکان لــەوێ ڕەوانــەی کوردســتان دەکــەن.

مام سەعید دەڵێت: لەوەتی من حاجی یەحیام دەناسی هەستم دەکرد ئەو پیاوە دوو گیرفانی هەیە، یەکێک بۆ کار و بازاڕ و ئەوی تریان بۆ خێر و چاکە و یارمەتی هەژاران.

ئیشکردن لەگەڵ ئەو بنەماڵەیە، بەو سیستەمە و بەو ڕەووشتە ئیماندارییە پاکە خۆش بوو، ئەوەی ئیشی لەگەڵیان دەکرد، نائومێد نەدەبوو. ئێستاش چاوەکان دادەخەم مەکینەکان و دەنگ و چکەچکی مەکینەکان دێتە گوێیەکانم!

ئێستا مام سەعید ئەفەندییەکی بە تەمەنە، لە ئۆفیسێکی جوان دانیشتووە، چەندان فایل و کەرەستەی لەبەر دەستە، لە زۆربەی ئیشوکارەکانی گرووپی جیهان شارەزایە، هەر لە بیریەتی چۆن شاگردێکی منداڵ بووە و دوایی بوویتە وەستا و کارمەند و سەرپەرشتیاری کارگەکان، دڵنیایشە لەگەڵ تێپەڕبوونی تەمەن لەو کارەش بە موچەوە لەسەر بودجەی گرووپەکانی جیهان خانەنشین دەکرێت.

## ٥٥
# دواندنی (ئازاد باجگر) ی برای دکتۆر نەوزاد باجگر

**دە تابلۆ لە دارا موحەمەد عەلی بۆ ماڵەکانمان دەکڕم**

مـن ئـازاد باجگـرم لـە دکتـۆر نـەوزاد بـە تەمـەن گچکەتـرم، بـەڵام زۆرتـر لـە بـازاڕ و کارگـە و کاسـبی و سـەفەرەکان لەگـەڵ حاجـی یەحیـای باوکـی بـووم، بۆیـەش زووش لـە قوتابخانـە دەردەچـم، مـاوەی چەنـد سـاڵێکیش لـە قوتابخانـەی شـەو دەوام دەکـەم، بـەڵام بـەردەوام نابـم! لەبـەر قومـاش و مەکینـە و بـازاڕ و کاسـبی ناتوانـم خوێنـدن تـەواو بکـەم! بـەڵام لـە قوتابخانـەی بـازاڕ و کارگـە و هاوردەکـردن بـە سـەرکەوتوویی دەردەچـم.

«مـن دەچمـە ماڵەکـەی ئـازاد باجگـر لـە سـالۆن و دیوەخانـە گەورەکەیـان، ئـەو بـە بەرێـز و شـیرین پێشـوازییم دەکات، ژوورەکـە زۆر گـەرم بـوو، زوو بـە موحەمـەدی کـوڕی دەڵێـم: مـن گەرمامـە. بـەر لـەوەی قسـە بکەیـن، یـان هیـچ بڵێـم، پـاش ئـەوەی نـاو و پێناسـەی خـۆم دەکـەم دانانیشـم، هـەر بەپێـوە رووبـەڕوو و بەرانبـەر تابلۆیەکـی گـەورەی نـاو دیوەخانـە بەرینـە رووونـاک بـە ئاوێـزە و

چلچرای گەورە دەوەستم، لە تابلۆکە نزیک ناکەومەوە، یەکسەر لە ئازاد باجگر دەپرسم:
ئەوە کاری مامۆستا «دارا»یە؟
ئەویش دەڵێت:
بەڵێ شاکارێکی هونەرمەند دارایە؛ بەڵام بیستم لەورۆژانە کۆچیی دوایی کردووە،
منیش پێی دەڵێم:
نەخێر ماوە و هەواڵەکە دوور بوو لە راستی، بەداخەوە زۆر جار ئەو هەواڵە چەواشەکارییانە بڵاو دەبنەوە، ئەو نەمردووە و خۆم بینیم و گەلەرییەکی لە ماڵەکەی خۆی کردیتەوە!»
ئیتر ئازاد باجگر هەر لە سەر تابلۆکە گوتی؛ من ساڵی ١٩٨٤ دە تابلۆ لە هونەرمەند «دار موحەمەد عەلی» دەکڕم، یەکێک لەوانەم لێرە هەڵواسیوە، ئەوانی ترم لەسەر منداڵەکان دابەشکردووە، حەز دەکەم لەناو ماڵەکانمان تابلۆکانی ئەو هەبێت، هەندێک لە دیمەنەکانیش، کوردەوارییەکان خۆم داوام لێی کردبوون. لەو ساڵانەی دوایی ئەو گوتی ئەگەر تابلۆکان هەڵنەواسراون و ماون و دەتوانم لێتان بکڕمەوە، منیش گوتم؛ نەخێر ماون و هەڵواسراون و ماوە ماوەش چوارچێوەکانیان دەگۆڕین و رەنگ و سیمایان وەک جاران ماوە. ئیتر تابلۆکان بوون بە موڵکی باجگر و شانازییان پێوە دەکەین.
لە ئازاد باجگر دەپرسم نازانی تابلۆکانت بە چەند دیناری لێ کڕیبوون؟
ئەو گوتی:

لەبیـرم نەمـاوە، رەنگـە هـەر سـێ چـوار هـەزار دینارێـک بـووە! یەکێـک لـە تابلۆکانیشـم لـە شـوقەکەی خـۆم لـە شـاری مارسـینی تورکیـا دانـاوە.

لـە گەرمـەی قسـەکان بـە کوڕەکـەی دەڵێـم لەگـەڵ باوکـت قسـەتان لەسـەر ئـەو تابلۆیانـە کـردووە! ئـەو بـە جووڵەیەکـی سـەری و بەشـەرمەوە دەڵێـت نەخێـر! بـەڵام لەوەتـی مـن چـاوم کردیتـەوە و شـتم بەبیـر دێتـەوە ئـەو تابلۆیـەم لـە ماڵـی خۆمـان دیـوە.

# ٥٦
# لە ساڵی ١٩٦٤ دەچمە بەغدا

مـن تەمەنـم دوازدە سـاڵان بـوو لەگـەڵ کاکـم دەچمـە بەغـدا، ئـەوە یەکەمجـارم بـوو لـە هەولێـر دەردەچـم و بـۆ ڕێگـەی دوور و شـارێکی گـەورە دەڕۆم و سـواری ئۆتۆمبێـل دەبـم. شـەوێک لـە هوتێـل دەخـەوم! ئیـتر لـەو کاروانـە لەگـەڵ باوکـم چـاوم دەکرێتـەوە و متمانـە بـە خـۆم پەیـدا دەکـەم، باوکیشـم بـڕوام پـێ دەکات زۆرتـر و بـەردەوام بچمـە بەغـدا، لـەوێ کەرەسـتە و قومـاش بکـڕم و بـار بکـەم و بنێرمـەوە هەولێـر.

دیسـان دەچمـەوە بەغـدا، بـەڵام ئـەو جـارە بەتەنیـا چـووم، باوکـم دەمباتـە نەقلیاتەکـەی «عەبـدولا دایـە خەجـێ» لەنـاو بـازاڕ، باوکـم پێـی دەڵێـت:

ئـەو ئـازادی کوڕمـە ڕەوانـەی بەغـدای دەکـەم، بـە شـوفێرەکە بڵـێ لـە مەیـدان بـەڕەڵای نـەکات، کوڕەکـەم ڕادەسـتی مامـی بـکات، قاسـمی بـرام لـە هوتێلـی خلـود کاتبـە، بـا شـوفێرەکە بیباتـە نـاو هوتێلەکـە!

لەودەمانـە کـوردەکان، هەولێرییـەکان لـەو هوتێلـە دادەبەزیـن،

خاوەنــی هوتێلەکــە کــورد بــوو، دوایــی هوتێــل ئەربیــل ئــاوەدان دەکاتــەوە، بــڕوا ناکــەم هیــچ هەولێرییــەک هەبێــت چووبێتــە بەغــدا لــەو هوتێلــە نەمابێتــەوە. قوتابییــەکان، ئەوانــەی ســەرباز بــوون، کارمەندەکانــی لــەوێ ئیشــیان دەکــرد، یــان ئەوانــەی بــۆ جنســیەی عێراقــی و نەخۆشــی و هەمــوو کاروبــارەکان دەچوونــە بەغــدا لــەو هوتێلــە شــەوان ماونەتــەوە!

هــەر ئــەو ڕۆژە شــوفێرەکە مــن دەباتــە کــن مامــم قاســم و بەیانییەکــەی دەچمــە بــازاڕ، قومــاش دەکــڕم، دەیانبەســتم، بــە حەمباڵــەکان دەیانبەمــە نەقلیاتــی ئەلشــمال ئەلجەدیــد و پــاش ٤٨ ســەعات بارەکــەم دەگاتــەوە هەولێــر و ناوبــازاڕ! ئیــتر پێــم دەکرێتــەوە و شــارەزا دەبــم! لــە بەغــداوە تــا دەگەمــە ژاپۆنیــش هــەر دەڕۆم و ســەردەکەوم و قازانــج دەکــەم! ئــەوە یەکــەم کڕیــن و مامەلــە و بــازاڕی مــن بــووە، دوا کار و کۆنتراکتیشــم لــەو دوو ســێ ڕۆژە بــووە، کۆنتراکتێــک لەگــەڵ کۆمپانیایەکــی ســامانی ئاژەڵــی لــە دهــۆک بــە بەهــای شــەش ملیــۆن دۆلار ئیمــزا دەکــەم.

«قســە دەکەیــن و منیــش دەڵێــم جــاران لــە شــارەوانی مەســاح بــووم»، ئەویــش دەڵێــت؛ لەگــەڵ شــارەوانی و بەتایبەتــی «پۆلــس شــەمعون» زۆر بــرادەر بوویــن. جارێکیــان لەنــاو گەڕەکی ئــازادی کۆنــە خانوویێک، لــە خانووەکانــی ئەفســەران دەکــڕم، «مــن زووتــر نەمزانیبــوو، کۆمەڵــەی نیشــتەجێی ئــازادی ئەفســەرە هەولێرییەکانیشــی تێــدا بــوو بێــت، وامدەزانــی تایبــەت بــووە بــە فەرمانبــەران» و تەختــی دەکــەم، لــە ڕەنگرێــژی و ئیشــکردنمان لەســەر چەنــد سانیتمەترێک پێویســتمان بــەوە دەبێــت مەســاحێکی شــارەوانی ســنوورەکەمان بــۆ

ساخ بکاتەوە، ئیتر تەلەفۆن بۆ پۆلس دەکەم و کێشەکەمان بە ئاسانی بۆ چارەسەر دەکات!

***

دروستکردنی کارگە و بەرهەمی میکانیکی بۆ ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧١، سەفەری منیش بۆ دەرەوە بۆ هێنان و کڕینی قوماش و ئاشنابوون بە بازاڕی ئەوروپی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٥، لەو ساڵە دەچمە پۆلۆنیا شاری وچ، شارەکە لە دەرەوەی وارشۆی پایتەخت بوو، کارگەکە دوور بوو، هەر لە مولحەقی بازرگانی پۆلۆنی بەغدا وەرگێڕم لەگەڵ خۆم بردبوو، بەمەش کارەکەم بۆ ئاسان بووبوو، سەرکەوتووانە بزنسەکەم دەکرد.
ئیتر دەکەومە ناو بازاڕ و بازرگانی و دەچمە دەرەوە، تا ئیمڕۆ کاری بانک دەکەم، ئەوەم پێ خۆشە، هەر لە ساڵی ٢٠٠٩ ئەو کارە دەکەین. بانکی جیهان ١٨ لقی لەناو عێراق هەیە، دوویان لە هەولێرە و سێیەم لەو نزیکانە دەکەینەوە، دوو لقمان لە بەغدا هەیە، لە سلێمانی و دهۆک و کەرکوک و نەجەف و بەسرا و کەلاریش لقمان هەیە! ئاشنایەتی بە کاری بانک دەکەم و زۆرتر شارەزا دەبم و کەسانی پسپۆر دادەنێن و لێژنەی لێزانمان هەیە و بڕیارەکان بە دانوستان و ئەزموون دەبێت!
لەناو هەموو بانکەکان بە دیواری کۆنکریتی پتەو و دەرگەی تایبەتی پۆلا قاسەکانمان دروستکردووە، بەشدابوون و سەردانمان لە هەموو لقەکانی بانکەکانمان زۆرە و متمانەیان پێشەنگە! زۆریش لەگەڵ بانکی ناوەندی هەرێم و عێراق ئیش دەکەین، دوو لە

بەڕێوەبەرەکانمـان ژنـن، بـەڵام مێردەکانیـان لـە بانـک ئیـش ناکـەن، چونکـە لـە سیسـتەمی بانـک ئـەوە بـاش نییـە، ژن و مێـرد بەیەکـەوە لەیـەک بانـک ئیـش بکـەن و کلیلـی قاسـەکانمان لەکـن دوو کەسـە! مـن وەک ئـازاد باجگـرم، یەکـەم کەسـم مـاڵ و کەرەسـتەی ژاپۆنییـم هێناوەتـە هەولێـر. یەکـەم سـەفەرم بـۆ ژاپـۆن دەگەڕێتـەوە سـاڵی ١٩٧٧، لـە بەغـداوە دەفـڕم و دەچمـە بانکـۆک و لـە تۆکیـۆ دادەبـەزم و کارەکانـم زۆر لـە تۆکیـۆ و ئوسـکا بـووە. لـە سـاڵی ١٩٨٢ روو لـە کۆریـای باشـوور دەکەیـن، چونکـە کەرەسـتەکانیان نرخیـان ٦٠٪ لـە بـازاڕ و کارگەکانـی ژاپـۆن کەمـتر بـوو! لەبـەر بارودۆخـی گەمارۆکـەی سـەر عێـراق واز لـە هێنانـی قومـاش دەهێنیـن، دەوڵـەت ئـەوە بـە کەمالیـات و زیـادەی دەزانێـت و قەدەغەیـان دەکات. پێـش منیـش باوکـم بێجگـە لـە بەغـدا و حەلـەب چوویتـە تارانیـش و ئێمـەش دوایـی بازرگانـی تورکیـا ئێـران دەکەیـن!

باوکـم پیاوێکـی زیـرەک و نـەرم و بـە توانـا بـوو، ئێسـتاش گۆپاڵەکـەی لـە کـن منـە و بـە پشـتیوانی خۆمـی دەزانـم!

وا دەزانـم، ئـەوەش لـە باوکـم و لـە بـازاڕ فێر بوویـن، بازرگانـی و بازاڕ و قازانـج بـە راسـتگۆیی و پـاک و خاوێنـی و تێکەڵبـوون بـە خەڵـک و تـرس لـە خـودا سـەردەکەوێت! مـن لـە منداڵییـەوە نوێـژم کـردووە، لەنـاو بـازاڕ ببـوو بـە کولتـوور، لەگـەڵ بانگـدان هەمـوو بەیەکـەوە دەچوونـە مزگـەوت، ئیـتر فێـر بـووم و بـڕوام پتـەوە و شـەوی پەنجـا ساڵەی لـە دایکبوونـم لـە عەرەفـە بـووم و حەجـم دەکـرد.

لـە سـاڵی ١٩٧٧ سـەردانی ژاپـۆن دەکـەم و دەچمـە نـاو کارگەیـەک و کاتەکـە درەنـگ بـوو، دەمبینـی کرێـکار و فەرمانبـەرەکان پـاش

دەوامیـش مابوونـەوە، ئیشـیان دەکـرد، سـەریان بـەرز نەدەکـردوە، پـەرۆش و بـە جـدی سـەرقاڵ بـوون! دەپرسـم دیـارە ئەوانـەی ئیـش دەکـەن و ماونەتـەوە، ئۆڤـەر تاییـم ئیـش دەکـەن! ئـەوان دەپرسـن:
ئۆڤەر تاییم چییە!؟
منیش پێیان دەڵێم:
ئەوانـەی پـاش دەوام تەواوبـوون و هەشـت سـەعاتەکە دەمینێنـەوە، بـە موچـە و رۆژانـەی زۆرتـر ئیـش دەکـەن، ئەوانـەش بـەوە مەرجـە ماونەتـەوە و ئیـش دەکـەن؟
کابرای ژاپۆنی دەڵێت:
لــە سیســتەمەی کارکردنــی ئێمــە موچــەی زیــاد نییــە، کارکــردن و بەرهــەم هەیــە، کــەس بـۆی نییـە کاری بەردەسـتی بـە نیوەچڵـی و ناتـەواو جێبهێڵێـت! هەمـووی تـەواو دەکـەن و بیـر لـەوە ناکەنـەوە بچنـە مـاڵ و دەسـت هەڵگـرن نییـە تـا کارەکـە تـەواو نەبێـت، ئەوانـە تـا کارەکانیـان تـەواو نەکـەن نارۆنـەوە!

## ٥٧
# کونسووڵی ژاپۆنم

ئاشــنایەتی و کارکــردن و بازرگانیــمان لەگــەڵ ژاپۆنییــەکان کۆنــە و گەشــە دەکات و لەگــەڵ تۆیۆتــا زۆرتــر دەبێــت، تــا رادەیــەک مــن لــە ســاڵی ٢٠٠٩ دەبــم بــە کونســووڵی شــانازی ژاپۆنــی لــە هەرێمــی کوردســتان، تــا خۆیــان لــە ســاڵی ٢٠١٧ کونســووڵێک دادەنێــن مــن کاروبارەکانیانــم لــە هەرێمــی کوردســتان بــۆ بەڕێــوە دەبــردن، بــەوەش دەتوانــم خزمەتــی خەڵکــی کوردســتان بکــەم و ڤیزایــان بــۆ وەربگــرم و هاتوچــۆ ئاســانتر بکــەم. بــوون و کرانــەوەی فڕۆکەخانــەی نێودەوڵەتــی هەولێریــش ئاســانکاری زۆر دەکات بــۆ ئــەو پەیوەندییــە، ژاپــۆن زۆرتــر متمانــە بــە قــەوارە و بــازاڕ و کۆمەڵگــەی کوردســتان دەکات، پەیوەندییــەکان پتەوتــر دەکات! ئــەو ماوەیــەش کــە کونســووڵی فەخــری ئــەوان بــووم، مووچــەم لــە ژاپــۆن نەویســتووە و ئۆفیسەکەشــم هــەر لەنــاو باڵەخانەکانــی خۆمــان بــووە و مووچــەی کارمەندانــی کونســووڵخانەکەم بــە خــۆم داوە.

لــە ســاڵی ٢٠١٩ لەلایــەن ئیپمراتۆریەتــی ژاپــۆن خەڵاتــی زێڕینــم

پـێ دەبەخشــن. لــە رۆژی ٢٠١٩/٢/٢٠ لەلایــەن ســەفیری ژاپــۆن وەک نوێنــەری وەزارەتــی دەرەوەی ژاپــۆن مەدالیایەکــە لــە بەرۆکــم دەدەن و دەقــی پەیامەکەشــم لەنــاو چوارچێوەیەکــی دیواریــی پێشــکەش دەکــەن. مــن کەســی ژمــارە حەڤــدەم لــە جیهــان ئــەو خەڵاتــەم وەرگرتــووە. پــاش وەرگرتنــی ئــەو خەڵاتــە، لەلایــەن دەزگــە ئابوورییەکانــی عێــراق پیرۆزباییــمان لــێ دەکــەن.

خەڵاتەکــەش زۆر شــانازی پێــوە دەکــەم، بۆیــەش بــەردەوام لــە نــاو قاســەی تایبەتــی هەڵمگرتــووە، لەبــەر ئــەوەی مــن ئــەو خەڵاتــەم هەیــە، بۆیــە ژاپۆنییــەکان بــە شــێوازێکی زۆر رێــزەوە و بــە سرووتێکــی تایبەتــی گــەورەوە پێشــوازییمان دەکــەن. وەرگرتنــی خەڵاتەکــەش بــە ئەتەکێتێکــی رەســمی بــوو، لەلایــەن وەزارەتــی دەرەوەی ژاپۆنیــش نامــەم بــۆ هاتبــوو، ســەفیری ژاپــۆن لــە عێــراق بــە وەکاڵەتــی وەزیــری دەرەوەی ژاپــۆن رێورەســمی وەرگرتنــی خەڵاتەکــەی بەڕێــوە بــرد و پێشکەشــی کــردم. لــە یەکێــک لــە ژوورەکانــی خانــووە گەورەکەیــان گوتــار و نامــەی خەڵاتەکەیــان لەنــاو چوارچێوەیەکــی نــازدار هەڵواســیبوو، بــەڵام گوتیــان مەدالیاکەیــان لەنــاو قاســەیەکی دەرەوەی ماڵەوەیــە، بۆیــە نەمتوانــی ببینــم!

بــەر لــە هەمــوو ئەوانــە، مــن جێگــری ســەرۆکی ژووری بازرگانــی عێــراق بــووم، ســەرۆکی لقــی هەولێــر و کوردســتانیش بــووم! لــەو تەمەنــە و پــاش کاروانێکــی درێــژی کاســبی و ســەفەر و دیــدارەکان و ئاشــنابوونم بــە بــازاڕی هەمەجــۆر و گــەورە و زۆرە، ئێســتا کەمــتر پــێ لــە بەنزیــن دەنێــم و خــۆم مانــدوو ناکــەم!



حاجی ئازاد باجگر مەدالیای ئیمپراتۆری ژاپۆن وەردەگرێت

«مـن حـەزم کـرد کەمێـک باسـی قەرەبـوو و رووخاندنـی باڵەخانـە چـوار نهۆمـە بەرزەکـەی نـاو بـازاڕ بکەیـن، چـۆن لەگـەڵ شـارەوانی ڕێکەوتیـن و کرێچـی و مەخزەنەکانـی ژمارەیـان ١٣٦ دوکان و ٧٥ مەخـزەن بـوو چۆلکـرا»

بـەر لـەوەی قەرەبـوو و ڕێـکارە یاساییەکانی قەرەبووکـە لـە دادگـە و هاتوچـۆی پارێـزەری هەردوولامـان تـەواو بێـت، بـە داوایەکـی سـادە و تەلەفۆنـی «نـەوزاد هـادی» پارێـزگاری ئەودەمانـەی هەولێـر رازی دەبم باڵەخانەکـە برووخێنـن، هێشـتا هیچـمان وەرنەگرتبـوو، ڕەزامەنـدی لەسـەر رووخاندنـی نیشـاندەدەم، دەڵێـم:

کاک نـەوزاد غـەدر لـە ئێمـە نـاکات و دەزانـم کارەکـە بـۆ جوانکردنـی شـار و خزمەتـی خەڵکە، نەمویسـت پـلان و نەخشـەکە و جێبەجێکردنی دوا بکەوێت!

ئـەوان لەگـەڵ کرێچییـەکان کارەکانیـان تـەواو کردبـوو، بۆیـە خۆیـان باڵەخانەکەیـان رووخانـد و دوایـی قەرەبوومـان وەرگـرت، لـە موڵکـی شـارەوانی ١٢٦ پارچـە زەویـی نیشـتەجێیمان وەرگـرت، هیـچ لارییـەک و پێداچوونەوەیەکـمان نەکـرد!

٧٠ دۆنمیـش زەوییـمان لـە سـاڵی ١٩٧٠ لـەو ناوچـە هەبـوو، بەیەکـەوە دەیکەیـن بـە جیهـان سـتی، قۆناخـی یەکەمـی شـارەکە ٧٠٠ شـوقەیە و ئـاوەدان و سەرنشـین و خاوەنەکانیـان ئاسـوودەن، قوناخـی دووەمیـش ٧٠٠ شـوقەی تـرە و لـەو نزیکانـە تـەواو دەبـن. شـارەکەش خزمەتگـوزاری زۆر باشـە و سەرنشـینەکانی بـە هەمـوو سیسـتەم و ئیشـەکان ئاسـوودەن، خۆمـان هەمـوو کاروبارەکانـی بەڕێـوە دەبەیـن و هەرگیـز نامانـەوێ و ئـەوەش ناکەیـن بـۆ پـارە و قازانجـی زۆر ناوبانگـی جیهـان سـتی بشـێوێت و نـاوی خـراپ بـڕوات.

***

سـەربردەی بزنـس و ئیشـکردنمان و دۆلار دەگەڕێتـەوە ناوەنـدی هەشـتاکان، زووتـر دۆلارمـان نەبـوو، لـە بانـک بۆیـان دەگۆڕینـەوە و ئاسـان بـوو، مـاوە مـاوە دۆلار نرخـی بـەرز دەبـووە، زووتـر سـێ دۆلار یـەک دینـار بـوو، بـەڵام پـاش گۆڕانکارییـە سیاسـییەکانی نـاو عێـراق و شـەڕەکانی ناوچەکـە سـێ هـەزار دینـار دەبێتـە یـەک دۆلار، پـاش رووخانـی سـەدام یـەک دۆلار دەبێتـە دە هـەزار دینار، ئێسـتاش جێگیرە بـە ۱۵۰۰ دینـار.

دوا پەیڤ و قسەمان لەگەڵ ئازاد باجگر ئەوە بوو:

بانکی جیهان یان زانکۆی جیهان؟

ئەو یەکسەر و خێرا وەڵامی دامەوە:

بێگومان بانکی جیهان!

منیش گوتم دکتۆر نەوزاد دەڵێت:

بێگومان زانکۆی جیهان!

ئـەو گوتـی؛ ئـەو حەقیەتـی پیاوێکـی ئەکادیمییـە، بـەڵام مـن زۆرتـر بزنسـمانم و ئەکادیمـی نیـم، بەڵام پێویسـتی و بوونی زانکـۆی جیهانیش بـە پیـرۆز دەزانـم و بـەردەوام کۆشـش دەکەیـن زانکۆکانمـان گەشـە بـکات و پێشـبکەوێت. ئـەوەی شـایانی باسـە لـە مانگی فبرایەری سـاڵی ۲۰۰۸ بەپێـی یاسـای کۆمپانیاکانـی عێراقـی ژمـارە ۲۱ی سـاڵی ۱۹۹۷، هەموارکـراوی سـاڵی ۲۰۰٤ بانکـە سـەرەکییەکەمان لـە شـاری هەولێـر لـە رۆژی ۲۰۰۹/٤/۱ دەکەینـەوە.

# ٥٨
# مام سمایل: لە یەک عانەوە دەست پێ دەکەم

دەپرسم و دەمەوێ زۆرتر بزانم حاجی یەحیا وەک هەموو بازرگان و سەرمایەدارێک حەزی بە موڵک و خانوو و دوکان هەبووە، بۆ ئەوەش ئەو وەستایەم «ئیسماعیل برایم رەسووڵ ١٩٤٧»بینی. پیاوەکەی چەندان ساڵ لەگەڵ حاجی یەحیا و کوڕەکانی، لەناو باڵەخانە و پرۆژەکانی بە دڵسۆزی و جوانی ئیشی بۆ کردوون و سەرپەرشتی پرۆژەکانی کردبوو. ئەگەرچی نەخوێندەوار بووە، بەڵام نەخشەی داناوە، هێڵکارییەکانی کردووە حیسابی کەرپووچ و چیمەنتۆ و شیشی راگرتووە، رۆژانە و پارەی کەرەستە و وەستا و کرێکارەکانی داوە، سەردانی دەکەم و لەو دیدارە ئەو گوتی: کە دەگەمە بن باڵی حاجی یەحیا، لەگەڵ ئەو ئیش دەکەم ئیتر دەبوژێمەوە، ئیش دەکەم و پشووش دەدەم و دەبمە خاوەن ماڵ و منداڵ.

کە ئێمە هاتووینەتە هەولێر لەگەڵ ١١ خێزانی تر لەناو حەسارێکی گەڕەکی تەعجیل ژیاوین. خێزانەکەمان بۆ بژێوی

ژیـان، زوو مـن دەکەنـە شـاگری دوکاندارێـک و ڕۆژانـەم یـەک عانـە بـووە. ماوەیەکـی بـاش لـەوێ دەبـم و شـاگردیی دەکـەم، دڵـم بـە شـار و نـاو بازاڕیـش خـۆش بـوو. زوو زوو باپیـرم لـە گونـدەوە دەهاتە هەولێـر و سـەردانی دەکردیـن، کـە دەزانیێـت مـن لەنـاو بـازاڕ بـووم بـە شـاگری بەقاڵێـک، پێـم دەڵێـت یـان بـە باوکـم دەڵێـت:

بـە سـمایلە بڵێـن؛ کـە بوویتـە شـاگرد، پێویسـتە دەسـتپاک بێـت، بەقـاڵ و دوکاندارەکانـی شـاگردیان هەیـە، زوو و بـۆ تاقیکردنـەوەی دەسـتپاکی و دڵسـۆزی شـاگردە منداڵەکانیـان عانەیـەک، چەنـد فلوسـێک فـڕێ دەدەنـە سـەر زەوییەکـە، بەجێیدەهێڵـن و دەڕۆن و دەیانـەوێ بزانـن شـاگردەکەی چـۆن هەڵسـوکەوت لەگـەڵ ئـەو پـارە کەمـە دەکات و پارەکـە دەدۆزێتـەوە و هەڵدەگرێتـەوە و دەیداتـەوە خاوەنەکـەی، یـان لـە گیرفانـی خـۆی دەنێـت، بـا ئـەو پارەکـە زوو بداتـەوە کابـرا، چونکـە لـە گیرفانـی بنێـت و ببیـات یەکسـەر کابـرا دەری دەکات و لەنـاو بـازاڕ جێگـەی نابێتـەوە، باشـە ئـەوەی پـێ بڵێـن و بـا وا بـکات.

پـاش ئـەو قسـانەی باپیـرم، چەنـد جـار لەکاتـی پاککردنـەوەی دوکانەکـە، هەڵگرتـن و دانانـی تەنەکەیەکـی پـڕ، نیـوە فەردەیەکـی دڕاو، سـەندوقێکی سـابوون و چەنـد قەنـدە شـەکرێک وردە و پـارەم دەدۆزیـەوە، لەسـەر راسـپاردەکەی باپیـرم یەکسـەر پارەکـەم دەمدایـەوە حاجـی و دەمگـوت:

حاجی، ئەوەم لێرە دۆزیەوە، فەرموون.

ئیـتر بـە دووبارەکردنـەوەی ئـەوە و نەبردنـی پارەکـە لـەو ئەزموونەکـە سـەردەکەوم و دەبـم بـە کوڕێکی دڵسـۆز و دەسـتپاکی کار و بازاڕەکە!

چەند ساڵێک لەو دوکانە دەمینێمەوە و کاسبییەکە و دەخیل و جۆڕکی پارەکەی حاجی دەکەوێتە بن دەستی من و هاتوچۆی ماڵەوەیان دەکەم.
جارێکیان حاجی دەمنرێت بچم بە ژنەکەی بڵێم؛ زوو رادیۆکە بکاتەوە و گۆرانی رەسووڵ گەردی هەیە. ئیتر بەرەو ماڵەوەیان دەڕۆم و دەگەمە ناو کۆڵانەکانی تەعجیل، بەڵام دوا دەکەوم و لەگەڵ منداڵان بە عەجوولی و دەستگەمە دوا دەکەوم، کە دەچم قسەکە بە ژنەکە دەڵێم و ئەویش رادیۆکە دەکاتەوە و گۆرانییەکەش نەمابوو، ژنەکە گوێی لە گۆرانییەکەی رەسووڵ گەردی نابێت. کە دەگەڕێمەوە حاجی دەپرسێت، ها چیت کرد، خەجیج گۆرانییەکەی بە دڵ بوو، منیش دەڵێم کە چووم و رادیۆکەمان کردووە گۆرانییەکە نەمابوو، ئەویش گوتی چۆن و بۆچی و منیش پێم گوت؛ لە رێگا لەگەڵ منداڵان دوا کەوتم! ئەوەم نەدەزانی گۆرانییەکە لە رادیۆکە بڵاو دەبێتەوە، وامدەزانی رەسووڵ گەردی لەناو رادیۆکە دانیشتووە و گۆرانی دەڵێت. ئەوەندە سادە و نەفام بووم، تا گەورە دەبم و چاوم دەکرێتەوە و دەکەومە بازاڕ و خەڵک زۆرتر دەناسم و دەگەمە بەر دەست و پرۆژەکانی حاجی یەحیای بەزاز!
ئیش دەکەم و لەناو گەڕەکی ئازادی لە قووڕکێشێکی منداڵەوە دەبم خەلفەی وەستاکەمان. کرێکاریی و وەستایی دەکەم، بەڵام گوزەرانم باش نەبوو، لەگەڵ شۆرشی ١٤ی تەمموز رۆژانەمان زیاد دەکات و ماوەی کارکردنمان دەبێتە هەشت سەعات و کە جاران لە بەیانی تا ئێوارە بوو، بەبێ سەعات بوو، پارەکەشی

کەمـتر بـوو، ڕۆژانەمـان لـە سـێ چـوار درهــەم دەگاتـە نزیکـەی هەشـت درهەمـی تـەواو.
لەگــەڵ دروســتکردنی گەڕەکــی ئــازادی گــەورە ببــووم و دەزانــم کوڕێکــی وەک مــن، وەک قووڕکێــش ڕۆژانــەی بــاش وەردەگـرم و جیاوازییەکـی زۆری لەگـەڵ ڕۆژانەکـەی دوکانەکـەی حاجـی ئەحمـەد خۆرانـی دەبێـت، دەچـم و ئیـش دەکـەم و ماوەیـەک دەبم بـە خەلفە و دەزانـم خێـت و شـاقوڵ و چەکـوچ بەکاربهێنـم و دەسـتم لەگـەڵ کەرپـووچ رادێـت و ڕۆژانـەم زۆرتـر دەبێـت و توورەگـەی وەسـتاکە دەکەوێتــە بــن دەســتی مــن، سەرپەرشــتی هەڵگرتــن و هێنانــی و بردنەکـەی دەکـەم و لەنـاو چایەخانـەی کرێـکاران دەناسرێـم و دەبـم بـە وەسـتا. لـە دانـان و دیوار و سـەبکردن و سەرپەرشـتی کرێـکارەکان شـارەزا دەبـم، هەمـوو قۆناخەکانـی خانـوو تـەواو دەکـەم و دوایـی دەگەمـە پرۆژەکانـی حکومـەت و پـرد و قەنتـەرەکان، لـەوەش ئیشـی بـاش دەکـەم و دەچمـە ناوچـە شـاخاوییەکان، لـەوێ ئیـش دەکـەم تـا حاجـی یەحیـا بـەزار ئیقناعـم دەکات ببـم بـە وەسـتا و سەرپەرشـتی پرۆژەکانـی ئـەو بکـەم!
باوکــم بــە هــۆی بــرا گــەورە و موختــار و ئاغــاکان و هامۆشــۆ و دۆســتایەتی ناسـیاری لەگــەڵ دوکان و کەسـایەتی حاجــی یەحیــا باجگـر پەیـدا دەکات، بۆیـە دەکەومـە نـاو ئیشـەکانی ئـەو و منـی خۆشـدەوێت و دڵسـۆزانە ئیـش بـۆ خـۆی و دوایـی بـۆ کوڕەکانیشـی دەکـەم. مـن زووتـر و زۆریـش لەبـەر دەسـتی وەسـتا جـەلال ئیشـم کردبـوو، بـەڵام بـاش سـەرم لـە ئیشـەکان دەردەچـوو  و ببـووم بـەوەی بتوانـم بـە خـۆم سـەربەخۆ ئیـش بگـرم.

# ٥٩
# چەکوچەکەم لەسەر شانی لێ فڕێ دەدات

ماوەیەکـی بـاش لەسـەر پـرۆژە و خانووەکانـی حاجـی یەحیـا بـەزاز ئیـش دەکـەم و سەرپەرشـتییان دەکـەم و پـارەم لەبـن دەسـت دەبێت، چەنـد کرێـکار دەهێنـم و چـی دەکـەم و هەمـوو ئەوانـە دەبنـە جێگـەی ڕەزامەنـدی خاوەنکارەکـەم و زۆرتـر متمانـەم پـێ دەکات، بـە ئـارەزووی خـۆم پـارە سـەرف دەکەم. تـا ڕۆژێکیـان دێتە سـەر کارەکەم و بـە دیارمـەوە دەوەسـتێت و سـەیرم دەکات و قسـەش نـاکات، مـن ئیشـەکانم تـەواو کردبـوو، کرێـکارەکان دەسـتیان دەشووشـت و کەرەسـتەکانیان کـۆ دەکـردەوە و بەرنامـەی بەیانییـمان دادەنـا و ڕۆژانـەم دابەشـدەکرد. حاجیـش بەرانبەرم وەسـتابوو، هەمـووو دەڕۆن و بەیەکـەوە لەسـەر دیـوار و کەرەسـتەکان مابووینـەوە، منیـش وەک وەسـتاکانی تـر کـە تـەواو دەبوویـن چەکوچەکەمـان لەسەرشـانمان دادەنـا، واتـە ئیشـمان تـەواو بـووە. ئـەو لێـم نزیـک دەبێتـەوە و منیـش چەکوچەکـەم لەسەرشـانە و دڵـم خۆشـە، ئیشـەکانمان بـاش و دروسـت و بەدڵـی حاجـی دەڕوات، ئـەو لەنـاکاو دەسـت دێنێتـە

سەرشـانم و چەکوچەکـە دەگرێـت فرێـی دەدات، دوور فـڕێ دەدا دەڕوات، بەڕاسـتی ئـەو فڕێدانـە، بـەو هەڵسـوکەوتی حاجـی یەحیـا دەترسـم و سەرسـام دەبـم و بیـر و خەیاڵـم بـۆ زۆر شـت دەڕوات، گومـان دەکـەم و ناکـەم، دەترسـم و نازانـم چ بڵێـم و چ بکـەم و بیـر دەکـەوە بـۆ وا دەکات، بـۆ چەکوچەکـەی سەرشـانم فڕێـدەدات و گومانـم لـە هیـچ نەبـوو، دەسـتم لـە پـارەی نەدابـوو، زیـادم سـەرف نەکردبـوو، کرێـکاری زۆرتـرم نەهێنابـوو، کەسێکم خـۆم نەکردبـووە مەراقیـب و پـارەی بەخۆڕایـی بدەمـێ، دیـوارم خـوار نەبـووە، قـووڕ و کەرپووچـەم خەسـار نەکـردووە، بەفـر و ئـاوی زۆرم نەکڕیـوە و نەمانرشـتووە. ئەوەشـم دەزانـی چەکـۆچ بـۆ وەسـتا هەمـوو شـت بـوو، شـانازی و ئیهانـەش بـوو! باشـە بـۆ حاجـی وا دەکات، هیچـم لـە دەموچـاوی نەدەخوێنـدەوە، هەسـتم بـە هیـچ نەدەکـرد، دەمـم گیـرا و هیچـم بـۆ نەهـات لال بـووم، شـلەژام، تـا ئـەو گوتـی:

سـمایل، لــەو رۆژەوە، چیــتر بــە دەســتی خــۆت ئیــش ناکەیــت، تــۆ سەرپەرشــتی کارەکانــم دەکەیــت و بــەس، لەســەر پرۆژەکانــم دەسـوڕێتەوە! پـارە دەبەیـت و سـەرف دەکەیـت و تـەواو و خـۆت خــاوەن بڕیــار و مەسروفەکانــی پرۆژەکانــم دەبیــت! وەســتایەتی ناکەیـت، وەسـتای تـر پەیـدا بکـە! باشـە.

ئیــتر لــەو رۆژەوە ســی ســاڵی تــەواو دەبمــە وەکیــل و وەســتا و دەستەراسـت و خەمخـۆری حاجـی یەحیـا بـەزاز. ئەویـش بـۆ مـن و مـاڵ و منداڵـم دەبێتـە بـاوک و براگـەورە و دەسـت و پشـتیوانی، پـاش ئەوانیـش کوڕەکانـی هـاوکارم دەبـن، تـا نەخـۆش دەکـەوم و لەسـەر گرووپـی جیهـان خانەنشـین دەبـم!

لەو ماوەیەدا من دەنێرنە سلێمانی و دەڵێن بڕۆ لەوێ هەندێک پڕۆژە و گەراج و مەخزەنمان هەیە، تەواویان بکە و وەرەوە، ئەوەش سێ ساڵی تەواو دەخایەنێت. سێ ساڵ ئیش دەکەم و بۆ پشوودان و لە بۆنە تایبەتییەکان بە سەردانی دەگەڕێمەوە هەولێر و شەوانەش لە هوتێل دەبووم! لەوێ تەواو دەبم دەڵێن لە زاخۆ هەندێک کار و پڕۆژەمان هەیە، گەراج و ڕەمپە و مەخزەتی گەورەی خواردەمەنی دروست دەکەین، تۆ سەرپەرشتی بکە و بۆمان تەواو بکە. ئیشەکانی ئەویش تەواو دەکەم و ماوە ماوەش بە سەردان دەهاتمەوە هەولێر!

لەناو هەولێر مزگەوتەکەیان لە گەڕەکی مەنتکاوە، بازاڕەکانی باجگر لەناو شار، خانووی منداڵەکان یەک لە دوای یەک، زانکۆی جیهان و زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، گەراجی گەورە و کارگەکانی بەرگدووری و کارگەکانی تری ناوچەی پیشەسازی ئیشەکان تەواو دەکەم، ئۆتۆمبێلی تایبەتی نوێیم لەبەر دەست دا بوو، لەو ماوەیەی سەربازی ئیحتیات بووم چاویان لە من بوو، کە خانوو دەکەم، کە دەچمە حەج کە کوڕەکانم ژن دەهێنن، کە خزمەکانم یارمەتی و پارەیان دەویست پشتیوان بوون، لە هەموو کارگە و مەخزەنەکانی قوماش دیارییم هەبووە.

جارێکیان حاجی یەحیا لە دەرەوە پارچەیەک قوماشی بۆ هێنابووم، بردمە کن خەیاتێکی خۆمان، یەکێک لەوێ قوماشەکەی بینی گوتی چەندی دەتەوێ و چیت دەوێ بیفرۆشە، گوتم دیاریی حاجی نافرۆشم و شایستەیەی ئەوەیە خۆم لەبەری بکەم و نایدەمە کەس!

لەگـەڵ ئەندازیارەکەیـان خەریکـی ئاوەدانکردنـەوە و گەورەکردنـی ژوور و خانووەکانـی نـاو مزگەوتەکـە بوویـن، خانـووی مـەلا و بەردەسـتەکانمان دروسـتکرد، دار مێویـێـک حاجـی خـۆی چاندبـووی گـەورە ببـوو، بـەری دەدا و سێبەرێکی جوانـی هەبـوو، حاجـی یەحیا کەیفـی بـە دار مێوەکـە دەهـات، بـۆ ئیشـوکارەکە ئەندازیارەکـە خزمـی نزیکـی خۆیـان بـوو گوتـی؛ وەسـتا وا باشـە ئـەو دارە ببڕینەوە، نەخشـەکە تێکـدەدات، بـە منـی گـوت وەسـتا دارەکـە ببـڕەوە، منیـش گوتـم:

من دارێک نابڕمەوە حاجی خۆشیدەوێت.

ئەندازیارەکـە بـە قسـەم نـاکات و پرسـیش بـە حاجـی نـاکات و دارەکـە دەبڕێتـەوە. پـاش یـەک دوو ڕۆژ حاجـی ئـەوە دەزانێتـەوە، بانگـم دەکات و منیـش نەمویسـت نێوانیـان گـەرم بکـەم و حاجـی یەحیـا زۆرتـر تـوورە بکـەم، بـەڵام ئـەو ڕاسـتییەکەی دەزانـی گوتـی سـمایل بـڕۆ پێـی بڵـێ نەخشـە و سـویچ و بەردەسـتییەکانمان بداتـەوە و جارێکـی تـر نەیەتـەوە بەرانبـەرم، نامـەوێ ئـەو پیـاوە جارێکـی تـر لەکـن مـن ئیـش بـکات! دیـارە حاجـی یەحیـا بـەو داربڕینـە زۆر تـووڕە ببـوو، بـەڵام دوایـی چەنـد کـەس نێوانیـان دەکـەن و حاجـی سـارد دەکەنـەوە و لـە ئەندازیارەکـە دەبوورێـت.

ئـەوەی لـە کۆتایـی مـاوە بڵێـم حاجـی بـەردەوام دەیگـوت؛ مـن خۆشـناوم و خەڵکـی ناوچەکـەش زۆر سـەردانیان دەکـرد. پەیوەندیـی لەگـەڵ هەمـوو خەڵکـی خۆشـناوەتی و بندیانەکانـی قـەراج و کەندێنـاوە گـەرم و خـۆش بـوو.

# ٦٠
# نووسین و بڵاوکردنەوە

مـن لـە موسـڵ خوێنـدکار بـووم، لەورۆژانـە کۆنگـرەی یەکەمـی نووسـەرانی کـورد لـە بەغـدا دەبەسـترێت، لەسـەر داوا و پەیوەندییەکانـم بـە نووسـەری دیـاری کـورد «مەحمـود زامـدار» دەچمـە ئـەو کۆنگرەیـە، وەک قوتابییەکـی پزیشـکی زانکۆی موسڵ بە شـەمەندەفەر دەچمـە بەغـدا، لـەوێ بەشـداریی کۆنگرەکـە دەکـەم، بۆیـەش ئـەوە دەگێڕمـەوە مـن زوو ئـارەزوو نووسـینم هەبـووە، هەسـتم دەکـرد چەشـە و هزرێکـم هەیـە و دەتوانـم بـە شـێوازی تایبەتـی خـۆم بنووسـم و دوودڵ نیـم لـەو جـۆرە نووسـینانەش. زۆربـەی نووسـین و پارچـە شـیعرییەکانم ئاوێتـەی رەنـگ و چوارچێوە و نووسـینی نـاو رەنگـەکان دەکـەم، نووسـین و تابلـۆم بەیەکـەوە ئاشـنا و هاوبیـر کـردووە، لـە یـەک تابلـۆ، لـە یـەک پارچـە شـیعردا هەردووکـم ئاوێتـە کـردووە!

لەودەمانـەی لـە شـاری مارسـین دەژیـام و خەریکـی بازرگانـی بـووم، لەنـاو شـوقەیەکی لاچـەپ و دووره کـەس بـووم، سـاڵانی کۆتایـی

نۆهــەدەکان بــوو، بارودۆخەکــە ناڵەبــار بــوو، کوردســتان و هەولێــر هێشــتا جێگیــر و زۆر ئــارام نەبــوو، لــەوێ ســەرقاڵی نووســین و هونــەر دەبــووم!

دوو نامیلکــە بــە زمانــی کــوردی و عەرەبــی، بــەڵام بــە یــەک نــاو دەنووســم و چــاپ دەکــەم، عەرەبییەکــەی «ازرع الکلــمات» و کوردییەکــە «وشــە ئەچێنــم» لــە ســاڵانی ٢٠١٠ و ٢٠١١ بڵاویــان دەکەمــەوە، چاپــی کتێبــەکان لــە لوبنــان دەکرێــت.

دوو نامیلکــە بــە زمانــی عەرەبــی بــە نــاوی «فــی اللــە» و «المــوت» بــڵاو دەکەمــەوە. هەمــوو پارچــە شــیعرەکان تابلــۆی هونەریــی تایبەتی خۆمیان لەگەڵدایە.

کتێبێکــم بــە فۆتــۆی پێشــمەرگە و بــە ڕاز و ســۆزی خۆشەویســتی و پشــتیوانی بــۆ پێشــمەرگە نووســیوە، کتێبەکــە بــە نــاوی «کوردســتان» بــڵاو کردیتــەوە.

مامۆســتا ئەڵــێ؛ شــەش بەرگــە و دوایــی هەموویانــم لەنــاو پاکێــت چاپکــردووە، هەمــوو نووســینەکانی فەلســەفەی خۆمــە بــۆ فێربــوون. لــەو نزیکانــە تــەواوی نووســینەکان بــە زمانــی عەرەبــی، بــەڵام بــە دەســتکارییەکی کەمــەوە بــڵاو دەکەمــەوە.

ئــەوەی دەمــەوێ بــاس بکــەم و لەبیــری نەکــەم مامۆســتا جەمــال هەمەوەنــدی وەک مامۆســتایەکی خانەنشــین و زمانــزان لەگــەڵ ئێمــە لــە زانکــۆ کاری دەکــرد، بــەردەوام لــە رووی دارشــتن و نووســینەکان رێنمایــی دەکــردم! درود بــۆ رۆحــی پاکــی.

***

ئـەو یەکێـک لـە کتێبەکانـی بـە نـاوی «کوردسـتان» چاپکـردووە، پارچـە شـیعر و رازی کورتـی نووسـیوە و تابلۆکانـی خـۆی تێـدا دانـاوە:

**ترس**

ترس چاندن لە ڕەوشتی ئاین نییە
خودا پەرستن بە ترس نییە
نەیخوڵقاندین بمانترسێنێ
بەڵام
بە خۆشەویستی خوڵقاوەکانی
بمانترسێنێ بە خۆشی؟

**٢٠١٦/٦/٥ ـ ل ٧٠**

***

ترس
نزم ئەبێ بە زیادبوونی باوەڕ.

**٢٠٢١/٦/٥ ـ ل ٧٦**

***

«فـی اللـە» ئـەو نامیلکەیـە لـە سـاڵی ٢٠١١ بـە زمانـی عەرەبـی چاپکـردووە، لەوەیـان هیـچ لـە تابلۆکانـی لەگـەڵ ڕاز و قسـەکانی دانەنـاوە.

وسع ... كل شيء
ما خلق ... وما لم يخلق. ل ٦٠

**٢٠١١/٨/٩ ـ هەولێر دریم ستی**

***

دکتۆر ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ بە زمانی عەرەبی نامیلکەیەکی لەسەر کەسایەتی دکتۆر نەوزاد باجگر بە ناوی «وقفه مع انسان» نووسیوە، لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی جیهان هەولێرە و لە ساڵی ٢٠٢١ بڵاو کراوەتەوە.

لە چاپکراوەکانی بە زمانی عەرەبی نامیلکەیەکە بە ناوی «ازرع الکلمات: ساڵی ٢٠١١

لەو نامیلکەیە ژمارەیەک تابلۆی هونەری خۆی داناوە.

تقلبات
تقلبات وجهی
مثل سماء الربیع
رعد وبرق ومطر
وسماء صافیه وعطر وزهر.

**٢٠١٠/١/٢٥ ـ ل ١٤٩**

***

مامۆستا ئەڵێ

پێشمەرگە

ئاوە... هەوایە

خاکە... ئاگرە

هەموو... پێداویستی

ژیانە

**٢٠١٤/١١/٢١**




**دیوانی کوردستان، شیعر.**




دیوانی پێشمەرگە، شیعر.

# ٦١
# راگەیاندن

هەمـوو شـتێک دەبێـت راگەیاندنـی لەگەڵـدا بێـت، بازاڕکـردن پروپاگەندەیەکـی لەگـەڵ بێـت گەرمـتر دەبێـت. کاتـی خـۆی هەمـوو شـتێک لـە دەسـت دەوڵـەت بـوو، بـەڵام مـرۆڤ فکـری لـێ نەدەکـردەوە، پـاش ئازادبوونـی عێـراق و فراوانبـوون و ئازادبوونێکـی زۆر دروسـت لـە راگەیانـدن پەیـدا دەبێـت. جـاران ئەوانـەی ئیشـیان لـە راگەیانـدن دەکـرد ژمارەیـان بـە دەیـان کـەس زۆرتـر نەبـوو، ئێسـتا بـە هـەزاران کادیـر و راگەیانـدکار ئیـش لـەو بـوارەدا دەکـەن.

راگەیانـدن بـۆ ئێمـەش پێویسـت بـوو، چونکـە راگەیانـدن رێگـە خۆش دەکات بـۆ کۆمـەڵ و راگەیاندنـی سەربەسـتی بـۆ خزمەتـی کۆمـەڵ و خزمەتـی وڵات، ئـەو شـتە بنچینییانـەی لـە دونیـا بـاوە و دەبێـت روو بـدەن. بـۆ بـە رەسـەنکردنی هونـەری کـوردی و فۆلکلـۆری کـوردی و مەقـام و بەسـتەی کـوردی.

هەولێـر شـاری هەمووانـە، خەڵکەکـەی بـە سـێ چـوار زمـان قسـە دەکـەن. لـەوە بارودۆخـەدا بیرۆکـەی ئەوەمـان بـۆ هات ئێسـتگەیەک

دروست بکەین، دەزگەکە ئیش و کارەکانمان لۆ جوانکردنی شار و وڵاتەکەمان بێت، دەزگەکە لۆ ئەوە بێت قسەکان بگەیەنێتە کەسانی دیکە، چونکە نووسین و قسەکردن گرنگە. قسەکردن لە تەلەڤزیۆن و هەموو دەزگەکانی تری راگەیاندن کاریگەریی زیاتر دەبێت، بەوە ئاشنا دەبیت، بۆیە لە ساڵی ٢٠١٠ رەزامەندییمان بۆ ئێستگە و تەلەڤزیۆنەکە لە وەزارەتی رۆشنبیری وەرگرت.

تەلەڤزیۆنی جیهان بە هەموو دەزگە و بەرنامەکانی و دوور لە هزر و دیدی حزبی دەکەینە بەرنامەی باش بۆ هەموو خێزانەکان. بە گۆرانییەکان، بە پرۆگرامە زانستییەکان، ئیش بۆ ئارەزووی باڵای کۆمەڵ دەکەین. ئێمە حیسابی ئەوەش دەکەین ئەو پارەی بۆ ریکلامی کۆمپانیاکان دەیدەینە دەزگەکانی راگەیاندن، بەوە دەتوانین بۆ خۆمان تەلەڤزیۆنێک دامەزرێنین، بەوەش تەلەڤزیۆنی جیهان خزمەتیش بە گرووپی جیهان دەکات، گرووپەکەش دەبێتە خاوەنی دەزگەی راگەیاندنی تایبەت بە خۆیان، ئیتر لەگەڵ ئەو گەنجانە ئیش دەکەین، بێجگە لە کاروبارەکانی ریکلام دەتوانین کاری بەڵگەنامەیی و دیکۆمێنتیش بکەین. هەموو پرۆژەکانمان، تا دەگاتە رادەی پێکهاتەی ناو خێزانەکەشمان، بەوانەش دەتوانین خزمەت بە وڵات و شار و گرووپەکەمان بکەین.

رادیۆی جیهان ئێستا لە سلێمانی و دهۆک و هەولێر هەیە، زووتر زانکۆ تەلەڤزیۆن و رادیۆی خۆی نەبوو، ئەوە یەکەم بیرۆکە بوو، بەشی ریکلام دادەنێین، بۆ ئەوەش بەشی راگەیاندن دەکەینەوە، دەمانەوێ گەنجەکان فێری ئەو پیشەیە بکەین، فێر بن چۆن بە شێوازی زانستی لەو بوارە کار بکەن و قازانج بکەن.

چـۆن بەشـی فیزیـا، بەشـی کیمیـا تاقیگـەی هەیـە، بایۆلـۆژی بایـەخ بـە تاقیگـە دەدات، بـا بـۆ ریکلامیـش تەلەڤزیۆنـی هەبێـت، رادیـۆی هەبێــت، بــەوەش قوتابییــەکان دەتوانــن مەشــقی لەســەر بکــەن و زانیاریـی زۆرتـر بکـەن، ئـەوەی لەنـاو کتێبـەکان فێـری دەبـن، بـا بـە پراکتیـک بیکـەن. ئێمـە ئەندامیـن لـە سـەندیکای رۆژنامەنووسـان، گۆڤارمـان هەیـە، ماوەیەکـی زۆرە بـەردەوام دەردەچێـت، گۆڤـاری زانسـتییمان هەیـە، زانکـۆ تەنیـا زانسـت نییـە، لـە بوارەکانـی تـری هونــەری و رۆشــنبیریش کار دەکات، هەمــووش بەیەکــەوە یەکــتری تـەواو دەکەیـن. بـۆ دەرکردنـی رۆژنامەیـەک دەپرسـن و باسـی ئـەوە دەکـەن، بـەڵام بەڕاسـتی لـەو رۆژگارە بـاوی رۆژنامـە نەمـاوە، هەمـوو کـەس هەواڵەکانـی جیهـان، هـەر لـە ئاسـیا تـا ئەمریـکاش هەمـوو ئەوانـە لەنـاو گیرفانـی خـۆی دەدۆزێتـەوە. ئەنتەرنێـت ئاسـان و زۆر بــووە، شــتەکان بــە ئاســانی بەردەســتە! پێــم وایــە بوونــی گۆڤــاری ئەلکترۆنــی بەســە و ئاینــدەی ســەرکەوتووتر دەبێــت.

ئێســتا وەکــی جــاران نییــە، بــە یــەک تــاوەر ئێســتگەکەت دەداتــە ئەنتەرنێــت، ئەویــش بــۆت بــڵاو دەکاتــەوە، شــتە کۆنــەکان بــاوی نەمــاوە، دەبوایــە جــاران ٥٠ تــاوەر بــەرز بکەیتــەوە. تەلەڤزیۆنــی جیهانمـان بـە نێتـەوە بەسـتراوەتەوە، بۆیـە کەمـتر بیرمـان لـە کەناڵـی ئاسـمانی کردیتـەوە، ئەگـەر پێویسـتیش بـوو دەیکەینـە سـەتەلایت و ئاســمانیش. دەزانــم خەڵــک داوا دەکات، بــەڵام بــەو جــۆرەش بەئاســانی دەتوانــن بەرنامــەکان ببینــن.



دکتۆر نەوزاد باجگر بیرەوەرییەکانی دەگێڕێتەوە.

# ٦٢
# زانکۆی جیهان مەرجەکان جێبەجێ دەکات

سـەبارەت بـە وەرگرتـن لـە زانکـۆی جیهـان، ئێمـە یەکـەم جـار بیـر دەکەینــەوە وڵات چیــی پێویســتە! بــازاڕی کار چیــی پێویســتە و پێداویسـتی میللـەت چییـە و گەنجـەکان حەزیـان لـە چییـە، ئێمـە نابێـت شـت لەسـەر خەڵـک بـەزۆر دابنێیـن، دەبێـت بـاش بزانیـن خەڵـک چـی پێویسـتە، حکومەتیـش پێویسـتە ئـەوە بـکات، کەرتـی تایبەتیـش بەرنامـەی وا بێـت، مـن بـەزۆر ناتوانـم بـە قوتابـی بڵێـم ئـەوە بخوێنـەوە، ئەگـەر ئـەوەش بخوێنێـت، سـوودی نابێـت، چـوار سـاڵەکە تـەواو دەکات و هەمـووی بەفیـڕۆ دەڕوات، بۆیـە سـاڵانە لەگـەڵ قوتابییانــی شەشــی ئامادەیــی کۆدەبینــەوە، ئاشــنایەتییمان هەیــە، کۆرســی زمانــی ئینگلیزییــان بــۆ دەکەینــەوە، دەمانــەوێ سـەردانی زانکـۆی جیهـان بکـەن و بـە چـاوی خۆیـان بەشـەکانی زانکۆکــە ببینــن. ئەوانــەی لێــرە تــەواو دەکــەن، زۆریــان هێشــتا دەخوێنــن کار پەیــدا دەکــەن، دەبنــە خــاوەن کار و بــە ڕێــژەی ٨٠٪ دەرچووەکانمــان کاریــان دەســتدەکەوێت، زۆریــان دەچنــە ماســتەر

و دکتـۆرا دەخوێنــن. ئـەوەی دەیـەوێ ئیـش لـە ڕاگەیانـدن بـکات، پێویسـتە لـەو بـوارە بخوێنێـت، بچێتـە نـاو دەزگەکانـی ئێسـتگە و تەلەڤزیۆنـەکان. پێشـنیار دەکـەم، هەمـوو زانکـۆکان بەرنامەکانـی ئێمـە لـە فێربـوون و پراکتیـک پەیـڕەو بکـەن، ئیـش بکـەن و ئیـش بدۆزنـەوە، خوێنـدن پێویسـتی بـە پراکتیکیـش هەیـە، نـەک تەنیـا خوێنـدن.

لەگـەڵ هەمـوو مـەرج و تایبەتمەندییەکانمـان لـە زانکـۆی جیهـان، پابەندیـن بـە مـەرج و ڕێنماییەکانـی وەزارەتـی خوێندنـی بـاڵا، ئـەوان سـاڵانە بیسـت سـی لاپـەڕە مـەرج و ڕێنمایـی دەردەکـەن. ئێمـەش پابەنـدی وردەکارییەکانـی دەبیـن، زۆر لـە فێرخـواز هەیـە نیـو نمـرەی کەمـە ناتوانیــن وەریبگریــن، مــن وا دەزانــم ئــەوە غەدرکردنــە لــە مافـی خوێنـدکاران.

ئێمــە لــە بەشــەکانی ئەدەبــی ناتوانــن کەمــتر لــە ڕێــژەی نمــرەی ٥٥ وەربگریــن، بــۆ بەشــە زانســتییەکانیش ناتوانیــن کەمــتر لــە ٦٠ وەربگریــن، لــە ئەندازیاریــش لــە ٨٠ کەمــتر ناتوانیــن وەربگریــن. بـەردەوام وەزارەت پشـکنین و بەدواچوونەوەیـان هەیـە، ئێمەش ئەوە ناکەیـن و لـە ڕێنماییـەکان دەرناچیـن. لێـرەوە مـن ئـەوەش دەڵێـم پێویسـتە قوتابییەکانـی نـاو عێـراق و کوردسـتان وا بکـەن قوتابییـان بـە ئـارەزووی خۆیـان بخوێنـن و خۆیـان بەشـەکان هەڵبژێـرن، دوایـی دەردەکـەوێ کـێ و چـۆن سـەردەکەوێت و دەربـازی دەبێـت. دەڵێـم بـا خوێنـدن ئارەزوومەندانـە بێـت، نـەک بـە نمـرە، بـا سـاڵی یەکـەم ئارەزوومەندانـە بێـت، دوایـی لەسـەر وانـەکان، زمانـی ئینگلیـزی و کۆمپیوتـەر تاقیکردنەوەیـان لەسـەر بکرێـت.

لە هەموو جیهان وایە، زۆر جار قوتابی بە یەک ئینتەرڤیووی لە زانکۆ وەردەگیرێت، قوتابی هەیە نمرەی کەمە مەرج نییە زیرەک نەبێت، ئەگەر قوتابییەک ٨٠ ی هەبووە ئەوەش مەرج نییە باش بێت. پەیامم ئەوەیە هەر زانکۆیەک لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا لەسەر شێوازی وەرگرتنی قوتابی رێککەوون، من ناڵێم نمرەی ٥٠ وەربگرن، بەڵام دەڵێم ئەوەی ٨٠ یان ٩٥ دەرهێناوە بۆ خوێندنی پزیشکی دەبێت، ئەگەر باوەڕ و ویستی هەبێت، بۆ بچنە دەرەوە بخوێنن، لەوێ بەو نمرانە دەخوێنن، سێ چوار ساڵ لە ماڵەوەش دوور بکەوێتەوە، رەنگە لەوێ بگیرسێتەوە و بەو دابڕان و دوورکەوتنەوە زیان بە جڤاتەکەمان دەگەیەنێت.

# ٦٣
# پارە وەردەگرین

بـە یـەک ڕێـژە دەتوانیـن بڵێـن پـارەی ساڵانەی قوتابییـان دەکاتـە دوو ملیـۆن و دوو سـەد هـەزار دینـار، ئـەوەش لـە هەمـوو کۆلێـژەکان دەکەینـە چـوار قسـت، یـان پێنـج قسـت، هەمـوو ئاسـانکارییەک دەکەیـن، بـە مەرجێـک قسـتەکە بـدات، گرنـگ ئەوەیـە لەگـەڵ تەواوبوونـی وەرزی خوێنـدن پارەکـە بـدات. خوێندنـی زانکـۆ لەسـەر حکومـەت بـۆ هـەر قوتابییـەک دەگاتـە نـۆ ملیـۆن دینـار، پارەیەکـی زۆر لەسـەر بودجـەی حکومـەت دەکەوێـت، بـەڵام لـە زانکۆکـە ئەهلییـەکان لەجیاتـی حکومـەت دایکوبـاوک دەیـدات، بـەوەش دەردەکەوێـت سـاڵانە لـە زانکـۆکان چەنـد پـارە بەفیـڕۆ دەڕوات.

سـاڵانە نزیکـەی ٣٠ هـەزار خوێنـدکار لـە زانکـۆ ئەهلییـەکان دەخوێنـن، ئـەوەش هیـچ ئەرکێکـی لەسـەر حکومـەت نییـە، هەنـدێ لیسـت و ئیسـتمارات چـاپ دەکـەن و سەرپەرشـتی کەرتـی تایبـەت دەکـەن، وا دەزانـم فێرکـردن و زانیـن ئەرکـی هەمـوو لایەکـە بتوانـن بـە شـێوەیەک خزمـەت بـە خەڵکەکـە بکـەن، ئـەوەش وەک ئـەوە

وایە باجێک دەدەیت و تەواو.

***

دوو سێ ساڵ دەبێت ویستمان لە بریتانیا، دروست لە لەندەن پرۆژەیەک بکەینەوە، بەڵام بەرنامە و ڕێکارییەکان لەوێ درێژخایەن بوو، هەروەها کەسێکم دەستنەکەوت لەوێ بەردەوام هاوکار و نوێنەرمان بێت، لەگەڵ چەند زانکۆیەک گفتوگۆمان کرد، دەمانویست لقی زانکۆیەک لەناو زانکۆی جیهانی هەولێر بکەینەوە، ئێمەش لقێکی خۆمان لەوێ بکەینەوە، ئیشی باشمان بۆ ئەو بەرنامەیە کرد، دوایی پاش هاتنی داعش و گۆڕینی بارودۆخەکە بیرۆکەکە سارد بووەوە. ئێستاش دەمانەوێ لقەکەمان لە کەرکوک بکەینەوە، ڕەزامەندنی ئەنجومەنی وەزیران و خوێندنی باڵای عیراقمان وەرگرتووە. لە تورکیا قوتابخانەمان هەیە، لە قوبرس باڵەخانەمان تەواو کردووە، ناومان ناوە زانکۆی گەنجان، لە ئەوروپاش پرۆژەمان هەیە، دەمانەوێ زانکۆی جیهان بە تۆڕی زانین و فێرکاری ببەستینەوە، ئەگەر لەناو قوتابخانە حکومییەکان ئەوە هەبێت با لە ئەهلییەکەش ئەوە هەبێت، ئەوان سەردانمان بکەن، ئێمە کۆنتاکتیان لەگەڵ دەکەین، ئەوان سەردانمان دەکەن، با ئێمەش سەردانیان بکەین.

***

یەکێک لە دروشمەکانم «زانکۆی جیهان کوردستان ئاوەدان»ە، وا دەزانم دروشمێکی جوانە و لە هەموو سەرەتا و پێشەکییەکان

دەینووسـین و دەیڵێیـن. حـەز دەکـەم هەمـوو کار و بەرنامـەکان بـۆ کوردسـتان و ئاودانکردنـەوەی بێـت، ئـەوەش تەنیـا بـە حکومـەت ناکرێـت، کەرتـی تایبـەت پێویسـتە هـاوکار بـن، زانکـۆ دەتوانێـت وڵات دروسـت بـکات، زانکـۆ مامۆسـتای زانـا دروسـت دەکات، زانکۆ کارگـەی مرۆڤـی بـاش و زانایـە، ئـەوەی زانکـۆ تـەواو دەکات، بێجگـە لـە زانسـتەکە خەڵـک دەناسـێت، دیمانـەی زۆر دەبێـت، ئـازاد و سەربەسـتانە هەڵسـوکەوت دەکات، بواریـان زۆرتـر دەبێـت، گەنجێـک لـەو زانکۆیـە بـواری هەبێـت، دەتوانێـت داهێنـان بـکات و هیـچ جیاوازییەکـی لەگـەڵ گەنجێکـی ژاپۆنـی نییـە، لـە گەنجەکانـی ئینگلیـز باشـترن، ئـەوان ٧٠٠ سـاڵە دەوڵەتـن، نیـوەی دونیـا لەبـن دەسـتیان بـووە، ئێمـە تـازە دەسـتپێدەکەین، وا خەریکـن کەسـایەتی خۆمـان دادەمەزرێنیـن، ئینجـا ئـەو کەسـانە زانکـۆ دادەمەزرێنـن.

# ٦٤
# ئەمن دەڵێم نە شاعیرم نە هونەرمەند مێشکی خۆم دەکەم دەوڵەمەند

بەڕاستی دەوڵەمەندکردنی مێشک بەختەوەرییە و دەوڵەمەندبوونی مێشک زانینە، بەوەش لە حەقیقەتی ژیان تێدەگەیت، ئیتر بە هێمنی و بە ئاسوودەیی دەژیت، بەراستی من نەگەیشتوومەتە ئەو هەستەی بڵێم من شاعیرم. نەگەیشتوومەتە ئەو پلەیەی بڵێم من هونەرمەندم، بەڵام من هەندێک شتم کردووە تایبەتن بە خۆم، مومکینە رەنگە زۆر کەس پێیان موعجەب یان موعجەب نەبن.

من ئەوەی لە مێشکمە دەمەوێ بدەمە ئەو کەسەی لێمەوە نزیکە، دەمەوێ بیری خۆم ئاسوودە بکەم، بنووسم و بڵێم چۆن ژیاوم، چۆن کارم کردووە، چۆن خزمەتی کۆمەڵگەم کردووە.

زۆربەی خەڵک دەڵێین خزمەت دەکەین، ئەگەر خۆی ساز نەکات، ناتوانێت خزمەت بکات، بەو سازییە دەبێتە نمونەیەک سوود بە کۆمەڵگە بگەیەنێت.

ناڵێم تابلۆکانم منداڵی خۆمن، بەڵام وەک چۆن منداڵەکانم نادەمە

کـەس و ئەزیـزن خۆشـمدەوێن، ئەوانـەش وەک منداڵـەکان بـە بوونـی منـەوە هاتوونەتـە بـوون و پەیدابـوون، لـە سـامانم بەنرخـترن. هـەر تابلۆیـەک لەوانـە کات و بیرۆکەیەکـی ویسـتووە، ئەوانـەم بـە رەنـگ نەخشـاندووە، شـیعریش بـە موزیـک و قسـە و پەیڤـەکان. تابلـۆ بـە رەنـگ و بـە چـاو دەبینرێـن، شـیعریش بـە هەسـت پەیـدا دەبێـت، گرینـگ ئەوەیـە شـتێکە لـە خزمەتـی مرۆڤایەتـی.

# ٦٥
# نەوزادیزم

لـە پۆلـی پێنجـی سـەرەتایی مامۆسـتا «فوئـاد رەسـووڵ ناجـی» لـە قوتابخانـەی ئیبنـی خەلـەکان مامۆسـتای وێنەمـان بـوو، ئـەو دوو سـێ قوتابـی دەستنیشـانکردبوو، مـن یەکێـک بـووم لەوانـەی ئـارەزووی وێنەمـان زۆرتـر بـوو، لـە پێشـانگەیەکی نـاو قوتابخانـەی سـەفین، شـوێنەکەی هوتێـل شـیراتۆنی ئێسـتا بـوو، لـەوێ تابلۆ و دەسـتکردنی منـی منداڵـی سـەرەتایی نمایشـکراوە. ئـەوەش دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی خوێندنـی ١٩٥٩_ ١٩٦٠، لـەوێ ئـارەزووم لـە نووسـین و خۆشنووسـی و تابلـۆ هەبـوو، بـەڵام لـە قۆناخەکانـی تـری خوێندنـم تـا دەبمـە دکتـۆر بـوارم نەبـووە و وێنـەم نەکـردووە. ئـەوەش دەڵێـم دکتـۆری جەراحیـش جۆرێکـە لـە هێڵـکاری و هونـەر، دکتـۆر وەک هونەرمەنـد دەسـت بـە فڵچـەوە ئیـش دەکات، شـانە و گۆشـت و دەمـارەکان دەدوورێتـەوە.

لـەو سـاڵانەی لـە تورکیـا بـووم، هەوارەکەمـان لەسـەر دەریـا نزیـک بـوو، لـەوێ دووبـارە چەشـەی رەنـگ و فڵچـەم دەکرێتـەوە، لـە

سـاڵانی ١٩٩٦ تـا ٢٠٠٣ بـەردەوام دەبـم و ٦٤ تابلـۆ تـەواو دەکـەم. کـە لـە بەغـداش بـووم بـەردەوام رەنـگ و فڵچـەم هـەر هەبـووە، لەوێـش دوو سـێ تابلـۆم کردبـوو، نازانـم لەنـاو ماڵەکـەم مـاون یـان نـا. دوایـی سـاڵی ٢٠٠٣ لـە هەولێـر بـەردەوام رەسـم دەکـەم. هەمـوو تابلۆیەکـم بیرۆکەیەکـی هەیـە، ئـەوەم لـە مێشـکدا هەبـووە، لەسـەر ئـەوەش کارم کـردووە، سەربەسـتانە رەنـگ و هـزرم تێکەڵکـردووە! هەندێـک لـە بیرۆکەکانـم دیـارن و هەیـە نازاندرێـت چییـە و تابلۆکـە چ دەگەیەنێـت. لەنـاو تابلـۆکان سـێ چـوار بیرۆکـە بوونیـان هەیـە، زۆریـش حیسـاب بـۆ رەنـگ دەکـەم. ئـەو رەنگانـە لەنـاو هـزرم دادەرێـژم و لەسـەر تابلـۆکان دەیاننەخشـێنم.

هونـەر ئەوەنـدە گەورەیـە شـوێنی هەمـوو کەسـێکی لـێ دەبێتـەوە، هەمـوو مرۆڤێـک هونەرمەندێکـە، هەمـوو کەسـێک بەشـێکی هونەریـی تێدایـە، هەیـە پیشـەکەی هونەرییـە، بەدەگمـەن مرۆڤیـش هەیـە هونەریـی نییـە. هەمـوو کـەس دەتوانێـت بـە بیرکردنەوەکانـی شـێوازێک بخوڵقێنێـت، هەمـوو جارێـک دەڵێـم ١٠٠ تـا ٥٠ سـەرکەوتووە، بۆیـەش ٥٠ سـەرکەوتنە، ئیـتر نمـرەی سـەد و پەنجـا هەیـە، عەقڵیەتـی مـرۆڤ وایـە، هەندێـک کـەس هەیـە هـەر لـە منداڵییـەوە هونەرمەنـدە، بـەڵام بـواری نەبـووە لـەو بـوارەدا ئیـش بـکات، ژیـان مانـدووی کـردووە. مـن هەمـوو بەرنامەکانـم تـەواو دەکـەم ئینجـا روو لـە هونـەر دەکـەم، هونـەر بـۆ مـن پیشـە نییـە ئـارەزووە. ئەوانـەی نمرەکانیـان ژێـرەوەی پەنجایـە، دەتوانـن کۆشـش بکـەن و بگەنـە نمـرەی بەرزتـر!

مـن زووتـر شـتێکم لەسـەر رەنـگ خوێندبـوو، رەنـگ دەکەمـە

ئامرازێـک، مەرجیـش نییـە ڕەش مانـای خـەم و زەرد مانای خۆپەرستی و دوودڵـی بێـت، ڕێکخسـتنی ڕەنگـەکان بـە شـێوازێکی تایبـەت وا نیشـان دەدات، مـن کەسـێکی نامـۆم و شـتێک دەکـەم کـەس نەیکردبێـت، لەنـاو تابلۆیـەک نووسـیومە «اریـد ان ارسـم شـیء بـدون معنـی فلـم اسـتطیع» واتـە ویسـتوومە شـتێکی بـێ مانـا بکـەم، دیـارە کـە ناتوانـم! هیـچ شـتێک نییـە مانـای نەبێـت، لەسـەر پارچـەی سـپی مانـای ئـەوە نییـە هیـچ مانـا و نووسـین بوونـی نییـە.

هەندێـک لـە تابلۆکانـم مەبەسـت و ماناکانیـان ڕوونـن، هەیـە بیرۆکەیەکـی تێدایـە و دیـار نییـە، هەیـە پێویسـتە خـۆم شرۆڤەیـان بکـەم، تابلـۆکان مەشـقێکی هزرییـە، خەڵـک بـۆ شـەترەنج دەکات، بـۆ ئـەوە نییـە مەشـق بـە هـزر و بیرکردنـەوە بکـەن؟

هەمـوو خوێندنەوەیـەک، شـیعر و بابەتـی زانسـتی و دانیشـتن بـە دیار دیمـەن و فیلمیـش بیرکردنـەوەی دەوێت، کە سـەیری شـتێکی کەسـک دەکەیـت، هەمـوو شـتە کەسـکەکانت بەبیـر دێتـەوە، هەروەهـا بـۆ ڕەنگەکانـی تریـش، ڕەنـگ لەنـاو سرووشـت بوونـی نییـە، لەنـاو چـاو و بینیـن دایـە، چـاو بـە مێشـک دەڵێـت ئـەو ڕەنگـە سـوورە، زەردە... زۆربـەی تابلۆکانـم ڕەنگـی تاریـک و بـۆرن! مـن شـتەکان بـەو ڕەنگـە دەبینم.

بـۆ دەربڕینـی خۆشەویسـتم بـۆ سـۆزانی هاوسـەرم لـە ڕۆژی ڤالانتاین تابلـۆی تایبەتیـم کـردووە، ئـەوەش مانـای ئـەوە نییـە تەنیـا لـەو ڕۆژە خۆشـمدەوێت، واتـە تەنیـا لـە ڕۆژی ٢/١٤ خۆشـم دەوێـت، هەمـوو ڕۆژەکان خۆشـمدەوێت و بەردەوامیـش خۆشەویسـتی گەورەتـر و زۆرتـر دەبێـت. بـۆ هەڵەبجـە و ئەنفـاڵ کاری زۆرم کـردووە، شـێوازی

خـۆم نەوزادیزمـە! تایبەتـە بـە خـۆم و بـە دەسـت و هـزری مـن دروسـتکراوە.

***

وەرزەکان ئەگـەر سـووڕانەوەی زەوی بێـت بـە دەوری رۆژدا، ئـەوە شـتێکی هزرییشـە! بەهـار ژیـان و هاویـن بەرهـەم و دوورنـە و پایـزە، هەنـگاوە بـۆ بەهـار و زسـتان، هەمـوو وەرزەکان بـە چـاوی هونەرمەنـدان جیـاوازە. هەمـوو وەرزەکان بـۆ مـن ئاسـاییە، یـەک رۆژ لـەو وەرزانـە بەفیـڕۆ نـادەم، زسـتان و بەهـار و پایـز و هاوینیـش خۆشـە! مـن هەمیشـە بـە بیـر و جەسـتە لـە نوێبوونـەوە دام. هونەرمەنـد بـەردەوام نـوێ دەبێتـەوە، لەگـەڵ بارودۆخەکـە بـۆ خزمەتـی هـزر و پیشـەکەی و مرۆڤایەتـی بگۆڕێـت.
دوو جـۆرە هونەرمەنـد هەیـە، هەیـە هونەرەکـەی هزرییـە، هەیـە هونـەری کـردووە بـە پیشـە، لـەوەش حەقـی خۆیەتی و بـەوە دەژیت. هونەرمەندانـی زۆریـش کـە لـە ژیانـدا بـوون بـە برسـیەتی ژیـاون و مـردوون، بـەڵام دوایـی تابلۆکانیـان بـە ملیۆنەهـا دۆلار فـرۆشراون، دیـارە ئـەو سـوودی لـێ نەبینـووە، ئەگەرچـی بـەر لـەوەی بمرێـت زۆر پێویسـتی بـەوە هەبـووە.

***

کڕینـی تابلـۆی هونەرمەندانـی خۆمـان کەمـە، ئاسـاییە کۆپـی تابلۆیەکـی دروسـتکراوی چینـی بـە چـل پەنجـا هـەزار دینـار بکـڕن، بـەڵام تابلۆیەکـی خۆمـان ناکـڕن، وا باشـە هەسـتی بازرگانـی هونـەری

خەڵــک بورووژێنیــن « THE ART BUSINESS ».
هونەرمەنــد حەقــی خۆیەتــی دەســتحەق و ماندووبوونــی خــۆی وەربگرێــت، گەلــەری بکەنــەوە و کەرەســتەکان ســاز بکــەن. لەنــاو ماڵەکانمــان مافــووری ئێرانــی دەبینیــت، تابلــۆی کۆپــی دەبینیــت. حــەز دەکــەم لەنــاو ماڵەکانمــان تابلــۆ و جوانکارییــەکان دەســتکردنی رەنگینــی خۆمــان بــن. منــداڵ بــووم لەبیرمــە جــام و ســەندوقە و رەنگەکانــی نــاو ژوورەکان دەســتکردی خۆمــان بــوون، باڵنــدە و گــوڵ و گەڵایــان لەســەر کەرەســتەکان دەنەخشــاند.
ئێســتا نموونــەی ئەوانەمــان بــە جوانییــەوە لەنــاو زانکۆی جیهــان «ART HOUSE» دانــاوە. لــەو بەشــەی زانکۆکەمــان، لــەو گۆشــە هونەرییــە؛ هەمــوو ئاســانکارییەکمان کــردووە تــا ئارەزوومەنــدان لــەوێ تابلــۆ بکێشــن، راهێنانــی زۆرتــر بکــەن، فێــرە هونــەر بــن، بەخۆڕایــی ئــەوە دەکەیــن، خزمەتیــان دەکەیــن و بەردەســتییەکانیان بــۆ ئاســانتر و زۆرتــر دەکەیــن، بــەس بــۆ ئــەوەی لەگــەڵ رەنــگ و هونــەر بژیــن و خولیــای بــن. وا باشــە دەزگــە هونەرییــەکان بــە یــەک بەرنامــە بــۆ جوانکاریــی هونــەری زینــدوو و هــاوکار بــن. بــۆ هەمــوو پیشــە و فێربــوون مامۆســتا و فێــرکار و پشــتیوانی دەوێــت.
تابلۆکانــی بیکاســۆم پــێ جــوان و سەرەنجراکێشــە، ڤــان کــۆخ شــێوازی نوێــی لــە هونــەر هێناوەتــە کایــەوە، هونــەر لەســەر دەســتی پێشــکەوتووە، بــەڵام لــە چوارچێــوەی کۆمەڵگــەش دانەدەبــران. دوو ســێ جــار چوومەتــە گەلەریــی شــانەدەر، لــەوێ و لــە پێشــانگەی تــر تابلــۆی زۆرم کڕیــوە، هەمــووم لەنــاو ماڵەکــەم دانــاوە، زۆرم کــۆ کردیتــەوە. مــن تابلــۆ بــۆ کەســە ئەزیزەکانــم دەکــەم، لەوانــە


تابلۆیەکم بۆ دایکم کردووە، بەڵام من بە شێوازی خۆم دەیکەم، بە جۆرێک گوزارشت لە رۆح و دیدی خۆم بکات.
کە ئیشی هونەری دەکەم، هزرم بەرەو ساڵانی دوور و کۆنە یادگارییەکانیش دەبەم، تابلۆم هەیە باران بە لێزمە دەبارێت، ئاسمان و کەشەکە رەشە، ئەوە دەگەڕێتەوە رۆژانی شەڕی ساڵی ١٩٩١، شەڕەکانی لە عێراق بەردەوام بوون، سووتانی نەوتی کوێت و ئاوارەیی و خوێن، ئەوانەم بە خەیاڵدا دێت و بە شێوازی خۆم بە رەنگ گوزارشتیان لێ دەکەم.
کەسانی بێگانە زۆر داوای تابلۆکانم دەکەن، دڵم نایەت و نایدەم و دەڵێن تابلۆکان تەمین دەکەین، بەڵام تابلۆکانم نەداوە و نەمفرۆشتوون. تابلۆکان تەنیا لە زانکۆ نمایش دەکەم، ئەوەی بیەوێ سەیریان دەکات و ئاساییە.
هونەر نەبوویتە پیشەم، هونەر هزرمە، مێشک و دیدم دەوڵەمەند دەکات. بە هونەر شۆڕش بەرپا دەبێت، مەرجیش نییە سیستەمی سیاسی بگۆڕێت، شۆرش بۆ جوانکردنی ژیانە و هونەریش جوانکردنی ژیانە، هەموو جوانییەکانی ژیان و ئاسوودەیی بکە بە هونەر. بۆیە دەمەوێ و حەز دەکەم شوێنێک گەلەرییەک لەناو زانکۆ بکەمەوە، بەردەوام دەرگای کراوە بێت، بەردەوام سەردانی بکەن. من زۆر بوارم نابێت سەردانی گەلەریی و پێشانگەکان بکەم، کە غەریبیان دەکەم دێم و دڵم بەوانە زۆر گەشتر دەبێت. لەگەڵ ئەوانە دەگەڕێمەوە ناو خۆم و ئیتر بۆ خەڵک جێیاندەهێڵم.

# ٦٦
# تابلۆ بیرۆکە و کاتی دەوێ، وەک شیعر نییە، شیعر بروسکەیە!

**شرۆڤەی هەندێ لە تابلۆکانم:**

«THE TOOKS MY HEAD» ئەوەیان گوزارشت دەکات لە شۆڕشەکانی ١٩٢٣ و ١٩٤٦ و ١٩٧٥. تابلۆی ڤالانتاین بۆ سۆزانی هاوسەرمە و دیارییە بۆ ئەو. تابلۆی « الیزیدیە ... لا ... یتقاطع مع الأدیان الثلاثە» دژی هیچ ئاینێک نییە، ئێزدی ئاینێکی کوردی سەربەخۆییە، تابلۆکە لە ٢٠١٤/٨/٣ دروستکراوە. تابلۆی زۆرم بۆ سۆزان کردووە، بۆ دایکم بە شێوازی خۆم تابلۆم کردووە.


شەو و رۆژ ٢٤ سەعاتە، ئەگەر رۆژانە پێنج شەش سەعات کار بکەیت و شەش حەوت سەعاتیش بخەویت، کات بۆ خواردنیش دیار بکەیت، هێشتا کات زۆر دەمینێت، کاتم بەفیڕۆ نادەم. کاتێک ئیشم هەبێت، بیر لە هونەر و ئیشی هونەری ناکەمەوە، رۆژ هەیە لە ماڵەوەم و کاتم هەیە و ئارەزوو دەکەم تابلۆ بکەم، دوو سێ سەعات ئیش دەکەم. کات زۆرە ئەگەر دروست و راست دابەشیان بکەیت، دەتوانیت بەرهەمت هەبێت، شەو و رۆژ دیار دەبێت و بەرهەمەکانت دیار دەبن.




**تابلۆیەکی دکتۆر نەوزاد لە ماڵپەڕەکەی وەرگیراوە.**



تابلۆیەکی دکتۆر نەوزاد لە ماڵپەڕەکەی وەرگیراوە.




تابلۆیەکی دکتۆر نەوزاد لە ماڵپەڕەکەی وەرگیراوە.

## ٦٧
# لەگەڵ بەفر چووم

دەنگوباس و چاوەڕوانی ڕۆژەکە؛ هەر بەفر بارین بوو. دابارینی بەفر هەواڵی یەکەمی دەموزار و میدیاکانی شار و گوندەکان بوو. لەو ڕۆژەدا، لەو چاوەڕوانییە ساردە سپییە، لەو شەوە ساردەی ٢٠٢٢/١/١٩ دیداری خاتوو «سۆزان شەریف جامباز»ی هاوسەری دکتۆر نەوزاد باجگر دەکەم!

سۆزان شەریف موحەمەد سەعید جامباز، بەڕوویەکی خۆش و پێشوازییەکی گەرم گوتی:

ئەوەی من بزانم نازناوی جامبازییەکەمان لە باوکی باپیرمەوە هاتووە. لە بنەماڵەکەمان سەعید باپیری باوکم لەناو هەولێر ئیشی جامبازی کردووە. بەڵام ئەوان زووتر لەکوێ هاتوون و کەی و بۆ هاتوونەتە هەولێر نازانم! لەودەمانە تاکە ئامرازی هاتوچۆ و گەیاندن و بارکردن و کاری ڕۆژانەی خەڵک و بازاڕ و کاسبییەکان بە وڵاخ بووە، ئیشکردن و کڕین و فرۆشتنی وڵاخیش بە هەموو جۆرێکەوە لەناو شارەکان باو بووە، مەیدانی کەران

لەناو شار بووە!

«من لە سەرەتای شێستەکانەوە ئەو مەیدانەم لەناو شاری هەولێر دیبوو، جامبازەکان بە جلی کوردی جوان و پشدێنی گەورە و جەمەدانی و گۆپاڵی درێژ لە مەیدانەکە دەردەکەوتن، بە دەنگی گەورەی خۆیانەوە هاواریان دەکرد؛ وڵاخیان دەکڕی و دەیانفرۆشتنەوە، بەڵام لەگەڵ رۆژگاری ئیمڕۆ و گەشەسەندنی بوار و کەرەستەکانی کارکردن و گەیاندن و جۆری ژیان زووتریش ئەو شوێنە و ئەو پیشەیە نامینێت، بەڵام نازناوەکە لەو شارە هەر ماوە و نەوە لەدوای نەوە نازناوەکەیان پاراستووە»

لەو بۆنەیە و بۆ نووسینی ئەو کتێبە، وا بە باش دەزانم کەمێک باسی کەسایەتی شەریف جامباز بکەم. سۆزان، کیژی گەورەی ئەو بووە، ئەو لە ساڵی ١٩٥٦ لە هەولێر لەدایکبووە و لە زانکۆی بەغدا کۆلێژی ئەندازیاری تەواو کردووە، ئەو گوتی:

کە من چوار ساڵی خوێندنەکەم لە کۆلیژی ئەندازیاریی بە سەرکەوتوویی تەواو دەکەم.



سۆزان جامباز لە ماڵەوەیان، لەناو گەلەرییەکەی دکتۆر نەوزاد قسەمان بۆ دەکات.

ئەودەمانــە دامەزرانــدن لــە دەزگەکانــی حکومــەت بــە ئیجبــاری بــوو، دەبوایــە منیــش لــە دائیرەیــەک وەک ئەندازیــار دەوام بکــەم، لەودەمانـە دەوڵەتـی عێـراق و دەزگاکان ئیشـی زۆریـان بـەو پیشـەیە هەبـوو. دابەشـکردن و دامەزراندنـەکان مەرکەزیـی بـوون، بۆیـە نـاوم لـە وەزارەتـی لاوان دەردەچێـت. لەبیرمـە ئەودەمانـە «کەریـم مـەلا» وەزیـر بـوو. لـەوێ ئەگەرچـی پێـم خۆشـیش نەبـوو، پێویستیشـم پێـی نەبـوو، ماوەیــەک دەوام دەکــەم و هــەر دوو ســاڵێک دەبــوو. ئیــتر بـە هـەر جۆرێـک بـوو خـۆم لـە کـۆت و ئیلتزامـی دەوام و دائیـرە دەربـاز دەکـەم و دەکەومـە دوای کاروبارەکانـی باوکـم و سەرپەرشـتی خێزانەکەمــان. دەبوایــە ئــەوە بکــەم، مــن کچــی گــەورەی ئــەو بــووم، ئەندازیـار بـووم و شـارەزاییم هەبـوو، چونکـە باوکـم زوو بـە کارەسـاتی ئۆتۆمبێـل لـە رێـگای بەغـدا حـەزەری موسـڵ دەمرێـت. ئــەو زۆر نەژیــا، ئــەوەی دەمزانــی باپیریشــم بــە گەنجــی مردبــوو! زووش دایکـم لـە ترسـی سـەربازی و شـەڕەکانی نـاو عێـراق هـەردوو بـرام «کاوە ئێسـتا لـە بریتانیایـە، ئـازا ئەویـش لـە کەندایـە» دەنێرێتـە لەنــدەن و لــەوێ دەگیرســێنەوە و دەژیــن، ئێســتاش لــە دەرەوە دەمینێنــەوە، ئیــتر مــن دەبمــە کابــان و سەرپەرشــتی کاروبارەکانــی ماڵەوەمـان، بەدواچوونـی بەرنامەکانـی باوکـم، تەواوکـردن پرۆژەکانـی و سەرپەرشــتی موڵکەکانــی لــە هەولێــر، پەیوەندیــی بەردەوامــم هەبـوو بـە پارێزەرەکانـی لـە هەولێـر.

شــەریف جامبــاز لــە خوێنــدن تــا قۆناخــی ئامادەیــی دەخوێنێــت، کاری بەڵێنــدەری دەکات، بۆیــەش کچەکــەی دەڵێــت؛ باوکــم زۆر حـەزی دەکـرد مـن ببمـە ئەندازیـار، کـە «رێـزان»ی خوشـکم نـاوی لە

دەرمانسازی بەغدا دەردەچێت پێم دەڵێت؛ دەمەوێ تۆش ببیتە ئەندازیار! دیارە هەستی بەوە کردبوو دەبوایە باوکم ئەویش ئەندازیار بوایە، یان ئەگەر ئەندازیار بوایە چۆن کاروبارەکانی بەڕێوە دەبرد و دەبووە بەڵێندەرێکی چۆن و چەند هەستی بەوە کردوە چی دەکرد ئەگەر ئەندازیار بوایە؟ ئیتر رەنگە کاروبارەکانی باشتر و جوانتر بە دڵی خۆی کردبوایە!

شەریف جامباز، بەڵێندەرێکی سەرکەوتووی ئەودەمانە بوو، بەجێبەجێکردنی پرۆژەی ئاوی هەولێر ئیفراز و دواتر ئاوی سلێمانی ناوی دەردەکەوێت، سۆزانی کچی گوتی:

جارێکیان ئەندازیارێک پێی گوتم؛ باشترین قۆناخەکانی ئاوی هەولێر ئیفراز ئەو بەش و قۆناخە بووە، کە رەحمەتی شەریف جامباز وەک مقاول جێبەجێی کردبووە!

من لێی دەپرسم رەنگە باوکت پەیوەندی باشی لەگەڵ «ئیحسان شێرزاد» هەبوو بێت، چونکە دیارە ئیشەکانی زۆریان لە شارەوانییەکان بووە، ئەویش ماوەیەک لەسەر لیستی شۆڕش و مەلا مەستەفای رەحمەتی لە کاتی دانوستانەکانا بووە وەزیر، سەرۆک بارزانی لە دانوستانەکان و وەرگرتنی پۆستەکانا بۆ پۆستی وەزیریی ئەوی دەستنیشان کرد، ئەو لەو ساڵانە وەزیری شارەوانییەکان بووە.

باوکم لەناو هەولێر کار دەکات و ناو دەردەکات و دەوڵەمەند دەبێت، لەگەڵ «فائیق نادر» بەیەکەوە چەندان پرۆژە و کۆمپانیا و وەکالەتی ئۆتۆمبێل و کەرەستە و کەلوپەلی یەدەگی مەکینە و ئۆتۆمبێل دەکاتەوە. لە هەموو پرۆژە و شوێنەکانی و ناودارتر

دروستکردنی باڵەخانەیەکی چوار نهۆم لە کۆتایی شەقامی باتا بوو، شوێنەکەی دوایی ناوی دەبێتە کۆتری سەلام.

## ٦٨
# کۆتری سەلام

باوکم لەگەڵ کەسایەتی پێشکەوتوخوازەکانی ئەودەمانەی هەولێر، وەک دیارییەک و بۆ جوانی و پابەندبوون بە بەرنامەی کۆماری عێراق و پەیامی ئاشتی، کۆتری سەلام دادەنێن. بنکە و کارە ئەندازیارییەکانی لەلایەن ئەندازیار «هاشم عەبدوڵا» دادەنرێت. ئەویش یەکێک بوو لەوانەی لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ تەمموزی ١٩٥٨ لە زیندان ئازاد دەبێت، دوایی دەبێتە سەرۆک شارەوانی هەولێر و ماوەیەکی زۆر سەرۆکایەتی شارەوانی دەکات. پەیکەرەکە لەلایەن هونەرمەند و مامۆستا «جابر پیرداود _لە ساڵی ٢٠٠٢ کۆچی دوایی دەکات_ دروست دەکرێت» بیرۆکەی کۆترەکەش لەسەر کۆترەکەی هونەرمەندی ناوداری ئەسپانی بیکاسۆ بووە. ئەو پەیکەرە و کۆکردنەوەی پارە بۆ تەواوکردنی یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوە بووە، باوکم پاش هاتنی حەرەس قەومی دەگیرێت و سزای دەدەن! ئەوەی من لە بیرمە لەناو ماڵی ئێمە عەبدولکەریم قاسم خۆشەویست بوو، داپیرم وتارەکانی لە

رادیـۆ تۆمـار دەکـرد، تەسـجیلی بەکرەمـان هەبـوو، دەنـگ و هـەواڵ و سـەرکەوتنەکانی ئەویـان پـێ خـۆش بـوو.
پەیکەرەکـە لەلایـەن موتەسریفـی ئەوودەمانـە «بەدرەردیـن عەلـی» دەرووخێندرێـت، «تـا ئەوودەمانـەش شـوێنەکە بـە کۆتـری سـەلام دەناسرێـت، ئێسـتا کوتەڵێـک بـەو نـاوە لـەوێ دانـراوە» پـاش ئـەوە باوکـم بڕیـار دەدات لـە هەولێـر بـڕوات و روو لـە بەغـدا بـکات، هەمـوو سـامان و بیناکانـی دەداتـە دەسـت پارێزەرەکانـی. ئیـتر لـە بەغـدا دەکەوێتـە سـەر کار و پرۆژەکانـی سـەر لـە نـوێ دەسـت پـێ دەکاتـەوە، سـەرەتا لـە شـەقامی سـەعدون ئۆفیسـێکی سـادە دەکاتـەوە و خانووێـک بەکـرێ دەگرێـت و دوایـی خانووێکـی گـەورە لەسـەر رووبـەری ١٢٠٠ مەتـر لـە هەوارێکـی خۆشـی بەغـدا دروسـت دەکات.
مـن و رێزانـی خوشـکم دەچینـە قوتابخانەیەکـی ئەهلـی بـە نـاوی «عـادل الاهلیـە»، خوێندنمـان بـە زمانـی ئینگلیـزی بـوو، لـەوێ سـەرەتایی تـەواو دەکەیـن و دەچینـە دواناوەنـدی ئەمریکـی کچـان. ئـەوەش قوتابخانەیەکـی ئەهلـی بـوو، قوتابخانەیـەک بـوو سیسـتەمی خوێندنـی تونـدی هەبـوو، خوێندنـی زۆر بـوو، پشـوودان و هەناسـەی تێـدا نەبـوو، خوێنـدن و نووسـین و راهێنـان، بـواری نەبـوو گۆرانییەک بڵێـن، مەشـقی وەرزشـی بکەیـن. ئـەوەی سـەیر بـوو قوتابـی نمـرەی دەرچوونـی سـەد بـوو، لـە سـەد کەمـتر دەرنەچـوو حیسـاب دەکـرا، ناومـان نابـوو زینـدان، خوێنـدن و دەوامـی سـەخت و دژوار بـوو! لـەوێ بـە نمـرەی سـەد تـەواو دەکـەم و دەچمـە کۆلێـژی ئەندازیـاری، ئێسـتا لـە فیسـبوک گرووپـی دەرچووانـی ئـەو ئامادەییـمان هەیـە و

یەکترمـان دۆزیوەتـەوە!

***

عیمارەکـەی باوکـم لـە هەولێـر نـاوازە و تایبـەت بـوو، لـە شـوێنێکی سـتراتیژی شـار بـوو، «بەداخـەوە وردەکارییەکانـی نازانـم و دەبوایـە هەنـدێ شـتم لەسـەر زانیبووایـە، یـان بارودۆخەکـە و چەرخـی زەمـان وا نەبوایـە، بفرۆشرێـت، بـەڵام دڵـم خۆشـە مـاوە و هـەر بـە نـاوی باوکـم دەناسرێـت»، پـاش ئـەوەی باوکـم دەمرێـت، ئیـتر سەرپەشـتی و چاودێرییەکـەی کـەم دەبێـت، زۆریـش لـەو موڵکانـە بێـزار و ماندوو دەبیـن! کرێچییـەکان زۆر بـوون، هاتـن و دەرچـوون و نوێکردنـەوە و رێکارییەکانـی زۆر بـوون، ئیـتر ئێمـە دەیفرۆشـین، «ئـەو باڵەخانـە سـپییە نـاسراوە ماوەیـەک نهۆمێکـی یـان زۆرتـری دائیـرەی حکومـەی بەکرێیـان دەگـرت، ماوەیـەک دائیرەی نفوسـی تێـدا بـووە، دوکانەکانی خـوارەوە کارەباچـی و دەرمانخانـەی رەنـج و شـوقەکانی پارێـزەری زۆری تێـدا بـوون، شـوێنی کۆبوونـەوەی پارێـزەرکان بـوون، شـوێن و چەقـەی سـووڕانەوە و چوونـە بەرانبـەر منـارەی چۆڵـی بـوو، چوونـە نـاو گەڕەکـی عارەبـان و بەرانبـەر تەعجیلـی جـووەکان بـوو، شـان بـە شـانی کۆنـە بـازاڕ بـوو! لـەوێ لـە پەنجەرەکانـەوە کۆتـری سـەلام سـومبڵی چـەپ و هونـەر و چایەخانـەی قـەردارن دیـار بـوون. لـەوێ مـاڵ بـە مـاڵ و کوچـە بـە کوچـە بـۆ کۆچـی جـووەکان خشـت بـە خشـت، کاریتـە لـەدوای کاریتـە دەکەوتـن، خانـووە دوو نهۆمـەکان و کۆڵانـەکان لـە بـێ خاوەنـی تەسـک و تاریـک و کۆنـتر دەبـوون و نـۆژەن نەدەکرانـەوە و ئێسـتاش هـەر نـۆژەن نەکرانـەوە.

هـەر لەبـەر ئـارەزووی باوکـم دەچمـە کۆلێـژی ئەندازیـاری، لـە سـاڵی ١٩٧٨ ئەندازیاریـی بەشـی شارسـتانی تـەواو دەکـەم و دادەمەزرێـم و دەبمـە ئەندامـی نەقابـەی ئەندازیارانـی بەغـدا. باوکـم دۆسـتایەتی و هاوڕێیەتـی لەگـەڵ هونەرمەندانـی نـاو بەغـدا خـۆش بـوو، لـە مەجلیـس و دانیشـتنەکانی هونەرمەنـدە گـەورەکان دادەنیشـتن، گـەورە مقامبێژانـی عێراقـی یوسـف عومـەر «١٩١٨_١٩٨٦»، موحمـەد گوبەنچـی «١٩٠٤_١٩٨٩» و زۆری تـر هاموشـۆیان دەکـرد و بەشـداری خوانەکانـی دەبـوون.

مـن سـۆزان جامبـار کیژێکـم و ئەندازیـارم، سەرپەرشـتی کاروبارەکانی خێزانەکـەم دەکـەم، لەنـاو بەغـدا دەستەخوشـک و هاوڕێـم زۆر بـوون، لەنـاو بەغـدا ئاسـوودە بـووم، زووتـر زۆر لەگـەڵ باوکـم هاموشـۆم هەبـووە. شـەوانە بەخێزانـەوە دەچووینـە یانـەی سـەلاحەدینی کـوردان، لـەوێ عەرەبیـش دەهاتـن، کەبـاب و خواردنـی خۆشـیان هەبـوو! بـەڵام لەبـەر ئـەوەی یانـەی سـیروان لـە ڕەسـافە بـوو، دەبوایـە لـە ڕووبـاری دیجلـە بپەڕینـەوە، نەدەچوویـن، مـن زوو بڕیـارم دابـوو هەرگیـز لـە دیـوی ڕەسافەی بەغـدا نەژیـم، بۆیـە بـەری کەرخـی بەغـدام پـێ خۆشـتر بـوو! لەنـاو بەغـدا ئۆتۆمبێلـم لـێ دەخـوڕی، بـە ئۆتۆمبێلەکـەی خۆمانـەوە دەهاتمـەوە هەولێـر، ژمارەکـەی ٤ ئەربیـل بـوو. ئۆتۆمبێلەکـە ئێسـتاش مـاوە و لەنـاو ژێرزەمینەکەمـان بـۆ براکـەم هەڵگیـراوە، ژمـارە چـوار ئەربیـل هـی باوکـم بـووە، یـادگاری شـەریف جامبـازە.




لەوەتی ژمارە ٤ ئەربیل هەیە موڵکی بنەماڵەی جامباز بووە.

گۆڕەکەی باوکم لەناو چێورمەیەکی تایبەتی ناو گۆڕستانی «ئیمام موحمەد»ی بەرانبەر منارەی چۆلییە، دایکیشم هەر لەوێ و لەتەنیشتی راکشاوە، هەردووکیان لە منارە نزیکن، دڵم خۆشە و دەبینم شارەوانی بایەخ بە پاک و خاوێنی ئەو گۆڕستانە دەدات، کە دایک و باوکی منی تێدایە، بەڵام رەنگە داوا نەکەم لەوێ بمنێژن ئەگەر بمرم، هەموومان دەمرین، هەست دەکەم، شوێنەکە زۆر قەرەباڵغە، مردووەکان لەوێ زۆر بوون، کۆن و نوێیەکان، ئەوانەی بەر لە سەدان ساڵ مردوون، ئەوانەی سنوورەکانیان بڕیووە و هاتوونەتە ئەو شارە و لێرە گیرساونەتەوە و لەوێ نێژراون!




**باڵەخانەی کۆتری سەلام، لەلایەن بەڵێندەر شەریف جامباز دروستکرابوو.**

# ٦٩
# دەمە هاوژینی دکتۆر نەوزاد

یەکێـک لـە هـۆکارە سـەرەکییەکانی بڕیـار دەدەم داخوازییەکـەی دکتـۆر نـەوزاد قبـووڵ بکـەم و هاوسـەریی بەیەکـەوە بکەیـن، یەکـەم بابـەت لەبـەر ئـەوەی ئـەو کـورد بـوو، ناسیارمان بـوو، ئەوانیـش لـە بەغـدا بـوون، دایـک و بـاوک و براکانـی کەسانی بەرێـز بـوون، لەبـەر ئەوانـە داواکـەم قبـووڵ کـرد، بـەڵام زۆرتـر لەبـەر ئـەوە بـوو مـن منداڵـم خۆشدەویسـت پـەرۆش بـووم، زوو منداڵـم هەبێـت، ببـم بـە دایـک، منـداڵ بەخێـو بکـەم، ناوێکـی کـوردی لـە منداڵـی خـۆم بنێـم! داواکەیـان قبـووڵ دەکـەم و دەچمـە نـاو هێڵانـەی خێزانێکـی جوانـی کاسـب و بەرێـز.

ئـەوان، دایکـی دکتـۆر و خوشـکەکانی گوتیـان؛ لـە زێـڕ چیـت دەوێ بـۆت دەکەیـن، فەرمـوو داوا بکـە! منیـش بـە سەرسـامییەوە پێـم گوتـن:

من زێڕم ناوێ، زێڕ هیچ نییە!

بـەڵام ئـەوان زۆریـان بـۆم هێنـا، زۆرم پـێ سـەیر بـوو، چ لـەو هەمـوو

زێــڕە بکــەم، هەندێــک لــە پارچــە زێــڕەکان تــا ئیمــڕۆش لەبــەرم نەکــردوون، وێنــەم پێیانــەوە نەگرتــووە، کــەس نەیدیــون! لەبــەر خۆمــەوە دەمگــوت؛ باشــە مــن ئــەو هەمــوو زێــڕم بــۆ چییــە! دایکــم «نەسریــن» گوتــی کچــی مــن زێــڕی نــاوێ.

تــا دکتــۆر لــە بەغــدا پســپۆریی دەخوێنــد لــە بەغــدا بوویــن، زوو و ماوەیــەک خانووێکــمان بەکــرێ گــرت، دوایــی خانــووی خۆمــان دروســتکرد و ماڵــمان دانــا، بــەڵام بــا ئــەوەم لەبیــر نەچێــت مەرجــی ئەوەشــم هەبــوو ئاهەنگەکەمــان لەنــاو بەغــدا بێــت، داواکــەم زەحمــەت بــوو، دەبوایــە خزمەکانیــان، برادەرەکانیــان لــە هەولێــرەوە بێنــە بەغــدا، ئیــتر لــە هوتێلــی میریدیــان ئاهەنگەکــە دەکەیــن، زۆر لــە هونەرمەندانــی بەغــدا بەشــداری دەکــەن، ســەلاح عەبدلغەفــوور گۆرانــی کوردیشــی گــوت، ئاهەنگەکــە ئەوەنــدە گــەورە و خــۆش بــوو، بــڕوا بکــەن لەنــاو بەغــدا دەنگــی دابــووەوە، بەزمــی شــایی و هەڵپەرکێیــە کوردییەکەمــان خــۆش بــوو، دەیانگــوت، ســەدام زانیبووی و پرســیبووی لــەو هوتێلــە چــی کــراوە و بەزمەکەیــان دیــارە جــوان بــووە! «نازانــم قســەکە تــەواو بــوو، یــان قســەکەیان هەڵبەســتراو بــوو».

***

پــاش مردنــی باوکــم ئیــتر ســەرپەرشــتی مولکەکانــی دەکــەم، هاتوچــۆ دەکــەم و پارێــزەرەکان دەبینــم و چــاوم لــە براکانــم دەبێــت، لــە لەنــدەن ســەردانیان دەکــەم، شــوقەیان بــۆ بەکــرێ دەگــرم و شــوێنیان بــۆ دادەنێــم! لەنــاو لاپەڕەکانــی ریکلامــی رۆژنامەکانــی لەنــدەن

بـۆ شـوقەی خاوێـن و هــەرزان و بــاش دەگەڕێـم، کۆنتاکتـم بۆیـان دەکـرد. ئەودەمانـە پەیداکردنـی شـوقە لـە لەنـدەن ئاسـان نەبـوو! دەچـووم زمانـی ئینگلیزییـم لـە عەرەبییەکـەش باشـتر بـوو، هەرگیـز بیـرم لـەوە نەدەکـردە کچـم، هەمـوو جـارێ دایکـم دەیگـوت سـۆزان بریـا و سـەد بریـا کـوڕ دەبوویـت! منیـش پێدەکەنیـم و ئاسـانکاریی کاروبارەکانـی نـاو خێزانەکـەم دەکـرد.

لـە ١٩٧٦/١٢/٢٨ ناسـنامەی ئەندامیەتـی لـە سـەندیکای ئەندازیارانـی بەغـدا وەردەگـرم، چەنـد سـاڵێک سـاڵانە دەدەم و ناسـنامەکەم نـوێ دەکەمـەوە، بـەڵام کـە دێمـەوە هەولێـر و ئیـش ناکـەم و خەریکـی منـداڵان دەبـم، چیـتر ناچمـەوە سـەندیکای ئەندازیاران و ناسـنامەکەم نـوێ ناکەمـەوە!

کـە دەبمـە هاوسـەری دکتـۆر نـەوزاد و دایکـی چـوار منـداڵ دەکەومـە جیهانێکــی تــر. ئــەو پســپۆرییەکەی لــە بەغــدا تــەواو دەکات و دەگەڕێنــەوە هەولێــر. مــن بەغداییــم و بەغــدام خۆشدەویســت، لــەوێ چــاوم کردبــووە، لــەوێ لەگــەڵ باوکــم چووبوومــە ســینەما، چووبوومــە ئاهەنگــە خێزانییــەکان، زانکــۆم لــەوێ تــەواو کردبــوو، عەرەبییەکـەم باشـە، فەرەنسـی دەخوێنـم و زمانەکـەم باشـە، ئیـتر هاتوومەتـە هەولێـر و هاوسـەری دکتۆرێکـم و ماڵـمان لـە گەڕەکـی ئەندازیـاران و سـەرووی موفتـی و بەرانبـەر باداوەیـە.

ڕۆژگارەکـە وا بـوو، شـەوانە هەولێـر تاریـک و بـە تـرس بـوو. ژنێکم بە تەنیـا، زۆر جـار شـەوانە ئیسـعافێک بـە پۆلیسـەوە دەهاتـن دکتۆریـان دەویسـت، ئیـتر منیـش نەدەوێـرام و دڵـم نەدەهـات و منیـش لەگەڵی دەچـووم، ئیسـعافەکە لەپێشـەوە و ئێمـەش بـە ئۆتۆمبێلـی خۆمـان

و پۆلیسـەکانیش بـە نەجدەکەیانـەوە بـەرەو نەخۆشـخانەی کۆمـاری دەچووین. مـن لەنـاو ئۆتۆمبێلەکـەم دەمامـەوە، چاوەڕوانـم دەکـرد، تـا دکتـۆر نەشـتەرگەرییەکەی یـان پشـکنینەکەی تـەواو دەکـرد. زۆر جـار لەنـاو ژوورەکـەی ئـەو، یـان لەنـاو ئۆتۆمبێلەکەمـان خـەوم لـێ دەکـەوت! ئـەو وەک دکتـۆر دڵسـۆزی پیشـەکەی بـوو، خەمخـۆری نەخۆشـەکانی بـوو، بـەردەوام و زوو بـەرەو بانگـەوازی نەخۆشـخانەکە دەچـوو، ماڵـمان دوور و لاچـەپ بـوو، هەولێـری ئەودەمانـە وەک ئێسـتا نەبـوو، پەیوەندییەکانیـش ئاسـان نەبـوو، بەتایبەتـی شـەوان.
لـە تەمەنـی منداڵییـەوە لـە بەغـدا ژیـاوم و گـەورە بـووم و بەڕاسـتی بەغدایـی بـووم. زمانـم بـە عەرەبـی کرابـووەوە، لەگەڵ دایـک و باوکم نەبێـت کـەس نەبـوو بـە کـوردی قسـەی لەگـەڵ بکـەم، ئەودەمانـە بەغـداش خـۆش بـوو، نەماندەزانـی کـێ شـیعەیە کام مـاڵ و خێـزان و دەستەخوشـکمان سـونەیە، نەماندەزانـی، جاروبـار گوێـمان لـەوە دەبـوو، بـەڵام نەدەچـووە نـاو هـزر و ژیانمـان!
جارێـک بـە دەستەخوشـکێکی خـۆم گـوت؛ دەتانـەوێ ژن بـۆ براتـان بهێنـن، لـە کچێکـی بـاش دەگەڕێـن، وەرە فلانـە کـچ بخـوازن، تـۆش دەیناسـیت، هاوڕێمانـە!؟ کچەکـە کـورد بـوو، یەکسـەر دەستەخوشـکە عەرەبەکـەم گوتـی:
نـا سـۆزان قسـەی وا مەکـە، چـۆن ئێمـە کچـی کـورد و سـونە دەکەینە بووکـمان، ناکـرێ و نابێت.
ئـەو قسـەیە شـۆکم دەکات، هـەر ئـەو جـارە و چیـتر گوێـم لـە راز و دەربڕینـی لـەو جـۆرە نەبـووە. ئێمـە لەنـاو ماڵێـک گـەورە ببوویـن دوور لـە رق و ململانـێ! ئـازاد بوویـن، باوکـم پیاوێکـی کـراوە بـوو،

دایکم کیژی ناسراوترین مامۆستا و پەروەردەکاری هەولێر بوو، کوردپەروەر، زوو زووش خاڵم «وریا» کە لە بەغدا دەبوو دەهاتە لامان لەکن ئێمە دەمایەوە، ئەو کتێبی زۆری بۆمان دەهێنا.

وریا تا زانکۆ لە بەغدا تەواو دەکات هەر لەکن ئێمە بوو، دوایی لەسەر بنچینەکانی یازدەی ئازار بۆ ناردنی قوتابییانی کورد بۆ دەرەوە، وەک قوتابی یەکەمی بەشی کوردی کۆلێژی ئاداب دەچێتە مۆسکۆ. لەوێ هەندە کێشەیان لەسەر شەهادە بۆ پەیدا دەکەن، هەموو قوتابییە عێراقییەکان دەگەڕێنەوە بەغدا، بۆیە حکومەت ئەوانەی ئارەزووی خوێندنیان تێدا بوو بۆ خوێندن رەوانەی لەندەنیان دەکات، ئیتر ئەویش بۆ خوێندن روو لە لەندەن دەکات. ئێمە لەوێ هەوارمان هەبوو، کە دەچووین ئەو بەردەوام لەگەڵ ئێمە دەبوو، کە باوکم لەوێ دەمایەوە خاڵم وریا هاوڕێیەتی دەکردین. من بە منداڵییش ئەو جاروبار دەستی دەگرتم و دەیبرمە قوتابخانە، لەبیرمە هەموو روباعیاتی خەیامی عەرەبی پێ لەبەر کردبووم، وەک کوڕی ماڵمان بوو، باوکم خۆشیدەویست!

«لەگەڵ «دکتۆر وریا عومەر ئەمین» قسەم کرد، حەزم کرد کەمێک باسی شەریف جامبازم بۆ بکات، ئەو گوتی:

شەریف جامباز کەسایەتییەکی خێرخواز و بزنسمانێکی زیرەک و لێهاتوو بوو، بەر لەوەی بەیەکجاری بچێتە بەغدا لەسەر هەڵوێستە سیاسییە چەپ و کوردپەروەرییەکانی دەگیرێت، من لەودەمانە چواردە پازدەساڵان دەبووم، دەچووم خواردنم بۆ دەبردە حەپسخانەی هەولێر. ئەوەی دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم،

خواردنەکـەی مــن دەمــبرد زۆر بــوو، چونکــە ئــەو داوای خواردنــی بــۆ زۆربــەی بەندکــراوەکان دەکــرد، یارمەتــی زۆری دەدان. زۆریشــم بیســتبوو شــەریف جامبــار کەمتەرخەمــی نەدەکــرد لــە یارمەتیدانــی شۆڕشــی ئەیلــول، مــەلا مەســتەفای بارزانیــش خۆشیدەویســت! هــەر لــەو ســاڵانەش «ســەبیحە»ی خوشــکم وەک بەرپرســێکی کۆمەڵــەی ئافرەتانــی شــیوعی گیرابــوو، لەبــەر هەردووکیــان زۆر ســەردانی زیندانەکــەم دەکــرد.

***

لــە ســاڵانی رابــردوو وەک هاوســەری دکتــۆر نــەوزاد لــە شــارەکانی بەغـدا و هەولێـر و عەمـان و مارسـین و ئەسـتنبۆل و دووبـارە هەولێـر تــا ئیمــڕۆش دەژیــم!

تــا دکتــۆر پســپۆری لــە بەغــدا تــەواو دەکات لــە بەغــدا دەبێــت، لــەو ســاڵانەش ئیشــکردن و دکتــۆری لــە گەرمــەی شــەڕەکانی عێــراق ئێــران زۆر بــوو، زۆریــان دەناردنــە بەرەکانــی شــەڕ و زۆریــش دەمایــەوە! دەگەڕێنــەوە هەولێــر و نــاو ژیانێکــی ســادە و لەنــاو خانووێکــی گــەورەی نوێــی کەمێــک دوور لــە شــار، یــەک ســاڵ هــەر بــۆ بەغــدا دەگریــام و دوایــی لــێ راهاتــم، ئــەوەی زۆر منــی هۆگــر کردبــوو خانــەوادەی دکتــۆر بــوو، دایــک و باوکــی و بــرا و خوشــکەکانی بــوون. باســکردنی ئەوانــە تــەواو نابێــت، کەســانی بــاش و نــەرم و شــیرین بــوون و منیــان خۆشدەویســت.

# ٧٠
# دەچینە میرسین

ماوەیەکی کورت لە عەممانی پایتەختی ئوردن دەبین، لەوێ زۆری نەمابوو دڵم بتەقێت، زۆرم پێ ناخۆش بوو. بۆیە لەوێ بەرەو مارسینی تورکیا دەڕۆین، زووتر بنەماڵەی باجگر، براکان کار و ئۆفیس و بزنسی باشیان هەبوو، دەچینە مارسین، لەو شارە جوانە دڵم ئارام دەبێت. سەرەتا باڵەخانەیەکی خۆمان هەبوو، چەند نهۆم بوو، ئۆفیس و خزمەتگوازیی بۆ ساز دەکەن و ژوور بە ژوور بەکرێی مانگانە وەک بەشی ناوخۆ دەدەینە کچان، من سەرپەرشتی بەڕیوەبردنەکەم دەکرد. لەودەمانە زمانە تورکییەکەم باش نەبوو، بەڵام ئینگلیزییەکەم زۆر باش بوو، ئیتر لەگەڵ دوو سێ فەرمانبەر و کیژەکانی تێدا نیشتەجێ بوون دەگوزەرێم و رۆژانە سەرقاڵ دەبم و دڵم خۆشە ئیش دەکەم و منداڵەکانم بۆ فێربوونی زمانی تورکی کۆرسی خوێندنیان هەبوو. ئەوان لە قوتابخانەش بە ئینگلیزی دەیانخوێند. سەبارەت بە دکتۆر نەوزاد ئیتر ببوو بە بزنسمان و لە پیشەی دکتۆری و نەشتەرگەریی دوور

کەوتبــووە، چونکــە تورکــەکان دەیانویســت دکتــۆر ئیــش و زانســت و بەرنامەکانــی بــە زمانــی تورکــی بێــت، ئــەوەش بــۆ دکتۆرێــک بــە زمانــی ئینگلیــزی خوێندنــی تــەواو کردبێــت، بــەو زمانــە ماوەیەکــی زۆر لــەو بــوارە ئیشــی کردبێــت. ئاســان نەبــوو لەســەر داوای ئــەوان ئیــش بــکات، بۆیــە بیــر لــەوە ناکاتــەوە لەنــاو تورکیــا وەک دکتــۆر ئیــش بــکات.

ماوەیەکــی بــاش هەموومــان، ئەندامەکانــی بنەماڵەکــە، خێزانــی هــەر چــوار بــرای باجگــر، لەنزیــک یەکــتری لــە مارســین دەژیــن، لەگــەڵ جڤاتەکــە ئاوێتــە دەبیــن و زمانمــان باشــتر دەبێــت، داوای رەگەزنامــەی تورکیــا دەکەیــن و تاقیکردنەوەیەکــی زمانمــان بــۆ دەکــەن و ســەردەکەوین و رەگەزنامەکــە وەردەگریــن. ئــەوەش بــۆ ســەفەر و کاروبــارە بازرگانییــەکان بــاش دەبێــت!

لەگــەڵ تورکــەکان کێشــەی ئەوەمــان هەبــوو، لــەو ســاڵانەی ئێمــە لــە مارســین بوویــن، کــورد بیــت و بــە کــوردی قســە بکەیــت زۆر ترســناک و ســەیر بــوو، تاوانێکــی گــەورە بــوو!

رۆژێکیــان یەکێــک لەوانــەی هاموشــۆمان دەکــردن و لێمانــەوە نزیــک بــوو، گوێــی لــەوە ببــوو یەکێــک گوتبــووی مــن کــوردم، ئــەو شــێت ببــوو، هــاواری دەکــرد، دەنگــی توورەیــی ژنــە تورکەکــە دەگەیشــتە مــن، هــاواری دەکــرد:

نەفــرەت لەوانــە، هەناســەی تورکیــا هەڵدەمــژن و دەڵێــن ئێمــە کوردیــن! ئێمــە تــورک نیــن. لەســەر خاکــی پیــرۆزی تورکیــا دەژیــن و پێیــان لەســەر خۆڵــی تورکیایــە، دەڵێــن ئێمــە کوردین، ئــای لــەو تاوانە، ئــای لــەو بەدنیعمەتــی و حەرامزادەییــە! مــن کــوردم... پێدەکەنــی و

قاقـا و هـاواری دەکـرد!
بەو دیمەنە رادەچڵەکێم، شۆک دەبم!
خێزانەکانــی هاموشــۆی ئێمەیـان دەکـرد، دەیانزانــی ئێمــە عیراقیــن، نەیاندەزانی کوردیـن، بـە هیـچ شـێوەیەک نەدەچـووە عەقڵیـان بـڕوا بکــەن ئێمــە کــورد بیــن! رۆژێکیــان منداڵێکــی هاوســێمان لەگــەڵ منداڵەکانــی مــن فێــری وشــەی «وەرە»ی کــوردی ببــوو، ژنەکــە بەخۆشــییەوە هــات و بــە منــی گــوت:
سـۆزان، چەنـد خۆشـە کوڕەکـەم لـە منداڵەکانـی تـۆ وشـەی عەرەبـی فێـر بـووە. منیـش گوتـم وشـەی «وەرە» عەرەبی نییـە، ئـەوە کوردییە! ئێمــە کوردین.
ژنەکـە وەڵامـی نەدامـەوە و قسـەی نەکـرد، بـەڵام تێگەیشـتم چەنـد تــووڕە و نائومێـد بـوو.
لەبــەر ئــەوەی مــن زمانــی ئینگلیزییــم زۆر بــاش بــوو، لــەوێ بــە چاوێکـی سـەیر و نـاوازە سـەیریان دەکـردم! چونکـە لـە تورکیـا ئـەو زمانــە بــۆ ئــەوان، خەونێکــی مــەزن و گــەورە بــوو.
***

• ماوەیــەک لــە هەولێــر بــووم، زۆر کارەبـا دەکوژایـەوە، بـەردەوام فیــووزی دەکــرد و دەبوایــە بــە ماسـیحە سـویجەکە هەڵدەمـەوە.

• ئەگـەر سەرپشـک بـم و بگونجێـت حـەز دەکـەم لـە مارسـین بژیـم، ژیانـی ئەسـتبۆل خـۆش نییـە، جەنجاڵـە، ترافیکـی ناخۆشـە، هاوینـان شــێدارە و بۆنــی ناخۆشــە! ئەوەنــدەی لــەوێ بوویــن، منداڵــەکان

دەچوونــە مەکتــەب و کۆرســی زمــان و وەرزش و لــە گەمەکردنــی نــاو منداڵانیــش، لــە هاموشــۆی نــاو برادەرەکانیــان؛ کــەس لــە هاوســێیەکانمان، هاوپۆلەکانیــان نەیاندەزانــی کۆمپانیــای گەورەمــان هەیــە، باوکیــان دەوڵەمەنــدە و بازرگانــی نێــوان وڵاتــان و عێــراق و ئێرانیــش دەکات، ژیانمــان ئاسایی بــوو، سادە رۆژانەمــان بەڕێدەکــرد، زمانــە تورکییەکەمــان هــەر بــاش نەبــوو، بــەڵام بــە ئینگلیزییەکەمــان سەرســام بــوون.

• ئێســتاش هــەر بــە دەســتی خــۆم چێشــت لــێ دەنێــم و نامــەوێ خواردنــی دەرەوە بخــۆم، ئــەوەی دەیکــەم و ئامــادەی دەکــەم دەدەمــە پیاوەکانــی لەکــن ئێمــە ئیــش دەکــەن، ناکــرێ ئــەوان خواردنەکــە نەخــۆن، چونکــە دەمزانــی بۆنــی خواردنەکەیــان کــردووە، دڵــم نەدەهــات ئێمــە بخۆیــن و ئــەوان نەخــۆن، ناتوانــم بــێ ئــەوان هیــچ بخــۆم.

• زۆر حــەز بــە کتێبەکانــی دکتــۆر «خەزعــل ئەلماجــدی» دەکــەم، حــەز بــە مێــژووی کۆنــی ئاینــەکان دەکــەم، دەمــەوێ ســەربردەی ژیانــی کۆنــی ناوچەکــە و ئاینــەکان بزانــم. «خەزعــل دکتــۆر و مامۆســتا و شــاعیر و شــانۆنووس لــە ســاڵی ١٩٥١ لــە کەرکــووک لەدایکبــووە، دکتــۆرای یەکەمــی لــە ســاڵی ١٩٩٦ لــە مێــژووی کــۆن و دکتــۆرای دووەمــی لــە ســاڵی ٢٠٠٩ لــە فەلســەفەی ئاینــەکان وەرگرتــووە. ئــەو زۆر لەگــەڵ نووســەرانی کــورد دۆســتایەتی هەیــە و هامۆشــوی لەگــەڵ

ئـەدەب و کولتـووری کـوردی گەرمـە، زۆریـش بـە سـەردان هاتووتـە کوردسـتان، ئێسـتا لـە دەرەوە دەژیـت. پەنجـا کتێبـی لـە بوارەکانـی ئـەدەب و مێـژوو و ئاینـەکان چاپکـردووە».

• ئێسـتاش هـەر حـەز دەکـەم دکتـۆر نـەوزاد پشـکنینی تەندروسـتییم بـۆ بـکات، بـڕوای تـەواوم بـە پیشـەکەی ئـەو هەیـە، مـن دەزانـم چەنـد دکتۆرێکـی دڵسـۆز بـوو، چەنـد پەرۆشـە خزمەتـی مـرۆڤ بـکات، زۆریـش لـەو بـوارە مانـدوو بـووە. ئەودەمانـە دەچـووە بەرەکانـی شـەڕ و تەلەفـۆن نەبـوو و هەواڵـی هیـچ نەبـوو، مـن دەسـووتام، ئەویـش لەبـەر خۆشەویسـتی بـۆ پیشـەکەی ئاسـایی لـەوێ دەمایـەوە.

• پێـش ئـەوەی دکتـۆر نـەوزاد بناسـم، بزانـم چەنـد وردبیـن و زیرەکە، زووتـر دایکـم وا بـوو، زوو زیرەکـی و دڵسـۆزیی و زانینـی ئـەو لـە بەرنامـە و رۆژانەکـەم دەدۆزمـەوە و دەزانـم، چونکـە دایکـم وا بـوو.

• هەموو سورەیاکانی ناو ماڵەکەمان لە تورکیا هێناوە

• باوکـم لـە لوبنـان لەگـەڵ دایکـم لـە مانگـی هەنگوینی دەبـن، لەوێ باوکـم ژنێکـی جـوان و ناسـکی لوبنانـی بـە نـاوی سـۆزان دەبینێـت، بـە دایکـم دەڵێـت ئەگـەر کچێکـمان بـوو بـە نـاوی ئـەو ژنـە جوانـەی دەکەیـن، ئیـتر مـن نۆبـەرەم و نـاوم دەنێـت سـۆزان.

• جلی کوردی ژنانەم هەیە، بەڵام زۆرم نییە، تەنیا دە دەستەجلم هەیە. زۆریش بایەخ بە جلوبەرگ نادەم.

• بڕوا ناکەم دکتۆر نەوزاد تا ئەودەمانە یەک درهەم، وەک پارە سوودی لە زانکۆکانی جیهان وەرگرتبێت. بەڵام زانکۆکەی خۆشدەوێت. من دەزانم چەند دڵی بەو زانکۆیە خۆشە، ئاگادار بووم کە لەگەڵ دکتۆر ئەمجەد لەسەر پارچە کاغەزێک نەخشەسازییان بۆ زانکۆکە دەکرد، دەمزانی چەند خەمخۆری دروستکردن و تەواوبوونی بوو، وا ئێستا بووە بەو زانکۆیە. من چەندان جار ئەو زانکۆیەم لەسەر پارچە کاغەزێک و لەسەر مێزێک بینیووە، شادمانم ئێستا بووە بە گەوهەرێکی جوانی شارەکە و شانازی پێوە دەکەم. تەنیا من دەزانم دکتۆر نەوزاد چەند بەو زانکۆیە ماندوو بووە و چەندیش دڵی بەوە خۆشە.

• لە ساڵی ١٩٦٣ بە ئۆتۆمبێل باوکم ئێمەی بردە لوبنان، بەیروت ئەودەمانە زۆر نازدار بوو، بەڕاستی شوێنی سەیران بوو، ناوی هوتێلەکەم هەر لە بیرمابوو، بەگەورەیی چوومەوە بەیروت زۆر بەدوای هوتێلەکە گەڕام نەمدۆزیەوە، بەڵام هەستم دەکرد جوانییەکانی جارانی نەماوە، یان لەبەر ئەوەی باوکم لەگەڵم نەبوو، وادەمزانی سەیرانەکەمان تاڵە. باوکم زووتر و بەر لەوەی بچینە بەغدا، بۆ کڕینی کەرەستە و پێداویستەکانی کارەکەی دەچووە چیک، باسی براگی بۆمان دەکرد. ئیتر شوێن و هەوار و شار بە ڕۆژگار دەگۆڕێت، جاران بەغدامان پێ بەهەشت بوو،

کە لەساڵی ٢٠٠٣ و پاش دابڕانێکی زۆر دەگەڕێمەوە بەغدا شۆک دەبم، هەست بەبوونی جوانی جاران ناکەم و دەترسم. ئەگەرچی من یادگاریی زۆرم لەو شارە هەیە، ئێستاش خانووەکەمان ماوە و کەرەستە و ناوماڵەکەمان تێدایە، بەڵام زەحمەتە بتوانم یەک ڕۆژ لەوێ بژیم.

• سەرەتای ساڵانی نۆهەدەکان، گەرمەی شەڕ و داگیرکردنی کوێت و گەمارۆیە ئابوورییە سیاسییەکانی سەر دەوڵەت و میللەتانی عێراق، بەغدا زۆر ناخۆش بوو، کارەبا نەبوو، فانووسمان بەکاردەهێنا، ترس و دڵەڕاوکێ و بۆردومان سەر شارەکان بەردەوام بوو، هیوا و تروسکایی ئاشتی و ئاوەدانی نەمابوو.

• «لەودەمانەی من لەگەڵ سۆزان خان قسەمان دەکرد، لە ژوورەکەی نزیک ئێمە «ناز»ی کچی و هاوسەرەکەی دەرسی کوردییان بە کیژە بچووکەکەیان دەگوتەوە و بەیەکەوە دەیانگوت:

«سێو و مێوێکی جوانە<br>
ترش و شیرین و هەرزانە<br>
ڕۆژێک چوومە ناو باخان<br>
دەستم بردە ناو پەلەکان<br>
سێوێک هاتە ناو دەستم<br>
لێم کردوە بەئاسان»

***

## ٧١
## گەلەرییەک لەناو ماڵێک

لەنـــاو ماڵــە گەورەکــەی دکتــۆر نــەوزاد، ژووری میوانـــان و ژووری پێشـوازییەکەی گـەورە و فراوانـە! دوو مافـووری نـازدار بـە دیوارەکانـا هەڵواسرابـوون، گوتیـان هەردووکیـان لـە ئیمارات کـڕاون، ئـەوان گوتیان بـەڵام لەبیریـان نەبـوو بـە چەنـدی کڕابـوون، نەخـش و جوانییەکانـی نـازدار بـوون، سـۆزان خـان گوتـی: «میـران»ی کـوڕم دەڵـێ دایـە ئـەو مافوورانـــە وا دانـــراوە وا دەزانیـــت تـــازە شـــووراون و بـــۆ وشـــکبوونە دانـراون!

لــەو ژووره گەورەیــە، دەرگەیەکــی بچــووک دەتباتــە نــاو ژوورێکــی بچووکـی لاچـەپ، زۆر قەڕەباڵـغ، بـەڵام بـوار هەبـوو پێیـدا بڕۆیـت و بگەیتــە بەرانبــەر دۆلابــەکان، ڕەفــی کتێبــەکان، نــاو دیارییــەکان، تابلـۆکان، ڕەنـگ و هێـڵ و سـێبەر و چوارچێـوەی تابلـۆ و فۆتـۆکان! دکتــۆر گوتــی:

«ئاماژە بە تابلۆیەک دەکات» ئەوەیان سەیر بکە، بڕۆ پێش!

دەچمـە نزیـک تابلۆکـە، تابلۆیەکـی هێڵکارییـە لەنـاو چوارچێوەیەکـی

سادەی کۆن بوو، بە بزمارێک بە دیوارەکە هەڵواسرابوو. تابلۆیەکە بۆنی بەغدای کۆن، دەوڵەتی عێراقی بەر لە کۆماری لێ دەهات، لەو ساڵانەی هونەر پیرۆز و جوان بوون، لەو ساڵانەی «مەعروف رەسافی» کتێبی کەسایەتی موحمەدی نووسیبوو، بەڵام کەس نەیدەزانی، کەس ئاگاداری نەبوو، پاش چەند ساڵ لە مردنی ئینجا بڵاو دەکرێتەوە!

تابلۆکە سادە بوو، بە قەڵەم و ئارەزووی جەواد سەلیم «١٩١٩_١٩٦١» کرابوو، ئەوەی بۆ خوێندن و تابلۆ و هێڵکاری دەچێتە فەرەنسا و ئیتاڵیا. لەوێش دەچێتە لەندەن، بۆیە زمانەکانی تورکی و فەرەنسی و ئینگلیزی و ئیتاڵی زانیوە! تابلۆیەکی بچووکی جەواد سەلیم لەو ژوورە و لە رووبەرێکی دیوارەکە هەڵواسرابوو، تابلۆکە لە ساڵی ١٩٥٤ دروستکراوە، کێ دەزانێت، کێ ئاگادارە تابلۆکە ماوە و لە هەولێرە؟ لەو خانووە گەورەیە لاچەپە، لەو ژوورە بچووکە تابلۆیەکی جەواد سەلیم هەڵواسراوە و «ئەگەرچی بچووکە» بەڵام بە گەورەیی و بە پیرۆزییەوە دانراوە. من لێی دەپرسم:

سەربردەی ئەوە چییە، چۆن گەیشتووتە بەر دەستی تۆ؟

ئەو لە وەڵامدا گوتی:

ئەوەم لە ساڵانی هەشتاکان لە بەغدا لە موزایدەیەک کڕیوە، بەڵام لەبیرم نەماوە و نازانم بە چەندی کڕاوە!

***

هەر بە سەر دیوارەکەوە و نزیک لە دەست و خەت و پەنجەکانی جەواد سەلیم، دوو تابلۆی هێڵکاریی سادەش دانراون. ئەو گوتی:

هەردووکیـان لـە بریتانیـا کـڕاون سـاڵی دروسـتکردنیان ١٨٤١ و ١٨٨٣یان لەسـەر بـوو. هەردووکیـان دامـاو و کـز، بێدەنـگ دانـراون کەوتوونەتـە ژوورێـک کـە زۆرتـر کتێبـی بـە زمانـی کـوردی و عەرەبـی تێدایـە. ژوورێکـە بـۆ دوو هێلکارییەکـە سـەیرە. تابلۆکان،ئامرازەکانـی؛ مـاوە مـاوە لـە چوارچێـوە سـادەکانیان دێنـە دەرەوە. بەرانبـەر کەلوپـەل و کتێـب و تابلۆکانـا دەوەسـتن قسـە دەکـەن، بـە زمانێکی ئینگلیـزی کۆن، زۆریـش کـۆن نەبـوو چونکە زووتـر شەکسـپیر «١٥٦٤_١٦١٦» تێکسـتی زۆری بـەو شـێوازە ئینگلیزییـە بـڵاو کردیتـەوە و زمانەکـەی ببـوو بـە زمانـی سـتاندار. هەردووکیـان سەرسـام و حەپەسـاو، لـە لەنـدەن کڕاون، هەردووکیـان گوزارشـت لـە «Green Park»ی نـاو لەنـدەن دەکـەن. ئـەوێ باخێکـە دەکەوێتـە نـاو لەنـدەن و نزیـک لـە هایـد پـارک و سـانت جیمـس و مێـژووی سـەرەتاکانی دروسـتبوونی دەگەڕێتـەوە سـەدەی حەڤدەمـی زاینـی.

دارەکانـی ئـەو پارکـە، بـە قەدەکانیانـەوە دیـارە ئەوەنـدە کۆنـن، نازاندرێـت کام لـە بەگزادەکانی شانشـینەکانی ئەودەمانـە فەرمانی داوە بچێندرێـن؟ چەنـدان جووتیـار و کرێـکار و عاشـقانی ژینگـە و عاشـقانی دڵ، ئەوەنـدە سـاڵە ئاویـان داون، خزمەتیـان کـردوون. قـەدەکان، سێبەرەکانیان پیـرن و زمانیـان لەبیـر کـردووە! دارەکان کـە بوونەتـە تابلـۆ و مـاون و خزمـەت دەکرێـن و رۆژانـە ئـاو دەدرێـن و چاودێـری دەکرێـن، کەوتوونەتـە ماڵێـک، نـاو خێزانێکـی کـورد؛ لـە نێـوان بەغـدا و مارسـین و ئەسـتنبۆل و هەولێـر دانـراون و هەڵگیـراون. درەختـەکان زمانیـان شـێواوە، چونکـە لـەو ماڵـە بـە چەنـدان زمـان قسـەکراوە، کـوردی و تورکـی و عەرەبـی و ئینگلیزیـش!




جیهانێکی رەنگاورەنگی هونەری و کولتووی_ ماڵەوە.

هـەر لـەو ژووره، دیاریـی جـوان و نـاوازه هەڵگیـراوه، لەنـاو پاکێتێکـی ناسـک و خاوێـن کتێبێـک لاپەڕەکانـی نایلـۆن، نازانـم نایلۆنـە یـان جۆرێکـە لـە ئاوریشـم، لاپەڕەکانـی نـەرم و شـل و بریقـەدار، شـەوقیان هەبـوو، دەبریسـکانەوە، لاپـەڕە لـە لاپـەڕە جوانـتر و نەرمـتر بـوون! کتێبێکـی کونفوشـیوس _Confucius «ئـەو بیرمەنـدە چینییـە لـە سـاڵی ٥٥٢ پێـش زایـن لەدایکبـووه» بـوو. دیـاره ئـەو کتێبـی زۆره، هەمـووان بـۆ جڤاتـی چینـی بوون بـە پەنـد و بنچینـەی بیروبـاوەڕ و دابونەریت و ڕێنمایـی کۆمەڵایەتـی! یەکێـک لـە پەنـد و قسـە جوانەکانـی دەبێژێـت: عەقڵـت بـە زانیـن دەوڵەمەنـد بکـە، باشـتره لـەوەی جەسـتەت بـە خشـڵ برازێنیتـەوه. کتێبەکـەی لـەو ژووره دانـراوه و لاپەڕەکانـی دەبریسـکێنەوه؛ ئەگەرچـی بـە پیـت و هـزر و چاپـی چینـی بـوون، بـەڵام ناسـکی و نـازداری و شـێوەی هەڵگرتنەکـەی و دانانـی لەنـاو کارتۆنێکـی نـاوازەی دیاریـی ئـەوەی دەگەیانـد پیـرۆز بێـت.

ئیـتر لـەو ژووره دەتوانیـت کولتـوور و کەلەپـووری وڵاتانـی خۆرهـەڵات بدۆزیتـەوه، نەخـش و نیـگار، خشـڵ و خڵخـاڵ، ئەنگوسـتیله و قـۆری بـە هەمـوو ڕەنـگ و نەخشـەوه، زۆریـان بـۆ چـا و خـوان و شـەوچەره بـوون بـە سـیرامیک و هاتوونەتـە بازاڕ،تـا بچنـە نـاو دەسـتی کابانـی نـەرم، بگەنـە سـەر خوانـی شـیرین، وا لـەو ژووره بـوون بـە تابلـۆ و مـۆزه! لـەو ژووره و لەنـاو چەکمەجـەی دۆڵابێکـی کـۆن، دکتـۆر نـەوزاد سـەندوقێکی ناسـکی لاکێشـەیی دەردەهێنێـت، نـەرم نـەرم وەک ئـەوەی بـەو پەنجانـە نەشـتەرگەرییەکی ترسـناک دەکات،، دەمـار دەمـاری نەخۆشـێک جیابکاتـەوه، پارچەکانـی دڵـی بکاتـەوه، ئـەو بـەو شـێوەیە سـەندوقە کۆنەکـە دەکاتـەوه، ژمارەیـەک خڵخـاڵ، بازنـە،

مـورووو و ئەنگوسـتیلە و ملوانکـە، بەرسـینگ و سەردەسـتە و خەناوکـە و تیتیلـە و بەرچەناگـە و بەرسـوخمە و سـەرقژ و سـەر نێوچـەوان و مرواریـیـم نیشـان دەدات. زۆر لـە خشـڵەکانی لـەو دیـدارە و لـەو ژوورە دەیانبینـم؛ هەموویـان بەیەکـەوە لەنـاو ئـەو سـەندوقە کۆکراونەتـەوە، بـەڵام لـە چەنـدان هـەوار و مـاڵ و وڵات و خـاک و ئـاو و بـازاڕ و موزایـدە کـڕاون، کۆکراونەتـەوە، کـڕاون، هێـنراون، دانـراون، لـە موزایدە، لەنـاو گونـدە گەشـتیارییەکان، لـە بـازاڕە کۆنـە قەیسـەرییەکان، لەسـەر شـەقامەکان و سـەر کەنـارەکان، کـە پیـاوە باڵابـەرزە رەشـە قـژ بـە بسـکەکان، ژنەکانـی لـە ئەفریقیـاوە هاتبـوون دەیانفرۆشـت؛ ئەوانـەی هەمـوو لەسـەر کەنارەکانـی دەریـای سـپی و رەش و سـوور و زەریـاکان کڕیـووە و هەمووشـی وەک چاوەکانـی پاراسـتوون!

هەمـوو ئەوانـە بـە گـران و زۆریـش هـەرزان، بە شـەو و بـەرۆژ، بەتەنیا و لەگـەڵ سـۆزانی هاوسـەری کڕیـوە. ئەوانـەی دیـوە و عاشـقیان بـووە و هەڵیبـژاردوون لەودەمانـەی لەگـەڵ منداڵەکانـی لـە بـازاڕ و مـۆل و شـەقامە گشـتیارییەکانا بـووە ئەوانـەی دیـوە و کڕیویەتـی؛ بـەر لـەوەی بیانکڕێـت، پێـش ئـەوەی پارەکانیـان بـدات، لـە دەسـتی فرۆشـیارەکەی وەربگرێـت، لەنـاو جانتاکـەی دابنێـت، پێـش هەموو شـتێک بیـری لەوە کردیتـەوە، ئەوانـە لەنـاو مۆزەیـەک لەنـاو هەولێـر بـە نـاوی مـۆزەی میللەتانـی جیهـان دادەنێـت، ریزیـان دەکات، بـە زمانـی ئینگلیـزی و کـوردی لەسـەریان دەنووسـێت، ئـەو پارچـە خشـلە، لـە سـاڵی ئەوەندە و لـە فـلان شـوێن و بـەو بۆنەیـە کـڕاوە، تکایـە دەسـتکارییان مەکـە، بـەڵام دەتوانـن وێنەیـان بگـرن، ئاسـاییە!



کەلەپووری میللەتان لە گەنجینەکانی دکتۆر نەوزاد باجگر لەماڵەکەی خۆی.



کەلەپووری میللەتان لە گەنجینەکانی دکتۆر نەوزاد باجگر لە ماڵەکەی خۆی «٢».




گەلەریی دکتۆر نەوزاد لە ماڵەکەی خۆی لە دریم ستی هەولێر.



**هەوارێکی هونەری لەناو ماڵی دکتۆر نەوزاد.**

# ٧٢
# کولتووری گەلان لەناو گەلەرییەکە

لەنـاو هەولێـر و لەنـاو کۆشـکێکی گـەورەی نـاو دریـم سـتی و لـە دۆلابێکـی نـاو کتێبخانەکـە و دۆلابێکـی باریکـی لاکێشـە بـە ڕەنگـی مـۆر ڕۆژمێـری هەتـاوی ئیمپراتۆریەتـی چینـی دانـراوە، گەنجینـەی ئـەو نەتەوەیـە، حەزیاکـەی چینـی! خەنجەرێکـی بـەردی مـۆری مەکسیکی، بـە بـەردە، بـەو خەنجەرە بـەردە خەڵـک خۆی کوشـتووە، خەنجـەری خۆکوشـتنە!

کتێبـی هەمـوو ئاینـەکان لـەو ژووره دانـراوە! لەگـەڵ دیـدار و رامـان لـە گەنجینـە وردە ناسـکەکان، لەنـاکاو دکتـۆر دەسـت دەداتـە گۆزەیەکـی پەمبـەی قـووڕی گـەورە، دەیـەوێ بـەرزی بکاتـەوە و بـە منـی نیشـان بـدات، لەجیاتـی ئـاو و شـەراب هەناسـەیەکی شـانازیی لەگـەڵ بخواتـەوە، پارچەیەکـی ملـی گۆزەکـە لەگـەڵ دەسـتی دێـت، یەکسـەر دکتـۆر ڕووی دەگۆڕێـت و دڵـی وەک گۆزەکە دەشـکێت، ڕوو لـە سـۆزان خـان دەکات و دەڵێـت «بـەڵام تـووڕە نەبـوو»: فەرمـوو ئـەوە شـکاوە، ئەوانـەی ژوورەکەیـان پاککردیتـەوە دەسـتیان لـێ داوە،

گوتوومـه خـۆم پاکیـان دەکەمـەوە! کەرەسـتەکان، پەیکـەر و تابلـۆ و دیارییـەکان هەموویـان خـۆم پاکیـان دەکەمـەوە. باشـە لـەو ڕۆژانـە یەکێـک دەنێـرم گۆزەکـە بهێنـە نـاو زانکـۆ و لـەوێ هونەرمەندەکانـی نـاو فـرن و قووڕکارییـەکان چـاک دەکەنـەوە!

هــەر لــەو ژووره لەنــاو دۆلابێکــی تایبەتــی بازنەیــەک ســیرامیکی پەمبــە بەشــکۆوە دانــراوە. بۆســەلەی ئاراســتەکان بەرهەمــی چینییــەکان، مێژووەکــەی بــۆ ســەدەی حەڤــدەم دەگەڕێتــەوە. دوو پەیکــەری حەزیــای چینــی! لــە بەشــێکی چەکمەجەیــەک کۆنــە چاویلکەکانــی، ئەوانــەی لەگــەڵ تەمــەن و ئیشــکردن و خوێندنــەوە نمرەکانــی چــاو گــۆڕاون، بۆیــە چاویلکەکانیــش گــۆڕاون، وەک چــۆن چــاوی مـاوە و دەبینێـت، ئـەو هەمـوو چاویلەکەکانـی لـەوێ دانـاون، لەنـاو قەپێلکەکانیـان مـاون، شـاهێدن بەوانـە چەنـد کتێبـی پزیشـکی بـە زمانـی ئینگلیـزی خوێنـدووە، بۆیـە هەمـووی هەڵگرتـوون. کۆنـە مۆبایلەکانــی، لــە ســەرەتای پەیدابوونــەوە تــا ئیمــڕۆ، کۆنەکــەی بــە نـوێ گۆڕیـوە و بـۆ یـادگار کۆنەکـەی هەڵگرتـووە، کۆنە پاسـپۆرتەکانی مــاون؛ تــا ئامــاژە بــە ژمــارەی ســەفەرەکان، نــاوی وڵاتــەکان ڕۆژی سـەفەرەکانی لەبـەر چـاو بێـت، لـە بیریـان نـەکات! هەمـوو شـاهیدی دکتـۆر نـەوزاد باجگـر کـەی سـەفەری کـردووە، بـۆ چوویتـە وڵاتـان، چەنــد لــەوێ ماوەتــەوە، ســەردانی کام کارگــە و بــازاڕی کــردووە، بــە چەنــد و چــۆن کۆنتراکتــی کــردووە، بــۆ گرووپەکانــی جیهــان یــان زانکــۆی جیهــان؛ یــان بــۆ ســەیران و جوانییەکانــی سرووشــت ســەفەرەکەی کــردووە! پاســپۆرتەکانی هەڵگرتــووە، تــا بزانێــت و لەبیـری بێـت، کام وڵات و شـار و هـەوار و کاسـبی مـاوە نەیکـردووە،

پێویستە بیکات.

***

لە بەشەکەی تری ئەو گەراجە، ژێرزەمینەکەی ببوو بە گەلەرییەکی دوو ژووری بنمیچ نەوی بچووک. گەنجینەیەک بە رەنگ رووناک. تێدا ژمارەیەک تابلۆی سەر تەختە و کانڤاس و قوماش و دار و چوارچێوە و رەنگی تێدا بوو، لەو ژوورە سەدان فڵچە و بۆیە و یەک تەختە دەبینرا! تابلۆکان زۆریان بەناز دانرابوون، تەواوکرابوون، ناویان لەسەر بوو، رۆژی وشکبوونەوەی رەنگەکان، قسەکانیان تەواو کرابوون، چوارچێوەکان کوترابوون! تابلۆکان، هەموو قسەیان دەکرد، زمانیان هەبوو، وریا بوون، گۆرانییان دەگوت، دروشمی روون و ئاشکرا و پیرۆزیان هەبوو! لە گەرمەی قسەکردن لەسەر تابلۆکان، سۆزان خان بە دکتۆر نەوزاد دەڵێت:

نەوزاد دەترسم لەو باران و لافاوە رۆژێک ئاو بێتە ئەو ژوورە و تابلۆکانت تەڕ بن!

ئەگەر ئەوانە تەڕ بن، ئەگەر بکەونە ناو ئاو! ئەگەر رەنگەکان تێکەڵ بن؟ چوارچێوەکان هەڵدەوەشێنەوە، ناوەکان دەسڕێنەوە!؟ ئیتر چ وەڵامی ئاسمان و هەور دەدەینەوە، چ دەڵێن ماوەیەک ئاگایان لە تووڕەیی ئاسمان نەبووە، هەستمان بە باران نەکردووە؟ لەوەتی بازاڕ و بزنس و بانک و زانکۆیان هەبووە، زیانی وا گەورەیان لێ نەکەوتووە.

دکتۆر قسەکە بە موستەحیل دەزانێت، بڕوا ناکات، چۆن باران و

ئاو گەلەریی هونەری دەگرێتەوە، تەوژم و شێتبوونی لافاو چۆن دەگاتە تابلۆی هونەری. ڕەنگی سەر تابلۆکان و ناو و کەس و سرووشت و هەستی هونەرمەندەکە چۆن بە ئاو دەتوێتەوە؟ چوارچێوەی تابلۆیەک چۆن بە لافاوێکی وەرزی لەناکاو سەرئاو دەکەوێت!؟

تا من لە ژیاندا مابم، هەناسەم بێت، من نەوزاد بم! چۆن بوار دەدەم، چۆن دەهێڵم ئاو بگاتە تابلۆکانم! تەڕیان بکات، شپرزەیان بکات، بیانشێوێنێت.

لە بەشێکی دۆلابەکە لەسەرەوە پەیکەری بچووکی فەیلوسەفەکانی گریگ؛ ڤیتاغورس، سوکرات، ئەفلاتۆن، ئەرستۆ... ئەو ناوە گەورانە، ئەو زانایانەی ناوی دەرەوەشایەوە و بوون بە ئەستێرە، لێرە لەو ژوورە بوون بە پەیکەری مەڕمەڕی بچووکی ناسک، بەڵام ئەوان بە گەورەیی و زانایی خۆیانەوە هەموو شتێکی ئەو گەردوون و رۆژەڤەکان دەبینن، دەبیستن، دەزانن!

***

لەناو ئەو باڵەخانەیەدا،کە کۆشکێکی گەورەی سێ نهۆمە؛ لە ژێرزەمینەکەی ئەوەی کرابووە دوو بەش، بەشێکیان گەراجی ئۆتۆمبێلەکانیان بوو، لەگەڵ ئۆتۆمبێلە نوێیە خاوێنەکان، ئۆتۆمبێلێکی ئاسایی بچووک، سپی، مۆدیل کۆن، نەوی، مەکینە و تایە بچووک، سوکان و ئاوێنەکانی سادە ڕاگیرابوو. ئۆتۆمبێلەکە هەموو شتەکانی ئاسایی بوون، بەڵام ئەوەی لەو ئۆتۆمبێلە سپییە بچووکە نەوییە ئاسایی نەبوو، ژمارەکەی بوو، ژمارە و تابلۆیە

نوێیـە خاوێنـە سـپییەکەی بـوو، «٤ اربیـل».
ئـەو ئۆتۆمبێلـەی زوو و یەکەمجـار بـە نـاوی بەڵێنـدەر شـەریف جامبـاز بـووە، باوکـی سـۆزان جامبـاز «ئـەو لـە تورکیـا و لـە ناسـنامە و ناوهێنانـەکان نـاوی بـووە بـە سـۆزان باجگـر» ژمارەکـەی بـە نـاو کـردووە، ماوەیەکـی زۆر لێیخوڕیـوە، خاوەنـی بـووە، شـانازی بـە ژمارەکـەی کـردووە. بەداخـەوە لەنـاو ئۆتۆمبێلێکـی تـر رووداوێکـی کوشـندە دەکات و بـە سـەختی برینـدار دەبێـت، پـاش چەنـد رۆژێـک لـە نەخۆشـخانەکانی بەغـدا دەمێنێتـەوە و بـەو برینانـەوە دەمرێـت. ئـەو ئۆتۆمبێلـە لـەوێ راگیـراوە و ژمارەکـەی ٤ اربیلـە بـە نـاوی ئـازا شـەریف جامبـاز مـاوە! بـەڵام زووتـر و بـەر لـەوەی بە ناوی شـەریف جامبـاز بکرێـت، بـە نـاوی باوکـی بـووە و لەسـەر مارسیدسـێک بـووە، دیـارە لـە چلەکانـی سـەدەی رابـردوو کـە ژمـارەکان بـۆ ئۆتۆمبێـل دانـراوە ئـەو ژمـارە بـەر باوکـی شـەریف کەوتـووە. ئـەو لـە سـاڵی ١٩٥٥ مـردووە، کـە باوکـی دەمرێـت ژمارەکـە دەکەوێتـە کـن شـەریف جامبـاز، بـەڵام ئـەو لـە بەغـدا ئۆتۆمبێـل و ژمارەیەکـی تـری پـێ بـووە، لـە رۆژی ١٩٧٦/١٢/٢٥ رووداوێکـی هاتوچـۆ دەکات و پـاش مانـەوەی چەنـد رۆژێـک لـە نەخۆشـخانە شـەریف جامبـار لـە ١٩٧٦/١٢/٢٨ دەمرێـت و تەرمەکـەی دەهێنـەوە هەولێـر، لەنـاو چێورمـەی بنەماڵەکـەی دەینێـژن.

# ٧٣
# داربەڕوو «Oaks»

لـە دیـدار و بینینـی ڕۆژانـەم لەگـەڵ دکتـۆر نـەوزاد باجگـر زۆر باسـی هەسـار و چاندنـی داربـەڕووم دەبیسـت، لـە دیـدار و هەواڵەکانـا ئـەوەم زانیبـوو زانکـۆی جیهـان کۆشـش و یارمەتـی چاندنـی ملیـۆن داربـەڕوو دەدات، بۆیـە بـۆ زۆرتـر زانیـن و پـاش دیتنـی نەمامگەکـەی نـاو زانکـۆی جیهـان دیـداری خاتـوو نـاز باجگـر دەکـەم.

نــاز لەدایکبــووی ١٩٨٦ خوێندنــی لــە تورکیــا و بریتانیــا تــەواو کــردووە، لــە بانکــی جیهــان لــە ســاڵی ٢٠٠٩ کاری کــردووە و لــە ســاڵی ٢٠١٣ وەک جێگـری بەڕێوەبـەر دەوام دەکات، ڕۆژانـە دەوامـی ئاسـایی دەکات، لـە بەرنامـە و ڕۆژانەکانـی هیـچ جیاوازییەکـی لەگـەڵ کارمەندەکانـی تـری نـاو گرووپـی جیهـان نییـە.

بەیەکـەوە دادەنیشـین و زوو زووش «ئاریـا»ی کیـژی دەهاتـە کـن دایکــی و خــەوی دەهــات و نــازی دەویســت, ئەویــش دەیگــوت کیـژم کەمێـک لەکـن «سـەفین»ی باوکـت بـە، ئێسـتا قسـەمان تـەواو دەبێـت!

لەگـەڵ ئـەو کچـە سـادەیەی کـە لەنـاو بانکێکـی گـەورەی هەمـوو عێـراق کار دەکات، قسـەکردن خـۆش و ناسـک بـوو، چونکـە باسـی ژینگـە و داربەڕوومـان دەکـرد. ئـەو رۆژانـە لەنـاو پـارە کار دەکات و زۆرتـر بـە زمانەکانـی ئینگلیـزی و عەرەبـی و تورکـی سـەرقاڵی ژمـارە و کارکردنـە، بـەڵام رۆح و بەرنامـەی لەگـەڵ ژینگەیـە لەگـەڵ رێکخراوی هەساره «Hasar Organization for Earth» کار دەکات و بەرنامەیـان وایـە ژینگـە بپارێـزن و کوردسـتان کەسـک بکـەن. زانکـۆی جیهـان بـە هەمـوو شـێوەیەک هاوکارییـان دەکات، نـاز گوتـی:

ئەندامانـی هەسـار زۆرن، گەنجـی زۆر هاوکارییـمان دەکەن، سـەرۆکی رێکخراوەکـە «هـاوکار عەلـی» چالاکـە و بـەردەوام دیـداری هەیـە، لەگـەڵ چەنـدان گـرووپ و دەسـتە و جڤـات هاوکاریـن. لـە رۆژی لـە دایکبوونـی باوکـم لـە بەرزاییەکانـی کەسـنەزان داری زۆرمـان چانـد، لەسـەر شـەقامی سـەد و بیسـت مەتـری نزیکـەی ٨٠ هـەزار دارمـان چانـدووە، بەرنامەمـان دانـاوە تـا سـاڵی ٢٠٢٤ نزیکـەی ٤٠٠ هـەزار دار بچێنیـن، لەنـاو زانکـۆی جیهـان ئۆفیسـمان هەیـە، نەمامگەیەکمان ٥١ مەتـر درێـژ و ٩ مەتـر پـان هەیـە! گرووپـی جیهـان هاوکارییـمان دەکـەن.

لەگـەڵ گرووپـی لـەزوو «Lezoo» و یونسـێف و «Earth» و «Sun» و «Green» و «Ecologists» هاوکاریـن. دیـدار و بەرنامەمـان هەیـە منـداڵان فێـر بکەیـن ژینگەیـان خۆشـبویت، لـە ماڵـەکان دار بچێنـن و خزمەتـی بکـەن. هەسـار لـە سـلێمانی ئۆفیـس و بەرنامـە و چالاکـی زۆرە، ئەندامـمان لەوێـش هەیـە، لـە چیـای گۆیـژە دارمـان چانـدووە، لـە سـیدەکان بەرنامەمـان هەبـووە.



ناز باجگر لە هەڵمەتی چاندنی ملیۆن نەمام.

# ٧٤
# وشە ئەچێنم

نووسـینی شـیعر هەسـتە، ئـەوەی هەسـتی هەبێـت دەنووسـێت، مـن لـە مێـژە دەنووسـم، بـەڵام کـەم نووسـینەکانم دەپاراسـت، نەمدەکـردن بـە کتێـب، پـاش ئـەوەی دەگەڕێمـەوە هەولێـر و جێگیـر دەبمـەوە، ئیـتر بیـر لـەوە دەکەمـەوە لاپەڕەکانـی نووسـینەکانم کـۆ بکەمـەوە، یەکـەم کتێبـم بـە نـاوی «وشـە ئەچێنـم» بـوو، هـەر ئەوەم بـە زمانـی عەرەبـی بـە نـاوی «ازرع الکلـمات» بـڵاو کـردەوە، بـە دوو زمـان نـووسراون، بـەڵام دوو ئـاوات و دوو هەسـتی خۆشەویسـتی و دیـدی ژیـان بـوون. لـە وڵاتـی ئێمـە خەڵـک بیـر لـە یـەک جـۆرە خۆشەویسـتی دەکاتـەوە، خۆشەویسـتی نێـوان ژن و پیـاو و بـەس، خۆشەویسـتی وڵات و خـزم و کـەس و خەڵکیـش هەیـە.

مـن لـە گەنجییـەوە دەنووسـم، لـە زانکـۆ نووسـینم هەبـووە. لـە سـاڵی ١٩٧٢ لـە زانکـۆ بـووم لـە کەشـە خۆشـەکانی یـازدەی ئـازار ئـەوەم نووسـیوە:

کورد و عەرەب بوونە برا

دوژمنداریەتی بڕا.

شتی لەو بابەتەم دەنووسی.

شیعر پرۆسەیەکی جوانە و هەموو خەڵک حەزی لێیەتی، جیاوازە و شتی جوانی تێدایە، عەرەب دەڵێن «کلام جمیل»، منیش دەڵێم شیعر هەستە، زۆر دەڵێم من نە شاعیرم و نە هونەرمەندم، بەڵام لەو دوو ئەزموونە مێشکی خۆم دەوڵەمەند دەکەم، هەستیارم و هەستی خۆم دەنووسمەوە. ناوم لە دیوانەکەم ناوە وشە ئەچێنم، بەوەش ویستوومە سەرەنجی خوێنەران راکێشم، تۆ دەنکە گەنمێک دەچێنیت پەنجا دانەی لێ دەدوریتەوە، یەک وشەش لە مێشک بچێنیت زۆری دەدووریتەوە، وشەش وایە، دەکرێ کاریگەریی لەسەر ژیانی یەکێکی تر بکات، کەسانی رەشبین، توندڕەو کاریگەریی نەرێی دەبێت، بەڵام وشەی جوان سوودی دەبێت.

زوو لە ساڵانی شێست و حەفتاکان شیعرە عەرەبییە نیشتمانییەکانی ئەودەمانەم دەخوێندەوە، رەسافی و زەهاوی، بەڵام پاش یازدەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ ئیتر دەست دەکەین بە فێربوون و ئاشنابوون بە شیعری کوردی، دڵدار و پیرەمێرد و بێکەس دەخوێنینەوە. لەو ساڵانە هەستی کوردایەتییمان گەرمتر دەبێت، چونکە من زۆرتر ئارەزووی بابەتی زانستی و خوێندن و عەرەبی و ئینگلیزی بووم.

لەکن من زمان، پەیوەندییەکە شتەکانی تۆ بگات بە من، چەند لەگەڵ زمانی تریش پەیوندییت هەیە و دەبێت، با بۆ ئاسانکاری هاوسۆزی بێت، بۆ من زمان پسپۆریی و زانست و توێژینەوە نییە، بۆیە ئارەزووم کردووە بە زمانەکانی تریش سوود لە

نووســین و رازەکان ببینــم.

بابەتــم هەیــە دژ بــە بارودۆخــی ئەودەمانــەی بــەر لــە راپەڕیــن نووســیومن، بڵاونەکراونەتــەوە، هەموویــان لەنــاو ماڵەکــەی بەغــدام ماوەتــەوە، لەمێــژە نەچــووم و رێکنەکەوتــووە بیانهێنمــەوە، بابەتەکان، نووســینەکان ســۆز و رادەربڕینــی کوردایەتــی بــوون. جــوان دیــتن و جــوان رەفتارکــردن ئاســانترە لــە رق و ناشــیرینی. لــە هەڵســوکەوتەکان و رۆژانــەی ژیــان ئــازاری کــەس نەدەیــت، ئــەوەش جۆرێکــە لــە جوانــی، جوانــی شــێوازی زۆرە. هەمــوو شــاعیرێک، نووســەرێک بــە نەخشــاندنی وشــە و پەیڤــەکان نیگارکێشــە! رەنــگ و شــێوازەکان کەرەســتەی جوانــی و شــیعرن. راســتە مــن نیگاریــش دەکێشــم و شــیعریش دەنووســم، هەردووکیــان هاوبەشــن، لەیــەک نزیکــن، دژی یەکــتری نیــن، هاوشــان دەڕۆن.

مــن لەســەر بۆچوونەکانــی خــۆم دەنووســم، هەندێــک لێــم تێدەگــەن و زۆریــش نووســینەکان بەڵگــە و راڤەیــان دەوێــت، کەســانی لێــزان دەتوانــن کــۆدەکان بدۆزنــەوە، زۆربەیــان دوو ســێ رەنــگ و ســیمایان هەیــە، هــەر کەســە بــە شــێوازێک تێیانــدەگات، ئــەوەی کۆشــش بکات بیــر بکاتــەوە دەیاندۆزێتــەوە، دۆزینــەوەی ئەماســیش هەڵکۆڵینــی زەویــی دەوێــت. راســتە هەندێکیــان کــە دەخوێندرێنــەوە دەڵێیــت ئــەوە چییــە دوو ســێ وشــەیە و کوردییەکــەی تــەواو نییــە، بنچینەکانی شــیعریان تێــدا نییــە، مــن ئــەوە دەڵێــم: هەســتم دەنووســمەوە.

***

بــە نــاوی مــن شــت دەنووســن، لــە سۆشــیال میدیــا بابەتەکانــم

دەگۆڕن، وەڵامی نووسینەکانم دەدەنەوە، بەڵام من وەڵامی کەس نادەمەوە، ئەوەی بە مێشکم دابێت و جوان بێت دەینووسم، ئینجا قبووڵی دەکەن یان ناکەین، ئەگەر چاک بێت سوودێک بە کۆمەڵ دەگەیەنێت و منیش ئەوەم دەوێ. داواش دەکەم ئەوانەی بە ناوی من دەنووسن، ئەو گەنجانە با لەجیاتی ئەوە، بە ناوی خۆیان بنووسن، من زۆربەیان هەر ناخوێنمەوە و بایەخیان پێ نادەم. من بەرپرسم لەوانەی لەو وێبسایتە بڵاودەبێتەوە «www.nawzadbajger.net»، ئەوەی تر هی من نییە، هەموو کتێبەکانم لەوێ هەیە.

***

من لە تەمەنی پێنج شەش ساڵییەوە دەخوێنمەوە، ئەوە بوو بە شێست ساڵ، بەوەش گەنجینەیەک لە مێشکم پەیدا بووە، ژیانی شاعیرەکانم خوێندوتەوە، ویستوومە بزانم سەرمایەداری و سۆسیالیستی جیاوازییەکانیان چییە، کامیان باشتر و گونجاوترە، ناسین و توێژینەوەی یەک هزر باش نییە. هەندێ لە فەیلەسوفەکانیان قسەیان کردووە، هزریان راگەیاندووە و کەسیش لێیان تێنەگەیشتوون، بەڵام پاش تێپەڕبوونی سەدان ساڵ ئینجا زانیوویانە ئەوانە چ خزمەتێکیان بە کۆمەڵ گەیاندووە.دوو جۆر رەخنە بوونی هەیە، هەیە بۆ بنیاتنانە و هەیە بۆ رووخاندنە. رەخنەی تێکدەر و شکێنەر هەیە، وا دەزانێت دەتوانێت بتروخێنێت، بتشکێنێت، نائومێدت بکات، بەڵام وا نییە ئەگەر مرۆڤەکە باش و هێمن بێت، بەهای خۆی بزانێت، بەوە ئیشی

باشـتر دەکات و چالاکانـە کۆشـش دەکات. ئەوانـە وا بیـر دەکەنـەوە وەک شـاعیرێکی عـەرەب گوتوویەتـی «ئەگـەر مـن لـە تینوویەتـی خنـکام، بـا هـەر بـاران نەبارێـت»، ئەوانـەش هەمـان بۆچوونیـان هەیـە! پێیـان دەڵێـم فاکتـەر و بـوار بدۆزنـەوە خۆیـان پـێ بگەیەنـن، ئینجـا دەتوانـن سـوود بـە خەڵکـی تـر بگەیەنـن.
زۆر جـار نووسـەر نووسـینەکەی دەدڕێنێـت، واتـە ئـەوەی بـە دڵ نییـە! دیـارە لەودەمانـەی بابەتەکـەت نووسـیوە مەزاجـت تـەواو نەبـووە. دوو سـێ رۆژ پـاش ئـەوە بابەتـی زۆر بخوێنـەوە، ئاسـایی بیـر بکـەوە ئینجـا دووبـارە بنووسـەوە، پـاش خوێندنـەوە و رامانـی زۆرتـر نووسـینەکە دەگۆڕێـت، وشـەکان بـە جۆریکـی تـر ساز دەبـن، هزرەکـە وەک جـاران نابێـت. نووسـین هەیـە لـە گەرمـەی ژیـان و رۆژانـەت دەینووسـیت، بـەڵام ناتـەوێ بـڵاوی بکەیتـەوە، دەتـەوێ پـاش مردنـت بـڵاو بکرێنـەوە.
لـە تووڕەیـی پێویسـتە بەرگـری لـە خـۆت بکەیـت، بـەڵام لـە تووڕەیی ئیـش بکەیـت و بنووسـیت، بـێ گومـان هەڵـە دەکەیـت. لەکاتـی تووڕەیـی لەنـاو مێشـکت ململانێیـەک پەیـدا دەبێـت، لـە شـیرازەکانی دەردەچێـت و لـە کەسـایەتی و دەروونـی خۆتـەوە دەردەچیـت، بۆیـە نووسـینەکانی ئەودەمانـە پێداچوونـەوەی دەوێـت. شـیعر بەهرەیەکـی خوداییـە، پرۆسـەیەکە گۆڕینـی هەسـتە بـە قەڵـەم و سـۆزیش بـە وشـە. نووسـینەکانم خەیاڵیشـی تێدایـە، ئەگـەر مـرۆڤ خەیاڵـی نەبێـت خەونیشـی نابێـت، ئەگـەر خەونـی نەبێـت هـزری نابێـت، بۆچوونـی نابێـت، ئیـتر ناتوانێـت هیـچ بـکات، دەتوانیـت خەیـاڵ بکەیتـە کارکـردن، بـە قەڵـەم بینووسـیتەوە، یـان کارێکـی

جوانـی پـێ بکەیـت.

پێشـمەرگە لەکـن مـن کەسـێکی زۆر پیـرۆزە، مـەرگ کۆتایـی ژیانـە، پێشـمەرگە واتـە مـردن بـۆ ژیـان، پێشـمەرگە بـۆ کوردسـتان دوور لـە هەڵچوونـی سیاسـی دروسـتکردنی ژیانـە، ئەوەنـدەی لـە دەسـتم بێت بـۆ پێشـمەرگە دەنووسـم. بەرخودانـی پێشـمەرگە دەبێـت ببێـت بـە مۆدیلێـک بـۆ هەمـوو جیهـان، بکرێتـە ئەخـلاق.

***

دەپرسـن کام لـە کتێبەکانـت خۆشـدەوێت، دەڵێـم هەموویـان، بـەڵام هەندێکیـان تەسـەوفی تێدایـە، کوردایەتـی و نیشـتمانییە، هەندێـک لـە کتێبەکانمـان بەڵگەنامەییـە، شـیعری غەزەڵـن، یـان نیشـتمانی، ئـەوەی هاتووتـە بیـرم نووسـیومە و دەینووسـم.

دەپرسـن مـن خـۆم لـە زۆر بـوار داوە، ئـەوەش قوورسـە، توانایەکـی رادەبـەدەری دەوێـت! منیـش دەڵێـم نـا قـوورس نەبـووە، ئـەوەی لـە مێشـکم هەبـووە لەسـەر کاغـەز دەرمبڕیـون و تـەواو. شـاعیر پێویسـتە رۆشـنبیر بێـت، هەسـتی جـوان بێـت، خوێنـدەوار بێـت، چونکـە بابەتـەکان دەکەونـە بـەر دیـدی رەخنەگـران، واتـە هەمـوو شـتەکان یـەک دیـو و یـەک دیـد نییـە، مـرۆڤ هەیـە سـۆفیگەرە، هەیـە نیشـتمانپەروەرە، هەیـە دڵـی پـڕە لـە رق و قیـن و ناشـیرین سـەیری دونیـا دەکات، گرنـگ ئەوەیـە بابەتەکـەت بـاش لـە فلتـەر بدەیـت و نیشـانی بدەیـت.

دەپرسـن بـاس لـە کتێبـی کوردسـتان بکـەم، دەڵێـم هەموو شـتەکانمان لـە کوردسـتان بـووە، گۆشـت و هەناسـە و لەشـمان لەسـەر ئـەو

خاکەیـە، کار بـۆ جوانـی ئـەو خاکـە دەکەیـن، بۆیـەش نـاوم لـەو کتێبە نـاوە کوردسـتان، راسـتە ئێمـە دەوڵەتمـان نییـە، بـەڵام کوردسـتان وڵاتـی ئێمەیـە. بوونـی دەوڵـەت لەنـاو ململانێـی سـەربازی و مـادی و مەعنـەوی و زانیـار خۆراگریـی دەوێـت، لەسـەر ئەوانـە زاڵ بیـت بەئاسـانی دەوڵـەت دروسـت دەکەیـت.

ئەی رۆژ ماندوو نەبووی لە سوتان
ئەی مانگ تەواو نەبووی لە سوڕان
نەوزاد نەبرژای بۆ ژیان
تا بتخۆن لە سەیران

لێکدانـەوەم بـۆ ئـەو پارچـە شـیعرەی خـۆم ئەوەیـە، رۆژ لـە سـوڕان ناوەسـتێت، مانگیـش وەسـتانی نییـە، منیـش خـۆم دەبرژێنـم چونکـە بـە خـاوی ناخورێـم. شـیعریش وەک خـواردن دەخورێـت، بـە چـاو و مێشـک، دیـارە مەبەسـتم لـە خـواردن خـۆراک و نـان نییـە.

***

لەو کتێبە «الموت»دا گوتوومە:

**ثلاث... في... ثلاث**

١. موت تشكيل الحياة

أ_ موت تشكيل

ب_ وموت فكرة

ج _ و.. . موت خيالة

٢ . موت مادة الحياة

أ _ الموت والخمود الذري

ب_ موت تطاير الجزئي من الذرة

ج - تطاير ... وانبعاث .. . وسكون الذرة.

_ ٣ موت... الموت

أ_ تداخل السالب ... بالموجب

ب_ سكون مطلق

ج_ انبعاث لاستنبات

***

والزمن... لاوجود له

والطاقة... مستدامة... دوارة

مليون سنة = لحظة

والطاقة = يسيطر على مسارات الحياة والموت

***

ئـەوە جۆرێکـە لـە تەسـەوفەکەی مـن، هەمـوو خەڵـک لـە مـردن دەترسـێت، مـن مـردن بـە دەرئەنجـام و تەواوبوونـی ژیـان دەزانـم.

١ _ زاخ و ناخ ئاخ

هەموو دەربەدەری شاخ
بە ئاگری کاری زۆردار
هەموو بویتە کاری ساخ
٢ _ داری داد مێوەی بەهەشتە
ئاوەدانی زاد ئاوێنەی سامانی راستە
٣ _ رۆژی کۆچم
نەکەن بکەن شینم
رۆژی کۆچم شاییە
نەکەن مەکەن یادم
بکەن یادم لە هەمووی شاییە
مردنیش دەبی شایی بێت.

*** لە ناخ چیندراو**

دەبڕۆ دەمت بدوێنیت
وەک بولبوڵ زاخ هەڵوێنێ
زاخت لە ناخ ئاخ و داخت چیندراوە
وەک هەنگ گوڵ ئەدوێنێ
ئەمژی ژانی ژوانی ژیانی
بۆ هەنگوینی رۆڵەکانی.

***

ئێمە تەنیا کتێبی شیعرمان چاپ نەکردووە، ١٧ کتێبمان بە زمانانی بێگانە چاپکردیتەوە، ئەو کتێبە کۆنانەی لەسەر دۆزی

کـورد نـووسراون بـڵاو کردیتـەوە، ئەوانـەم خسـتووتە بـەر دەسـتی توێژینـەوە و ناسـین. هەمـوو ئەوانـەش لـە وێپسـایتەکەم دانـراوە، دەتوانـن کۆپـی بکەنـەوە و بیخوێننـەوە.

***

لەگـەڵ نووسـینەکانم مانـدوو دەبـم، سـەرم ژان دەکات، وەک سـەرخۆش گێـژ دەبـم، بـەڵام دوایـی ئاسـوودە دەبـم. بۆیـەش بـە هەمـوو کـەس دەڵێـم بخوێنـەوە، بنووسـە بـەو پرۆسـەیە ئاسـوودە دەبیـت و گۆشـەیەکی روونـاک دەدۆزیتـەوە. بـا کـەس بـە خـۆی نەڵـێ نووسـەرم، شـاعیرم، بـا وەک مـن بڵێـن شـاعیر نیـم، هونەرمەنـد نیـم، بـا خوێنـەران بڕیـاری خۆیـان بـدەن.
شـیعری تایبەتی زۆرم بۆ «سـۆزان»ی هاوسەرم نووسـیوە، نووسینەکانم پـێ جـوان و خۆشـمدەوێن، یەکەمجاریـش بـۆ ئـەوم خوێندیتـەوە، هەموویـان رازی خۆشەویسـتی و دڵسـۆزییە. ئـەو هـاوکارم بـووە، کـە چوومەتـە نـاو ژوورەکـەم، نـاو کتێبـەکان ماڵەکـەی بـۆ هێمـن کـردوم، دەنگـم نەبیسـتووە، خزمەتـم دەکات و نـەرم نـەرم چـا و ئـاوم بـۆ دەهێنێـت و لـە نووسـین و ژوورەکـەم دوورم ناکاتـەوە، میوانەکانیشـم بەڕێـدەکات. خۆشەویسـتی وەک چیایـە، هـەر وڵات و کۆمەڵگەیـەک خۆشەویسـتی تێـدا نەبێـت، ئـاوەدان نابێـت.

*** قەڵای من**

هەولێر

قەڵای مان

خانەقای نەقشبەندی

سەعدوناوەی کورەچی

تەعجیلی بن جوو

تەعجیلی ئیسلام

محلەی عارەبی نانەوا

حەساری تەیراوە

ئاوی سێتاقان ... و... مفتاحی لێ دیار بوو

***

*** ئابڵوقەی ... هەولێریان دابوو**

هەموویان نیازیان وابوو

ئارەزووی کوردستانیان جیا بوو

ئاخ ... و... داخ

لە نەزانین

دوژمنی.. گشتمان.

***

*** رستەی فیکر**

چەند ... خۆشە ژان

رستەی فیکر... مێشک ... هونەر

ئەکات ئاسان

***

دیـار نییـه کـەی دەنووسـم، شـەوانە لـە خـەو هەڵسـاوم و دەسـتم داوەتـە قەڵـەم و کاغـەز، لـە هەمـوو گۆشـەیەکیماڵەکەمـان قەڵـەم و کاغـەزم دانـاوە، لەنـاو ئۆتۆمبێـل رامگرتـووە و شـتم نووسـیووە، نووسـین و شـیعر وەک بروسـک وایـە کـە دەرکـەوت دەزانـم دەبارێت و ئیـتر دەنووسـم.


«ئێمـە پێنـج شـەش ملیـۆن کەسـین، دەتوانیـن ببینـە کۆمەڵگەیەکـی نموونەیـی شارسـتان و وڵاتەکەمـان گەشـەدار بکەیـن».

# ٧٥
# دوكانی حاجی یەحیا

بەیانییە، واتە بەر لە بانگی نوێژی نیوەڕۆیە، چونکە دەزانم ئەگەر بانگ بدات، دوکاندارەکانی ناو بازاڕ و قەیسەرەکان دەچنە مزگەوت و پارچەیەک پەڕۆ بەڕووی کالاکانیان دادەدەن، دای دەپۆشن و دەڕۆن! نوێژ دەکەن و نان دەخۆن و چاش دەخۆنەوە، هەندێکیان چاویشیان گەرم دەکەن و دوادەکەون، بەر لە نوێژی نیوەڕۆ لەگەڵ برادەرێک بەدوای دوکانەکەی حاجی یەحیا بەزاز لەناو بازاڕ و نزیک قەیسەرییەکە دەگەڕێم، دەپرسم، یەکێک لە بەزازەکان جامخانەیەکم نیشان دەدات و تابلۆکە دەخوێنمەوە، دوکانی حاجی یەحیای لەسەر نووسرا بوو، بێ پاشناوی بەزاز یان باجگر، بەڵام دەزانم هاتوومەتە ئەو دوکانەی کاتی خۆی پیاوەکەی تازە لە دوکانەکەی باوکی جیابووە و ماڵیشی بردبووە قەڵاتێ، بەڵام زۆر ناخایەنێت ژنەکەی زێڕەکانی بۆ دەفرۆشێت و ئەو دوکانە دەکڕێت. ئیتر ئەوێ دەبێتە هەنگاو و بازاڕ و ناسینی یەکەمی بۆ خۆی و دواییش بۆ کوڕەکانی.

ئیمـڕۆش پـاش تێپەڕبوونـی نزیکـەی حەفتـا و پێنـج سـاڵ دوکانەکـە، بەزازییەکـە، دانیشـتن و میوانـداری و قومـاش و مەتـر و کەبـاب خـواردن و میوانەکانـی قـەراج و کەندێناوە و سیسـاوە و گوندەکانی تر نەمـاوە. حاجـی بـە کەشـیدە زەردەکـەی و قسـە نـەرم و شـیرینەکەی نەمـاوە. بـەڵام دوکانەکـە بـە رووبـەر و بـەرزی و پانـی و درێژییەکـەی مـاوە. دوکانەکـەی ئێسـتا بـووە بـە هەوارێـک بـۆ ناسـین و میوانـداری و هەڵواسـینی وێنـەی بازرگانەکانـی ئـەو بـازاڕە، بـەزازەکان، هەنـدێ لـە کەسـایەتییەکانی ئـەو بـازاڕە!


دیوێکـی دوکانەکـە، بـووە بـە ریکلامـی کۆمپانیاکانـی جیهـان، دوکانـە بچووکەکـەی بـەزازی بـووە بـە شـوێنی ریکلامـی چـا و شـاری مۆدێـرن و ئۆتۆمبێلـی ژاپۆنـی بـە هەمـوو مارکـە و قەبـارە و شـێوە و نرخەکانـی. لـەوێ پیاوێکـی خاوێـن، شـیرین پێشـوازیت دەکات، قـاوە یـان چایەکـت بـۆ بانـگ دەکات، بـەڵام زووتـر لـە سـەلاجە بچووکەکـەی نـاو دوکانەکـە گلاسـە ئاوێکـی فێنکـت دەداتـێ!




لقد تزوجت في ١٨/٢/١٩٤٢

١ ولده نوزاد في سنة ١٩٤٨ في شباط ٢٨
٢ ولده روناك في = ١٩٤٩ في التشرين الثاني ١٩
٣ ولده ازاد = = ١٩٥١ في كانون اول ٢٢
٤ ولده طلعت = = ١٩٥٣ في ازار ٢٠
٥ ولدة روباك = = ١٩٥٥ في ازار ١٩
٦ ولده صباح = = ١٩٥٧ في مايس ١٣ يوم الاثنين
٧ ولده خناو = = ١٩٦٠ = نيسان ٢٥ يوم الاثنين
٨ ولده سوزان = = ١٩٦٢ = نوفمبر ٤ سنة ١٩٦٢
٩ ولده مرده = = ١٩٦٥ = ١ حزيران
١٠ ولده لالو بنته آزاد يحيى سنة ١٩٧٩-٦-١٢ تشرين اول
١١ ولده محمد ابن ازاد يحيى ٢٢ نيسان ١٩٨٨ اليوم الخميس
١٢ ولد ريبال ابن ازاد يحيى في نيسان ٩٠
١٣ ولده بنت نولا د نالا في

دەستخەتی حاجی یەحیا و نووسینی ڕۆژانی لەدایکبوونی منداڵ و هەندێک لە نەوەکانی.


روزباش کاک یحیی

نامەی ئیحسان خاڵی دکتۆر نەوزاد بۆ حاجی یەحیا بەزاز.



بو برادەری خوشەویستم یحیی تقدیم

پاش سلام عزیزم ئەگەر احوالمان دەپرسی سلامەتین [illegible] الحمد لله طیب [illegible]

بەڵام [illegible] کە [illegible] ... وە پێنج دینار [illegible] وەرگرتا [illegible] لەگەڵ عمر [illegible]


[illegible] وەرگرە حوالەیان بدەرەوە

رجاءکم جواب [illegible] والسلام

مخلصت [illegible]


[illegible]

نامەیەک لە مەخموورەوە بۆ حاجی یەحیا.




نامەیەک لە دیانەوە سەبارەت بە نرخی مزاش و گەنم و جۆ.


چەند لاپەڕەیەک لە دەفتەر و حیسابات
و کاروباریی کۆنی حاجی یەحیا بەزاز، دە
نمونەمان وەرگرتووە:




نموونەی یەکەم




نموونەی دووەم




نمونەی سێیەم



نموونەی چوارەم





نمونەی پێنجەم




نموونەی شەشەم



نمونەی حەوتەم



الحاج سعيد خضر خياط

اربيل


اربيل في / / ١٩٥

تصرفنا على السيد ................................ المحترم

| فلس | دينار | نوع البضاعة | طول | يارده | متر | السعر | اللاحقات |
|---|---|---|---|---|---|---|---|

الغلط والسهو مرجوع للطرفين

نمونەی هەشتەم



(١)
اخطار أول

مصرف الرافدين

الى نورالدين خضر خياط

| تاريخ الخصم | رقم الكمبيالة | تاريخ الكمبيالة | تاريخ الاستحقاق | مبلغ الكمبيالة |
|---|---|---|---|---|
| ١ | — | | ١٦/١/٩٧ | ٢٠٠/- |


ان الكمبيالة المذكورة تفاصيلها قد خصمت لدينا يرجى تأشير ذلك ودفع مبلغها في تاريخ الاستحقاق مع تقديم هذا الاشعار عند الدفع .

كمبيالتكم لأمر

المجير الأخير - يحيى سعيد

طبع ٥ - ٩٦٧/٧

نموونەی نۆیەم



استمارة رقم ب - ٣٦

رقم المقياس

لجنة مشروع كهرباء / ماء

رقم القائمة

التاريخ

الى السيد

من الكهرباء / الماء المستهلك في

| السعر | فلس | دينار |
|---|---|---|
| | | |

تسجيل المقياس الكهربائي / المائي عدد الوحدات

الى ١٩٤

من ١٩٤

الوحدات المستهلكة في

اجرة المقياس

اجور اخرى

المجموع

عن لجنة كهرباء / ماء

ملاحظة : يجب دفع هذه القائمة خلال ١٥ يوما من تاريخ

نموونەی دەیەم

# ٧٦
# وێنە کۆنەکان

لەسەر دیوارێکی دوکانەکە وێنە هەڵواسراوەکان دوو بەشن، بەشێکیان تایبەتە؛ بە بنەماڵە و کوڕەکانی حاجی سەعید، هەر شەش کوڕەکەی. بەشەکەی تری تایبەتە بە کەسایەتیی زۆری ناو بازاڕەکە، زۆریان نەماون، بەڵام ناویان ماوە.

ناوەکان، وێنەکانی لە دیوارەکە هەڵواسرابوون، لەبەر زۆر شت و هۆکار و بۆنە دەناسرین؛ زۆریان منداڵەکانیان هاوڕێمان بوون. یان خۆیان ناویان هەبووە، دوکانەکانیان دیار بووە و دەست و مقەس و لوتف و مامەلەیان خۆش بووە. زۆریان کوڕەکانیان بوون بە بازرگانی گەورە، کۆمپانیایان هەیە، پارێزەرن، دکتۆرن، کۆشک و باخیان هەیە. هەندێکیان ئەفەندی و فەرمانبەری حکومەتیش بوون، هەندێکیان بێجگە لە بازاڕ و دوکانیش کەسانی چەپ و نیشتمانپەروەریش بوون. ئەوانەی لەوێ وێنەیان لەناو تەختە لاکێشەییەکە، لەناو چوارچێوەکان دانراوە؛ زۆربەیان لەو شارە مزگەوتیان بەناوە! مزگەوتی گەورەی بە منارە و گومبەتی بەرز و رووبەندی مەڕمەڕ، یان کۆنە مزگەوتێکی

بچووکیـان هەیـە، مێژووەکـەی سـەرووی حەفتـا هەشـتا سـاڵە بانگـی تێـدا دەدرێـت و دەیـان مـەلای تێـدا گـۆڕاوە! لەوانـە مزگەتـی حاجـی حەسـەن هیـدۆش، مزگەوتـی حاجـی نـوری، مزگەوتـی نورەدیـن موختـار، مزگەوتـی حاجـی جەمـال، مزگەوتـی نـوری بەقـاڵ، مزگەوتـی حاجـی یەحیـا، مزگەوتـی حاجـی تەهـا، مزگەوتـی حاجـی ... ئەوانـەی وێنەیـان لــەوێ هەڵــواسراوە بــازاڕ و بازرگانــی ئــەو شــارەیان هەڵســوڕاندوە. ئەوانــە پارەیــان هەبــووە، کاســبیيان کــردووە، دوکانــی بچووکیــان لــەو بـازاڕە گەورەیـەدا هەبـووە، بـەڵام لـە دەرەوە، لـە گەڕەکـەکان خانـووی گـەورە و دوکانـی زۆریـان هەبـووە، لـە گونـدەکان دەڕاسـە و تراکتۆریـان هەبـووە، بیـر و ناعوریـان لێـداوە، موڵکیـان لە گونـدەکان کڕیوە و ساڵانە تۆیـان کـردووە، سـەپان و پاڵـە و جووتیـار و سـەرکاریان هەبـووە. ئەوانـە منداڵیـان بـۆ خوێنـدن ناردوتـە دەرەوە و زۆریـان گەڕاونەتـەوە، کـەم کەم لەوانـە لـە وڵاتێکـی دوور گیرسـاونەتەوە، یـان لە خوێندن و گەشـتەکانیان سـەرکەوتوو نەبـوون و شـەرمیان کـردووە بگەڕێنـەوە.

ئەوانـە زۆریـان لەنـاو قـەڵات لـە دایکبـوون، دوایـی هاتوونەتـە خـوارەوە، سـەرەتا لـە خانەقـا و تەیـراوە و گەڕەکـی منـارە خانوویان دروسـتکردووە، دوایــی چوونەتــە گەڕەکەکانــی موفتــی و شــۆڕش و زانیــاری، خانــووی گەورەیـان لەسـەر نەخشـەی نوێـی هاوچـەرخ دروسـتکردووە. هەموویان مـردوون و فۆتۆیـان لـەو دوکانـە بچووکـە هەڵـواسراوە و ناویـان بەڕوونـی و بـە پیتـی گـەورە و دیـار نـووسراوە. لـەو دوکانـە بچووکـەدا نـاوی زۆر بوونـی هەیـە، بەیەکـەوە ئاماژەیەکـە بـۆ بازاڕێکـی گـەرم، دۆسـتایەتی زۆر، دۆســتایەتیی دێریــن و پیرۆزیــی مــۆزە بچووکەکــەی حاجــی یەحیـا، کـە ئەوانـەی یـاد کردیتـەوە.

# ٧٧
# تەلەفۆنە ڕەشەکە

مـن دەپرسـم چـی لـە کەرەسـتەکانی حاجـی یەحیـا لـەو دوکانـە بـۆ یـادگار و ناسـینەوە مـاوە؟ کوڕەکـەی فەرمانبـەری گرووپەکانـی جیهانـە و کاری تایبەتـی کردنـەوەی دوکانەکەیـە، پێشـوازی میوانـەکان دەکات، گوتـی:

ئـەو تەلەفۆنـە ڕەشـە هـی سـەردەمێکی زووە، حاجـی و کوڕەکانـی بەکاریـان هێنـاوە!

بەو تەلەفۆنە سڵاو و پەیام و هەواڵی زۆر هاتووە!

بـەو تەلەفۆنـە داوای دۆڵمـە و ماسـتاو و سـاوەر بـە گۆشـت و خواردنـی زۆر بـۆ دوکانەکـە کـراوە.

هـەر بـەو تەلەفۆنـەش داوای کەبابیـش بـۆ میوانـی گونـدەکان، ئاغـاکان، سـەپانەکان، ئەوانـەی هاتـوون جلـی جـەژن و بـووک و زاواش بکـەن لـە کەبابخانەکانـی حاجـی شـەوقی و کۆیـە کـراوە.

لـەو تەلەفۆنـە هەواڵـی کردنـەوە و تەواوبوونـی مۆڵەتـی کارگەکانیـان بۆ هاتـووە.

بـەو تەلەفـۆن باریـان بـۆ هاتـووە و پێیـان گوتـراوە بـارەکان لەکـوێ داگریـن.
بـەو تەلەفۆنـە ئـەوەی سـەرباز بـووە، ئـەوەی لـە شـارەکانا خوێنـدکار بـووە سـڵاو و داوای نـاردووە.
بەو تەلەفۆنە لەگەڵ دەرەوەش قسە کراوە!
تەلەفۆنـە رەشـە گـەورە بـە قوورسـە وایـە رەشـەکە، ئەوەنـدە جـوان و بــاش دانرابــوو، وەک میوانێکــی شــەرمن، وەک بتێکــی پیــرۆز!
خاوێـن و شـیرین و بەحورمـەت دانیشـتبوو، شـەرمی دەکـرد، تاقەتـی نەبـوو، یەکەمجـار بـوو ئێمـەی بینیبـوو، بۆیـە بێدەنـگ لـە گۆشـەی دوکانەکـە دانیشـتبوو.

***

**مێزە لووسەکە**

مێزەکـەی لەنـاو ژوورەکـە دانرابـوو، سـاجێکی سـووری خاوێـن بـوو، لـووس و پتـەو. ئەویـش مێـزی سـەردەمی حاجـی یەحیـا بـوو.
گومـان لـەوەدا نییـە لەسـەر ئـەو مێـزە هەزارەهـا تۆپـە قومـاش بـۆ کڕیـارەکان پانکراوەتـەوە، رەنگیـان جـوان و بـاش دەرکەوتـوون و بـڕاون، فـرۆشراون. پارچـە قوماشـەکان دڵـی منـداڵ و ژن و بـووک و پیریشـی خۆشـکردوون.
لەسـەر ئـەو مێـزە قومـاش بـە قـەرد و بـە حازریـش فـرۆشراوە.
قـەرزەکان، پـارەکان لەگـەڵ دەڕاسـە و دوورنـە و رەز و دارفرۆشـتن و میـوە دراون!
لەسـەر ئـەو مێـزە هەزارەهـا چـا و دیشـلەمە بـۆ میوانـی شـیرین بـە

حورمەتـەوە دانـراوە.
سـەرنانی خـواردن پانکراوەتـەوە و سـەفەرتاس کراوەتـەوە و خـواردن دانـراوە، نانـی گـەرم و بەتـام خـوراوە!
لەسەر ئەو مێزە حیسابی زۆر گەورە کراون، نامەی زۆر نووسراون!
لەســەر ئــەو مێــزە دەفتــەری قــەردارەکان بــەڕووی کڕیــارەکان کراوەتــەوە، زۆری نوێــی لەســەری نــووسراوە و قــەردی گــەورەش ســڕاوەتەوە، لاپــەڕەی نــوێ بــۆ کڕیــاری نــوێ کراوەتــەوە.
ئــەو دەفتــەرە مــاوە و لەکــن بنەماڵەکەیــان هەڵگیــراوە و شــانازی پێـوە دەکـەن. دەفتەرەکـە نـاوی زۆری تێدایـە، پـارەی زۆری لەسـەر نـووسراوە، بـە خەتـی جۆراوجـۆر، گـەورە و پـان و حوبـر و قۆپیـە و جافیـش ژمـارە و نـاو و پـارەی تێـدا نـووسراوە.

# ٧٨
# قاسەیەک بووە بە سەدان قاسەی گەورەتر

قاسـە گرانـە پتـەوە کۆنەکـەی حاجـی یەحیـا مـاوە؛ ئێسـتاش لـە دوکانەکـە گۆشـەیەکی داگیـر کـردووە، لەمێـژە شـوێنی ئـەو جێگەیـە بـووە، جـاران لـە پەنایـەک بـووە، زۆر بەرچـاو نەبـووە، بـەردەوام داپـۆشراوە. کلیلەکانـی لەنـاو گیرفـان و بـەر دەسـتی حاجـی بـووە. حاجـی دەسـتێکی لەسـەر گـەز و مقـەس و قومـاش، ئـەوی تـری لەنـاو قاسـەکە بـووە.

لـەو قاسـە پۆلاینـە کۆنـەدا؛ پـارەی کـۆن و وردە و ئاسـن و مـس و زەرد و درهـم و دینـاری تێـدا هەڵگیـراوە و مامەڵەیـان پێـوە کـراوە. ئـەو قاسـەیەی دامـاو و لاچـەپ دانـراوە؛ شـاهێدی قیمەتـی دینـاری عێراقییـە، کـە نرخـی چەنـد بـەرز بـووە، نرخـی بەرانبـەر دراوەکانـی تریـش چەنـد بـەرز بـووە، ئێسـتاش چەنـد دابەزیـوە، تەپیـووە و دادەبەزێـت و سـەرناکەوێتەوە، دابەزیـووە و کەوتووتـە نـاو زەڵکاویـش!

ئـەو قاسـەیە شـاهێدە؛ چەنـد پـارەی حـەلال هاتووتـە ئـەو دوکانـە و

گیرفانـی حاجـی و کوڕەکانـی، چەنـد لـەو پارەیـە براوەتـەوە ماڵـەوە، چەنــدان هــەزار لــە پارەکــە چوویتــە بەغــدا و دەرەوەی وڵات و بەردەوامیــش پــارەی زۆرتــری بــۆ هاتــووە.

لــە پــارەی ئــەو قاســەیەدا؛ پــارە ســەرفکراوە بــۆ کڕینــی موڵکــی بازرگانـی لەسـەر شـەقامە سـەرەکییەکانی نـاو شـار و زەوی کشـتوکاڵی لـە گوندەکانـی نزیـک شـار. بـەو پارەیـە باڵەخانـەی چەنـد نهـۆم و گـەورە دروسـتکراون، خانـووی گەورەیـان بـۆ خۆیـان دروسـتکردووە. پـارە لـەو قاسـەیە دەرچـووە؛ بـۆ هاوسـەرگیری منداڵـەکان، پارەیـان بـۆ مەسرەفـی نـەوزاد ناردوتـە موسـڵ، چاویـان لـەوە بـووە خوێنـدن تـەواو بـکات و ببێتـە دکتـۆر، لەنـاو باڵەخانەیەکـی خۆیـان کلینکـی پزیشـکی بکاتـەوە و نـاوی بـە گەورەیـی لەسـەر تابلۆیەکـی سـپی هەڵواسـێت.

لــەو قاســەیەدا؛ پارەیــان کــۆ کردیتــەوە بــۆ وەرگرتنــی مۆڵەتــی کارگــەکان، بــۆ کڕینــی مەکینــەکان، بــۆ هێنانــی ئەندازیــاری لێــزان و میکانیکـی بەهرەمەنـد لـە کۆریـا و ژاپـۆن و چیـن. لـەو قاسـەیە؛ پــارەی وەســتا و کرێــکارەکان دراوە.

ئـەو قاسـەیە بابـە گـەورەی سـامانەکەیان بـووە، کابـان و سـەرمایە و مــاڵ و ســەرچاوەکان بــووە، چەنــدان قاســەی لــێ پەیــدا بــووە. یـەک قاسـەیە سـەدان قاسـەی لێـوە بـووە. ئێسـتا قاسـەیان هەیـە لـە دەرەوەی ئـەو بـازاڕە، لەنـاو باڵەخانـەی گـەورەی چەنـد نهـۆم، لەنـاو ئۆفیسـی بچـووک، لەبـن دەسـتی کچـی پەنجـە ناسـکی بـەژن لاولاو و پیـاوی بـە تەمەنـی حاجـی سەرسـپیی خاوێـن.

لـەو قاسـەیە قاسـەی زۆر لەدایکبـووە. قاسـەیە هەیـە ملیۆنەهـا دۆلار

دەگرێـت، سـەدان بەڵگەنامـە و دیکومێنتـی تێدایـە.
لـەو قاسـەیە، چەنـدان قاسـەی گـەورەی بـووە؛ شـەو و ڕۆژ پاسـەوانی چوارشـانەی گەنجـی چەکـداری چاودێـری دەکـەن. قاسـەکان بـە دوو کلیـل دەکرێنـەوە، قاسـەکان لەنـاو دیـوار و لەگـەڵ بناخـە و لەگـەڵ ئاسـن و پـۆلا دارێـژراون.
قاسـەکان زۆرن و یەکـتری ناناسـن، زمانـی ئاخاوتنیـان زۆرە، کـوردی بـە هـەردوو زاراوە، بـە تورکمانـی و بـە تورکـی و بـە ئینگلیـزی و بـە عەرەبیـش کۆدەکانیـان لـێ دەدرێـن! لـە قاسـەکەی ئـەو دوکانـەوە سـەدان قاسـەی گـەورە و بچـووک لـە دایکبـوون.
ماوەیـەک لـە دوکانەکـە دادەنیشـم و قسـە لەگـەڵ فەرمانبەرەکـە دەکـەم، لێـی دەپرسـم کـێ سـەردانتان دەکات، ئـەو دەڵێـت:
خەڵـک زۆر دێـن، بـەردەوام میوانمـان هەیـە، ڕۆژنامەنووسـان دێـن، کەسـایەتییەکانی نـاو بـازاڕ سـەردامنان دەکـەن، ئێمـەش پێشـوازییان دەکەیـن و ئـەوەی بیزانیـن پێیـان دەڵێـن.
بـا ئـەوەم لەبیـر نەچێـت لـە لادیـواری بەرامبـەر دەرەوە و کۆڵانەکـە وێنەیەکـی سـیرامیکی زەردی گەشـی بەرەونەقـی قـەڵا و منـارەش بـە گەورەیـی هەڵـواسراوە و لەسـەر تابلۆیەکیـش بـە گەورەیی نـووسراوە: «هذا لفضل ربی» و «لشکرتم لئن شکرتن لازیدنکم»




پەیکەری یەکێک لە دروشمەکانی زانکۆی جیهان.

# ٧٩
# مەلا حەمەدەمین رەواندوزی

بەڕێکەوت هونەرمەندی هاوڕێم «ماهیر حەمەدەمین» دەبینم، پاش هەواڵ و دەنگوس و کەمێک گێڕانەوەی رازە کۆنەکانی سەرەتای نۆهەدەکان، کە لە شارەوانی هەولێر پێکەوە فەرمانبەر بووین. دەمەوێ باسێک بکەمەوە خزمەت بە کتێبەکەم بکات، ئەویش ببێتە لایەنێکی باش بۆ زۆرتر باسکردنی چاکە و دڵسۆزیی «حاجی یەحیا بەزاز» و منداڵەکانی لەگەڵ ئەوانەی لە کار و بزنسەکان هاوکار و هاوشانیان بوون. دەمزانی باوکی رەحمەتی ئەو، یەکەم مەلا و وتارخوێن و پێشنوێژی مزگەوتەکەی حاجی یەحیا بەزاز بووە لە مەنتکاوە، لێی دەپرسم، چۆن باوکت دەگاتە ئەو مزگەوتە و حاجی چۆن دەناسێت، تۆش چۆن باسی ئەو بنەماڵەیە دەکەیت؟

«دیارە ئەو هەرگیز بیری ئەوەی نەدەکردەوە، من یان هەر کەسێکی تر پرسیارێکی لەو جۆرەی لێ بکات، بەڵام لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکەم دوودڵ نەبوو، هەڵوەستەی نەکرد،

بەڕوویێکـی خـۆش و شـادمان وەڵامـی دامـەوە»
ئـەوەی مـن بزانـم و گوێـم لـێ بـووە، لەودەمانـەی باوکـی رەحمەتییم مـەلای مزگەوتـی گـەورەی رەوانـدوز بـووە، شـێخەکانی نەقشـبەندی لـە هەولێـر خۆشیاندەویسـت و هاموشـۆی لەگەڵیانـدا هەبـووە، سـەردانی کـردوون. بۆیـەش لەسـەر راسـپاردەی ئـەوان بـە رەحمەتـی حاجـی یەحیـا دەڵێـن؛ ئەگـەر لـە مەلایەکـی بـاش دەگەڕێـت بـۆ مزگەوتەکـەت، ئـەوە مـەلا حەمەدەمیـن رەوانـدوز بـدۆزەرەوە، داوای لـێ بکـە ببێتـە مـەلای مزگەوتەکەتـان، ئـەو شایسـتەی تۆیـە و بەیەکـەوە دەگونجێـن. ئیـتر حاجـی یەحیـا دەنێرێـت باوکـم لـە دوکانەکـەی لەنـاو بـازاڕی دەچێتـە خزمەتـی و سـەردانی دەکات، بەیەکـەوە لەسـەر کارەکـە دانوسـتان دەکـەن و رێکدەکـەون. ئـەوەش بـۆ باوکـم و ئێمـەش هاتنـە هەولێـری پێویسـت بـوو، دەبوایـە لەبـەر خوێنـدن و کارکـردن بێینـە شـاری هەولێـر. پاش ئـەوە و لەسـەر داوای رەحمەتـی حاجـی یەحیـا ماڵـمان دێتـە نـاو خانووەکـەی لـە تەنیشـت مزگەوتەکەیـان بـۆ مەلایـان دروسـت کردبـوو.
باوکـم مـەلای مزگەوتەکەیـان دەبێـت و لەنـاو خانووەکەشـیان دەژین، تـا ئەودەمانـەی باوکـم نەخـۆش دەکەوێـت، تەمـەن و نەخۆشـییەکە بـواری نـادەن پیشـەکەی بەڕێکوپێکـی جێبەجـێ بـکات، بۆیـە داوا لـە منداڵەکانـی حاجـی یەحیـا دەکات، وا باشـترە مەلایـەک بدۆزنـەوە و بیهێنـە سـەر مزگەوتەکەتـان و بـا پێشـنیوێژتان بـۆ بـکات، مـن ئیـتر توانـام نەمـاوە! ئەوانیـش داوای لـێ دەکـەن ماوەیـەک چـاوەڕوان بکـە و دوعـات بـۆ دەکـەن چـاک ببێتـەوە، بـەڵام باوکـم دەیزانـی ناتوانێـت، بۆیـە داواکـەی دووبـارە و سـێبارە دەکاتـەوە و ئەوانیـش

مەلایەکـی تـر دەهێنـن. مەلاکـە دەوامـی خـۆی دەکات و لـە دەرەوەی مزگەوتەکـەش خانووێکـی بـۆ بەکـرێ دەگـرن و هاتوچـۆی مزگەوتەکـە دەکات، بەوەیـان باوکـم پێـی ناخـۆش دەبێـت، ئـەو لەنـاو خانووێکـی نـاو مزگەوتەکـە بژیـت و لەوێـش مەلایەتـی نـەکات و لەنـاو هەولێریـش خانووێکـی هەیـە، بۆیـە کـە کوڕەکانـی حاجـی یەحیـا سـەردانی دەکـەن پێیـان دەڵێـت:

کوڕەکانـم، مـن نامـەوێ لەنـاو ئـەو خانـووەدا بـم و ئێـوە خانووێکـی ترتـان بـۆ مەلاکەتـان گرتـووە، هەروەهـا لـە ئەوقافیـش خانەنشـین بـووم و چیـتر پـارەی ئێـوەم ناوێـت.

بـەو قسـەیە، بـە داواکـەی باوکـم هـەر چـوار کوڕەکـە یەکسـەر بـە باوکـم دەڵێـن:

مامۆسـتا هیواداریـن تەندروسـتیت بـاش بێـت و ئاگات لە تەندروسـتی خـۆت بێـت و ئێمـەش هاوکاریـت دەکەیـن، نامانـەوێ ئـەو جـۆرە قسـانە بکەیـت، تـا تـۆ لـە ژیانـدا مابیـت لـەو خانـووە دەبیـت و مانگانـەش موچـەی ئاسـایی خـۆت لـە ئێمـە وەردەگریـت و خزمەتـت دەکەیـن!

ئیـتر باوکـم دەمێنێتـەوە و پـاش ماوەیەکـی کۆچیـی دوایـی دەکات، پـاش تەواوبوونـی پرسـەکە و تێپەڕبوونـی ماوەیەکـی زۆر، دایکـم بـە کوڕەکانـی حاجـی دەڵێـت:

کوڕەکانـم مـن چیـتر حەقـم نەمـاوە لـەو خانـووەدا بژیـم و موچـە لـە ئێـوە وەربگـرم، بۆیـە دەمانـەوێ خانووەکـە چـۆل بکەیـن و چاکـە و خێـری ئێوەمـان زۆر وەرگرتـووە و تـەواو.

دیسان کوڕەکان بە دایکم دەڵێن:

دایـە گیـان ئێمـە ئـەو خانووەمـان دابـووە مامۆسـتا و ئەویـش نەماوە، بــەڵام مــەلاژن مــاوە و لێــرە دەبێــت و مانگەنەکەشــی دەمینێــت، تەمەنـی تـۆش درێـژ دەبێـت و دوعـاش بـۆ سـەلامەتی تـۆش دەکەین، نامـەوێ ئـەو قسـەیە ببیسـتینەوە و خزمەتـت دەکەیـن!

لــە کۆتایــی قســەکانی ماهیــر دەڵێــت: ئێمــە بــەو شــێوەیە ئەوانــە دەناســین و لەبیرمــان مــاوە چــۆن رێــزی دایــک و باوکــی ئێمەیــان گرتــووە و چەنــد ئێمەیــان خۆشویســتووە.

## ٨٠
# بەر لەوەی بگەڕێمەوە سوید

ئیمـڕۆ ٢٠٢٢/١/٣١ و پـاش ئـەوەی لـە رۆژی ٢٠٢١/١١/١٥ دەسـت دەکـەم بـە دیـدار و هەڤیەپیڤـن و ناسـین و دیمانـە لەگـەڵ دکتـۆر نـەوزاد، دوا دیـداری لـە هەمـان ئۆفیسـە تایبەتییەکـەی لـە نهۆمـی چوارەمـی باڵەخانەیەکـی نـاو زانکۆکـە لەگەڵـدا دەکـەم.

لەبـەر ئـەوەی بڕیـارە بگەڕێمـەوە سـوید، دەمـەوێ لەو دیـدارە کورت و خێرایـە چەنـدان بابــەت و پرسـیار بورووژێنـم و بیاننووسـمەوە؛ زووو بـە دکتـۆر دەڵێـم ئیمـڕۆ چوومـە سـەردانی دوکانەکـەی حاجـی یەحیـای باوکـت لەنـاو بـازاڕ، ئـەوەی کـراوە بـە مـۆزە بنەماڵەکەتـان و هەنـدێ لـە کەسـایەتی شـارەکە، لـەوێ وێنـەی یەکێـک لـە مامەکانـی باوکـت دەبینـم، تـەواو بـە جلـی کـوردی مـوراد خانـی و سـەرووەی چۆغـەی کـر و مشـکی و پشـدێنی گـەورە و کـەڕک و ئـاکاری نیمچـە شـکاک یـان پیاوێکـی ئـەو کوێسـتانانەی خۆمـان بێـت دەبینـم. وێنەکـەی ئـەو لـە تـەواوی وێنەکانـی باوکـت و مامەکانـت و باپیریـت وەک جلوبـەرگ جیـاوازە! ئـەو گوتـی:

ئـەوە مامـی باوکـم بـووە؛ حاجـی نورەدیـن «١٩١١_١٩٩١» ئەویـش دوکانـدار بـووە، هـەر لـەو بـازاڕە دوکانـی هەبـووە. ئـەو حـەزی بـەو پۆشـاکە بـووە.

لەو دیدارەدا ویستم پرسیارەکانم خێرا و کورت و تایبەت بن:

مـن دەپرسـم: دکتـۆر تـۆ کەسـێکی سـەرمایەدار و خـاوەن زانکۆیەکـی ئەهلـی گـەورە و بەشـدار لـە گرووپەکانـی جیهـان، چـۆن کاتـت دەبێـت، یـان بڵێـن بـۆ بیـر لـە فڵچـە و تابلـۆ و ڕەنـگ دەکەیتـەوە؟ «تکایـە لەسـەرخۆ وەڵامـم بـدەرەوە» ئەگەرچـی مـن دەمویسـت زۆر بیـر بکاتـەوە، ئـەو زوو گوتـی: تابلـۆ بـۆ مـن فیکـرە، لەگـەڵ تابلـۆ دەچمـە نـاو ئیشـەکە و خـۆم لەبیـر دەچێـت، خەیاڵـم پـاک دەبێتەوە، تابلۆیـەک دەکـەم ناتوانـم دووبـارەی بکەمـەوە، نازانـم بـۆ تابلۆکـەم کـردووە، هیچـم لـە بیـر نامینێـت، بـەڵام ئەوەنـدە دەزانـم زۆر بەختیـارم! دەچمـە نـاو سرووشـت، وا دەزانـم تابلـۆ بەشـی کتێبێکـە! ئـەو دەیویسـت زۆرتـر ڕوونکردنـەوە بـدات، بـەڵام مـن زوو دەپرسـم کـەی دوا تابلـۆت کـردووە؟

ئـەو دەڵێـت: دوێنـێ شـەو! تابلۆیەکـم تـەواو کـرد، سـێ سـەعات ئیشـم تیـدا کـرد، بەتەنیـا لـە گەلەرییەکـەم بـووم، لـە نهۆمـی ژێـرەوە، بەتەنیـا کـە ئیـش دەکـەم سـەگەکەش دەڕواتـەوە سـەرەوە، بـەڵام بەر لـەوەی بـڕوات هـەردوو ژوورەکـە دەپشـکنێت، کەلوپەلـەکان بـۆن دەکات، کلکـی بـا دەدات، هەڵوەسـتەیەک دەکات و کـە بۆنـی ڕەنـگ دەکات دەڕوات. «بۆقـی» سـەگەکە منی خۆشـدەوێت، لە «شـیرین»ی کچـم زۆرتـر منـی خۆشـدەویت، هـی ئەوەیـە، بـەڵام مـن زۆرتـر نـازی دەکێشـم و خواردنـی باشـتری دەدەمـێ، سیسـتەمی خواردنەکـەی

دەشـكێنم، بۆیـە زۆرتـر هاوڕێیەتـی مـن دەكات!
دەپرسم ناوی سەگەكە لە چییەوە هاتووە، بۆڤی، بۆ؟
ئـەو بـە سـۆزەوە وەڵامـم دەداتـەوە و هەسـت دەكـەم لـە قسـەكانی گەرمـی و بیرەوەرییـەک هەیـە، دەڵێـت:
نــاوی ســەگەكە پەیوەنــدی بــە مامزێكــەوە هەیــە، ئێســتا تــۆش یەكســەر دەپرســیت ئــەو دوو گیانــەوەرە بــۆ و چــۆن؟
منیـش دەڵێـم؛ زوو باوكـم «كاكـم» مامزێكـی هەبـووە، دیـارە باسـی سـەردەمێكی كـۆن و سـاڵانی زوو دەكـەم، باوكم لەگـەڵ جووتیارەكانی كەندێنـاوە دۆسـتایەتییەكی گەرمـی هەبـووە، ئەوان بێچـووە مامزێكی بــە دیــاری بــۆ دەهێنــن! مامزەكــە ســاوا بــوو، پێویســتی بــە شــیر دەبـوو، هەمووومـان لـەماڵـەوە بـە شـیر و ماسـتاو بەخێـوی دەكەیـن، مامزەكــە گــەورە دەبێــت، هەمووومــان خۆشمادەویســت، ئەویــش هۆگرمــان ببــوو، خۆشــمان دەویســت،ناومان نابــوو بۆڤی.مامزەكــە دەچــووە دەرەوە، دەهاتــەوە ماڵــەوە. ئەودەمانــە بەرانبــەر ماڵــمان لەســەر شێســتەمەتری چــۆڵ بــوو، مــن زۆر جــار دەمــبردە دەرەوە و نــاو دەغــڵ و دانەكــەی نزیكــمان. ئەودەمانــە پشــت شێســتمەتری چۆڵەوانـی بـوو. مامزەكـە جـوان دەلـەوەڕا و نـەرم نـەرم لەگـەڵ مـن دەگەڕایــەوە ماڵــەوە. هەمووومــان هۆگــری ببوویــن، كــە باوكــم بــە دیـاری بـۆ «عەونـی یوسـفی بـردە بەغـدا كـە سیاسـەتمەدارێكی كـورد بـوو، لـە سـاڵی ١٩٠٨ لـە هەولێـر لەدایكبـووە، لە سـاڵی ١٩٦٠ لەسـەر بەشـی كـورد لـە حكومەتـی عێراقـی وەزیـر بـووە، لەسـەر كوردایەتـی گیـراوە و لـە كاری پارێزەریـی زۆر بەرگریـی لـە سیاسـییە كـوردەكان كـردووە، بـەڵام دوایـی وازی لـە سیاسـەت هێنـاوە، خەریكـی پارێـزەر

و سەرپەرشـتی موڵکەکانـی کـردووە و زۆرتـر لـە بەغـدا ژیـاوە» هەمووەمـان پێـمان ناخـۆش بـوو، بـەڵام نەدەکـرا دڵـی ئـەو بشـکێنێت، ئەویـش لـە بەغـدا مەراقـی ئەسـپ و مامـز و پەلـەوەر بـوو، باخـی تایبەتـی هەبـوو!

***

مـن لێـی دەپرسـم رەگەزنامـەی تورکـی بـە یەکێکـی ئەڵمانـی یـان وڵاتێکـی تـری ئەوروپـی دەگۆڕیتـەوە؟ ئەویـش یەکسـەر دەڵێـت: نـا بـۆ بیگۆڕمـەوە! بـەو رەگەزنامەیـە سـوودی زۆرم بینیـووە، لـەوێ کاسبی زۆرمـان کـردووە، شارسـتانیەتی تورکیـش لـە ئەڵـمان و وڵاتانـی ئەوروپـی کەمـتر نییـە، زمانـی تورکیـش گرنگـە، بـە پاسـپۆرتەکەیان دەتوانـم بـێ ڤیـزا گەشـتی نزیکـەی پەنجـا دەوڵـەت بکـەم! بێجگـە لـەو رەگەزنامەیـە لـە سـاڵی ۲۰۰۱ەوە ئیقامـەی دوبییـم هەیـە، ئاسـان دەچمـە ئیماراتـی عەرەبـی.

لەگەڵ نوێژ و رەمەزان چۆن بوویت؟

لـە سـاڵانی ۱۹٦۲ نوێـژم کـردووە، لەنـاو بـازاڕ و مزگەوتـی گـەورەی نـاو بـازاڕ ئاشـنایەتی باشـم لەگـەڵ مەلاکـەش هەبـووە. لەودەمانـە نوێـژم کـردووە، ئـەو ماوەیـەی دکتـۆر بـووم و کارم سـەخت بـووە، نەمتوانیـووە بـەرۆژوو بـم، ئەگەرنـا بـەردەوام و هـەر لـە سـاڵی ۱۹٦۱ەوە رۆژووم گرتـووە!

کـەی و چـۆن دکتـۆر ئەمجـەد سـەرۆکی زانکـۆی جیهانـی هەولێـر دەناسـن؟

لەگـەڵ دامەزراندنـی زانکۆکـە هاوکارمـان بـووە، ئـەو شـارەزایی لـە

زانکۆی ئەهلی هەبووە. من دەست لە کاروباری زانکۆکە وەرنادەم، ئەوان ئیشی خۆیان بەپێی بەرنامەیەک دەکەن و رازیمە! جاران زانکۆکان قوتابخانە و رێبەرایەتی زانیاریی و توێژینەوەکان بوو، حوکمەت و ئەوان وڵاتیان بەڕێوە دەبرد، ئێستا کۆمپانیاکان ئەوە دەکەن، کۆمپانیا گەورەکان ئەوە بە سەرکەوتوویی دەکەن. من وا دەزانم پێویستە زانکۆ وەک گوگول هەموو زانیارییەکی تێدا بێت، ئەوە بەرنامە و هیوای منە، زانکۆ گوگول بێت!

تابلۆیەکت هەیە بە ناوی شێرکۆ بێکەس، بۆ ئەوەت کردووە، چی ئەوت خوێندوتەوە؟

کەسایەتی و شیعرەکانی ئەو و قسەکانی کاریگەریی لەسەرم هەبووە. شێرکۆ بێکەس، کەم کەم شتی ئەوم خوێندوتەوە، کاریزمایەکی تایبەتی لە پەیڤەکانی هەیە، بۆیە ئەوم وەک گۆزەیەک کردووە، دڵۆپ دڵۆپ شەرابی لێ دەتکێت!

ئەگەر سەرپشکت بکەن، داوا بکەن هەوارێک بۆ گەشتیاری و بۆ جوانی و ئاسوودەیی دروست بکەیت لەکوێ دەتەوێ، کام شوێن هەڵدەبژێیت؟

من گەلاڵەم دەوێ، لەوێ لەو هەوارە جوانەی ماوەیەک تێدا ژیاوم، بەرامبەر چیای سەکران، بەرامبەر بەفر و کوێستانەکان، لەناو باخ و رەزەکانیان! دەمەوێ و حەز دەکەم لەوێ هەوارێکی سادەم هەبێت، هیچ چیمەنتۆی تێدا نەبێت، ئاسنی لەناو نەبێت، ماوە ماوە چەند سەعاتێک لەوێ لەگەڵ ژمارەیەک کەسانی شیرین و خۆشەویست بژیم. زۆریش حەز بە ژیانی ناو چیاکانی توروس دەکەم.

**ناخۆشترین ڕۆژم**

لــە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٣١ لــە کۆچڕەوەکــە، ئێمــە دەربازمــان نابێــت، لەنــاو ماڵەمــان مابووینــەوە، حــەرەس جمهوریــی لێــمان دێنــە ژوورەوە، ماڵەکەمــان دەپشــکنن و ســوکایەتییمان پــێ دەکــەن و ســەباحی بــرام دەگــرن و دەیبــەن، زوو دەگەمــە ســەربازگەکە، کــن گــەورە ئەفســەرەکان، تێیــان دەگەیەنــم مــن دکتــۆرم و لــە بەغــدام و زۆر لــە بەرەکانــی شــەڕ ئیشــم کــردووە و هەرگیــز تێکەڵــی سیاســەت نەبوویــن، ئیــتر بــەوە دەتوانــم ســەباح دەربــاز بکــەم. « مــن دەپرســم پارەیــان ویســت» ئــەو لــە وەڵامــدا گوتــی:

نەخێــر لەبــەر داوای مــن ئازادیــان کــرد و بــە ســەلامەتی هێنامــەوە!

ئــەو ڕۆژە ناخۆشــترین ڕۆژانــی ژیانــم بــووە.

خۆشترین ڕۆژەکانی ژیانم:

ئەو ڕۆژەی لەگەڵ سۆزان مارەبڕین دەکەم!

ئــەو ڕۆژەی یەکــەم منداڵــمان بــە ســەلامەتی دەبێــت، نــاز، دوایــی کــە یەکــەم کــوڕم دەبێــت، میــران. زووش ڕۆژی تەواوکردنــی خوێندنــم و تەواوبوونــم، ڕۆژی بوونــم بــە دکتــۆری پســپۆڕ، هەروەهــا ڕۆژی یــازدەی ئــازادی ســاڵی ١٩٧٠ ڕۆژانێکــی خــۆش بــوو، وا دەزانــم ئــەو ڕۆژە و ئــەو پێشــهاتە سیاســییە کۆتایــی شــتەکانە، بــەڵام دەرکــەوت ســەرەتای شــتەکان بــوو، لــەو ڕۆژەوە ڕووداوەکان هەنگاو و ســتراتیژیی تــر وەردەگرێــت.

کــە باســی ڕۆژە خۆشــەکان و ناخۆشــەکانمان کــرد، بــا باســی ڕۆژە خەمبارەکانیــش بکــەم:

ئـەو ڕۆژەی دایکــم مــرد، زۆر خەمبــارم بــووم، دوایــی کــە باوکــم دەمرێــت، خەمبــار دەبــم.

***

**چۆن خێر و چاکە دەکەن؟**

ئێمـە وەک بنەماڵـەی باجگـر مەعهـدی حاجـی یەحیا بـۆ لەبەرکردنـی قورئانــی پیرۆزمــان دانــاوە، مانگانــە نزیکــەی چــل هــەزار دۆلارمــان بـۆی تەرخانکـردووە، ئـەو پـارە لـە مامۆسـتایانی ئاینـی و قوتابییەکانی زانکــۆ و کەســانی هــەژار و بێــوەژن و پەککەوتنــەکان ســەرف دەکەیــن. دەزگــەی خێرخــوازی حاجــی یەحیــا کاری خێرخــوازی و یارمەتیــدان دەکات، ڕۆژانــە ١٢٠٠ ژەمــە خــواردن دروســت دەکات و بەســەر کەســانی نــەدار و برســی و هــەژارەکان دابــەش دەکات، شـوێنی تایبەتیـمان بـۆ ئـەو دەزگەیـە و بۆنـەی ژنانـەی ئاینیـی هەیـە، ئەوەشــمان بــە نــاوی دایکــمان حاجــی مەکییــە کــردووە.

لــە ڕۆژانــی بڵاوبوونــەوەی کۆرۆنــا و کۆڤیــد دەزگــەی خێرخــوازی حاجــی یەحیــا هــاوکاری باشــی دەزگــە تەندروســتییەکان دەکات، کەرەســتەی زۆری چارەســەرییان بــۆ دابیــن دەکات، لــە هەنــدێ بواریــش پــارەش دەدات.

بەنیـاز نیـن مۆزەیەکـی تایبـەت بـە هونـەر و کەلەپـوور لەنـاو هەولێر بکەنەوە؟

لەمێــژە بیــر لــەوە دەکەمــەوە، پێویســتە لــەو شــارە مۆزەیــەک هەبێـت، شـارێکی وا گـەورە مۆزەیەکـی تێـدا نەبێـت. مـن زوو داوای قشـڵەی سـوارم کـرد، حەسـارەکە پـاک بکەمـەوە، نۆژەنـی بکەینـەوە

و دەسـتکارییەکی سـادەی بکەیـن، بـە مەرجێـک ئـاکار و شـێوازەکانی نەگۆڕێـت، ئـەوە بکەینـە مۆزەیەکـی گـەورە، بـا چیـتر کـەلاوە نەبێـت، ئـەو شـوێنە هەوارێکـی دێرینـی ئـەو شـارەیە، لەنـاو جەرگـەی شـارە، ناوەنـدی گەڕەکـی عارەبانـە، شـوێنەکە زێـد و هـەواری خەڵکێکـی زۆری ئـەو شـارەیە. گەڕەکەکـە زوو لە سـییەکان و چلـەکان گەڕەکێکی گـەورەی ئـەو شـارە بـووە، هەمـوو نەتـەوە و ئایـن و کولتـووری تێـدا بـووە. قشـڵەی سـواری، یـان حەسـاری سـاڵحە سـووری دەکـرێ ببێتـە مـۆزە و سـەنتەرێکی نمایـش و ئاهەنـگ و فیسـتیڤاڵ و گەلـەری. بەداخـەوە قبووڵیـان نەکـرد، داواکەیـان ڕەتکردینـەوە و ئێسـتاش داخـراوە و ڕۆژ بـەڕۆژ زۆرتـر دەرووخێـت و وێـران بێـت.

ویسـتم کۆنـە خانووەکـەی باپیـرم لـە گەڕەکـی تەعجیـل موڵکـی خۆمانـە بکەمـەوە مۆزەیەکـی بەرچـاو و شـوێنەکەش جەرگـەی بـازاڕە، بـەڵام گوتیـان ناکـرێ بەتەنیـا ئـەوە چـاک بکرێتـەوە ناوچەکـە کەلاوەیـە، کـەی ناوچەکەمـان نۆژەنکـردەوە، ئێـوەش دەتوانـن لەسـەر مەرجەکانـی ئێمـە ئیشـی خۆتـان بکـەن.

دەرئەنجـام ئیـش دەکـەم بـۆ دروسـتکردنی مۆزەیەکـی کەلەپـوری هونـەری لەنـاو شـاری هەولێـر و نەخشەسـازیی بـۆ دەکەیـن و هیـوادارم ئەوەمـان پـێ جێبەجـێ بکرێـت، ئـەوەش دەکەیـن بەمەرجێـک کار لـە گەلەریـی و نمایشـەکانی زانکـۆی جیهـان نـەکات، کـە بـەردەوام پێشـانگە و نمایشـی هونـەری تێدایـە.

# ٨١
# خەلەف ئەلحەبتور

شـەوانە کـە لـە سـوید دەبـم و ئەنتەرنێتەکـەم خێراتـرە و زۆرتـر پـەرۆش و عەودالـی دیمانـەکان دەبـم؛ دیمانـەی ژن و پیاوان؛ نووسـەر و دکتـۆر و زانـا و گەریـدە و زۆر بابەتـی لـەو جـۆرە، بایوگرافیـا و سـەربردەیان سـەرەنجم رادەکێشـێت، بـەڵام کەمـتر سیاسـەت، حـەز لـە دیـداری سیاسـییەکان ناکـەم.

لـەو شـەوانە سـەیری دیدارێکـی «جومانـە حـەداد» ژنـە شـاعیر و نووسـەر و فێمنیسـتی لوبنانـی دەکـەم، کـە زۆر لـە بابـەت و هـزری شـارەزام، زۆربـەی ژمارەکانـی گۆڤـاری «الجسـد» و کتێبەکانـی ئـەوم دیـوە، هەندێکـم خوێندوتـەوە. ئـەو راشـکاوانە قسـە و هـزری بـۆ ریـکاردۆ کـەرەم «نووسـەر و دانوسـتانکار و دێبێتسـازی لوبنانـی لەدایکبـووی فنزویـلا و دەرچـووی زانکـۆی ئەمریکـی لـە لوبنـان» روون دەکاتـەوە و قسـەکانی ئازایانـە دەکات.

ئـەو تـەواو دەبێـت دەگەمـە دیدارێـک ژنـە راگەیانـدکاری میـسری لەمیـس ئەلەحەدیـدی لـە کەناڵـی «cbc»ی میـسری بەرنامـەی

«هنـا العاصمـه» لەگـەڵ ملیاردێرێکـی ئیماراتـی «خەلـەف ئەحمـەد ئەلحەبتـور»ی تەمـەن حەفتـا و سـێ سـاڵ، دیدارەکـەی لـە سـاڵی ٢٠١٧ کردبـوی؛ لـەوێ ئـەو پیـاوە بـاس لـە کات و کۆشـش و کار و پـارە و بەرنامەکانـی ئیشـکردنی دەکات، لـە دیدارەکـە دەڵێـت:

بێجگـە لـە پرۆژەکانـم لـە بـواری بیناسـاز و بازرگانـی و عەقـارات و زانکـۆ و خوێندنگـەی تایبەتیـی زۆرم هەیـە، ئەوەیـان بـۆ پێگەیاندنـی نەوەکانـی میللەتەکـەم دەکـەم، پـارەی زۆریشـم لـەو بـوارە سـەرفکردووە، بەبـێ ئـەوەی هیـچ قازانجێکـم کردبێـت، پـارە سـەرف دەکـەم و شـادمانم بەوەیـان دەتوانـم سـوود بـە میللەتەکـەم بگەیەنـم. چونکـە پـارە سـەرفکردن لـە بـواری قوتابخانـە و زانکـۆکان بەردەوامـی دەوێـت، سـاڵانە بابـەت و کەرەسـتە و تاقیگـەی نـوێ پەیـدا دەبێـت، تـۆش دەبێـت بیانگـۆڕیـت و شـتی نـوێ پەیـدا بکەیت، مـن سـەرمایەگوزاری لـە بـواری فێرکـردن بـە بەهـا دەزانـم، نـەک بـۆ قازانـج، ئـەوە بزنـس نییـە، دڵـم پێـی خۆشـە کـە دەزانـم کـچ و کـوڕان لـە هەمـوو رەگـەز و ناسـنامە و ئاینـەکان تیـدا فێـر دەبـن، لـە دوبـی ملیۆنەهـا درهمـم لـەوە سـەرفکردووە.

خەلـەف ئەحمـەد ئەلحەبتـور کتێبێکـی بـە نـاوی «السـیرە الذاتیـە ٢٠١٣ Khalaf Ahmad Al Habatoor The» چاپکـردووە، «Autobiography» لـەو دیـدارە و لـە مەبەسـتی قسـەکانی ئـەوەم بەبیـر دێتـەوە لەگـەڵ دکتـۆر نـەوزاد باسـی زانکـۆی جیهانمـان کـردووە، یـان دەمـەوێ ئامـاژە بـەو رازانـە بـدەم کـە لـەو کتێبـە باسـکراوە؛

لـە چەنـد بۆنـە و رۆژی دیدارەکانـم لەگـەڵ دکتـۆر نـەوزاد باجگـر

ئەمینـداری زانکۆکانـی جیهـان گوتوویەتـی:
ئـەو زانکۆیەمـان بـۆ پێگەیاندنـی میللەتەکەمـان بـووە، مەبەسـتمان پـارە و قازانـج نییـە و نەبـووە. ئێمـە بـەردەوام پـارەی لـێ سـەرف دەکەیـن و دەسـتکەوتمان نەبـووە، هـەر لـە سـاڵی ٢٠٠٧ەوە تـا ئیمـڕۆ بەرنامـە و نەخشـەمان بـۆ ئـەوە بـووە زانکـۆی جیهـان زۆرتـر ببێتـە شـوێنی زانسـت و فێربـوون. منیـش وەک سـەرۆک موچـەم نییـە، دڵـم لێـرە خۆشـە و بەردەوامیـش ئیـش بـۆ گەشەسـەندنی دەکـەم.
لـە دیدارێکـی تایبەتییـمان لـە ماڵـی دکتـۆر نـەوزاد، خاتـوو سـۆزان شـەریف جامبـاز هاوسـەری دکتـۆر نـەوزاد گوتـی:
دکتـۆر زۆر دڵـی بـەو زانکۆیـە خۆشـە، تـا ئێسـتاش یـەک درهمـی لـەو زانکۆیـە وەرنەگرتووە!

# ٨٢
# ئێمە وەک مەولانا رۆمی و شەمسەدینی تەبریزیین

بـۆ زۆرتـر باسـكردنی كەسـایەتی دكتـۆر نـەوزاد تەلەفۆن بـۆ نزیكترین هـاوڕێ و خـزم و كەسـی ئـەو دەكـەم، ئەندازیـار و هونەرمەنـد «بورهـان سـابیر». ئـەو زۆرتـر لـە خەڵكـی تـر دەیبینێـت، زۆرتـر بەیەكـەوە قسـە دەكـەن، سـەفەر دەكەن، شـەوچەرەیان پێكـەوە زۆرە، گـوێ لەیەكـتری دەگـرن، هەردووكیـان فڵچـە و رەنگیـان خۆشـدەویت. ئـەوان بـە دیـار رەنـگ و چوارچێـوە خەیـاڵ دەبـن! هەردووكیـان بزنـس دەزانـن، ئاشـنایەتی كاسـبی و سـەرمایەن! بـەڵام دوا جـار دەگەڕێنـەوە سـەر هونـەر و رەنـگ و خەونـی چالاكـی هونـەری.

بـە تەلەفـۆن یـەک سـەعات قسـە دەكەیـن، زۆر پرسـیار دەكـەم و ئەویـش بەدرێژیـی بابەتـەكان بـاس دەكات، من رایدەگرم و قسـەكانی چڕتـر دەكەمـەوە، پرسـیار و مەبەسـتەكەی بـۆ روونده‌كەمـەوە، دێتـەوە نـاو بابەتـی وەڵامـی پرسـیارەكەم و دەڵێـت:

ئێمـە لەگـەڵ دكتـۆر، بێجگـە لـە خزمایەتـی برادەریـن. یەكـەم كارمـان وەک بزنـس و پـارە بەیەكـەوە لـە سـاڵی ١٩٨٨ لـە موزایدەیەكـی

حکومـی کارگەیەکـی قیـر لـە شـاری حیلـە دەکڕیـن. مـن شـارەزاییم لـەو کارگـە و ئیشـانە هەبـوو، لـەوێ ئاسـانتر دەمانتوانـی کارگەکـە ئیـش پـێ بکەیـن، بـەڵام لەبـەر بارودۆخەکـە، لەبـەر پێشـهاتەکانی پـاش راپەڕیـن کارگەکەمـان لەناوچـوو! ئیـتر ئـەوە یەکـەم ئیشـمان بـوو و تـەواو و دووبـارەی ناکەینـەوە.

ئـەو لـە بەغـدا و تورکیـا دەگەڕێتـەوە هەولێـر، ئیـتر زۆرتـر بەیەکـەوە دەبیـن، قسـە لەسـەر هونـەر و میدیـا دەکەیـن. باسـی کردنـەوەی دەزگەیەکـی تەلەڤزیۆنـی دەکەیـن، قسـە لەگـەڵ بیرۆکـەی زانکـۆی جیهـان دەکەیـن.

دکتـۆر پیاوێکـی پاکـە، زوو بـڕوا دەکات و سـادەیە، بـەڵام هـەر لـەو ڕووانگـەوە بەرنامەکانـی جێبەجـێ دەکات، رق و کینـەی نییـە، منیـش لـەو بڕوایـەوە کاری لەگەڵـدا دەکـەم، لەیەکـتری زۆر نزیکیـن، هزرمـان نزیکـە! بۆچوونمـان هاوشـێوەیە! لەنـاو خێزانەکەمـان زۆرتـر لەگـەڵ ئـەو هـاوڕێ و هاوبیـرم. دروسـت و تـەواو لەگـەڵ ئـەوە بـووم زانکـۆی جیهـان دامەزرێنێـت، ئێسـتاش دەمـەوێ بگاتـە ئـەو قەناعەتـە مۆزەیەکـی گـەورە دروسـت بـکات، مۆزەیـەک بێـت، نمونەیەکـی نـاوازە بێـت لەنـاو هەولێـر و کوردسـتانیش! هـەر ئـەوەش دەبێتـە سـەرمایەکی مـەزن بـۆ خـۆی و بنەماڵەکەیـان.

سـەبارەت بـە رەنـگ و هونـەر و تابلۆکانـی دکتـۆر نـەوزاد، مـن لێـی دەپرسـم پەیوەنـدی و خزمایەتـی و هاوڕێیەتـی ئێـوە وا نـاکات ئـارەزووی منداڵـی و حـەزە کۆنەکـەی بـۆ شـێوەکاری زینـدوو ببێتـەوە و بگەڕێتـەوە سـەر تابلـۆ و شـەیدای شـێوەکاری بێـت و هـزر و بۆچوونـە تایبەتییەکانـی بـە شـێوازی تایبەتـی خـۆی دەرببڕێـت! ئـەو

لـە وەڵامـدا دەڵێـت:

مـن نمونەیەکـت بـۆ دەهێنمـەوە مسـتێک گەنـم لەنـاو شووشـەیەک بکـە، جێـی بهێڵێـە و ماوەیەکـی زۆر چـاوەڕوان بکـە، دانەیەکیـان چەکـەرە نـاکات، ناتەقێـت، نابێتـە رەگ و قـەد و باسـک تـا ئـاوی نەدەیـت، تـا لەنـاو خاکـی نەچێنیـت!

لێـی دەپرسـم هیـچ لـە تابلۆکانـی دکتـۆر نـەوزادت لەنـاو ماڵەکـەت هەڵواسـیوە!؟ ئـەو دەڵێـت:

مـن وا دەزانـم تابلـۆ بـۆ جوانـکاری نییـە، بۆیـەش هیـچ تابلۆیەکـم لەنـاو ماڵەکـەی خۆشـم هەڵنەواسـیووە، هـی خۆشـم لەنـاو ماڵەکـەم نییـە! هیـچ فۆتۆیەکـمان دانەنـاوە.

ئێمـە وەک زانکـۆی جیهـان و بـە پشـتیوانی دکتـۆر نـەوزاد بـە قـەد وەزارەتـی رۆشـنبیری کار و چالاکـی هونـەری دەکەیـن، شـێوەکار، پەیکـەر، سـیرامیک، گرافیـک، بەڵگەنامـە، سـەکۆی ئـازاد، دیـواری ئـازاد، پەروەردەیـی هونەریـی، زمـان، کردنـەوەی پێشـانگە، کۆکردنـەوەی هونەرمەنـدان، سـتۆدیۆی دەنـگ، کـۆڕ و سـیمینار و ئیڤێنیـت و دیـدار و ... چالاکییەکانمـان لەگـەڵ ئـەوەی ریکلامـی بەخۆڕاییـە بـۆ زانکـۆش، جووڵـە و لڤینـی کۆمەڵایەتیـی هونەرییـە. ئێمـە لەگـەڵ دکتـۆر نـەوزاد پێش ئـەوەی خـزم بیـن، برادەریـن، زۆرتر برادەریـن، هاوڕێیـن و هزرمـان نزیکـە و پشـتیوانین! دوا شـت دەڵێـم؛ ئێمـە بەیەکـەوە وەک مەولانـا رۆمـی و شەمسـەدینی تەبریزین.

# ٨٣
# خانەی ئەرشیف و بەڵگەنامەکان

لە ساڵی ٢٠١٥ لە تورکیا بووم سەنتەرێکی زۆر گەورەی بەڵگەنامەی عوسمانی دەبینم، دەمزانی هەموو زانکۆکان سەنتەری توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیان هەیە، بیر دەکەمەوە ئێمە لە زانکۆی جیهان ئەوە بکەین، با خۆمان دەزگەیەکمان بۆ ئەو مەبەستە هەبێت، دیارە بابەتە کۆنەکان نیشاندانی راستییە کۆنەکانە، شاهیدی راستییەکانن، لەوانە خۆمان دەدۆزینەوە. پاش ئەوە سێ مامۆستا دەنێرمە ئەستنبۆڵ، لەو سەفەرە و لە کاروانی یەکەمی ئەو سەردانە دەتوانن ٥٥٠٠ بەڵگەنامە کۆپی بکەن و لێیان بکڕن، بەوەش بیر دەکەینەوە بنکەیەک بۆ هەڵگرتنیان دامەزرێنین، پێویستە ئەوەش لەسەر بنچینەی زانستی بێت، پرۆفیشناڵ بێت، بەڵگەنامەکان ناسکن، کۆنن، پێویستە جوان بپارێزرێن. ئەوەش دەبێتە سەرەتایەک بۆ هەڵگرتن و پاراستنی بابەتە کۆنەکانی خۆمان، ئەوانەی لەناو کوردستان و لە عێراق بوونیان هەیە، ئەوە دەکەین و دەست دەکەین بە وەرگێڕانی بەڵگەنامە عوسمانییەکان

بـۆ زمانـی کـوردی، خاتـوو ئاشـتی ڕەحـمان و هەمـزە ڕەحـمان کاری بـاش دەکـەن و ڕەنجـی زۆر لـەو بابەتـە دەکێشـن.

مـن لێـرەوە دەڵێـم پێویسـتە هەمـوو زانکۆیـەک، هەموو سـەنتەرێکی ڕۆشـنبیری بنکـەی ئەرشـیڤی هەبێـت، تـا ڕادەیـەک هەمـوو خێزانێـک ئەوەیـان هەبێـت. هەمـوو بەڵگەنامـەکان کۆکـەرەوە، لەنـاو ئەوانـەی دژت بـوون، ئەوانـەی نەیـارت بـوون، بزانـە ئـەوان چییـان نووسـیوە، هەڵسـوکەوتیان چـۆن بـووە، لەنـاو بەڵگەنامەکانیـان بابـەت دەدۆزیتـەوە، زۆریـش بابەتـی پێچەوانـەی زانیـن و بابەتە ئاسایيەکان لەنـاو بەڵگەنامـەکان دەدۆزیتـەوە.

وا دەزانـم تەکنەلۆژیـا نوێیـەکان بواریـان ئاسـان کـردووە بەڵگـەی بـە قیمـەت بدۆزینـەوە، کـۆ بکەینـەوە، ئاسـان دەسـتمان دەگاتـە هەمـوو گۆشـەیەکی جیهـان، لـە هینـدەوە تـا دەگاتـە مۆسـکۆ و بەغـدا و لەندەنیـش... هەمـوو کەسـێک دەتوانێـت ئـەوە بـکات، لەنـاو گـوگڵ و ئایـکلاود، لـە ئەرشـێڤی زانکـۆکان، ڕێکخـراوە مەدەنییـەکان، ئینجـا حکومـەت و وەزارەتەکانیـش دەتوانـن ئـەوە بکـەن. کـۆ کردنـەوەی ئەرشـیفیش پسـپۆری دەوێـت، ئـەوەی ئێمـە کردومانـە دەکـرێ ببێتـە پێشـەنگ بـۆ لایەنەکانـی تـر، زانکۆکانـی تریـش.

بـەڵام ئـەوەی گرنگـە لـەو بـوارە پێویسـتە هەمـوو لایەنـەکان سـوود لـە ئەزموونـی ئەوانـی تـر وەربگـرن، بەیەکـەوە کار بکـەن، ئەوانـەی لەنـاو سـلێمانی، دهـۆک هەیـە، ئەوانـەی لەنـاو مزگەوتـەکان مـاون، لـە ماڵـەکان بـێ خزمـەت دانـراوە و زۆریـش ون دەبـن و دەدڕێـن پێویسـتە بـە دەسـت و چاوێکـی زانسـتیانە هەڵسـوکەوتیان لەگەڵـدا بکرێـت، ئەگـەر ئیمـڕۆ قیمەتیـان نەزاندرێـت، ڕۆژێـک دێـت سـوودی

زۆریـان دەبێـت.

مــن خێزانــی زۆر دەناســم دیکۆمێنتەکانــی نــاو خێزانەکانیــان وەک پــارە و خشــڵەکانیان جــوان و بــە قــەدر هەڵدەگــرن، ناهێڵــن کــەس ســەیریان بــکات، ئــەوەش هەڵەیــە، بــەڵام ئــەوە دەڵێــم پاشــماوەی بــاب و باپیرانــت بــووە بــە موڵکــی وڵاتەکــە، شــارەکە، بەوانــە کاروان و مێــژووی شــارەکە دیــار دەکەوێــت.

دائیــرەکان بەڵگەنامــەی کۆنیــان مــاوە، داوامــان کــرد کۆپیــان بکەیــن، گوتیــان ناکــرێ ئەوانــە کۆپــی بکرێــن، گوتمــان ئەوانــە کۆنــن و هەندێکیــان مێژوویــان دەگەڕێتــەوە ســەردەمی عوســمانییەکان، ئیــتر قبووڵیــان نەکــرد، نــەوەک دەســتکاری بکرێــن. ئەوانــە و کەلوپەلــی نــاو ماڵەکانمــان، مافــوور و جاجــم و وردەواڵــەی پیرەژنەکانمــان، هەموویــان پێویســتە هەڵبگرێــن و دەســتکاری نەکرێــن.

بەڵگەنامەکانمــان کردیتــە کــوردی، خەڵــک پەرۆشــن و دەیانــەوێ بیانخوێنــەوە، دەیانــەوێ بزانــن بــاب و باپیرانــی چــۆن ژیــاون! هەموومــان بــەش بەشــکردووە، ناوچــە بــە ناوچــە. هەنــدێ لــە بەڵگەنامــەکان مــن بڕواشــم پێیــان نییــە، هەیــە لەســەر فەرمــان و راســپاردەیەکی عوســمانی دەرچــووە، چــی لەوانــە مەزنــدە دەکرێــت، بــەڵام ئێمــە ئەوانەمــان بــە ئەمانەتــەوە وەرگرتــووە و کردومانەتــە کــوردی و بڵاومــان کردونەتــەوە، ئــەوان لــە دیدی عوســمانی نــووسراوە و دەرچــووە.

مــن ئارەزوومــە کتێبــی کــۆن بکــڕم، پــارەی زۆر لەوانــە ســەرف دەکــەم، چەنــدان کتێبــی ســەدەکانی حەڤــدە و هــەژدەم کڕیــوە، گرنــگ نییــە بــە چ زمانێــک نــووسراوە، باشــترین بەڵگــە بــۆ ســەلماندنی بوونــی

کوردستان و سنوورەکانی میزوپۆتامیا نەخشەیە! نەخشەی کۆنمان بە دیاریی دابووە سیاسەتمەدارانی کورد، ئەوانە زۆر بە نرخن. لە ئەنتیکەخانەکان شتی کۆن دەکڕم و لە گوگل بەراوردیان دەکەم و دڵنیا دەبم کۆنن، نەخشەیەکی کۆنی ساڵی ١٦٨٤ی زاینیمان کڕیوە، ناوی کوردستانی لەسەرە، لە تورکیا و هۆڵەندا و بەلژیکا و ئەڵمانیاش شتی کۆن دەکرم، مەوسوعیەکی بریتانی ساڵانی ١٨٣١_١٩٧٩ بە ئینگلیزی لە ئەرشیفی بریتانی دەکڕم، هیوام وایە سوود لەوانە وەربگرین.

داوا لە هاوڵاتیان، لە کارمەندانی زانکۆکانی کوردستان دەکەم، ئەوانەی بە سەردان و بە گەشتی زانستی دەچنە وڵاتانی هیند و تورکیا و ئێران، ئەوانەی دەچنە شارەکان بەدوای شتەکانی باس لە کوردستان دەکات بگەڕێن، ئەوە ئەرکی هەموو کەسێکە، بەوەش مێژووی دێرینی نەتەوە و ناوچەکەمان زۆرتر دەناسین و شارەزا دەبین. ئێمە میللەتێکی زیندووین، وڵاتەکەمان ماوە و زیندووە، کۆچمان پێکراوە و ئازاریان داوین، بەڵام کەلەپوورمان هەر ماوە. ئەرشیفی زانکۆکەمان، چاپکراوەکانمان بووە بە مایەی خۆشحاڵی کەسانی شارەزا و مامۆستایانی زانکۆ و بووە بە سەرچاوەی توێژینەوەکان، بەڵگەنامەکان بەردەستن بۆ سوودی گشتی.

# ٨٤
# ئۆلد تاون «Old Town»

لـە وڵاتـی ئێمـە خانـوو کـۆن بێـت، تەمەنـی بگاتـە سـەرووی سـەد ساڵ دەیروخێنن و نۆژەنیدەکەنەوە، سـەرلەنوێ لەسـەر نەخشـەیەکی مۆدێـرن دروسـتی دەکەنـەوە! شـار و گەڕەکـی کۆنمـان نەمـاوە. ئـەوەش بـە حکومـەت و پەرلەمـان دەکرێـت، بـە یاسـا جێبەجـێ دەکرێـت، کۆنـەکان دەبێـت تـازە بکرێنـەوە، نمونەیـان دابنرێـت و هەبێـت. خانـووەکان بـە کەرەسـتە کۆنەکانـەوە بکرێنـەوە، نیشـان بدرێـن و ببنـە نموونـە بـۆ رابردوومـان لـە شـارە گـەورەکان، لـە شـارە کۆنـەکان خانـوو مـاوە لەسـەر دەرگەکـە، لەبـەر کۆڵانەکـە نـووسراوە، لێـرە فلانـە شـاعیر، نووسـەر، کەسـایەتی گـەورەی نەتەوەکەمـان لەدایکبـووە، یـان ماوەیـەک تێـدا ژیـاوە. ئێمـە لـە زانکـۆی جیهـان دیوەخانـی کوردەوارییـمان دروسـتکردووە، کەرەسـتەی کۆنمـان دانـاوە، مەنجـەڵ و مافـور و جاجـم و جەنجەرمـان دانـاوە، فۆتـۆی زۆری کۆنمـان دانـاوە، ئـەوەش رەسـەنایەتی و ئایندە بەیەکـەوە گـرێ دەدەیـن و لەبیریـان ناکەیـن. ئەگـەر دوێنـێ جەنجـەر بەکارهاتـووە

و بــووه بــه كەلەپــوور و لەنــاو مــۆزه دانــراوه، دڵنیــام لــه ســاڵانی داهاتــوو تراكتۆریــش دەخەنــه مــۆزه و كــۆن دەبێــت. لــه دونیــا مــۆزەی كەرتــی تایبەتیــش هەیــه، ئــەوه بەتەنیــا ئەركــی حكومــەت نیــه، ئەركــی هەموومانــه شــتی كــۆن و كەرەســتەی جــاران بپارێزیــن. گازانــدەم لــه مامۆســتا و قوتابییــان هەیــه كــەم ســەردانی مۆزەكانمــان دەكــەن، وەرن لــه دیــداری ئــەو شــته كۆنانــه ئاســوودە بــن، كەمێــك پشــوو بــدەن، مــن لــەو شــته كۆنانــه هەناســه هەڵدەكێشــم و دڵــم دەكرێتــەوه. لەنــاو بــازاڕ دوكانێكــی خۆمــان دانــاوه وەك مــۆزه و بــووه بــه ئەرشــێف، قوتابخانــەی ئەربیــل ئــولا بــووه بــه مۆزەیەكــی بــاش، خەڵــك زۆر ســەردانی دەكــەن، كارێكــی باشــی حكومەتــه، منیــش لــەوێ شــتم دانــاوه. هیــوادارم لــه شــارەكانی تریــش ئــەو جــۆره مــۆزه هەبــن و زۆر بــن.

لــه زانكۆكانــی تارانیــش بەڵگەنامــەی زۆرمــان هێنــاوه، مێــژووی دەوڵەتــی فــارس هــەر لــه قاجارییەكانــەوه، تــا دەگاتــه ســەفەوییەكان و شاهەنشــا و دەوڵەتــی ئیســلامییەوه، ئەوانەمــان ئامــاده كــردووه و بەگوێــری مێژووەكانیــان ترجمەیــان دەكەیــن و دەیكەیــن بــه كتێــب. لەوانــه بابەتــی لەســەر كوردســتانیش تێدایــه،

هەنــدێ لــه بەڵگەنامــەكان بریتانییــه، بــه زمانــی ئینگلیــزی نــووسراوه، بێگومــان لەبەرژەوەنــدی خۆیــان نووســیویانه، هەروەهــا عوســمانییەكانیش بەڵگەنامــەی زۆریــان هەیــه، ئەوانیــش لــه بەرژەوەندیــی خۆیــان نووســیویانه بــەڵام بەپێچەوانــەی یەكــتری نــووسراون، ئێمــه دەوڵەتمــان نەبــووه، بۆیــەش ئێســتا دەتوانیــن بۆچوونــەكان، لەســەر ئــەو دوو بۆچوونــه شرۆڤــه بكەیــن، بــەوەش

بگەینــە حەقیقەتێــک.

***

مێژوومـان لەسـەر بـەرد نووسراوە و بەردەکان گوزارشـت لـە مێژوومان دەکات، مێژوومــان لەلایــەن وڵاتانــەوە نــووسراوە، وڵاتمــان لەبــن دەسـتی خۆمـان نەبـووە، ئەوانـەی خۆمـان گوتوومانـە و نووسـیومانە، مـەم و زیـن و خـەج و سـیامەندە، حەیرانەکانـە، لاوەکەکانـە، مـن مـەم و زیـن و داسـتانە دڵدارییەکانـم کـردوون بـە تابلـۆ! هیوامـان زۆرە ئـەو داسـتانانە لەنـاو زانکـۆی جیهـان بـە چەنـدان شـێواز نیشـان بدەیـن.

لەبـەر رۆشـنایی ئـەو پەنـدەی دەڵێـن هــەر شــتێک هەڵیبگریــت زەمانـی دێـت. هەولێرییـەکان گوتوویانـە کا هەڵگـری زەمانـی دێـت، واتــە هەمــوو شــتێک رۆژی دێ و ســوودی دەبێــت. دانەیەکــی قورئانــی پیرۆزمــان هەیــە مێژووەکــەی دەگەڕێتــەوە ســاڵی ١٩٥٥. دانەیەکـی کۆنـی قورئانمـان هەیـە سـەدەی هەژدەمـە، لـە عەرەبـی کـراوە بـە تورکـی. لـەو ئەرشـێفە دەمـەوێ بەشـێکی تایبـەت بێـت بـە هەولێـر، ئامادەیـن هەمـوو بەڵگەنامەکانـی دەفرۆشرێـن، ئەوانـەی نایانـەوێ بەخۆڕایـی بیبەخشـن لێیـان دەکڕیـن و سوپاسـیان دەکەیـن، ئەگـەر هـەر نـا دەتوانیـن کۆپیـان بکەیـن. سـی چـل کتیبـی بەرنامـە و پرۆگرامـی کۆلێژەکانمـان چاپکـردووە، مامۆسـتا و قوتابییـەکان سـوودی لـێ وەردەگـرن. چەنـدان کۆنـە فەرهەنـگ و کتێبـی ئاینیـمان هەیـە، لەنـاو کتێبـە کۆنەکانـی نـاو ئەرشـێفەکەمان کتێبـی پزیشـکی کۆنمـان هەیـە. فەرهەنگێکــی کۆنــی فەرەنســییمان هەیــە، مێژووەکــەی

دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٨٠٠ی زاینی، ئەوان دەوڵەت بوون، شتیان زۆرە. دیاریی و کتێبی کۆنی ژاپۆنیمان هەیە، ئەگەرچی زمانەکە نازانین بەڵام دڵمان بە چاپ و شێوازەکانی دەکرێتەوە، کتێبی خۆرهەڵات و خۆرئاوامان هەیە. کتێبمان هەیە ساڵی ١٥٨٩ی زاینی لەسەرە. من کە دەچمە وڵاتان لەناو مۆزەکان دەگەڕێم، لەو شوێنانە کەلەپووری نەتەوەکانی تێدا هەڵگیراوە، زۆر لەو شوێنانە دەمینێمەوە و نامەوێ بچمە دەرەوە و نانی نیوەڕۆش لەوێ دەخۆم، کە دەچمەوە هوتێل یەکسەر دەکەوم، ماندوو دەبم. کتێبەکان بە هەر چەند بێت، بەس بە پارە بێت دەیکڕم! ئەو کتێبانەی دەیانکڕم، بە هەردوو زمانی کۆن و نوێی تورک لەسەر کوردە، باس لە کوردستان دەکەن، ئەوانە دەکڕم. لە تاران چەندان فایلی کۆنمان بۆ هاتووە، هەموو لەسەر کوردن، هیوادارم ئەوانە بکەینە کوردی و چاپ بکرێن و بگەنە دەستی خوێنەران و سوودیان هەبێت. ژمارەیەکی زۆر نامەی دکتۆرا و ماستەرمان پاراستووە، قوتابییان دەتوانن سوودیان لێ وەربگرن، بەو بۆنەیەش داواکارم زانکۆکان ئەو نامانە بدەنە زانکۆ و ئەرشیفەکان و بکەونە بەر چاوی گشتی.

ئەتلەسێکمان هەیە، باوەڕپێکراوترین ئەتلەسە لە جیهان، هەموو جیهان بە شار و وڵاتەکانی تێدایە. لەو ئەتلەسەدا دیارە وڵاتەکان سنووریان چۆن بووە، کام شار هەبووە و کامیان نەبووە و دیار نییە، ئەوە ئەسپانیا، پورتگاڵ، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست!

کە دەپرسن ئەو هەموو سەرچاوە و کتێبانەت بۆ چییە؟، من دەڵێم ئێمە زانکۆمان هەیە، ئیتر بوار دەدەن و ئاسانکاریمان بۆ

دەکـەن. نەخشــەی تـەواوی گالاکســییمان هەیــە، کۆمەڵــەی رۆژی تێدایــە، راســتە ئێمــە کوردســتانی خۆمــان خۆشــدەوێت، هەمــوو سەرزەمینیشــمان خۆشـدەوێت، دونیـا موڵکـی هەمـوو مرۆڤایەتییـە، ئەوەیـان نەخشـەی تـەواوی گەردوونـە، لـەو گەردوونـە بـا کۆشـش بکەیـن و شـتە باشـەکان کـۆ بکەینـەوە و لـە شـت و بەرنامـە و هـزری خراپیــش دوور بکەوینــەوە.

# ٨٥
# خانووە کوردەوارییەکانی ناو زانکۆی جیهان

بـۆ نووسـینی ئـەو کتێبـە سـوودم لـەو دیـداره تەلەڤزیۆنانـە وەرگرتـووە، کـە ڕۆژنامەنـووس «کارزان جەمـال» لەگـەڵ دکتـۆر نـەوزاد باجگـر ئەنجامـی دابـوون. بەشـی یەکەمـی دیدارەکـە لـە ٢٠٢٠/١/٢٧ لـە تەلەڤزیۆنـی جیهـان بڵاوکرابـووە. دیـدارەکان سـێزدە بـەش بـوون، تایبـەت بـوون بـە ڕۆژانـە و ژیـان و کار و چالاکییەکانـی دکتـۆر نـەوزاد باجگـر.

پـاش ئـەوەی بـە وردی دیـدارەکان لەلایـەن «هەمـزە ڕەحـمان»ی فەرمانبـەر لـە زانکـۆی جیهـان دەنووسرێتـەوە، لەنـاو نووسـینەکە چەنـد بڕگەیەکـی لەسـەر خانـووە کوردییـەکان و کەلوپەلـە میللیەکانی نـاو زانکـۆ لـێ هەڵدەبژێـرم:

ئـەو گونـدە کوردەوارییـە بیرۆکـەی خۆمـە، لـە وەرزی هاویـن ئـەو ژوورانـە فێنکـن و زسـتانیش گەرمـە، چونکـە بـە خۆڵـی سـوور و دیـواری ئەسـتوور دروسـتکراون، باخەوانەکانمـان لـە نـاو زانکـۆ خشـتەکانیان بـڕی، ئیشـەکەیان جـوان و پوخـت بـوو. دەمانـەوێ

ئەوەمـان لەبیـر بێـت باپیرانمـان چـۆن ژیـاون، ژیانـی جـاران چـۆن بـووە! راسـتە جوانـە بـەڵام سـەختیش بـووە. یـان دەمانـەوێ ئاماژەیـەک بـەوە بدەیـن؛ کۆمەڵگـە چەنـد پێشـکەوتووە، مـرۆڤ چ جـۆرە گۆڕانکارییەکـی لـە هەمـوو بـوارەکان کـردووە.

راسـتییەک هەیـە ئـەوەی رابـردووی نەبێـت داهاتووشـی نابێـت، لەسـەر ئـەو بنەمایـە ئێـش دەکرێـت، بـا شـتە کۆنـەکان لەبیـر نەکەیـن، لـەوەش مەبەسـتم نییـە لـە رابـردوو بژیـن، بـەڵام بـا ئەوانـە بـبن بـە نمونـە، لەسـەر ئەوانـە بڕیـاری خۆمـان بدەیـن.

مـن ویسـتوومە هەمـوو ئامرازەکانـی ژیـان بەیەکـەوە ببەسـتمەوە، گونـد و رۆژانـە تەنیـا خانـوو و مـاڵ و مـرۆڤ نییـە، دار و درەخـت و سـەوزایی ژیـان ئاسـوودە دەکات، ویسـتوومە ئـاژەل و پەلەوەریـش لەنـاو سرووشـتەکە بوونـی هەبێـت، ژیـان بەیەکـەوە تـەواوە. بـەوەش حەقیقەتـی ژیـان نمایـش دەکرێـت.

ویسـتوومە باڵنـدە و پەلەوەرەکانمـان لـە زانکـۆ و باخچەکەمـان بـەڕەڵا بـن، بـا بـە ویسـتی خۆیـان بلەوەڕێـن، نامـەوێ لەنـاو قەفـەس بـن، بـە منداڵـی مامـزم هەبـووە، زۆر باڵنـدەم کـەوی کـردووە و لەنـاو دەسـتم دانیـان خـواردووە، حـەزم لێیـە.

میوانەکانمـان چەنـد سـەیر تاقگەکانمـان دەکـەن و دڵیـان خۆشـە، ئەوەنـدە بـەو گونـدە کوردەوارییـە دڵیـان دەکرێتـەوە، کـە دەزانـن ئێمـە رابـردووی خۆمـان لەبیـرە و بایەخی پـێ دەدەیـن. هونەرمەندان دێنـە نـاو خانـووە کۆنـەکان و بەرنامـەی فۆلکلـۆری سـاز دەکـەن، حەیرانـی تێـدا دەڵێـن، بەسـتەی خـۆش، هەمـوو مقامـە کوردییـە کۆنـەکان لێـرە بوونـی هەیـە، بـەردەوام حەسـەن زیـرەک دەنگـی

دێـت. پێـم خۆشـە زانکۆکەمـان ببێتـە وڵاتێکـی گچکـە؛ زانسـت و ڕۆشـنبیری تێـدا ئاوێتـە بێـت.

بۆیـە ئـەو کەرەسـتە کۆنانـە خۆشەویسـت و پیـرۆزن، چونکـە جـاران ژنێـک بـە مانگێـک یـان زۆرتـر مافوورێکـی دەچنـی و تـەواوی دەکرد، ئێسـتا مەکینەیـەک بـە دەقەیـەک ئـەو مافـوورە تـەواو دەکات، ئـەوە دەکرێـت و تەکنەلۆژیـا ئـەوە دەکات و سـەرژمێریی جیهانیـش زۆر بـووە، بۆیـە خێرایـی و زۆری پێویسـت بـووە.

ئێمـە لـە ماڵەکانـی خۆمـان کەرەسـتەی بـاب و باپیرانمـان هەڵگرتـووە، پاراسـتووە، دار جغـارە، قـودی جگـەرە، کیسـەی تووتـن، ئەوانـە بەقیمـەت بـوو، تێکـردن و داگرتنـی جگـەرە و تووتـن بـۆ میوانێـک ڕیزگرتـن و بەخێرهاتنـی گـەرم بوو، بەشـێک بـووە لـە کولتوورەکەمان. لای من سرووشـت سەربەسـتی و جوانی و سـەربەخۆیی و خوداناسـی و ڕەووشـتبەرزییە، ناکـرێ تەنیـا سـوود و چەشـە لـە سرووشـت وەربگریـت و بـەس، پێویسـتە بەرامبـەر سرووشـت بەخشـندەش بیـت، بۆیـە تـکام وایـە گەشـتیاران و ئەوانـەی دەچنـە نـاو ئـەو سرووشـتە پیـرۆزە پـاک و خاوێنـی ڕابگـرن و ڕێـزی بگـرن. پێویسـتە منـداڵان لـە قۆناخەکانـی سـەرەتاییەوە فێـر بکرێـن لەگـەڵ ژینگـە بـرادەر بـن و جـوان و نـەرم و پیـرۆز بەیەکـەوە ئاوێتـە بـن، زیـان بـە سرووشـت نەگەیەنـن.

# ٨٦
# منداڵ و گەنج و پیرەکانیش ئاشنای هونەر دەکەین

بەشـێکی تـری دیدارەکانـی دکتـۆر نـەوزاد لەگـەڵ تەلەڤزیۆنـی جیهـان،. ئـەو لەگـەڵ پەیامنێرەکـە دەچێتـە «ئـارت هـاوس» نـاو زانکـۆی جیهـان هەولێـر، دیـدارە درێژەکـە بـەو شـێوەیە چڕ و کـورت دەکەمـەوە؛ تێـدا دکتـۆر دەڵێـت:

زانسـت و هونـەر یـەک ئامانجیـان هەیـە، هەردووکیـان بـۆ خۆشـی ژیانـە، ئەگـەر بەیەکـەوە ببەسـترێنەوە دەبـن بـە فاکتەرێکـی بەهێـز بـۆ ژیـان. لـە زانکـۆش ئـەو گرێبەندییـە پێویسـتە، چونکـە زانکـۆ هێـمای ژیانـە بـۆ مـرۆڤ، بۆیـەش زانکـۆ هەمـوو پێویسـتییەکانی دەوێـت. هونـەر لقـی زۆرە، فراوانـە، هەمـوو کەسـێک بەهرەیەکـی هونـەری تێدایـە، بـەڵام هەیـە نایدۆزێتـەوە.

ئـەو سـەنتەر و دەزگەیـەی ئێمـەش، بـۆ ئەوەیـە بـوار بدەیـن ئەوانەی بواریـان نەبـووە، ئەوانـەی لـە ناخیـان چەکەرەیـەک هەبـووە، هەمـوو بوارەکانـی هونەرمـان لێرە سـاز کـردووە.

لـەو بەشـە کۆششـمان کـردووە بەرهەمـە رەسـەنەکان زینـدوو

بکەینـەوە، «شـاماران» وەک کەرەسـتە و بۆچوونێکـی کۆنـی کـوردی و ڕۆژهەڵاتییـە، گیاندارەکـەی نیـوەی مرۆڤـە و نیـوەی مـارە، ئەوەمـان زینـدوو کردیتـەوە. شـیرین و فەرهـاد و خەجـێ و سـیامند کـراون بـە تابلـۆ و بـە هونـەر و ڕەنـگ دووبـارە کراونەتـەوە، نـەک تەنیـا داسـتان و حیکایـەت. داوامـان کردبـوو ئـەو داسـتانانەی بـە شـیعر و گوتـن بوونیـان هەیـە، بکرێنـە تابلـۆ. ئەوانـەی لەسـەر کەلوپەلـە کۆنەکانـی کـوردەواری هەبـوون، دووبـارە زینـدوو بکرێنـەوە، ئەوانـە لێـرە ئیشـیان لەنـاو دەکرێـن و نمایـش دەکرێـن و بەرنامەمـان بۆیـان دانـاوە. وڵاتـە دراوسـێیەکانمان ئەوانـە بـە کولتـووری خۆیـان دەزانـن، ئیـش دەکەیـن ڕەسـانەیەتی کـوردی و موڵکـداری کوردییـان پێـوە بکەینـەوە.

لێـرە گەنـج و منـداڵ و کەسـانی بـە تەمەنیـش ئیـش دەکـەن، بواریـان بـۆ سـاز کـراوە. خۆشەویسـتی ئێمـە بـۆ هونـەر لـە لوتکـەدا نییـە، کۆشـش دەکەیـن بگەینـە لوتکـە. لێـرە سـەرەتایە.

ئـەو سـەنتەرەمان ڕەنگـە کار و بەرنامەکانـی لـە ئامۆژگەیەکـی هونـەری زۆرتـر ئیـش بـکات، داواشـمان کـردووە کۆلێـژی هونـەرە جوانـەکان بکەینـەوە، بـەوەش پرۆژەیەکـی ئەکادیمـی دەکەینـەوە. لـە دهـۆک هونـەرە جوانەکانمـان هەیـە، بەشـێکی بچووکـە و کۆشـش دەکەیـن گەورەتـری بکەیـن.

لـە سـەنتەری ڕاهێنـان و پەرەپێـدان و فێرکردنمـان، تـا ئێسـتا نزیکـەی حـەوت سـەد کەسـمان هێناوەتـەوە نـاو خوێنـدن و فێربـوون و ڕاهێنـان، بوارمـان بـۆ ژنـان ئاسـان کـردووە سەربەسـت بـن و ئیـش بکـەن. لـە دەرەوەی حەرەمـی زانکـۆ شـوێنمان بۆیـان کردیتـەوە، تـا

ئاسـان بگەنـە بنکـەکان و فێـر بـن. هەمـوو شـتەکانیش بەخۆڕاییـە. مۆڵەتمـان لـە وەزارەتـی کار و کاروبـاری کۆمەڵایەتـی وەرگرتـووە، پابەندیـش دەبیـن بـە ڕێنماییەکانـی ئـەوان.

دوو گەلەرییـمان بـۆ پێشـانگا سـازکردووە، داواش دەکەیـن هونەرمەنـدان بەکاریبهێنـن و سـوودی لـێ وەربگـرن.

لـە هـەر سـێ زانکـۆی جیهـان و لـە زانکـۆی ئەربیلیـش، سـەنتەری هونەرییـمان هەیـە، ئەوانیـش بەرنامـەی خۆیـان هەیـە و ئیـش دەکـەن

لـە هەمـوو دونیـا هونـەر پێـش ناکەوێـت، ئەگـەر هونـەر نەبێتـە سـەرچاوەی بژێـوی ژیـان، ئەگـەر نەبێتـە پیشـە، نەبێتـە بزنـس، راسـتە کڕیـن و فرۆشـتنی هونـەری زۆر لاوازە، بـەڵام ئـاوا نامینێـت ئەگـەر ئێمـە توانیـمان بـە شـێوازەکی جـوان ئاسـتی هونەرەکانمـان بـەرز بکەینـەوە، بـا شـەرم نەکەیـن؛ لـۆ دوکاندارێـک قوماشـی خـۆی دەفرۆشـێت و شـەرم نـاکات، بـا ئەوانیـش تابلۆکانیـان بفرۆشـن و هیـچ شـەرم نەکـەن.

هەسـتی هونـەری لـە وڵاتەکەمـان سسـتە، پێویسـتە هەسـتی هونـەری بـەرز بکەینـەوە، ئێسـتا لەنـاو هەمـوو ماڵـەکان تابلـۆ و وێنـە هەیـە، بـەڵام تابلـۆکان لـە وڵاتـی چینـەوە هاتـوون. بـا هونەرمەنـدەکان پێکـەوە بوتیـک بکەنـەوە، بـۆ مـەزادی هونـەری خۆیـان، بـۆ لـە ئیستەنبوڵ ئـەوە هەیـە؟ لـە ئەنقـەرەی ئـەوە هەیـە، لـە بەغـدا ئـەوە هەیـە؟ باشـە لـۆ لـە هەولێـرێ نەبێـت، بـا حکومـەت خانووێکـی کلتـوری کۆنیـان بـۆ بەردەسـت بـکات، بڵـێ وەرنـە ئێـرە مـەزادی تابلۆکانـت بکـەن، هونـەری خۆتـان نیشـان بـدەن. میوانێـک

لـە دەرەوەی وڵات دێـت و دەیـەوێ بەرهەمـی رەسـەنی کـوردەواری بکڕێـت، بـا بچێتـە ئـەوێ، لـەو شـارە شـوێنێکی لـەو جـۆرە نییـە.

# ٨٧
# به یەک شەو تابلۆیەک تەواو دەکەم

لـە بەشـێکی تـری دیمانەکـەی دکتـۆر نـەوزاد لەگـەڵ تەلەڤزیۆنـی جیهـان ئامـادە کـراوە:

مـن لـە گەلەرییەکـەی خـۆم بەتەنیـا دادەنیشـم و بیـر دەکەمـەوە، وەک چـۆن مـرۆڤ پێویسـتە بـۆ پێداچوونـەوە و رامانەکانـی بچێتـە دەشـتودەر و بەتەنیـا بیـر بکاتـەوە، منیـش لێـرە دادەنیشـم و بیـر دەکەمـەوە. لێـرە دەنووسـم، رەسـم دەکـەم، لێـرە زەوقـی تایبەتـی هونەرییـم سـاز دەبێـت.

لـە دەرەوەی ئێـرە، لـە دەرەوەی ئـەو گەلەرییـە نەوزادێکـی تـرم! مـرۆڤ ناکـرێ خـۆی لـە دۆخـی تایبەتـی و تەنیایـدا ئـەوەی حـەزی لێیەتـی خـۆی لـێ مەحـروم بـکات. هەمـوو کەسـێک دەتوانێـت لـە گۆشـەیەکی ماڵەکـەی بوارێـک بـۆ شـادمانی خـۆی بدۆزێتـەوە، شـوێنێک دەستنیشـان بـکات؛ دوور بێـت لـە میدیـا و تۆڕەکانـی کۆمەڵایەتـی. لـەوێ خـۆت لەبیـر دەکەیـت، دەتـەوێ خـۆت داپۆشـیت، ئەگـەر بچیتـە بـن بەفرێکـی ئەسـتووری دە سـانتیمەتری

دەتوانیـت دەربچیـت، بـەڵام لـە بـن بەفـری بیسـت مەتـری دەربـازت نابێــت، ئەوەشــیان قوورســایی ژیانــە.

هەمــوو کــەس؛ پێویســتە ســەرچاوەی نیگەرانییەکانــی خــۆی بدۆزێتـەوە و چارەسـەریان بـکات. هەمـوو کـەس؛ پێویسـتە شـێوازی تایبەتـی ژیانـی خـۆی بدۆزێتـەوە، هەموومـان لەنـاو سـکی دایکـمان هەزارەهـا مۆراڵـمان تێـدا پەیـدا دەبێـت، لەوانـە بەهـرەش چەکـەرە دەکات، بـا مـرۆڤ لەگـەڵ تەمـەن و رۆژگارا بیاندۆزێتـەوە. ئەگـەر ئەوانــە دروســت بەکارنەیەنێــت، دەرئەنجــام دەبەزێــت.

هەمـوو کەسـێک کار بـکات پـڕ دەبێـت، کـە پـڕ بـوو ئیـتر لێـی دەرژێــت، بــەوەش ناتوانێــت بڕیــاری دروســت وەربگرێــت و ئاسـوودە بێـت. دوو جـۆرە ئاسـوودەیی هەیـە، ئاسـوودەیی مێشـک و ئاسـوودەیی جەسـتە. بـە پشـوودان جەسـتە ئاسـوودە دەبێـت، بـەڵام ئاسـوودەیی مێشـک دەگەڕێتـەوە سـەر کەسـەکە، هەیـە بـە شـتی سـادە ئاڵـۆز دەبێـت، هەیـە بەپێچەوانـە لـە کێشـەی گـەورەش بوارێکـی بـاش دەدۆزێتـەوە و دەربـازی دەبێـت، پێویسـتە خەڵـک لەنــاو کۆمــەڵ بــەو شــێوەیە بێــت، بچێتــە نــاو خەڵــک؛ ئەگەرنــا لەگـەڵ خـۆی دانوسـتان بـکات و ئاسـوودەیی بدۆزێتـەوە، چونکـە مێشــکی پــڕە لــە زانیــاری.

مـن؛ بـۆ زەوقـی خـۆم، بـۆ بەختیاریـی خـۆم و یادەوەریـی و شـتی تریـش رەسـم دەکـەم. توێـژەر هەیـە بـۆ توێژینـەوە دەنووسـێت، مـن لەجیاتـی ئـەوە، بـە تابلـۆ دەنووسـم. لـە تابلۆیـەک خاڵکێکـی رەشــم کــردووە، ئەوەشــم لەودەمانــە کــرد، کــە کڵێســای رونالــد لــە فەرەنســا دەتەقێننــەوە، مــن ئــەوەم دروســتکرد، ئیــتر مــن

ڕووداوەکان بەو جۆرە یادنووس دەکەمەوە.

***

لەو دیدارەدا کە تەلەڤزیۆنی جیهان سازی کردبوو، لە دکتۆر نەوزاد دەپرسن:

تۆ کەسێکی سەرمایەداری، بەوەیان بوویت بە کەسێکی شادمان؟

ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت:

پێویستە هەموو کەسێک شادمان و دڵخۆش بێت. من هەردووکیان؛ سامان و هونەر هەڵدەبژێرم، ئەوانە تەواوکەری یەکتری دەبن، واتە یارمەتی یەکتری دەدەن، بەڵام خۆشییەکە سەنگینترە. تۆ بە سەما و لەرزینی دارێک دڵت خۆش دەبێت، سەرمایەدارێک بەوە دڵی ناکرێتەوە، بەڵام سەرمایەش پێویستییەکانی ژیان دابین دەکات.

پارە چەند دڵت خۆش دەکات؟

پارە ئامرازێکە بۆ دڵخۆشی. بە پارە دەتوانیت کەمێک دڵت خۆش بێت، بە باشترین جلوبەرگ و ئۆتۆمبێل و موڵک زۆر، دڵت خۆش نابێت، ئەگەر بیرمەند و زانا بیت بە شتی سادەش، کامەران دەبیت، بە قازانجکردنی پارەش؛ کێشەی زۆرت دێتە پێش و ماندووش دەبیت.

هونەری ڕەسەن و هونەری پیشەیی دوو شتی جیاوازن، بۆ نمونە ئەگەر «بیکاسۆ» پارەی زۆر نەبوایە ناودار نەدەبوو!؟ زۆر لە هونەرمەندان ژیانیان تاڵ بووە و هونەرەکەشیان پایە

بـەرز بـووە. هونـەر هەسـت و بەهرەیـە، ئاسـاییە بـۆ پێویسـتی خـۆت تابلـۆ بفرۆشـیت، دەتوانـم لـە داهاتـوو تابلۆکانـم بـۆ خۆشـی میللەتەکـەم ببەخشـم، پـارەش ئـەوە دەکات.

مـن بـەردەوام دەڵێـم؛ هەمـوو مرۆڤێـک هونەرمەنـدە، هەمـوو کەسـێک جۆرێـک لـە بەهـرەی تێدایـە، هەیـە بەکاریدەهێنێـت، هەیـە نایدۆزێتـەوە، ئیـتر هونەریـش بـواری زۆرە.

تابلۆیەکـم دروسـتکردووە بیروکەکـەی لـە بیردۆزەکانـی «مثلثـات»ی ئەنـدازەی قۆناخـی خوێندنـی ئامادەیـی وەرگرتـووە، لەجیاتـی شـێوەی سێگۆشـەکان بازنـەم دروسـتکردووە، واتـە هەمـوو شـتەکانی ژیـان لـەو شـێوەیە دەخولێتـەوە، ژیـان بازنەییـە، شـێوەی سـایکلە، ژیانمـان سـایکلە، مادەکانـی جەسـتەی تـۆ دەچێتـە جەسـتەی یەکێکـی تـر. لـەو تابلۆیـەدا، لـەو ژیانـەدا کـەس هەسـت بـە بازنەکـە نـاکات. مـرۆڤ لەنـاو گەردوونێکـی بازنەیـی دایـە. بـەڵام شـتەکان لەبـەر چـاوان فرەجـۆرن، بـەڵام ئەگـەر لێیـان وردبیتـەوە شـتەکان لەنـاو یەکـتری دەسـوورێنەوە، ئـەوەش هـزری دەوێـت تـا لـە قۆناخـەکان تێبگەیـت، لـە دوورەوە وا دیـارە ژیـان جۆرێکـە لـە ئاڵۆزیـی، بـەڵام ئەگـەر بـە باشـی سـەیری بکەیـت، هەمـوو شـتەکان بـە بەرنامـە سـازبوون و دانـراون.

لـە تابلۆیـەک چاوێکـم لەنـاو لەپـی دەسـتێک دانـاوە، واتـە مـرۆڤ بـەردەوام بەو چاوە سـەیری کـردەوەی دەکرێـت، بەدواداچوونەوەی لەسـەرە، ئـەوەش ئـاگادارت دەکاتـەوە چاکـە بکەیـت و لـە خراپـە دوور بکەویتـەوە، ژیانـت ئاسـوودە بکەیـت، ئـەوەش جۆرێکـە لـە خوداپەرسـتی.

شـەوی مردنـی شـێرکۆ بێکـەس، وەک ئاماژەیـەک دڵۆپێـک خوێنـی ڕژاوی نـاو گۆزەیەکـم دروسـتکرد، ناوەکـەی ئـەوم لەسـەر نووسـی، نووسـیم بێکـەس، واتـە ئـەو بێکـەس نییـە، کەسـی زۆرە.

لـە تابلۆیـەک هـەردوو پیتـی «Z» و «N»ی ئینگلیزییـم نووسـیوە، واتـە چـۆن سـەیریان بکەیـت وا دەخوێندرێتـەوە، ژیانیـش وایـە، پیتـی یەکـەم بـە شـێوازێکی تـر دابنرێـت وەک پیتـی دووەم دیـارە! هەروەهـا پیتـی دووەمیـش هەمـان شـتە.

هەر سـەبارەت بە سامان ئەو گوتی:

هەمـوو کەسـێک وایـە، وا دەزانیـت ئـەو شـتەی دەسـتی ناکەوێـت و بـەر دەسـتی نییـە، ئەگـەر زۆری هەبێـت دڵـی خـۆش و کامـەران دەبێـت، مـن ئیشـی زۆر دەکـەم تـا زۆرتـر ئاسـوودە بـم.

سـەرمایەدار دەتوانێـت ببێتـە هونەرمەنـد و بەپێچەوانـەش، هونەرمەنـد دەبێتـە سـەرمایەداریش، ئەگـەر هونـەر بـە باشـی بەکاربێـت، دەبێتـە سـەرمایەی بـاش. وەک چـۆن سـەرمایە وڵات جـوان دەکات، تابلـۆش وڵات جـوان دەکات، سـەرمایە و هونـەر بەیەکـەوە وڵات دەنەخشـێنن، ئەگـەر سـەرمایەداران پشـتیوانی هونەرمەنـدان بکـەن، هونەریـش گەشـە دەکات، وا دەزانـم لەنـاو شـارەکان مـەرج بـۆ دروسـتکردنی باڵەخانـە دابنێـن، بـا لـە هەموویـان تابلـۆ و ڕەنـگ و هونـەر هەبێـت، بەتایبەتـی هونـەری خۆماڵـی.

***

لـە دروسـتکردنی تابلـۆ خێـرام، دەمـەوێ زوو بەرهەمەکـەم ببینـم،

زۆریانـم بـە یـەک شـەو تـەواو کـردووە. هەمـوو شـتێک نەمـر و پیـرۆزە، ئەگـەر بایەخـی پـێ بدەیـت، سـەبارەت بـە خـۆم ئەگـەر لـە نیویـۆرک بـام، دە هـەزار جـار زۆرتـر لـەوەی ئێسـتا نـاوم دەردەکـرد. هونەرمەندانـی خۆمـان ئەوانـەی لـە دەرەوە دەژیـن، لـەوێ کاری هونـەری دەکـەن ناسراون، بـەڵام ئەوانـەی لەنـاو وڵات دەژیـن، بـۆ بژێـوی ژیـان کاری تریـان کـردووە.

ناکـرێ هەمـوو شـتەکان بخەینـە سـەر حکومـەت، لـە ئەوروپـاش حکومـەت هیـچ بـۆ هونەرمەنـدان نـاکات، خۆیـان پـەرە بـە بەهرەکانیـان دەدەن، سـەیر بکـە تۆپەڵـە بەفرێـک گلـۆر بکـەرەوە، چەنـد زۆرتـر پاڵـی پێـوە بنێیـت و بـڕوات گەورەتـر دەبێـت، قەبارەکـەی زۆرتـر دەبێـت، ئەگـەر دەسـت و خەڵکـی تـر بـۆت دروسـت بکـەن، بـۆت سـاز بکـەن؛ ئـاوی زێڕیـش بێـت بەهـای نابێـت.

هەسـتی هونـەری لـەلای ئێمـە هێشـتا لاوازە، مـن پێـش سـی سـاڵ نەمدەوێـرا بڵێـم مـن رەسـم دەکـەم، ئەوەیـان قبـووڵ نەبـوو. بـەڵام کـە کۆمەڵگـە گەورەتـر بـووە و گەشـەی کـردووە، هونـەر بـۆ جوانـکاری پێویسـت دەبێـت.

ئێسـتا ئەلبومێکـم دروسـتکردووە، ئەلبومـی دووەمیـش لەژێـر چاپـە، لـە سـەر تابلـۆکان تێبینیـم نووسـیوە، بـەڵام نهێنـی تابلـۆکان، زیاتـر لـەوە دەردەکـەون، ئەگـەر بـە تـەواوی لێـی ورد ببیتـەوە، ئـەوەش وەکـی گەمـەی شـەترەنجە، چەنـدان رێگـە هەیـە چەنـدان جووڵـە و هونـەر هەیـە، ئینجـا دەتوانـی «کـش مەلیـک» بکەیـت. لـە تابلـۆکان هەندێـک شـتم مـاون، وەک نهێنـی، ناتوانـم بیاندرکێنـم،

بەڵام کلیلەکانم داوە بە دەست، دەتوانن بچنە ناوەوە و بیزانن. من ئەوە شێوازمە و وا ڕەسم دەکەم.

لەو جیهانە ملیۆنەها هونەرمەند هەیە، لەبەر چەند هۆکار هونەرمەندە دیار و ناسراوەکان باس دەکرێن و ناویان زۆرە، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تابلۆکانیان بە زانستی کردووە، بە شێوەی ماتماتیک کراون، بەوەش تابلۆکان هونەریی دەردەکەون، ئەگەر یەکێک پسپۆری ماتماتیک بێت بە شێوازێکی تر بیر لە تابلۆکان دەکاتەوە، ئەگەر موزیسیان بێت، هەروەها بە شێوازی خۆی بیر لە تابلۆکان دەکاتەوە، هەر کەسە بە هزری خۆی بیر دەکاتەوە، زۆر شت دوایی دەردەکەوێت. ئەوە پەنجا ساڵە نهێنی ئەستێرەکانی ئاسمان دەرکەوتوون، «ناسا» ئەو وێنانەی گرت و ئاشنای خەڵکی کردن، ئەگەرچی لەگەڵ دروستبوونی گەردوون ئەوانە هەبوون، بەڵام نەدۆزرابوونەوە. ئەوەش لەگەڵ مانا و هزری تابلۆ دەگونجێت، چەند باس بکرێت زۆرتر دەناسرێت، هونەرمەندی گەورەش هەیە نانەسراوە. هونەریش زانستە، ئەگەر بە شێوازی زانستییانە بۆی بڕۆیت جوانییەکانی دەبینیت و بەهای دەزانیت، ئەگەر بتەوێ هونەرەکە تێبگەیت؛ پێویستە بنچینەکانی ماتماتیک و بنەماکانی هونەر بزانیت.

پێنج تابلۆم بە ناوی عەبا و جوبە کردووە، پیاوانی ئاینی کەسایەتی باشن، پیرۆزن. بەڵام بەداخەوە جوبەکانیان بەکاردەهێنن، خراپ ئەوانە لەبەر دەکەن، داعش جوبەکانیان ناشیرین کردووە، ئەوەم بە تابلۆیەک نیشان داوە.

تابلـۆی «GOD UNING US»، ئـەوەش نیشـانەی ئەوەیـە هەمـوو ئاینــەکان پیــرۆزن، هەمـوو بـۆ خزمەتـی مرۆڤـن، منـارەی ئیسـلامی و خاچــی کریســتیان و پرتەقاڵــی بوزییــەکان و نیشــانەی جــووەکان، نیشـانەی یەکبوونـن نـەک جیاوازییـەکان.

## ٨٨
# سامان، بە خێرکردن و سەدەقە کەم ناکات

ئـەو بەشـی دیمانەکـەی دکتـۆر نـەوزاد لەگـەڵ کەناڵـی جیهـان، تایبـەت بـووە بـە دەزگـەی خێرخـوازی حاجـی یەحیا و مزگەوتەکـەی. بەیەکـەوە بـە کامیـراوە دەچنـە نـاو مزگەوتەکـە، نـاو سـەحەنەکە، کتێبخانەکـە، سـەر گـۆڕی دایکـی و باوکـی. ئەگەرچـی من لـە درێژایی باسـەکەمان ئاماژەمـان بـە مزگـەوت و دەزگەکـەش داوە، بـەڵام لێـرە دکتـۆر وردتـر و باشـتر لەسـەر دەزگەکـە دەدوێـت و باسـی دەکات، دەڵێـت:

پرۆسـەی خێـر و چاکـە؛ یارمەتـی و دەسـتگرتن، بریتییـە لـەوەی کەسـێک زۆرتـری هەیـە و کەمـتر پێویسـتی پێـی دەبێـت، بەشـێکی دەداتـە کەسـێک زۆر پێویسـتی پێـی هەیـە.

سـەرەتا دەمـەوێ بـاس لـە بەخشـینی گیـان و خوێنـی پێشـمەرگە بکەیـن، ئـەوان گرانتریـن و شـیرینترین شـتی خۆیـان دەبەخشـنە وڵاتەکەیـان، ئـەوان گەورەتریـن مرۆڤـن؛ خێـر و چاکـە دەکـەن و شـتی زۆر بـە خەڵـک دەبەخشـن!

بـه خێـر و بەخشـینی یارمەتـی؛ دەتوانیـت ئـازار و نەبوونـی کەسـێک، خێزانێــک کــەم بکەیتــەوە، دڵــی خــۆش بکەیــت. لــەو روانگــە و دیــدەوە بــەردەوام دەزگەکــە و بنەماڵەکەمــان و لەســەر راســپاردە و حــەزی پیــرۆزی باوکــمان خێــر دەکەیــن، ئیــش دەکەیــن ئــەو دەزگەیــە گەشــە بــکات. دەزگەکەمــان بێجگــە لەنــاو شــاری هەولێــر و دەوروبــەری و تــەواوی کوردســتان و عێــراق پــلان و بەرنامــەی خێرخـوازی هەیـە و دەبێـت. بەرنامـە چاکخوازییەکەمـان وەک چـۆن بازرگانــی و بزنســەکەمان دەوڵییــە، بــا خێــر و چاکەکانیشــمان دەوڵــی بێـت، بۆیـە چاومـان لەوەشـە دەسـتی چاکـە و خێرەکانمـان بگاتـە نـاو وڵاتــە هەژارەکانیــش.
بیرۆکــەی چاکخــوازی کاکــم کۆنــە، لــەم بــوارە هەوڵەکانــی بــاش و بەرچـاو و دیـار بـووە، ئـەو لە سـاڵی ١٩٧٠ و پـاش بارودۆخە سیاسـییە ئاڵۆزەکانــی ئەودەمانــە، دواییــش پــاش تێکدانــی گوندەکانــی ســەر ســنوور و ئاوارەبوونــی خەڵکێکــی زۆر، چاکــەی کــردووە، بەرنامــەی بــۆ یارمەتــی خەڵــک دانــاوە.

# ٨٩
# مزگەوتی حاجی یەحیا لە مەنتکاوە

هەنگاوی یەکەمی چاکە و خێراتی باوکم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٣، کە بڕیار دەدات مزگەوتێک دروست بکات. بۆ ئەوەش دە پارچە زەویی هەر یەکێکیان بە رووبەی ٢٤٠ م٢ لە خاوەن موڵکەکە لە گەڕەکی مەنتکاوە دەکڕێت. ئەودەمانە ناوچەکە چۆڵ بوو، دەواجنەکەی رەحمەتی مامم حەمید لێرەوە نزیک بووە. باوکم نەیویستبوو لە شارەوانی هەولێر پارچەیەک زەوی بە خۆڕایی وەربگرێت، ئەگەرچی زەوی شارەوانی بە ئاسانی و بە رووبەری زۆر گەورەش بۆ دروستکردنی مزگەوت تەرخان دەکرا، بەڵام باوکم نەیویستبوو موڵکی شارەوانی وەربگرێت. ئەو وایدەزانی دروستکردنی مزگەوت، لەسەر زەویی شارەوانی خێری کەمترە، رەنگە خاوەن موڵکە ئەسڵییەکەی چاوی هەر لەسەر زەوییەکەی مابێت، ئەوانەی شارەوانی بە ناوی خۆی کردبوون؛ بەوەش خێرەکە کەمتر دەبێت و تەواو نابێت!

مزگەوتەکە دروست دەکات و مامۆستایەکی ئاینی لە رەواندوزەوە

دەهێنێتــە مزگەوتەکــە، ئێســتاش وێنــەی و پارچەیــەک شــیعری مامۆســتا مــەلا موحەمــەد ئەمیــن لەنــاو ژووری کتێبخانەکــەی وەک شانازی بــە دیوارەکــەی هەڵــوسراوە. مزگەوتەکــە بێجگــە لــە ســەحنی نوێــژ و هۆڵــی بۆنەکانــی ژن و پیــاوان، کتێبخانەیەکــی گەورەشــی تێدایــە، لەوانــە چەنــد کتێبێکــی ئاینــی باپیرمــە، بــەر لــەوەی کۆچــی دوایــی بــکات کتێبەکانــی دادەتــە باوکــم، ئەویــش لــەو کتێبخانــەی دایاندەنێــت، ئێســتاش کتێبخانەکــەی کراوەیــە بــۆ فێرخــوازان و دەتوانــن ســوودی لــێ وەربگــرن!

لەنــاو مزگەوتەکــە قوتابخانەیەکــی ئاینــی بــۆ پێگەیانــدن و خوێندنــی ئاینیــی و ژیانــی فەقێیــان و بــە سەرپەرشــتی مامۆســتا مــەلا موحەمــەد ئەمیــن هەبــووە و مــاوە و بــەردەوام فێرخــواز و پیاوانــی ئاینــی لێــرە خوێندنیــان تــەواو دەکــەن و دەژیــن و بڕوانامــەش بەدەســت دەهێنن!

***

## پێشبڕکێی قورئانخوێندن

هــەر لــەو مزگەوتــە ســاڵانە، لــە مانگــی رەمەزانــی پیــرۆز پێشــبڕکێی قورئانخوێندن دەکرێت، پێشــبڕکێیەکە ســێ قۆناخە، بــۆ قورئانخوێندنی ســی جزویــی و قورئانخوێندنــی بیســت جزویــی و قورئانخوێندنــی دە جزویــی، ئــەوەی شــایانی باســە مامۆســتایانی دیــاری ئــەو بــوارەش سەرپەرشــتی پێشــبڕکێیەکە دەکــەن، زۆرتریــش ئەوانــەی بەشــدارییان پــێ دەکــەن، ژن و کەســانی کەمئەندامــن! بــۆ کەســانی دەرچــووی نایــاب و یەکەمەکانــی ئــەو قورئانخوێندنــە دەزگــەی خێرخــوازی حاجــی یەحیــا پاداشــتیان دەکات!

باوکـم زۆر حـەزی دەکـرد مزگەوتەکـە جـوان و گـەورە و رێکوپێـک بێـت، مـن لـە گـەڵ باوکـم بـووم لـە ئەسـتنبۆل ئاوێزەیەکـی گـەورە بـۆ نـاو سـەحەنەکە دەکڕێـت، پارەیەکـی زۆر بـە ئاوێزەکـە «سـورەیا» دەدات، تـا خـاوەن دوکانەکـەش پرسـی؛ ئەوەتـان بـۆ چییـە زۆر گرانـە، دیـارە پارەتـان زۆرە و خانووەکەتـان زۆر گەورەیـە، یەکسـەر باوکـم وەڵامـی دایـەوە:

ئـەو ئاوێـزە گەورەیـە بـۆ مزگەوتـە، بـۆ ناوەنـدی سـەحنەکەیە. «لـە دیدارەکـە دکتـۆر لەنـاو مزگەوتەکـە وەسـتاوە و بەشـەکانی مزگەوتەکـەش نیشـان دەدات، ئامـاژە بـە ئاوێزەکـەش دەکات، چـۆن لـە بنمیچەکـە هاتووتـە خـوارەوە و شـەوقی دیـارە و دەگەشـێتەوە»، باوکـم نەخـش و نووسـینی ئایەتەکانـی قورئـان و وشـە پیرۆزەکانـی سـەر دیـوار و نـاو سـەحەنەکەی هەمـووی لەنـاو نەجەفـەوە هێنابـوون و مـاون و جوانـن.

هەروەهـا ئـەو مزگەوتەش بەوە نـاسراوە، دوو منارەی بۆ دروسـتکراوە، ئەودەمانـە لـە هەولێـر ئـەوە نەبـوو و نـوێ بـوو. مزگەوتەکـە شـوێنی پیـرۆزی باوکم بـووە، هەمـوو رۆژانـی هەینـی خوتبـە و نوێـژی تێـدا کـردووە، ئێمـەش بـەردەوام نوێـژی هەینـی تێـدا دەکەیـن، بـڕوا ناکەم ئەگـەر لـە دەرەوەی وڵات بیـن، یـەک جـار نوێـژی هەینییـمان لـە دەرەوەی ئـەو مزگەوتـە کردبێـت، رۆژانـی هەینـی نوێژەکـە دەکەیـن و سـەرێک لـە گـۆڕی دایکـم و باوکـم دەدەیـن و فاتیحـە و چەنـد سـوورەتێک قورئانـی لەسـەر گیانیـان دەخوێنیـن.

لـە گۆشـەیەکی ئـەو مزگەوتـە شـوێنی شووشـتن و کفـن و پێویسـتییەکانی مـردن و ناشـتن بـەردەوام ئامـادە کـراوە، موسـڵمانان

سوودی لێ وەردەگرن، هەموو خێر و چاکەکانیش هی خودایە، ئەو بۆمان ئاسان و بەردەستی کردووە، چاک و خێر و سەدەقەکان دەستی مرۆڤی تێدا نیە.

هەر لەناو مزگەوتەکە بە سەرپەرشتی خوشکەکانم شوێنی ئافرەتان هەیە. ئەوانیش سەرپەرشتی هۆلەکانی ژنان دەکەن، ئەوانیش بەشدارن لە کۆمەک و یارمەتی و خێرەکانی لەو بوارەدا سەرف دەکرێت، هەر خۆشیان بە ناوی خۆیان لە سکتەری جیاوازەوە چاکە و خێری خۆیان دەکەن.

## ٩٠
# دەزگەی خێرخوازی حاجی یەحیا

دەزگـەی خێرخـوازی حاجـی یەحیـا بـە فەرمانـی رەسـمی وەزارەتـی ناوخـۆی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان ژمـارە ٦٨٦٢ لـە ٢٠٠٢/٩/٧ دامـەزراوە، بەوەیـان بـووە بـە دەزگەیەکـی رەسـمی، یەکـەم دەزگەش بـووە لـەو بـوارەدا پەیـڕەوی ناوخـۆی هەبـووە و مۆڵەتـی وەرگرتـووە. دواییـش چەنـد کەسـایەتی و لایـەن ئـەوە دەکـەن و مۆڵەتـی دەزگەی خێرخـوازی لـە حکومـەت وەردەگـرن.

ئــەوەی گرنگــە بــاس بکرێــت، دەزگەکەمــان هیــچ پەیوەندییەکــی سیاسـیی نییـە، دەزگـەی خێرخـوازی حاجی یەحیا پاشـکۆ و هاوبەشـی هیــچ لایەنێــک نییــە. دەزگەکەمــان یەکێکــە لــە کۆمپانیاکانمــان و بەشـێکی گرووپـی جیهانـە، سیسـتەم و ئارمـی تایبەتـی لـە ریزبەنـدی کۆمپانیاکانـی جیهـان هەیـە، بودجـەی هەیـە و هەمـوو سـکتەرەکانی خزمـەت و خێرخـوازی تێدایـە. سـاڵانە خێـر و زەکاتـی خـۆی دەدات، سـەرەتا مانگانـە موچـەی خێراتمـان بـە ٢٥٠ خێـزان دەدا، ئێسـتا بـە ٦٥٠ خێـزان دەدەیـن. سـاڵانە کۆمەکـی ٢٠٠ قوتابییـمان لـە خوێنـدن

و بەشـی ناوخـۆ دەکـرد، ئێسـتا ژمارەیـان گەیشـتووتە ٨٥٠ قوتابـی.
دەزگـەی خێرخـوازی حاجـی یەحیـا لـە ڕۆژانـی هێرشـەکانی داعـش و ئاوارەبوونـی خەڵکەکـە، یارمەتـی پەنابەرانـی داوە. لـە ڕۆژانـی شـەڕەکانا دەرمانیـان نـاردووە و کۆمەکـی پێشـمەرگەیان کـردووە. دەزگەکـە سـاڵانە مزگـەوت نـۆژەن دەکاتـەوە. لـە سـکتەری پەروەردەیـی هـاوکاری زۆر بـووە، قوتابخانـە نـۆژەن دەکاتـەوە، پێویسـتییەکانی قوتابییـان دابیـن دەکات. پێویسـتیی و کارەکانمـان بـە سـتافی خۆمـان جێبەجێیـان دەکەیـن. لـە سـەردەمی پەتـای کۆرۆنـا کۆمەکـی تەندروسـتییمان لـە ڕووی دەرمـان و کەرەسـتەکان کـردووە. بیـری ئاومـان بـۆ هەنـدێ گونـد لـێ داوە و ئاومـان بۆیـان دابینکـردووە. بەپێـی توانـا دەزگەکەمـان دەتوانێـت کۆمەکـی خەڵکـی شـارەکانی عیراقیـش بـکات. لـە ڕۆژانـی بۆمەلەرزەکانـی نـاو تورکیـا دەسـتی یارمەتـی گەیشـتووتە نـاو تورکیـاش.
ئەوەی دەمەوێ بیڵێم:
سـامان و پـارە بـە خێـر و چاکـە کـەم نـاکات، لـە کورتـی نـادات و بەرەکەتـی زۆرتـر دەبێـت. خێـر دەکەیـن و ئـەوەش بـە ئەرکـی خۆمـان دەزانیـن و سوپاسـی ئـەو کەسـانەش دەکەیـن سـەردانمان دەکـەن و دەیانـەوێ لـەو خێرانـە بەشـیان بدەیـن.

***

## چەرەزاتفرۆش

ئێمـە لـە خێرکـردن زۆر جەخـت لەسـەر ئـەوە دەکەینـەوە، کـە بتوانیـن یارمەتـی دە کـەس بدەیـن، نـەک سـەد کـەس. بەوەیـان کار و

کاسبی بۆ دە کەس و خێزان بدۆزینەوە، باشترە یارمەتی ژمارەیەکی کەم بدەین، بەڵام بە پارەی زۆرتر، نەک یارمەتی زۆرترین کەس بدەین، بە پارەی کەم! کۆشش دەکەین خەڵک ئیش بکەن و کاسبی بکەن و خۆیان بژیەنن، کۆمەکیان بکەین و بکەونە سەر کار!

لە بیرمە رۆژێکیان ژنێک دێتە کن دایکم و پێی دەڵێت:

نەنە، کوڕەکەمان تازە عەسکەریی تەواو کردووە و هیچی نییە و داوا دەکەم یارمەتی کوڕەکەمان بدەیت.

بێگومان دایکم یارمەتییەکی باشی دەدات، لەگەڵ پارەکە سینییەکی دەداتێ، پێی دەڵێت؛ فەرموو ئەو سینییەش لەگەڵ خۆت ببە!

ئەویش پێی دەڵێت:

ئەو سینییە چییە؟

دایکم پێی دەڵێت:

با کوڕەکەت پارەکە بە گوڵەبەرۆژە بدات و لەسەر ئەو سینییە بۆی ببرژێنە، با بیفرۆشێت و کاسبی بکات.

ژنەکە ئەوە بە کوڕەکەی دەڵیت و ئەویش بە گوێی دایکم دەکات، لەسەر ئەو کاسبییە بەردەوام دەبێت و گەشە دەکات، لەو سینییەوە دەست پێ دەکات، ئێستا بازرگانێکی گەورەی چەرەزاتە لەو شارە! بۆیە دەڵێم کۆمەکی خەڵک بکرێت کاسبی بکات و خۆی بژێنێت، نەک تۆ بیژێنیت و تەمبەڵی بکەیت.

خێرکردن بۆ ناوبانگی نیە، ناکرێ باسی بکەیت، کوردەواری دەڵێن ئەو دەستە بدات، با دەستەکەی تر پێی نەزانێت.

***

لەبـەردەم دەروازە گەورەکـەی مزگەوتەکـە دکتـۆر نـەوزاد بـە قاتـە شـینە ئاسـمانییەکەی وەسـتاوە، رووخـۆش بـەو جـۆرە وەڵامـی ئـەو پرسـیارە دەداتـەوە:

مامۆسـتا هەسـتت بەرامبـەر چوونـە نـاو مزگـەوت، بەتایبەتـی ئـەو مزگەوتـە چییـە؟

مـن بەرامبـەر هەمـوو پەرسـتگەیەک هەمـان بۆچـوون و هەسـتم هەیـە، بچمـە نـاو مزگەوتێـک یـان کڵێسـایەک، یـان پەرسـتگەیەکی بوزییـەکان، جـووەکان، هیندۆسـە و ئاینەکانـی تریـش، لـەو شـوێنانە پـاک دەبمـەوە، رۆحـم ئاسـوودەیە، هەسـت دەکـەم ئـەو شـوێنە پیرۆزانـە ئاراستەی خێـر و چاکـەم دەکـەن، وەک چۆن زانسـت کاری خـۆی دەکات و کۆمـەڵ بـەرەو پێشـەوە دەبـات، ئاینیـش بـەرەو خاوێنـی و پاکییـمان دەبـات.

# ٩١
# لۆگۆی زانکۆ

دیدارەکـە بەردەوامـە و دکتـۆر نـەوزاد لەنـاو زانکـۆی جیهانـە، لەگـەڵ زوومـی کامیرەکـە بـە نـاو باڵەخانەکانـی زانکۆکـە، تابلـۆکان، ئـاڵا بـەرزە شـەکاوەکە، دەروازەکـەی زۆر شـانازی پێـوە دەکات، دەڕوات! ماوەیـەک دەوەسـتێت و بەجۆشـەوە قسـە دەکات، دەگاتـە بـەردەم لۆگـۆی زانکـۆی جیهـان و دەڵێـت:

لۆگۆکـەی زانکـۆی جیهـان سـێ ڕەنگـە، سـەوزەکەی نیشـانەی بەهـارە، سـپییەکەی ڕووناکـی و ئاسـوودەییە، زەردەکـەش ڕەنـگ و مـوژدەی ڕۆژە. ڕۆژەکـە دوازدە تیشـکی هەیـە، نێـوان هـەر سـێ تیشـک، یەکێکیـان ئاماژەیـە بـۆ هـەر چـوار ئاراسـتەکان، لـە ناوەنـدی ڕۆژەکـە کتێـب بـوون هەیـە. چـوار ئاراسـتەکەش نیشـانە و ئامـاژەی ئەربائیلـۆی هەولێـرە، چـوار خـودا کۆنەکـە! هەولێـر بـەوە نـاسراوە. نـاوی زانکۆمـان بـە ئینگلیـزی و کـوردی لەنـاو لۆگۆکـەش نـووسراوە. زوو ئـەو بیرۆکەیـەم بـۆ لۆگـۆی زانکۆکەمـان هەبـوو، دەمویسـت جێبەجێـی بکـەم، بۆچـوون و بیرۆکەکـە دەدەمە چەنـدان هونەرمەند،

تـا ئەوەیـان دارِشـت و بـوو بـە لۆگـۆی زانکـۆی جیهـان. دیزایـن و شـێوازی دەرگەکـەش زۆر ئیشـم لەنـاو کـردووە، هەمـووش لەبـەر پیرۆزیـی دەرگـەی قەڵاتـی هەولێـر بـوو.

لەنـاو زانکـۆ و لـە سـەر دیوارەکانـی دوو دروشـم بـەر چـاو دەکـەن، کـە بـوون بـە دروشـمی زانکـۆ و دکتـۆر نـەوزاد، یەکەمیـان ئەوەیـە «زانکـۆی جیهـان کوردسـتان ئـاوەدان»ە، ئـەوە دروشـمێکی سـەرەکیی زانکۆیـە، ئـەو زۆر و بـەردەوام بـە دەنگـی بـەرز لـە کۆبوونـەوە و ئاهەنـگ و گردبوونەوەکانـی زانکـۆ هـاوار دەکات و ئـەوە دەڵێتـەوە، داواش دەکات هەمـوو قوتابـی و مامۆسـتا و میوانەکانـی سـێ جـار لـە دوای بڵێنـەوە. دروشـمی دووەمیـان «تەنیـا چـارە زانیـن و کارە»ە، ئەوەیـان لەسـەر یەکێـک لـە دیـوارەکان، لەگـەڵ وێنـەی پیاوێکـی سـەرتاشراوی ئـاکار هینـدی چینـی نـووسراوە. پیـاوە مـل درێـژە ئەسـمەرەکە چەنـد پەلەبـەردی پانـی لەسـەر یـەک و لەسـەر سـەرە رووتـە لووسـەکەی راگرتـووە و ناکـەون. ئـەوەش دروشـمی ئەوەیـە؛ کـە عەقـڵ ئەگـەر ئیـش بـکات و پەیـڕەوی زانیـن بـکات؛ دەتوانیـت ئـەو پارچـە بـەردە لووسـانە لەسـەر ئـەو سـەرە لووسـە رابگرێـت و نەکـەون، ئـەو دەڵێـت:

ئـەوەش پەنـد و قسـەیەکی کۆنـی نەتەوەکانـی ئاسـیای کۆنـە، مـن لـە زانکـۆ و بەرنامەکانـم پەیـڕەوی دەکـەم، بۆیـەش لەسـەر ئـەو دیـوارەم داناوە.

***

دیدارەکانـی تەلەڤزیۆنـی جیهـان، کـە ژمارەیـان ١٣ دیـدار بـوون، مـن

کارم لەناویان کردووە و بەش بەشم لێیان وەرگرتووە.

قسەکان، تابلۆکان، شوێنەکان بە پەیڤێکی ناسکی دکتۆر نەوزاد کۆتایی دێت. بەڵام هەستم کرد، ئەو لەگەڵ قسەکانی، لە ڤیدیۆکە جوان دیار بوو، تروسکایی و شەوقی فرمێسک، بینیم چاوەکانی تەڕ ببوون، کەمێک دەنگی دەگۆڕێت، دیدی چاوەکانی، هەستی، قەڵافەت و بەژنی دەلەرێت؛ زۆرتر لە دڵ و هەست و نەستەوە قسە دەکات و دەڵێت:

کە یەکێک لەبەرم هەڵدەستێت، بەوەیان باش دەزانم بە جۆرێک لە جۆرەکان و رۆژێک لە رۆژەکان خزمەتێکی ئەوم کردووە، بۆیە لەبەرم هەڵدەستێت و رێزم دەگرێت، بەوەیان دڵم خۆشە و ئاسوودەم.

## ٩٢
# جۆخینی بەرهەمەکە

ئـەو سـاڵەی ئامادەیـی تـەواو دەکـەم، ئێمـە لـە هەولێـر بـە قـەزا و ناحیـەکان دوازدە قوتابـی بوویـن، هەمووومـان لـە زانکـۆکان ناومـان دەردەچێـت، مـن لـە موسـڵ و یەکێـک لـە بەغـدا و یەکێـک لـە دەرمانـی موسـڵ و یەکێـک «موحمـەد شـەهاب» دەچێتـە تورکیـا، هەروەهـا نەجـات ئەویـش لـە تورکیـا پزیشـکی ددان تـەواو دەکات. ئەودەمانـە بەرزتریـن نمـرەش لـە هەولێـر ٧٢ بـوو.

ساڵی یەکـەم لـە کۆلێـژی پزیشـکی لە یـەک پـۆل ١١٢ قوتابـی بووین، سـێ دەرسـمان هەبـوو، ئیکمالبـوون نەبـوو، دەبوایـە قوتابـی لـە هـەر سـێ دەرسـەکە دەربچێـت. هـەر لـەو رۆژانـە قوتابییەکـی خەڵکـی سـلێمانیمان لەگەڵـدا بـوو، ئـەو گوتـی مـن ناتوانـم لـە تشریـح بچمـە نـاو مـردووان، بۆیـە خوێندنەکـەی بـە ئەندازیاریـی گـۆڕی.

ئەودەمانــە نەخۆشــی زۆرتــر بــوو منــداڵ زۆر دەمــردن، بــەردەوام چاویـان بـە جیـق بـوو، چڵمیـان دەهاتـە خـوارێ، منـداڵ زۆر کرمیـان هەبـوو، خۆراکیـان بـاش نەبـوو، پیسـی زۆرتـر بـوو. چارەسـەریی و

ڕێنمایـی و زانیاریـی پزیشـکی و تەندروسـتی کـەم بـوون، خەڵـک سـادە بـوون، ئـەوەی دەڵێـت جـاران تەندروسـتی باشـتر بـوو وا نییـە، ئێسـتا تەمـەن درێژتـرە، چارەسـەری ئاسـانتر و باشـترە، ئیـتر لەوەدەمانـەی ئێمـە دەمانخوێنـد، حکومـەت بایەخـی زۆرتـر بـەو کەرتـە دەدات و تەندروسـتی پێشـدەکەوێت.

لـە قۆناغـی شەشـەمی کۆلێـژ توێژینـەوەم کـردووە، نزیکـەی هـەزار نەخۆشـم ئەوانـەی کێشـەی گەدەیـان هەبـوو بینیبـوو، ئـەوەش دەبێتـە تیـژی دەرچوونەکـەم. ئەوانـەم لەنـاو نەخۆشخانەکانی ئیبنـی مسـتەوفی و سـێتاقان کردبـوو.

لـە پۆلـی دووی ناوەنـدی مامۆسـتای عەرەبیـمان داوای ڕاپۆرتـی ئەدەبیـی لـێ کردیـن، مـن لەسـەر ئەبـو عـەلا ئەلمعەرییـم نووسـیبوو، ئێسـتاش شـیعرەکانم لەبیرمـاوە. دەمـەوێ بڵێـم توێژینـەوە و پێداچوونـەوە کۆششـی دروسـتە بـۆ فێربـوون.

جـاران بـۆ نەخۆشـی قورحـەی مەعیـدە نەشـتەرگەریی دەویسـت، بـەڵام دوای توێژینـەوە دەرکـەوت ئـەو میکرۆبـە بـە ئەنتـی بایۆتیـک «Antibiotic» چارەسـەر دەبێـت. ڕۆژانـی پێنجشـەممان و دووشـەممان دکتـۆرەکان کۆبوونەوەمـان دەکـرد، نەخۆشـی و میکرۆب و بارودۆخـی تەندروسـتی نوێـی ناوازەمـان بـە یەکـتری نیشـان دەدا، قسـە و ڕاڤەمـان لەسـەریان دەکـرد، لەگـەڵ قوتابییەکانـی زانکـۆش ئەوەمـان دەکـرد، بـەو پرۆسـەیە چارەسـەری زۆرمـان دەدۆزیـەوە.

قسـەیەکم لەسـەر پیشـەی دکتۆریـی هەیـە، ئـەوەی دەڵێـت مـن خوێندنـم تـەواو کـردووە و دکتـۆرم تـەواو، وا نییـە! ئـەوەی دە ڕۆژ نەخوێنێتـەوە، بێگومـان دە ڕۆژ دوا دەکەوێـت.

***

هەمـوو رۆژێـک، زوو لەگـەڵ دەوام دکتۆری موقیـم و دکتۆری موقیمی ئەقـدەم و دکتـۆری پسـپۆر لەگـەڵ ژمارەیـەک لـە قوتابییەکانـی پۆلـی شەشـەمی پزیشـکی سـەردانی نەخۆشـەکانیان دەکـرد، دکتـۆری سەرپەرشـتیاری نەخۆشـەکان باسـی بارودۆخـی نەخۆشـەکانی دەکـرد، بۆیانـی روون دەکـردەوە؛ کـەی سـەردانی کـردوون و چەنـد لـە نزیکیـان ماونەتـەوە و چـی بـۆ کـردوون.

لـە قۆناغـی سـێی کۆلێـژ دەچمـە بـەر دەسـتی دکتـۆری نەشـتەرگەر، لـە قۆناغـی چـوار و پێنـج زیاتـر پێشـکەوتین، ئیـتر دەبینـە موقیـم و موقیمـی ئەقـدەم و تـا دەگەمـە پسـپۆری راوێـژکار، واتـە لـە قوتابییـەوە بـۆ دکتـۆری راوێـژکار، هەنـگاو بـە هەنـگاو سـەردەکەوتم، ناکـرێ یەکێـک یەکسـەر بکەیتـە راوێـژکار، بۆیـەش ناکـرێ یەکێـک یەکسـەر بکەیتـە وەزیـر، لـە هەمـوو قۆناخەکانـا بەرپرسـیاریەتیت زۆرتـر و قوورسـتر دەبێـت.

هـەر دکتۆرێـک، دکتۆرێکـی تـر فێـر نـەکات دکتـۆر نییـە. دکتـۆر زانسـت و زانیارییەکانـی نەداتـە کەسانی تـر دکتـۆر نییـە، دووره لـەو پیشـەیە. دکتـۆر بیسـت تـا سـی سـاڵ توانـای هەیـە ئیشـەکانی بـە دروسـتی بـکات، بـەڵام کـە تەمەنـی دەگاتـە ٦٥ و ٧٠ سـاڵی زەحمـەت دەبێـت دروسـت بتوانێـت پێنـج سـەعات بەسـەر نەشـتەرگەرییەک بوەسـتێت، تەنیـا توانـای دوو سـەعاتی دەبێـت. دکتـۆر لەودەمانـە راوێـژکارە، ئیـتر دکتـۆرەکان لەبـەر رێنماییەکانـی ئـەو نەشـتەرگەری دەکـەن، ئێسـتا تەکنەلۆژیـا گەشـەی کـردووە، هەمـوو پرۆسـەکە بـە

کامیـرا دەبینـن، ئیشـەکان زۆرتـر بـە رۆبۆتیـش دەکرێـن، بۆیـەش نەخۆشـەکان حەقیانـە دەچنـە نەخۆشـخانەکانی تەکنیکیـان بەرزتـر و نوێـترە.

***

کـە لـە شـارۆچکەی گەڵاڵـە بـووم بـەردەوام دەرزی و دەرمانـم لەنـاو ماڵەکەشـم هەبـوو، بـەردەوام نەخۆشـەکان دەهاتـن و چارەسـەرم دەکـردن و هەرگیـز بیریشـم لـەوە نەدەکـردەوە پارەیـان لـێ وەربگـرم. ئەوانیـش بەسـادەییەوە دەعوەتیـان دەکـردم، پێـم خـۆش بـوو، وامدەزانـی دکتۆریـی پێویسـتە چارەسـەریی دەروونیـش بـکات، لەنـاو خەڵکەکـە بژیـت.

لەودەمانـە ژن هەبـووە نەخۆشـیش دەبـوو نەیدەویسـت دکتـۆر ببینێـت، یـان پیـاو هەبـوو ئامـادە نەبوو بـوار بە دکتۆر بـدات فەحس بـۆ ژن و کیژەکـەی بـکات، هەنـدێ فەحسـمان لەسـەر جلوبەرگیـان دەکـرد، دیـارە زانسـت لـە فەرەنسـا وەک نمونـە بـە جۆرێـک پراکتیـک و بەرجەسـتە دەکرێـت، لـە گەڵاڵـە یـان لـە شـوێنێکی تـر شـێواز و جـۆری تـری دەویسـت، دەبوایـە خەڵکەکـە فێـر بکەیـن چـۆن بچنـە کـن دکتـۆرەکان، ئەگەرچـی لـە دەرەوەی وڵات نەخـۆش هەیـە ماوەیەکـی زۆر چـاوەڕوان دەکات بـۆ دیتنـی دکتۆرێکـی پسـپۆڕ. دکتۆریـش گۆشـت و خوێنـە، تـووڕەش دەبێـت، بـەڵام ناکـرێ بـەو مۆراڵـە نەخـۆش ببینێـت. لەودەمانـە پشـوو و ئاسـوودەیی پێویسـتە نـەک ئیشـکردن، چونکـە نەخۆش جەسـتە خۆشەویسـتە نەخۆشـەکەی لەبـەر دەسـتت دانـاوە، دەرمانـی دەوێـت، نەشـتەرگەریی دەوێـت.

هەروەهــا دکتــۆر پێویســتە بۆچــوون و دیــدی تایبەتــی خــۆی وەک دکتــۆر لەبیــر بــکات.

***

پێــش پەنجــا ســاڵ دەمانگــوت هەنــدە شــت هەیــە ناکــرێ بــە کەســی نەخــۆش بڵێیــت. بــەڵام شــێوازی ئێســتا جیــاوازە، نەخــۆش حەقــی خۆیەتــی راســتییەکانی پــێ بڵێیــت. ناکــرێ بــە نەخۆشــیش بڵێیــت بەیانــی دەمریــت، هیــچ دکتۆرێــک نییــە بــە نەخــۆش بڵێــت تــۆ تەمەنــت کــەم مــاوە، ئــەوە لــە دەســت خودایــە، بــەڵام دەتوانــی پێــی بڵێیــت نەخۆشــییەکەت زەحمەتــە. لــەو بارودۆخــەدا پێویســتە مــردن و دوارۆژەکــەی هەنــگاو بــە هەنــگاو بزانێــت، نــەک یەکســەر و رووبــەڕوو ئەنجامەکــەی پــێ بڵێیــت، پێویســتە نەخــۆش ئــارام بکەیتــەوە، بــەڵام درۆی بــۆ نەکەیــت و ئامــۆژگاری بکــە خــۆی مانــدوو نــەکات، ئــەوەش بەپێــی زانیــن و عەقڵــی نەخۆشــەکە بێــت. نەخۆشــی ئێســتا هەمــوو شــتەکان لەنــاو گوگــول دەدۆزێتــەوە، دکتــۆر چــارەی دەکات، بــەڵام ناتوانێــت مردنــی لەســەر لابەرێــت. نەخۆشــیش هەیــە متمانــەی کەمــە و دوودڵــە، هەیــە تــووڕە دەبێــت، کــە پێــی دەڵێیــت پشــوو بــدە و خــۆت مانــدوو مەکــە، دەرمــان و ئامۆژگاریــی دەبێتــە چارەســەری تــەواو. نەخــۆش هەبــوو خــۆی داوای دەرمانــی کــردووە، دەیگــوت مۆلتــی ڤیتامیــن یــان بیکــۆم بۆ بنووســە، بــەڵام من پشــکنینم بــۆی دەکــرد، کــە دەمزانــی پێویســتی بەوانــە دەبێــت بــۆم دەنووســی، ئــەوەش هەبــوو نەخــۆش هەســتی بــە ژان و نەخۆشــییەکەی دەکــرد و دەیزانــی چ ئاســوودەی دەکات.

# بەڵگەنامەکان

## دەقی نووسراوی ڕەسمی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی عێراقی فیدراڵ، بۆ مۆڵەت و کردنەوەی زانکۆی جیهان لە هەولێر

**کۆماری عێراق**
**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
**دائیرەی خوێندنی باڵای ئەهلی**

**ژمارە ٤٦٣٢ لە ٢٠١٧/٧/٦**

**فەرمانی وەزاری**

**بابەت/ زانکۆی جیهان/ عێراق/ هەرێمی کوردستان**

بەپێی برگەکانی «٥٥» و «٥٧ دووەم» لە یاسای خوێندنی باڵای ئەهلی ژمارە «٢٥» لە ساڵی ٢٠١٦ و ڕاسپاردەکانی لێژنەکانی ڕێکخراو بە پێی فەرمانی بەڕێوەبردنی ژمارە «ت هـ ق/٤٨٢٧» لە ٢٠١٦/١٢/٢٧ و پاشکۆکەی بە پێی فەرمانی بەڕێوەبردنی ژمارە «ت هـ ص /٥١٤٥» لە ٢٠١٧/١/٢٣ و دەسەڵاتەکانی پێمان دراوە بڕیار دەدەین:

لەبەر هاوسەنگی و پابەندبوونیان بە ئەحکامەکانی دامەزراندنی زانکۆ ئەهلییەکانی باسکراو لە یاساکەی لە سەرەوە ئاماژەی پێدراوە، بە ڕەسمی دان بە زانکۆی جیهانی ئەهلی دامەزراو لە هەرێمی کوردستان / پارێزگای « هەولێر _ سلێمانی _ دهۆک» دا دەنێن، پەیڕەوکردنی ئەو مەرجانەی خوارەوە:

١. وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی هەرێمی کوردستان پابەند دەبێت بە ڕێکارە ڕەسمییەکانی زانکۆ و کۆلێژ و ئامۆژگە

ئەهلییەکانی لەلایەن وەزارەتەوە دانیان پێ دانراوە و ئیشی پێ دەکەن.

٢. سەرپەرشتکاری پەروەردەیی ئەهلی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێم «ئەندام لە ئەنجومەنی خوێندنی باڵای ئەهلی» بەردەوام راپۆرت لەسەر پرۆسەی خوێندن و چالاکییەکان و ساڵانەش بنچینەی بەیانەکانی خوێندکارانی پێشوو و نوێیەکانی زانکۆی جیهانمان بۆ بنێرن.

٣. زانکۆی جیهانی ئەهلی «هەولێر _ سلێمانی _ دهۆک» پابەند بکرێت بە جێبەجێکردنی هەموو جەمسەرەکانی پێوانەیی نیشتمانی وەک تاقیگەی باش پەسندکراو لەلایەن دەزگەی سەرپەرشتی وەزارەتەکەمان، ئەوەش بەر لە تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر ئەو فەرمانەی سەرەوەمان جێبەجێ بکرێت.

٤. ئەگەر هەر ئاماژەیەک دەرکەوت بە پێچەوانەی ئەوانە هەڵسوکەوتیان کردووە، بە پێی ئەحکام و مەرجەکانی یاسای خوێندنی باڵای ئەهلی ژمارە ٢٥ی ساڵی ٢٠١٦ فەرمانی دانپێدانانی زانکۆی جیهان هەڵدەوەشێنینەوە، هیوادارین ئەو زانکۆیە بەشدار و هاوکار بێت لە گەشەی چەندی و جۆری بزاڤی زانستی و رۆشنبیری و پەروەردەیی و توێژینەوەی زانستی.

**م. د. عبدالرزاق عبدالجليل العيسى**

**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**٢٠١٧/٧/٥**

**وێنەیەک بۆ:**

ئەمانەتی گشتی ئەنجومەنی وەزیران

وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی کوردستان

هەموو وەزارەتەکان

هەموو دائیرەکانی تری دەرەوەی وەزارەتەکەمان

ئۆفیسی وەزیری بەرێز

بەرێز جێگرەکان

ئۆفیسەی راوێژکارە بەرێزەکان

دەزگەی پشکنین و هەڵسەنگاندنی زانستی

سەرۆکایەتی هەموو زانکۆکان

هەموو زانکۆ و کۆلێژ و پەیمانگە ئەهلییەکان

دائیرەی زانستە زانکۆییە ئەهلییەکان

**تێبینی:**

دەقی نووسراوەکە بە زمانی عەرەبی بوو، من کردومەتە کوردی.

## دەقی مۆڵەتی رەسمی کردنەوەی زانکۆی جیهان هەولێر لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی وەبەرهێنان

**حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**
**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**دەستەی وەبەرهێنان**
**حکومە اقلیم کوردستاب ـ العراق**
**رئاسە مجلس الوزراء**
**هیئە الاستثمار**

### مۆڵەتی وەبەرهێنان ژمارە «٥٧»

مۆڵەتی یاسایی کارکردن بۆ پرۆژەی وەبەرهێنان بە پێی یاسای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان ژمارە «٤» ساڵی «٢٠٠٦» و لەبەر بوونی مەرجی دامەزراندنی پرۆژە بڕیارماندا بە پێدانی:

بەرێز: د. نوزاد یحیی سعید باجگر
رەگەزی وەبەرهەمێنەر: عێراقی
مۆڵەتی وەبەرهێنان بۆ: پرۆژەی خوێندنی باڵا
لە پارێزگای: هەولێر
بە ناوی: کۆلێژی جیهانی زانکۆیی
لە رێکەوتی: ٢٠٠٧/١١/٥

**ئەندازیار**
**هێرش محرم محمدامین**
**سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان _ عێراق**
**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**دەستەی وەبەرهێنان**
**بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنان _ سلێمانی**


**حکومه اقليم کوردستان**
**رئاسه مجلس الوزراء**
**هيئه الاستثمار**
**مديريه العامه للاستثمار _ سليمانيه**

**مۆڵەتی وەبەرهێنانی «مەرجدار» ژمارە «٤٥»**

مۆڵەتی یاسایی کارکردن بۆ پڕۆژەی وەبەرهێنان بەپێی یاسای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان ژمارە «٤» ساڵی «٢٠٠٦» و لەبەر بوونی مەرجی دامەزراندنی پڕۆژە بڕیارماندا

بە پێدانی:
بەرێز : کۆمپانیای «جیهان»
ڕەگەزنامەی وەبەرهێنەر : نیشتمانی
مۆڵەتی وەبەرهێنان بۆ : پڕۆژەی فێرکردن
بە سەرمایەی «١٥٦» ملیۆن دۆلاری ئەمریکی
لە پارێزگای : سلێمانی / قەزای مەڵبەند
بە ناوی : زانکۆی جیهان / لقی سلێمانی
لە ڕێکەوتی : ٢٠١٢/١١/١٤

**فەرمان غەریب سەعید**
**بەڕێوەبەری گشتی «بەوەکالەت»**



حكومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
دەستەی وەبەرهێنان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنان-سلێمانی

حكومة اقليم كوردستان
رئاسة مجلس الوزراء
هيئة الاستثمار
مديرية العامة للأستثمار-سليمانية

مكتب العين للترجمة القانونية
رقم الاجازة ( ٣٥ )
مجاز من وزارة العدل

مۆڵەتی وەبەرهێنانی (مەرجدار)ژمارە (٤٥)

مۆڵەتی یاسایی کارکردن بۆ پرۆژەی وەبەرهێنان بە پێی یاسای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان ژمارە ( ٤ ) ساڵی (٢٠٠٦) و لەبەربوونی مەرجی دامەزراندنی پرۆژە بڕیارماندا

بە پێدانی :

| | |
|---|---|
| بەڕێز | :کۆمپانیای(جیهان) |
| ڕەگەزنامەی وەبەرهێنەر | : نیشتیمانی |
| مۆڵەتی وەبەرهێنان بۆ | : پرۆژەی فێرکردن |
| بەسەرمایەی | ( ١٥٦,٠٠٠,٠٠٠$)ملیون دۆلاری ئەمریکی |
| لە پارێزگای | : سلێمانی/ قەزای مەڵبەند |
| بەناوی | :زانکۆی جیهان /لقی سلێمانی |
| لەڕێکەوتی | : ١٤ /١١/ ٢٠١٢ |

المترجم المحلف
باسل ميرزا يوسف
مجاز من وزارة العدل
رقم الاجازة ( ٢٥ )

فەرمان غەریب سەعید
بەڕێوەبەری گشتی (بەوەکالەت)

مۆڵەتی وەبەرهێنانی زانکۆی جیهان لە سلێمانی.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**
**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**دەستەی وەبەرهێنان**

**حکومە اقلیم کوردستان ـ العراق**
**رئاسە مجلس الوزراء**
**هیئە الاستثمار**

## مۆڵەتی وەبەرهێنان ژمارە «٧٤٠»

مۆڵەتی یاسایی کارکردن بۆ پرۆژەی وەبەرهێنان بە پێی یاسای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان ژمارە «٤» ساڵی «٢٠٠٦» و لەبەر بوونی مەرجی دامەزراندنی بڕیارماندا بە پێدانی:

بەرێز : کۆمپانیای جیهان الجامعە بۆ وەبەرهێنانی زانستی / سنووردار
رەگەزنامەی وەبەرهێنەر : عێراقی
مۆڵەتی وەبەرهێنان بۆ : پرۆژەی فێرکردن / خوێندنی باڵا
لە پارێزگای : دهۆک / سێمێل
بە ناوی : کەمپی زانکۆیی جیهان
لە ڕێکەوتی: ١٥ / ١١/ ٢٠١٥

**د. نوری عثمان عبدالرحمن**
**سەرۆکی دەستە / بەوەکالەت.**



حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
دەستەی وەبەرهێنان

حكومة اقليم كوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
هيئة الاستثمار

مۆڵەتی وەبەرهێنان ژمارە ( ٧٤٠ )

مۆڵەتی یاسایی کارکردن بۆ پرۆژەی وەبەرهێنان بە پێی یاسای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان ژمارە ( ٤ ) ساڵی ( ٢٠٠٦ ) و لەبەربوونی مەرجی دامەزراندنی پرۆژە بڕیارماندا

بە پێدانی :

بەڕێز : کۆمپانیای جیهان الجامعە بۆ وەبەرهێنانی زانستی / سنووردار

ڕەگەزنامەی وەبەرهێنەر : عێراقی

مۆڵەتی وەبەرهێنان بۆ : پرۆژەی فێرکردن / خوێندنی باڵا

لە پارێزگای : دهۆك / قەزای سێمێل

بە ناوی : کەمپی زانکۆیی جیهان

لە ڕێکەوتی : ١٥ /١١/ ٢٠١٥

د.نوری عثمان عبدالرحمن
سەرۆکی دەستە/بەوەکالەت

تێبینی : پاڵپشت بە فەرمانی دەستە ژمارە ( ٧٧١ لە ١٣/ ٣ / ٢٠١٨ ) کە ناوی وەبەرهێنەر ڕاست کراوەوە لە ( زانکۆی جیهان ) بۆ ناوی (کۆمپانیای جیهان الجامعە بۆ وەبەرهێنانی زانستی / سنووردار ) ئەم ( جداریة ) هەموارکراوەوە .

مۆڵەتی دامەزراندنی زانکۆی جیهان لە دهۆک.

زانکۆی جیهان  کوردستان ئاوەدان

# زانكۆی جیهان هەولێر
# قۆناخەكانی گەشەسەندنی زانكۆی جیهان لە هەولێر

**دەستێکی کردنەوەی زانکۆی جیهان لە ساڵی ٢٠٠٧ _ ٢٠٠٨ تەنیا ٣ بەشی خوێندنی تێدا کرابووە، بەشەکان بەم شێوەی خوارەوە بوون:**

١. بەشی زانستی کۆمپیوتەر.
٢. بەشی یاسا «بەیانییان و ئێواران».
٣. بەشی ژمێریاری.

١٨ فەرمانبەر و ١٢ ماموستای هەبوو.
ژمارەی قوتابییەکان بە کوڕ و کچ و هەموو بەشەکان «٦٣٢» قوتابی بوون.

***

**خوێندنی ساڵی ٢٠٠٨ _ ٢٠٠٩ بەشەکانی زانکۆ بەم شێوەی خوارەوە بوون:**

١. بەشی زانستی کۆمپیوتەر.
٢. بە شی یاسا»بەیانییان و ئێواران».
٣. بەشی ژمێریاری «بەیانییان و ئێواران».
٤. بە شی زمانی ئینگلیزی.
٥. بەشی هندسەی اتصالات.

لەو ساڵە ٢٢ مامۆستا و ٢٥ فەرمانبەری هەبووە. چوار سەرۆك

بەشـی و یـەک راگـری کۆلێـژی تێـدا بـووە.
ژمـارەی قوتابییـەکان بـە کـوڕ و کـچ و هەمـوو بەشـەکان «١٦٣٢» قوتابـی بـوون.

***

**بـۆ سـاڵی ٢٠٠٩ _ ٢٠١٠ کەمپـی نوێـی زانکـۆ فراوانـتر کرابـووە، بەشـەکانی خوێنـدن لـە زانکـۆ ئـەو بەشـانەی خـوارەوە بـوون:**

١. زانستی کۆمپیوتەر.
٢. بەشی یاسا «بەیانییان و ئێواران».
٣. بەشی ژمێریاری»بەیانییان و ئێواران».
٤. بەشی ئینگلیزی»بەیانییان و ئێواران».
٥. هندسه اتصالات.
٦. علوم بایولوجی.
٧. هندسه معماری.

زانکۆکەکـە پێنـج سـەرۆک بـەش و ٤٤ مامۆسـتا و٤٥ فەرمانبـەری تێـدا بـوو. ژمـارەی قوتابییـەکان بـە کـوڕ و کـچ و هەمـوو بەشـەکان «٢٣٢٢» قوتابـی بـوون.
لـەم سـاڵەدا بانکـی جیهـان هەڵسـابوو بـە کردنـەوی لقێـک لـە زانکـۆ بـۆ یارمەتیـدانی ماموسـتا و فەرمانبـەرەکان بـۆ کردنـەوەی ئەژمـاری بانکیـی و وەرگرتنـی موچـەی مانگانەیـان.

***

**لـە خوێندنـی ساڵی ٢٠١٠ _٢٠١١ چەنـد بەشـێکی تـری نـوێ لـە زانکـۆ کرابـووە، ئەوانـە بـوون:**

١. هندسە معماری.

٢. هندسە اتصالات.

٣. علوم بایولوجی.

٤. علوم حاسبات.

٥. زمانی ئینگلیزی «بەیانییان و ئێواران».

٦. قانون»بەیانییان و ئێواران».

٧. محاسبە»بەیانییان و ئێواران».

٨. ادارە اعمال»بەیانییان و ئێواران».

٩. علاقات الدولیە والدبلوماسیە»بەیانییان و ئێواران».

لـە زانکـۆ نـۆ سـەرۆک بـەش و ٧٥ مامۆسـتا و ٥٩ فەرمانبـەر و خزمەتگـوزار هەبـوو.
ژمـارەی قوتابییـەکان بـە کـوڕ و کـچ و هەمـوو بەشـەکان «٣٢٦٥» قوتابـی بـوون.

***

**خوێندنـی سـاڵی ٢٠١١ _ ٢٠١٢ بەشـەکانی زانکـۆ بـەم شـیوەی خـوارەوە بـوون:**

١. هندسە معماری.

٢. ندسه اتصالات.

٣. علوم بايولوجى.

٤. علوم حاسبات.

٥. زمانى ئینگلیزی»بەیانییان و ئێواران».

٦. قانون «بەیانییان و ئێواران».

٧. محاسبه «بەیانییان و ئێواران».

٨. اداره اعمال»بەیانییان و ئێواران».

٩. علاقات الدولیه والدبلوماسیه «بەیانییان و ئێواران».

زانکـۆ دە سـەرۆک بـەش و ٩٩ مامۆسـتا و ٦٩ فەرمانبـەر و خزمەتگوزار هەبوو.

ژمـارەی قوتابییـەکان بـە کـوڕ و کـچ و هەمـوو بەشـەکان «٤٥٥٨» قوتابـی بـوون.

***

**خوێندنـی سـاڵی ٢٠١٢ _ ٢٠١٣ بەشـەکانی زانکـۆ بـەم شـیوەی خـوارەوە بـوون.**

١. هندسه معماری.

٢. هندسه اتصالات.

٣ علوم بايولوجى.

٤. علوم حاسبات.

٥. زمانی ئینگلیزی»بەیانییان و ئێواران».

٦. قانون»بەیانییان و ئێواران».

٧. محاسبە «بەیانییان و ئێواران».

٨. ادارە اعمال»بەیانییان و ئێواران».

٩. علاقات الدولیە والدبلوماسیە «بەیانییان و ئێواران».

١٠. ترجمە «بەیانییان و ئێواران».

١١. علوم مالیە ومصرفیە «بەیانییان و ئێواران».

١٣ سـەروك بـەش و ١٢٨ مامۆسـتا و ٨٠ فەرمانبـەر و خزمەتگـوزار هەبـووە.

ژمـارەی قوتابییـەکان بـە کـوڕ و کـچ و هەمـوو بەشـەکان «٥٢٢٨» قوتابـی بـوون.

***

**لە سالی ٢٠١٣ _ ٢٠١٤ بەشەکانی زانکۆ بەم شیوەی خوارەوە بوون:**

١. هندسە معماری.

٢. هندسە اتصالات.

٣. علوم بایولوجی.

٤. علوم حاسبات»بەیانییان و ئێواران».

٥. زمانی ئینگلیزی»بەیانییان و ئێواران».

٦. قانون»بەیانییان و ئێواران».

٧. محاسبە»بەیانییان و ئێواران».

٨. اداره اعمال»بەیانییان و ئێواران».

٩. علاقات الدولیه والدبلوماسیه»بەیانییان و ئێواران».

١٠. ترجمه»بەیانییان و ئێواران».

١١. علوم مالیه ومصرفیه»بەیانییان و ئێواران».

١٢. تصمیم الداخلی.

١٣. اعلام.

١٤. اداره صحیه.

١٠ سەروك بەش و ١٦٠ مامۆستا و ٩٩ فەرمانبەر و خزمەتگوزار لە زانكۆ هەبوو.

ژمارەی قوتابییەکان بە کوڕ و کچ و هەموو بەشەکان «٦٢٠١» قوتابی بوون.

***

**لە سالی ٢٠١٤ _ ٢٠١٥ بەشەکانی زانکۆ بەم شیوەی خوارەوە بوون:**

١. هندسه معماری.

٢. هندسه اتصالات.

٣. علوم بایولوجی.

٤. علوم حاسبات»بەیانییان و ئێواران».

٥. زمانی ئینگلیزی»بەیانییان و ئێواران».

٦. قانون»بەیانییان و ئێواران».

٧. محاسبە»بەیانییان و ئێواران».

٨. ادارە اعمال»بەیانییان و ئێواران»

٩. علاقات الدولیە والدبلوماسیە»بەیانییان و ئێواران».

١٠. ترجمە «بەیانییان و ئێواران».

١١. علوم مالیە ومصرفیە»بەیانییان و ئێواران».

١٢. تصمیم الداخلی.

١٣. اعلام»بەیانییان و ئێواران».

١٤. ادارە صحیە»بەیانییان و ئێواران».

١٢ سەروك بەش و ١٧٤ مامۆستا و ٩٥ فەرمانبەر و خزمەتگوازار لە زانکۆ هەبوو. ژمارەی قوتابییەکان بە کوڕ و کچ و هەموو بەشەکان «٦٢٩٩» قوتابی بوون.

***

**لە ساڵی ٢٠١٥ _ ٢٠١٦ بەشەکانی زانکۆ بەم شێوەی خوارەوە بوون:**

١. هندسە معماری.

٢. هندسە اتصالات.

٣. علوم بایولوجی.

٤. علوم حاسبات»بەیانییان و ئێواران».

٥. زمانی ئینگلیزی»بەیانییان و ئێواران».

٦. قانون»بەیانییان و ئێواران».

٧. محاسبه»بەيانييان و ئێواران».

٨. اداره اعمال»بەيانييان و ئێواران».

٩. علاقات الدوليه والدبلوماسيه»بەيانييان و ئێواران».

١٠. ترجمه»بەيانييان و ئێواران».

١١. علوم ماليه ومصرفيه»بەيانييان و ئێواران».

١٢. تصميم الداخلى.

١٣. اعلام»بەيانييان و ئێواران».

١٤. اداره صحيه»بەيانييان و ئێواران».

١٥. هندسه مدنى.

١٥ سـەروك بـەش و ١٤٧ مامۆسـتا و ٩٧ فەرمانبـەر و خزمەتگـوزار لـە زانكـۆ هەبـووە. هەروەهـا ٤٥ مامۆسـتاى پـارت تايـم لـە زانكـۆ دەوامـى كـردووە.

ژمـارەى قوتابييـەكان بـە كـوڕ و كـچ و هەمـوو بەشـەكان «٥١٨٢» قوتابـى بـوون.

***

**سالى ٢٠١٦ _ ٢٠١٧ بەشەكانى زانكۆ بەم شيوەى خوارەوە بوون:**

١. هندسه معمارى.

٢. هندسه اتصالات.

٣. علوم بايولوجى.

٤. علوم حاسبات»بەيانييان و ئێواران».

٥. زمانی ئینگلیزی»بەیانییان و ئێواران».
٦. قانون»بەیانییان و ئێواران».
٧. محاسبە»بەیانییان و ئێواران».
٨. ادارە اعمال»بەیانییان و ئێواران».
٩. علاقات الدولیە والدبلوماسیە»بەیانییان و ئێواران».
١٠. ترجمە»بەیانییان و ئێواران».
١١ علوم مالیە ومصرفیە»بەیانییان و ئێواران».
١٢. تصمیم الداخلی.
١٣. اعلام»بەیانییان و ئێواران».
١٤. ادارە صحیە»بەیانییان و ئێواران».
١٥. هندسە مدنی.
١٦. ریاضە.

لـە زانکـۆ دوو راوێـژکار هەبـووە. ١٧ سـەرۆک بـەش و ١١٣ مامۆسـتا و ١٠٣ فەرمانبـەر و خزمەتگـوزار کاریـان کـردووە. هـەر لـەو سـاڵە ١٠٧ مامۆسـتا وەک پـارت تایـم دەوامیـان کـردووە.
ژمـارەی قوتابییـەکان بـە کـوڕ و کـچ و هەمـوو بەشـەکان «٦٠٩٥» قوتابـی بـوون.

***

**ساڵی ٢٠١٧ _ ٢٠١٨ بەشەکانی زانکۆ بەم شێوەی خوارەوە بوون.**

١. هندسە معماری.
٢. هندسە اتصالات.

٣. علوم بایولوجی.
٤. علوم حاسبات»بەیانییان و ئێواران».
٥. زمانی ئینگلیزی»بەیانییان و ئێواران».
٦. قانون»بەیانییان و ئێواران».
٧. بەشی التغذیە.
٨. صحە المجتمع.
٩. محاسبە»بەیانییان و ئێواران».
١٠. ادارە اعمال»بەیانییان و ئێواران».
١١. علاج طبیعی.
١٢. علاقات الدولیە والدبلوماسیە»بەیانییان و ئێواران».
١٣. ترجمە»بەیانییان و ئێواران».
١٤. علوم مالیە ومصرفیە»بەیانییان و ئێواران».
١٥. تصمیم الداخلی.
١٦. اعلام»بەیانییان و ئێواران».
١٧. ادارە صحیە»بەیانییان و ئێواران».
١٨. هندسە مدنی.
١٩. ریاضە.

لە زانکۆ سێ راوێژکار و پازدە سەرۆک بەش و ١١٥ مامۆستا و ١٣ مامۆستای هیندی و ١١٤ فەرمانبەر و خزمەتگوزار و ١٥٥ مامۆستا پارت تایم، لەوانە ٧٩ دەبن بە مامۆستا. ژمارەی قوتابییەکان بە کوڕ و کچ و هەموو بەشەکان «٥١٨٦» قوتابی بوون.

***

**لــه ســاڵی ٢٠١٨ ـ ٢٠١٩ بەشــەکانی زانکــۆ بــەم شــیوەی خــوارەوە بــوون.**

١. هندسه معماری.
٢. هندسه اتصالات.
٣. علوم بایولوجی.
٤. علوم حاسبات»بەیانییان و ئێواران».
٥. زمانی ئینگلیزی»بەیانییان و ئێواران».
٦. قانون»بەیانییان و ئێواران»
٧. قسم التغذیه.
٨. محاسبه»بەیانییان و ئێواران».
٩. صحه المجتمع.
١٠. اداره اعمال»بەیانییان و ئێواران».
١١. علاج طبیعی.
١٢. علاقات الدولیه والدبلوماسیه»بەیانییان و ئێواران».
١٣. تحلیلات کیمیائیه.
١٤. ترجمه»بەیانییان و ئێواران».
١٥. بایولوجی طبی
١٦. علوم مالیه ومصرفیه»بەیانییان و ئێواران».
١٧. تربیه عامه.
١٨. تصمیم الداخلی.
١٩. اعلام»بەیانییان و ئێواران».
٢٠. اداره صحیه»بەیانییان و ئێواران».

٢١. هندسە مدنی.

٢٢. ریاضە.

دوو راوێـژکار و ١٣ سـەرۆک بـەش و ١١٠ مامۆسـتا و نـۆ مامۆسـتای هینـدی و ٩٧ فەرمانبـەر و خزمەتگـوزار، هەروەهـا ٤٠ مامۆسـتا وەک پـارت تایـم لـەو سـاڵە لـە زانکـۆ کاریـان کـردووە.
ژمـارەی قوتابییـەکان بــە کــوڕ و کــچ و هەمـوو بەشــەکان «٦٣٢» قوتابــی بــوون.
ژمـارەی قوتابییـەکان بــە کــوڕ و کــچ و هەمـوو بەشــەکان «٥١٩٠» قوتابــی بــوون.

***

**ساڵی ٢٠١٩ _ ٢٠٢٠ بەشەکانی زانکۆ بەم شیوەی خوارەوە بوون.**

١. هندسە معماری.

٢. هندسە اتصالات.

٣. علوم بایولوجی.

٤. علوم حاسبات»بەیانییان و ئێواران».

٥. زمانی ئینگلیزی»بەیانییان و ئێواران».

٦. قانون»بەیانییان و ئێواران».

٧. بەشی التغذیە.

٨. محاسبە»بەیانییان و ئێواران».

٩. صحە المجتمع.

١٠. اداره اعمال»بەیانییان و ئێواران».
١١. علاج طبيعى.
١٢. علاقات الدوليه والدبلوماسيه»بەیانییان و ئێواران».
١٣. تحليلات كيميائيه.
١٤. ترجمه»بەیانییان و ئێواران».
١٥. بايولوجى طبى.
١٦. علوم ماليه ومصرفيه»بەیانییان و ئێواران».
١٧. تربيه عامه.
١٨. تصميم الداخلى
١٩. اعلام»بەیانییان و ئێواران».
٢٠. اداره صحيه»بەیانییان و ئێواران».
٢١. هندسه مدنى.
٢٢. رياضه.

یـەک راوێـژکار و ١٦ سـەرۆک بـەش و ٩٨ مامۆسـتا و ٨٧ فەمانبـەر و خزمەتگـوزار و ٥١ مامۆسـتای پـارت تایمـی هەبـوو.
ژمـارەی قوتابییـەکان بـە کـوڕ و کـچ و هەمـوو بەشـەکان «٤٥٨٢» قوتابـی بـوون.

***

**لـە سـاڵی ٢٠٢٠ _٢٠٢١ بەشـەکانی زانکـۆ بـەم شـیوەی خـوارەوە بـوون.**

١. هندسه معماری.

٢. هندسه اتصالات.

٣. علوم بایولوجی.

٤. علوم حاسبات»بەیانییان و ئێواران».

٥. زمانی ئینگلیزی»بەیانییان و ئێواران».

٦. قانون»بەیانییان و ئێواران».

٧. بەشی التغذیه.

٨. محاسبه»بەیانییان و ئێواران».

٩. صحه المجتمع.

١٠. اداره اعمال»بەیانییان و ئێواران».

١١. علاج طبیعی.

١٢. علاقات الدولیه والدبلوماسیه»بەیانییان و ئێواران».

١٣. تحلیلات کیمیائیه.

١٤. ترجمه»بەیانییان و ئێواران».

١٥. بایولوجی طبی.

١٦. علوم مالیه ومصرفیه»بەیانییان و ئێواران».

١٧. تربیه عامه.

١٨. تصمیم الداخلی.

١٩. تحلیلات مختبریه طبیه.

٢٠. اعلام»بەیانییان و ئێواران».

٢١. اداره صحیه»بەیانییان و ئێواران».

٢٢. هندسه مدنی.

٢٣. ریاضه.

یـەک راوێـژکار و ١٩ سـەرۆک بـەش و ١٠٤مامۆسـتا و ٩٩ فەرمانبـەر و خزمەتگـوزار و ٥٩ مامۆسـتای پـارت تایمـی هەبـووە.
ژمـارەی قوتابییـەکان بـە کـوڕ و کـچ و هەمـوو بەشـەکان «٤٧١١» قوتابـی بـوون.

# بیوگرافي د. نوزاد یحیى سعید خضر
# إلیاس محمد باجکر

- ولد في ٢٨ شباط ١٩٤٨ م.
- بكـر الوالديـن يحيـى سـعيد باجكـر + مكيـه أحمـد صمـد سـعدالله و لي ثـلاث اشـقاء وأربعـه شـقيقات.
- درس الابتدائيـة في مدرسـة الفيصليـة ثـم أربيـل الاولى و إبـن خلـكان. باللغـة الكرديـة و معلمـي الاول اسـتاذ ناصـح داود و فـؤاد معلـم الرسـم.
- ثـم دراسـة المتوسـطة في متوسـطة أربيـل و مـدرسي الاول اسـتاذ مـكى.
- ثـم اعداديـة في اعداديـة أربيـل ومـدرسي الاول الاسـتاذ خليـل عبداللـه.
- دخـل جامعة مـوصل - كـليـة طـب خـريـف ١٩٦٧ .
- شـاركت في مؤتمـر التأسـيس لاتحـاد كتـاب الاكـراد في بغـداد ١٩٧٠ - ١٩٧١.
- تـعينت طـبيبا مـقيما ١٩٧٤ - ١٩٧٥ و رئـيس الاطـباء المقيمـون . يعتـبر مـن أحـلى سـنوات عمـري .
- تخرجت طبيبا عاما ١٩٧٣-١٩٧٤ م.
- التحقـت بالخدمـة العسـكرية اللازميـة ١٩٧٥ - ١٩٧٦ جنـدي طبيـب. وخدمـت في قـوات الحـدود في زاخـو .. أربيـل و روانـدوز .
- قضيـت طبيـب قـرى والاريـاف في گلالـة مـن احـلى أيـام عمـري ١٩٧٦ - ١٩٧٧ .
- طبيب ممارس عام مستوصف سيطاقان .
- طبيب طواري في مستشفى أربيل الجمهوري.

- طبيب متدرب في جراحة الصدر والقلب والاوعية الدموية وفتحت العيادة الخاصة مساءا.
- فتح أول مركز لجراحة الصدر والقلب والاوعية الدموية في كوردستان أربيل مع د. وليد خالد في مستشفى أربيل الجمهوري سنة ١٩٨٢.
- نقل ملاكي من وزارة الصحة الى وزارة التعليم العالي كلية الطب جامعة صلاح الدين في ١٩٨٢.
- تنسيب لتدريب جراحة القلب والصدر في مدينة الطب بغداد . تحت رعاية استاذ يوسف النعمان ١٩٨٣ ... ودراسة الاختصاص في جراحة الصدر والقلب ١٩٨٣ - ١٩٨٧ في جامعة بغداد كلية الطب - مدينة الطب الطابق التاسع، سنتان تقويميتين و سنتان دراسة و تدريب.
- منحت لقب طبيب جراح اختصاص بعد إتمام دراستي العليا في مدينةالطب - كلية الطب جامعة بغداد في تشرين الاول ١٩٨٧ .
- رجعت الى أربيل طبيب جراح اختصاص جراح القلب والصدر كلية الطب جامعة صلاح الدين.
- وجراح اختصاص في مستشفى صدام التعليمي في أربيل ١٩٨٧ - ١٩٨٨ .
- نقلت الى كلية الطب جامعة مستنصرية مستشفى يرموك، فتحت العيادة الخاصة في بغداد. شارع مشجرعماره باقر الباقر ١٩٨٨ - ١٩٩٦ .
- مارست الرسم في شقتي الخاصة في مجمع سولي على

البحـر المتوسـط حيـث رسـمت ٦٩ لوحـة تشـكيلية. مرسـمي الخـاص. و كتبــت كثــير مــن الشــعر الحــر الكــردي والعــربي .

- رجعنـا ٢٠٠٣ الى الديـار في أربيـل وتوسـع نشـاطات الخدمـات التجاريــة والخدميــة و التعليميــة لكافــة مــدن كوردســتان والعــراق.
- تنشيط الحركة الاقتصادية والاستثمار لكردستان والعراق.
- إنشــاء شركات عالميــة في دبي، مرســين، عــراق، سريلانــكا و انكلــترا.
- مؤسس جامعة جيهان – أربيل ٢٠٠٧ م.
- مؤسس بنك جيهان للاستثمار ٢٠٠٩ في العراق.
- مؤسس جيهان للابتدائية والمتوسطة والاعدادية.
- رئيس مجلس الادارة لشركة جيهان للاعمار.
- رئيس مجلس الادارة لشركة جيهان للخدمات النفطية.
- رئيس مجلس الادارة لشركة جيهان للتأمين.
- مؤسس اذاعة وتلفزيون جيهان ٢٠٠٨ أربيل .
- مؤسس جامعة جيهان سليمانية ٢٠١١ .
- مؤسس جامعة جيهان في دهوك ٢٠١٣.
- مؤســس مركــز البحــوث والاستشــارات العلميــة والقانونيــة للقتــل الجماعــي.
- مؤسس نادي جامعة جيهان الرياضي ٢٠١٠.
- عضو جمعية جراح القلب العالمي.
- عضو جمعية جراحي القلب الاسيوية.
- عضو في نقابات الاطباء والصحفين وغرف التجارة.
- مؤسس جمعية الرفق بالحيوان.

- مؤسس جمعية حماية البيئة.
- صاحب امتياز مجلة جامعة جيهان .
- صدر له خمس كتب هي: أزرع الكلمات، وشه ده‌چێنم، الله، الموت مع الالبوم فن التشكيلي.
- كتب تحت الطبع و هي: السلام، يقول المعلم، ليلى، الفكر.
- رئيس مجلس الامناء جامعات جيهان « أربيل، سليمانية، دهوك» .
- من مؤسسي اتحاد مستثمرين كوردستان.
- من مؤسس سوق الأوراق المالية في أربيل ESX.
- عضو منظمة السلام العالمي.
- مشاريع مستقبلية:

أ- مشروع فتح جامعات في الدول الفقيرة. صومال، بنكلاديش وذالك لتواصل الثقافي والعلمي بين الامم.

ب- فتح جامعات في كافة مدن الكبيرة في العراق.

ج- التعليم هو الحل والسلام هو النتيجة.

د- تدريس حقوق الطفل والمرأة في مدارس والجامعات.

هـ- نشر مبدء نبذ العنف الاسرة. المرأة، الطفل.

و- انشاء مستشفى جيهان التعليمي و لاحقا فتح كليات الطب والصيدلية، والاسنان والتمريض.

عمري ٧٤ سنة. جراح استشاري، رسام، شاعر، رجل الاعمال .

Date: August ١٥, ٢٠١٥

Nawzad Yahya Saeed Khder
Elias Mohammed Bajger

Date: August 2015 ,15

Nawzad Yahya Saeed Khder Elias Mohammed Bajger

-1 I was born on February 28th 1948.

-2 I am the first born to my parents Yahya Saeed Bajgir and Makkiya Ahmed Samad Saadallah. I have three brothers and four sisters.

-3 I received my primary education at Al-Faisaliyyah and Erbil El-Oula/ Ben Khalkaan in Kurdish language.

-4 I studied to middle school in Erbil Middle School.

-5 I received my high school education in Erbil High School.

-6 I studied and practiced trade with the help of my father at his store for selling textiles. I also worked with him in harvesting and agriculture.

-7 I was accepted by the School of Medicine at Mousul University in 1967.

-8 I participated in the founding conference for the Kurdish Writers Union in Baghdad 1970.

-9 We did our best to introduce Kurdistan, the Kurdish case and the Kurds national rights to everyone we met.

-10 I left Iraq for the first time with a group of

my friends in the university to Cairo in 1969.
-11 I spend my university studies with love, amusement, and determination with hard study.
-12 I graduated as a physician in 1974.
-13 I was appointed as a resident doctor in 1975. Then I became the chief of residency doctors; this time was the best time in my life.
-14 I joined the compulsory military service 1976-1975 as a medical conscript. I was not awarded a first lieutenant ranking because I was not a member of the ruling party at that time. I served with the boarder forces in Zakho, Erbil and Rawandouz.
-15 I worked as a physician in the villages and suburbs of Galala between 1978-1977. This was the happiest time of my life.
-16 I became a practicing general physician in Sitakan infirmary.
-17 I served as the Emergency doctor at Erbil Al-Jumhoori Hospital.
-18 A training doctor in Cardiothoracic and vascular surgery. I opened my private clinic which operated during the evenings..
-19 The first center for Cardiothoracic and vascular surgery established in Kurdistan Me

with Dr. Waleed Khalid in Erbil Al-Jamhoori Hospital in 1982.

-20 I was relocated from the ministry of Health to the Ministry of Higher Education, College of Medicine, Salahaddin University in 1982.

-21 I was sent to study cardiothoracic surgery in Medical City Hospital in Baghdad under the auspices of Professor Yousef Al-Noumaan 1983. I specialized in Cardiothoracic and Vascular surgery in 1987-1983at Medical City Hospital, College of Medicine, Baghdad University. I spent two preparatory stage years and two years of study and practice.

-22 I married my beloved Susan Shareef Mohammed Jumbaaz on November 23rd 1984 in Baghdad

-23 My best gift from God, my daughter Naz, came to my life on January 23rd 1986.

-24 My next present, my daughter Media, was born on March 26th 1987.

-25 I was awarded the title of specialized surgical doctor after I complited my postgraduate education in Medical City Hospital, College of Medicine, Baghdad University in October of 1987.

-26 I returned to Erbil as a surgical doctor

specializing in Cardiothoracic and Vascular surgery in College of Medicine, Salahaddin University.

-27 I served as a specialized surgeon in Saddam Educational Hospital in Erbil, 1988-1987.

-28 I was moved to Baghdad as a Cardiothoracic and Vascular surgeon at Al-Yarmook educational Hospital, Al-Mustansiriyah University in August 1988 .

-29 I opened my private clinic in Baghdad, on Mushajjar St., in Baqir Al-Baqir building (1996-1988).

-30 God fulfilled his blessings on me when my son, Miran, was born on the date of my birthday, February 28th 1990, in Al-Yarmook Educational Hospital.

-31 My fourth child, Shireen, was born on April 24th 1996.

-32 My family and I moved to Turkey on July 1996 to Mersin where my brothers lived and our companies were located.

-33 We obtained the Turkish citizenship in 1998.

-34 I practiced painting in my apartment in Sully compound by the sea. I painted 69 drawings in my private studio. I wrote a lot of

fee verses in Kurdish and Arabic.
-35 In Turkey, we exported food supplies and services to Kurdistan region of Iraq.
-36 My family and I returned home to Erbil in 2003, and since then, our investment activities have been expanded to all cities of Kurdistan.
-37 My brothers and I developed our business successfully and invested in Kurdistan; we established international companies in Dubai, Mersin, Iraq, Sri-Lanka and England.
-38 Cihan University was established in Erbil in 2007.
-39 International trade and finance companies were established.
-40 Cihan Bank for investment in Iraq was established in 2009.
-41 Toyota dealership was soon added under the Cihan Group of companies
-42 Cihan College for primary and secondary studies was established.
-43 Cihan Company for construction.
-44 Cihan Oil Services Company.
-45 Cihan Insurance Company.
-46 Cihan Radio and Television was established and oprated in 2008.
-47 Cihan University in Sulaimani was

established in 2011.
-48 The center for research, legal and scientific consultancy and mass murder studies was established.
-49 Cihan University sports club was established.
-50 I am a Member of International Cardiothoracic and Vascular Surgery Society.
-51 I am a Member of Asian Cardiothoracic and Vascular Surgery Society.
-52 Concessionaire of Cihan University Magazine.
-53 I am one of the founders of the Kurdistan Union of Investors.
-54 I am the Founder of the humane society.
-55 I am one of the founders of the Kurdistan Stock Market, ESX.
-56 I am the founder of the Environment Protection Society Foundation.
-57 I have published 5 books, "words Planting", "Wooshe Dachainam", "Fine Art Album", "Allah","Death".
-58 Cihan University in Dohuk was established in 2013.
-59 I am the President of the Board of Trustees of Cihan Universities.

-60 I am a Member of International Peace Organization.
-61 I am about to publish the books: “Peace”, “The Teacher says”, Layla”, “Thought”.
-62 My intentions for the future include plans to establish universities in poor countries such as Somalia and Bangladesh in order to build cultural and scientific cooperation between nations.
-63 My plans include the establishment of universities in all major cities of Iraq.
-64 I strongly believe that Education is the solution and peace is the result.
-65 Teaching children’s and women’s rights in schools and universities should be reinforced; promoting for the concept of denunciation of violence against women and children is necessary.
-66 Establishing Cihan Educational Hospital and afterwards opening colleges of Medicine, Dentistry, Pharmacy and Nursing, are my next priorities.
-67 I am 74 years old, surgeon, painter, poet, and businessman.

**لە www.nawzadbajger.net وەرگیراوە.**

# گرووپەکانی جیهان

تیمی خاوەندارییەتی

Dr. Nawzad Haj Yahya

دەستەی بەڕێوەبەر

Haj Azad Haj Yahya

سەرۆکایەتی

Haj Talat Haj Yahya

دەستەی بەڕێوەبەر.

Haj Sabah Haj Yahya

دەستەی بەڕێوەبەر

# مێژووی ئێمە

**١٩٤٧**

**بازرگانی کوتاڵ**

خوداڵێخۆشبوو حاجی یحیا حاجی سەعید بناغەی جیهان گرووپی بە بازرگانی کوتاڵ داناوە.

**١٩٧١**

**بازرگانی گشتی و پیشەسازی**

پیشەسازی لە بواری جل و بەرگ و هەروەها پلاستیك و کیسەی کاغەز. هێنان و کۆفرۆشی کۆتاڵ لە وڵاتە هاوسێیەکان و رۆژهەڵاتی دوور.

**١٩٩١**

**کەلوپەلی خۆراکی جیهان**

هێنان و بڵاو کردنەوەی بەرهەمی خۆراکی بە کوالێتێکی بەرز و لە ژێر گەرەنتی براندی جیهانییەوە.

**١٩٩٤**

**بازرگانی نێودەوڵەتی**

دەستپێکی بازرگانی نێودەولەتی بە هاوردەکردنی چای و دواتر بەرهەمی خۆراکی، دواتر پەرەپێدان بە هاوردەکردنی کەلوپەلی ناوماڵ.

**١٩٩٨**

**هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی نوێی پشتگیریی**

جیهان گرووپ یەکەم کۆمپانیای تایبەت بووە بۆ هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی سفر کیلۆمەتر لە وڵاتە هاوسێیەکان بە پشتگیریی «UN».

**٢٠٠٤**

**جیهان مۆتۆر ـ نوێنەری سەرەکی تۆیۆتا**

جیهان مۆتۆرز وەکو لقێکی سەربەخۆی جیهان گرووپ دەبێتە یەکەمین کۆمپانیای تایبەت بۆ هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی نوێ لە وڵاتی ژاپۆنەوە لەلایەن ئاژانسی بازرگانی.

**٢٠٠٥**

**جیهان مۆتۆرز ـ ئۆتۆمبێل و ئامێرە پیشەسازییەکان**

ئەو بەشە لەلایەن بەشی جیهان مۆتۆرزەوە تۆمار کراو و بووە بە نوێنەری فەرمی چەندین براندی نێودەوڵەتی.

**٢٠٠٧**

**کۆمەڵەی رادیۆ و تەلەڤزیۆنی جیهان**

خاوەنی تۆری بڵاوکردنەوە بۆ هەمو هەرێمی کوردستان، گەیاندنی پەیام بە ناوەڕۆکێکی کوالێتی بەرز بۆ بینەران و بیسەرانی ناو کۆمەڵگە.

**٢٠٠٧**

**زانکۆ جیهان**

زانکـۆی جیهـان لـە هەولێـر وەکـو یەکێـک لـە یەکەمیـن زانکـۆ تایبەتییەکانـی کوردسـتان، بـۆ دابینکردنـی خوێندنێکـی بـە نـرخ و بـە ئـەرزش دامـەزراوە.

**٢٠٠٧**

**کۆمپانیای جیهان بۆ بیناسازی و پرۆژەی ئەندازیاری سنووردار**

کۆمپانییـای جیهـان دەسـتەیەکی کارگێرییـە بـۆ بیناسـازی لـە هەمـوو بوارەکانـی بیناسـازی بـە سـتافی تـەواوەوە.

**٢٠٠٨**

**بانکی جیهان بۆ سەرمایەی ئیسلامی و کاروباری ژمێریاری**

جیهـان بانـك رێژەیەکـی بـاش لـە خزمـەت و بەرهەوەرییەکانـی بانکـە ئیسـلامییەکان دابیـن دەکات، هەروەهـا کاروبـارە نێودەوڵەتییەکانیـش جێبەجـێ دەکات لـە رێـی هـاوکاری کردنـی لەگـەڵ بانکەکانـی تـر.

**٢٠١٢**

**دامەزراندنی زانکۆی لوبنانی فەرەنسی**

دامەزراندنـی زانکـۆی فەرانسـی لوبنانـی بـە مەبەسـتی دابینکردنـی خوێندنـی بـاڵا و بنکەیەکـی بـاش بـۆ فێرکـردن و پێدانـی زانسـت.

**٢٠١٥**

**کۆمپانیای نەوتی جیهان**

بـڵاو کردنـەوەی یەکێـك لـە باشـترین جۆرەکانـی بەنزیـن بـۆ ئۆتۆمبێـل وەکـو دەسـتپێك و هەبوونـی پـلان لـە ئایندەیەکـی نزیـك بـۆ کردنـەوەی  زۆرتریـن لقـی بەنزینخانـەکان.

**٢٠١٨**

**کۆمپانیای جیهان بۆ بەکرێدانی ئۆتۆمبێل**

کۆمپانیای نێودەوڵی لە ژێر چاودێری جیهان گرووپ داHertzl.

**٢٠١٩**

**جیهان وزە**

لەبـەر ئامانجێکـی دیـار کـە چارەسـەرکردنی کێشـەی کارەبـا و دابینکردنـی وزەیەکـی دڵنیایـی بـۆ نـەوەی داهاتـوو، دامـەزراوە.

لە ماڵپەڕی جیهان گرووپ وەرگیراوە.

**بسم الله الرحمن الرحيم**
**الجمهوريه العراقيه**
**وزاره التعليم العالى والبحث العلمى**
**جامعه بغداد**
**عماده كليه الطب**
**تسجيل الدراسات العليا**
**الرقم ٣٥٤**

**التاريخ ١٩٨٩/٣/١٨**

**الى/ وزاره التعليم العالى والبحث العلمى / شعبه التعبئه**

**م / وثيقه**

نوءيد لكم ان الدكتور نوزاد يحيى سعيد _الملصقه صورته اعلاه_ قد اكمل المتطلبات دراسه الدبلوم للعاميين الدراسيين ٨٦/٨٥ و ٨٧/٨٦ واجتاز الامتحان بنجاح وحصل على دبلوم عالى فى جراحه القلب والصدر والاوعيه الدمويه بتاريخ ١٩٨٧/١٠/١ علما ان مده الدراسه فى جراحه القلب والصدر والاوعيه الدمويه هى سنتان تقوييمتان وتعادل شهاده الماجستير من حيث الراتب والامتيازات لغرض شمول حامليها بالانتداب، استنادا الى قرار مجلس قياده الثوره المرقم ٨٩٥ فى ١٩٨٦/١١/٢٢.

وبناءا على طلبه زود بهذه الوثيقه.

**الدكتور رجاء عبدالرحيم الاعظمى**
**معاون العميد**
**٣/١٨**

بەپێـی ناوەڕۆکـی ئـەو نـووسراوە رەسـمییە، دکتـۆر نـەوزاد یەحیـا لـە زانکـۆی بەغـدا کۆلێـژی پزیشـکی، پـاش خوێنـدن و پراکتیکـی دوو سـاڵ لـە سـاڵی ١٩٨٧ ماسـتەری لـە نەخۆشـییەکانی دڵ و دەمـار و سـینگ وەرگرتـووە.

***

# نامەکان

سێ نامەی کۆن لەناو دەفتەرە کۆنەکانی حاجی یەحیا بەزاز، دکتۆر نەوزاد دەست نیشانیان دەکات و بۆ بڵاو کردنەوەیان. دەفتەرەکان لەلایەن ئەندامانی بنەماڵەکەیان لەبەر چاوانی خۆیان دانراون و نەیانهێشتووە ون بن، بدڕێن، لەبەر زەمان و پیریی هەڵوەرێن. ئەوەی شایانی باسە دەفتەرەکان ماوەیەکی زۆرە هەڵگیراون و باش پارێزراون. دەکرێ هەموو لاپەڕەکانی سکان بکرێن و وەک دەق و بەڵگەنامە سوودیان لێ ببینن، ببن بە لاپەڕە و بەشێکی گەش و متمانەپێکراوی مێژووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تایبەتی شارەکە و ناوچەکە.

# نامەی یەکەم

**٩٠٠**

**بۆ برای خوشەویستم یحیی**

**تقديم**

پاش سلام عزیزم اگر احوالمان دەپرسن سلامتین سلامتی ایوە طلب اکین

برام وەختی کە لە هەولیر بوین٥،٠٠٠ دینار لێمان وەرگرتن رەوانم کرد لگل عمر کاگول سائق وەربگرە جوابمان بدەرەوە

رجاکم جواب تاخير مكە والسلام

مخلصت دانیشتوی مخمور

اسماعیل مولود

٩٥٢/٨/٢٥

***

ئەوەی دەمەوێ لەو نامە کۆنەدا ئاماژەی پێ بدەم، چەند رازێکە. یەکەمیان حاجی یەحیا بەزاز لەگەڵ خەڵکی کەندیناوە و قەراج بەگشتی پەیوەندی خۆش بووە. لە درێژایی نووسینەکەش باسمان لەو پەیوەندییە کۆنەیان کردووە، ئەوەش بەڵگەیەکە؛ ئەو پیاوە لە مەخموور هاتووتە هەولێر و پارەی ویستووە، ئەویش پێنج دیناری بە قەرز پێ داوە، بەو مەرجەی کەی پارەکەی دەستکەوت و بواری بوو بۆی بنێرێتەوە.

کابراش بەڵێنەکەی بەجێ گەیاندووە و پارەکەی بەو شوفێرە بۆ ناردیتەوە «عومەر کاگول»، ئەوەی هاتوچۆی هەولێر مەخمووری کردووە و ناوەکەی نووسیوە و ویستویەتی حاجی یەحیا لە گەیشتن و وەرگرتنی پارەکە ئاگاداری بکاتەوە، لە شوفێرەکەش دڵنیا بێت و قەرزەکەشی بۆ گەڕاندبێتەوە و دڵی حاجی لە دوا کەوتنی، یان نەدانەوەی پارەکەی نەشکاند بێت!
ئەوەی تریان لەو نامە بچووکەدا هاتووە، لە ساڵی ١٩٥٢ پێنج دیناری زۆر بووە، بۆیە کابرا پێویستی پێی بووە و داوای کردووە. ئەوەی ئاماژەشی پێ دەدەم لەوەدەمانە و زووتریش لە سەرووی نامەکان دەنووسرا ٩٠٠ وا بزانم مەبەستیان بسم الله الرحمن الرحیم بووە، لەوەش دڵنیا نیم، بەڵام زوو دەمزانی بۆ ئەوە لە سەرەوەی نامەکان دەنووسن، بۆ ئەوە ببوو بە ڕەمز و نیشانەی نامەکانی ئەو زەمانە.

# نامەی دووەم

**رۆژباش کاک یحیی**

چونـی انشـالله چـاک ئەبـن ئەکـەر لـە مـن ئەپرسـن حمـد بـی مـن زور چاکـم وە چاکـی ئیـوەش لـە خـدام طلبـە بـرام جنـد روژ لەمـەو پشـتر نوسراویکـی مالـەوەم وەرکـرد بـلام لـە پیـش نـوسراوی اوان مـن نوسراویکـم ناردبـو عجبـا بیتـان گەیشـت وە یاخـوت نەگەیشـتوە وە ئەمـرو نـوسراوی تـرم نـارد لەگـەل ئـەم نائـب ضابطـە رجـا ئەکـەم ئـەم اشـیایانەی کـە پیتـم وتبـو وەخاصـە شرنقـەی ١٠ سـی سـی بـوم کریـت وە یـا خـوت نـەت کریـوە وە ئەکـەر نـەت کریبـی خبر بـدە بـە نائـب ضابطەکـە کـە بـوم بکـری امـا لـە تـرف برنـج عجبـا چیتـان کـردەوە رجـا ئەکـەم هـەر جنـد پیتـان بکـری زوو بیفروشـن وە بـە مالـی بلـی روژی بینـج شـەم پـاش سـەعات ١٢ و یاخـوت یـک لـە هەولیـر دەرنچـن چونکـە ئیمـە روژی سـی شـەمی تـر لـە معسـکر اکـر نیـوە وەروژی بینـج شـەم مـن خـوم لـە مالـەوە ئەبـم ایـتر هەردو دەسـتی بابیـرم وە باوکـم و دایکـم مـاچ ئەکـەم سلام لـە باوکـت و خزمانـی تـر ئەکـەم زور سـلام لـە مالـەوە ئەکـەم چـاوی مندالـەکان یـک یـک مـاچ ئەکـەم

**برات**

**رئیس احسان احمد**

# نامەی سێیەم

**٩٠٠**

**بو جناب حایه طوبه**

**تقدیم**

لـه بـاش احـوال پرسـن عزیـزم لـه بـاش رویشـتنت هیـچ جوابـت نەبـو مانـع خیـره انشـائله زور سـلام لـه یحیـی حاجـی سـعید اکـم عزیـزم امروکـه اسـعار مـزاش ٢٧٠ و ٢٧٥ و جـو ٢٣٠ و کنـم ٤٠٠ و ٤٢٥ معلومـت اکـر ممکیـن بیـت لوریـک مـزاش بنیـره ...

**له دیانه**

**نامق شهباز**

**١٩٥٠/٥/٣**

لـەو نامەیـە دیـارە، نامەکـە لـە دیانـەوە بـۆ بازرگانێـک لـە هەولێـر نـووسراوە. کەسـەکەش بازرگانێکـی جـووی نـاو هەولێـر بـووە، بێگومـان یەحیـا حاجـی سـەعید نزیـک و هاوڕێـی هەردووکیـان بووە، بۆیـە بـەو سـڵاوی بـۆ نـاردووە. نامەکـەش کەوتووتـە دەسـتی ئـەو و لـەلای ئـەو ماوەتـەوە، بۆیـەش لەنـاو ئەرشـێفەکەی مـاوە، دووریـش نییـە لەودەمانـە بـووە کـە جووەکانـی هەولێـر کۆچیـان کـردووە و ڕۆیشـتوون. کابـرا لەبـەر سـەرقاڵی و کۆچەکـەی بـەوە ڕانەگەیشـتووە نامەکـە وەربگرێتـەوە، یـان ئیشـی بـە نامەکـەش نەمـاوە.

لـە نامەکـەدا کابـرای بازرگانـی شـارۆچکەی دیانـە، نرخـی بـازاڕ

و کڕینی ڕۆژانەی مزاش و گەنم و جۆی پێ گوتووە، ئاگاداری کردوتەوە ئەگەر دەیەوێ و دەزانێت قازانج دەکات، لۆریەکی لەوانە بۆ بنێرێتە دیانە، ئەویش بۆی بفرۆشێتەوە.

## دەفتەرە کۆنەکانی حاجی یەحیا بەزاز

دەفتەرەکەی حاجی یەحیا، دەفتەرێکە کۆنە و باش هەڵگیراوە. دەفتەرێکە و نووسینەکانی جوان دەخوێندرێنەوە، ناو و ژمارەکانی سەر لاپەڕەکانی ماون، حوبری قەڵەمەکەی نەسڕاوەتەوە. لاپەڕەکانی کۆن بوون و دەستی زۆریان کردووە، بەڵام نووسینەکان نەفاوتان، نەسڕاونەتەوە، ون نەبوون. کەسەکانی لەناو دەفتەرەکانا ناویان هاتووە، باش دەناسرێنەوە و نەوەیان ماون. دەستخەت و نووسینەکان خۆشن، پارەکانی ئاماژەیان پێ دراوە جوان نووسراون. پارەکان، بۆ ئەو زەمانە، بۆ کۆتایی چلەکان و سەرەتای پەنجەکانی سەدەی بیستەم و بە گشتی بۆ خەڵکی ئاسایی بە ژمارە زۆر بوون. پارەکانی بە قەرد و کڕین و فرۆشتن دەگەیشتنە سەد و هەزار دیناریش. پارەکانی لەو دەفتەرە تۆمارکراون لە فلس و نیو دینارەوە تا هەزار دیناری تێدایە.

دەفتەرەکە وەک پارە و خشل و ناسنامە و دەفتەری منداڵەکان هەڵگیراوە. ماوە و ناوی زۆری تێدایە، شاری زۆری تێدا نووسراوە، گوند و عەشیرەت و بنەماڵەی دیاری لەناوە. لەو دەفتەرە دوو بەرگەییەدا، دوو بەشە و ئاماژە بە کەرەستەکانی خانوو دراوە. لەناو لاپەڕەکانی کۆمپیالە و سەند و ئیمزا و پەنجە مۆر و پولی مەلەکی و کۆماریان پێوەیە، پەنجە مۆر و ئیمزای شڕیان لەسەرە.

لــەو دەفتــەرەدا پــارەی چیمەنتــۆ و کرێــکار و ئەنگلایــن و ئاســن و کەرپووچــی تێــدا نــووسراوە. ســاڵ بــە ســاڵ و مانگانــە قــەرز و دەســتکەوت و مــەسروف و هاتــن و دەرچــوون و وەرگرتنــی پــارەی لەنــاوە، دەفتەرەکـە بانـک و ژمێریاریـی و وردبینـی و بـەدوا داچـوون و لێپێچینــەوە و ئاگادارکردنــەوەی زۆری لەســەرە!



# شێرزاد هەینی

**ژیان:**

لە دایکبووی: ١٩٥٥ هەولێر.

دەستپێك: سەرەتای حەفتاکان.

ئاستی خوێندن: خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواوکردووە. دەرچووی ئامۆژگای تەکنەلۆژیای (رووپێوی)، بەغداد.

کارنامە: خانەنشین

* هەنووکە لە وڵاتی سوید دەژی.

**بەرهەم و چاپکراوەکانی:**

١. لە یادی سەد ساڵەی شارەوانی هەولێر، چاپخانەی عەلا بەغدا ١٩٨٥، قەبارە(٢٤×١٧) سم.

٢. کەلاوە، ریپۆرتاژ، بۆ ئۆردوگاکانی دەڤەری هەولێر ١٩٩١.

٣. هەولێر.... تا دبلن، ریپۆرتاژ و بیرەوەری، بڵاوکراوەکانی گۆڤاری هاڤیبوون، زانکۆی ئازادی بەرلین، ٢٠٠٠.

٤. بەغداد.... بۆ هەولێر، ریپۆرتاژ، سوید و سلێمانی، ٢٠٠٠.

٥. مەملەکەتی فارگۆنەکان، ریپۆرتاژ و رۆژانە، ، سلێمانی، ٢٠٠٠، ٩٠ لاپەرە. چاپی دووەم، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکرنەوەی بەدرخان، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ٢٠٠٦، ٢٥٤ لاپەرە.

٦. کاکە ئەبو ئیسماعیل، بیرەوەری سلێمانی، ٢٠٠١.

٧. بەسەرهاتی دەریاوانێکی خنکاو، گابریل گارسیا مارکیز،

بڵاوکراوەکانــی گۆڤــاری ئاینــدە، ســلێمانی، ٢٠٠١. چاپــی دووەمــی لەلایــەن دەزگای چینــی لــە هەولێــر چاپکــراوە.

٨. ســیڤییەکان ١، بڵاوکراوەکانــی وەزارەتــی رۆشــنبیری و لاوان، کۆمەڵـە دیدارێکـە، چاپخانـەی وەزارەتـی رۆشـنبیری، هەولێـر، ٢٠٠٢.

٩. ســارد یــان گــەرم، چاپکــراوەکانی دەزگای هــەواڵ بــۆ رۆژنامــەوانی و راگەیانــدن، ٢٠٠٥، ١٠٥ لاپــەرە، قەبــارە: (٢٢×١٠,٥) ســم.

١٠. نێلسـۆن ماندێـلا، گەشـتە دوورەکـەم لـە پێنـاوی ئازادیـدا، وەرگێــران، بڵاوکــراوەکانی دەزگای موکریــانی، چاپخانــەی وەزارەتی پــەروەردە، هەولێــر، ٢٠٠٥، ٢٨٦ لاپــەرە.

١١. مەملەکـەتی کـەلاوەکان، وتـار و پێناسـەی بیناسـازی کوردییە، کتێبــی گیرفــان، بڵاوکــراوەکانی وەزارەتی رۆشــنبیری، هەولێــر، ٢٠٠٥.

١٢. کۆریـا: پێناســە و شارەزابوونـــی وڵات و میللــەتی کۆریایــە، وەرگێــران، بڵاوکراوەکانـــی دەزگای وەرگێــران، هـــەولێر، ٢٠٠٧.

١٣. هۆلۆکۆســت: ئــاگاداری نەوەکانتــانی پێبکەنــەوە، ســتیفان بروشـفیلد، پـول ئـا. لیڤیـن، وەرگێـران لـە عەرەبییـەوە، بڵاوکـراوەکانی ســەنتەری لێکۆڵینــەوەی فیکــری و ئــەدەبی نمــا، هەولێــر، ٢٠٠٧.

١٤. دوو برێنسـیسی نـازداری بێنـاز، دیانـا و ماسـاکۆ، وەرگێـران و ئامادەکــردن، بڵاوکــراوەکانی دەزگای ئــاراس، چاپخانــەی ئــاراس، هەولێــر، ٢٠٠٨، ١٧٦ لاپــەرە.

١٥. بــەرەو کۆشـکی ئالیـزی، شـیراك و سـارکۆزی و روایـال بیـار بیـون، وەرگێـران لـە عەرەبییـەوە، بڵاوکـراوەکانی وەزارەتی رۆشـنبیری_ بەرێوەبەرایـەتی خانـەی وەرگێـران، چاپخانـەی روون، سـلێمانی، ٢٠٠٨،

٢٤٣ لاپــەرە.

١٦.	٩٥٥ دەقــە لەگــەڵ شــێرکۆ بێکــەس، دیمانــە، بڵاوکــراوەکانی ســەنتەری نمــا، چاپــی یەکــەم، چاپخانــەی تیشــك، هەولێــر، ٢٠٠٨، ٣٣٣ لاپــەرە، چاپــی دووەم، بڵاوکراوەکانــی جەمــال عیرفــان، ســلێمانی، ٢٠١٥.

١٧.	دۆلار لــە ئەمریــکا، دوو بابــەت لەســەر پــارە و ســەرمایە و بانــك لــە ئەمریــکای نوێــدا، ئامادەکــردن و وەرگێــران، ئــاراس، چاپخانــەی ئــاراس، هەولێــر، ٢٠٠٨، ٢٢٣ لاپــەرە.

١٨.	ســێکس و پۆلەتیــك، کریســتۆفا دلــوار و کریســتۆف دۆبــوا: دیوێکــە لــە ژیانــی دبلۆماتــی فەرەنســای نــوێ، وەرگێــرانی لــە عەرەبییــەوە، بڵاوکــراوەکانی ســەردەم، ســلێمانی، ٢٠٠٨، ٢٢٤ لاپــەرە.

١٩.	مەجبــور، گێرانــەوەی دوێنێــی نزیکــە! بڵاوکــراوەکانی وەزارەتی رۆشــنبیری_بەرێوەبەرێتیی رۆژنامەنــووسی و چــاپ بڵاوکردنــەوە، چاپخانــەی رۆمــان، ســلێمانی، ٢٠٠٨، ١٢٨ لاپــەرە، قەبــارە: (١٤,٥×٢٠,٥) ســم.

٢٠.	ژنێــکی دەرچــوو لــە نەریتــەکان ســارا پالیــن، وەرگێــران، ئاراس، هەولێــر، ٢٠٠٨، ٩٥ لاپــەرە، قەبــارە: (١٢,٥×١٩)ســم.

٢١.	مــن رۆژنامەنووســم جاســووس نیــم، کامیلیانــە ئەنتفایفــر دو فرانســوا نیکۆلــۆ و منــی لنــی، وەرگێــران، بڵاوکــراوەکانی وەزارەتی رۆشــنبیری_بەرێوەبەرایەتی خانــەی وەرگێــران، چاپخانــەی شــڤان، ســێمانی، ٢٠٠٩، ٢٧١ لاپــەرە، قەبــارە: (١٤×٢٠)ســم.

٢٢.	ترێنــە خێراکــەی رۆژهــەڵات، وەرگێــران، موکریــانی، چاپخانــەی خــانی (دهــۆك)، هەولێــر، ٢٠٠٩، ١٣٦ لاپــەرە.

٢٣. كاكــە ئەبــو خەلیــل، ســەربردە و ریپۆرتــاژ و ڕەوداو، لــە بڵاوکـراوەکانی پاشـکۆی ڕەخنـەی چاودێـر، سـلێمانی، ٢٠٠٩، ٢١٦ لاپەرە، قەبــارە: (١٤,٥×٢٢)ســم.

٢٤. دانپێدانانـەکانی حاجـی پاولـۆ: دیمانەیەکـە لەگـەڵ نووسـەر و فەیلەسـوفی بەرازیـلی پاولـۆ کۆیلـۆ، خـوان ئایریـاس، وەرگێـران، ئاوێـر، ڕۆژهــەڵات، هەولێــر، ٢٠٠٩، ٢٧١ لاپــەرە.

٢٥. مۆســاد، ســەلام ئەلئیــمام، وەرگێــران لــە عەرەبییــەوە، لــە بڵاوکــراوەکانی ئاوێــر، چاپــی یەکــەم، هەولێــر، ٢٠٠٩، چاپــی دووەم، هەولێــر، ٢٠١٠، چاپــی ســێیەم.

٢٦. حیکایەتـەکانی غـەدر و خوێـن: بەشـێك لـە گێرانـەوەی تیرۆرە گـەورەکانی جیهـان سـەلام ئەلئیـمام، وەرگێـران، بڵاوکـراوەکانی وەزارەتی ڕۆشـنبیری ، سـلێمانی، ٢٠٠٩، ٢٨٦ لاپــەرە.

٢٧. نهێنییەکانــی ســندووقە ڕەشــەکە، غەســان شــەربل، ، ئامادەکـردن، چاپکراوەکانـی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری/ هەولێـر، ٢٠٠٩، ٩٤ لاپــەرە.

٢٨. دەسـەڵات و نەخۆشـی، وەرگێـران، چاپکراوەکانـی وەزارەتـی ڕۆشــنبیری_خانەی وەرگێــران، چاپــی یەکــەم، ســلێمانی، ٢٠١٠.

٢٩. بــرادەرە جوانەکــە، میخائیــل دارمــۆن و ئێیــف دیریــە... ڕەشــیدە داتــی، وەرگێــرانی لــە عەرەبییــەوە، بڵاوکــراوەکان ئــاراس، هەولێــر، ٢٠١٠، ١٣٦ لاپــەرە.

٣٠. دەربازبـوون، کارۆلیـن جیسـوب، وەرگێـران، ئـاراس، هەولێـر، ٢٠١٠، ١٢٠ لاپــەرە.

٣١. سیاسەتی دڵ، وەرگێران، ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

٣٢. گەشتێك بەرەو ئەوروپای نوێ، وەرگێران، ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

٣٣. ئەمال عەوێزە، مافیا: دەوڵەتی سامان و خوێن، ئامادەکردن و وەرگێران، ئاراس، چاپی یەکەم، ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ١٥٥ لاپەرە، قەبارە: (١٩ × ١٢)سم.

٣٤. جیهان لە دیدی کۆشنێر، وەرگێران، بڵاوکراوەکانی نما، هەولێر، ٢٠١٠.

٣٥. سیڤییەکان ٢، کۆمەڵێك راز و دیمانە، وەرگێران، چاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، چاپی یەکەم، ٢٠١١.

٣٦. مهناس کراماشاد، غاندی، چیرۆکی ئەزموونەکانم لەگەڵ حەقیقەتدا، وەرگێران، ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١. سێ جار چاپ بووە.

٣٧. بیۆگرافیای ئامووس ئۆز، چیرۆکێك لە خۆشەویستی و تاریکی، رۆمان، وەرگێرانی، ئاوێر، چاپی یەکەم، رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١، ٨٠٠ لاپەرە.

٣٨. کازیوە ژنەکەی ناو فێسبوك، نۆڤلێت، بڵاوکراوەکانی نما، هەولێر ٢٠١١.

٣٩. سەگەکان لە رێگا، هینینگ مانکیل، رۆمان، وەرگێران، ئاوێر، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١، ٣٠٤ لاپەرە، قەبارە: (١٧×٢٤)سم.

٤٠. ئەستێرە سەرگەردانەکە، رۆمان، وەرگێران، ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١.

٤١. تووتنەوانەکە عەلی بەدر، رۆمان، وەرگێران، ئاوێر، چاپی

یەکـەم، ڕۆژهـەڵات، هەولێـر، ٢٠١١، ٤١٥ لاپـەرە. چاپـی دووەمـی لـە ڕەهەنـد لـە سـلێمانی سـاڵی ٢٠٢٠ بـە دیزایـن و پێداچوونـەوەی نـوێ چاپکـراوە.

٤٢. بابـا سـارتەر، عەلـی بـەدر، ڕۆمـان، وەرگێـران، ئاوێـر، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، ٢٠١٢.

٤٣. دەسـەڵاتی دوو ژن، بـودوان بۆلایـر و مـارك ڕۆش، وەرگێـران، بەدرخـان، هەولێـر، ٢٠١٢، ١٧٢ لاپـەرە (١٦,٥×٢٣,٥) سـم.

٤٤. غـاردان بـەدوای گورگەکانـدا، ڕۆمـان، وەرگێـران، بڵاوکراوەکانی ناوەنـدی ئاوێـر چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر، ٢٠١٢.

٤٥. چراکانـی ئۆرشـەلیم، عەلـی بـەدر ڕۆمـان، بڵاوکـراوەکانی ئاوێـر، چاپخانـەی ڕۆژهـەلات، هەولێـر، ٢٠١٣.

٤٦. شۆرشـەکانی جیهـان، ئامادەکـردن، بڵاوکـراوەکانی ناوەنـدی ئاوێـر چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر، ٢٠١٣.

٤٧. هەولێـر: ئیـبن مسـتەوفی، ڕۆمـان، بەرگـی یەکـەم، بڵاوکراوەکانـی مەڵبەنـدی گشـتی: یەکێتـی نووسـەرانی کـورد، چاپـی یەکـەم، هەولێـر، ٢٠١٢.

٤٨. هەولێـر: سـێتاقان، ڕۆمـان، بەرگـی دووەم، بڵاوکراوەکانـی خانـەی ئەربـل و چاپخانـەی شـەهاب، چاپخانـەی شـەهاب، هەولێـر، ٢٠١٣.

٤٩. گێلـە فیـۆدۆر دۆستۆیڤسـکی، ڕۆمـان، وەرگێـرانی لـە عەرەبییـەوە، بڵاوکـراوەکانی ئاوێـر، چاپخانـەی ڕۆژهـەلات، هەولێـر، ٢٠١٣.

٥٠. زسـتانی خێزانەکـە، عەلـی بـەدر ڕۆمـان، وەرگێـرانی لـە

عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠١٣.

.٥١ کەسایەتییە مەزنەکانی جیهان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی ناوەندی نما، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٣.

.٥٢ سیڤییەکان ٣، کۆمەڵێک راز و دیمانە، وەرگێران، چاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، چاپی یەکەم، ٢٠١٣.

.٥٣ سیڤییەکان ٤، کۆمەڵێک راز و دیمانە، وەرگێران، چاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، چاپی یەکەم، ٢٠١٣.

.٥٤ رێنسانسی ئەوروپا، مێژوو، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی ئاوێر هەولێر، ٢٠١٣.

.٥٥ بۆ ئامێزێکی بۆنی تۆ، مەلکیە مەزان رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، نما، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٤.

.٥٦ فەلەکەدین کاکەیی، چرکەساتی حیکمەت، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی رۆشنبیری، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٤.

.٥٧ فەلەکەدین کاکەیی، حەلاجیات، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، لەسەر ئەرکی زریان کاکەیی ، رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤.

.٥٨ هەولێر: تەعجیل، رۆمان، لەسەر ئەرکی نووسەر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٤، ٢١٦ لاپەرە.

.٥٩ هەولێر: تەیراوە، رۆمان، بەرگی چوارەم، بە یارمەتی هێرش خۆشناو، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٥، ٢١٩ لاپەرە.

.٦٠ هەولێر: چۆمان، رۆمان، بەرگی پێنجەم، لەسەر ئەرکی

هێـرش خۆشـناو، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر، ٢٠١٥، ٢٢٤ لاپـەرە.

٦١. هەولێـر: سـەعدی گچکـە، ڕۆمـان، بەرگـی شەشـەم، لەسـەر ئەرکـی هێـرش خۆشـناو، چاپخانـەی زانکـۆی سـەلاحەدین، هەولێـر، ٢٠١٦، ٢٢٨ لاپــەرە.

٦٢. هەولێـر: سـەفین، ڕۆمـان، بەرگـی حەوتـەم، لەسـەر ئەرکـی هێـرش خۆشـناو، چاپخانــەی زانکـۆی سـەلاحەدین، هەولێـر، ٢٠١٦، ٢٣٢لاپــەرە.

٦٣. فەلەکەدیـن کاکەیـی، کودەتـای ڕۆحـی، وتـاری فەلسـەفی، وەرگێـران، لەسـەر ئەرکـی زریـان کاکەیـی، شـەهاب، هەولێـر، ٢٠١٦، ٢٨٩ لاپــەرە.

٦٤. فەلەکەدیــن کاکەیــی، گوڵــەکان بــۆ کــێ دەپشــکوێن، وەرگێـران، چاپـی یەکـەم، لەسـەر ئەرکـی زریـان کاکەیـی شـەهاب، هەولێــر، ٢٠١٦.

٦٥. پەیامەکانــی ژێــرزەوی فیــۆدۆر دۆستۆیڤســکی، ڕۆمــان، وەرگێـران، ناوەنـدی ئاوێـر ڕۆژهـەڵات، هەولێـر، ٢٠١٦، ٢١٤ لاپـەرە.

٦٦. خافێیــەر سـێرکاس، سـەربازانی سـالامینا، وەرگێـران، ڕۆسـا، چاپخانــەی ڕۆژهــەڵات، هەولێــر، ٢٠١٧، ٢٢٢ لاپــەرە.

٦٧. مەلیکـە موقــەدەم، ژنـە یاخیبووەکـە، ڕۆمـان، وەرگێـران، ڕۆســا، هەولێــر، ٢٠١٧.

٦٨. هەولێــر: قەرەچــوغ، ڕۆمــان، بەرگــی هەشــتەم، لەســەر ئەرکـی هێـرش خۆشـناو، ڕۆژهـەڵات، هەولێـر، ٢٠١٧، ٢٣٢ لاپـەرە، قەبــارە: (٢٣ × ١٧)سـم.

٦٩. ژنێـک پرچـم ڕەش دەکاتـەوە، شـیعر، چاپخانـەی شـەهاب

هەولێــر ٢٠١٧ .

.٧٠ پاسـپۆرت، گەشـتنامە، لەسـەر ئەرکـی کۆمپانیـای «دایـک» چاپکـراوە، هەولێـر ٢٠١٧.

.٧١ ژنــە کافرەکــە، رۆمــان، وەرگێــران، بڵاوکراوەکانــی دەزگای مەحمــود زامــدار رۆژهــەلات، هەولێــر، ٢٠١٧.

.٧٢ ئەبەنــووس، رۆمــان، لەســەر ئەرکــی هێمــن زەنــدی، چاپخانـەی رۆژهـەلات، هەولێـر، ٢٠١٨، ١٢٧ لاپـەرە، قەبـارە: (٢١×١٤) سـم.

.٧٣ هەولێـر عەنـکاوە، رۆمـان رۆژهـەڵات ٢٠١٨ لەسـەر ئەرکـی بنەماڵـەی شـەهید سۆران عەنکاوەیـی چاپکـراوە، ٢١٦ لاپـەڕە، قەبـارە ٢٣. ١٧ سـم.

.٧٤ ژن لــە ژیانــی کاســترۆ وەرگێــڕان، ١٢٢ لاپــەڕە، ١٣.٢٢ســم، مێخــەک ســۆران ٢٠١٨

.٧٥ هەولێـر کـوران زانیـاری، رۆمـان ٢٠١٨، ٢٣.١٧سـم، لەسـەر ئەرکــی د. محەمــەد عوزێــری چاپکــراوە، هەولێــر چاپخانــەی رۆژهــەڵات.

.٧٦ ژنــە خامۆشــەکە، نووســینی مەلیکــە مەقــەدەم، وەرگێــڕان، رۆمــان، ســۆران مێخــەک ٢٠١٨. ١٣٨لاپــەڕە.

.٧٧ کلاشــینکۆف، رۆمــان، بــە هاوبەشــی لەگــەڵ د. محەمــەد عوزێــری نــووسراوە. هەولێــر ٢٠١٨ . ٢٠٠ لاپــەڕە ١٤.٢١ســم.

.٧٨ هەولێـر رینکەبـی، رۆمـان لەسـەر ئەرکـی هێـرش خۆشـناو چاپکــراوە، هەولێــر ٢٠١٩

.٧٩ مافیـا دەوڵەتـی سـامانی و خوێـن، وەرگێـڕان ناوەنـدی سـارا

چ ٢، سلێمانی ٢٠١٩.

٨٠. پاوەری سەرۆکە نەخۆشەکان، وەرگێڕان ناوەندی سارا چ ٢، سلێمانی ٢٠١٩.

٨١. خزمەتگوزارەکانی کۆشکی سپی وەرگێڕان، ناوەندی سارا سلێمانی ٢٠١٩

٨٢. منداڵی دیکتاتۆرەکان وەرگێران ناوەندی سارا سلێمانی ٢٠١٩.

٨٣. بە لیڤل بینیم بە قەڵەم دەینووسمەوە. یادنووس لەسەر ئەرکی د. موحمەد عوزێری چاپکراوە هەولێر ٢٠١٩.

٨٤. سیڤییەکان بەرگی ٥ ناوەندی سارا سلێمانی ٢٠١٩.

٨٥. دەریاوانە خنکاوەکە مارکیز رۆمان چ ٣ ناوەندی سارا سلێمانی ٢٠١٩.

٨٦. کوبا لە سەردەمی گەمارۆدانەکە گابریل، سارا سلێمانی ٢٠١٩

٨٧. نەهاتی مێخەکی سەربەرگەکە ببەیتەوە ٧ دەق، وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠١٩.

٨٨. پایزە ساڵ، بیرەوەری ناوەندی سارا سلێمانی ٢٠١٩.

٨٩. هەشتا ساڵ لە غەدر و خوێنی ئیخوان ئەلموسلین وەرگێڕان، دەزگای ئایدیا ٢٠١٩.

٩٠. لە رۆژئاواوە بۆ رۆژهەڵات، دوو گەشتی کۆن، وەرگێڕان، ناوەندی سارا ٢٠١٩.

٩١. کەسایەتییە مەزنەکانی جیهان، ئامادەکردن چ٢ ناوەندی سارا ٢٠١٩.

٩٢. پۆستەی شەو، رۆمان هودا بەرەکات، وەرگێڕان، ناوەندی سارا ٢٠١٩.

٩٣. سەکۆی مەککە، رۆمان زید عومران وەرگێڕان، ناوەندی ئاودێر ٢٠١٩.

٩٤. هەولێر ئەستنبۆل بەرگی ١٢ رۆمان زانکۆی جیهان ٢٠١٩

٩٥. رۆژگاری من، بیرەوەری بوب دیلان ئاوێر هەولێر ٢٠٢٠

٩٦. خوانێکی رووت، رۆمان عەلی بەدر، رەهەند سلێمانی ٢٠٢٠

٩٧. مامۆستایانی وەهم، رۆمان عەلی بەدر، رەهەند سلێمانی ٢٠٢٠

٩٨. درۆزنەکان هەموو شتێکیان دەستدەکەوێت. رۆمان عەلی بەدر، رەهەند ٢٠٢٠

٩٩. یەکەمین ژن، نەدیم گورسیل رۆمان، وەرگێڕان، رۆسا هەولێر ٢٠٢٠

١٠٠. رۆلی کڵێسا لە مەملەکەتی ئۆرشەلیم، وەرگێڕان رۆسا هەولێر ٢٠٢٠

١٠١. حەرەمی سوڵتان، وەرگێران، رۆسا هەولێر ٢٠٢٠

١٠٢. ئەرکەکانی من، بیرەوەری رۆبەت گیتس، وەرگێڕان ئاوێر هەولێر ٢٠٢٠

١٠٣. ژنێکی سرک، ئەنعام کەچەچی، رۆمان وەرگێڕان، رەهەند سلێمانی ٢٠٢٠

١٠٤. خاتوونی بەغدا، رۆمان، شاکر نوری، وەرگێڕان، رەهەند سلێمانی ٢٠٢٠

١٠٥. قــژت وەک کــۆلارە بــۆم دەفڕێــت، ٥١ ڕاز، ئەلکترونییــە ســتۆکهۆلم ٢٠٢٠

١٠٦. نــازک خانــم، ڕۆمــان، وەرگێــڕان، لینــا ئەلحەســەن، کولتــوور هەولێــر ٢٠٢٠

١٠٧. ئەرکەکانی من، ڕۆبەرت گیتس وەرگێڕان ئاوێر ٢٠٢٠

١٠٨. چیرۆکــی ژیانــم، بیــرەوەری، موشــی دایــان، وەرگێــڕان، ئاوێــر هەولێــر ٢٠٢٠

١٠٩. گۆرانییەکــەی ئــارام، لەیــلا ســولێمانی، وەرگێــڕان، ڕەهەنــد ٢٠٢١

١١٠. پۆســتەچییەکەی نیــرودا، ڕۆمــان، وەرگێــران، فێربــوون هەولێر ٢٠٢١

١١١. تەنیــا دارهەنارەکــە، ڕۆمــان، وەرگێــڕان، ڕەهەنــد ســلێمانی ٢٠٢١

١١٢. جاسووسەکان وەرگێڕان ئاوێر هەولێر ٢٠٢١

١١٣. جەمال عەلەمدار یەکەمین کورد لە سوید هەولێر ٢٠٢١

١١٤. وێنەکانی سەر دیوارەکە ڕۆمان وەرگێڕان ڕەهەند ٢٠٢١

١١٥. نانديــن، دوو کورتــە ڕۆمانــی ژاپۆنــی بنانــا، دەزگــەی جیمــس هەولێــر ٢٠٢٢

# مۆڵەتی زانکۆی جیهان



حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی تایبەت

ژمارە : ٨٨٥

ڕێکەوت: ٢٠٢٢/١/١٦

مۆڵەتی زانکۆ

پاڵپشت بە یاسای ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٣ی زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق وە ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦ی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

بڕیارماندایە:

نوێکردنەوەی مۆڵەتی (زانکۆی جیهان - هەولێر) بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢١-٢٠٢٢

ابراهیم رشید حسن
بەڕێوەبەری خوێندنی تایبەت

د. تواناـنجف محمدخان
بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و دارایی

د. ئارام محمد قادر
وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

مۆڵەتی زانکۆی جیهان ـ هەولێر


حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی تایبەت

ژمارە: ٨٨٢
ڕێکەوت: ٢٠٢٢/١/١٦

مۆڵەتی زانکۆ

پاڵپشت بە یاسایی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٣ی زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق وە ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦ی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

بڕیارماندایە:

نوێکردنەوەی مۆڵەتی (زانکۆی جیهان - سلێمانی) بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢١-٢٠٢٢

| | | |
|---|---|---|
| ابراهیم رشید حسن | د. توانا نجف محمدخان | د. ئارام محمد قادر |
| بەڕێوەبەری خوێندنی تایبەت | بەڕێوەبەری گشتی کارگێری و دارایی | وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی |

مۆڵەتی زانکۆی جیهان ـ سلێمانی



حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی تایبەت

ژمارە : ٨٨٦
ڕێکەوت: ٢٠٢٢/١/١٦

مۆڵەتی زانکۆ

پاڵپشت بە یاسای ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٣ی زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق وە ڕێنمای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٦ی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

بڕیارماندایە:

نوێکردنەوەی مۆڵەتی (زانکۆی جیهان - دهۆک) بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢١-٢٠٢٢

| | | |
|---|---|---|
| ابراهیم رشید حسن | د. تواناً نجف محمدجان | د. ئارام محمد قادر |
| بەڕێوەبەری خوێندنی تایبەت | بەڕێوەبەری گشتی کارگێری و دارایی | وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی |



مۆڵەتی زانکۆی جیهان ـ دهۆک